# ئێستاتیکای گێڕانەوە لە هەقایەتی کوردیدا

**بوشرا قادر کاکە محەمەد[١]، محەمەد ئەحمەد سەعید [٢]**
[١،٢] بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: Bushra.kaka@univsul.edu.iq

## پوختە

ئەم باسە بە ناونیشانی «ئێستاتیکای گێڕانەوە لە هەقایەتی کوردیدا»، کارکردنە لەسەر جۆرەکانی هەقایەتی کوردی و، نیشاندان و شیکردنەوەی بنەما ئیستاتیکییەکانی. هەقایەتی کوردی وەک بەشێکی گرنگی فۆلکلۆری کوردی پاش نووسینەوە و تۆمارکردنی، لە چەندەها ڕووەوە باسکراوە، بەڵام ڕوویەکی گرنگی کە جوانیناسییە قسەی لێوەنەکراوە، ئێمە لەم باسەدا لە دیدی جوانیناسییەوە لە هەقایەتی کوردی دواوین و نمونەمان لە هەقایەتە جۆراوجۆرە کۆکراوەکانی ناو ئەدەبی کوردی وەرگرتووە. پلانی باسەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، لە بەشی یەکەم دا بۆ دیاریکردنی ڕووی جوانیناسییانەی گێڕانەوە لە حیکایەتەکاندا، لە بارەی وشەکە و هاوماناکانییەوە دواوین کە وشەکانی: ئەفسانە، چیرۆک، هەقایەتیشی لە لێکۆڵینەوە کوردییەکاندا بۆ دادەنرێت و جیاوزییانمان خستۆتە ڕوو. پاشان جۆرەکانی هەقایەتمان جیاکردۆتەوە و نمونەمان لە ئەدەبی کوردیدا بۆ هێناوەتەوە کە پێکدێن لە: «هەقایەتی پەریان، هەقایەتی کۆمەڵایەتی، هەقایەتی پەندئامێز، هەقایەتی ئایینی و عیرفانی، گاڵتەوگەپ». لە بەشی دووەم دا، مۆتێف-مان وەک جوانیناسی گێڕانەوە دیاریکردووە، مۆتیف لە ئەدەبیاتی گێڕانەوەدا بە مانای توخمی دووبارە بووەوە دێت، کە زۆر شت دەگرێتەوە و ئێمە لە مۆتیفەکانی: «کەسێتی، کەرەستە، بابەت، ڕووداو، شوێن، دەستەواژە، ژمارە) وە دواوین و لە کۆتایشدا ئەنجامان خستۆتەڕوو.

**کلیلە وشە: هەقایەت، مۆتیف، ئێستاتیکا، گێڕانەوە، ئەفسانە**

## الملخص

هذا البحث بعنوان ( جماليات السرد في الحكاية الكوردية)، يعمل على إظهار وتحليل الأعمدة و البنية الجمالية لأنواع الحكاية الكوردية. من الجدير بالذكر أن الحكاية الكوردية تُعد جزءاً مهماً من الأدب الشعبي/ الفولكلوري الكوردي، لاسيّما بعد كتابة وتسجيل هذا الأدب، suكما وقد بُحثت و نُقشت في العديد من جوانبها ، إلا أن هناك بعداً مهماً و جمالياً لم يتناول و يُبحث بعدُ، و نحن في هذا البحث نلقي الضوء و نبحث في هذا الجانب الجمالي / الأستاطيقي للحكاية الكوردية، واخذنا نماذج متعددة ومختلفة من هذه الحكايات المكتوبة و المجموعة في الأدب الكوردي.

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| بەرگ | ٦ ژمارە ١ ساڵی(٢٠٢١) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٠/١١/٤ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢١/١/٢ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢١/٣/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | Bushra.kaka@univsul.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢١ م.بوشرا قادر کاکە محەمەد، پ.د. محەمەد ئەحمەد سەعید ، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

البحث يتكون من مبحثين ، المبحث الأول خصصناه لتحديد مظاهر الجمالية السردية من حيث الوجهة والخط الجمالي السردي في الحكايات، و تحدثنا هنا عن ( المفردة/ الكلمة) والمعاني المتشابهة لها مثل: الأسطورة، القصة،والحكاية في البحوث الكوردية التي أشاروا إلي الإختلاف فيما بينهم، ثم ذكرنا و حددنا أنواع الحكاية و مثلنا لهم بنماذج من الحكاية في الأدب الكوردي مثل: ( الحكاية العجائبية، الحكاية الأجتماعية، الحكاية الدينية والعرفانية، الحكاية الهزلية و الحكاية الوعظية/ المثل).

أما في المبحث الثاني تناولنا ( الموتيفة) و حددنا الموتيفة كجمالية سردية، و (الموتيفة) في الأدب السردي تأتي بمعنى العناصر المكررة حيث تحتوي أشياء كثيرة ونحن هنا ذكرنا هذه العناصر منها: ( الشخصية، المادة، الموضوع/ الثيمة، الحدث، المكان، العبارات، والأرقام).

## Summary

This thesis which is under the name of “aestheticism of narration in Kurdish tales “ works on and covers the manners and types of Kurdish tales, demonstrating and analyzing the principles of aestheticism in them. Kurdish tales as a valuable and important part of Kurdish folklore, after writing down and recording them, have been mentioned from several points of views in previous writings.

A significant perspective that hasn’t been talked about as much is the aestheticism that lies in several kinds of the tales.

In this research we specifically shed light on aestheticism taking examples from all over different tales that have been collected in Kurdish literature. Our research is composed of two major parts:

In the first part, for specifying the outlook of “aestheticism of narration “in tales ,we talked about the word itself and its corresponding analogs “myths, stories “ also what makes the difference between all these genres .

Then we divided types of tales with giving instances for each which such as “fairytales, social tales, religious and parody tales” In narrative, a motif is any recurring element that has symbolic significance in a story.

Through its repetition, a motif can help produce other narrative (or literary) aspects for example as theme or mood. We spoke about (character, place, time, expression, number) motifs in the second part of our thesis.

## سەرەتا:

حیکایەتەکانی جیهان، نزیکییەکی تەواویان لەگەڵ یەکدا هەیە، لەو پەڕی ڕۆژهەڵاتەوە کە بە لانکەی حیکایەت و ئەفسانە و خورافە دادەنرێت تا ئەو پەڕی ڕۆژئاوا، حیکایەتی هەموو نەتەوەکان، لە بارەی مرۆڤ و خەیاڵ و کۆشش و وێنای مرۆڤەوەیە، مادام مرۆڤەکان لە ڕووی مرۆڤبوونەوە هاوشێوەی یەکن، ئەوا خواست و مەیل و خەون و ئەندێشەکانیشیان لەیەک دەچێت، بۆیە ئاساییە لە دەمی خوێندنەوە یان بیستی حیکایەتی هەر یەک لە نەتەوەکانی تردا هەست بە نزیکی و لەبەردڵانی حیکایەتەکان بکەین.

ئەم حیکایەتانە بەرهەمی زارەکی لە مێژینەن و لە سەردەمێکی دیاریکراوا پەی بە گرنگیان براوە و نووسراونەتەوە. نووسینەوەی حیکایەتەکانی هەزار و یەک شەوە، وەرگێڕانی حیکایەتی کلیلە و دیمنە بۆ زمانە جیاوازەکان، کۆکردنەوەی حیکایەتی فۆلکلۆر لە ئەڵمانیا لە لایەن برایانی گریم و دواتریش لە سەدەی بیست دا هەر نەتەوەی ئەفسانە و حیکایەتی خۆی کۆکردەوە، هەموو ئەمانە هۆکارێک بوون تا لە بارەی ناوەڕۆک و بونیادی ئەم حیکایەتانە لیکۆڵینەوە بکرێت، ڕەنگە کورد دوایەمین نەتەوە بووبێت کە دەستی کرد بە کۆکردنەوەی حیکایەتەکانی، هەر لەبەر ئەوەشە، زۆرجار لە کارکردنی لە ئەدەبی بەراورددا هەست بە تێکەڵی و نزیکی حیکایەتەکان دەکەین، لەگەڵ سێ نەتەوە هاوسێکەمان، فارس و تورک و عەرەب، بەڵام دیسانیش تایبەتمەندی کوردانەی پێوەیە، لە بیروباوەڕو زمان و کلتورەوە تا شێوەی دارشتنەوەی. بە تەماشاکردنی ئەو حیکایەتانەی کە کۆکراونەتەوە، هەست بەو خاڵە دەکرێت کە حیکایەتەکان ئەگەر هاوبەش بن لەگەڵ نەتەوەکانی تریدا، بەڵام بەهۆی حیکایەتخوانەوە، لەگەڵ ژیان و ئەندێشەی کوردا چنراون. بۆ دیاریکردنی ڕووی جوانیناسیانەی گێڕانەوە لەم حیکایەتانەدا، سەرەتا دەبێت ئاماژە بە جۆری حیکایەتەکان بدەین، بە ڕەچاوکردنی زاراوەی حیکایەت، چونکە لە پاڵ ئەم وشەیەدا، زاراوەکانی: ئەفسانە، چیرۆک، هەقایەتیشی بۆ دادەنرێت، دکتۆر عیزەدین زاراوەی چیرۆک و سەرگوزەشتە و نەقڵ بەرامبەر بە هەقایەت دادەنێت (ڕەسوڵ، ٢٠٢٠، ٢٤)، هاشم سەلیمی چیرۆک و ئەفسانە (سەلیمی، ٢٠١٣)، ئەحمەد چاک زاراوەی ئەفسانە(چاک، ٢٠١٣) و عەلادین سەجادیش چیرۆک(سەجادی، ١٩٥٩). بەڕای ئیمە زاراوەی هەقایەت؛ کوردیتر و ڕوونترە، بۆ ئەو جۆرە گێڕانەوەی نێو ئەدەبی فۆلکلۆر. کاتێک زاراوەکەمان دیاری کرد، ئەوکات پێوستمان بە جۆرەکانییەتی، چونکە بەشێک لەم هەقایەتانە، تێکەڵ بوون لەگەڵ ژانرێکی تری نێو ئەدەبی فۆلکلۆر کە ساتیر یان گێڕانەوەی تەنزئامێزە، بۆ نموونە بەشێک لە گێڕانەوەکانی ناو ڕشتەی مرواری حیکایەتن و تەنز نین، لە کاتێکدا بەشێک لە حیکایەتەکانی ناو مەملەکەتی ماسی، گێڕانەوەی تەنزن و بەسەرهاتی ڕاستەقینەن و هەقایەت نین، هەمووشیان لە سنووری گێڕانەوەی ئەدەبی فۆلکلۆریدا دەمێننەوە، یان هەقایەتی پەندئامێز و ئاژەڵیش لە نێو کۆکراوەی هەقایەتەکان دا دەبینرێت، هەر نوسەرێک لە دڵسۆزی خۆیەوە ویستویەتی چی دەست کەوت تۆماری بکات، بۆیە جیاکردنەوەی ئەمانە کار و کاتی دەوێت، و ئێمە نمونەمان لە هەر یەکەیان وەرگرتووە.

## بەشی یەکەم: جۆرەکانی هەقایەت:

### یەکەم: هەقایەتی خورافی پەریان:

کە بە هەقایەتی دێودرنج و هەقایەتی جادوویی و ئەفسانەییش دەناسرێت. ئەم جۆرەی هەقایەت لە بارەی پاڵەوانێکەوەیە کە بەهۆیەک لە هۆیەکان لە باری ژیانی ئاسایی خۆیدا دەست بە گەشتێک دەکات بۆ بەدەستهێنانی شتێک، بەڵام ئەو شتە لە میانەی سەفەرێکی درێژدا، پەیوەست دەبێتەوە بە شتی تر و وەک ئەڵقەی زنجیرێک یەک بەیەکی ڕووداوەکان لەگەڵ یەک تێهەڵکێش دەبن، تا پاڵەوان دەیەوێت بگات بە خواستێکی ڕووبەڕووی مەرجێک دەبێتەوە، بۆ بەجێهانی مەرجەکەش، تووشی مەرجی تر دەبێت، بەو جۆرە هەقایەت درێژ دەبێتەوە، بەڵام پاڵەوان بە زرنگی خۆی و یارمەتی هێزە ژوور مرۆییەکان و ئاژەڵ و مرۆڤی باش بە خواستەکەی دەگات و لە میانەشیدا دێو و ئەژدیها و پیرەژنی بەدفەڕ و بەدکاری ناحەز بە سزای خۆی دەگات. ئەم جۆرەی هەقایەت لە ڕووی قەبارەوە زۆر جاران درێژە و وەک سندوق دێرین، هەقایەت لە ناو هەقایەتدا دەگێڕێتەوە، جاری واهەیە هەقایەتی سەرەتا، خۆی دەسپێرێت بە هەقایەتی


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

دووەم، ئەویش بە هەقایەتی سێیەم. دەشکرێت، هەقایەتەکە زۆر لێزانانە تێکەڵ بە هەقایەتی تر بکرێت و هەقایەتخوان بە توانای خۆی چەند هەقایەتێک لەیەک بدات. ئەم جۆرەی هەقایەت پەیوەندی بە سەردەمی پێشینی مرۆڤەوە هەیە و لە ئێستادا سینەمای جیهانی کەڵکی زۆری لێ وەرگرتووە بە شێوەی ئەنیمەیشن و فیلم وێنەی دەکات و وەرگری خۆی لە دەست نەداوە. ((پاڵەوانەکانی نێو هەقایەتەکان لە پاشا و کورەئازا و دێو و پەری و ..هتد پێکهاتوون، زیاتریش گرنگیان تێدا بە پاڵەوانەکە دراوە، چونکە ئەو کارانەی ئەو کردوونی، بە کەسی تر نەکراون، بەڵام سادەییش لە کردەوەکانیدا دەبینرێت، زوو ناچێتە هۆشەوە، زۆرجاریش دەکەوێتە ژێر کارتێکردنی هێزێکی نادیارەوە)) (جامباز، ١٩٨٩، ١١) زۆرێک لەم هەقایەتە کوردییانە، گێڕانەوەکانی ناو هەزارویەک شەوەی تێکەڵ بووە، بۆیە چەندێکی لە بارەی دێو و پەری و ئەژدیها و سیمورغەوەیە، هێندەش لە بارەی هاروونە ڕەشید و باڵولی داناوەیە، جگە لە باسی سوڵتان مەحمود و هەیاسی خاس، کە تێکەڵ بووە بە شیعر و هەقایەت و ئیدیۆمی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات.(١) ئەم هەقایەتانە بەشێکی زۆریان ئاوێتەی چیرۆکی ئەوینداری شازادەکانە لەگەڵ یەکدی، کە بەهۆی خەونەوە یەک دەبینن، یان وێنەیەکی کێشراویان بەرچاو دەکەوێت، یانیش ئامۆزان و لە منداڵییەوە دڵبەری یەکن، بەڵام ڕێگریان لێدەکرێت بۆ بەیکە گەشتنیان، کە لەم جۆەی هەقایەتدا بەیەک دەگەن و هەموو شت بە خۆشی و کۆتایی دڵشادکەری تەواو دەبێت.

## دووەم: هەقایەتی کۆمەڵایەتی

کە زیاتر دەشێت ناوی بەسەرهاتی لێبنرێت، نموونەیان لە ڕشتەی مرواری و خەرمان لۆغە و مەملەکەتی ماسی دا زۆرە. لە ڕووی قەبارەوە بە گشتی مامناوەندی یان کورتە و کارەکتەری کەمی تێدا بەشدارە، ئەوانەشی هەن، یا خود بە سیفەت و ناوی گشتی باس دەکرێن، یان کەسایەتی دیاری ناو کۆمەڵی کوردین و لە ناوچە جیاوازەکاندا ژیاون. بۆ نموونە عەلادین سەجاید لە ڕشتەی مرواریدا بەسەرهاتێک دەهێنێتەوە کە گێڕانەوەیەکە هەم ڕووی کۆمەڵایەتی هەیە، هەم تەنزو سەتیر لە جۆری تابوو:

کاروانێکی «دەلۆیی» لەوگەرمیانە ئەچن بەسەر سەید فەتاحی جەباری دا، کاروانەکە نۆکەس ئەبن، ئەڵێم ئێمشەو بە نان و دان و گانەوە میوانتین! ئەویش دەڵێ: نان هەیە، دان هەیە، بۆ ئەویتریش ئافرەتێکی دەلۆییمان لە ماڵایە، نۆ لۆی بۆ ئێوە و لۆیەکی بۆ من! (سەجادی، ٢٠١٥، ٥٩)

## سێیەم: هەقایەتی پەندئامێز

ئەم جۆرەی گێڕانەوە، پەیوەندی بە ئەزموونی ژیانەوە هەیە، بەسەرهاتی دانایان و کەسانی خاوەن حیکەتن، زۆرجار بە زاری کەسانی نموونەیی ناو مێژووە دەگێڕدرێنەوە، بۆ نموونە: لوقمانی حەکیم، باڵولێ دانا، حەزرەتی سولەیمان، عەلی کوڕی ئەبوتالیب، جالینوس. زۆرێک لە گێڕانەوەکانی ناو ئەدەبی کوردی کاریگەری گێڕانەوەکانی ناو مەسنەوی مەعنەوی» بوستان و گوڵستانی سەعدی شیرازیان لەسەرە. ئەم هەقایەتانە، چەندێک بۆ سەرگەرمین، هێندەش نییەت و خواستی ئامۆژگاریکردن و وانە لێوەرگرتنی پێوە دیارە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، زۆر جار ئەم هەقایەتانە لەگەڵ هەقایەتی ئاژەڵان تێکەڵ دەبێت و پەیامەکەی خۆی لە ڕیگەی کارەکتەری مرۆڤ و ئاژەڵە و دەگێڕێتەوە. نموونەی حیکایەتێکی پەندئامێز لە بارەی حاتەمی تەی-یەوە لە مەلەکەتی ماسیدا هاتووە(حەسەن، ٢٠١٠)، لە خەرمان لۆغەشدا چەند حیکایەتێک لە زاری لوقمانی حەکیمەوە دەگێڕێتەوە. (شڵماشی، ٢٠٠٠).

## چوارەم: هەقایەتی دینی و عیرفانی

زۆربەی ئەم هەقایەتانە بۆ سەردەمی پاش موسوڵمانبوونی کورد دەگەڕێنەوە، هەقایەتەکانی نێو ئەم پۆلێنە بەشێکی زۆری لە قورئانی پیرۆزەوە وەرگیراون کە هەقایەتی پێغەمبەران و نەتەوە گومڕاکان و پیاوچاکانن، بەشێکی تری لەو ڕۆشنبیرییە ڕۆژهەڵاتییە ئیسلامییەوە

هاتوون، کە نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات پێکەوە بەشداربوون لە دروستکردنیدا، بە تایبەت وێڕای چوارچێوەی ئایین، هەقایەتی پیاوانی عارفی دەروێش مەشرەب و گەورە شێخانی ناوچەکە و کوردستان. هەندێک لەم هەقایەتانە ڕاستەقینە و بەشێکی تری تێکەڵ بە ڕووداوی ئەفسووناوی و ژوورمرۆیی بوون. ئەمانە بە زۆری لە شێوەی کەرامات و سروش و موجیزە دا دەگێڕدرینەوە، هەڵبەت زۆرجار تێکەڵ بە هەقایەتی پەندئامێزیش دەبنەوە. زۆر جار ئەمانە لە نیو ژیانامەی نوسراوی کەسەکانەوە دەردەهێنرێن و تێکەڵ بە ڕەوتی هەقایەت دەبن، هەندێک جاریش بە شێوەی مەناقیب دەنووسرێنەوە، بۆ نموونە مەناقیبی کاک ئەحمەدی شێخ، لە لایەن ئەحمەد خواجەوە نوسراوەتەوە و پیرەمێرد وەری گێڕاوە، لەگەڵیشیدا هەر خۆی مەناقبیک دەگێڕێتەوە کە بەهۆی ئەفسوناوی بوونییەوە، دەبێتە یەکێک لە هەقایەتە ئاینییە ئێستاتیکییەکانی ناو پۆلێنی هەقایەتی ئایینی. لە کۆندا ئەگەر مەجلیسی میر و پاشایان بە حیکایەتی جن و پەری و دزی و قازی خۆشکرایە، ئەوا مەجلیس و کۆبوونەوەی پیاوانی ئاینی نێو حوجرە و مزگەوت و تەکیە، بە هەقایەتی ئاینی و باسی گەورە پیاوانی ئاینی خۆش دەکرا، ئەمەش وێڕای چێژی بیستن و بەخشینی هەستی جوانیناسی و پەندوەرگرتن، وەک بەشێک لە ئەرکی ئاینیی تەماشا دەکرا، بۆ دوورکەوتنەوە لە باسی دنیایی و پابەندبوون بە ئەرکی ئاینی و لە هەموویشی گرنگتر گیانبەخشین بە شەریعەت، بەهۆی ئەو هەقایەتخوانییەوە. محەمەد شڵماشی لەم بارەیەوە دەڵێت:(( باسی پیاوچاک و ئەولیا خۆشەویستی دین دەخاتە دڵی ئینسان و خۆشەویستی دنیا لە دڵی پیاودا کەم دەکاتەوە و ئینسان بۆ تەماع و ماڵی دنیا خۆی تووشی تەنگ و چەلەمە ناکا و چاو لە ژیانی ئەو گەورە پیاوانە دەکا و قەناعەت دەکاتە دەستمایەی ژیانی)) (شڵماشی، ١٣٩٢، ٢٢٠)، بەشێکی ئەم هەقایەتانە بەهۆی مەلایان و سۆفی و دەروێشانەوە لە کتێبەکانی حلیەت و ئەولیا و مەجلیسی ئەولیاوە وەرگیراون، بەشێکی تریشیان دەماودەم لە دێر زەمانەوە لە ڕۆژهەڵاتدا لە شێوێنە ئاینییەکان وتراونەتەوە، زۆرینەشیان کەشی ئەفسووناوی شیوەی هەقایەتی پەرییانە. بابەک ئەحمەدی(ئەحمەدی، ١٣٩١، ٦) لە بارەی ئەم جۆرە هەقایەتانە و بە تایبەتیش کۆکراوەکانی ناو (تەزکیرەتول ئەولیا)ی عەتاری نیشابوری، ڕای وایە، نیشاندانی جیهانی پیاوانی خودایە، دنیایەکی ئایدیالی و ئەندێشەیی، کە هەندێک جار قابیلی پەسنکردن نییە، و هەندێک جاریش زۆر بەردەست و ئاشنایە. لەم جیهانەدا مردووەکان قسە دەکەن، تورە دەبن، یان پێدەکەنن. دەتوانێت گوێت لە ئاواز بێت لە درەختی هەنارەوە و گورگی درندە شێخ دەبینێت لەسەر بەرماڵ بەڵام پەلاماری نادات و دەڕوات، عارفێک دەشت و دەر دەگۆڕێت بۆ زێڕ، پیاوچێکیک هێلێک لەسەر زەوی دەکێشت و ئاوی لێوە هەڵدەقوڵێت، دووپشکێک دوانزە ساڵ دەبێتە نەدیمی حەلاج. لەم جیهانە دا کەعبەی پیرۆز بە دەوەری زیارەتکەرێدا دەسوڕێتەوە، لەم هەقایەتانەدا جیهانێک درووست دەبێت کە جیهانی سەمەرەیە و ڕێتێنەچووەکانە. نمونەی ژیانی ئەم عارفانە:

((دەڵێن ڕۆژێک خەلیفەی بەغدا، دەچێتە خزمەت( شێخ عەبدولقادری گەیلانی) و دە کیسەی پارەی بۆ دادەنێ، شێخ دەفەرموێ لە سایەی خواوە پێوستم بە پارە نییە، هەڵیان گرەوە، خەلیفەزۆر کیشە دەکا دەڵێ: قوربان دەبێت لێمی وەربگری، حەزرەتی غەوس ئاخری تورە دەبیت و کیسەیەک بە دەستە ڕاست و کیسەیەک بە دەستی چەپەوە دەگرێت و بە توونتدی لێکیان دەکێشێ خوێنیان لێ دەردەپەڕیت، تورەدەب یو دەفەرمووێ: ەی ئەبوو موزەفەر شەرم لە خوا ناکەی خوێنی هەڵک دەمژی و کۆی دەکیەیەوە و دێنی لە پێش منی دا دەنێی و ڕادەوەستی! خەلیفە بێ هۆش دەبێت و لە پاش ماوەیەک، بە هۆش دێتەوە و دەستی شێخ ماچ دەکا و بە خەجالەتییەوە دەڕوات! ))(شڵماشی، ١٣٩٢ ،٢١١)

## پێنجەم: گاڵتەوگەپ

گێڕانەوەی بابەتێکی پێکەنینی و تەنزە، بە شێوەی چیرۆکێکی کورت، چیرۆکەکە دەشێت، ڕووی دابێت و دەشێت ئەفرێنراوبێت. ئەم گێڕانەوەیە دەکرێت سەربەخۆ لێی بروانرێت، لەگەڵیشیدا دەکرێت وەک مۆتیفێک بچێتە ناو هەقایەتی گەورەوە. لە ئەدەبی کوردیدا نوکتە، گاڵتەوگەپ، قسەی خۆشیشی پێدەوتریت، ((قسەی خۆش چیرۆکێکی کورتە و بەڵام بە جۆرێکی گاڵتەئامێز داڕێژراوە و گیانی پێکەنینی

بەبەرا کراوە))(عیزەدین مستەفا، ٢٠١٠، ١٣٢) ئەم مۆدێلەی گێڕانەوە دەشێت، بە گێڕانەوەی تەنزئامێزیش بناسرێت، بەو مانایەی: لە زمانی کوردیدا هەردوو وشەی تەنز و سەتیر خوازراوە بۆ ئەو جۆرە لە ئەدەب کە زمانێکی بە پلاری هەیە و لایەنە نەشیاوە ئاکارییەکانی کۆمەڵ بە شێوەی پێکەنین و گاڵتەجاڕی نیشاندەدات، لە پاڵ هەر دوو وشەکەدا، زاراوەکانی وەک: گاڵتەجاڕی، تەوس، پلار، توانج-یش بەکاردێت. جۆرەی گێڕانەوەیە لەسەرشانی ئەم کەسێتیانەیە. ئەمانەش کۆمەڵێک ئارکتایپی نێو حیکایەتی ڕۆژهەڵاتن، زۆر ڕووداو دەدرێنە پاڵ ئەمان، چ لە حیکایەتی پەندئامێزدا، چ لە گێڕانەوەی تەنزئامێز بۆ نموونە: هاروونە ڕەشید، تەیموری لەنگ، سوڵتان مەحموود، باڵوڵ، جوحا، مەلای مەشهورە، خدری زیندە، مەلا ئەبوبەکر، تەڵحەک.. وەکو کەسێتی باویش بە زۆری ژنان و پیاوانی ئایینی و کەسانی هەژار و گوندەکی و کەسانی گەمژەن. لە گێڕانەوەی تەنزئامێزدا بەهۆی کورتی مەوداکەیەوە، کەسێتیسازی کارەکتەر، بەشێکی لە زەینی خوێنەری ئەو کلتورەدا هەیە، بەشێکی تری بەهۆی ڕووداوەکەوە نیشاندەدرێت. بۆیە بەس ناوهێنانی دەبێتە هۆی ئامادەگی ئەو هەموو زانیاریانەی لە پێشتر ئێمە وەک بیسەر و خوێنەر لە بارەی ئەو کەسەوە هەمانە. توێژەرانی ئێمە پێیان وایە هاوبەشێتی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات وای کردووە لە ئەدەبی گاڵتەگەپ و تەنزئامێزدا کەسایەتی بەهلول و مەلامەزبورەش وەک کورد تەماشا بکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا کەسیتی ڕەسەنی کورد لە نێو گێڕانەوە کوردییەکاندا هەن وەک: لالە سەرحەد و ئەحەی کڕنوو، کە بەڕای دکتۆر عیزەدین، لالە سەرحەدی قارەمانی نێو خێڵەکی و ڕووداوەکانی گوندە، بەڵام کەسێکی وەک ئەحەی کورنوو قارەمانێکی شارستانییە و قسەکانی بەرهەمی ژیانی شارستان و سەرەتای پەیدابوونی ژیانی تازەی شارە لە ناوچەی باباندا و قسەکانیشی نرکەی پڕ لە پێکەنینە بە ژیانی دواکەوتووی کۆمەڵگادا نمونەیەکی گاڵتەوگەپ:

ئەحەی کڕنوو جارێک دەچێتە کۆیە، سەیر دەکات پیاوێک دوو منداڵی جوانی لەگەڵدایە، بە پیاوە کە ئەڵێ ئەرێ برا توخوا ناوت چییە؟ ئەڵێ عەبدلحواحید، ئەڵێ دەلاچۆ تۆ بە جێیان بێڵە من عەبدی هەردووکیانم! (سەجادی، ٢٠١٥، ٩٦)

پۆلێنبەندی ئەمانە لە سەر ناوەڕۆکە و وەک فۆرم هەمان پەیڕەبەندی گشتی هەقایەتە، ئەوەی ئەمانە جیادەکاتەوە لەیەک ڕووداو و کەسێتییەکانن، ئێمە لە بارەی جوانیناسیانەوە دەدوێین. بونیادی حیکایەت بە شێوەیەکی گشتی لە پێشەکی و ناوەڕۆک و کۆتایی پێکهاتەوە. حیکایەتخوان بە ڕستەی هەبوو نەبوو دەست پێدەکات، هەندێک جار ڕستەیەکی کورتە، هەندێک جاریش بە تایبەت لە گێڕانەوەی زارەکی دا حیکایەتخوان درێژە دەدات بە پشەکییەکەی و خۆی لە چەند ڕستەیەکدا دەبینێتەوە ((کە زیاتر بۆ ئامادەکاری و جۆشدانی کۆڕی حیکایەت و کەشێکی گەرموگوڕی جەفەنگ ئامێزە)) (حەسەن، ٢٠١٠، ٢٦) حیکایەتخوان لەم سەرەتایەوە کە نیشاندەری کاتی نادیار و لە مێژینەو دوورە، دەست دەکات بە گێڕانەوە کە ((لە ڕاستیدا هەموو کارو کردەوە دواییەکانی حەکایەتەکە لە کەسەکان و شوێن و زەمەنیش لەسەر ئەستوونی ئەو هەبوو نەبووە ڕادەگیرێ)) (جوتیار، ٢٠٠٦، ٧٣) لە سەرەتای گێڕانەوەشدا پاڵەوانی داهاتوو یان یەکێک لە کەسیتییە سەرەکییەکان دەناسێنێت، لەوێوە بە ناو ڕووداو و بەسەرهاتەکاندا دەڕوات تا خاڵی سەرکەوتن و کۆتایی، ئەوسا لە کۆتاییدا بە ڕستەی منیش هەتامەوە هیچیان نەدامێ. کۆتایی بە گێڕانەوەکە دەهێنێت. ئەم بونیادە بەشێوەیەکی جێگیر دەمێنێتەوە لە هەموو حیکایەتەکانی دنیادا، تەنها بەپێی ناوچە و نەتەوە و بڕواکان، سەرەتا و کۆتاییەکە دەکرێت دەربڕینەکەی بگۆڕێت. بۆ نموونە لە هەقایەتی کوردیدا هەبوونەبوو، کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، ئاماژەیە بۆ کاتێکی زوو، تێهەڵکێش بە بڕوای ئایینی کە هەر سەردەمیکیش بوو بێت، باسی هەر پاشایەکیش بوو بێت، بەڵام ئەوەی هەبووە و ئەوەشی هێشتا نەبووە و دەبێت، هەر مەخلوق بوون و خالق نەبوون، خودا لە هەمووان گەورەتر بووە.

## بەشی دووەم:

## مۆتیف وەک بونیادنەری جوانیناسی هەقایەت

مۆتیف زاراوەیەکی وێژەییە، واتای ئەو بیرە سەرەکییە دەدات کە لە بەرهەمی وێژەیی دا و بە تایبەت لە هەقایەتەکاندا بە دەربڕینی بیرو جۆری کارەسات لە شێوەی دەق تایبەتی دا کە بە زۆری لەو دەق دووبارە دەبێتەوە، دەردەکەوێت (جامباز، ١٩٨٩، ٢٩) بە واتایەکی تر ((مۆتیف؛ تێمە یان کەسێتی یان ئارکتایپێکی دیاریکراوە کە بەشێوەی جۆراوجۆر لە ئەدەبیات و هونەردا دووبارەدەبێتەوە))(داد، ١٣٨٥،

٨٥) له ئەدەبیاتدا بریتییه لە: تێمە، وێنەی هونەریی، بیر، کردار، بابەت، بارودۆخ، دیمەن، کەش و ڕەنگ یان وشە و دەربڕینێ کە لە بەرهەمی ئەدەبی دیاریکراو یان بەرهەمی جیاواز دا دووبارە دەبێتەوە. دووبارەبوونەوەی مۆتیف لە بەرهەمێکی دیاریکراودا، بەرهەمەکە بەرەو هاوئاهەنگی و یەکپارچەیی دەبات.( میرصادقی،١٣٨٨، ٥٧) مۆتیف لە ئەدەبیاتی گێڕانەوەدا بە مانای توخمی دووبارە بووەوە دێت، کە زۆر شت دەگرێتەوە» بۆ نمونە تایبەتمەندی گشتی کەسێتی وەک: (گەردن بلور، چاوی شین، خاڵی ڕەش، قەمبور، باڵا کورت، ناوشان پان..) باری دەروونی وەک: (خەمبار، دڵ خۆشی، ترس، دەروونپەرۆشی، چاوقایم..) هەموو ئەو شتانەی پەیوەستن بە کەسێتییەوە وەک: (شێوازی قسەکردنی، پۆشاک، دەنگ، پلەی کۆمەڵایەتی، بڕوا و ئایدۆلۆژیا..)، جگە لەمانە ڕووداو، وێنەی هونەریی، کات-شوێن، هەر یەک لەو ژانرە پێکهێنەرانەی گێڕانەوە دەگرێتەوە، کە بەهۆی دووبارە و چەندبارە دەرکەوتنیانەوە دەبنە مۆتیف. لە ڕاستیدا هیچ یەک لە مانە بە تەنها نابنە موتیف، بەڵکو لە بەرکەوتنی چەندین جارەیاندا خوێنەر هەستی پێدەکات و هەستیار دەبێت بەرامبەری، ئەمەش دەبێتە بەشیک لە جوانییەکانی گێڕانەوە. بە واتایەک: (( مۆتیف بریتییە لە مەفهوم، وێنە، ڕووداو یان ئارکتایپیک کە لە چیرۆکدا بەردەوام دووبارە دەبێتەوە و جوانیناسی بەرهەمەکە تێر دەکات. لە هەقایەتی پەریان دا ئەم مۆتیڤە دەتوانیت کەسێتی و ئاژەڵی وەک ئەسپ، جادووگەر یان شازادە بێت و یا ڕووداوی وەک دزینی شازادە لە لایەن جادووگەرە و ڕزگارکردنی لە لایەن پاڵەوانەوە بێت، شازادە بە گشتی لە هەموو ئەم هەقایەتانەدا دووبارە دەبێتەوە. (مقدادی، ١٣٧٨، ٢٨١). یەکێک لە وانەی لە بارەی مۆتیف لە ئەدەبی گێڕانەوەدا دواوە، بۆریس تۆماشفێسکییە، کە مۆتیف وەک بچوکترین یەکەی گێڕانەوە دەناسێنێت، بە بڕوای ئەو هەموو چیرۆکێک مۆتیڤێکی سەرەکی هەیە، لەگەڵ کۆمەڵێک مۆتیڤی لاوەکی کە مانای بەشێک لە چیرۆکەکە ڕوون دەکەنەوە، دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان ئەم مۆتیڤە لاوەکییانە ئەرکی خوێنەرە و بەمەش هەر چیرۆکێک دەبێتە زەمینەیەکی گفتوگۆ بۆ خوێنەر و دەق. کاتێک خوێنەر توانی ئەم پەیوەندییە بدۆزێتەوە ئەوە چیرۆکەکە سەرنجڕاکێش دەبێت (بەرزنجی، ٢٠١٠، ٢٣٤).

جۆرەکانی مۆتیف بەهۆی دەرکەوتنیان لە نێو توخمە بونیادییەکانی گێڕانەوەدا، فرە چەشنن، ئێمە لێرەدا بەش و جۆرەکانی بە هێنانەوەی نموونەی ناو هەقایەت و گێڕانەوەی سەرگوزەشتە، دیاری دەکەین.(محمد پارسانسب)(٢) هەڵبەت پێشتر لە لایەن تاریق جامبارەوە مۆتیڤی هەقایەتی کوردی لە کتێبی «چل کەزی» دا نیشان درابوو، هەرچی مەولود ئیبراهیم حەسەنیشە گەلێک مۆتیڤی دیاری کردووە، ئەگەرچی کارەکەی ئەو لە نێو هەقایەتی ئەفسانەییە دایە، بەڵام ڕاشکاوانە لەوەش دەدوێت مەرج نییە هەموو ئەو مۆتیڤانە هی هەقایەتی ئەفسانەیی بن، ناساندن بۆ هەقایەتی ئەفسانەییش دەکات « ئەو چیرۆکەیە کە دانەرەکەی دیار نییە و لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا دەگێردرێتەوە و کەسێتی ئەفسانەیی(دێو، ئەجندە..) بەهۆی ئامیر وکەرەستەی ئەفسانەیی(کڵاوی سەخر جن، بەرماڵی فڕیو) لە کات و شوێنی ئەفسانەییدا(تێپەڕبوونی هەزار ساڵ لە خولەکێکدا، کێوی قاف..) کاری ئەفسانەیی(بوون بە بەردی مرۆڤ..) تێدا دەکەن.(حەسەن، ٢٠٢٠، ٢٥)

## یەکەم: کەسێتی هەقایەت

کە هەم ڕۆڵی کەسێتی چیرۆک دەگێڕێت و هەم وەک ئارکتایپ مانا و مەفهومێکی تایبەت دەبەخشیت بە چیرۆکەکە. ئەگەر ئەم کەسێتیانە بگۆڕین بە کەسێتی تر، ڕووی مانا و تەنانەت جوانیناسی چیرۆکەکە دەگۆڕیت و لە پێزی کەم دەکاتەوە (( بە شێوەیەکی گشتی کەسێتی بە کۆمەڵە ڕەفتارێک دەوترێت، کە تاکێکی دەداتە کەسێک و لە ئەنجامدا ناسنامەی پێدەدات، ئەم ناسنامە دەکرێت بە دڵی کۆمەڵگە بێت، یان بە دڵی نەبێت))(خسروی، ١٣٨٨، ١٠٣) بەشێکی جوانیناسی هەقایەت پەیوەستە بە مۆتیڤی کەسێتییەوە، بە تایبەت پاڵەوان، کە مەردی مەیدان و پیاوی نەجیب و کەسی ڕۆژی تەنگانەیە، ئەم کارەکتەرە لە زۆربەی هەقایەتەکاندا درووبارە دەبێتەوە و هەقایەتی پەریان نییە، پاڵەوانی تێدانەبێت. پاڵەوان لە هەقایەتی کوردیدا بە دوو جۆر دەرکەوێت. پاڵەوانێک کە کوڕی بچوکی پادشا، یان جوتیار یان کەسێکە و لیهاتووە، بەهۆی پلەی کۆمەڵایەتی، یان سیفاتی مرۆڤی، یان جوانی خودایی و دەوڵەمەندییەوە شایەنی بە پاڵەوان بوونە. یاخود پاڵەوان بە ڕێکەوت دەبێت بە پاڵەوان و لەسەرەتادا شایستە نییە، و پێگەیەکی کەمی هەیە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ئەوەیش کوڕە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

کەچەڵەیە، بەڵام ڕەوتی هەقایەت پێی دەگەیەنێت و ئازا دەبیت و کاری شایستە دەکات، ئەگەرچی پرۆپ پێی وایە کەسایەتییەکان خودی خۆیان نا، بەڵکو کردەوەکانیان لە هەقایەتی پەریان دا گرنگن، چونکە ڕیشەیان لە کردەکاندا هەیە، کەسی دزێو فریاد ڕەس خۆیان گرنگ نین، بەڵکو ئەو شتەی دەیکەن گرنگە، کاری ئەوان لە چیرۆکە جۆراوجۆرەکاندا کارکردێکی هاوشێوەیان هەیە(پێرتێنز، ٢٠١٥، ٧٣). بەڵام لای خوێنەر ئەمە واناکەوێتەوە، خوێنەر و بیسەری هەقایەتی میللی کارەکتەرەکەی بۆ گرنگە، بە تایبەت ئەگەر هەقایەتەکە ئاینی یان گاڵتەوگەپی بێت، دەگۆڕێت، جەختی هەقایەت لە هەندێک لە بەسەرهاتی ئایینی دا بۆ کەسێتیە کە لە زۆربار دا بوونی مێژووی هەیە، وەک چیرۆکی پیغەمبەران و پیاو چاکان، لەم هەقایەتانەدا کەسێتییەکان بەبوونی خۆیان دەبنە دارێژەری هەقایەتیش، لەو ڕووەوە کەسێتیەکان لە دروستکردنی ڕووداوەکاندا ڕۆڵی خۆیانیان هەیە، پلۆتیش لەگەڵ کارەکتەردا پەیوەندیەکی نزیکی دەبێت، کەسێتیەکان لە دارشتنی پلۆتدا کاریگەر دەبن، زۆرینەی تۆێرناسانیش بە پرۆپیشەوە لەسەر ئەوە کۆکن کە کەسێتی و ڕووداو بێ یەک نایان کرێت، کاتێک کارەکترە و ڕووداو پیکەوە هەقایەتەکە بەرەو پێش دەبەن، کە کەسێتی خێر و شەڕن، ئەمانە بە شێوەیەک بۆ خوێنەر بخرینە ڕووکە واقیعین، ئەوا خوێنەر بەهۆی کەسیتیەوە، دەبیتە بەشیک لە هەقایەت و لایەنگری ئەو بۆ کسەیێتی چاکەکار دەست پیدەکات، ئەمەش وادەکات مەیل و چاوەڕوانی هەبێت لەگەڵ گێڕانەوەکەدا و بەردەوام بیت لە خوێندنەوەی هەقایەتەکە(رضوانیان، ١٣٨٩، ١١١)

## مۆتیڤی کەسێتی دابەش دەبێت بۆ چەند دەستەیەک:

* کەسێتی ڕاستەقینەی مرۆڤی: ئەم جۆرە لە هەقایەتەکاندا، وەک کەسانی ناوکۆمەڵ دەردەکەون، ئەمەش نزیکی و سۆز دەدات بە خوێنەر، کە ئەو نمونانە کەسانی هەبوون و خوێنەر لە ژیانیدا دیونی.

کەسێتیە حەقیقییەکان: ئەم کەسێتیانە بوونی ڕاستەقینەیان هەیە، زۆر جار لە هەقایەتی پەریان دا ژمارەیەکی زۆریان دەکەونە ناو یەک هەقایەتەوە، لە هەقایەتی پەندئامێز یان ئایینی دەکرێت دانەیەک یان چەند دانەیەکی دیاریکراویان بەرچاو بکەوێت. وەک: پیر، دەروێش، گەمژە، شێت، کەچەڵ، لادێی، شێت نوێن (عاقڵی شێت)، کەنیز، غوڵام، قازی، عاشق، مەعشوق، پاشا، وەزیر، خدری زیندە، یونس، سولەیمان، سوڵتان مەحمود و هەیاس، حەلاج، شبلی، وەیسی قەرەنی، ئیبراهیمی کوری ئەدهەم مەعروفی کەرخی، شا عەباسی سەفەوی..، هەندێک لەم کەسێتانە بوونی هەقیقان هەیە و گەلێک ڕووداو ڕووی داوە لە ژیانیان دا، بەڵام ئیدی حیکایەتخوان لەزۆر حیکایەتی تردا بە سود وەرگرتن لەم کەسێتیانە هەقایەتی خۆی دەگێڕێتەوە. ئەگەرچی ئەم کارەکتەرانەی دوایی کارەکتەری کورد نین، بەڵام ئیدی لە گێڕانەوەدا، گوێگر چاوەڕوانی کورد بوون یان فاس و تورک بوون ناکات، ئەو بە شوێن ئەو ئارکتایپەوەیە کە دەبێتە پاڵەوانی ناو ڕووداوەکان و لە ڕیگەیەوە بەسەرهاتێک دەبیستێت. بۆ نموونە لە خەرمان لۆغەدا باسی ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم و ئەمین و مەئمونی هارونەڕەشیدو باڵول و لوقمانی حەکیمیش کات، هەندێک لەم کارەکتەرانە، کەسانی ناو مێژوون، لە هەقایەتی ئایینیداهەن، بە تایبەت لە کتێبی یادی ئەولیای عەتاری نیشابوری دا، کە محەمەد شلماشی خۆی کتێبێکی بە ناوی مەجلیسی ئەولیا لە هەموو ئەو کتێبانەی ژیانی پیاوچاکان و پیرانی ڕێبازە سۆفیگەرییەکانیان نووسیوەتەوە ئامادەکردووە، ئەمانە بەهۆی کۆڕ و کۆبوونەوە ئاینییە و حوجرە و تەکێکانەوە بوون بە بەشێک لە هەقایەتی کوردی.

هەندێک لەو هەقایەتانە، لە ڕووداوی ڕاستییەوە نزیکن و لە زۆربەی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتدا بە چەسپاوی بونیادە گشتییەکەی و دەستکاری مۆتیڤە لاوەکییەکانی، گێڕاونەتەوە بۆ نموونە هەقایەتی گیسکەکەی هەیاس، کە وەک ئیدۆمیش بەکاردێت. عەلادین سەجادی لە ڕشتەی مرواریدا باسیکردووە (سەجادی، ٢٠١٥، ١٢٠) هەقایەتەکە لە بارەی زرنگی هەیاسەوە، کاتێک سوڵتان مەحمود لێی تورە دەبێت و ئەویش دڵگران دەبێت و دەڕوات بەهۆی لیهاتوویەوە لە ڕووداوی گیسکی بەخێوکراوی چل ڕۆژەدا دەدۆزرێتەوە. ئەم جۆرەی هەقایەت چەسپاوە و پەیوەستە بە چیرۆکی بەربڵاوی دانایی و کارزانی هەیاس و زاڵمی سوڵتان مەحمودەوە و لە هەر هەقایەتێکش ئیدۆمێک سازاوە، بۆ نمونە خوا لە سوڵتان مەحمود گەورەترەی کابرای دارتاش. بەڵام لە گێڕانەوەی تردا، سوڵتان مەحمود دەکەوێتە ناو هەقایەتی پەریانەوە، چیرۆکی زاڵمێتی

سوڵتان و حەکیمی هەیاس، ئاوێتەی ئەژدیها و فیرنەگوڵە و کچی شای پەریان دەبێت، بۆ نموونە لە هەقایەتی (سوڵتان مەحموود و هەیاسی خاس و پرسینەوەی شای پەرییان) دا، بەهۆی لێکدانی حیکایەتی واقیعی و ئەفسانەییەوە، هەقایەتێکی نوێ ئەفرێنراوە، ئەمەش جوانیناسی گێڕانەوەیە لە هێنانی مۆتیفە جوداکانی ناو هەقایەتە جوداکان وهاوئاهەنگی پێدانیان لە هەقایەتی پەرییان دا. وەک چۆن لە هەقایەتی کورە کەچەڵە دا، هەیاسی خاس کورە کەچەڵەیە کە لە رەوتی مێژوویدا، دوورە لە ڕاستیدا، بەڵام ئەم جۆرە ناباوکردنە، کە ئاوێنەکاری هەقایتی فۆلکلۆری کوردی و داستانی سوڵتان مەحمود هەیاسی خاسە، دەبیتە هۆی بونیادیکی نوێی هەقایەت، لەم هەقایەتەدا(هەیاس کورە کچەڵەیە و دایکی نەماوە و باوەژنی دۆستی هەیە و وەک ئاشکراشە بە چەشنی سۆزانییەک هەڵسوکەوت دەکات، باوکی هەیاس جوتیارە و زەوی دەکێلیت، باوکی هەیاس کابرایەکی ملشۆڕی بودەڵەیە..) (سەعید، ٢٠٠٩). ناونیشان و سیفاتی پاڵەوانان لە هەقایەتی پەریان دا توخمی گۆڕاون، مەبەستیش بە سیفات کۆمەڵێک تایبەتمەندی دەرەکی(زاهیری) پاڵەوانە، وەک تەمەن، رەگەز، پلە، و وردەکاری شێوە و شکڵی، ئەم سیفاتانە دروەشاوەیی، دڵفرێنی و جوانی تایبەت دەدەن بە هەقایەت. (پراپ، ١٣٨٦، ١٧٥)

هێندەی هەیە، ئەو حیکایەتانەی لە ناوچەکانی کوردستانی باشوور دا دەگێڕدرێنەوە زۆریان حیکایەتی پەندئامێز بە زاری سوڵتان مەحمود و هاروونە رەشیدەوەن، کەچی حیکایەتەکانی رۆژهەلات و بە تایبەتیش کرمانجییەکانی خۆراسان شا عەباسە و زۆرجاریش پاڵەوانی فریادرەس ئیمامی عەلییە، ئەمەش پەیوەندی بە گۆڕانی هەقایەت و تێکەڵ بوونی لەگەڵ لەگەڵ کلتور و بروادایە : (( ئەو شەوە حەزرەتی عەلی لەوڵاتەوە تێپەڕی و دەستێکی بەسەر ئاسکەکەدا کێشا و ئاسکەکە بوو بە لاوێکی جوان و گەشایەوە..))( تەوەحودی، ٢٠٢٠، ٤٨).

* کەسێتی رەمز و هێمایی: ئەم کەسیتیانە دەکرێت وەک یارمەتیدەر لە هەقایەتەکاندا دەربکەون و یان ببن بە هەقایەتی لاوەکی، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لە هەقایەتی ئاینی و پەندئامێزدا هەن. بە هێنانی ناویان خوێنەر هەست بە جۆری هەقایەتەکەش دەکات کە دەشێت: دانایی، یان بەخشندەیی، یان ئەویندارى یان کارزانی بێت، نمونەشیان بریتین لە: لوقیمانی حەکیم، مەلا نەسرەدین، جوحا، شێخی سەنعان، حاتەمی تایی، هەر یەک لە مانە ئارکتاییپکن و بە سیفاتدا دەناسرێنەوە، وێنەی ئامادەبوون کە دەخرێنە ناو گێرانەوەوە، خوێنەر وەک رەنگی زاڵی ناو تابلۆیەک چاوەڕێی رەنگەکانی تر دەکات تا ئەم پارە لە پاڵ پارەکانی تردا تابلۆکەی بۆ تەواو کەن. کەسێتی لوقمانی حەکیم دانایە و لە گێڕانەوەی ئامۆژگاری ئامێز دا دەرکەوێت، کە زۆر جاران بە زمانی ئاژەڵانیشەوە دەگێڕێتەوە، شێخی سنعان، لە رێونی و ئەویندارى دا باس دەکریت و کەسێتییەکی پیری ئاینی خوداناسە، کە تەمەنی پەنجا ساڵە و هەشتا هەزار دەروێشی هەیە. حاتەمی تایی پیاوی زەنگینی دەستودڵ باشە، هەرچی باڵولە خاوەنی هەڵویستە و قسەبری ناو مەجلیسانە، کە زۆرجار گێڕانەوەکانی دانایی و تەنز دروست دەکەن، بۆ نمونە:

رۆژێک باڵوڵ چووە مەجلیسی هارونە رەشید، یەکێک لە وەزیرەکان گوتی: ئەی باڵوڵ! موژدەبێ لە تۆ کە ئەمیری موسوڵمانان تۆی کردووە بە گەورە و سەرداری مەیمون و بەرازان. باڵووڵ لەسەرەخۆ گوتی: جا کەوایە لەورۆ بەدواوە هەرچی گوتم بە قسەم بکە و لە فەرمانم دەرمەچۆ؛ چونکە تۆ یەکێک دەبی لە رەعیەت و ژێردەستەکانم. (شلماشی، ٢٠٠٠، ١٣)

* کەسێتی ڕاستەقینەی ئاژەڵی: لە هەقایەتی کوردیدا چوارپێ، باڵندە، تەنانەت دیاردە سرووشتییەکانیش خاوەن گیان و نیشانەی تایبەتن و لەگەڵ مرۆڤ قسە و پرسوڕا دەکەن: وەکو کۆتری نامەبەر، تووتی قسەکەر، سەگی بەوەفا، ئەسپی نەجیب، رێوی فێڵباز، مێلورەی زەحمەتکێش، ئەمانە ئەگەرچی بیچمیان واقیە بەڵام کردوەیان لە هەقایەتدا نائاساییە و ئەمەش پەیوەندی بە هێمایی بوونی ئەوانەوە هەیە، کە سیمبولن بۆ کەسێتی ناو کۆمەڵگا (سەلیمی، ٢٠١٣، ٥٢) ئەم ئاژەڵانە دەشیت یارمەتیدەری پاڵەوان بن، لە هەقایەتی پەریان دا، لە هەقایەتی پەندئامێزیشدا وەک کەسێتی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و تەنها بە ناو ئاژەڵن وەک: شێر، رێوی، مار، ماسی، توتی، کۆتر، ئەسپ، هەنگ، قالۆنچە، مێلوورە...


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## * کەسێتی میتافۆڕ:

* توخمە سرووشتییەکان: درەخت، با، دەریا، خۆر، ئەشکوت، گوڵ

* توخمە پیرۆزەکان: فریشتە، ئیزرائیل، جوبرەیل، هاتف، سرووش، سولەیمان، خدری زیندە.

* توخم واتاییەکان ئەبستراکت: خێر و شەڕ، عەقل و عەشق، چاکە و خراپە.

* توخمی ئەستورەیی- ئەفسانەیی: کێوی قاف، سیمورغ، گا، عەنقا، دێو، فیرنەگولە، ئەژدیها، پەری، جنوکە، عیفریت، ئەهریمەن.

لە حیکایەتی دینی و پەندئامێز دا، زۆر جار کەسێتی میتافۆر دێتەوە لە پۆلێنی کەسێتی پیرۆز، وجودی ئەو کەسیتیە وەها دەکات کۆی هەقایەتەکە ببێتە گێڕانەوەیەکی پڕ سۆزی ئایینی، لەم هەقایەتدا کەسیتی ڕاستەقینەی پیغەمبەر (د.خ) لەگەڵ کەسێتی وێناکراوی جوبریل و فریشتەیەکی تردا باس دەکرێن: ((دنێڤا ئەکرادان ل وەجهێ تەمسیل، وەها مەشهوورە کو گۆیا نەقل دکەن، کو وەقتێ پێغەمبەر علیە السلام وەکو چوویە میعراجێ، حەزرەتێ جبرائیل دگەل بویی و سەیرا عەجایب و غەراییبێد سەمەواتان دکرن، پێغەمبەر علیە السلام مەلەکەکی مەزن دیت کو دهولەکی زێدە جەسیم د ئەستودایە و چوماغەکێ مەزن د دەستی دایە، وەها مونتەزر وەستایە، پێغەمبەر علیە السلام پرسیار کرن کو ئەڤنە چنە و تۆ مەئمورێ چ شولی، ئەوی مەلەکی جەواب دایێ، گۆ، یا رسول الله ئەز مەئمورم کو ئەگەر مرۆڤەک ژ تائیفا خوەندیان ئیحسان و سەدەقەیەکێ وەیاخۆ تەعام و زادەکی بدەنە فەقیرەکی، ئەز دێ چوماغەکی لڤێ دهولێ بدەم، کو ئەڤ ئیحسان و سەدەقەیا وی خوەندی، ب مەعلوومی مەلایکێد سەمەواتان ببن، ئیجارێ پێغەمبەر علیە السلام ژ وی مەلەکی سوال کرن، کو هندی کو تو هاتی مەئمور کرن تە قەت چەند جاران لڤێ دهولێ دایە، مەلەکی جەواب دایە، کو حەتا نها ئەز مونتەزرم، لاکین من قەت ل دهولێ نەدایە، پاشی نها ژی ئێدی خودێ بزانی، یانی خوەندیێد حەمو مللەتان، ئەکسەری کێم ئیحسان و کێم ئیکرام دبن، لەورانێ ئەو دخوەزن خەلق ئیکرام و ئیحسانێ ل وان بکەن، لاکین بخوە تشتەکی نادەنە ژاران.)) (بایەزیدی ٢٠٠٤، ٨)

## دووەم: کەرەستە

کە وەک ژانرێکی تایبەت و کاریگەری گێڕانەوە و هەندێک جاریش وەک شتێکی ژووڕئاسایی لە هەقایەتدا دێت. کە زۆر جار لە بری تێمەش دەردەکەوێت. لە هەقایەتی کوردیدا، کەرەستە گەلێک گرنگە (ئەنگوستیلە، کەوش، تاڵە موو و قوتووی جادوویی، کاری سەیروسەرمەری وەها دەکەن، کە مرۆڤی ئاسایی توانای ئەنجامی کاری ئاوای نییە، بۆ وێنە مەودای حەوت دەریا و حەوت کێوان، بە چاوتروکاندنێک، یان هەڵپڕوزاندنی تاڵە موویەک دەرپیون و لە دوایەمین کاتەکاندا دێنە پارمەتی خاوەنەکانیان و لە مەترسی رزگاریان دەکەن (سەلیمی، ٢٠١٣، ٩٢)ئەم کەرەستانە بە چەند جۆریک دابەش دەبن:

* کەرەستەی جادوویی- ئەفسانەیی: سندوق، ئەنگوستیلە، ژەهر، کاسەی زێڕ و زیو، چەرخوفەلەک، پاچ، زوڕنا..

* کەرەستەی میفەڕک و پیرۆز: لیکی دەم، تاڵی موو، کڵۆی شەکر، خەرقە، مێزەر، کڵاو، عەبا، عەسا، سێو، هەنار، پەڕی سیمورغ، تاڵی کلکی گا، موی مێلوورە، تاڵی سمێڵ.

* کەرەستەی هێمایی و ڕەمزی: شەلاقی سوڵتان، ئەنگوستیلەی پادشا، ئاوێنە، تابووت...

لە حیکایەتی زەنگی شەقلەباز دا(تەقی، ٢٠٠٦، ٢١) ئەحمەد وفاتێ بە هۆی بەدکاری پورەکانیانەوە فڕێ دەدرێن نازانن شازادەن، ئاشەوانێک بە خێوان دەکات، کە گەورە دەبن، ئاشەوان جێدێلن تا بچن بە لای چارەنووسی خۆیانەوە، ئاشەوان بەر لە ڕۆشتن دەڵێت: ((ڕۆڵەی شیرینم پێش ئەوەی لەیەک جیاببنەوە دیارییەکت دەدەمێ، ئەم مێزەر و دار عەسایەی دەستم لێ وەرگرە، پارێزگاریان لێ بکە تا ئەگەیتە شوێنێکی ئاوەدار کە بە دڵت بێ، ئەوسا چاو بنوقێنە و مێزەرەکە بکە ڕەسەرت و دارعەساکە بدە بە زەوی دا و بڵێ: لە نییەتی ئەوەی ببێتە کۆشک و تەلارێک وێنەی نەبیت، دە بڕۆن خواتان لەگەڵ)).

لە هەقایەتی هەپووش دا(تەقی، ٢٠٠٦، ١١٩) کوڕەی کەچەڵ بەهۆی سێ کەرەستەی جادووییەوە، کە بەختی بۆ دێنن، دەتوانێ کچی پاشا

بباتەوە ئەوانیش (پاچێک کە زەوی پێ هەڵدەکەنێت و هەنجیری مەسخکەری پێ دەدوزێتەوە، زورنایەکی کە جنۆکانی لە دەوەر کۆدەبنەوە، کڵاوێک کە دەیکاتە سەری غەیب دەبێت.

لە گوڵپەری دا، تاڵێک زولفی پەری وەک گڵۆلە بەنێک دەبێت و دەیدات بە پاشا: (( چاشان تاڵیکی لە قژی هەڵکەند و دای بە شا محەمەد و وتی: لە هەر شوێنێک کێشەت بۆ ساز بوو، ئەم تاڵە قژەم ئاگر تێبەردە، ئەمن خیرا لەوێ ئامادە دەبم)) ( تەوەحودی، ٢٠٢٠، ٩٢)

## سێیەم: بابەت و چەمک

بابەتەکانی: موسوڵمانی، کفر، عەشق، ئیمان، نەمری، بێ منداڵی، دانایی، بێ هۆش، نەخۆشی، زیندانی، گەمژەیی، زرنگی، چاوقایمی، ئازایی، ڕەندی، پاکی، خیانەت، خوداپەرستی، بەندایەتی، وەفاداری. بابەتی گرنگی ناو حیکایەتن، بەڵام مۆتیڤی ئەویندارببوون لە زۆرێک لە هەقایەتی پەریان دا هەیە، کە کوری پاشا، یان تاکی پێلاوێکی کچەکە دەبینێت، یان بۆی وەسف دەکەن، یانیش لە خەون دا دەیبینێ، زۆراب کوری پاشایە زەرد و لاوازە و ئارامی لێ براوە کوری وەزیر کە هاوڕێیەتی لێی دەپرسێت و ئەویش ڕازی خۆی دەدرکێنێت: (( بەخوا براگیان چی بێ لە تۆ نهێنی لە خەوما کچی پاشایەکم بینیوە، و لەوساوە بە تیری عەشقی گرفتار بووم، هەر چەندە ئەکەم و ئەکۆشم لەبیرم ناچێتەوە، خەوم و خواردنم نەماوە...))(تەقی، ٢٠٠٦، ٨٩)

لە پاڵ ئەو مۆتیڤە دا مۆتێڤێکی تریش دێتە سەری کە بینی وێنەی کێشراوی شازادەیە، جا کورە شازادەیە یان کچە شازادە بێت فەرق نییە، لە هەقایەتی فەلەکناس دا(جوتیار، ٢٠٠٦، ٤٣)، فەلەکناس شازادەیەکی جوانی قوزی میسرە و وێنەکەی لە هەموو شوێنێکی شاردا هەڵواسراوە، بازرگانێک وێنەکەی لەگەڵ خۆی بۆ ئەستەمبوڵ دەباتەوە، لە ئەستەمبوڵیش شازادەیەکی کچ هەیە بە ناوی مەلەکە خان، وەختێ بازرگان باسی گەڕان و سەفەری خۆی بۆ دەکات، چمکێکی وێنەکە لە باخەڵی دیارە، وێنەکە دەردەهێنێت و دەیدا بە کچە، ئیدی کچە شەیدای، کوری ناو وێنەکە دەبێت، بەهۆی کارەکەرەکەیەوە وێنەیەکی کێشراوی خۆی لەتەک نامەیەک دەنیرێت بۆ شازادەی میسر، وەختێ وێنەکە گەیشت بەو، ئەویش شەیدای مەلیکە خانم بوو.. مۆتیڤی وێنەی کێشراوی شازادە لە هەقایەتی «تیخ شوناس» دا دووبارە دەبێتەوە(تەقی، ٢٠٠٦، ٤٩) جوانیناسی مۆتیڤی دووبارەبووەوەی ئەم حیکایەتە، لە دووبارە بوونەوەی مۆتیڤی وێنەی کچەی دڵبەر دایە. سەرەتا شازادە تیخ شوناس، ئەویندارى وێنەی کچەی شیرن سیما دەبیت کە بازرگانێک پێی داوە و سەری خۆی هەڵدەگریت بۆ دۆزینەوەی کچەکە، هەردوو مۆتیڤی وێنەی کچ و گەڕان بۆی، دووبارە دەبیتەوە، کاتێک لە ڕێ لەسەر کانی و ئاوێک دەحەوێتەوە دەبینێت لاوێک دانیشتووە و بەسەر وێنەیەکدا ئەگری، کە لێی دەپرسێت، هەمان تاسەی ئەمی هەیە و لاوەکە دەیەوێت بگات بەوکچەی ناو وێنەکە، لاوە کە ناوی ئەستیرەژمێرە، دەبێتە هاودەمی تیخ شوناس، پاش تەی کردنی ڕێی دوور، هەمان وێنە دووبارە دەبیتەوە، لاوێکی تر بە ناوی دەریابڕ بەسەر وێنەیکی پەری شێوەدا دەگری.

پاشا منداڵی نابیت، بەڵام بەهۆی پیر یان دەروێش یان دەنگێکی غەیبانییەوە مژدەی منداڵی پێدەدرێت. لە حیکایەتی تیغ شوناس دا(تەقی، ٢٠٠٦، ٤٧) و لە هەقایەتی بازی پەریان (سەلیمی، ٢٠١٣، ١٤٨) پادشا بە زاری خۆیان ئەولادی نییە، لە حکایەتی یەکەمدا پاشا تەرکی دنیا دەکات و عەسا وکەشکۆڵی دەروێشی هەڵدەگرێ و دەیەوێ تەرکی دنیا بکات، بەڵام خەون دەبینێت. لە حیکایەتی دووەمدا پادشا سێ ژنی هەن، بەڵام منداڵی نابێت تا ڕۆژێ ریش سپییەک سێ سێوی لە بەهەشتەوە بۆ دێنێ و سێ منداڵی دەبیت.

## چوارەم: ڕووداو

* ڕووداوی باو: سەفەرکردن، پێشوازی لێکردن، چاوپێکەوتن، سەردانیکردن، خۆبەدەستەوەدان..

مۆتیڤی ڕووداو، لە هەموو هەقایەتەکاندا بەچەندها جۆر دەردەکەوێت و باوترین و هەمیشە ئامادەترینیان سەفەرە،پاڵەوان بۆ بردنەوە شازادە، یان کوشتنی دیو، یان پیگەیاندنی خۆی سەفەر دەکات، لەوێ چاوی بە کچی شازادە دەکەوێت. ئەم مۆتێڤانە هێندە باون، کە

بە تێڕوانینە تۆدۆرۆفییەکەی لە خاڵە بنەڕەتییەکانی ناو هەقایەتن. ڕووداوی ناو هەقایەتی پەندئامێز و گاڵتەوگەپ، زۆرینەی ڕووداوی باون، پێوست بە هێنانەوەی نموونە ناکات.

* ڕووداوی نائاسایی و دژەباو: جادوولێکردن، سوڕانەوە بەزەویدا، شیفابەخشی بە نەخۆش، تێپەڕین لە دەریا، زیندووکردنەوەی مردوو، مردنی لە ناکاو، پەیوەندی لەگەڵ جیهانی ڕۆحەکاندا، باز بەسەردا نیشتنەوە. بەشێکی ئەم ڕووداوە نا ئاساییانە لە هەقایەتی پەریان و ئاینی دا زۆرن.

بەشری حافی دەڵێت: ڕۆژێک بەلای گۆڕستانێکدا ڕۆشتم، تەماشام کرد ڕۆحیانەتی مردووەکان کۆبوونەوە، وەک شتێک لە بەینی خۆیاندا دابەش بکەن وابوو، لە دڵی خۆمدا گوتم، خۆزگە دەمزانی بۆ وا کۆبوونەوە، فەرمووی وەک لە غەیبەوە بانگم کەن، گوێم لە دەنگێک بوو، وتی ئەی بیشری حافی، لەم ڕۆژانەدا موسوڵمانێ: سێ فاتیحای هەدیەی ڕۆحی ئەو مردووانە کردووە، ئەوە سەوابەکەی بەش دەکەین بۆیە وا کۆبووینەتەوە.(شلماشی، ١٣٩٢، ٦٦). لە هەقایتی هەپووش دا(تەقی، ٢٠٠٦)، کوڕەکچەڵ، بەهۆی سێ کەرەستە جادوویەکەوە، پاشا دەکات بە گوێدرێژ و دوایش چاکی دەکاتەوە.

سێ کۆتر هاتن لەسەر دارەکە نیشتنەوە، یەکێکیان بەوانی تری وت، ئەم سێ خوشکە کڵۆڵانە بە ناهەقتوشی دەردی سەری بوون، با یارمەتیان بدەین، ئەوی تریان وتی: با گوێیان لێیێ ، من کە هەڵفڕیم، شاپەڕیک ئەخەمە خوارێ بچنە سەر کانییە شەکرەکەی ئەو دیو ئەم قەپاڵە، پەڕەکە بە ئاوەکە تەڕ کەن و بیهێنن بە ملی کوڕەکانیاندا چاک ئەبنەوە))(تەقی، ٢٠٠٦، ٤٢). لە هەقایەتی ئەحمەد بێ غەم دا، مۆتیڤی هەقایەتەکە زۆر گۆڕاوە، بەوەی لە بری کۆتر، ڕووداوی چابوونەوەی سەری براو، بەهۆی دوو جرجەوەیە: (( تەماشای کرد، لە پێش چاوی دوو جرج هاتنە دەرێ(گوتیان) خەوی لێ کەتییە، لەو تاقەی دەستیان بە مەشق کرد، پێک سەری ئێکی هەرکێشا، ڕووبووە پنچە گیایەکێ هێنای جوی بەدەوی چوو لە ملی جورجەکەی ئەدا و جورجەش ڕاست دەبووەوە..)).(جامباز، ١٩٨٩، ٦١) لە ئەلێک و فاتێک دا(تەوەحودی، ٢٠٢٠، ٣٦) وێڕای کۆتر؛ قەلەڕەشیش هەمان ڕۆڵی هەیە: ((لەپڕ دوو چاڵاو هاتن و لەسەر لقێکی دارییەکەوە نیشتنەوە و دەستاین کردە قرەقڕ، یەکێک لە قاڵاوەکان گۆتی: خانگا من! زانی یان نزانی؟ قاڵاوەکەی دی گوتی: نا نازانم، بوێژە تا بزانم!..))

## پێنجەم: شوێن

* شوێنی گشتی: گۆڕستان، دەشت، خانەقا، ئەشکەوت، مزگەوت، دەریا، چیا، گوند، شار، ڕۆژهەڵات زەمین...

* شوێنی تایبەتی: کێوی قاف، کێوی ئەوقەیبەس، شاری قراڵی فەرەنگ، بەغداد، کەعبە، مەککە، هندستان، چین، یەمەین، ڕۆم، جابولسا، مەشریق، مەغریب، ئەرزەڕووم.

لە حەکایەتی ئەحمەدی بێ غەم دا(جامباز، ١٩٨٩، ٦١) کەوشی، ژنی ئەحمەد دەکەوێتە ناو دەریاوە: مندارەکان پێ سۆڵە زێرەکەیان لە دەست کەوتە بەحرێ، ماسی قووتی دا، تۆرەوان هات ماسی گرت، ماسیان لۆ بازاڕی برد، لە شاری قەراڵی شای فەرەنگ، کوڕی قەراڵی فەرەنگێ گۆت: ساحێی ئەو پێ سۆڵە زێڕەم دەوێ لە بنی بەحرێ بێ...))

خواجە محەمەدی یەمەنی بازرگان باشییە، ساڵانە دێتە ئەم هەرمە، شمەک دێنێ و دەبا هەمو جاریک دیارییەکی شاهانەی وەها دەباتەوە قابیل بە پاشای یەمەن بێ، ئەمساڵ گەڕا، سووڕا، ڕێی کەوتە بر کۆشکی بەوزۆ و لەوی بەهاری بینی..))(حەسەن، ٢٠١٠، ١٧٤) حەمە داوچی و ئەستگوستیلەی سلێمان پێغەمبەر(تەوەحودی ٢٠٢٠، ٨٢) (( لە چیا و دەرودۆڵ و ڕووبارەکانەوە تێپەڕین تاکو گەیشتنە ئەرزەڕووم و کۆشکەکەی حەمەداوچییان لەوێ دیتەوە و بە هەڵەداوان و خۆشحاڵییەوە چوون بۆ بەر کۆشکەکە)). (( ئەگەر خۆشت دەوێم دەبێ داری چا ئسترانم بۆ بێنی کە دەڵێن لەسەر یەکێ لە چیا سەرکەشەکانی ئەرزەڕۆمدایە))( تەوەحودی، ٢٠٢٠، ١٣٤).

## شەشەم: دەستەواژە

لە ناوەڕۆکی هەقایەتدا دێو بە پاڵەوان دەڵێت: ((بۆن دێ بۆنی بێگانان دێ، بۆنی نان دێ کییە؟ ئادەمی، ئادەمزادی، فریشتەی پەری، خۆت دەرخە تا بتخەمە ژێر کلوی ددانمەوە.)) یان لە وەسفی کچە شۆخی ناو هەقایەتدا دەوتریت: نە بکەی نە بخۆی تەماشای سای گەردنی بکەی، برای خۆی شەیدای بەژن و باڵای دەبێ، مێوژە ڕەشکە بخوات لە سای گەردنییەوە دیارە، وە یان لە کۆتایی هەقایەتەکەدا دەڵێت منیش هاتنەوە هیچیان نەدامێ، گەلێ جار ئەمانە لە هەقیەتەکاندا دووبارە دەبنەوە، وەک بنچینەیەکی سەرەکی هەقایەت.(جامباز، ١٩٨٩، ٢٩). لە وەسفی کەسێتی پیرێژن دا بە : (( چرچۆڵ، پیرەژنەی سەرئاسنینە، پیرەژنەی پشکۆماوە)) ناو دەبرێت. یان خود کاتێک کوڕی پاشا دەیەوێت کچەی دڵبەری خۆی ببینێتەوە و دەیانەوێت هەموو خەڵکانی شار ئامادەبن، دەستەواژەی: ئەوەی دەنکە جۆیەکی ماڵی پاشای خواردبێ، ئامادە بێت)) دەوترێت.

## حەوتەم: ژمارە

لە ئەفسانەی کوردیدا وەک ئەفسانەی هەموو گەلان، هەندێک ژمارە هەن، زۆر دووبارەدەبنەوە وەک مۆتیف نەک لە هەر هەقایەتێکدا، بەڵکو دەشێت یەک هەقایەت زۆرێک لەو ژمارانەی تێدا چەند بارە ببێتەوە، تا ئەو ئاستەی بونیادی ڕووداو کەسێتی لەسەر دابمەزرێ، ئەم ژمارانە هەمیشە وەکو پاڵەوان یان ڕەگەزێکی بنەڕەتی بەرچاودەکەون، بێگومان بونیان لە خۆوە نییە، و هۆی هەیە، کە بە زۆری بۆ باوەڕ و ڕەوشت و ئایین و بەسەرهاتی کۆنی مرۆڤ دەگەڕێنەوە، کە وایان کردووە ژمارە ببێتە ڕەگەزێکی بنەڕەتی و هەمیشەیی ئەفسانە و هەقایەت.(حەسەن، ٢٠٢٠، ١٣٣) ئەو ژمارانەی زۆر گرنگ و ئەفسوناوین بریتین لە: (سێ، حەوت، نۆ، چل، سەد)

مۆتیڤی ژمارە سێ: ئەم مۆتیڤە لە کەسێتی و لە ڕەنگ و تەنانەت لە ژمارەی دێو و ڕووداویشدا دووبارە دەبێتەوە. لە هەقایەتی کوردیدا زۆرجار پاشا سێ کوڕی هەن، محەمەد و مەحموود و ئەحمەد. باوکیان وەسێت دەکات کە مرد، هەندێ شت هەن نەیان کات، یان هەندێک شت هەیە بیان کات. بۆ نمونە ئاگاداری گۆڕەکەی بن و نەچنە ڕاوی گردی ڕەش، بەڵام دوو کوڕی گەورەتر بە قسەی ناکەن و سێیەم و بچوکیان بە قسەی دەکات. لە هەقیاتی ڕاوی گردی ڕەش دا ئەم ژمارانە زۆر دووبارە دەبنەوە، هەمان مۆتیف لە هەقایەتی پاشا کۆرە و مەلی هەزارە دا دەبینرێت: ((پاشامان ئەگەرمەلی هەزارە پەیدا بکەیت و بەسەر باخەکەتدا بخوێنێ دێتە بەر و خشت چاوت چاک دەبێتەوە، پاشا هەر سێ کورەکەی بانگکدر و پێی وتن: ڕۆڵەکانم شتێکی وام پێوستە، لە ئێوەش دڵسۆزترم نییە، ئینجا بزانم کامتان فریام ئەکەون و بۆم پەیدا ئەکەن؟ ئەحمەد کە کورە بچکۆلە بوو هاتە قسە و وتی: بابە گیان ئەگەر بفەرمووی من ئەڕۆم بە دوایدا، یان سەرم دائەنێک یان بۆت دێنم...))(تەقی، ٢٠٠٦، ١٣٢).(٣)

لە ڕاوی گردی ڕەش دا سێ شەو ئەحمەد، سێ دێو دەکوژێ. جوانی ئەم هەقایەتە لە دووبارەبوونەوەی ژمارە سێ دا بە سێ ڕوداو سێ دێو، سێ ڕەنگ سێ شەو دایە، هەموویان کەشێکی ئەفسۆناویان بەخشیوە بە گێڕانەوەکە:

ئەحمەد بەرەو گۆڕستان ڕۆی، زۆری پێنەچوو گوێ لە گرمە و ناڵە و بۆڵەبۆلیک بوو هەموو ئەو ناوەی لەرزان، لە دوورەوە دێوێکی ڕەشی قەترانی بینی، بەرەو گۆڕەکەی باوکی ئەهات و ئەینەڕاند. شەوی دووەم، لە نیوەشەودا دێوێکی بۆر پەیدا بوو...شەوی سێیەم دێوێکی بۆر( کە لە زۆربەی حیکایەتەکاندا ڕەنگ دووبارە نابێتەوە.) لە هەر شەوێکشیدا لوت و گوێی دیوەکان دەکات و دەیخاتە تورەکەیەکەوە وەک بەڵگەی ئازایی.

مۆتیڤی ژمارە حەوت: زۆر جار لە ژماری ساڵانی زیندانکردنی کەسێتی یان ژمارەی ڕۆژی ئاهەنگدا بەکاردێت: حەوت شەو و حەوت ڕۆژ دەهۆڵ و زورنایان کوتی و شایی و لۆغان بوو. بەڵام بەگشتی ژمارەی حەوت لە نێو ئەفسانە و ئاینەکاندا دەبینریت. لە دێر زەمانەوە ژمارە حەوت جێی سەرنج بووە، کتێبە ئاسمانییەکان باس لە ئەفراندنی دنیا دەکەن لە حەوت ڕۆژ دا، ژمارەی ڕۆژەکانی هەفتە بە حەوت دانراوە و ئاسمانەکانیش حەوت دانەن. ئیدی ئەمە لە نێو ئاینەکاندا و هەقیقەتە دینییەکاندا زۆر بڵاوە. ((پادشامان تاقە کچێکی هەیە، حەوت دێو


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

حەزیان لێ کردووە، ئەیانەوێ بیفڕێنن))(تەقی، ٢٠٠٦، ٥٢)

مۆتیڤی ژمارە نۆ: ژمارە نۆ ئەگەرچی هیچ پیرۆزییەکی نییە، بەڵام ژمارەیەکی باوی ناو هەقایەتە: (( من چووم دەستوێژ بشۆم، خوشکی تۆم لەگەڵ نۆ زرتە زەلام بینی ..))(گەردی، ٢٠١٤، ١٤). (٤)

مۆتیڤی ژمارە چل: یەکێکە لە ژمارە پیرۆزەکانی ناو هەموو ئایین و کلتورە دێرینەکان، کاتی تەواوی خەملاندن و سەلماندنە لە ناو نەتەوەکاندا، تەنانەت کاتە بۆ تەواوبوونی غەریبی، بۆ بوون بە سرکەی ترێ، بۆ چونە خەڵوەتی عارفان. نموونەی ژمارە چل لە هەقایەتی کوردیدا بێشومارە. لە حەکایەتی ئەحمەدی بێ غەم دا(جامباز، ١٩٨٩، ٦١) کاتێک پیرێژن، کچەی مامز، کە ژنی ئەحمەدە دەدزێت، بۆ کوڕی قەڕاڵی فەرەنگ، کچە دەڵێت: ((ئەمن ئیسلامم، حەتا چل ڕۆژی دی نابێ زاوا پێبنێتە کنە من، هەموو ڕۆژێ چل ڕۆژی سەری پیرێژن پەلەدەم، ئەوجا پاشی ئەو چل شەوەی با زاوا بێتە کن من)). لە تیخ شوناس دا قەهری گەوهەر تاج دەڵێت: من خاوەنم هەیە، چل ڕۆژ مۆلەتم بدەن، ئەگەر پەیدا نەبوو، هی ئێوەم))(تەقی، ٢٠٠٦، ٦٧)یان ((زەنگی شەقلەباز بە شێوەی تۆپێکدا دانراوە چل کونی تێدایە چل دێو پارێزگاری ئەکەن)) (تەقی، ٢٠٠٦، ٣٠) یان ((زۆری پێ ناچێ، چل کۆتری سپی دێن، پەرەکانیان دائەماڵن و هەر یەکەیان دەبێتە کچێک ئەونە جوان وێنەی نییە، بەڵام هیچ خوێ تێک مەدە و مەجوڵێ، ئەمانە هەموویان کەنیزەکی کچی شای پەریان)) (تەقی، ٢٠٠٦، ٣٩) ئیدی مۆتیڤی چل؛ ئەوەندە زۆرە کە بەر دەیان ڕستەی وەها دەکەوین: (( هەموو چل دزەکە لە ئەشکەوتەجەدا کۆبوونەوە و..))(تەوەحودی، ٢٠٢٠، ١٠٧).

## ئەنجام:

١.هەقایەتی کوردی سەرەڕای گێڕانەوە جوداکانی، لە ناوچە و دیالێکتە جیاوازەکان و وەگێڕە زۆرەکان، پاش کۆکردنەوەیان، جوانیناسی خۆی هەیە، کە لە فرەشێوەیی هەقایەتەکان و دووبارەبوونەوەی مۆتیڤەکاندا خۆی دەبینێتەوە. وێڕای جیاوازی گێڕانەوەکان، بەڵام خاڵی هاوبەشی هەموویان مۆتیف گەلێکە، کە لە لایەکەوە خاڵی بونیادی گێڕانەوەکەیە، لە لایەکی ترەوە شکۆی جوانی هەقایەتەکانی لە ئەستۆیە.

٢.هەر یەک لە: «کەسێتی، کەرەستە، بابەت، ڕووداو، شوێن، دەستەواژە، ژمارە» مۆتیڤی چەسپیاو و هەمیشە دووبارە بووەوەی ناو هەقایەتەکانن، بەهۆی چۆنییەتی خستنەڕوو و جۆری جیاوازی حیکایەتەکانەوە دووبارەبوونەوەی ئەوانیش لە هەمان چواچێوەدا، دەگۆڕێت.

## پەراوێزەکان:

(١) لە کتێبی شیعری کلاسیکی کوردی و تابووشکێنیدا لە بارەی چۆنییەتی بەربڵاوی ئەم چیرۆکە و بەکارهێنانە جیاوازەکانی ئەم دوو کارکتەرەمان بە وردی باس کردووە، بڕوانە بوشرا کەسنەزانی، شیعری کلاسیکی کوردی و تابووشکێنی،

(٢) لە دیاریکردنی جۆرەکانی مۆتیڤدا پشت بە باسێکی دکتۆر محمدی پارسا نەسەب بەستراوە و بە گونجاندن لەگەڵ ئەم بەشەی گێڕانەوەی ئەدەبی کوردیدا دەستکاری کراوە، ئەو تەنها باسە تیۆرییەکانی نیشان داوە، ئێمە نموونەی هەقایەتی کوردیمان بۆ داناوە.

(٣) هەمان حیکایەت بە چەندان شێوەی تر گێڕدراوەتەوە، لە (سێ دەرمان)ێ عەزیز گەردی دا بە ناوی(شای ماران)وەیە، لە (هاشم سەلیمی) چیرۆک و ئەفسانەی موکریان بە ناوی ئازایەتییەوەیە.

(٤) ئەم حیکایەتە بە شێوازی جودای گێڕانەوەوە لە (کانی خومان) بە ناوی فەقیری دان کەسک و چل برایەوە نووسراوەتەوە.

## سەرچاوەکان:

### زمانی کوردی


١. بێرتێنز، هانز(٢٠١٥) بنەماکانی تیۆری ئەدەبی، عەبدولخالق یەعقوبی، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخش سەردەم، چاپی یەکەم.

٢. بەرزنجی، ئازاد (٢٠١٠)، چەند وێستگەیەکی ئەدەبی، سلیمانی، دەزگای سەردەم، چاپی دووەم.

٣. تەقی، جەلال (٢٠٠٦) شەوانی گوێ ئاگردان(دووبەش)، سلێمانی، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، چاپی دووەم.

٤. تەوحودی، کەلیمولای (٢٠٢٠) درەختی چل ئستران، کەمال تاهیر نەژاد، ماڵی سوهرەوەردی، سلێمانی، زنجیرەکتێبی ٣٤، چاپی یەکەم.

٥. جامباز، تاریق (١٩٨٩) چل کەزی، هەولێر ،چاپخانەی رۆشنبیری و لاوان، چاپی یەکەم.

٦. جوتیار، خالید(٢٠٠٦) سەمای ئەجندان، هەولێر، کتێبفرۆشی سۆان، چاپی یەکەم.

٧. حەسەن، محەمەد فەریق (٢٠١٠)مەملەکەتی ماسی(٣٧ حیکایەتی فۆلکلۆرییە)، هەولێر، کتێبی ئاراس، چاپی سێیەم.

٨. حەسەن، مەولوود ئیبراهیم(٢٠٢٠) قەدەغەشکێنێ، سلێمانی، ماڵی سوهرەوەردی، زنجیرە ٣٧، چاپی یەکەم.

٩. خۆشناو، سەرباز مەجید(٢٠١٩) ساردۆن، هەولێر، بڵاوکراوەی تەفسیر، چاپی یەکەم.

١٠. خۆشناو، هێمن عومەر (٢٠١٣) کانی خومان( هەقایەت و ئەفسانەی کوردی ناوچەی خۆشناوەتی)، سلێمانی، ئنستوتی کەلەپووری کوردی، چاپی یەکەم.

١١. رەسوڵ، عیزەدین مستەفا (٢٠١٠) لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، هەولێر، دەزگای ئاراس، چاپی سێیەم.

١٢. سەجادی، بەختیار (٢٠٠٤) فەرهەنگی شیکارییانەی زاراوەی ئەدەبی، بەرگی یەکەم، هەولێر، دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم.

١٣. سەجادی، عەلائەدی(١٩٥٢) مێژووی ئەدەبی کوردی، بەغداد، چاپی یەکەم.

١٤. سەجادی، عەلائەدین(٢٠١٥)، رشتەی مرواری (هەشت بەرگی) تاران، چاپخانەی پەنجەرە.

١٥. سەعید، محەمەد سالح (٢٠٠٩) داستانی هەیاسی خاس و سوڵتان مەحموود لە دووتوێ فۆلکلۆری کوردییەوە، هەولێر، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپی یەکەم.

١٦. سەلیمی، هاشم (٢٠١٣) چیرۆک و ئەفسانەی موکریان، سلێمانی، دەزگای سەردەم، چاپی کەم.

١٧. شادی، ئەحمەد (٢٠٠٥) چەپکێک فۆلکلۆری کوردی، سلێمانی، زنجیرە کتێبی ئنستیوتی کەلەپووری کورد، چاپی یەکەم.

١٨. شڵماشی، محەمەد (٢٠٠٠)خەرمان لۆغە، سوید، چاپی یەکەم.

١٩. کەسنەزانی، بوشرا (٢٠١٢) پلۆت لە چیرۆکی کوردیدا (٢٠٠٥-١٩٩٥)، سلێمانی، ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپی یەکەم.

٢٠. گەردی، عەزیز (٢٠١٤)سێ دەرمان(هەقایەتی کوردەواری)، هەولێر، ناوەندی ئاوێر، چاپی یەکەم.

٢١. محەمەد شڵماشی، مەجلسی ئەولیا، انتشارات کردستان، چاپی شەشەم، ١٣٩٢.

٢٢. موحسین عومەر ئەحمەد، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی، بەرگی یەکەم،

٢٣. مودەڕیس، مەلا عەبدولکەریم(٢٠١٣)یادی مەردان، بەرگی یەکەم ودووەم، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا چاپی یەکەم.

٢٤. میراودەلی، کەمال مەمەند (١٩٧٩) ئیستاتیکا، سلێمانی چاپخانەی زانکۆی سلیمانی، چاپی یەکەم.

٢٥. مەلا مەحمودی بایزیدی، چل حیکایەت، دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٤.

٢٦. ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (٢٠١١) فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و رەخنەیی، سلێمانی، چاپ و بڵاوکردنەوی سلێمانی، چاپی یەکەم.

**زمانی فارسی:**


٢٧. احمدی، بابک (١٣٩١)، چهار گزارش از تذکرةالاولیاء عطار، تهرا، نشر مرکز، چاپ پنجم.

٢٨. اسکولز، رابرت (١٣٧٧) عناصر داستان، فرزانه طاهری، نشر مرکز، چاپ اول.

٢٩. اسکولز، رابرت (١٣٨٣) درامردی بر ساختارگرایی در ادبیات، فرزانه طاهری، مؤسسه انتشارات اگاه، چاپ دوم.

٣٠. براهنی، رضا (١٣٦٨) قصه‌نویسی، تهران، نشر البرز، چاپ چهارم.

٣١. پراپ، ولادیمر (١٣٨٦) ریخت شناسی قصه‌های پریان، فریدون بدره‌ای، تهران، انتشارات توس، چاپ دوم.

٣٢. خسروی، ابوتراب(١٣٨٨)، حاشیه‌ی بر مبانی داستان، تهران، نشر ثالثت، چاپ اول.

٣٣. داد، سیما (١٣٨٥) فرهنگ اصطلاحات ادبی، انتشارات مروارید، چاپ سوم.

٣٤. رضوانیان، قدسیه (١٣٨٩)ساختار داستانی حکایت های عرفانی، تهران، انتشارات سخن، چاپ اول.

٣٥. مقدادی، بهرام (١٣٧٨) فرهنگ اصطلاحات نقد ادبی از افلاطون تا عصر حاضر، تهران، نشر سروش، چاپ اول.

٣٦. مکاریک، اریرنا ریما (١٣٨٨) دانش نامه‌ی نظریه‌های ادبی معاصر، مهران مهاجر و محمد نبوی، مؤسسه انتشارات اگاه، چاپ سوم.

٣٧. میرصادقی، جمال (١٣٨٨) واژەنامه هنر داستان نویسی، کتاب مهنارز، چاپ دوم.

٣٨. میرصادقی، جمال (١٣٩٢) داستان های خیالی، تهران، نشر سخ، چاپ اول.

٣٩. میرصادقی، جمال (١٣٩٢) شناخت داستان، مؤسه انتشارات نگاه، چاپ اول .

٤٠. پارسانسب، محمد(١٣٨٨) بنمایه؛ تعاریف گونه‌ها کارکردها، فصل نامه نقد ادبی، س١، ش ٥، بهار.

# جۆرەكانی دیالۆگ لە شیعری نوێی كوردیدا

**سارا صدق حمەأمین[١]، فاضل مجید محمود [٢]**
[١]بەشی عەرەبی، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی، شاری سلێمانی، هەرێمی كوردستان، عێراق
[٢] بەشی كوردی، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی، شاری سلێمانی، هەرێمی كوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: sara.hamaameen@univsul.edu.iq

## پوختە

ئەم لێكۆڵینەوەیە باسێكی تازەیە ، كە ئەویش لە بابەتی جۆر و چەشنەكانی تەكنیكی دیالۆگ (دیالۆگی ڕاستەخۆ) لەبواری شیعری نوێی كوردیدا. توێژینەوەكە بە تیوری وەسفی شیكاری و پراكتیزەكردنی دیالۆگی ڕاستەوخۆ بە هێنانەوەی نموونەی شیعری شاعیرانی نوێی كوردی ئامادەكراوە، لەگەڵ ئەوەشدا جۆری نوێی دیالۆگی شیعریی دیاریكراوە.

مەبەست لەم لێكۆڵینەوەدا گرنگی و دیاریكردنی ڕۆڵی تەكنیكی دیالۆگ جۆری دیالۆگی ڕاستەوخۆیە، لە نوێكردنەوە و تێپەڕاندنی سنوری نێوان ژانرەكانی (شیعر و پەخشان)دا، بە تێكەڵكردنی تەكنیكی نووسین و دارشتن لە پێناو گەیاندنی ئامانجی شاعیر و داهێنانی ژانری نوێی ئەدەبی كوردی.

**كلیلە وشە: تەكنیكی دیالۆگ، دیالۆگی ڕاستەوخۆ، دیالۆگی شیعریی، چەشن ، دەق**

## الملخص:

یعد هذا البحث بحثا جدیدا من حیث الموضوع یتناول الأنماط و الأنواع الفنی للحوار (الحوار المباشر) في الشعر الكوردي الحدیث. إعتمد البحث على المنهج الوصفي التحلیلي و طبقناه على نماذج و أمثلة لأشعار شعراء الكورد الحدیث مع ذكر لنوع جدید من الحوار الشعري.

یكمن أهداف و أهمیة هذا البحث في إظهار الدور المهم لتقنیة الحوار المباشر من حیث التجدید و عبور الحدود و التدخل بین الشعر و النثر، و مزج هذه التقنیات في الكتابة من أجل نقل أهداف الشاعر وما یرید إیصاله مع الأبداع لنوع جدید في الأدب الكوردي.

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانكۆی هەڵەبجە:گۆڤارێكی زانستی ئەكادیمیە زانكۆی هەڵەبجە دەری دەكات | |
| بەرگ | ٦ ژمارە ١ ساڵی(٢٠٢١) |
| رێككەوتەكان | ڕێكەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٠/١١/١٧ \| ڕێككەوتی پەسەندكردن: ٢٠٢١/١/٤ \| ڕێككەوتی بلاوكردنەوە: ٢٠٢١/٣/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | sara.hamaameen@univsul.edu.iq@univsul.edu.iq |
| مافی چاپ و بلاو كردنەوە | ©٢٠٢١ م.ی.سارا صدق حمەأمین، پ.د. فاضل مجید محمود، گەیشتن بەم توێژینەوەیە كراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

**Abstract:**

This a new research in a variety of dialogue techniques especially in direct dialogue for the new Kurdish poems. The research is based on the analytical descriptive method, and we applied on the examples of the recent Kurdish Poets, and we pointed out the new types of poetic dialogues.

The main purpose of this research is to mention the importance of the role of dialogue techniques and types of direct dialogue in renewing, crossing borders and interfering between poetry and prose. The combination of these techniques in writing for the purpose of conveying the goals of the poet and what he wants to convey with creativity for a new type in Kurdish literature.

## پێشەكی:

لە مەودای ئەدەبیدا، بە پێی ئەو ڕەهەندانەی لە بارەی دیالۆگەوە خراونەتەڕوو، دیالۆگ وەك تەكنیكێكی هاوبەش لە بنیاتنانی دەقی نوێی ئەدەبیدا، لە هونەری گێڕانەوەدا تەكنیكێكی كاریگەر و هۆكارێكی گرنگ و چالاكی گەیاندن و گوڕینەوەی بیروڕاو زانیارییە ، لە پێناو گەیشتن بە ڕاستی ڕووداو و دەرخستنی ڕوون و ئاشكرایی بەشداربووانی دیالۆگەكەن، واتا ئەم كارەش لە ئەنجامی پەیوەندیكردنی دوو كەس یان زیاتر، یان نێرەرو وەرگردا ئەنجام دەدرێت، پەیوەست بە لایەنە هونەرییەكانی گێڕانەوە لە شیعر و پەخشاندا.

لەم لێكۆڵینەوەدا، كە هەوڵێكی زانستییە بۆ لێكۆڵینەوە لەم لایەنە هونەرییەی گێڕانەوەوە، بە ناونیشانی (جۆرەكانی دیالۆگ لە شیعری نوێی كوردیدا)، بە تایبەت (دیالۆگی ڕاستەوخۆ)بە نموونەی شیعری شاعیرانی كرمانجی ناوەڕاست، بە پێی ڕێبازی وەسفی شیكاری، پراكتیكی دەقە شیعرییەكان دەكرێت.

لێكۆڵینەوەكە لە پێشەكییەك و دوو تەوەر پێكدێت، لە تەوەری یەكەمدا باس لە شیعری نوێی كوردی دەكەین ، لە تەوەری دووەمدا باس لە تایبەتمەندی و جۆری دیالۆگی ڕاستەوخۆ و چەشنەكانی دیالۆگی ڕاستەوخۆی ڕووت و دیالۆگی ڕاستەوخۆی وەسفی و دیالۆگی ڕاستەوخۆی شیكاری و دیالۆگی ڕاستەوخۆی سیمبولی بە نموونەی شیعری پراكتیكی دەكەین. لە كۆتاییدا ئەنجامی توێژینەوەكە و لیستی سەرچاوە و كورتەی توێژینەوەكە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی دەخەینەڕوو.

## تەوەری یەكەم - دەروازەیەك لەبارەی شیعری نوێی كوردییەوە:

بەپێی ناونیشانی لێكۆڵینەوەكەمان، بە پێویستی دەزانین سەرەتا بزانین شیعری نوێی كوردی چۆن و كەی سەریهەڵدا و بە كاریگەری چی وسیما و تایبەتییەكانی چیین، تا بتوانین بە ئاسانی شیعری نوێی كوردی لە شیعری كۆن جیابكەینەوە و كاری لەسەر بكەین. بە گەڕانەوەمان بۆ مێژووی ئەدەبی كوردی، دەبینین میللەتی كوردیش وەك هەموو میللەتانی جیهان (گێتی) ((خاوەنی یەك ئەدەب بوون، بە هەردوو بەشیەوە، ئەدەبی سەرزاری و ئەدەبی نووسراو،)) (خەزنەدار، ٢٠٠١، ١٥٧) ئەدەبی سەرزاری یا فۆلكلۆر (بە هەموو بەشەكانیەوە) سەرچاوەیەكی بە بایەخی ئەدەبی نووسراوە، پاش ئەو ئەدەبی میللی دێت بە نموونەی (فەقێ تەیران، عەلی بەردەشانی...)، دواتر ئەدەبیاتی نووسراو بە چەند قۆناغ و سەردەمێك و قوتابخانەی (كلاسیكی ،كلاسیكی نوێ، ڕۆمانتیكی و پاشان ریالیزمی) جیادەكرێتەوە. بۆیە باسكردن و دوان لەبارەی شیعری نوێ و سەرهەڵدانی ڕێبازی نوێ شیعریی، واتە باسكردن لە كۆنی و نوێی (تازە)یی لە ئەدەبی كوردیدا،بۆ ئەو مەبەستە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو سەردەم و ڕووداوانەی هۆكاربوون بۆ گۆڕانكاری لە ژیانی كۆمەڵگە و بارودۆخی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابووری و فیكری و ڕۆشنبیری ...، كە وەك كۆمەڵێك هۆكاری بابەتی، ڕێگە خۆشكەربوون لە هاتنەكایەی تێڕوانین و بیروبۆچوون و ڕێچكەی ئەدەبی جیاواز، كە ڕەنگدانەوەی ئەوكات و شوێن و حاڵەتانە بێت، ئەم گۆڕانكاریانەش ((دەكەوێتە ئەو ماوەیەی نێوان كۆتایی هاتنی شەڕی یەكەمی جیهان

واتا ساڵی ١٩١٨ بە دواوە تا كۆتایی ١٩٢٥ز،....، بە كۆتایی هاتنی جەنگی یەكەمی جیهانی گۆڕانكارییەكی بنچینەیی هەموو لایەكی گرتەوە لە ڕووی سیاسیەوە نەخشەی ناوچەكە گۆڕاو وولات كەوتە ژێر چنگی ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا كە دیارە كوردستانی عێراق بەر داگیركردنی ئینگلیز كەوت و ئەویش لە ڕێگەی مەلیك و ئاغا و دەرەبەگ و چینی بورژوازیی كۆنەپەرست باشتر دەستی بەسەر ناوچەكەدا گرت و ئابووری تاڵان كرد و خەڵكیش تووشی دیلییەتی و دواكەوتن و چەوساندنەوە بوو، كۆمەڵێ دژی ئابووری و كۆمەڵایەتی و تەنانەت دەروونی بەرپا بوو.)) (عەبدولكەریم، ٢٠٠٠، ١٤٧)

بێگومان ئەمانەش هۆكارن بۆ جوڵاندن و دروستبوونی خەمی مرۆیی لای نووسەر و ئەدیبان، تەنانەت دەبنە بوارێك بۆ دەرخستنی هەست و ویستی خەڵكی و دەربڕینی لایەنی دەروونی دەنگی نارەزایی و سەربەخۆیی ئادەمیزاد و بیری نیشتیمانی و نەتەوەیی، لە پێناو چارەسەركردنی كێشەو تەنگژە و ئاڵۆزییەكاندا، ئەمەش پێویستی بە ڕێچكە و ڕێبازی نوێی ئەدەبی هەیە كە لە جیهاندا و بەتایبەتی لە ئەورووپادا سەریهەڵدا، دواتر لە ئەدەبی عەرەبی و توركی، پاشان لە ئەدەبی عێراقیشدا پەیڕەوی كراوە، ((ئەدەبی عەرەبی لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا گەشەسەندن و پێشكەوتنی گرنگی بەخۆوە بینیوە، ... كە لە بواری ڕەخنە و چیرۆك و ڕۆمان و شانۆدا بەشداری بەرچاویان هەبووە لە ناوەڕۆكی بەرهەمەكانی «طه حسین و توفیق الحكیم و إبراهیم عبدالقادر المازنی و محمد مندور و نجیب محفوظ و ئەوانیتر»...، شیعریش چانسێكی زیاتری لەم گەشەسەندن و پێشكەتنەدا هەبووە، سەرەتاكانی بۆ دەستپێكی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە)) (الصائغ، ٢٠٠٦، ٢٢)، لەو ماوەیەشدا چەندین بزوتنەوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی سەریانهەڵداوە و بیروبۆچوون و كارەكانیان ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە پێشخستن و (نوێكردنەوەی)* بەرهەمی ئەدەبی و شیعردا بە نموونەی جووڵانەوەی دیوان و شاعیرانی تاراوگە و كۆمەڵی ئەپۆلۆ، ئەویش بە ((گرنگی دانیان بە ئەدەبی ڕەمزی، لە تازەكردنەوەی دەستەواژەكان و بانگەوازكردن بۆ دەربڕینی خۆرسكانە كە گەرەنتی داهێنانەكانیان بێت)) (الصائغ، ٢٠٠٦، ٢٢)، ئەمانەش هۆكاربوون بۆ پێشكەوتنی ئەدیب و شاعیرانی عێراق بەوەی ((ڕێچكەیەك بەو شێوەیەی –لە ڕووی بیروبۆچوونەوە- لە سەرەتاكانی سەدەی بیستەمدا و بە تایبەتی لە دوای شەڕی یەكەمی جیهان سەریهەڵدا و كۆمەڵێ لە شاعیران پەیڕەویان كرد كە زیاتر ڕێڕەوێكی هاندانی و چارەسەری بوو و كەوتبووە نێوان ماوەی قوتابخانەی لاسایكردنەوە (تقلیدی) لە سەدەی نۆزدەهەمدا و قوتابخانەی تازەگەری (التجدید) دوای شەڕی دووەمی جیهان لەو شاعیرانەشی (زەهاوی، ڕەصافی، كاظمی و...گەلێكی تر)( (عەبدولكەریم، ٢٠٠٠، ١٥٠).

لەگەڵ ئەوەشدا بە ((هاتنی ئینگلیز دوای عوسمانییەكان بۆ عێراق و بە تایبەتیش بۆ بەغدا بە فاكتەرێكی تری گەشەكردنی ڕۆمانتیكیی لە عێراقدا دەزانرێت، كە ئەمجارە ئەدیبانی عێراق ڕاستەوخۆ تێكەڵاوی ئەدەبیاتی ئینگلیزی بوون و بەشێكیشیان بەشدارییان لەو ڕۆژنامە و بڵاوكراوانەدا كرد.)) (حوسێن، ٢٠١٠، ٩٩ )

هەروەها ئەدەبی توركیش لە سەدەی بیستەمدا گۆڕانكاری و نوێكردنەوەی بەخۆوە بینیوە، بەهۆی ئەوەی توركەكان ((پایتەختی ئیمپراتۆریەتەكەیان لە ئەورووپا نزیك بوو و پەیوەندییەكی بازرگانی و سیاسی و ڕۆشنبیریی پتەویان لەگەڵ ئەورووپادا هەبوو، لە زۆر زووەوە (پێش گەلانی كورد و عەرەب و فارس) توانیویانە پەیوەندی لەگەڵ ژیانی كولتووری و هونەری ئەورووپا دروست بكەن.)) (پیرباڵ، ٢٠٠٥، ٥٨) هەربۆیە ئەم ئەدەبە كاریگەری هەبووە لە سەر ئەدەبی كوردی بەهۆی ئەو بزوتنەوە ئەدەبییە نوێخوازییانەوە، ((كە بنەماو بنەڕەتی هەرە دیاری ئەو بزوتنەوەیە خۆدامالین و خۆدورخستنەوە بووە لە ئەدەبێكی بێگانە كە ئەدەبی فارسی بووە، بەڵام لەگەڵ ئەو هەنگاوەیاندا ڕوویانكردە ئەدەبێكی تری بێگانە كە ئەدەبی فەرەنسی بوو))(محمد، ٢٠٠١، ٦٠) ،هەر ئەمەش هۆكاربوو بۆئەوەی ((ئەدەبیاتی ئەم سەردەمە، بە شێوەیەكی گشتی گیرۆدەی بیروباوەڕی ئەورووپاییان و بە تایبەتی بە بیروباوەڕەكانی شۆڕشی مەزنی فەرەنسا بوون و گۆڕانێكی تەواو بەسەر ئەدەبیاتی عوسمانیدا هاتووە بە تایبەتی لە لایەنی چەمك و ناوەڕۆكەوە.)) (تاقانە، ٢٠٠١، ٨)

لە نوێكردنەوەی شیعر و ئەدەبیاتی توركی دا، چەند قوتابخانە و كۆمەڵەی ئەدەبی و شیعری نوێ ڕۆڵیان هەبووە، لەوانە : ڕێبازی ئەدەبیاتی جەدیدە ((بەگشتی دوو قۆناخ یان دوو لقە ڕێبازی ئەدەبی بەخۆوە دەگرێ، یەكەمیان كۆمەڵەی سەروەتی فونوون- واتە – سامانی هونەر)ە و بەناوی گۆڤارەكەیانەوە ناو دەبرێن و گەورەترین شاعیریان (تۆفیق فیكرەت)بووە، قۆناخی دووەمی (ئەدەبییاتی جەدیدە)...(ئودەبای فەجری

ئاتییه) که (تۆفیق فیکرەت) پێوەندی پێوەنییه)) (تاقانه، ٢٠٠١، ١٨)، هەروەها (جەناب شیهابەددین)یش ((شاعیری پێشڕەوی (سەروەتی فونوون))) (پیربال، ٢٠٠٥، ٥٨)، (جەلال ساهیر ئەرۆزان)یش کە لە ماوەی هەردوو قۆناغەکەی ئەدەبیاتی جەدیدە و دوای هەر ڕێباز و قوتابخانەی نوێی ئەدەبی شیعری داناوە، (عەبدولحەق حامید)یش یەکێکی ترە لەو شاعیرە نوێخوازانەی سەردەمی تەنزیمات کە ڕۆڵی کاریگەر و گرنگیان لە نوێکردنەوەی شیعری تورکیدا هەبووە. (تاقانە، ٢٠٠١، ١٨)

ئەم گۆڕانکاری و ڕووداوانەی سەردەم کاریگەریی گرنگ و پڕ بایەخی هەبووە لەسەر ئەدەبی کوردی بە گشتی و شیعریش بە تایبەتی، بەجۆرێك کاتێك باس لە بزاڤی شیعری نوێی کوردی دەکرێت لە سەدەی بیستەمدا، یەکسەر دەچینەوە بۆ ئەو قۆناغەی کە شاعیران و نووسەران کاریگەربوون بە ئەدەبی تورکییەوە، بە شێوەیەك ((لە ژێر کاریگەری ئەدەبی تورکیدا ئەو بزوتنەوە نوێیەیان بەرپاکردووە و سیما و شەقڵە تازەکانی ئەو بزوتنەوەیە ئاکامی کاریگەربوونی ڕابەرانی بزوتنەوەکە بووە بە ئەدەبی تورکییەوە)) (محمد، ٢٠٠١، ٦٠)، واتا لە ناو ئەدەبیاتدا ژانری شیعر بەپێی سەردەم ئاستێکی بەرز و دیاری لەگەڵ گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکانی ژیاندا پیشانداوە، ڕەنگدانەوەی باری ژیان و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی...هتد، کە ((لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا ڕاپەڕینی تازەی نەتەوایەتی تورکەکان و باری ئەدەبی سەردەمیان لە ژێر زەبری ڕۆژئاوادا لە شەپۆلدا بوو، باری سیاسی کوردیش، لە سایەی ڕاپەڕینەکانی شێخ مەحمودو ناکۆکیەکانی نێوان ئینگلیزەکان و تورکەکان و سیاسەتی بەناو بۆ ئازادی و سەربەخۆیی و بە ناوەڕۆك بۆ دەست بەسەردا گرتن و چەوساندنەوە لە لایەن داگیرکەرە ئینگلیزەکانەوە،)) (فەللاح»، ١٩٧٨، ٢٨) لە ئاکامدا ((ڕەوشە کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیریەکەشی گۆڕانی بەسەرداهات)) (نوری ئەمین، ٢٠٠٤، ٦٩). ئەمانەش ڕێگە خۆشکەر و گرنگبوون بۆ دەرکردنی بڵاوکراوەی ڕۆژنامە و گۆڤاری ئەدەبی و سیاسی و بایەخدان بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبی و شیعریە کوردییەکان، بۆ نموونە (عەبدولرەحیمی هەکاری) شاعیر و ڕۆژنامەنووس لە گۆڤاری (ژین)ی ئەستەمبوڵی ساڵی (١٩١٩) ەِ، بە یەکەم کەس دادەنرێت لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا و بە پێویستی زانیوە گۆڕانکاری لە ناوەڕۆکی شیعریدا بکرێت، بۆئەوەی خەڵکی تێبگەیەنێت، بە ئەدەبیاتی تورکی و فەرەنسی کاریگەربووە، لەگەڵئەوەشدا لە ئەدەبی کوردیدا عەبدولرەحیمی هەکاری و پیرەمێرد لە پێش هەموو نووسەرێکی کوردییەوە بایەخیان بە نووسینی شانۆنامە (پیەس، تەمسیل،یان درام)یان داوە، هەروەها عەبدولرەحیمی هەکاری یەکەم کەس بووە دەقی شانۆی (مەمێ ئالانی)ی نووسیوە و بڵاوی کردۆتەوە(کریم، ٢٠٠٦، ٤٦)(پیربال، ٢٠٠٥، ٦٨)، هەربۆیە ئەو بڵاوکراوانە ((لەو ساڵانەدا کاریگەریان هەبووە لەبەرەو پێشچوونی ڕەوتی ڕۆشنبیری و ئەدەبی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری خەڵکی کوردستان و ئاگاداربونیان لە ڕۆشنبیری و بارودۆخی سیاسی وڵاتانی دراوسێ)) (حمەامین، ٢٠١٠، ٥٥)، لەلایەن چەند ((توێژێکی ڕۆشنبیری بورژوازی کورد لە بزوتنەوەی نیشتمانی گەلی کورد برەویان پێدا)) (رسول، ١٩٦٦، ٨٩) (ئەمین.، ٢٠٠٢، ٤٤)، ئەمەش وایکرد کە شاعیرانی کوردستانی عێراق بەهرە و سەلیقەی هونەری خۆیان لە شێوەو ناوەڕۆکێکی سەردەمیانە بۆ شیعرەکانیان پەیڕەوی بکەن، هەرچەندە ((سەرەتای سەرهەڵدانی بیری نیشتمانی و نەتەوەیی بۆ سەدەکانی هەڤدەهەم و هەژدەهەم ئەگەڕێتەوە بە تایبەتی لە شیعرەکانی ئەحمەدی خانیدا کە سیما و مۆرکی ئەو بیرەی پێوەدیارە)) (سەعید، ٢٠٠٨، ٢٨٠)، لەگەڵ ئەوەشدا (( حاجی قادری کۆییش لە سەدەی نۆزدەهەمدا بە شیعرە نیشتمانی و نەتەوەییەکانییەوە، لەسەر هەمان ڕێبازی خانی ڕۆیشتووە بووە بە درێژە پێدەری ئەو ڕێبازە لە سەردەمی خۆی و تەنانەت دوای خۆشی ڕۆڵ و کاریگەری بەرچاوی بینی لە پێشخستن و گەشەی بیری نیشتمانی و نەتەوایەتیدا.)) (سەعید، ٢٠٠٨، ٢٨١)

ئەمەش وەك قۆناغێك لە قۆناغی نوێی ئەدەبیاتی کوردی، کە بە دەرکەوتنی بیری نیشتمانی و نەتەوەیی و ڕۆشنبیری دەنگی داوەتەوە، لەم بارەیەوە دکتۆر ئیحسان فوئاد دەڵێت:((خۆی لە قوتابخانەی تەنویری ڕۆشنبیریدا نواند، وێڕای ئەوەش ئەم بیرە لە شیعری کلاسیکیدایە بە تایبەتی لای خانی و نالی و سالم و کوردی ڕەنگی دابووەوە، بەڵام حاجی ڕاشکاوانە و سادە و ساکارانە ئەم بیرەی بە گوێی خوێنەران و کوردەواریدا داوە، پاشتر لە قۆناغێکی نوێتری وەك ڕۆمانسی و ڕیالیزمیدا مەیدانێکی گەورە و فراوانی گرتەوە و بوو بە ناوەڕۆکێکی سەرەکی لە شیعری کوردیدا، بە تایبەتی لە نێوان ماوەی هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمدا، کە وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لە مەیدانی شیعردا، بە قۆناغی داهاتنی شیعری نوێی کوردی ئەناسرێ، هەر لەم سەردەمەدا ئەم ڕێچکەیە لە ڕووخسار و ناوەڕۆکدا خۆیگرت و بە ئەزموونێکی

سەرکەوتوودا تێپەڕی.)) (سەعید، ٢٠٠٨، ٢٨٢) سەرەتای ئەم ڕێچکەیەش لە ((...یەکەم گۆڕینی کێش و قافیەی شیعری کوردی؛ بەرەو شتێکی تازەی سەربە جیهانی شیعری جیهانی لە سرووودی کوردیدا بوو)) (ڕەسوڵ ، ١٩٨٩، ٣٨-٣٩)، ئەم گۆڕینەش پەیوەستە بە بابەتی ئاوازەوە، لە دواتردا تێکەڵبوونی لەگەڵ چەشەی گۆرانی و مەقامی کوردیدا، کە لە سێ لایەنەوە بەیەك دەگەنەوە، ئەوانیش:

((١- گیانی ئازادیخوزانەیە.

٢-بەکارهێنانی ڕوخساری تازە لە (کێش و قافیە و زمان)دا، بۆ دەربڕینی ئەو گیانە.

٣-ئەو ئاوازانەی کە لە سەرەتادا هەر ئاوازی سروده تورکی یەکانی قوتابخانە بوون و بە ووشەی کوردی، بیری تازەی کوردییان پێ دەربڕاوە، دووایی ئاوازی سرروودی کوردیی خۆماڵیش، وورده وورده بە چەشنێك هاتە مەیدانەوە کە سروشتێکی کوردانەی وای تێدابێت، کە لە یاسای هونەری سرروودی جیهان لای نەدابێت.)) (ڕەسوڵ، ١٩٨٩، ٣٩)

هەبوونی ئەم تایبەتمەندییانە لە سروودەکاندا بەهۆی ئەو بارودۆخە سیاسییەوە ((کاریگەرییەکی زۆریان کردە سەر بە سیاسی بوونی شیعری کوردی ئەو سەردەمە...)) (خۆشناو، ٢٠٠٢، ٧٨)، لەگەڵ ئەوەشدا ((بە گەڕانەوەی (پیرەمێرد)بۆ شاری سلێمانی لە دوای چەند ساڵێك لە کۆکردنەوەی زانیاری و ئاشنابوونی بە ئەدەبی تورکی و ئەورووپی سەردەمی ڕۆشنگەری، کاریگەربوونی بە بزوتنەوەی نەتەوایەتی و پێشکەوتنخوازی، هەر زوو ڕێگە خۆشکەربوون بۆ پێشەنگ بوونی لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا. لە ناوەڕۆك و رووخساردا، بە بایەخدانی بە زمانی شیعری و رووکردنە بەکارهێنانی ووشەی کوردی پەتی، وەك تەکنیکی نوێ و لە پاڵ ئەو تەکنیکەدا ناوەڕۆکی نوێی پێبەرجەستە کردووە)) (حمەامین، ٢٠١٠، ٥٦)، هەروەها گۆرانیش لەبارەی ئەم نوێکردنەوەیە لە شیعری کوردیدا وەك ئاماژەی بۆ کردووە لە وەڵامی پرسیاری هەردوو کەسایەتی (محەمەدی مەلا عەبدولکەریم) و (عەبدولرەزاق بیمار)دا، کە نووسەر و شاعیرانی ئەو سەردەمە، بە تایبەتی شاعیران (شێخ نووری شێخ ساڵح و ڕەشید نەجیب و گۆران )، کاریگەربوون بە ئەدەبی تورکی و قوتابخانەی شیعری نوێی (ئودەبای فەجری ئاتی) و شاعیر و ئەدیبەکانیان، هەرچەندە لەیەك ڕوانگەوە دەیانڕوانیە ئەو تازەکردنەوەیە، بەڵام لە ڕووی بڵاوکردنەوە شێخ نووری زیاتر لەوان بەرهەمی بڵاوکردۆتەوە و کاریگەریی هەبووە بەسەر ئەدەبی کوردیەوە ،(بیمار، ١٩٧٠، ٣٠) گۆرانیش دەڵێت:((ئەم تازەکردنەوەیە بە (تقلید)کردنی ئەدەبی تورك ڕوویدا، بەڵام ئەدەبی تورکی جوڵانەوەیەکی تازەتری لێ دەرکەوت کە تورکەکان لە ڕووی گیانێکی (قەومی)یەوە ئەهاتن کێشی هەڵبەستە شعبی یەکانیان ئەژیانەوە و لەسەر ئەم کێشانە هەڵبەستیان دائەنا.. کە ئەمەش کێشی هیجایە.. ئیتر من تەنها بە کۆششی ئەوان نەوەستام و وەزنی هیجاشم وەرگرت و بەکارهێنا)) (محمد، ٢٠٠١، ٦١) (بیمار، ١٩٧٠، ٣٠)

لەم قۆناغەشدا شیعری نوێی کوردی و هەوڵی شاعیران لە نوێکردنەوەکەدا لە ڕووی رووخسار و ناوەڕۆکەوە، پێکهاتووە لە گەڕانەوە بۆ کێشی خۆماڵی یا پەنجە یا برگەی شیعری فۆلکلۆری کوردی و بەکارهێنانی وشەی کوردی پەتی، کە ((دوابەدوای ((گۆران))یش بوو بە سیمایەکی دیار و گشتیی شێوازیی شیعری نوێی کوردی لە لای کۆمەڵێ شاعیری ناوداری کورد وەکو هاوتەمەنەکانی (گۆران)، لەوانە (ع.ح.ب، کامەران، دیلان، ئەحمەد هەردی، حەسیب قەرەداغی،جەمال شارباژێری، شێرکۆ بێکەس و ....هتد)) (کاکی، ٢٠١٢، ٩٣)، هەروەها لە ڕووی گۆڕینی ناوەڕۆکەوە لە باسی بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی نەتەوەیی کوردەوە چەندین لایەنی ئەو بزوتنەوەیەی گرتەوەو، بەوەی لە باسی مەسەلە گشتییەکان و دەربڕینی هەست و ئەزموونە نەتەوەیەکانەوە، گەڕانەوە بۆ باسی تاکە کەسی و مەسەلە گشتییەکان لە کێشە نەتەوەی و کۆمەڵایەتی و نیشتمانیەکان لە ڕێگەی هەڵبژاردنی بابەتی جیاوازەوە. (ڕەسوڵ، ١٩٨٩، ٤٠)بەپێی ئەم تایبەتمەندی و گۆڕانکاریانە لە شیعری کوردیدا وایکرد ((شاعیران کە لە چاوچێوەی شیعری کلاسیکی دەرچوون، مەبەستیان لە دەرچوونەکەش دیاردە دەرەکییەکەی نەبوو، بەڵام هۆکارە ناوەختییەکانی پەیوەندییان بە بارودۆخی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەوە هەبوو، کە خۆی بەسەر کۆمەڵدا فەرز دەکرد)) (کریم، ٢٠٠٦، ١٠٠-١٠١)، واتا ((هۆنراوەی تازە دەستی لە شانازی خۆی هەڵگرت لە کاتێکا کە سۆزی نیشتمانی و کۆمەڵی تیایا بوژایەوە و هەستی بە پەیامی سەر شانی خۆی کرد... چونکە هەرگیز پەیامیان لەوگەلە جیانابێتەوە کە خۆیان لە ناوجەرگی یەوە هەڵقوڵاون و پەروەردە بوون )) (ئاوارە،١٩٦٧، ١٤)، بۆ نموونە گلەیکردن لە میللەت و هەڵبڕینی دەنگی نارەزایی و ڕەخنە لە ئاست نارێکی و خراپەکانیان، لە ڕێگەی دیالۆگەوە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

به نموونەی (مەلای گەورە) شاعیری کۆیە، کە دەڵێت:

((ئەرێ ئەی مامە کوردە پێم بڵێ چیت؟

کڵاش خواری کەوا دڕیای کراس چیت!

کەپوو فیچ و لچ ئەستوور و ددان گڕ

کوتو کوێر و گەڕ و گێر و سەلك خڕ

بە گیان و دڵ لە ڕەبی خۆت دەخوازی

زگت پڕبێ لە ئەستوورك و پیازی

ئەم تاڵاییەی حاڵەتی هەست بە پەستی میللەت کردن هەر خۆیەتی لە کاتی شانازیی بە میللەت کردندا ئەمەی داوەتەوە:

دەتەوێ پێت بڵێم چییە کوردی

عاقڵی و چاپوکی و جوانمەردی

میللەتێکە لە فەوق تورك و عەجەم

صاحێی حەزم و ڕەزم و بەزم و کەرەم)) (محمد م.، ٢٠١٠، ١٧٨)

واتا لێرەدا بارودۆخی سەردەمەکە وا لە شاعیر دەخوازێت،((کە دەنگی ئازادیخوازی و هەستی پەنگ خواردووی ناخی میللەت بگەیەنێتە گوێی جیهان، بۆ ئەو مەبەستەش پێویستی دەکرد، بە ووردی لە گیروگرفتی کۆمەڵایەتی بدوێت و بابەتی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی بە تەواوەتی لە بەرهەمی شاعیران و نووسەرانی ئەو سەردەمەدا ڕەنگی داوەتەوە)) (کریم، ٢٠٠٦، ٥٣).

ئەمەش وەك پەیوەستبوون و ئەرکی شاعیر لە پێناو خزمەتکردنی کۆمەڵدا، پێویستە لەلایەکەوە ئەو ئەرکەی((بەرامبەر بە کۆمەڵ هەیەتی ئەبێ بە زمانی ئەوان بدوێ تا بتوانێ واتە و مەبەستی ناو شیعرەکانی بەوان حاڵی بکا)) (ئێلخانیزادەwww.vejinbooks.com)، لەلایەکی ترەوە ((ڕاسپێرییەکە کە سەبارەت بە هونەر هەیەتی و نابێ تەواو خۆی تەسلیمی نزمییەك بکا کە لە قسە و باسی وتووێژیدا هەیە، چونکە ئەگەر جوانی و بەرزی هونەر لە شیعرا نەبێ، قسەی شاعیر ئەبێ بە ئامۆژگاری ڕووت یا گێڕانەوەی داستان. شاعیر لە لایەکەوە ئەبێ خۆی لەگەڵ کۆمەڵ ڕێکبخا لەلایەکی ترەوە ئەبێ لە کۆمەڵ پێشکەوێ))(ئێلخانیزادە،www.vejinbooks.com)، لە ڕووی بەکارهێنانی زمانەوە وەك خاسیەت و تایبەتمەندییەکی تری شیعری نوێی کوردی ئەو سەردەمە ((زمانێکی دەربڕینی تازە هاتە ئارا کە لە سەرەتادا لەژێر کاریگەری ڕۆمانتیکە تورکەکاندا دروست ببوو؛ گۆران ناوی ((لەم زمانە)) نابوو ((کوردیی عوسمانلی)) کە زیاتر شێخ نووری و ڕەشید نەجیب و خۆی لە ساڵانی ١٩٢٠دا بەکاریان دەهێنا؛ پاشان وردە وردە لە ساڵانی ١٩٣٠-١٩٤٠بەملاوە بەکارهێنانی زمانێکی کوردیی پەتی هاتە ئارا)) (پیرباڵ، ٢٠٠٥، ٨٠)، هۆکاربوو بۆ پاکردنەوەی زمانی کوردی لە وشەی بێگانە و پاراوکردنی زمانەکە.

هەروەها یەکێکیتر لە سیما و خەسڵەتەکانی نوێکردنەوەی شیعری کوردی خۆی لە یەکێتی بابەتدا دەبینێتەوە، بەوەی پێشتر لە شیعری کلاسیکدا یەکێتی بەیت پەیڕەوی کراوە، بە جۆرێك هەر بەیتێك سنورێکی سەربەخۆی واتایی هەبووە (فەللاح»، ١٩٧٨، ٣٧)، لەگەڵ نوێکردنەوەدا و لە شیعری ڕۆمانتیك و ریالیزمدا یەکێتی بابەت و واتای تێکڕای دێڕە شیعرەکان لە پێناو یەك بابەتدا هاتەکایەوە، ئەمەش ((وەرچەرخانێك بوو لە شیعری نوێی کوردیدا. بەخشش و داهێنانی شیعری گۆران وەك پێشەنگی شیعریی کوردی ...، گۆران هەندێ کەرەستەی هونەریی کۆنی خستەلاوەو لەبری ئەوە کەرەستە و شێواز و دەلالەتی نوێی بە شیعری کوردی بەخشی. ئەو بەیتی تێکشکاند و ریتمی نوێی هێنایە کایەوە، تارادەیەك شیعری لە چاچێوەی ڕەوانبێژیی دەرکرد و لەبری ئەوە وێنەی نوێی دوور لە کەرەستەی سواوی ڕەوانبێژیی داهێنا.)) (حسین و محمود، ٢٠١٢، ٦٤) لە ڕووی تەکنیك و شێوازی نووسینی شیعریشەوە داهێنان و تازەکردنەوەی بەخۆوە بینی، وەك دانانی ناونیشان بۆ دەقە شیعرییەکان، بەوپێیەی ((ڕەگەزی ناونیشان یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی دەق)) (سدیق، ٢٠١٠، ٦٣) و کلیلی چوونە ژوورەوەیە بۆ ناو ناوەڕۆکی دەقە شیعریەکە، بێجگەلە داهێنانی چەند شێوە وقاڵب و شێوازی شیعری و تێکەڵکردنی

ژانری شیعر و پەخشان، وەك ((شیعری ئازاد یان شیعری سەربەست، شیعری ستوونی، شیعری بینراو یان دیتەنی Visuel پۆستەرە شیعر، شیعری سپی، پەخشانە شیعر، چیرۆکە شیعر، شیعری چیرۆکئامێز، کۆنووس، شیعری ئۆتۆماتیکی، شیعری کۆنکرێتی، شیعری شانۆیی یان درامی، ئۆپەرێت، سروود، شیعری منداڵان و لەبارەی منداڵان... . هەموو ئەم ژانرە تازانە لە ساڵی ١٨٩٨ بەملاوە دێنە ناو ئەدەبی کوردییەوە)). (پیربال، ٢٠٠٥، ٨٢)

بۆیە لێرەدا شاعیران توانییان شێوە و شێوازی شیعریی تایبەت بە خۆیان بگرنەبەرو، هۆکاربن بۆ داهێنانی قاڵب و شێوازی نوێی شیعریی، کە ((جۆراوجۆرێتیەکی دەوڵەمەند بکەوێتە ناو شیعری کوردییەوە. ... بۆ نموونە پیرەمێرد هات پەندی پێشینانیشی کردە فۆرمێکی دەربڕینی شیعر، قانیع هات بە جورئەتەوە دیالۆگی خستە ناو شیعرەوە، واتە شیعری لە شێوەی گفتوگۆی نێوان دوو کەس گێڕایەوە. ئەمەش کارێکی تازە بوو، چونکە لەلایەك خاسیەتێکی گێڕانەوەیی بەخشییە شیعر،...، لە لایەکی دیکەشەوە توخمی درامایی لە شیعردا بەهێزتر کرد و ڕێگەی خۆشکرد شیعری درامایی بێتەکایەوە.)) (پیربال، ٢٠٠٥، ٨٦)

هەروەها جیاواز لە سەردەم و شیعری کلاسیك (خەزنەدار، ٢٠٠٦، ٥٧-٦٥) وەك تەکنیکێکی نوێی نووسین و دەربڕین ، ((ڕەچاوکردنی نیشانەکانی خاڵبەندی و بەکارهێنانی وەك تەکنیکێکی دەربڕین خاسیەتێکی دیکەی شیعری نوێیە. شیعر نووسین لە دەفری زمانی کوردیدا، لە سەردەمی کلاسیکدا ، واتە تا سەرەتای ئەم سەدەیەش حاڵی وەکو حاڵی پەخشان، هیچ حسێبێکی ئەوتۆی لە رووی خاڵبەندی (دانانی ((خاڵ)) ((ڤێرگوڵ)) ((ڤێرگۆلی خاڵدار)) ((دووخاڵ))هتد بۆ نەکراوە)) (پیربال، ٢٠٠٥، ١٣٢)، چونکە لە شیعری کلاسیکدا ((واتای شیعر لە ناو یەك تاقە بەیتدا دەتوایەوە و کۆتایی دەهات. ...بەڵام لە شیعری نوێدا واتا درێژ دەبێتەوە و جێگای کۆپلەیەکی شەش دێری دەگرێ. جاری وا هەیە دەکەوێتە دوو کۆپلەوە. ئەمەش پێویستی بە بەکارهێنانی نیشانەکانی خاڵبەندی هەیە ...گۆران یەکەم شاعیری نوێیە کە ئەمەی بەکارهێنابێ.)) (پیربال، ٢٠٠٥، ١٣٢) بێگومان هەموو ئەم گۆڕانکارییانە لە ناوەڕۆك و شێوازی دارشتن و تێکەڵکردنی توخمە هونەرییەکانی شیعر و پەخشان لەڕووی تەکنیکەوە وەك نوێکردنەوە لە شیعردا، ئەویش لە لایەکەوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنیکی دیالۆگەوە، کە شاعیر دەنگی خۆی و کەسەکان ئاراستەی بەرامبەر و کۆمەڵ دەکات و پاشانیش چەند دیمەنێکی کورت و سنوردار لە شێوەی وێنەی شیعریدا پیشاندەدات، هەروەها وەك ئامرازێك و هۆکاری گێڕانەوە بۆ گەیاندنی مەبەست و ئامانجی شاعیر بەکاریدەهێنێت، خاسیەت و تایبەتمەندی جۆری بەرهەمە شیعرییەکە دیاری دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا جێی ئاماژە بۆکردنە کە هونەری دیالۆگ تەنها تایبەت نییە بە قۆناغی شیعری نوێی کوردی، بەڵکو لە هەموو قۆناغە جیاوازەکاندا دیالۆگ وەك تەکنیك بە ئاست و شێوازی جیا و جۆراوجۆر لە شیعری کوردیدا بەکارهاتووە و هەروەك لە قۆناغ و سەردەمی ئێستاشدا ئەم هونەرە بوونی هەیەو پەیڕەوی دەکرێت.

## تەوەری دووەم: جۆر و چەشنەکانی دیالۆگ لە شیعری نوێی کوردیدا:

### یەکەم: دیالۆگی ڕاستەوخۆ و تایبەتمەندییەکانی:

ئەم جۆرە لە دیالۆگ کە گفتوگۆی ڕاستەوخۆی نێوان دوو کەس/کاراکتەرە، لە نێوان دوو کەس/کاراکتەری نێو دەق شیعری لیریکی یان شیعری شانۆیی یان ئۆپەرێت یان چیرۆکە شیعر یان پەخشانە شیعر دەبێت، واتا ئاڵوگۆری زانیارییەکان لە نێوان ئەو دوو کەس/ کاراکتەرەدا بە شێوەی پرسیار و وەڵام، کە زۆرجار نێرەر دەستپێشخەری دیالۆگە و هەندێجاریش وەرگر دەبێتە دەستپێشخەر، لەگەڵ ئەوەشدا زانیارییەکان لە نێوانیاندا ئاڵوگۆڕ دەکرێت لە پێناو گەیاندنی مەبەست و زانیارییەکدا کە ئامانجی شاعیر یان کاراکتەرەکانە، بە جۆرێك کە ((قسەکەر و گوێگر لە یەك کاتدا هەم قسەکەرن هەم گوێگر، ئەگەر ئەمە لە چیرۆك و ڕۆماندا بەشێوەیەك بێت کە جیاوازبێت، ئەوا لە شیعریشدا شاعیر بەجۆرێك دیالۆگەکان ڕێکدەخات، کە بگونجێت لە هێرمۆنتیکای دەقەکەی و ئیستاتیکای دەقەکە لە دەست نەدات، چونکە مەودای شیعر بەرتەسك ترە و شاعیر ناتوانێ بە شێوەی دەق پەخشانی مامەڵە لەگەڵ بەکارهێنانی وشە و زاراوەکان بکات)) (سەعید و حمە، ٢٠١٨، ٦) لێرەدا بەبێ بوونی هیچ ناوەند و فەزایەك زانیاری و دیالۆگ ئەنجام دەدرێت، کە ڕاستەوخۆ دیمەنەکان روون

و ئاشکرا بە خوێنەر یان وەرگر دەگات.

بەپێی ئەو تایبەتمەندیانەی ئەم جۆرە دیالۆگەی پێدەناسرێتەوە ، ئەنجامدانێتی لە نێوان دوو کەس/ کاراکتەر بە شێوەی ناوهێنانی ڕاستەخۆی کەس/کاراکتەرەکان یان بەکارهێنانی دەستەواژەکانی (وتی ،وتم ، پرسیاریکرد ،وەڵامەدایەوە...) یان بەکارهێنانی جێناوی کەسی یەکەمی تاك (م ، من) و لەکاتی ئێستایی کاتی ڕانەبردوودا. جگە لەوەی لە هەندێ دەقی شیعری شانۆیی یان چیرۆکە شیعر و ئۆپەرێتەکاندا، بە دانانی پیت یان ژمارە یان دانانی نیشانەی هێڵ(-) یان شێوەی دەربڕین و داڕشتنی دیالۆگەکە دیاریدەکرێت.

## دووەم: چەشنەکانی دیالۆگی ڕاستەوخۆ:

ئەمجۆرە لە تەکنیکی دیالۆگ بە پێی تایبەتمەندیەکانی بۆ چوار چەشن دابەش دەبێت، ئەوانیش:

**١-دیالۆگی ڕاستەوخۆی ڕووت:**

نموونەی دەق شیعری لەم چەشنە لە دیالۆگ لە شیعری نوێی کوردیدا بریتییە لە هەندێک شیعری منداڵان و شیعری فێرکاری و پرسیارو وەڵام، یان دەمەتەقێی ئاسایی، یاخود شیعری گێڕانەوە و سرودی نیشتیمانیدا، بۆ نموونە لە هەندێک لە شیعرەکانی(بێکەس ،گۆران، قانع،هەژار،....هتد)دا، ئەم چەشنە لە دیالۆگ بەدیدەکرێت.

(فایەق بێکەس) لە دەق شیعری منداڵانی وەك (تۆچیت؟ من کوردم) و (شوان و مەڕەکانی)دا، دیالۆگی بە شێوەی ڕاستەخۆی ڕووت لە نێوان دوو کاراکتەردا ڕێکخستوە، کە بە شێوازێکی سادە و ساکار دەربڕدراون، لە دەق (تۆ چیت؟... )دا بە شێوەی پرسیارکردن و وەڵامدانەوەدایە هەر خۆشی وەڵام دەرەوەیە، واتا خودی قسەکەرە، بەڵام مەبەستی شاعیر زۆر لەوە زیاترە تەنها گەیاندنی چەند زانیاریەك بێت بۆ نەوەی داهاتوو، بەڵکو ئامانجی نەتەوەیی و ئامۆژگاریکردن و هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی و تێکۆشان و خۆبەختکردنە لە پێناو خاك و نیشتمان و نەتەوەدایە، کە دەڵێت:

تۆ چیت؟ من کوردم نەتەوەی گوردم
خۆ ترسنۆك نیت؟ حاشا نەبەردم
چی تۆی لەناو برد؟ دوو دڵی و نیفاق
چۆن ڕزگار دەبی؟ هەر بە ئیتیفاق
بڵێ چیت ئەوێ؟ بەرزی وەتەنم
بە خۆڕایی نا، بە گیان و تەنم (بێکەس، ٢٠٠٨، ٢١٤)

هەروەها لە دەق (شوان و مەڕەکانی)دا شاعیر تیایدا بەجۆرێك ژیانی ئاسایی ڕۆژانەی کاری شوان و مەڕەکانی دەگێڕێتەوە، لە ڕێگەی ناوهێنانی کاراکتەر(شوان و مەڕەکانی)یەوە دیالۆگەکە دروستدەکات و چەند زانیارییەك دەبەخشێت بە وەرگر/خوێنەر، لەگەڵ ئەوەشدا پیشاندانی ئەمەك دۆستی و چاکەکردن لە بەرامبەر یەکتردا نیشانەی دڵسۆزی و وەفاداریە، کە دەڵێت:

شوان:

مەڕەکانم چەندە جوانن چەند بە کەڵك و بەسەزمانن
بڕۆن ... بڕۆن بۆ ئەولایە زۆر لەوەڕی چاکی تیایە

مەڕەکان:

لوورەی گورگێ دێتە گوێمان نزیك کەوتۆتەوە لێمان
ئەگەر تۆ زوو نەگەی پێمان ئەو بەدخووە دێتە ڕێمان (بێکەس، ٢٠٠٨، ٢١٥)

(گۆران)ی شاعیر لە داڕشتنی کۆمەڵەی حەوتەمدا، کە چەند دەقێکە بە شێوازی پیەس و لە یەك پەردەدایە، بە ناونیشانی (ماستاو...،

جۆقی یۆنسکۆ، موحاکەمەی مام چەوەندەر، نق و جق)دا هونەری گێڕانەوەی بەهۆی دیالۆگی نێوان کەس/کاراکتەرەکانەوە بە شێوازی ڕاستەوخۆ ئەنجام داوە، چەند مەبەستێکی شیعری نەتەوەیی و مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە لە چەند دیمەنێکدا پیشان دەدات، کە بە شێوەی ناوهێنانی کارەکتەر یان دانانی پیت یان دانانی هێڵ بۆ دیاریکردنی دیالۆگەکان داڕێژراوە، بۆ نموونە لە دەقی (ماستاو...)دا دەڵێت:

- پەردە هەڵکشا-

ئا: تەلەفۆنی ئەم سەر: ئاغا لە هاوینە هەواری کوێستان

ب: تەلەفۆنی ئەوسەر: کاربەدەستێك لە باڵێوزخانەیەك

ئا:

هەلاو... هەلاو... گەورەم! سێرم!

هۆی گیرفان و سکی تێرم

هەلاو... هەلاو...

ڕووناکیی چاو!

ب:

ئەلۆ... ئەلۆ... ((شێك))م! ((ئاگا))م!

لەناو گەلتا پشتم ، پەنام!

ئەلۆ... ئەلۆ...

((کۆت)) براڤۆ! (گۆران، ١٣٨٦، ٢٧٣)

لە دەقی (جۆقی یۆنسکۆ)دا دیالۆگکردن لە نێوان چەند کەسێکدایە، وەك دەقێکی فرەدەنگی دیاریدەکرێت، کە دەڵێت:

-پەردە هەڵکشا-

پرۆفیسۆر:

هاتووینە دێی بەرد و کوچك

خڕ بیژەنە وەستای دومبك!

خڕ بیژەنە کەمانەژەن!

کچان، ئێوەش سەما بکەن!

{ساز و سەما دەست پێ ئەکا}

کچە مامۆستای گۆرانیبێژ:

من زانای دەرسی ئەلفبام!

دوو جار بڵێن: تەرلای لای لام!

هەموو:

تەرلای لای لام...

تەرلای لای لام... (گۆران، ١٣٨٦، ٢٧٦)

(قانع)ی شاعیر لە دەقی شیعری (یەك دواندن)دا بە شێوەی ڕاستەوخۆ و بە پرسیارو وەڵام دیالۆگێکی شیعری دروست دەکات، کە هەر خۆی پرسیار دەکات و وەڵامدەداتەوە، بە گیانێکی نەتەوەیی مەبەستی گەیاندنی زانیاری و پێدانی ئامۆژگاریە بۆ نەوەی داهاتووی کۆمەڵگەی کوردی، کە دەڵێت:


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ئەی کوڕ نەوەی کێی؟ نەوەی شێرانم

تۆ لەکام هۆزی؟ هۆزی کوردانم

بۆ ڕەنگت زەردە؟ دەردم گرانە

دەردەکەت چیە؟ کزی کوردانە

جا، بۆچی کزن؟ چونکە جێماوین

جێمانێکی چۆن؟ تەواو فەوتاوین (قانع، ٢٠٠١، ٣٦٠)

هەروەها لە چەند دەقێکی وەك (قانع و باز) و (جوتیار و گاجووتەکەی) و (قانع و لێفەکەی)دا بە شێوەی ناوهێنان و ڕاستەوخۆ دیالۆگ لەگەڵ کەسی بەرامبەر و ئامادەدا لە ڕێگەی بانگکردن و نەکردنی کارێك دەکات، کە وەك کەسی قسە بۆکراو و گوێگر دیالۆگ ئەنجام دەدەن، کە لە دەق (قانع و باز)دا دەڵێت:

ئەی باز! ئەی مەلی باڵداری خوێنخوار

لەناو مەلەکان مەشور بە زۆردار

ئازاری گیانی گیانداران ئەدەی

بەلای دەردتۆ، خۆت بەخێو ئەکەی

تا دەگاتە:

مردنت باشە تا ژیانی وات

شۆڕەت، خوێنخۆریت بخەیتە ووڵات

من بە تۆ ئەڵێم هەی ستەم پیشە!

ئەمە کردار و کردوە و ئیشە! (قانع، ٢٠٠١، ٤٧٦)

پاشان لە دوای سێیەم دەق باز وەك کاراکتەری دیالۆگەکە وەڵامی شاعیر دەداتەوە و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ڕووت، کە دەڵێت:

وەڵامی باز:

(قانع)خوێنخۆریم خەتای خۆم نییە

سروشتم وایە، دەسەڵات چییە؟

ئەگەر تەبیعەت دەنوك نەدا پێم

سەربەندی شاخان، دانەێ بۆ جێم

چنگی قولاپدار وەك نێرەی خوێنڕێژ

نەخاتە پەنجەم مەحکەم و درێژ

نینۆك وەك ئەڵماس، نەخاتە پەنجە

هیچ مەلێ لەمن نابێ دڵ ڕەنجە

منیش وەك کۆتر دانە خۆر ئەبووم

بۆ خۆم ئەژیام، بەهەر جۆر ئەبووم (قانع، ٢٠٠١، ٤٧٧)

هەربەو شێوەیە لە دەق (جوتیارو گاجووتەکەی)یشدا شاعیر بەهۆی دیالۆگی ڕاستەوخۆوە، لە شێوەی پرسیارو وەڵامدا، چۆنێتی ژیانکردن و هۆکاری برسێتی و ڕووتی کەسێتی جوتیار و زەحمەت و نارەحەتی ژیان وکارو پیشەی گاجووتمان بۆ باس دەکات، کە دەڵێت:

گارەش، نووری بینایيم

ئەی کۆمەکی تەنیایم

تا دەگاتە:

لە تۆ سەرم سوڕماوە

چییە والێت قەوماوە

نەتۆ ئەووەستێیت نە من

لەبەرچاو ، دۆست و دوژمن

کەچی هیچ دیار نییە

چییە؟ ئەم سیحرە چییە؟

وەڵامی گاجووت:

مام سمایل، جوتیارم!

ڕەفیقی کۆهسارم

تۆ، شت زۆر پەیدا ئەکەی

بە هیچ، لە ناوی ئەبەی

باوەجوود خەتات نییە

دەستەڵاتی تۆ چییە؟

تا لە کۆتایدا دەڵێت:

ئەگەر گشتی بۆ خۆت بێ!

ئیشت ئەکا جێبەجێ (قانع، ٢٠٠١، ٤٧٨-٤٨٠)

باس لە ژیانی جوتیاری کوردە و پیشاندانی لە زۆر لایەن و ڕوویەکەوە، هەروەك (دکتۆر عیزەدین مستەفا) دەڵێت: ((قانع لە نەخشەکێشانی وێنەی فەللاحدا شتێکی ترە، تەواو ئازاری فەلاحانەی چەشتووە، بەهەست و بە هونەریش ئەو مەبەستەی پیشانداوە)) (علی، ٢٠١٣، ٢٤٤) لە دەقی (لەگەڵ گەنم)دا ، دیالۆگی شاعیر پرسیارکردنە لەپێناو گەیشتن بەڕاستییەك کە هەمووکەس دەیزانن، کە دەڵێت:

قانع:

گەنم تۆ دینت، تۆ لەکام گیایت

ئەمە چەن قرنە، خەڵکی سەر دنیایت

ڕاستم پێ بێژە تۆ بۆچی چاکی؟

لەناو دەغلانا، تۆ بۆچی تاکی؟!

کێ تۆ سەوز ئەکا؟ کێ تۆ ئەچێنێ؟

کێ لەگەڵ تۆدا ئارەق ئەڕژێنێ؟

تا دەگاتە :

ڕاستم پێ بێژە کۆنەی کۆنە ساڵ!!

هەتاکو ئیستە، کێت کردووە بە ماڵ؟ (قانع، ٢٠٠١، ٣٦١)

ئەمەش وەك نموونەی دەمەتەقێ لەگەڵ کەسی بەرامبەر(بێگیان/سروشت)دا، کە ((هەر بە زمانی گەنمەوە وەڵامی خۆی دەداتەوە، قانع ئەم جۆرە دیالۆگەی لە هەندێ لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە و لەو دیالۆگاندا خۆی وەڵامی دەداتەوە)) (علی، ٢٠١٣، ٢٤٥)، کە دەڵێت:

گەنم:

قانع! من گەنم و پاشای نیعمەتم

بە واتای خەڵقی، خەڵکی جەننەتم

هەر منم کە هۆی ژینی ئینسانم

هەر من ڕەونەقی گەل و نیشتمانم

تا دەگاتە:

ڕوو سووری مەجلیس، یاران هەر منم

دەبدەبەی ئاغا و خانان هەر منم

بۆمن هەزاران ڕوو ئەکەنە چۆڵ

ئەسوڕێنەوە هەمانە بە کۆڵ (قانع، ٢٠٠١، ٣٦١)

هەر بەم شێوە دیالۆگی شیعریی ڕاستەوخۆ لەلایەن (موفتی پێنجوێنی) شاعیرەوە، بە شێوەیەکی فراوان بنیاتی چەند دەقێکی شیعری پێکدێنێت، کە هەندێکیان بەهۆی پرسیارو وەڵامدانەوەوە و هەندێکی تریان بەشێوەی ئامۆژگاری کردنی کوڕو کچەکانیەوە هۆنراوەتەوە، وەك لەم دەقەیدا بە ناونیشانی (پرسیاری مەلایەکی بانەیی لە موفتی) کە لە ساڵی (١٩٤٥)دا نووسراوە، سەرەتا بە دەقی پرسیاری مەلا دەستپێدەکات، دەڵێت:

مەلا عبداللەی توتنچی پێنجوێن

بە ئێمەی ناسیت گەلاوێژ و ژین

پرسێکم هەیە لە ڕێی شەرع و دین

ساتۆیش بنووسە جوابێکی شیرین

تا لە کۆتایدا دەڵێت:

کاغەز نووسینیش کوردی زمانە

دیارە نیشانەی ئاخر زەمانە

-مەلا قادر-م لە دێی (ئارمردە)

پێویستە جوابم بەم دەست و بردە (توتنچی، ١٦٤)

پاشان لە دەقی دواتردا (وەڵامی موفتی بۆ مەلا قادری دێی ئارمردە) دێت و دەڵێت:

مامۆستای گەورەم شاعیری ڕەنگین

کۆگای زانستی ڕێگای {لەدیوانەکەدا نووسراوە: ڕێگاری } شەرع و دین

ئەو پرسیارانەی کە تۆ لێت کردووم

جوابیت عەرز ئەکەم تاکو نەمردووم

جێگەی تۆ لە دێی چۆڵ و لاپەڕە

کۆمەڵی دوورن وەك بزن و مەڕە

هیچتان نازانن ئەم دنیا ڕوونە

چۆنە و چ ڕەنگە و عالەم چلۆنە

تا دەگاتە ئەوەی دەڵێت:

نووسین بە کوردی تاکەی کوفرە لات

بۆچ لات ناخۆشە زبانی ووڵات

لێم زویر نەبی هاوڕێی ژینتم

کوردم وێنەی تۆ هەم هاودینتم

تا لە کۆتایدا دەڵێت:

-مەلا عبداللە-ی توتنجی پێنجوێن

جوابی دایتەوە بە زووبانی دین (توتنچی، ١٦٥-١٦٦)

(هەژار)ی شاعیر لە چەند دەمەتەقێیەکدا بە ناونیشانی (دەمەتەقەی بایز و پیرۆت)و (دەمەتەقەی بایزو باپیر) و (دەمەتەقەی باپیرو پیرۆت) و (دەمەتەقەی پیرۆت و باپیر) بە شێوەی دانانی پیتی (پ، ب-ب،پ)دا لەنێوان دیالۆگی دوو کەسدا شیعرێك بەرهەمدەهێنێت و دەنووسێت، کە لە دەق (دەمەتەقەی بایزو پیرۆت)دا دەڵێت:

پ: مام بایز رۆژباش

ب:علیك السلام

پ: ئەمە یانی چی؟

ب: جیرانی مەلام

پ: ئەی دوێن و پێرا!

ب: بەخوا چوومە شار (هەژار، ١٤٨،٢٠٠١-١٤٩)

لە دەق (دەمەتەقەی بایز و باپیر)دا دەڵێت:

ب: مام پیرۆت سڵاو

پ: ئای وەحەلێکم

ب:چۆنی؟ لە چیدای؟

پ: بە خوا نارێکم

ب:نارێکیت لە چی؟

پ:ئەپرسی لە من؟ (هەژار، ٢٠٠١، ١٦٢)

هەروەها لە دەق (دەمەتەقەی پیرۆت و باپیر)دا دەڵێت:

پ: باپیر مەرحەبا

ب: مەرحەبا سەرچاو

پ: بۆ کوێ وا گورجی؟

ب: بەخوا ، ئەچمە راو

پ: ڕاوی چی ئەکەی؟

ب: هەرچیم دەسکەوێ (هەژار، ٢٠٠١، ٢٥٦)

هەروەها (محەمەد ساڵح دیلان)یش لە چەند دەقێکیدا دیالۆگی شیعری ئەنجامداوە، کە لە دەق شیعری (دەمەتەق)دا، دیالۆگێکی راستەوخۆی بە شێوەی ڕووت و ناوهێنانی کاراکتەرەکان (لاس و گوڵ) وەك دوو کاراکتەری سەرەکی دیالۆگ ئەنجام دەدەن، بە شێوەی هەواڵپرسین و هەواڵگەیاندن هەروەك ئاماژەی بۆ کراوە، کە دەڵێت:


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

لاس:

گوڵەباخ ئیمساڵ شکاوە چڵی

وەنەوشە سیس و ژاکاوە گوڵی

گوڵاڵە بە حاڵ هێزی تیا ماوە

ئەوەندە خوێنی لە لەشتکاوە

پەپوولە حۆل و گێژ و وڕیووە

هێندە قەبرغەی بە دڕکا چووە...!

گوڵ :

وازم لێ بێنە دەستم دامانت

نازانم چی یە ناو و نیشانت

پەڕ و بۆم وەری و لەش داڕزاوە

چقڵی دونیا لەڕووم چەقاوە

تۆ .. بەرگی زەرقیت کردۆتە بەرت

بەڵام ڕەش پۆشە ئاسمانی سەرت (دیلان، ٢٠١٣، ٦٠-٦٣)

**٢-دیالۆگی ڕاستەوخۆی وەسفی:**

نموونەی ئەم چەشنە دیالۆگە شیعرییە لە شیعری کۆن و نوێدا تەکنیکێکە زیاتر پشت بە لێهاتووی و سەرنج و توانای دیقەت و وردی ڕوانینی شاعیر دەبەستێت، لە وێناکردن و وەسفکردنی کەس وشت و ڕووداوەکاندا، بەجۆرێك شێوە و شێوازێکی فەلسەفی و خەیاڵێکی داهێنراو تیادا ڕەنگدەداتەوە، هەروەك (حەمدی) شاعیر بە شێوازی وەسف و دیالۆگ لە ڕێگەی بانگکردن و پرس و نەکردنی کارێکەوە، لەگەڵ (کوردستان) دا دەکات و دەڵێت:

ئەی وەطەن ڕۆم و عەجەم موشتاقی کوردستانتە

ئیفتیخاری میللەتی کورد شەوکەتی عینوانتە

بەستە سەربەرزی ئێواران و سبەینان مانگ و ڕۆژ

وەك نیشانی ئیفتیخاری سنگ و نەجمەی شانتە

لە کۆتاییدا:

پیرەمەگروون تاجی شاهانەی بەسەر بەرزی فڕاند

تەم دەماوەند داگری مەحجووبی هەورامانتە

خەتتی دیوانی شکستەی گرد و لووتی بەرزی شاخ

واضیحە بۆ سەربەخۆیی طوڕەیی فەرمانتە

جار بەجار (حەمدی)گلەت گەر لێ بکا ناحەق نی یە

جەردە ڕامەگرە نەڵێن خەڵقی کە جانی جانتە (ساحێبقران، ١٩٨٤، ٨١-٨٢)

هەروەك لە شیعری نوێدا، بۆ نموونە (دڵزار)ی شاعیر بەشێوەی پرسیار و وەڵامدانەوە، دیالۆگێکی ڕاستەوخۆی وەسفی لەگەڵ دڵدا وەك

کەسی بەرامبەر خودی شاعیرە ئەنجامدەدات، لێرەدا کەسی بەرامبەر (دڵ) کە خودە دەست بە دیالۆگ دەکات، لە دەقی شیعری (دڵ و دڵزار) دا، کە دەڵێت:

دڵ:

دڵ دەڵێ دڵزار لە بۆچی سینە کورەی ئاگری؟

بۆچی فرمێسکت بە سروەی بەحری ئەبیەز ناسڕی؟

بۆچی داری غەم بە تەوری کەیفو شادی نابڕی؟

بۆچی بەرگی زیللەتت سەرتا بەخوار دادڕی؟

بۆچی ڕێگەی ڕەوشەنی ژینی بەرز داناگری؟

دڵزار:

ئەی دڵا بای بەحرو بەڕ ئەشکم وشك ناکاتەوە

باخی ڕەنگینی فەلەستین دڵگەشیم ناداتەوە

کێوەکەی قودسی موقەددەس مەینەتم ناباتەوە

حەسرەتی دووری وەتەن خوێنی جگەر دەخواتەوە

ناعیلاجم غەم دەخۆم و کەس غەم لە بۆ خۆی ناکڕێ (دڵزار، ٢٠٠٦، ٧٣)

لەم دەقە شیعریەدا شاعیر دیالۆگ لەگەڵ سیمبوڵێك سازدەکات کە (دڵ)ە، بەڵام ئەم سیمبوڵە بە واتا میتافۆرییەکەی خراوەتە دووتوێی گفتوگۆ شیعرییەکەوە.

هەروەها (قانع)ی شاعیر لە دەق (لەگەڵ شاخی هەوراماندا) دیالۆگێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ شاخی هەوراماندا وەك کەسی بەرامبەر(سروشت)، لەڕێگەی هەواڵپرسین و شێوەی وەسف ئەنجام دەدات، سەرەتا بە وەسفکردن و پیاهەڵدان دەستپێدەکات و دواتر هۆکاری بێ ڕەنگی و دڵتەنگی دەبێتە جێگەی پرسیار و شاخی هەورامان وەڵامی دەداتەوە، کە دەڵێت:

قەڵای هۆزو گەل، شاخی هەورامان

پرسیارم هەیە دەستم بە دامان

لەلام ڕووناکە، شاخێکی سەختی

پشت و کۆمەکی، وەخت و بێ وەختی

سەرکڵاوانت کوێستانی پرگوڵ

تەماشای گوڵت، زاخاو ئەدا دڵ

تا دەگاتە:

ئیستە نازانم، بۆچی بێ ڕەنگی؟!

دووربێ لە گیانت، بۆچی دڵتەنگی؟

شاخی هەورامان:

وتی: ئەی (قانع)، لەمن بێ کەستر

لە من داماوتر، لەمن بێ دەستر

بۆچی لێت پرسیم؟ دەردم گرانە؟؟

وامن پێت ئەڵێم؟ زۆر چاك بزانە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

تەماشا ئەکەم، بەرزە دەماخم

لەناوشاخانا ، سەرگەورەی شاخم

تا دەگاتە:

قەڵبەزەی تاقم، قرمەی بەفراووم

چەپکەی لانزار، وەك بووك نەخشاووم

شنەی نەسیمم لەبەری بەیان

ئەدا لە گۆنای نازك نەوهەڵان

ئەمجا ئەزانی، کەمن بەهەشتم

سەرەتا بەخوارم، ڕاستە گوڵ گەشم (قانع، ٢٠٠١، ٣٩٦-٣٩٧)

**٣-دیالۆگی ڕاستەوخۆی شیکاریی:**

هەرچەندە بەپێی ئەو شێوە بە یەکداچوون و تێکەڵبوونەی لەم جۆرەی دیالۆگی ڕاستەوخۆ لەگەڵ دیالۆگی ڕاستەوخۆی وەسفیدا، بەڵام دەتوانیین وەك جۆرێکی تری دیالۆگی ڕاستەوخۆ بە سیما وزانیاری زیاتر ئەم چەشنە بە جۆرێکی سەربەخۆو جیا دابنرێت، هەروەك لە نموونە شیعرییەکاندا دەکرێت ئاماژەی بۆبکرێت و بەدیاربخرێت.

بەوپێیەی لە ڕووی بەکاهێنانی زمانەکەیەوە زۆر قوڵتر و چڕترە و لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕووی ناوەڕۆکەوە ڕۆچوونە بۆ ناو زانیارییە مێژوویی و ئایینی و کەلتوری و کۆمەڵایەتییەکان، بەجۆرێك بیرکردنەوە و لێکدانەوەی فرەتر هەڵدەگرێت. بۆنموونە وەك (پیرەمێرد) لە دەقی شیعری (ڕاستی)دا، ڕووداو و بەسەرهاتی کەسێکی خزمی خۆیان دەکاتە نموونە و ئەنجامی کاری چاك و خراپ و دەرکەوتنی ڕاستی و درۆ، هەر لێرەوە پەیامی ڕاستی دەدات بەگوێی هەموو کەسێکدا، کە لە ژیانی خۆیدا بیکاتە بیروباوەر و ئامانجی و کاری پێبکات، لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا وەك گێڕانەوەیەکی بابەتی و خودی، تەکنیکی دیالۆگی وەسفی و دیالۆگی ڕاستەوخۆی شیکاریی، شێوەی پرسیارو وەڵام بەکارهاتووە، کە دەڵێت:

پیاوێکی خزمی ئێمە فەقێ قادری گورگەدەر

عومری بە ڕاوو سوحبەت و خۆشی دەبردە سەر

پێنج باری ئێمە باسووق و سجووق بار ئەکا لە وێ

خۆ دیارە (باجگر) لەو سەرەڕێیە پارەیان ئەوێ

ئەو وەختە ئیحتیساب بووگەلێ پارەیان ئەسەند

باجگر لە دەوری شار هەموو ڕێیان ئەکردە بەند

پیاوێکی تر دیسان وەکوو ئەو باری پێ دەبێ

تەگبیری بۆ دەکا دەڵێ دەربازی کەین بە شەو

دەیزانی (هەمزە) باجگری پیر، چاوی وا لە خەو

ئەمیان ئەڵێ: دزینە و ڕەسمی دووقات ئەبێ

بەم ئاین و ئۆین و شاردنەوە ، چۆنمان نەجات ئەبێ؟

لام وایە هەر لە ڕاستییەوە ڕێی خۆم بگرمە بەر

ڕسگار ئەبم بە ڕاستی ، هەموو ئیش ئەچێتە سەر

تا دەگاتە:

س: بارت چیە؟ بوەستە کەرت ڕاگرە لە وێ

ج: باسووق و سجووق و مێوژو دۆشاوە، چیت دەوێ؟

س: ڕووت ڕەش بێ، بۆچی گاڵتە بە ڕیشی سپیم ئەکەی؟

من بێم هیچ نەبێ برۆ دەردی سەریم ئەدەی

ج: خەرەفاوی پیرە ! گاڵتە بە ڕۆژ ناکرێ وەرە

هەرچی کە پێم وتی : هەیە بارمتەکەت بەرە

س: ((دفع البلا)) بە ، تێ پەڕە ئاڵتوون بێ بارەکەت

من نامەوێ سەر و سەمەنە و سەکوت و چارەکەت

لێم لادە گورگی ((گورگەدەر))ی گەر ، کە ڕاپەڕم

سەد گورگی وەك تۆ هەڵ دەدڕم ، ئێستەکەیش کوڕم!

هەرچەند وتی : کە ڕاست ئەکەم ، ئەو تووڕەبوو نەهات

ڕاست و ڕەوان لە باجگر و جەردە نەجاتی هات

سەیرکە ڕاست و چەوتی نەتیجەی بەچی ئەگا؟

وا چاکە پیاو هەموو دەمێ ڕاست بێ ، درۆ نەکا (پیرەمێرد، ١٩٩٠، ٤٠٣-٤٠٤)

هەروەها (شێخ سەلام)ی شاعیر لە دەق (گفتوگۆی ملەکەوە)دا، هەروەك لە ناونیشانی دەقەکەوە ئاماژە بە دیالۆگی شاعیر لەگەڵ شاخی ملەکەوەی ناوچەی پێنجوێنە، وەك سروشتی کوردستان لەگەڵ دیمەنەکەیدا، کۆمەڵێك تایبەتمەندی و ڕووداوی مێژووی و کۆمەڵایەتی و دۆزی نەتەوەیی تیادا ڕەنگرێژکراوە، هەموو ئەمانە بەهۆی پرسیارکردن (بۆچی، کوا، کوانێ) و وەڵامدانەوەی کەسی بەرامبەر، پاشان ئاڵوگۆڕکردنی قسەکەر و گوێگر، لە ڕێگەی گێڕانەوەوە ئەنجامدراوە، بە دانانی سێ ئەستێرە لە نێوانی دەقەکاندا جیاکراوەتەوە، دەڵێت:

هەی ملەکەوە بۆچی داماوی ؟

بۆچی وا کەوە و شین هەڵگەڕاوی؟

بۆ ڕەنگی خاکی لە ڕووت براوە؟

بۆچی سەوزە گیات لێ نەڕواوە؟ ..........

***

زۆر بە کەساسی شاخی کۆنە ساڵ

جوابی دامەوە بە زمانی حاڵ

شاخێکی بەرزو سەوزو سەخت بووم

پڕ گوڵ و نەسرین پڕ لە درەخت بووم ........ (سەلام، ١٩٩١، ٧٢)

پاشان کەسی بەرامبەر (ملەکەوە) دەبێتە قسەکەر و دەڵێت:

کوانێ نەعرەتەی شێری ژیانم؟

کوا زیرەی پڵنگی بەری بەیانم؟

کوا چریکەی باز لەسەر کڵاوان؟

کوانێ قاسپەی کەو لە گۆی شەتاوان؟

پێت بڵێم بۆچی شین هەڵگەڕاوم


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

بۆ بووم بە قەقنەس بۆچی سوتاوم (سەلام، ١٩٩١، ٧٣-٧٤)

هەروەها بۆ نموونە (قانع)ی شاعیر لە دوو دەق شیعریدا، کە بۆ کۆچی دوایی (موفتی پێنجوێنی) وتووە، بە ناونیشانی (قانع و گۆڕی موفتی) لە دیوانی (موفتی پێنجوێنی) نووسراوە، شاعیر هەر خۆی پرسیار دەکات و وەڵامدەداتەوە، واتا بە شێوازی دیالۆگی نێوان دووکەسی ئامادە و ڕاستەوخۆ سەرەتا بە شێوەی وەسف و پیاهەڵدان و دواتر شیکاری ژیانی کۆمەڵگە و نەتەوەکەی و حاڵی خۆی لەدوای بە جێهێشتنی برادەرو هاوڕێی (موفتی)، کە وەك کەسی بەرامبەر و وەڵامدەرەوە، دەڵێت:

ئەی برای شیرین یاری هاوفەردم

کڵێشەی وێنەی ڕەنگەکەی زەردم

هاوڕێی مناڵیی قوتابخانەکەم

هاوڕێ چۆڵ گەردی بیابانەکەم

تا دەگاتە:

بۆ بەجێت هێشتم ڕووناکی دڵم؟

دیلی گیراوی زیندانی گڵم؟

- وەڵامی موفتی لە گۆڕەوە...

بە دەنگی نەرم کە هاتە زمان

وتی ئەی هاو فەرد وێڵی بیابان

ئاخر چۆن نەمرم بەم ئاخ و دەردە

بەم لێوە وشکە و بەم ڕەنگە زەردە

تا دەگاتە:

بەخوات ئەسپێرم دەروون پڕ لە زام

وا چاوەڕێتم زووکە بێ بۆ لام (توتنچی، ٢٥٢-٢٥٥)

هەروەها (مەدهۆش)ی شاعیر لە دەقێکدا بە ناونیشانی (قانع){لە هەردوو چاپی دیوانەکەیدا نووسراوە:قانیع}، تیایدا سەرەتا بەشێوەی وەسف باس لە بلیمەتی و دانای و ڕەنگینی شیعرەکانی قانع دەکات، دواتر بە هۆی دیالۆگکردن و پێدانی زانیاری لەلایەن کەسانی بەرامبەر، دیالۆگێکی ڕاستەوخۆ ئەنجام دەدات، کە پاش بڵاوکردنەوەی دەقە شیعرییەکە (قانع)ی شاعیر بە دەقێکی شیعری وەڵامی (مەدهۆش)ی شاعیر دەداتەوە، ئەمەش وەك جۆرێك لە دیالۆگی شیعریی نێوان دوو دەق دادەنرێت، واتا وەك دەقێکی پرسیار ئامێز و دەقێکی وەڵامدەرەوە پێکدەهێنێت، هەرچەندە بەئەو شێوەیە لە شیعری کلاسیکدا، وەك جۆرێك لە دیالۆگی شیعریی نێوان دوو شاعیر، کە لە ئەنجامی ئاڵوگۆڕی نامەی شیعریی لە نێوان شاعیراندا دروست دەبێت، بەڵام ئەمەش لێرەدا وەك جۆرێك لە دیالۆگی شیعریی نێوان دوو دەق دادەنرێت، کە تیایدا هەندێکجار شاعیر خودی خۆی هەردوو دەقەکە دادەڕێژێت بە نموونەی دەقی شیعری کلاسیك لای(حەمدی) دەقی (تەرجیع بەندی نیشتمانی)، (وەڵامی نیشتمان)، (وەڵام بۆ مەلا عەبدول خالیقی ئەثیری).(حەمدی، ١٥٥،١٩٨٤، ١٢٢، ١٢١)،هەندێجاریش دوو شاعیر بێئەوەی ئاگاداری یەك بن دەقە شیعرییەکانیان دەچنە قاڵبی دیالۆگکردنەوە، وەك ئەم نموونەیە کاتێك (مەدهۆش)ی شاعیر دەڵێت:

بیستبووم قانع هەیە شاعیرە

هونەرمەندێکی دانا و ماهیرە

هەر کەشکۆڵێکم ئەکەوتە بەرچاو

یا گۆڤارێکم ئەدی ناوبەناو

به شیعری قانع ڕەنگین کرابوو

له لای هەموو کەس پەسەندی تیابوو

گەلێ شیعریشم لای خۆم نووسیبوو

زۆرم لا جوان بوو، خۆیشیم نەدیبوو

ڕۆژێکیان پرسیم ئەم شەمامەیە

بۆنی وا خۆشە ، ڕەنگی کامەیە

تا دەگاتە :

تێر تێر پێکەنیم بەم سینەمایە

وتم: چۆن شاعیر ئاوا ئاوایە؟!

ئەم هۆنراوەیە هی ئەم پیاوەیە

ڕاستە کە خەزنەش لە کەلاوەیە

هاوڕێیەکی خۆم لێم هاتە پێشێ

وەختەبوو گوێچکەم لەبن دەرکێشێ

وتی: هەی نەفام دەمی خۆت بگرە

ڕەخنە لە سیمای زانایان مەگرە

شاعیر کەی لەمە چاکتر ژیاوە

نابینی پاکی بە خەم فەوتاوە (مەدهۆش، ١٩-٢٠) (ب، http://www.ewinebook.blogfa.com ٢٣)

لە پاش بڵاوکردنەوەی ئەم دەقە شیعرییە، (قانع)ی شاعیر بە دوو دەق وەڵامی دەداتەوە، دیالۆگێکی شیعریی لەگەڵ هاوڕێ و برادەردا دەکات، بە هونەری درکە و خوازە ووەسف و ڕوونکردنەوەی کۆمەڵێك زانیاری بۆکەسی بەرامبەر،کە یەکێکیان لە هەمان ژمارەی ڕۆژنامەی (ژین)**، ئەویتریان لە گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە)***، کە لە دەقی دووەمیدا دەڵێت:

برای خۆشەویست! یاری نادیدەم!

شاعیری بەرزی زۆر پەسەندیدەم!

لە برادەران منت پرسیبوو

لەناو گۆڤارا شیعرت نووسیبوو

منت نەدیبوو کە ئایا چۆنم

پێت نەزانیبوو کە کەوڵەکۆنم

تا دەگاتە:

بۆچی براگیان هەر فاسۆن پیاوە

قۆندەرەی تازە خاوەنی ناوە (مەدهۆش، ٢١)

٤-دیالۆگی ڕاستەوخۆی سیمبولی:

لەم چەشنەی دیالۆگی ڕاستەوخۆدا دیالۆگ بەهۆی بەکارهێنانی کۆمەڵێك سیمبول (هێما)و ڕەمزەوە دەردەبڕێت و دەردەخرێت، ، واتا وەك خەسڵەت و تایبەتمەندی جیهانە شیعرییەکە لە دەربڕینی واقیعدا بە خەون و خەیاڵ، ((کە پەنا بۆ درکە (کۆدکردن)و ئیشارەت پێدان


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

دوور لە ڕاپۆرتدان و ئاشكراكردنی ڕاستەوخۆ و پێشنیاری زیادە دەبات)) (سلیمان، ٢٠١٣، ٧)، لە ڕێگەی خودی زمانەوە، ئەگەر شیعر (( لە زمانی ئاماژەو سەمبول و توخمی برووسكە ئاسا پێكهاتبێت)) (مەلا، ٢٠١٢، ١٦) ، بە جۆرێك لە پێناو دەرخستنی ڕووداو و كەسەكاندا بە شێوەیەكی ناڕاستەوخۆ ئاماژەیان بۆ دەكرێت، كە هەر هێماو ڕەمزێك هەڵگری كۆمەڵێك زانینی دیاریكراوە، تیایدا وەرگر یا خوێنەر لە دوو توێی دەقەكە و دەورووبەری دەقەكە، واتای سیمبول و ڕەمزەكانی بۆ ئاشكرا دەبێت و لێیان تێدەگات، كە هەندێك جار شاعیر یا نووسەر بە ساناى بەكاریاندەهێنێت، هەندێك جاریش ئاستی تێگەیشتنی خوێنەری ئاسایی تێدەپەڕێنێت و بیركردنەوەی قووڵ و زانیاری پێویستی سەبارەت بە هێماو ڕەمزەكان دەوێت، دیارە ئەمەش بەپێی قۆناغەكانی نوێكردنەوە و سەردەمی نووسینی شیعرەكانیش لەلایەن شاعیران و نووسەرانەوە بەكارهێنانەكانیان دەگۆڕێت و تەنانەت پەیڕەوە شیعرییەكەش دیاریدەكرێت. بۆیە ئێمە دەتوانین لە ڕێگەی نموونە شیعرییەكانەوە ئەو ڕاستییانەمان بۆ دەربكەوێت، بۆ نموونە سیمبولەكانی (بەرد، شاخ، شێر، پشیلە، جوتیار، كرێكار،....هتد)، لە دەقی شیعری چەند شاعیرێكی وەك (قانع، گۆران، دیلان، كامەران، ...) كراونەتە كەرەستە وسیمبول بۆ مەبەستی سەرەكی دیالۆگكردن و گەیاندنی بیروڕا و پیشاندانی واقیع لەهەموو لایەنەكانی ژیانەوە، هەروەها بە كۆدكردنی دەقە شیعرییەكاندا، هەروەك(هەژار)ی شاعیر لە دەقی شیعری (گزی هێزە)دا سیمبولانە دەقەكە بەرهەمدەهێنێت، دەڵێت:

شێر پشیلەی دی واقی وڕمابوو

لە بیچم و تەرزا وەكو خۆی وابوو

پرسی وەك منی بەڵام زۆر وردی

لێم ڕوونە زل بووی كێ وای لێ كردی

وتی: بنیادەم بە كزی و گەڕە

جانەوەرێكی دووپێی بەدفەڕە

وتەی زۆر خۆشی ختەو سندانە

بەشم ڕۆژو شەو بەدار لێدانە

گوتی مەترسە بە گۆڕی بابم

تۆڵەت نەسێنم ئاسوودە نابم (هەژار، ٢٠٠١، ٤١٨)

هەروەها (دیلان)ی شاعیر لە دەقی شیعریی (لاوك)دا (ئاشنا، ٢٠٠١، ٥٥-٥٨) دیالۆگێكی شیعریی ڕاستەوخۆی لە نێوان دوو كاراكتەری (كیژ و شوان)دا ئەنجامداوە، وەك دیمەنی شانۆییەك و گێڕانەوەی ڕووداوی نێوان دوو دڵدار پیشاندەدات، كە سەرەتا بە شێوەی دیالۆگی ڕاستەوخۆی ڕووت بە ناوهێنانیان و بانگكردن و داواكاری كیژ بۆ شوان و وەڵامدانەوەی دەست پێدەكات، پاشان لە ڕێگەی وەسف و پیاهەڵدان و باسكردنی ژیانی پڕ ڕەنج و تێكۆشانی چینی زەحمەتكێش و ماندووی ڕۆژگار و كۆڵنەدەر، تا لەكۆتایی دەقەكەدا شاعیر لە ڕێگەی بەكارهێنانی ((ڕەنگ وەكو سەمبول )) (مەلا، ٢٠١٢، ١٣)، كە ڕەنگی سوور لەبەرامبەر یەكێتی سۆڤێتی جاران، هەردوو كارەكتەر بەشێوەی داواكردن و بانگكردنەوە دروشمی ئازادی و كامەرانی، بە دەنگ هەڵبڕین و هەڵپەڕكێوە دەڵێنەوە، كە سەرەتا دەڵێت:

كیژ: هۆ كاكەی شوان، كاكەی ناو شاخ

چاوەڕێی سۆزە، گوڵی باخ

ڕاوەستاوی سیحری فووتن

ئاوارەو سەرسامی خووتن

..............................

شوان: هۆ كیژی شەنگ، هۆ كیژی شەنگ

مەیفرێنە خەیاڵی مەنگ

مەستی بۆنی ناو شاخانم

گێژی بریقەی داخانم

............................

تا لە کۆتایدا هەردووکیان دەست ئەکەنە ملی یەکتری و بە هەڵپەڕکێوە ئەڵێن:

هۆ ئاسۆی سوور، هۆ ئاسۆی سوور

خۆت دەرخە لە دەمکەلی دوور

لەگەڵ ئاسۆی ئەرخەوانی

دیاری تۆبێ کامەرانی (دیلان، ٢٠١٣، ١٠٣-١٠٧)

لە دەق (مژدەی مەلێك)دا، دیلانی شاعیر لە ڕێگەی دیالۆگی نێوان منداڵ و کۆترێکەوە، کە سیمبولی (ئاشتی)یە، ئەمەش وەك ((ڕەمزی وێنەیی... کە فۆرم و واتا لەیکدەچن، بنەمای ئەم لێکچواندنە یان واقعییە یان پەیپێبراوە، یان ئێمە وا بیری لێدەکەینەوە کە لەیەکدەچن)) (مەحویی، ٢٠٠٩، ٣٩-٤٠) ، واتا کۆتر وەك مژدەهێنی ئاشتی و نەمانی شەڕو بەدەستهێنانی مافی ئازادی و سەربەخۆیە بۆ هەموو میللەتان، تەنانەت منداڵی نەتەوەی کوردیش دژ بە شەڕو جەنگە و ئاشتیخوازە لە کۆتر داوا دەکات وەك میللەتانی تر، بێت و مژدە و دیاری ئاشتی بۆ بێنێت، دەڵێت:

منداڵ: وەرە من شەرم ناوێ

بملاوێنە تاو تاوێ

من بە ئاشتی و ژینی شەنگ

دوور لە بۆمبا و گڕی جەنگ

وەك گوڵ ئەگەشێمەوە

وەك بوك ئەڕازێمەوە

کۆتر: کۆرپەی شیرین گروگاڵ

ئەوا لەگەڵ بای شەماڵ

بۆم هێنای مژدە و دیاری

دەسکە بە خنە و یاری

ئەوا هەموو میللەتان

کەوتوونە ڕێی تێکۆشان (دیلان، ٢٠١٣، ٧٦-٧٧)

## ئەنجام:

١- ئەدەبیاتی نوێی کوردی بە تایبەتی شیعری نوێی کوردی، بە کۆمەڵێك هۆکاری ناوخۆ و دەرەوە کاریگەربووە، کە نوێکردنەوەی کارە ئەدەبی و دەقە شیعرییەکان لە لایەنی ناوەڕۆك و تەکنیکەوەیە، لەم ڕووە دیالۆگ، ڕۆڵی گرنگ و کاریگەری بینیوە، بەوەی شاعیران لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا بەکاریانهێناوە و بەرهەمی ئەدەبی نوێی وەك (چیرۆکە شیعر، پەخشانە شیعر، ڕۆمانە شیعر، درامای شیعری...)یان دارشتووە.

٢- جۆرەکانی دیالۆگ بەپێی تایبەتمەندییەکانی، دیالۆگی ڕاستەوخۆی وەسفی - شیکاریی بۆ دوو جۆری سەربەخۆ جیاکراونەتەوە، بەمەش چوار چەشنی (دیالۆگی ڕاستەوخۆی ڕووت، دیالۆگی ڕاستەوخۆی وەسفی، دیالۆگی ڕاستەوخۆی شیکاریی، دیالۆگی ڕاستەوخۆی سیمبولی)لە شیعری نوێدا بەکارهاتووە، جگەلە دیالۆگی شیعری لە ناو دەقێکدا، دیالۆگی شیعری دوو دەقی شاعیرێك یان دوو دەقی دوو شاعیر، بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی پرسیارو وەڵام دیاریکراوە .

٣- شاعیرانی شیعری نوێ بە شێوەیەکی بەرچاو دیالۆگی ڕاستەوخۆیان بۆ گۆڕینەوەی بیرورا و وەسف و گەیاندنی مەبەست و ڕووداوە کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی و نیشتمانی و سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان بووە، بێجگەلە لایەنی خۆشەویستی و دەربڕینی ناخی خۆیان.

٤-لە ڕووی تەکنیکی بەکارهێنانەوە، شاعیران شێوەی بەکارهێنانی ناوی کەس و پیت و دەستەواژەی (وتم، وتی، پرسی، وەڵامدمایەوە، وتیان، پرسیان، ...)و بانگکردن و دانانی نیشانەی (-)هێڵ بۆ ئاخاوتنی کەسەکان، تەنانەت شێوەی دەربڕینی قسە لە ڕێگەی دانانی نیشانەی خاڵبەندی پرس و سەرسوڕمان و ئەستێرە پەیڕەویکراوە.

٥- شاعیران دیالۆگیان لە بەرامبەر کەسی ئامادە و نائامادە ئەنجام داوە، کەسەکانیش وەك خودی خۆی و خۆشەویست و هاوڕێ و برادەر و لەگەڵ سروشتدا دواون، تەنانەت بەرامبەر بە کۆمەڵیش.

٦- بەکارهێنانی زمان بەپێی بەرهەمە شیعرییەکە و ڕۆژگار و سەردەم و ئاستی کەسەکان، لەڕووی(کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسی و..، چۆنێتی دەربڕینی شیعر، شێوازی سادە و ئالۆزی تیادایە، لە ڕێگەی بەکارهێنانی هونەری درکە و هێما و ڕەمزەوە.

ڕوونکردنەوە:

(*)((چەمکی نوێکردنەوە- هەرچەندە کە چەمکێکی زاراوەییە زیاتر لەوەی کە شیعری بێت- لەگەڵ ڕەوتی پەرەسەندنی مێژووی شیعردا لە برەوێکی هەمیشەیی دایە، واتا پێویستی بەوە هەیە، کە هەنگاوی دوای ئەوە لە هی پێشووتر باشتر بێت، بەو مانایەی کە حەتمییەتی مێژووی گۆڕان دەبێت هەردەم بە ئاراستەی پۆزەتیڤی بڕوات.)) (کریم، ٢٠٠٦، ١٤)

(**)((ڕۆژنامەی (ژین)، درێژەپێدەر و تەواوکەری ڕۆژنامەی ژیان بووە، یەکەم ژمارەی دەکاتە ژمارە (٥٥٤) لە ساڵی ١٩٣٩ تا ٧/شوباتی ١٩٦٣، بە بەردەوامی لە سلێمانی دەرچووە ...))، (حوسێن، ٢٠١٠، ٢٠٣)

(***)کۆواری دەنگی گێتی تازە، هەفتانەیەکی ڕێك و پێکی ئەدەبی و خوێندەواری و زمانی و ئیجتماعی و پەیامی و هەفتەیی کوردی (کرمانجی باشوور)ە، خاوەنی ئیمتیاز: محامی فایەق تۆفیق، مودیر مسئوول: محەمەد بابان، مودیری ئیدارەو رەئیسی تەحریر: حوزنی موکریانی، لە چاپخانەی معاریف لە بەغداد دەرچووە، لە ساڵی ١٩٤٤–١٩٤٦، تاساڵی چوارەمی بلأوکردنەوەی ، پاشان سەرلەنوێ بە پرۆژەی هاوبەش لە لایەن (دەزگای ئاراس و بنکەی ژین)ەوە ،لە ئا. سدیق ساڵح و ڕەفیق ساڵح و عەبدوڵا زەنگەنە، خوولی یەکەمی کۆوارەکەیان لە پێنج بەرگدا کۆکردۆتەوە و خوولی دووەم لە دوو بەرگدا لە هەولێر- کوردستان، لە چاپخانەی ئاراس بە چاپیان گەیاندووە و بڵاوکراوەتەوە.

## لیستی سەرچاوەکان:

### أ/کتێب:


١-ئاشنا، ئومێد(٢٠٠١)، بارانی سلێمانی (بەرهەمی بڵاونەکراوە و لە یادکراوی محەمەد ساڵح دیلان)، چاپی یەکەم ، بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە(١٠٣)، چاپخانە وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٢- ئاوارە(١٩٦٧)، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی نوێی کورد، چاپخانە ژین، سلێمانی.

٣- ئەمین ، عەبدولقادر محەمەد (٢٠٠٢)،وێنەی شیعری لە ڕێبازی رۆمانسیی کوردیدا، سلێمانی .

٤- تاقانە، ئەحمەد (٢٠٠١)، تۆفیق فیکرەت و شاعیرە نوێخوازەکانی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، بڵاوکردنەوەی دەزگای ئاراس، هەولێر.

٥-پیربال، فەرهاد (٢٠٠٥) ، ڕەگوریشەکانی تازەبوونەوەی شیعری کوردی، چاپ و بڵاوکردنەوەی: دەزگای کوردستان، هەولێر.

٦-حوسێن، هەڤاڵ ئەبوبەکر (٢٠١٠)، پێگەی ڕێبازی رۆمانتیکیی لە شیعری کوردیدا، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.

٧-خۆشناو، ئەبوبکر (٢٠٠٢) ، شیعری بەرەنگاری کوردی ١٩٧٥-١٩٩١ ، سلێمانی.

٨-خەزنەدار، مارف (٢٠٠١)، مێژووی ئەدەبی کوردی (لە سەرەتاوە تا سەدەی چواردەم)، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی دەزگای ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٩-ڕەسوڵ، عیزە دین مستەفا (١٩٨٩) ، ئەدەبیاتی نوێی کوردی، مطبعة التعلیم العالی، اربیل.

١٠-ساڵح أ،ساڵح ب،زەنگەنە، ئا. سدیق و ڕەفیق و عەبدوڵا (٢٠١٠)، کۆواری دەنگی گێتی تازە، پرۆژەی هاوبەشی دەزگای ئاراس و بنکەی ژین ، خوولی دووەم، بەرگی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر- کوردستان.

١١-سەعید، محەمەد ئەحمەد (٢٠٠٨)، کەرکوك و بزاڤی شیعری کوردی-لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن-، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، کوردستان- سلێمانی.

١٢-علی، طاهر محمد (٢٠١٣)، قانع ژیان و بەرهەمی (لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییە)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

١٣-عەبدولکەریم، حەمید عەبدولکەریم (٢٠٠٠)، ئەحمەد موختار بەگی جاف –شاعیر و مرۆڤ-، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی دەزگای سەردەم، سلێمانی.

١٤-کاکی، حەمەنووری عومەر (٢٠١٢)، شێوازی شیعری نوێی کوردی کرمانجی ناوەڕاست (١٩٢٠-١٩٧٠)، چاپخانەی روون، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.

١٥-کاکەی فەللاح، حەمە حەمە ئەمین قادر (١٩٧٨)، کاروانی شیعری نوێی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

١٦-کریم، ئازاد عەبدلواحێد (٢٠٠٦)، نوێکردنەوە لە شیعری کوردیدا (دوای جەنگی جیهانی یەکەم تا ساڵی ١٩٧٠)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئارابخا، کەرکووک.

١٧-محمد، مەسعوود (٢٠١٠)، حاجی قادری کۆیی، بەشی سێیەم ، چ. دووەم، چا. ئاراس، هەولێر.

١٨-مەحوی، محەمەدی (٢٠٠٩)، زانستی هێما- هێما، واتاو واتالێکدانەوە، بەرگی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانیی.

١٩-رسول، عزالدین مصطفی (١٩٦٦)، الواقعیه في الأدب الكردي، صیدا- بیروت.

٢٠-الصائغ، یوسف (٢٠٠٦)، الشعر الحر في العراق –منذ نشأته حتی عام ١٩٥٨-، مطبعة اتحاد الكتاب العرب، دمشق.



(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

**ب-گۆڤارو رۆژنامە:**

١- بیمار، عەبدولرەزاق (١٩٧٠)، دانشتنێك لەگەڵ گۆراندا، گ. بەیان، ژمارە(٢ ).

٢-حسین، محمود، علی طاهر و شنۆ محمد (٢٠١٢)، زاراوەی ئاسۆی چاوەڕوانیی و خوێندنەوەی دەق شیعریی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B)، ژمارە ٣٣.

٣-خەزنەدار، مارف (٢٠٠٦)، خاڵبەندی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(١١٥).

٤-سدیق، ئارام (٢٠١٠)، ڕەگەزی «ناونیشان» لە چیرۆکی نوێی کوردیدا، گۆڤاری ڕامان، خولی سێیەم، ساڵی پازدە، ژمارە(١٥٧).

٥-سەعید،حمە، ناز ئەحمەد، ئەڤین ئاسۆس(٢٠١٨)، دیالۆگ و فرەدەنگی لە شیعرە فارسییەکانی مەحوی دا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی پێنجەم ، ژمارە(١٥).

٦-محمد، دڵشاد علی(٢٠٠١)، دیاردەی کاریگەری مەولەوی لەسەر شاعیرانی کرمانجی خواروو (پیرەمێرد،گۆران،دیلان)، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی B، ژمارە( ٥).

٧-مەلا، ئەحمەدی (٢٠١٢)، ئاژەڵاندنی ئینسان و عەقڵی ئاینی لە شیعری شێرکۆ بێکەس-دا، گۆڤاری هەنار، ژمارە(٧٥)، ساڵی حەوتەم.

٨- سلیمان، م.م. بسام خلف (٢٠١٣)، الحوار في رواية الإعصار و المئذنة لعماد الدين خليل –دراسة تحليلية-، مجلة كلية العلوم الإسلامية، العدد الثالث عشر، مجلد السابع.

**پ-نامەی ئەکادیمی:**

١- نوری ئەمین، محەمەد ئەمین محەمەد (٢٠٠٤) ، شەقڵی نوێخوازی لە شیعری کوردی و فارسی سەدەی بیستەمدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٢-حمەأمین، سارا صدق (٢٠١٠)، جەماڵ شارباژێری و ڕۆڵی لە نوێگەریی شیعری کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

**ت-پێگەی ئەلیکترۆنی:**

١-ئیلیخانیزادە، سوارەی (١٩٣٧-١٩٧٦)، تاپۆ و بوومەلێڵ (شێرکۆ بێکەس و گروگاڵ دوای گۆران

www.vejinbooks.com/view/تاپۆ_و_بوومەلێڵ/شێرکۆ_بێکەس_و_گرۆگاڵ_دوای_گۆران»

٢-مەدهۆش،حەمە عەلی (٢٠٠٦)، یانەی دڵان، چاپی سێیەم، -. http://www.ewinebook.blogfa.com

**ج-دیوانەکان:**

١- بێکەس، فایق (٢٠٠٨)، دیوانی بێکەس ، ڕێکخستن و ئامادەکردنی ئومێد ئاشنا، چاپی یەکەم، سنە-ناسیح رەحمانی.

٢- پیرەمێرد (١٩٩٠)، دیوانی پیرەمێرد، سەرجەمی شیعرەکانی پیرەمێرد،کۆکردنەوەو ساغکردنەوە: (فائق هوشیار، محمود احمد محمد، مصطفی صالح کریم، محمد نوری توفیق، احمد زرنگ مصطفی)، بەرگی یەکەم، مطبعة الزمان، بغداد.

٣- توتنچی، مەلا عەبدوڵلای(-)، دیوانی موفتی پێنجوێنی، کۆکردنەوەو ئامادەکردنی ئومێد ئاشنا و عبدالکریم مفتی، ئەمینداریی گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان .

٤- دڵزار (٢٠٠٦)، دیوانی دڵزار-شیعر، چاپی دووەم، بەڕێوبەرایەتیی چاپخانەی ڕۆشنبیر، هەولێر.

٥- دیلان، محەمەد ساڵح (٢٠١٣)، دیوانی شیعر، ئامادەکردن و لێکدانەوە و پەراوێزنووسین و پێشەکی: دکتۆر عەبدوڵلا ئاگرین، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر.

٦-ساحێبقران، ئەحمەد بەگی (١٩٨٤)، دیوانی حەمدی ، لێکۆلینەوەی جەمال محەمەد محەمەد ئەمین، لەسەر ئەرکی کامل محمد عەزیز قەفتان چاپکراوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەرکەوتن، سلێمانی.

٧- سەلام(١٩٩١)، دیوانی سەلام، ئامادەکردن و پێداچوونەوە و پێشەکی بۆ نووسینی:ئومێد کاکە ڕەش، چاپی دووەم، چاپخانەی الحوادث، بەغدا.

٨- گۆران، عەبدوڵلا (١٣٨٦) ، دیوانی گۆران، بڵاوکراوەی پانیز، چاپی سێیەم، چاپخانەی دالاهۆ، کتابخانەی ملی ایران، تهران.

٩- مەدهۆش(-)، دیوانی مەدهۆش.

١٠- قانع(٢٠٠١)، دیوانی قانع ١٨٩٨-١٩٦٥(شاعیری چەوساوەکانی کوردستان)، کۆکردنەوەی بورهان قانع، چاپی چوارەم، سلێمانی.

١١- هەژار(٢٠٠١)، دیوانی هەژار(بۆ کوردستان)، بڵاوکراوەی ئاراس–ژمارە(٤)، چاپی چوارەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

# شیعرییەتی ڕەوانبێژی لە هۆنراوەکانی ( مەلا عەبدوڵڵای ئەحمەدییان )دا

**محەمەد عوسمان محەمەد[١]، ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا [٢]**
[١،٢] بەشی زمانی کوردی ، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین ، شاری هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: muhammadothman83@gmail.com

**ملخص :**

الشاعر ملا عبدالله أحمديان أحد العلماء المبدعين فى النصف الثانى من القرن العشرين, تخرج من مدارس الدينية. وأحد الشعراء المشهورين أمثال ( الجزيرى , مولوى , محوى ) من الكلاسيكيين, إلا أن شعره يتميز عن شعر باقى الشعراء المذكورين من الناحية الشكلية والموسيقية و اللغة و الأسلوب. ما ينعكس واقعه الحديث. لاشک أن الشعر يجد شعريته من خلال الفنون البلاغية, وهذا ما نجده فى شعر شاعرنا بوضوح. فهذا البحث يخص شعريته البلاغة فى قصائد ملا عبدالله أحمديان.

الكلمات المفتاحية: تتضمن الفنون البلاغية ( المعانى والبيان و البديع )

وقد توصل البحث إلى نتائج عدة منها :

١.تتجسد الشعرية فى قصائد الملا عبدالله أحمديان بشكل فى خلال أستخدام الفنون البلاغية كما اتضح.

٢.أطلق الشاعر عنان خياله فى ميدان الفنون البلاغية ( المعانى والبيان والبديع ).

٣.تتحلى قصائد الملا عبدالله أحمديان بمتعة وجمال باستخدام كل هذه الفنون البلاغية.

**کلیله وشەکان: شیعرییەت, هونەرەکانی ڕەوانبێژی ( واتاناسی , ڕوونبێژی , جوانکاری )**


| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| بەرگ | ٦ ژمارە ١ ساڵی(٢٠٢١) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢١/١/١٦ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢١/٢/١٨ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢١/٣/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | muhammadothman83@gmail.com |
| مافی چاپ و بڵاوکردنەوە | ©٢٠٢١ محەمەد عوسمان محەمەد، پ. ی. د. ئیدریس عەبدوڵا مستەفا، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

**Abstract:**

The poet Mulla Abdullah Ahmadian is one of the creative scholars in the second half of the twentieth century, graduated from religious schools. He is one of the famous poets who is similar to (Jaziri, Mawlawi, and Mahwi) from the classics, but his poetry is distinguished from the poetry of the other poets mentioned in terms of form, music, language and style. Reflected fact of the conversation. There is no doubt that poetry found its way through the rhetorical arts, and this is what we clearly find in the poetry of our poet. This research concerns his poetry and eloquence in the poems of Mulla Abdullah Ahmadian,

and the keywords include the rhetorical arts (meanings, statement, and badi)

and the research has reached several results.

1. Poetry is embodied in the poems of Mulla Abdullah Ahmadian through the use of rhetorical arts, as it turned out.

2. The poet unleashed his imagination in the field of rhetorical arts (meanings, statement, and aesthetic).

3.Using all these rhetorical arts, the poems of Mulla Abdullah Ahmadian are enjoyable and beautiful.

## پێشەکی :

چەمکی شیعریيەت بریتییە لەو ڕواڵەتە گرنگانەی دەبنە هۆی دروست بوونی دەقێکی بەهێز لەنێو ئەدەبدا. لە سەردەمی یۆنانی کۆن و لە ئیستاشدا لە لایەن نووسەرانی جیهانی و ئەوروپی و نووسەرانی کورد و عەرەبەوە گرنگی زۆری پێدەدرێت. هونەرەکانی ڕەوانبێژیش یەکێکن لەو هونەرانەی لە نێو شیعردا شیعرییەت بەرهەم دێنن. ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی ( شیعرییەتی ڕەوانبێژی لە هۆنراوەکانی مەلا عەبدوڵلای ئەحمەدییان )ە. هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ ئەوەیە بتوانین لە ڕووی ڕەوانبێژییەوە شیعرییەتی هەندێ لە شیعرەکانی مەلا عەبدوڵلای ئەحمەدییان بخەینە بەردەست. گرنگی ئەم بابەتە لەوەدایە, کە ڕەوانبێژی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە دروست بوونی شیعرییەت و جوانکردنی دەقی شیعری.

ڕێبازی ئەم توێژینەوەیە ڕێبازێکی شیکاری بەلاغییە, خزمەت بە ڕەخنەی ئەدەبی دەکات. ئەم توێژینەوەیە لە پوختەو پێشەکی و دووبەشی سەرەکی پێکهاتووە. بەشی یەکەم لە بارەی شیعرییەتەوەیە دابەشکراوە بۆ دوو تەوەر. لە تەوەری یەکەمدا باسی چەمک و پێناسەی شیعرییەت کراوە, لە تەوەری دووەمیشدا باسی شیعرییەتی ڕەوانبێژی کراوە. بەشی دووەمیش ڕەنگدانەوەی هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە هۆنراوەکانی مەلا عەبدوڵلای ئەحمەدیانە دابەش بووە بۆ سێ تەوەر. تەوەری یەکەم تایبەتە بە واتاناسی. تەوەری دووەم تایبەتە بە ڕوونبێژی لە تەوەری سێیەمیشدا باسی جوانکاری کراوە.

لە کۆتاییدا ئەنجامی توێژینەوەکە وەک هەر توێژینەوەیەکی زانستی بە سێ خاڵی گرنگ ڕوون کراوەتەوە و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکەش بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتە ڕوو.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## بەشی یەکەم : لەبارەی شیعرییەتەوە. ( شیعرییەتی دەقی شیعری )

### تەوەری یەکەم : چەمک و پێناسەی شیعرییەت.

چەمکی شیعرییەت لە کۆن و نوێدا گەلێک پێناسەی جۆراو جۆری بۆ کراوەو ماناو مەبەستەکەی ڕوون کراوەتەوە, هەر یەکێک لەو نووسەرانە بیرو بۆچوونی خۆی سەبارەت بە وشەی شیعرییەت دەربڕیوە. وشەی شیعرییەت لە سەردەمی کۆندا لە لای یۆنانییەکان بۆ یەکەمین جار لەلایەن ئەرستۆوە بەکار هاتووە, لە کتێبەکەی خۆی بەناوی ( هونەری شیعر ) ئاماژەی پێ کردووە. ئەرەستۆ لە بابەتی شیکردنەوەی جۆرەکانی ئەدەب ( داستان و دراما )دا ویستوویەتی یاساکانی داهێنانی ئەدەب دەربخات, کە (( لەلایەکەوە لە ئاستێکی بە دوایەکدا هاتوو شیانی کردووەتەوە و لە لایەکی ترەوە بە جیاجیا لێی کۆڵیونەتەوە, لە بابەتی دراماداا تەنیا باسی تراژیدیای کردووەو ئەو بەشەی تایبەتە بە کۆمیدیا دیار نییەو یان هەر نەبووە.)) ( طودوروف, ١٩٩٠, ل١٢ ) واتە لێرەدا ئەرستۆ هەوڵی داوە لە بابەتە ئەدەبییەکان بکۆڵێتەوەو دەست نیشانیان بکات.

ئەرستۆ چەمکی شیعرییەتی لە داهێناندا چڕکردووەتەوە, باسی ئەوە دەکات کە زمانی شاعیران و نووسەران بۆ نووسینی دەقی ئەدەبی دەبێت خاوەنی کۆمەڵێک خەسڵەت و سیمای تایبەت بێت و جیاواز بێت لەگەڵ زمانی ئاسایی و ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵک, لە ئەنجامی ئەم جیاوازی زمانەدا شیعرییەت دروست دەبێت. هەروەها ئەرستۆ زۆر گرنگی بە ئاوازو مۆسیقا دەدات بۆ بەرهەم هێنانی شیعرییەت (( ئەرستۆ وای دەبینێت کە شیعرییەت لە دەقدا ئەوکاتە دێتە دی, کە بتوانێ کێش و ئاواز بەیەکەوە کۆ بکاتەوە, کە پەیوەستن بە مۆسیقاوە. )) ( سامی, ٢٠٠٥, ل٢٥ ) واتە کێش و ئاواز و مۆسیقا دەبنە هۆی بەرهەمهێنانی شیعرییەت لە دەقی ئەدەبیدا, کە ئەمە گرنگییەکی زۆری پێدراوە لە ئەدەبی کۆنی یۆنانی و بە یەکێک لە بنەما گرنگەکانی شیعرییەت دانراوە. بە هۆی ئاوازو مۆسیقاوە شیعرییەتی دەق بەهێزتر دەبێت و زمانی دەق لە زمانی ئاسایی خەڵک جیاواز دەبێت.

( حەسەن بەنا )ش لە بارەی شیعرییەتەوە دەڵێت: (( وشەی شیعرییەت لە کۆندا دراوەتە پاڵ ئەرستۆ, کە لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی هونەری شیعر باسکراوە, هەر لە ناونیشانی کتێبەکەیدا هەمان مانای شیعرییەت هەڵدەگرێ لە ئینگلیزیدا, بەڵام لە سەدەی بیستەم دوو ناوی گرنگ پێکەوە دەهێنرێن, ئەوانیش بریتین لە یاکۆبسن و تۆدۆرۆف. ئەو وشەیەش بنچینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانی بە واتای [دروستکردن]. )) ( عزالدین, ٢٠٠٣, ل٢٧ ) بەم شێوەیە بۆمان ڕوون دەبێتەوە, کە بۆ یەکەمین جار ئەرستۆ ئەم زاراوەیەی بەکار هێناوەو خستوویەتیە ناو ئەدەبەوە. پاش ئەوگەلێ نووسەری تر لە سەردەمی نوێدا بە شێوازی جیاواز بەکاریان هێناوە.

( ڕۆمان یاکۆبسن ) یەکێکە لە نووسەرە نوێیەکانی سەردەم, دەربارەی شیعرییەت بە شێوەیەک دەدوێت زیاتر بەلای زمانەوانییەوەی دەبات و بە بەشێکی گرنگی زمانەوانی دادەنێت و دەڵێت: (( شیعرییەت گرنگی بە بنیاتی زمانی دەدات, بە تەواوەتی وەک چۆن نیگارکێشی گرنگی بە بنیاتی وێنە دەدات, لەبەر ئەوە زمانناسی ئەو زانستە گشتگیرەیە, کە گرنگی بە بنیاتەکانی زمان دەدات. دەتوانین شیعرییەت بە بەشێکی دانەبڕاو لە زمانناسی دابنێین. )) ( ١٩٨١, ل٢٤ ) لەبەر ئەوە یاکۆبسن گرنگییەکی تەواو بە زمان دەدات و زمان بە بەشێکی سەرەکی و گرنگ دەزانێت بۆ داهێنانی شیعرییەت, چونکە بە بۆچوونی ئەو شیعرییەت پەیوەندییەکی پتەوی بە زمانناسییەوە هەیەو بە بەشێکی دانەبڕاوی دادەنێت و وای دادەنێت بە بێ زمان شیعرییەت دروست نابێت. هەروەها ( یاکۆبسن ) پێشتر (( بیردۆزی شیعرییەتەکەی لەسەر دوو تەوەر بەرجەستە کردووە ئەوانیش هەڵبژاردنە لە ئاستی ( ستوونی ) و دانانە لە ئاستی ( ئاسۆیی )دا. )) ( قادر, ٢٠١٤, ل٢٧ ) بەمانای ئەوەی هەندێ جار شیعرییەت و دروست بوونی لادان لەسەر یەکێک لەو دوو ئاستەدا بەرهەم دێت.

( حەسەن بەنا ) دەربارەی یاکۆبسن و پەیوەندی بەزمانەوانییەوە دەڵێت: (( وتاری یاکۆبسن, کە بە ناونیشانی ( زمانەوانی و شیعرییەت ) نووسیویەتی بۆ ئەوەی بۆچوونێکی تەواوەتی پێشکەش بکات سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ( شیعرییەت و زمانەوانی ), هەروەها وای دادەنێت کە شیعرییەت بەشێکە لە زمانەوانی و لێی جیانابێتەوە. )) ( عزالدین, ٢٠٠٣, ل٣٢ ), بەڵام (( چەمکی تۆدۆرف بۆ شیعرییەت جەخت دەکاتەوە لەسەر بنەمای تەواوەتی لە گوتاری ئەدەبیدا, هەر ڕوونکردنەوەیەک لە جەوهەرو ناوەڕۆکی ئەدەب زیاتر لە ڕوونکردنەوەی

مەغزای دەقە ئەدەبییەکان. ئەویش لەمەدا جیاوازە لەگەڵ یاکۆبسن. ))( عزالدین, ٢٠٠٣, ل٤٣ )

تۆدۆرۆف چەمکی شیعرییەتی لە مەبەستێکی تەسکەوە گۆڕی بۆ بوارێکی فراوانتر, کە هەموو ژانرە ئەدەبییەکان لەخۆ بگرێت, نەک بە تەنیا لە شیعردا قەتیس بمێنێت, تاکو بە تەواوەتی گشتگیر بێت. تۆدۆرۆف دەربارەی چەمکی شیعرییەت دەڵێت: (( پێمان وایە, کە ناوی شیعرییەت بەسەر چەمکی ئەدەبیەت دا دەبڕێت, ئەگەر بە گەڕانەوە بۆ واتای دارشتنی وەرمان گرت. واتە ناوێکە بۆ هەموو شتێک کە پەیوەندی هەبێت بە داهێنانی کتێب, یان دانانی. لە کاتێکدا زمان لە یەک ساتدا جەوهەرو هۆکارە, نەک بە گەڕانەوە بۆ ئەو تێگەیشتنە تەسکەی کە کۆمەڵێک بنەماو یاسای ئیستاتیکی پەیوەستدا بە شیعر دەگەیەنێ. )) (طودوروف, ١٩٩٠, ل٢٣ )

لەبەر ئەوە تۆدۆرۆف چەمکی شیعرییەتی گۆڕی بەوەی تەنیا لە شیعردا خۆی نەبینێتەوە, بەڵکو ژانرەکانی تری ئەدەبیش بگرێتەوە, چونکە ژانرەکانی تری ئەدەبیش, ئەگەر بێت و نووسەر بە زمانێکی ئەدەبییانەو بەکارهێنانی وشەو دەستەواژەی جوان و ڕەوانبێژییەکی پوخت بەکار بێت, ئەوا جۆرێک لە شیعرییەت دەقەکە دەبەخشێت. لەبەر ئەوە بە بڕوای تۆدۆرۆف شیعرییەت تەنیا تایبەت ناکرێت بە شیعر, ( یاکۆبسن ) کاتێک وشەی ئەدەبییەتی دانا لە جیاتی وشەی شیعرییەت بۆ ئەوەی لەو هەڵەیە دەرباز بن, کە هەندێ کەس تێی کەوتبوون و وایان دەزانی شیعرییەت تەنیا تایبەتە بە شیعر, بەڵام یاکۆبسن وشەی ئەدەبییەتی پێ گونجاو تر بوو بۆ ئەوەی بوارەکانی تری ئەدەب بگرێتەوە, لەمەشدا ئەو هەڵە تێگەیشتنەی نەهێشت, بەڵام تۆدۆرۆف جەختی دەکردەوە کە چەمکی شیعرییەت بۆ ژانرەکانی تری ئەدەبیش بەکاردێت. هەروەها تۆدۆرۆف دەڵێت: (( بابەتی زانستی ئەدەبی ئەدەب نییە, بەڵکو ئەوە ئەدەبییەتە. )) ( الرواشدة, ١٩٩٩, ل٨ )

( تاهیر ئاهەنگەری) بۆچوونێکی تۆدۆرۆفی لە گۆڤاری سروە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و بەم شێوەیە باسی شیعرییەت دەکات و بە ( بوتیقا ) ناوی دەبات و دەڵێت: (( سەرهەڵدانی بوتیقا جارێکی تر پرسیاری لێ براوی بەهای دەق هێنا ئاراوە. هەرکات بمانەوێ بە ئیلهام لە بابەتەکانی بوتیقا بنەمای دەقێک بە وردی وەسف بکەین, لەگەڵ هەمان بێ باوەڕی بەرەو ڕوو ئەبین کە نیسبەت بە ئیمکانی وەسفی جوانی بوونی هەیە. بۆ وێنە بنەمای دەستووری, یا سازمانی دەنگی ( آوایی ), شیعر وەسف ئەکەین. )) (١٣٨٠, ل١٢ )

( جان کۆهین ) یەکێکی ترە لە نووسەرە نوێیەکان و دەربارەی شیعرییەت بەم شێوەیە قسە دەکات و دەڵێت: (( شیعرییەت سنووری شێوازییە, کە گریمانە دەکات زمانێکی شیعری هەیە, ئینجا شیعرییەت لە تایبەتمەندییە پێکهێنەرەکانی ئەو زمانە دەکۆڵێتەوە. )) (٢٠٠٠, ل٣٠ ) لێرەدا جان کۆهین وەکو یاکۆبسن شیعرییەت دەبەستێتەوە بە زمان و پەیوەستی دەکات بە بابەتی شێواز. جان کوهین گرنگییەکی تەواو بە لادان دەدات و تیۆرییەکەی بە ناوی تیۆری لادان ناسراوە. ئەو تایبەتمەندییانەی زمان دەخاتە ڕوو, کە شیعرییەت بەرهەم دێنن. لە شوێنێکی تر دەڵێت: (( شیعرییەت زانستەو بابەتەکەشی شیعرە.)) ( ١٩٨٦, ل٩ ) جان کۆهین پێی وایە شیعرییەت زانستێکە وەکو زانستەکانی تر, بەڵام بابەتی زانستییەکەی جیاوازە لەگەڵ ئەوانی تر, بابەتی زانستی شیعرییەت بریتییە لە شیعر, واتە شیعر دەکرێتە پێوەر بۆ لێکۆڵینەوەی زانستییانەی دەقی ئەدەبی.

دوکتۆرە ( سافییە محەمەد ) لە توێژینەوەیەکی زانستیدا لەگەڵ کۆمەڵێک نووسەر لە زانکۆی کۆیە پێشکەشی کردووە دەڵێت: (( ئەگەر ئەرستۆ ئاماژەی بەوە کردبێت, کە زمانی نووسینی ئەدەب دەبێت جیاواز بێت لە زمانی ڕۆژانەو لەم سۆنگەیەوە تیۆری داهێنانەکەی خستبێتە ڕوو, ئەوا جان کۆهین شیعرییەتی لە چوار چێوەی زمانی شیعری چڕ کردۆتەوەو لە چەند بنەمایەکیشدا کورتی کردوونەتەوە. )) ( نووسەر, ٢٠١٨, ل٣٧٠ ) واتە جان کۆهین زیاتر گرنگی بە زمانی شیعر دەدات و لەم ڕوانگەیەوە شیعرییەتی بەستاوەتەوە بە زمانی شیعرەوە. هەروەها لە بارەی جان کۆهین و یاکۆبسن لەسەر چەمکی لادان بۆ شعرییەت دەڵێت: (( هەروەک چۆن لای ( جان کۆهین ) بنچینەی تێڕوانینی خۆی بۆ شیعرییەت لەسەر چەمکی لادان دامەزراندووە, هەروەها لای ( یاکۆبسن ) (١٨٩٦ _ ١٩٨٢ ) یش پێوەری لادان پەیوەست کراوە بە هەردوو تەوەری جێنشینی و هاونشینی, چونکە هەر جۆرێک لادان لەسەر یەکێک لەو تەوەرانە بە ئەنجام دەگەیەنرێت و یاکۆبسن ئەم تەوەرانەی کردۆتە بنەمای شیعرییەت لە شیعردا کورتی کردوونەتەوە. )) ( نووسەر, ٢٠١٠, ل٢٠ )

( کەمال ئەبودیب ) یەکێکە لە نووسەرە عەرەبەکان لە بارەی شیعرییەتەوە (( جەخت لەسەر ئەوە دەکات, کە شیعرییەت پابەندە بە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

شیکاری بونیادی زمانەوانی دەق. واتە لەسەر بابەتی دەنگسازی دەلالی, کە لە ئامادە باشی بواری فیزیایی بەرجەستەدا خۆی دەنوێنێت. کاردەکات لەسەر ئەو پەیوەندییەی پێکهاتەکانی دەق لەگەڵ ئاستی دەلالی و پێکهاتەی دەنگی و ڕیتمدا. )) ( ١٩٨٧, ل١٣ )

کەواتە شیعرییەت بریتییە لەو ڕواڵەتانەی, کە زمانی ئاسایی دەکەن بە دەقی ئەدەبی لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو شێواز و تەکنیک و فۆڕمانەی ئەدیب یان شاعیر لە نووسینەکانیدا بەکاری دەهێنێت, بەم پێیە شیعرییەت دەقی ئەدەبی دیراسە دەکات و دروستی دەکات. هەموو ئەو ئەدەبە بەرزەی هەیەو دروست بووە لە ڕێگەی ئەو هونەرو شێواز و تەکنیکانەی نووسەر بەکاریان دەهێنێت هاتوونەتە بەرهەم.

## تەوەری دووەم: شیعرییەتی ڕەوانبێژی

هونەرەکانی ڕەوانبێژی ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەریان لە بەرهەمهێنانی شیعرییەت هەیە. بەهۆیەوە دەقی ئەدەبی بە گشتی و شیعر بەتایبەتی جوان و ڕێک و ڕازاوە دەبن. ڕەوانبێژی لە زمانی کوردی و زمانەکانی تردا چەندین پێناسەی بۆکراوە, هەر نووسەرێک بەشێوەیەک سەرنج و تێبینی خۆی لە بارەیەوە خستووەتە ڕوو. بۆ یەکەم جار ئەرستۆ ئاماژەی بەچەند هونەرێکی ڕەوانبێژی کردووە, کە لە کتێبەکەی بەناوی هونەری شیعر بەدیاردەکەوێت. پاشان هۆراس و دوای ئەویش لەلای عەرەبەکان زیاتر گرنگی بە بابەتی ڕەوانبێژی دراوە.

( سید أحمد هاشمی ) لەبارەی پێناسەی ڕەوانبێژی لەڕووی زاراوەییەوە دەڵێت: (( ڕەوانبێژی وەسفی ئاخاوتن و ئاخێوەرە, وشەیە بە ڕەوانبێژی وەسف ناکرێ, چونکە ناتوانێت ئاخێوەر بگەیەنێتە مەبەستی خۆی, چونکە ڕێگەی ئەمە بە وشە نەدراوە )). ( ٢٠٠٧, ل٣٥ ). ( ابن عبدالله )ش بەم شێوەیە پێناسەی ڕەوانبێژی دەکات (( ڕەوانبێژی زمانێکە پێشبینی گەیشتن و کۆتا هاتن دەکات. ئەمەش لەو ئاخاوتنەی عەرەب وەرگیراوە, کە دەڵێت ( بلغت الغاية ) واتە گەیشتنە غایەت و ئامانجی خۆی, ئەوەش ئەوکاتە وای پێ دەگوترێ, ئەگەر لە ئاخاوتندا مەبەستی خۆی پێکاو گەیاندبیە مێشکی بەرامبەرەکەی )). ( ٢٠٠٨, ل١١) لەلای فارسەکانیش ( محمد خليل رجائی ) بەم شێوەیە پێناسەی دەکات و دەڵێت: ڕەوانبێژی (( لە ڕووی زاراوەوە هەندێ جار سیفەتەو بۆ وشە دێت, گوتوویانە: ( وشەی ڕەوان ) هەندێ جار سیفەتەو بۆ ئاخێوەر دێت, گوتوویانە: ( ئاخێوەرێرەوان) )). ( ١٣٥٣, ل١٧ ) ڕەوانبێژی لەلای نووسەرانی کوردیش بۆ یەکەمین جار لەلایەن ( شێخ نووری شێخ سالح )ەوە قسەی لەسەر کراوە. لە ساڵانی ١٩٢٦-١٩٢٧ لە زنجیرە وتارێک بە ناونیشانی ( ئەدەبی کوردی ) لە ڕۆژنامەی ( ژیان ) تیشکی خستووەتە سەر هەندێ هونەری ڕەوانبێژی, دواتر لە حەفتاکانی سەدەی بیستەم و دوای ئەوەش لە سەرەتای سەدەی بیست و یەک بایەخی زۆری پێدراوەو چەندین کتێبی بۆ نووسراوە. (عەزیز گەردی ) لە کتێبی ڕەوانبێژیدا بەم جۆرە پێناسەی دەکات و دەڵێت: (( هەر قسەیەک, کە ئەکرێ, یا هەر نووسینێک, کە ئەنووسرێ, لە ژێر ئاڵای ڕەوانبێژی دەنگ ئەداتەوە, کە بچێتە دڵی گوێگر بخاتە هەست و سۆزێکەوە, کە هی قسەکەرە )). ( ١٩٧٢, بەرگی یەکەم, ل١٧ )

( عەلائەدین سەجادی )یش بۆ پێناسەی ڕەوانبێژی دەڵێت: (( ڕەوانبێژی بریتییە لە دەربڕینی کۆمەڵە گوزارەیەکی فراوان لە قالبی چەند وشەیەکی کەمدا )). ( ١٩٧٨, ل٧ ) ئەم پێناسەیە زیاتر خۆی لە کورتبڕیدا دەبینێتەوە. بەچەند وشەیەکی کەم واتایەکی زۆر بدات بەدەستەوە. دوکتۆر ( نوزت أحمد عثمان ) لە نامەی ماستەرەکەیدا بەم شێوەیە پێناسەی ڕەوانبێژی دەکات و دەڵێت: (( ڕەوانبێژی ئەوپەڕی جوانی زمانە, شیرینی و ڕێکی ئاخافتن دەردەخات, مەبەستەکانی فراوانتر دەکات, ئاسۆیێکی بێ پایان بە زمان دەدات بەهۆی وێنەسازی, هەروەها بە وشەی ڕەنگاو ڕەنگ دەیرازێنێتەوەو تام و چەشەی کاریگەری دەداتێ... یاخود ڕەوانبێژی دەربڕینی مشت و ماڵی هەستی قسەکەرە بە پێی ئەو ڕامان و مەبەستەی, کە بۆی دادەنێ )). ( ١٩٩١, ل٢٢ ) واتە ڕەوانبێژی جوانی بە زمان و دەربڕین دەبەخشێ, بەهۆیەوە وشەکان ڕێک و ڕەوان دەبن و تام و چێژ بە دەقەکە دەگەیەنێت. هەستی خوێنەر دەوروژێنێت و وای لێ دەکات سەرنجی زیاتر بۆ لای بابەتەکە بڕوات. کەواتە ڕەوانبێژی بریتییە لە قسەی ڕەوان و جوان و ڕێک, کە شاعیر لەناو دەقی شیعردا بەکاری دەهێنێت, لەڕێگای واتای جوان و ڕوونبێژی و جوانکارییەوە. قسەکانی پوخت دەکاتەوەو مانای زیاتر بە دەقەکە دەدات, بۆ ئەوەی سەرنجی خوێنەر بۆ لای بابەتەکە ڕابکێشێت. بەشەکانی ڕەوانبێژیش لە هەر زمانێکدا دابەشکراوە بۆ سێ جۆری سەرەکی کە بریتیین لە: ( واتاناسی , ڕوونبێژی , جوانکاری )

**١.واتاناسی**

واتاناسی بەشێکە لە بەشەکانی ڕەوانبێژی, کە چەند هونەرێک لە خۆدەگرێت و ئەو هونەرانە دەبنە هۆی ئەوەی شیعر بەشێوەیەکی جوان دەرکەوێت. ( ئیمام خەتیب قەزوینی ) بەم جۆرە باسی زانستی واتاناسی لەعەرەبیدا دەکات و دەڵێت: (( زانستێکە بەهۆیەوەی حاڵەتەکانی ئاخاوتنی عەرەبی پێ دەناسرێتەوە. بەو شێوەیەی پەسەندی هەل و مەرجەکان بێت )). ( ٢٠٠٤, ل٢٣ )

عەزیز گەردی لە بارەی واتاناسییەوە دەڵێت: (( واتاناسی ئەو بەشەیە, کە ئەرکی لێکۆڵینەوەی واتا دەگرێتەبەر, پەیوەندی نێوان وشەو مانا ساغ دەکاتەوە, وەڵامی هەندێ پرسیاری وا دەداتەوە, کە پەیوەندییان بە ماناو مەبەست و پەیام و کاریگەری وشە و ڕستەو ئاخاوتنەوە هەیە, هەر وشەیەک چۆن بەکاربێ و لە چ شوێنێک بێ باشترە, پاش و پێشکردنی وشەکانی چۆن کاردەکاتە سەر گۆڕان و جەخت کردنی مانای ڕستەکە )). (١٩٧٩, بەرگی سێیەم, ل٧ ) مامۆستا ( موحسین ئەحمەد ) بەم جۆرە پێناسەی زانستی واتاناسی دەکات و دەڵێت: (( زانستی واتاناسی باس لە لێکۆڵینەوەی واتا دەکات لەبارەی کورتبڕی و درێژبڕی و پاش و پێشخستن و شوێنی پێوەلکان و شوێنەکانی جەخت و زۆری تر )). ( ٢٠١٣, ل١٨ ) لە زانستی واتاناسیدا زیاتر بۆ ئەوە هاتووەکە ئایا تا چەند هەواڵ و دەربڕینەکان دروستە و ڕاستی تێدایە.

**٢.ڕوونبێژی**

ڕوونبێژی بەشێکی ترە لە بەشەکانی ڕەوانبێژی, یەکێکە لە زانستە گرنگەکانی ڕەوانبێژی. چەندین پێناسەی بۆ کراوە, بۆ نموونە دوکتۆر ( بسیونی عبدالفتاح فیود ) لەبارەی ڕوونبێژی لەڕووی زاراوەییەوە دەڵێت: (( ئەو زانستەیە, کە تاکە واتای بە ڕێگەی جۆراو جۆری واتا ڕوون دەگەیەنێ )). ( ٢٠١١, ل١٥ ) دوکتۆر ( نوزت أحمد )یش بەم جۆرە باسی دەکات (( ڕوونبێژی تەنیا ئاشکراکردنی مەبەست نییە, بەڵکو داهێنانێکی هونەری ورد, زیاتر ڕوو دەکاتە وێنەو وێنە سازی بەهۆی ئەندێشەوە... مەبەستەکەشی دەخاتە چوارچێوەیەکی وەها گەش و نایاب, کە سەرنج ڕابکێشێ )). ( ١٩٩١, ل٢٩ ) ( دونیا شەهاب )یش لە نامەی ماستەرەکەی بەم جۆرە باسی ڕوونبێژی دەکات و دەڵێت: (( ڕوونبێژی واتە ئەوگوتەو ئاخاوتنانەی لە ڕووی واتاوە ڕوون و ئاشکرایە )). ( ٢٠١٥, ل١٣ ) بەو مانایەی هەر وتەیەک لەڕووی ئاخاوتنەوە جوان و ڕەوان بێت دەچێتە چوارچێوەی ڕوونبێژییەوە.

**٣.جوانکاری**

زانستێکی تری ڕەوانبێژی بریتییە لە زانستی جوانکاری, لە زمانی عەرەبی پێی دەڵێن: ( علم البدیع ) هونەرەکانی ئەم بەشە زۆر فراوانەو دابەش دەبێت بۆ دوو جۆر, جوانکاری واتایی و جوانکاری وشەیی. هەر جۆرێک لەو جۆرانە چەند هونەرێکی تێدایە, کە دەورێکی گرنگیان هەیە لە بەرهەمهێنانی شیعرییەت و بەهۆیەوە دەقەکەی پێ جوان دەبێت. ( یوسف أبو عدوس ) لە بارەی پێناسەی جوانکارییەوە دەڵێت: (( زانستێکە بە هۆیەوە ئەو ڕوو و سیفەتانە دەناسرێنەوە کە وا دەکەن وتە باش و پەسەندکراو بێت, ئەمەش لەدوای ڕەچاوکردنی وەکیەکی لە سروشتی حاڵ و ڕوونی گوزارشتکردنەکەی, بە دوور لە ئاڵۆزکردنی واتایی )). ( ١٩٩٩, ل١٢٩ ), ( ابن عبدالله )ش بەم شێوەیە پێناسەی جوانکاری لە ڕووی زاراوەییەوە دەکات و دەڵێت: (( زانستێکە بە هۆیەوەی ڕووە جوانەکانی ئاخاوتن دەناسرێتەوە, ئەمەش دوای ئەوەی بە شێوەیەکی ڕوون و گونجاو بۆ هەل و مەرجەکان هاتبن )). ( ٢٠٠٨, ل٢٣١ )

لەلای فارسەکانیش ( میرزا عبدالعظیم خان ) لەبارەی هونەری جوانکارییەوە دەڵێت: (( هونەری جوانکاری گوزارشتە لە جوانی و ڕازاندنەوە )) ( ١٣٠٨, ل٢ ) لای کوردەکانیش نووسەران پێناسەی جوانکارییان کردووە هەریەک بەجۆرێک سەرنجی خۆی لەبارەیەوە دەربڕیوە. مامۆستا ( عەبدولکەریم مودەڕیس )دەربارەی زانستی جوانکاری دەڵێت: (( بەدیع هونەرێکە ئەبێ بە مایەی زانستی جوانکردن و ڕازاندنەوەی وتار, لەپاش چاودێری ڕەسایی ئەو وتارە بە پێی پێویستی حالی ئەوکەسەی وتاری پێشکەش ئەکرێ وەکو زانیارانی بەلاغە فەرموویانە...)) ( ١٩٩١, ل٦ ) واتە بەهۆی ئەو هونەرەوە شیعر و وتار جوان و ڕازاوە دەبن و دەکەونە بەردڵان. شیعر تا چەند جوانترو ڕازاوەتر بێت لەڕووی ڕەوانبێژییەوە تام و چێژی لای خوێنەر زیارتر دەبێت.

دوکتۆر ( ئیدریس عەبدوڵڵا ) بەم شێوەیە باسی جوانکاری دەکات و دەڵێت: (( جوانکاری یەکێکە لە سێ بەشەکانی زانستی ڕەوانبێژی..


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

لە عەرەبیدا ( البدیع )ی پێدەگوترێت, وشەیەکە لە رووی زمانییەوە بریتییە لە: ( داهێنانی شت ), یان واتایەکی تر ( البدیع ) بەو شتە دەگوترێ, کە بۆ یەکەمجار دادەهێنرێ )). ( ٢٠١٢, ل١٢ ) بەم جۆرە زانستی جوانکاری لە کۆمەڵێ هونەر پێکدێت و ئەو هونەرە جوانکارییانە دەبنە هۆی ئەوەی دێڕە شیعرەکان بە شێوەیەکی جوان و ڕێک بکەونە بەرچاو داهێنان بە شیعرەکانەوە دیاربێت. بەمەش شیعرییەتی دەقەکە بەهێز دەبێت.

## بەشی دووەم:

ڕەنگدانەوەی هونەرە ڕەوانبێژییەکان لە هۆنراوەکانی مەلا عەبدوڵڵای ئەحمەدیاندا.

هونەرە ڕەوانبێژییەکان لە شیعردا رۆڵێکی گرنگ دەبینن بۆ دروست بوونی شیعرییەت. هۆنراوەکانی مەلا عەبدوڵڵای ئەحمەدییانیش بەدەر نییە لەو هونەرە ڕەوانبێژییانە وکۆمەڵێک هونەری ڕەوانبێژی لە بەشەکانی واتاناسی و روونبێژی و جوانکاری لە شیعرەکانیدا بەدی دەکرێت. بۆ هەریەکێک لەو هونەرانە نموونەی دیار و لەبەرچاو دەهێنینەوەو شییان دەکەینەوە.

## تەوەری یەکەم: واتاناسی

شاعیر گرنگی بە چەند هونەرێکی واتاناسی داوە و لە ڕێگەیانەوە شیعرییەتی شیعرەکانی باڵا کردووە, جوانی و ڕازاوەیی تیایاندا بەرجەستە کردووە. لە خوارەوە بە پێی پێویست ئاماژەیان پێدەدەین و نموونەیان بۆ دەهێنینەوە. ئەو هونەرانەی واتاناسی لە نێو دەق ئەدەبیدا شێوازەکانی ئاخاوتن لە باری دروست بۆ باری خوازەیی دەگۆڕن و دەیانکەنە دەربڕینی ئەدەبی.

**١. هەواڵ.**

هەواڵ یەکێکە لە هونەرەکانی واتاناسی, لە سەر بنەمای ڕاستی و ناڕاستی بنیات دەنرێت. واتە ئەو هەواڵە ڕاست بێت یان ناڕاست گرنگ ئەوەیە پەیامێک بگەیەنێت, بۆیە هەواڵ (( ئەو قسەیە, یان ئەو دەربڕینەیە لایەنی ڕاست و درۆی هەبێ, بتوانی بڵێی ڕاستە, یان بڵێی درۆیە )). ( گەردی, ٢٠١٣, ل١٩ )

سوپاس هەر بۆ تۆ خودایە

بوونی گشت شت لە تۆڕایە

تۆ هەر بوویی و ئەتۆ هەر هەی

تۆ قادر و قەییوم و حەی. ( ئەحمەدیان, ١٣٨٩, ل٨١ )

ئەم هەواڵە مەبەست لێی دەرخستنی سیفاتی خوای گەورەیە, کە خاوەنی چەندین سیفاتی بەرزو سوپاسکراوە. لە هەر چوار نیوە دێڕەکەدا پێیاهەڵدان ( پەسنکردن )و سوپاس گوزاری تێدایە, هەواڵێکە لە مرۆڤەوە بۆ خوای خۆی بە شێوەی پێیاهەڵدان ( پەسنکردن )و سوپاسکردن. ( سوپاس بۆتۆ خودایە ) هەواڵێکە بە خودای دەدات, کە سوپاسگوزارە لە بەرامبەر ( بەخششەکانی, هەروەها ( بوونی گشت شت لە تۆڕایە ) واتە هەموو شتێک لە دەست تۆیەو لە سایەی تۆوەیە, ئەمەش هەواڵێکە بۆ تەعزیم ( گەورە نیشاندان ). لە دوو نیوە دێڕەکەی تریش دەڵێت تۆ هەر بوویی و هەردەمێنی, بە تواناو بەهێز و زیندووی, ئەمەش هەر هەواڵە و بۆ تەعزیم. واتا هەواڵێکی نوێ نییە, خوای گەورە بۆ خۆی ئەم شتانە دەزانێ, بۆیە هەواڵی خوازەییە بۆ پیشاندانی وەفاو تەعزیمی خوای گەورە.

**٢. دارشتن.**

دارشتن هونەرێکی تری واتاناسییە لە زانستی ڕەوانبێژیدا, کە هیچ هەواڵێک لە خۆناگرێ تاکو ڕاستی و ناڕاستی تێدابێت وەکو هەواڵ. بۆیە دارشتن (( کۆمەڵە ڕستەیەکە ڕاستی و درۆ هەڵناگرن.. )) ( شمیسا, ١٣٨٦, ل٨٥ ) چەند جۆرێک لە خۆ دەگرێت وەکو ( دارشتنی بێلە داخوازی, دارشتنی داخوازی( فرمان, نەهێشتن ), پرسیار, خۆزی, بانگکردن...) ئەمانە هەمووی تایبەتن بە هونەری دارشتن لە بابەتی

واتاناسیدا.

ڕاگیری کەی ئەو کۆشکە خودایە

ڕەمزی شەرەف و ڕەمزو حەیایە. ( أحمدیان, ١٣٧٠, ل٤٧ )

ئەو کەسەی لێرەدا فرمان دەکات بەندەیەو لە خوا زۆر بچووکترە, بۆیە فرمانەکە بەشێوەی دروست نییە, بەڵکو بەشێوەی خوازەییە, چونکە بەندە ناتوانێ فەرمان لەسەر خوا بکات. فەرمان لە خواوە بۆ بەندەکانە, لەگەورەوە بۆ بچووکە, لە بەرزەوە بۆ نزمە. بۆیە ئەگەر خوا ئەم فرمانە جێبەجی بکات ئەوە لەبەر سۆز و بەزەییەتی, دەنا خوای گەورە زۆر لەوە گەورەترە فرمانی بەندە جێبەجێ بکات (ڕاگیری کەی ئەو کۆشکە ) فرمانێکی خوازەییەو بۆ مەبەستی ( پاڕانەوە ) هاتووە.

**٣. یەکسانی.**

هونەرێکی ڕەوانبێژییە لە بابەتی واتاناسیدا بەو مانایە دێت, کە وشەکان یەکسان بن بەقەد ماناکانیان واتە (( دەربڕین و گەیاندنی واتاو مەبەستە بە وشەی یەکسان, واتە وشە دەربڕاوەکان بەبێ زیاد و کەم بە پێی واتاو مەبەست بێت )). ( فیود, ٢٠١٠, ل٥٢٩ )

دوو لاقم هەیە دەشتوانم هەڵێم

بۆ نامە چنگ تۆ خۆم و هەردوو گوێم. ( أحمدیان, ١٣٧٠, ل٤٢ )

لەنیوە دێڕی یەکەمی ئەم شیعرەدا, هەموو وشەکانی بۆ گەیاندنی پەیامی شاعیر لە چوارچێوەی ئەم ڕستەیەدا پێویستن و هیچ کامێکیان زیاد نییە, کە بە هۆیەوە واتاش زۆر نەبووبێ, بە هەمان شێوە واتاش بە قەد وشەکانەو لە وشەکان زیاتر نییە, بەمەش یەکسانی لە نێوان واتاو وشە دروست بووە.

**٤. پێشخستن و دواخستن.**

یەکێکن لە هونەرەکانی واتاناسی, (( پێشخستن بریتییە لە پێشخستنی ئەو بەشە ئاخاوتنەی لە ڕستەدا هەقی دواخستنی هەیە. ( دواخستن )یش پێچەوانەی ( پێشخستن )ەو بریتییە لە دواخستنی ئەو بەشە ئاخاوتنانەی لە ڕستەدا هەقی پێشخستنی هەیە )). ( مستەفا, ٢٠١١, ل٧٩ )

هەڵدەبڕێ لە توو گەڵایە ناسک

کرم و مەڕو مێشەهەنگ و ئاسک. ( أحمدیان, ١٣٧٠, ل١ )

لەم شیعرەدا شاعیر دەبوایە بڵێ ( لە توو گەڵایە ناسک هەڵدەبڕێ ), بەڵام شاعیر لەبەر سەرواى شیعرەکەی لادانی کردووەو فرمانی پێش خستووەو بەشەکانی تری دواخستووە.

**٥. کورتبڕی.**

کورتبڕی بریتییە لەوەی (( بە وشەی کەم واتای زۆر بگەیەنرێت, بەو مەرجەی چ کەم و کورییەک لە ئەدای قسەکانەوە نەبێ )). ( عەبدوڵا, ٢٠١١, ل١٠٢ ) واتە وشەکان کەم و پوخت بن, بەڵام مانای تەواو بدەن بەدەستەوە.

بچین بۆ لای بە دەستی پڕ نەبادا

هەموو لامان بەدەستی خاڵی ڕادا. ( أحمدیان, ١٣٧٠, ل٢٣ )

شاعیر لە نیوە دێڕی یەکەمدا کورتبڕی کردووە, مەبەستی ئەوەیە بچین بۆلای بە دەستی پڕ لە دیاری. ئەوەش لەبەر ئەوەی کێشی شیعرەکەی تێک نەچێ, بۆیە ئەم کورتبڕییەی بەکارهێناوە.

**٦. درێژبڕی.**

درێژبڕی پێچەوانەی کورتبڕییە, وشە زیاد دەکرێت بۆ گەیاندنی مەبەستەکە, بەو مەرجەی واتا زیاد نەکات و لە مەبەستە بنجییەکەی لانەدات. (( درێژبڕی گەیاندنی مەبەستە بە وشەی زیاد بۆ سوود وەرگرتن لەو مەبەستە, ئەگەر ئەو وشە زیادەیە بۆ سوود نەبوو, ئەوا

دەبێتە درێژکردنەوەو حەشو )). ( الصعیدی, ١٩٩١, ل١١٨ )

کە دەشهێتە قسان بەو چاو و ڕاوەی

هەموو گیاندار و بێ گیان لەو بەزیوە. ( أحمدیان, ١٣٧٠, ل ٤٠ )

شاعیر لە نیوە دێری دووەمدا درێژبڕی کردووە, وشەی هەمووی بۆ ڕستەکە زیادکردووە, ئەگەر ئەو وشەیەی زیادیش نەکردایە مانای ڕستەکە تێک نەدەچوو. ئەوەش لەبەر ئەوەی کێشی شیعرەکەی تێک نەچێ, بۆیە ئەم درێژبڕییەی بەکارهێناوە.

## تەوەری دووەم: ڕوونبێژی.

لە ڕوونبێژیدا هەندێ هونەری ڕەوانبێژی هەیە, کە دەبنە هۆی جوانکردنی شیعر و دروستکردنی شیعریەت لە ناو دەق ئەدەبییدا. ئەوانیش چەند جۆرێکن هەندێکیان بە نموونەوە باس دەکەین.  شایەنی باسە, هەموو هونەرەکانی ڕوونبێژی شیعرییەتیان لەوەدایە, بە وێنە گوزارشت لە واتا دەکەن.

**١. لێکچواندن.**

لێکچواندن هونەرێکی ڕوونبێژییە, بریتییە لەوەی شتێک بە شتێکی تر بچوێندرێت. واتە (( لێکچواندنی شتێکە بە شتێکی دیکە, بەو مەرجەی ئەو لێکچواندنە پشت بە ناڕاستی ببەستێت, نەک ڕاستی, واتە لێکچوونەکە مەجازی بێت نەک حەقیقی )). ( شمیسا, ١٣٧٠, ل٥٩ )

خرمە خرمی بازنەکانت وەک زرەی زنجیری دیل

واتە زوو دێنێ بە دڵ ئاژیری تاسانی منە. ( أحمدیان, ١٣٧٠, ل٣٥ )

خرمە خرمی بازنەکانت:  لێچووە.

زرەی زنجیری دیل:  لەوچووە

وەک:  ئەوزارە

زوو هێنانی تاسانی بەدڵ:  ڕووی لێکچوونە

کەواتە بابەتەکە لێکچواندنە و هەرچوار بنەڕەتەکەی لێکچواندن لەم دێڕە شیعرەدا هەیە.

**٢. خواستن. ئەمیش دوو جۆرە:**

أ. خواستنی ئاشکرا.

یەکێکە لەهونەرەکانی ڕوونبێژی لە بابەتی ڕەوانبێژیدا. (( بریتییە لەو خواستنەی کە تێیدا لێچوو لادرابێت و لەوچووی تێدا هاتبێت, یان باسکرابێت )) ( الادق, ٢٠١١, ل١٦٣ ) واتە یەکێ لە دوو بنەڕەتە سەرەکییەکەی لێکچواندن ( لێچوو ) نەهاتبێت, بەڵام ( لەوچوو ) هاتبێت.

نا, مانگ بوو هەڵاتبوو لە عەرزی

هەرگیانێ لە ناوی هەڵدەلەرزی. ( أحمدیان, ١٣٧٠, ل٤٥ )

لە نیوە دێری یەکەمدا شاعیر ناوی ( زارا )ی, کە کچێکی جوان و خانەدان بووە بە مانگ چواندووە, واتە زارا وەکو مانگ بەدەرکەوتبوو لەسەر زەوی.

زارا: لێچووە , نەهاتووە

مانگ: لەوچووە , هاتووە

مادام لێچوو نەهاتبێ و لەوچوو هاتبێ کەواتە خواستنەکە خواستنی ئاشکرایە.

ب. خواستنی درکاو.

هونەرێکی تری ڕوونبێژییە (( لێکچواندنێکی شکێنراوە, ( لەوچوو )ی لابراوەو ( لێچوو )ی ماوە, پەیوەستێکی ( لەوچوو )ەکە دراوەتە ( لێچوو )ەکە, قەرینەش زمانی بێ, یان عەقڵی ڕێگری دەکات, ئەو پەیوەستە هی ئەو ( لەوچوو )ە بێ, کە پێی دراوە )) ( عەبدوڵڵا, ٢٠١٢, ل٨٤ ) واتە ئەو جۆرە لێکچواندنەیە, کە یەکێ لە دوو بنەڕەتە سەرەکییەکەی لێکچواندن ( لێچوو ) هاتووەو ( لەوچوو ) لابراوە.

بە دەست و پێ چنار کەوتە سەمایە

چ باسێکە بەگوێی ویدا چپیوە. ( أحمديان, ١٣٧٠, ل٤٠ )

لەنیوە دێڕی یەکەمدا شاعیر دار چناری بە مرۆڤ چواندووە. واتە دار چنار وەکو مرۆڤ کەوتە سەما.

چنار: لێچووە , هاتووە

مرۆڤ: لەوچووە , نەهاتووە

مادام لێچوو هاتبێ و لەوچوو نەهاتبێ کەواتە خواستنەکە خواستنی درکاوە.

**٣.خوازە.**

خوازە یەکێکە لە هونەرەکانی ڕوونبێژی لە بابەتی ڕەوانبێژیدا, کە چەند جۆرێکی هەیە. (( خوازە بریتییە لە بەکارهێنانی وشەیێک بۆ بێجگەی ئەو واتا فەرهەنگییە, دروستەی هەیەتی, لەگەڵ بوونی قەرینەیێک, زمانی بێت, یان ژیری, ڕێگری بکات لەوەی کەوا ئەم وشەیە وەکو دروست بەکارهێنرابێ و بیچەسپێنێت, کە دەبێت بۆ واتای خوازەیی بەکارهێنرابێت )). ( مستەفا, ٢٠١١, ل١٦٣ـ ١٦٤ )

هەڵیکرد با بەسەر عەزرا گوڕاندی

ڕنی رووی مێر غوزاران و کڕاندی. ( أحمديان, ١٣٧٠, ل١٧ )

لە نیوە دێڕی یەکەمدا ( هەڵیکرد با ) خوازەیە بە پەیوەندی بەرکاری, چونکە ( با ) ناتوانێ لە خۆیەوە هەڵبکا, ئەوە خوایە ئەمری پێدەکات, بۆیە ( خوا ) بکەری دروستە. ( با ) بکەری خوازەییە, پەیوەندی نێوانیان بەرکارییە.

**٤. درکە.**

ئەم هونەرەش تایبەتە بە بەشی ڕوونبێژی عەزیز گەردی دەڵێت: (( درکە ئەوەیە ڕاستەو ڕاست ناوی شتێک نەبەی, بەڵکو بچی ناوی شتێکی تر ببەی, کە پەیوەندی بە مانای یەکەمەوە هەبێت بۆ ئەوەی پیاو لەو مانا باسکراوە بۆ مانا مەبەستە هێما بۆکراوەکە بچێ )). ( ١٩٧٢, بەرگی یەکەم, ل٨٨ )

پیرە پیاوێکی ڕووتی بێ ئەنواش

هەر دەلەرزێ لە ئەوبەری چۆما. ( أحمديان, ١٣٧٠, ل٩ )

وشەی ڕووت درکەی تاکە وشەیە لە هەژاری. واتا وشەی ڕووت مەبەستی هەژارییە. نەک مەبەستی ئەوەی هیچ شتێکی لەبەردا نەبێ.

کە وێرا بای کەسێ لای وی بکۆخێ

بە ئاوری وی دەبوو هەر داپلۆخێ. ( أحمديان, ١٣٧٠, ل٢٣ )

( کەسێ ناوێرێ لای وی بکۆخێ ) ئەمە درکەی ڕستەیە. واتە پاشاکە زۆر ستەمکار و زاڵمە ناهێڵێ کەس لە پێشیدا قسەیەکی هەق بکات.

## تەوەری سێیەم : جوانکاری

لە بەشی جوانکاریشدا چەند هونەرێک هەیە, کە شیعرییەتی دەقی پێ جوان دەکەن, لە خوارەوە هەندێ لەو هونەرانە وەردەگرین و پێناسەی هونەرەکان و لەگەڵ چەند نموونەیەکیان بۆ دەهێنینەوەو شیاندەکەینەوە. لێرەدا شاعیر خەریکی ڕازاندنەوەی وشەو دەربڕین و واتا دەبێت, بەم هۆیەوە شیعرییەت بۆ تێکستەکانی دروست دەکات.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

**١. ڕەگەزدۆزی: ئەمیش دووجۆری هەیە**

أ. ڕەگەزدۆزی تەواو:

هونەرێکی جوانکارییە لە بابەتی ڕەوانبێژیدا. نوسەران و لێکۆلەران پێناسەی ڕەگەزدۆزی تەواویان بەم جۆرە کردووە. (( بریتییە لەوەی, کە لە ڕستەیەکدا یا لە دێڕە شیعرێکدا, دوو وشە, یا زیاتری تیابێ و ئەم وشانە لە ڕواڵەت و شێوەدا لە یەک بچن, واتە وەک یەک بن لە ڕووی ژمارەی دەنگەکان و ڕیزکردنیان و شێوەی ڕێنووسی تیپەکانەوە, بەڵام هەریەکەیان واتای تایبەتی خۆی هەبێ )). ( کاکی, ٢٠٠٨, ل٩٩ )

وەڕێ کەوتن گەلێک دیاری بە کۆڵان

هەتا بڕیان هەموو مەیدان و کۆڵان. ( أحمدیان, ١٣٧٠, ل٢٣ )

لەم دێڕە هۆنراوەیەدا شاعیر دووجار وشەی ( کۆڵان )ی بەکار هێناوە جارێک لە نیوە دێڕی یەکەم و جارێک لە نیوەدێڕی دووەم. هەردووکیان لە شێوەدا وەکو یەکن لە ژمارەی پیتەکان و جۆرو ڕیزکردنیان, بەڵام لە مانادا جیاوازن. ( کۆڵان ) لە نیوە دێڕی یەکەم بەمانای بە پشت ( کۆڵ + ان ), ( کۆڵان ) لە نیوەدێڕی دووەم واتە کۆڵانی گەڕەک. بەم شێوەیە ڕەگەزدۆزی تەواو دروست بووە.

ب. ڕەگەزدۆزی ناتەواو

هونەرێکی تری بابەتی جوانکارییە, شاعیر بۆ جوانکردنی شیعرەکەی ئەم هونەرە بەکار دەهێنێت. ڕەگەزدۆزی ناتەواو بریتییە لەوەی (( کە یەکێ لەو دوو وشەیەی ڕەگەزدۆزییەکە دروست دەکەن, لە یەکێ لەو چوار مەرجانەی ڕەگەزدۆزی تەواوی لەسەر دادەمەزرێ جیاوازبن, یا ئیتر لە سێ یان دوو شتی دیکەشیان لێکچووبن )). ( عەبدوڵلا, ٢٠١٢, ل١٣ )

بە گیان یەک بن بە لەش جودا

هەموو وەک یەک بەندەی خودا. ( ئەحمەدیان, ١٣٨٩, ل٥٧ )

لەم دێڕە شیعرەدا وشەکانی ( جودا , خودا ) لە شێوەدا زۆر لێک نزیکن, لە یەک پیتدا جیاوازن, هەروەها ماناشیان جیاوازە, لەبەر ئەوە ڕەگەزدۆزی ناتەواو دروست بووە لە جۆری ڕەگەزدۆی ناتەواوی جودا.

**٢. دژیەک: ئەمیش دوو جۆری هەیە.**

أ. دژیەکی فەرهەنگی.

هونەرێکی جوانکارییە, شاعیر بۆ جوانکردنی شیعرەکەی بەکاری دەهێنێت. (( ئەوەیە تیایدا بە ئاشکرا دوو دژ هاتبن )) ( عتیق, ١٩٨٥, ل٧٩ )

حەوای کەوی, شینی زەوی

بەرزی و نەوی, ئەمی و ئەوی. ( ئەحمەدیان, ١٣٨٩, ل٣٣ )

لەم دێڕە شیعرەدا وشەکانی ( بەرزی , نەوی ) دژی یەکترن, چونکە لە فەرهەنگدا هەریەکەو ڕەگەزێکی سەربەخۆی هەیە. بۆیە پێی دەڵێین دژییەکی فەرهەنگی.

ب. دژیەکی نافەرهەنگی.

جۆرێکی ترە لە هونەری جوانکاری (( ئەم جۆرەیان تەواو پێچەوانەی دژیەکی فەرهەنگییە. ئەو دوو وشەیەی دژیەک دروست دەکەن لە فەرهەنگدا بوونی سەربەخۆیی خۆیان نییە, بەڵکو دروستکراون لەسەر بنەمای ئەرێ و نەرێ, هەردووکیشیان لە بنەڕەتدا هەر یەک ڕیشەو ڕەگیان هەیە. ( شیعا, ٢٠١٤, ل٩٣ )

پەنایە هەر بۆ تۆ دەبەم

لە تۆ بەدەر کەس شک نابەم. ( ئەحمەدیان, ١٣٨٩, ل٤٨ )

لەم دێڕە شیعرەدا وشەکانی ( دەبەم , نابەم ) دژیەکی نافەرهەنگین, چونکە هەردوو وشەکە لە فەرهەنگدا یەک ڕەگەزیان هەیە, ئەویش

لە چاوگی ( بردن ) وەرگیراوە بە هۆی ئامرازی نەرێی ( نا ) بووە بە دژی یەکتر.

**٣. تێهەڵکێش.**

تێهەڵکێش هونەرێکی جوانکاری شیعرە, شاعیر بۆ ئەوەی شیعرەکەی جوان بێت ئەم هونەرە بەکار دەهێنێت. تێهەڵکێش (( بریتییە لەوەی, کە شاعیر دێرە شیعرێک, یان نیوە دێرێک جگە لەوەی خۆی, یان ئایەتێک, یان وتەی کەسێکی تر وەربگرێت و تێهەڵکێشی شیعرەکەی خۆی بکات )). ( مطلوب, ٢٠٠٧, ل٣٧٢ )

کە بۆ ئەو پەندە بیرگەت بگەڕێ

( کابرا لە هەولێر گێڕەی دەگەڕێ ). ( أحمديان,١٣٧٠, ل٣٧ )

لەم دێرە شیعرەدا شاعیر پەندێکی پێشینانی تێهەڵکێشی شیعرەکەی خۆی کردووەو لە ناو دووکەوانە دایناوەو ئاماژەی پێکردووە.

**٤. پاتکردنەوە.**

لە هونەری جوانکاریدا پاتکردنەوە واتە دوو بارە, یان سێ بارە کردنەوەی وشەیەک. واتە (( ئەوەیە هۆنەر, یان نووسەر وشەیەک, یان دەستەواژەیەک, یان ڕستەیەک بێنێ و چەند جارێک پاتی بکاتەوە, بۆ چەند مەبەستێکی تایبەتی, بەو مەرجەی هەموویان واتایان یەک بێت و لە جارێکەوە بۆ جارێکی تر واتایان نەگۆڕێ, واتە نابێت وشەکان نە لە ڕواڵەت و نە لە گوزارەدا هیچ گۆڕانیان بەسەردا بێت )) ( ١٩٧٥, بەرگی دووەم, ل٤٧ )

بەرابەر بن هەموو بەو دوو بەشەی ژین

ئەوەش دینە ئەوەش دینە ئەوش دین. .( أحمديان,١٣٧٠, ل١٩ )

لەم شیعرەدا لە نیوە دێری دووەم سێ جار ڕستەی ( ئەوەش دینە ) پاتکراوەتەوە, بەمەش جوانی بە شیعرەکە بەخشیوە, بەم جۆرە هونەرە دەڵێن پاتکردنەوە.

**٥. گێرانەوە**

گێڕانەوە یەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاری لە ڕەوانبێژیدا, دوکتۆر ئیدریس عەبدوڵلا بەم شێوەیە پێناسەی گێرانەوە دەکات و دەڵێت (( گێرانەوە بریتییە لە گێرانەوەی یەکجار, یان زیاتری وشە, یان دەستەواژەو ڕستەییێک, لە سنووری دێرێکدا, بە مەرجێک هەر جارەی لەپاڵ واتایێکی جیا لەوەی پێشووی گێردرابێتەوە )) ( ٢٠١١, ل٢٤٧ )

ئەمن هاتووم بەیەک شەربەت سڕم کەی

وەها بێ هەست و بێ ئاگا و وڕم کەی. ( أحمديان, ١٣٧٠, ل١١ )

لەم شیعرەدا شاعیر لە نیوە دێری دووەم دوو جار ئامرازی ( بێ )ی گێراوەتەوە, جارێک لە پاڵ وشەی ( هەست ) و جارێکی تریش لە پاڵ وشەی ( ئاگا ) بەم شێوەیە گێرانەوە دروست بووەو جوانی بە دەقەکە بەخشیوە.

**٦. تەصریع**

تەصریع یەکێکە لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە بابەتی جوانکاریدا, دوکتۆر ( موختار عطیە ) بەم جۆرە پێناسەی تەصریعی کردووە. (( ئەوەیە دوا بەشی کە لە ( صەدر ) و ( عەجزی ) هۆنراوە لە کێش و سەروادا یەکسان بن )). ( ٢٠٠٤, ل١٢٦ )

ئۆف چ شوێنێکی لە دڵما کردووە دەنگت وەرە

تاقە جارێک با ببینم تۆ خودا ڕەنگت وەرە. ( ئەحمەدیان, ١٣٩٣, ل٢٨ )

لەم دێرە شیعرەدا شاعیر دوا بەشی صەدر و دوا بەشی عەجزیشی هاوکێش و هاوسەروا کردووە, ئەویش هەردوو وشەی ( دەنگت , ڕەنگت ) هاوکێش و هاوسەروان بوونەتە وشەی سەروا. وشەی ( وەرە ) پاش سەروایە, چونکە لە هەموو دێرەکاندا بە هەمان مانا دووبارە بووەتەوە.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

**٧. موتریف.**

هونەرێکی جوانکارییە لە بابەتی ڕەوانبێژیدا, ئەم هونەرە جیاوازییەکەی لەگەڵ تەصریـع ئەوەیە هاوسەروان, بەڵام هاوکێش نین. بەم شێوەیە پێناسەی بۆکراوە. (( لە( سجع المطرف )ی عەرەبی وەرگیراوە.. جۆرێکە لە سەروادار, ئەوەیە کە وشە کۆتاییەکانی ڕستە, یان لەتەدێڕ هاوکێش نەبن, بەڵام هاوسەروا بن )) ( عەبدوڵڵا, ٢٠١٢, ل٧٩ )

لەدوای بزەیەک لێوی خۆی دەگەست

ئەوجار لەو حاڵە هەڵی دێنا دەست. ( أحمديان, ١٣٧٠, ل٣٧ )

لەم دێڕە شیعرەدا وشەکانی ( دەگەست , دەست ) بە پێی ( ت ) هاوسەروا کراون, بەڵام هاوکێش نین, بەمەش دەگوترێت موتریف.

**٨. کۆکردنەوە.**

یەکێکی تر لە هونەرەکانی جوانکاری بریتییە لە کۆکردنەوە, کۆکردنەوەش بریتییە لەوەی, کە (( قسەکەر لە نێوان دوو شتی جیاواز یان زیاتر لە ژێر یەک بڕیاردا کۆبکاتەوە )) ( لاشین, ١٩٩٩, ل٩٩ ) واتە کۆکردنەوەی کۆمەڵێک شت لە ژێر یەک بڕیاردا.

من سوڕێکم بوو دەگەڵ تۆ بۆ وڵامیان دامەوە

ئاسن و ئاور دەزانم مەیلی چڕ ژانی منە. ( أحمديان, ١٣٧٠, ل٣٥ )

لەم دێڕە شیعرەدا شاعیر لە نیوە دێڕی دووەمدا ( ئاسن و ئاور )ی بەیەکەوە کۆکردووەتەوە.

**٩. تێل نیشان.**

تێل نیشان یەکێکە لە هونەرەکانی جوانی ڕەوانبێژی, واتە ئاماژەکردن بە شتێک بە شێوەیەکی کورت. تێل نیشان (( بریتییە لەوەی هۆنەر بە شێوەیەکی خێراو بەبێ لەسەر وەستان, لە ڕێگەی وشەیەک, یان واتایەک, ئاماژە بۆ ئایەتێکی قورئانی پیرۆز, یان ڕووداوێکی مێژوویی, یان پەندێکی پێشینان و ... هەر شتێکی دیکەی هاوشێوە بکات )). ( عەبدوڵڵا, ٢٠٠٧, ل ٣٠ )

( اقرأ ) قەڵەم هۆی زانینە

هۆی سەرکەوتنی دنیاو دینە. ( ئەحمەدیان, ١٣٨٩, ل١٠٦ )

لەم دێڕە شیعرەدا شاعیر وشەی ( اقرأ )ی هێناوە, کە ئاماژەیە بۆ ئایەتی (( اقرأ بأسم ربک الذی خلق .. )) ئەمەش ئاماژەیەکی کورتە بەو ئایەتە پیرۆزە, کە باسی خوێندنە.

**١٠. تەجرید.**

یەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاری واتایی, لە تەجریدی عەرەبییەوە وەرگیراوە. (( بریتییە لەوەی لە شتێکی خاوەن سیفەت, شتێکی تری وەک ئەو دروست بکەی, کە هەمان سیفەتی یەکەمی تێدا بێ بۆ مەبەستی زیادەڕەوی و بە هێزکردنی شتی یەکەم )). ( عتیق, ١٩٨٥, ل١٨٩ )

ئەی دڵ وەرە هەڵکەوە لە ساتێ

تۆماری ڕووداوی کارەساتێ. ( أحمديان, ١٣٧٠, ل٤٥ )

سیفەتەکە هی مرۆڤە, بەڵام شتێکی تری لێ داهێنراوە, کە دڵە. لە جیاتی ڕوو لە مرۆڤ بکرێ ڕوو لە دڵ کراوە گفتوگۆی لەگەڵ دەکات.

**١١. وەسف .**

یەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاری واتایی لە ڕەوانبێژیدا, سەرچاوەکان لە بابەتی ڕەوانبێژیدا ئەوەندە باسیان نەکردووە, لە عەرەبیشدا هەر وەسفی پێ دەگوترێت. (( مەبەست لە ڕازاوە جوانی و ناشرینی و خراپی شتەکان دەگەیەنێ, واتە وەسفی ئەرێ و نەرێ ( ستایش و لۆمە ) دەگەیەنێ, ئەوانیش لە شیعردا لە ڕێی گوێ, یان چاو بە خوێنەر ئاشنا دەبێ )) ( مەلازادە, ٢٠٢٠, ل٢٠٢ )

جا هێندەی کە جوان و دڵ گوشا بوو

سەد هێندە بە ناموس و حەیا بوو. ( أحمديان, ١٣٧٠, ل٤٥ )

جا لێرەدا شاعیر, کە باسی زارا دەکات جگە لەوەی وەسفی جوانی دەکات, دێت ئەو وەسفە زیاتر تۆخ دەکاتەوەو وەسفی حەیاو نامووسی دەکات, کە چەند بە حەیاو بە ئەدەب بووە, شاعیر بە پێویستی زانیوە ئەم وەسفە بۆ ئەم ئافرەتە بکات.

## ئەنجام:

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە چەند ئەنجامێکی دیاریکراو لە خوارەوە بە خاڵ روونیان دەکەینەوە.

١. شیعرەکانی مەلا عەبدوڵڵای ئەحمەدییان لە رێگەی هونەرەکانی رەوانبێژییەوە شیعرییەتێکی بەرزیان تێدا بەرجەستە کراوە. وەکو لە بەشە پراکتیکییەکە بۆمان دەردەکەوێت.

٢. لە هەموو هونەرەکانی رەوانبێژی وەکو واتاناسی و روونبێژی و جوانکاری ئەسپی خۆی تاوداوە.

٣. بە هەموو ئەم هونەرانە شیعرەکانی مەلا عەبدوڵڵای ئەحمەدییان بوونەتە شیعرگەلێکی جوان و چێژ بەخش و دڵڕفێن.

## لیستی سەرچاوەکان.

### یەکەم: کتێب بە زمانی کوردی


١. ئەحمەد, سافیە محەمەد ( ٢٠١٠ ), لادان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا, چاپخانەی حاجی هاشم, هەولێر.

٢. ئەحمەدییان, عەبدوڵلا ( ١٣٨٩ ), مونـاجاتی مەلا عەبدوڵلا, نشر أحسان, تهران.

٣. سەجادی, علاءالدین ( ١٩٧٨ ), خۆشخوانی, چاپخانەی مەعاریف, بەغدا.

٤. عبدالله أحمدیان ( ١٣٧٠ ), هەست و هاوار, چاپخانەی پەیام, تاران.

٥. عەبدوڵلا, ئیدریس ( د ) ( ٢٠١٢ ), جوانکاری شیعری کلاسیکی کوردی, چاپخانەی هێڤی, چاپی یەکەم, هەولێر.

٦. عەبدوڵلا, ئیدریس ( د ) ( ٢٠١٢ ), شێواز, چاپخانەی منارە, هەولێر.

٧. کاکی, حەمەنووری عومەر ( ٢٠٠٨ ), شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا, چاپخانەی تیشک, چاپی یەکەم, سلێمانی.

٨. گەردی, عەزیز ( ١٩٧٢ ), رەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا, بەرگی یەکەم - روونبێژی, چاپخانەی جاحظ, بەغدا.

٩. گەردی, عەزیز ( ١٩٧٥ ), رەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا, بەرگی دووەم - جوانکاری, چاپخانەی شارەوانی, چاپی یەکەم.

١٠. گەردی, عەزیز ( ١٩٧٩ ), رەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا, بەرگی سێیەم - واتاناسی, چاپخانەی کاکەی فەلاح, سلێمانی.

١١. گەردی, موحسین ئەحمەد مصطفی ( ٢٠١٣ ), بەهاری رەوانبێژی, بڵاوکراوەی نارین بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە, چاپی یەکەم.

١٢. مدرس, ملا عبدالکریم ( ١٩٩١ ), بەدیع و عەرووزی نامی, چاپخانەی ( دار الجاحظ ), بەغدا.

١٣. مستەفا, ئیدریس عەبدوڵلا ( د ) ( ٢٠١١ ), لایەنە رەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بەنموونەی حەمدی و حاجی قادری کۆیی, چاپخانەی حاجی هاشم, هەولێر.

١٤. نووسەر, کۆمەڵێک ( ٢٠٠٨ ), دڵدار شاعیری رەسەنایەتی و زمان و شیعر و هێزی نەتەوەیی, چاپخانەی زانکۆی کۆیە.


### دووەم: کتێب بە زمانی عەرەبی


١٥. أبو العدوس, یوسف ( ١٩٩٩ ), البلاغة الأسلوبية, الأهلية العربي للنشر والتوزيع, الطبعة الأولى, أردن - عمان.

١٦. أبوديب, كمال ( ١٩٨٧ ), فى الشعرية, مؤسسة الأبحاث العربية, الطبعة الأولى, بيروت.

١٧. الأدقى, محمد طاهر ( ٢٠١١ ), المبسط فى العلوم البلاغة ( المعانى و البيان و البديع ), المكتبة العربية, بيروت.

١٨. الرواشدة, سامح ( د ) ( ١٩٩٩ ), قضاءات الشعرية, ( دراسة فى ديوان أمل دنقل ), المركز القومى للنشر.

١٩.الصعيدى, عبدالمتعال ( ١٩٩١ ), البلاغة العالية علم المعانى, مكتبة الأداب و مطبعتها بالجماميز, الطبعة الثانية.

٢٠.العطية, مختار ( د ) ( ٢٠٠٤ ), علم البديع ودلالات الأعتراض فى الشعر البحترى, دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر, الأسكندرية.

٢١.القزوينى, الشيخ الأمام الخطيب ( ٢٠٠٤ ), الأيضاح فى العلوم البلاغة, المكتبة العصرية للطباعة والنشر, بيروت.

٢٢.الهاشمى, السيد أحمد ( ٢٠٠٧ ), جواهر البلاغة, دارالمعرفة, الطبعة الثانية, بيروت ـ لبنان.

٢٣.سامى, سحر ( د ) ( ٢٠٠٥ ), شعرية النص الصوفى فى فتوحات المكية لمحى الدين بن عربى, هيئة المصرية العامة للكتب.

٢٤.شعيب, أبن عبدالله أحمد ( ٢٠٠٨ ), الميسر فى البلاغة العربية دروس وتمارين, دار أبن حزم, الطبعة الأولى, بيروت ـ لبنان.

٢٥.طودوروف, تزفيطان ( ١٩٩٠ ), الشعرية, ترجمة شكرى المبخود و رجاء بن سلامة, دار توبقال, ط٢, دار البيضاء.

٢٦.عتيق, عبدالعزيز ( د ) ( ١٩٨٥ ), علم البديع, دار النهضة العربية للطباعة والنشر, بيروت.

٢٧.عزالدين, حسن بنا (٢٠٠٣ ), الشعرية والثقافة, مركز الثقافى العربى, دارالبيضاء ـ المغريب, بيروت ـ لبنان.

٢٨.فيود, بسيونى عبدالفتاح ( د ) ( ٢٠١٠ ), علم المعانى, مؤسسة الموختار, الطبعة الثالثة, قاهرة.

٢٩.فيود, بسيونى عبدالفتاح ( د ) ( ٢٠١١ ), علم البيان دراسة تحليلية لمسائل البيان, مؤسسة الموختار للنشر والتوزيع, الطبعة الثالثة, القاهرة.

٣٠.كوهن, جان ( ١٩٨٦ ), بنية اللغة الشعرية, ترجمة محمد الولى و محمد العمرى, دار توبقال للنشر, الطبعة الأولى, المغريب.

٣١.كوين, جون ( ٢٠٠٠ ), النضرية الشعرية ـ بناء لغة الشعر اللغة العليا, الطبعة الرابعة, ترجمة أحمد درويش, دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع, القاهرة.

٣٢.لاشين, عبدالفتاح ( د ) ( ١٩٩٩ ), البديع فى ضوء أساليب القرأن, دارالفكر العربى, القاهرة.

٣٣.مطلوب, أحمد ( د ) ( ٢٠٠٧ ), معجم المصطلحات البلاغية و تطورها, مكتبة لبنان ناشرون, بيروت ـ لبنان.

٣٤.ياكوبسن, رومان ( ١٩٨١ ), قضايا الشعرية , ترجمة محمد الولى و محمد حنون , سلسلة المعرفة الأدبية , دار توبقال , الدارالبيضاء.

**سێیەم: کتێب بە زمانی فارسی.**

٣٥.خان, ميرزا عبدالعظيم ( ١٣٠٨ ), كتاب البديع, چاپخانه فردوسى, چاپ دوم, طهران.

٣٦.رجائى, محمد خليل ( ١٣٥٣ ), معالم البلاغة در علم معانى و بيان و بديع, در چاپخانه دانشگاه پهلوى شيراز افست گرديد, چاپ دوم.

٣٧.شميسا, سيروس ( د ) ( ١٣٧٠ ), بيان, چاپخانه رامين, چاپ أول, تهران.

٣٨.شميسا, سيروس ( د ) ( ١٣٨٦ ), معانى, نشر ميترا, تهران.

**چوارەم: گۆڤار بەزمانی کوردی**

٣٩.ئەحمەدییان, جەمال ( ١٣٩٣ ), غەزەلە بڵاونەکراوەکانی مامۆستا ئەحمەدییان, گۆڤاری مەهاباد, ژمارە ( ١٦٠ ), ساڵی چوارده, مەهاباد.

٤٠. تۆدۆرۆف, تزڤيتان ( ١٣٨٠ ), بوتيقاو جوانی ناسی, و: تاهير ئاهەنگەری, گۆڤاری فەرهەنگی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی سروە, ساڵی حەڤدەهەم, ژمارە ( ١٨١ ), مهاباد.

٤١.عەبدوڵلا, ئيدريس ( ٢٠٠٧ ), دەروازەیەک بەرەو جوانکاری, ئەکادیمیای کۆواری کۆڕی زانیاری کوردستان, ژمارە ( ٦ ), هەولێر.

پێنجەم: نامەی ئەکادیمی ماستەر.

٤٢. قادر, شێرزاد عەبدوڵلا ( ٢٠١٤ ), لادان لە شيعری ( ڕەفیق سابیر )دا, نامەی ماستەر, سکوڵی زمان, فاکەڵتی زمان و زانستە مرۆڤە یەتییەکان, زانکۆی سلێمانی, سلێمانی.

٤٣. شعیا, رۆكان گوریل ( ٢٠١٤ ), هونەرەكانی ڕەوانبێژی لە شیعری فۆلكلۆری كوردیدا, نامەی ماستەر, سكوڵی زمان, فاكەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەكان, زانكۆی سلێمانی, سلێمانی.
٤٤. عثمان, نوزت أحمد ( ١٩٩١ ), ڕونبێژی لە شیعری كلاسیكی كوردیدا بەنموونەی مەلای جزیری و نالی, نامەی ماستەر, كۆلێژی ئاداب, زانكۆی سەلاحەددین, هەولێر.
٤٥. علی, دنیا شەهاب ( ٢٠١٥ ), هونەری ڕوونبێژی لە شیعرەكانی بێخود دا, نامەی ماستەر, كۆلێژی زمان, زانكۆی سەلاحەددین, هەولێر.
٤٦. مەلازادە, ئامینە یاسین محەمەد ( ٢٠٢٠ ), جوانكاری لە شیعرەكانی ( سەلام )دا, نامەی ماستەر, كۆلێژی زمان, زانكۆی سەلاحەددین, هەولێر.

# گێڕانەوە لە چیرۆکە شیعرەکانی ( ئەنور قادر محەمەد)دا

**ڕەوەند حمەجەزا قاضی[١]، مەریوان عمر حسن [٢]**
[١،٢] بەشی زمانی کوردی ، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی ، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: Rawand.jaza.@univsul.edu.iq

## پوختەی توێژینەوەکە:

یەكێك لە تایبەتمەندیەكانی ئەدەب،نوێبوونەوە و بەرەوپێشچوونە ،كە ئەوەش هاوشانە لەگەڵ هەنگاونان و پێشكەوتنی قۆناغەكانی ژیانی مرۆڤایەتی،ئەم گۆڕانكاریانە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ژانری نویێ لە نێو ئەدەبدا،چونكە هیچ ژانرێكی ئەدەب وهیچ ڕێبازێكی ئەدەبی ناتوانێت بۆ هەمیشە بمێنێتەوە،تەنانەت ئەگەر بەردەوامیشبێت ئەوا پێویستی بە گۆڕانكاری و نوێبوونەوە هەیە،بۆ گونجاندنی لەگەڵ سەردەمەكەیدا.ئەم هۆكارانە بوون بەهۆی سەرهەڵدانی چەند ژانرێكی نویێ ،یەكێك لەو ژانرانەیش(چیرۆكە شیعر)ە. لە نێو ئەدەبی كوردیدا حەفتاكانی سەدەی ڕابردوو.قۆناغی گۆڕانكاری گەورەبوو،كە لەقۆناغەدا سنوری نێوان ژانرەكان بەرەو كاڵبوونەوە چووە،لێرەوە چیرۆك وشیعر وەكو دوو ژانری دێرین.لە چوارچێوەی ژانرێكی نوێدا یەكیانگرتووە وناونراوە(چیرۆكەشیعر)كە ئەم ژانرە نوێیە تایبەتمەندی هەردوو ژانرەكەی لەخۆیدا هەڵگرتووە بەتایبەت ڕەگەزی (گێڕانەوە).( ئەنور قادر) كە یەكێكە لە شاعیرە هاوچەرخەكانی نێو ئەدەبی كوردی بەشێكی زۆر لەشیعرەكان دەچنە خانەی (چیرۆكە شیعر)ەوە،لەم لێكۆڵینەوەدا هەوڵدراوە،كە تەكنیكی گێڕانەوە لەچەند چیرۆكە شیعرێكی (ئەنور قادر) دا،بخرێتە ڕوو.

**كلیلی وشەكان: (ژانر ،چیرۆكەشیعر،گێڕانەوە ،ئەنور قادر)**

## خلاصة البحث :

ان نشوء الانواع الادبية يسير بمحاذاة التطورات الاخرى للمجتمع الانساني، بمعنى أخر إن اي مذهب ادبي لا يستطيع البقاء للابد، و في احتمال بقائه فانه لا يخلو من التغيير، وهذا يؤدي الى نشوء انواع ادبية جديدة، والشعر القصصي من الاشكال الجديدة للشعر والذي جاء من خلال اختلاط العناصر لكل من (القصة و الشعر)، وبالأخص عنصر السرد الذي يُعتَبر العنصر التكويني الاساس للشعر القصصي، حيث يمكن سبك قصة ما أو حدث ما بلغة شعرية من خلال عنصر السر د، وهذا يعطي ذوقاً للحدث من جهة، و يؤدي الى بقاء الرسالة و وصولها الى المتلقي من جهة أخرى، هذا الشكل من الشعر له جذور تأريخية في الأدب الكردي، فكُتبَت العديد من القصص و الحكايات البطولية باسلوب شعري، و حظي بالاهتمام في الادب الكردي المعاصر .

(انور قادر) من شعراء مرحلة سبعينيات القرن الماضي وبالأخص بعد ظهور جماعة (روانكه)، نستطيع أن نشير الى العديد من القصص الشعرية من بين نتاجاته الشعرية، و لعنصر السرد في قصصه الشعرية دور رئيس وذلك من خلال تقنيات مثل : (الحوار، المنولوج، الاسترجاع) .

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانكۆی هەڵەبجە:گۆڤارێكی زانستی ئەكادیمیە زانكۆی هەڵەبجە دەری دەكات | |
| بەرگ | ٦ ژمارە ١ ساڵی(٢٠٢١) |
| ڕێككەوتەكان | ڕێكەوتی وەرگرتن: ٢٠٢١/١/٢٤ \| ڕێككەوتی پەسەندكردن: ٢٠٢١/٢/١٥ \| ڕێككەوتی بڵاوكردنەوە: ٢٠٢١/٣/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | Rawand.jaza.@univsul.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاو كردنەوە | © ٢٠٢١ ڕەوەند حمەجەزا قاضی ، پ.ی.د مەریوان عمر حسن، گەیشتن بەم توێژینەوەیە كراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## Abstract:

The start of literature genre was alongside the modernization of human society. Meaning that, any method or concept will not remain the same forever at any stage of life, so even if they stays constant, it will not remain without being affected by changes. As a result, this will lead to the initiation of new genres, so the anecdotal poems is one of the new forms of poems which resulted from the interaction of both story and poetry. One of the well known elements of this new genre is known as (Narrative) which is the basic constructing element of anecdotal poems. A story or incident would be told in a form of poems with the use of narration which this also gives joy to the event and giving a message to the teller that remains in the mind of reader and receiver on the other hand. This form of poems has a long history in the Kurdish literature. There are tens of love and heroic anecdotes written in the form of poems in the Kurdish literature, and it also left important footages and impact on the contemporary literature of the Kurds. Anwar Qadir is one of the poets of the seventies, and we can find multiple anecdotal poems of him that he wrote after the establishment of Rwanga Group. Among his anecdotal poetry, we can also find narrative stories which shows us the use of narration had a great role in his poems with the techniques of dialogue, monologue, and flashback .


## پێشەکی :

حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو،قۆناغی گەشەسەندن و گۆڕانکاریی و گەشانەوەی ئەدەبی کوردی بوو،ئەوەش بوو بەهۆی دەرکەوتنی چەندین شاعیری نوێ لە نێو ئەدەبی کوردیدا،هەرچەندە بەشێک لەو شاعیرانە تا ئێستاش وەک پێویست لێکۆڵینەوەیان لەسەر نەکراوە و تواناکانیان دەرنەخراوە،لە نموونەی ئەو شاعیرانەیش (ئەنوەر قادر محەمەد)ە، سەرەڕای ئەوەی شیعرەکانی لێوانلێون لە هەڵوێستی بەرزی نیشتیمانی و نمونەن بۆ ئیستاتیکای شیعری هاوچەرخی کوردی، بەڵام کەمترین لێکۆڵینەوە لەسەر بەرهەمەکانی کراوە،لەبەر ئەوە بەگرنگمان زانی ئەم توێژینەوە بە ناوی (گێڕانەوە لە چیرۆکە شیعرەکانی ئەنوەر قادر)دا،ئەنجام بدەین،تیشک بخەینەسەر بابەتێکی دیاریکراوی وەک (چیرۆکە شیعر)لە شیعری ئەوشاعیرە هاوچەرخەدا،بۆ زیاتر دەرخستنی توانای ئەدەبی و هەوڵدانی ئەو شاعیرە بۆ داهێنان و نوێگەری لە ئەدەبی کوردیدا،لێکۆڵینەوەکە پێکهاتووە لەپوختەیەکی لێکۆڵینەوەکە بە هەردوو زمانی (عەرەبی و ئینگلیزی ) لەگەڵ دوو بەش ،کە لەبەشی یەکەمدا سەرەتا ناساندێك بۆ زاراوەی (ژانر) کراوە،پاشان چەمك و پێناسەی ژانر خراوەتە ڕوو لەگەڵ چۆنێتی ئاوێتەبوون و سەرهەڵدانی ژانری نوێ،بۆ نمونە ژانری (چیرۆکە شیعر ).پاشان لەبەشی دووەمدا بەکورتی باسی ئەزموونی شاعیر (ئەنوەرقادر محەمەد) و سەرەتاکانی هەوڵدانی بۆ هاتنە نێو دنیای ئەدەبەوە خراوەتە ڕوو .پاشان باس لە ڕەگەزی (گێڕانەوە)وەك ڕەگەزێکی سەرەکی چیرۆك ،لە نێو (چیرۆکەشیعر)دا کراوە، لەگەڵ خستنەڕووی نمونەی شیعری ،دواتر ئاماژە بە ڕەگەزەکانی گێڕانەوە (دیالۆگ، مەنەلۆگ ،فلاشباك ) کراوە هەروەها نمونەی پێویست لە چیرۆکەشیعر خراوەتە ڕوو .لەکۆتایدا بەچەند خاڵێك ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی توێژینەوەکە ئاماژەی بۆکراوە.لەگەڵ نووسینی لیستی سەرچاوە سود لێوەرگیراوەکان .


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## هۆكاری هەڵبژاردنی ناونیشان :

(ئەنوەر قادر محەمەد) شاعیرێكی هاوچەرخی نێو ئەدەبی كوردییە ،بارتەقا بەو توانا ئەدەبییەی كە هەیبووە تا ئێستا وەك پێویست لێكۆڵینەوەی ئەكادیمی لەسەر نەكراوە ،بە بەراورد بەشێك لە شاعیرانی هاوتەمەنی خۆی،بۆیە بە گرنگمان زانی، كەلێكۆڵینەوەیەكی تایبەت بە (چیرۆكەشیعر)وەك ژنرێكی نوێ لە بەرهەمە شیعرییەكانیدا بكەین .

ڕێبازی لێكۆڵینەوەكە:

بەهۆی سروشتی بابەتەكەوە ڕێبازی لێكۆڵینەوەی (وەسفیی شیكاری)مان ،بە شیاو زانیوە بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوە.

## گرنگی لێكۆڵینەوەكە :

گرنگی ئەم لێكۆڵینەوە لەوەدایە ،لەسەر دوو بابەت كراوە ،كە تائێستا زۆر بە كەمی گرنگی پێدراوا ،ئەویش(ئەنوەر قادر محەمەد) وەك شاعیرێكی هاوچەرخ ، خاوەن شێواز و ستایلی تایبەت بەخۆی، دووەم (چیرۆكەشیعر) وەک ژانرێكی سەربەخۆ و دەرخستنی ڕۆڵی گێڕانەوە لەم ژانرە نوێیەدا.

## بەشی یەکەم : ژانرە ئەدەبییەكان :

زاراوەی ژانر وەك زۆر زاراوە و چەمكی دیكەی ئەدەبی و فەلسەفیی و هونەری ،بناغەكەی دەگەڕێتەوە بۆ گریك ( یۆنانی كۆن )،هەرچەندە وشەی ژانر خۆی لە نێو زمانی فەرەنسییەوە دەركەوتووە بۆ ئەو مەبەستەی ،كە ئەمڕۆ بەكاردەهێنرێت.((وشەی ژانر (Genre) وشەیەكی فەرەنسییە ، بنچینەی بۆ وشەی (Genus) ی لاتینی دەگەڕێتەوە.لە زمانەكانی ڕۆژئاواشدا بە چەندین شێوەتر دەربڕاوە وەكو : (Kinds, Types, Forms , Genres) بەڵام بەشێوەیەكی گشتی زیاتر (Genre) بۆ ئەم مەبەستە بەكارهاتووە))( ڕەشید ، ٢٠٠١،ل٣١-٣٢) نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد ،لە كتێبی (فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی ) بەهەمان شێوە بنەچەی وشەی ژانر بۆ وشەیەكی فەرەنسی دەگەڕێنێتەوە: (( ژانری ئەدەبی ،یان جۆری ئەدەبی ، لە عەرەبیدا (الجنس الادبی ) وشەی ژانر لە بنەڕەتدا وشەیەكی فەرەنسییە(Genres) ئێمەش ئەم وشەیەمان لەوزمانەوە وەرگرتووە)) ( ئەسوەد ، ٢٠١١،ل٣٩ ) بەڵام (د.موحسین ئەحمەد عومەر) پێی وایە ئەم وشە ماوەیەكی كەمە هاتووە ناو زمانی كوردییەوە و دەڵێت (( وشەی ژانر لە (Genre) هاتووە،ڕەگەكەی لاتینی یە،لە زمانی ئینگلیز و فرەنسی و زمانەكانیتری ئەوروپی بەكاردێ، ماوەیەكیشە ئەم وشەیە هاتووەتە ناو زمانی كوردی )) ( عومەر، ٢٠١٢،ل٩٨) دواتر ئەم وشەیە ،هاتوەتە نێو زمانی عەرەبی و لەوێیشەوە گواستراوەتەوە بۆ نێو زمانی كوردی (( لە ناو لێكۆڵینەوە ئەدەبی و ڕەخنەییە كوردیەكاندا لە بەرامبەر ئەو زاراوەیە زاراوەكان ( جۆر ، هونەر ،شێوە ، ژانر) بەكارهاتوون،هەروەها بەرامبەر زاراوەی (literary Genres) (الاجناس الادبیە) ،زاراوەكانی وەكو : (جۆرەكانی ئەدەب ،هونەرەكانی ئەدەب ، جۆرە ئەدەبیەكان ،ژانرە ئەدەبییەكان ) بەكارهاتوون)) (ڕەشید ، ٢٠٠١ ،ل٣٢).بێگومان لە فەرهەنگە زمانەوانییەكانیش وشەی كوردی ڕەسەنمان هەیە ،بەرانبەر بە وشەی ژانر ، لە فەرهەنگی ( خاڵ ) ی ،(شێخ محمدی خاڵ )دا ،(( وشەی (چەشن) واتای تەحر و جۆر دەگەیەنێت ،واتە بەم تەحر و جۆرە )) (خاڵ ،٢٠٠٥، ل١٤٣) .

## چەمك و پێناسەی ژانرە ئەدەبییەكان :

ڕەنگە پێناسەیەكی تەواو گونجاو نەبێت بۆ ژانرە ئەدەبییەكان ،كە بتوانێت لە هەموو ڕوویەكەوە تیشك بخاتە سەر جۆر و پێكهاتەی ژانرە ئەدەبییەكان، بەڵام تا ئێستا لە لایەن لێكۆڵەرەوانی ئەدەبییەوە چەندین پێناسەی جۆراوجۆر بۆ چەمكی ژانرە ئەدەبییەكان كراوە.(( بە ئاراستەیەكی ترو لە لێكدانەوەیەكی تری چەشنە ئەدەبییەكاندا، (م. هـ. ئەبرام) لە كتێبی (كورتەیەكی زاراوە ئەدەبییەكان) دا، دەڵێت: ژانر زاراوەیەكە، ئاماژەدەكات بە دووبارەو چەندبارەبوونەوەی جۆرێك لە ئەدەب، یان ئەوەی لە ئێستادا بە «فۆرمی ئەدەبیی» ناودەبرێت ئەو ژانرانەی كارە ئەدەبییەكانیان پێ پۆلێنكراوە لە زەمەنە جیاجیاكاندا، ژمارەیان زۆر زۆرەوە، ئەو پێوەرانەش كە پۆلێنكردنەكانیان لەسەر بنیاتنراوە

زۆر جیاوازو جۆراوجۆرن. یان دەوترێت: ( گەشەکردنی هەر چەشنێکی ئەدەبیی وابەستەی هەڵوێستییەتی بە مێژوو و کۆمەڵەوە)) (حسەین ،٢٠٠٧،ل ٣٦ ) ،کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانی بەردەوامی ژانرەکان وتێکەڵبوونیان لەگەڵ یەکدی،لەبەر ئەوە پێناسەیەکی جێگیرو بەردەوام بۆ ژانرە ئەدەبییەکان تاڕادەیەك کارێکی ئاسان نییە، ((چۆن ناوەڕۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەدەب ،لە یەك ڕەنگ و یەك دەنگ نییە ، لەهەمان کاتیشدا چەسپاویش نییە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دی دەگۆڕێت ،ئاوەهایش چوارچێوەی هونەری وئیستاتیکی دەقی ئەدەبی شتێکی چەسپاو ونەگۆڕ نییە ))(رەشید ،٢٠٠٥،ل٢٦ ) بۆیە دەگونجێت ئەوپێناسەی بۆئێستا گونجاوە بۆ سەردەمێکی دواتر بێ بایەخ سەیر بکرێت ، یاخود ئەگەر هەمان پێناسە بەسەر بەرهەمی چەند دەیەیەك لەمەو پێشدا پراکتیزە بکەین ،ئەوا کارێکی بێ واتا دەربچێت. سەرەڕای ئەوەش چەندین پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە.(( ژانرە ئەدەبییەکان پرەنسیبێکی سیستماتیکە .ئەم تیۆرە ئەدەب بەپێی کات وشوێن و قۆناغ و زمانی نەتەوە پی پۆلین ناکات ،بەڵکو بەپێی بونیاد وسیستمی هەرژانرێکی جیاواز پۆلێنی دەکات ))(ئەسوەد ،٢٠١١،ل٤١) بەڵام وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا یاساوڕێساکانی سنوربەندکردنی ژانەرەکان یاخود دانانی چوارچێوەیەکی فۆرمەلەکراو بۆ ژانرە ئەدەبییەکان کارێکی ئاسان نییە و نەبووە،هەمیشە جێی مشتومڕی نێوان شارەزایانی ئەدەب بووە. کەواتە بەشێوەیەکی گشتی ،ژانرە ئەدەبییەکان پێناسەکانیان بە پێی سەردەم و قۆناغە جیاوازەکان گۆڕانکاری بە خۆیەوە بینیوەوە.(( توێژەرانی بواری ئەدەبیاتناسی لە ڕوانگەی جیاواز و جۆراوجۆرەوە پێناسەی ژانری ئەدەبیان کردوە .بۆنمونە (جیرار جینت) لە پێناسە کردنیاندا ،دەڵێت : ژانرە ئەدەبیەکان چەند جۆرێکی ئیستاتیکی ڕووتن )) (بەکر ،عەبدولوەهاب ،٢٠١٦،ل٢٤٨). یاخود لێکۆڵەر و تیۆردانەری فەرەنسی ( تزیفیتیان تۆدۆرۆف ١٩٣٩-٢٠١٧) سەبارەت بە چەمکی ژانر دەڵێت :(( چەمکی ژنرا بریتییە لە ڕێکەوتنێك دەربارەی بەرهەم و تێگەیشتن لە تێکستی ئەدەبی و چەمکێکی زانستی نییە)) (حەمە ئەمین ،٢٠١٤ ،ل ٢١) بەمەبەست لەم بۆچوونە گرنگیدانی ژانرەجیاوازەکانە بە ناوەڕۆکی بەرهەمەکان ،لە پیشاندانی جوانی و چێژ لەنێو دەقەکاندا .(( چەشنە ئەدەبییەکان یان ئەوەی ئەوروپییەکان بە ژانرە ئەدەبییەکانیش باسیدەکەن، لە سەرچاوە کوردییەکاندا بە هونەرەکانی ئەدەب هاتووە، لە ئاست بوارە ئەدەبییەکانی تردا کەمتر لێکۆڵینەوەی لەسەرکراوە، هۆکاری ئەمەش بۆ سەختیی جیاکردنەوەی ژانرەکانو ئاوێزانبوونیان بەیەکدیو دیارینەکردنی سنوورگەلی وەهان کە بتوانن پاوانی هەریەك لەم ژانرانە جیابکەنەوە)) (حسەین ،٢٠٠٧ ،ل٣٢)، جیاکردنەوەی ژانرە ئەدەبییەکان هەر لە سەردەمی ئەرستۆوە ، کە سەرەتایەکی بنەڕەتی دانا لەمەڕ جیاوازی ژانرەکان،کە ئەویش لەبەرمەبنای تایبەتمەندی و ئەدگاری هەر جۆرێکی تایبەت بووە لە ژانرەکان ، ئەم دیاریکردنە تایبەتمەندی و سنوری بەهەریەك لەو ژانرانە بەخشیبوو ،کە بەزاندنی سنوری هەریەکەیان یاخود ویستی لێکدان و تێکەڵکردنی دوو ژانر وەك شتێکی مەحاڵ دەهاتە پێش چاو،بەڵام ئەم سنورانە بە پێی تێپەڕ بوونی زەمەن ، وردە وردە بەرەو کاڵبوونەوە چوون (( ژانرە ئەدەبییەکان لە تێڕوانینی تیۆری نوێی ئەدەبدا،ئەم تیۆرە باوەڕی بە ئاوێتە بوونی ژانرە ئەدەبییەکان هەیە،چ لە ناوخۆیاندا ،یا لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەدەبدا ،سەرەتای ئەم بۆ چوونە بۆ سەدەی نۆزدەهەم ،سەرهەڵدان و گەشەکردنی ڕێبازی ڕۆمانتیکی دەگەڕێتەوە .ئەم تیۆرە باوەڕی بە پاکی ژانرەکانی ئەدەب نییە. لەو باوەڕەدان ،کە خاسیەتە تایبەتییەکانی هەر ژانرێکی نوێ لەناکاو و لە نەبوونەوە سەریان هەڵنەداوە ، بەڵکو ئەو خاسیەتانە لە ژێر خاسیەتی ژانرەکانی تردا دەمێنێتەوە،لە هەمانکاتیشدا هەندێك لە خاسیەتەکانی ژانرە کۆنەکانی تێدا دەمێنێتەوە ))(عەبدولوەهاب ،٢٠١٥ ، ل ٣٠ ) کەواتە دەربارەی سەرهەڵدان و گەشەکردن و پاشان خاوبوونەوە و کاڵبوونەوی ژانرەکان دەتوانین بڵێین،کە چەشنە ئەدەبییەکان وەک جۆگلە ئاوێکی دوای باران دێتو بەناو دەشتێکدا بڕوات، چۆن دەبێ بە دوو، سێ ،...تاد، لە پڕ دووان یەك دەگرنەوە، یەکێ نامێنێت، یەکێك بەردەوام دەبێت لە ڕۆیشتن بەم شێوەیەش چەشنە ئەدەبییەکان کە لە سەرەتادا لە شیعردا کۆبووبوونەوە خۆیان لە ئەدەبی داستانو شیعری لیریکیو ئەدەبی درامییدا دەبینییەوە، بەڵام دواجار بەو میتۆدەی سەرەوە ئەم هەموو جۆرەیان لێ پەیدا بووە.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## مێژووی ژانره ئەدەبییەکان :

هەرچەندە دیاریکردنی کاتێك بۆ سەرەتای جیاکردنەوەی ژانرە ئەدەبییەکان ،کارێکی ئاسان نییە،بەڵام بێگومان بە گەڕانەوە بۆ نێو کتێبە بەنرخەکەی ئەرستۆ (هونەری شیعر) دەتوانین،ئەو تایبەتمەندیانە ببینین کە وەك جیاوازیی و خاسیەتی هەریەکێك لە جۆرەکانی ئەدەب لەلایەن ئەرستۆوە دیاری کراوە ،کە لەوسەردەمەدا تەنها سێ چەشنی دیاری کردووە،کەئەمەش دەبێت بە سەرەتایترین شێواز یان هەوڵدان بۆ جیاکردنەوەی ژانرەکان لە یەکدی (( بۆ یەکەم جار( ئەرستۆ ٣٢٢.پ.ز) ئەدەبی بەسەر سێ جۆر دابەش کردووە ،(تراژیدیا، کۆمیدیا ، داستان ) ئەم پۆلێنکردنەیش لە کتێبەکەی خۆی (هونەری شیعر ) باسکردووە،بە گوێرەی تیۆرەکەی ئەرستۆ هەرجۆرێکی ئەدەبی جیاوازە لە جۆرەکەیتر ،هەر ژانرێك کۆمەڵێك ڕێسای تایبەتی خۆی هەیە ،کە لە ڕووی سروشت و بەهاوە جیاوازن لە یەکدی ،بۆیە ئەرستۆ پێداگری لەوە کردووە نابێ جۆرەکانی ئەدەب تێکەڵی یەکتر بکرێن ،بەڵکو دەبێت هەرجۆرێك بەسەربەخۆی خۆی بمێنێتەوە ،ئەم ڕێبازەیشی بە (پاکی جۆرەکان )ناسراوە)).(ویلك – وارین ، ١٩٨٧،ص٢٤٦) بە بۆچوونی بەشێك لە توێژەرانی ئەدەب ، مێژووی ژانرە ئەدەبییەکان هاوشانە لەگەڵ مێژووی ئەدەب ، وەك ئاشکرایە سەرەتای بەرهەمی ئەدەبی بەپێی بۆچوونی زۆرینەی لێکۆڵەران بە شیعر دەستپێدەکات ،کە ئەویش لەسەر بنەمای دابەشکارییەکەی ئەرستۆ بووە ،بەم شێوەیە تا سەدەی حەڤدەهەم ئەم تیۆرەی ئەرستۆ بەردەوام بووە.بەڵام لەو مێژووە بەدواوە ،واتا لەسەرەتاکانی سەدەی هەژدەیەمەوە ئیدی وردە وردە گۆڕانکاری لە پۆلێنکردنی ژانرەکاندا ڕوویدا ،بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هەر دابەشکردنەکان ،لەسەر شیعروەك تاکە ڕەگەزی ئەدەبی دەکران ، لەبەرئەوەیە (( دابەشکردنە کۆنەکان تا سەدەی هەژدەیەم وابەستەی دابەشکردنی شیعرن، بەو ئاراستەیەی «ئەدەب» تا ئەو دەمە بە «شیعر» دەناسرا، هەر ئەمەش وادەکات کە پۆلێنکردنی چەشنە ئەدەبییەکان لە ئەرستۆوە تا بە برۆنتییرو هیگڵو ئیلیۆت دەگات، پۆلێنکردنی شیعرە نەك شیعرو پەخشان پێکەوە،(هیگڵ)یش شیعر بۆ دوو جۆری سەرەکیی کە (داستانو لیریکی)ن، دابەشدەکاتو لە لێکدانی ئەم دووانەش جۆری سێیەم دیاریدەکات کە (شیعری درامی)یە، کە بۆ درامای کۆمیدیو تراژیدیی بەشی دەکاتو لە لێکدانی ئەم دوانەشەوە (درامای نوێ) پێکدەهێنێت. (ت. س. ئیلیۆت)یش شیعر بۆ لیریکیو داستانو دراما دابەشدەکات.))(حسەین،٢٠٠٧ ،ل٣٤-٣٥) ،چونکە هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەدەب وەك دیاردەیەك بۆ خەم ڕەوێنی وپیشاندانی هەست وسۆز و حەز و خولیای مرۆڤ ،ئەدەب بووە بە ئاوێکی ڕوون کە مرۆڤ شێوە و ڕوخساری خۆی تێدا بینیوە ،لەگەڵ گۆڕانی حەز و ئاواتی مرۆڤدا ،گۆڕانکاری لە شێوازی دەربڕین ی هەست و گوزارشتەکانی مرۆڤیشدا ڕوویدا ،ئەمەش بوو بە هەوێنی لە دایکبونی ژانری نوێی ئەدەبی .لەبەر ئەوەیە ،کە (( (برۆنتییر) پێی وایە وەك چۆن هیچ شتێك لەناو سروشتدا لەناو ناچێت ،بەهەمان شێوەیش لەنێو ئەدەبدا هیچ شتێك لەناو ناچێت چونکە چەشنی ئەدەبیی وەك چەشنی بایۆلۆژیی وایە، دێتو گەشەدەکات و لەناودەچێت، بەڵام ئەم لەناوچوونە لەناوچوونی تەواونییە، بەڵکو ڕەگەزەکانی لەگەڵ چەشنی تردا بەردەوامدەبێتو دەمێنێتەوە بۆ ژانرێکی دیکەش دەگوازرێتەوە تێکەڵی ڕەگەزەکانی دیکە دەبێت و ئەمیش گەشەدەکات)) (عزیز ،٢٠١٠،ل ٩٦).بێگومان ئەم ژانرە نوێیەش کە لەدایك دەبێت ،تەواوکەری ژانری پێش خۆیەتی ، مانەوەی ئەم ژانرەیش شتێکی گرنتیکراو نییە و ئەم شێوە نوێیەی ئەدەبیش ،ئەگەری گۆڕانکاری هەیە،بەڵام ئەمەش بەتەواوی لە ناوناچێت بەڵکو دەبێتە جۆرێك لە کەرەستەی خاو بۆ سەرهەڵدانی ژانرێکی نوێ کەتوانای وەلامدانەوەی حەز و خولیاکانی هەبێت لە سەردەمێکی دیاری کراودا،ئەم بۆ چوونەی (برۆنتێر) بووبەسەرچاوە بۆ هاندانی شاعیران نووسەرانی دەق ئەدەبی .(( لەلایەك ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە هەڵوەشاندنەوەی هزری نەگۆڕی و نەمری چوارچێوەی ژانرەئەدەبیەکان ،لەلایەکی دیکەیشەوە سەرنجی توێژەرانی بۆ لێ وردبونەوەی ژانرە ئەدەبییەکان ڕاکێشا ))( ڕەشید ،٢٠٠١،ل ٣٣) ئەمەش وا لەشاعیر و نووسەری دەق ئەدەبی دەکات ،کە هەمیشە بەدوای چەشن نوێی ئەدەبی بگەڕێت بۆ گەیاندنی مەبەست و پەیامەکەی، نەك تەنها خۆی لەچوارچێوەی قاڵبە کۆنەکانی ئەدەبدا بەند بکات، ئەم تێڕوانینە لە مەڕ سەرهەڵدان وگەشانەوە و پاشان پوکانەوەی ژانرە ئەدەبییەکان لای چەندین شارەزای دیکەی ئەدەبیش دەبینرێت لەوانەش (( سیمۆند پێی وایە کە ژانرە ئەدەبییەکان بەهەندێك قۆناغدا تێدەپەڕن ،کە لە قۆناغەکانی گەشەکردنی مرۆڤ لە پێگەیشتن و گەشەکردن و لەناوچوون نزیکە )) ( غفور،٢٠١٥،ل٦٣). ((جەی. ئەی. کیدۆن) ژانر بە چەشن، یان پۆلێکی ئەدەبیی باسدەکاتو دەڵێت: ( ژانرە

سەرەکییە کلاسیکییەکان بریتیبوون لە: داستان، تراژیدیا، لیریك، کۆمیدیاو سەتایر، لە ئێستاشدا ڕۆمانو کورتەچیرۆکیشیان بۆ زیادکراوە)). ((حسەین ،٢٠٠٧ ،ل٣٢-٣٣).وەك دەبینرێت بە پێی گۆرانی سەردەمەکان، گۆڕانکاری لە مێژووی ژانرەکاندا ڕووی داوە، بۆیە دەکرێت بڵێن مێژووی ژانرە ئەدەبییەکان بەپێی هەر سەردەمێك و بیروبۆچوونی هەر نووسەر و فەیلەسوفێك گۆڕان بەخۆیەوە دەبینێت . کە هەندیك جار دەگونجێت ژانری نزیك لەیەکتری لەڕووی ناوەڕۆکەوە بەڵام لە ژێر ناو و ناونیشانی جیاوازدا ببینرێت.یاخود دوو ژانری وەك شیعر و چیرۆك کە لەڕووی ڕووخساری هونەرییەوە جیاوازییەکی زۆریان هەبووە لە سەرەتادا ،بەڵام دواتر لەئەنجامی گۆڕانی خواست و خولیای خوێنەران ئەم جیاوازییە بەرەو کاڵبوونەوە چووە و شیعر و چیرۆك لەناو بۆتەی ژانرێکی نوێی ئەدەبییدا خۆیان بینیوەتەوە ،کە ناوی لێنراوە (چیرۆکە شیعر) ،کە توانای وەڵامدانەوە و تێرکردنی چەشەی ئەدەبی خوێنەری سەردەمی خۆیەتی،بۆیە دەوترێت مێژووی ژانری ئەدەبی هاوتەریی مێژووی ئەدەبە،(( ژانری ئەدەبی جۆرە بەرهەمێکی ئەدەبییە ،کە لە ڕەوتی مێژوویدا پەیدابووە و خەملاوە،لە ڕووی تیۆریەوە چەمکی ژانر ئەو سیما هاوبەشانە دەگرێتەوە، کە کەم تا زۆر تایبەتمەندی گروپێکی فراوانی بەرهەمی ئەدەبیی سەردەمی نەتەوەیەك یان ئەدەبی جیهانییە و دەشێ بوترێ زۆربەی ژانرەکان بەسەر جۆردا دابەش دەکرێن ،ئەویش بەهۆی پرنسیپی هاوچەشن و تایبەتمەندیی وێنەیی و هونەری و جۆری بونیادەکەی لەلایەکی ترەوە، لەگەڵ هەموو سیما گشتییەکانی ژانریشدا لە ئەدەبی جیهانیدا، تایبەتمەندی و پرۆسەی مێژووی ئەدەبی هەرنەتەوەیەك دەوری لە چۆنێتی ئەو ژانرانەدا هەیە،کە سیمای ئەدەبی و نەتەویی هەرگەلێکن ))(حەمە ئەمین ،٢٠١٤ ،ل ١٧-١٨) کەواتە ئەگەر چاوێك بە مێژووی ژانرە ئەدەبییەکاندا بخشێنین دەبینین، لە گۆڕانی بەردەوامدایە،لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکیتر یاخود لە قوتابخانەیەکی ئەدەبییەوە بۆ قوتابخانەیەکی دیکە. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، چەشنە ئەدەبییەکان لەگەڵ گەشەکردنی مرۆڤایەتییدا گەشەیانکردووە، ئەم گەشەکردنە لەسەر یەك تەوەری دیاریکراو نەچۆتە پێشەوە، بەڵکو بە جۆرێك لە جۆرەکان گۆڕان بەسەر فۆڕم یان ناوەڕۆك، یان هەردووکیاندا هاتووە، هەندێکجار گۆڕانکاری لە توخم و جۆری ژانرەکاندان بەدیدەکرێت ،کە دوای ئەوەش دەتوانرێت سیمای ژانرە ڕەسەنەکەی تێدابیبنرێتەوە ، بۆ نمونە هەر ئەو تراجیدیا و کۆمیدیایە لە سەرەتادا بە شیعر دەنوسرا دواتر بە شێوەی پەخشان دەنووسرا،یاخود شاعیران لە ئەنجامی لێکدانی ئەم دوو ژانر شێوازێکی نوێی شانۆنامەیان دەنووسی کە بە (تراجیکۆمیدی) ناسراوبوو،کە زادەی لێکدانی ئەو دوو ژانرە سەربەخۆیەبوو،هەروەها داستان کە لەسەرتادا بەشیعر دەنووسرا ،دواتر بەشێوەی پەخشان دەنووسراو ،پاشان لە ئەدەبیاتی سەردەمی ئێستادا داستان بەتەواوی بەرەو پووکانەوە و نەماچوو ، ڕەگەزەکانی خۆی لە نێو ڕۆماندا دەرخست.هەر لەبەر ئەوەیە (( ( ڕێنی ویلیك ) لە کتێبی «چەند چەمکێکی ڕەخنەیی» دا، دەڵێت لەم چەرخەی ئێمەدا تیۆری ژانە ئەدەبییەکان شوێنێکی گرنگ لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا داگیرناکات ،هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە جیاکردنەوەی نێوان ژانرەکان بایەخێکی ئەو تۆی نەماوە،ئەمڕۆ هەر نووسەرێك بە ئاسانی دەتوانێت سنوری نێوان ژانرە ئەدەبییەکان ببڕێت و لە ژانرێکەوە بپەڕێتەوە بۆ ژانرێکی دیکە،ئەمڕۆ ژانرەکان تێکەڵی یەکدی دەبن ،ژانری بەسەرچوو و ڕەگەزی کۆن جێدەهێڵرێت و بەکەڵکی ئەمڕۆ نایەت یان بڵێین تێکستێك دادەهێنرێت مومکینە هەموو ژانرەکان لەخۆ بگرێت ))(ئەسوەد ،٢٠١١،ل ٤٤(،واتە سەردەمی کۆت و بەندکردنی شاعیر بە ژانرێکی تایبەتەوە نەماوە.بەڵکو مەودایەکی فراوان لەبەردەمی شاعیر و نووسەرانی دەق ئەدەبیدا کراوەتەوە بۆ گەیاندنی پەیامەکەیان بە وەرگر ،بەڵام ئەوەش کاتێک دەبێت کە چەشەی ئەدەبی لەبیر نەکرێت.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## بەشی دووەم :

## گێڕانەوە لە چیرۆکە شیعرەکانی ئەنوەر قادر محەمەد دا :

## ژانری چیرۆکەشیعر :

چیرۆکەشیعر وەك زاراوە پێکهاتووە لەناوی دوو ژانری سەربەخۆ (چیرۆك + ە+ شیعر ) کە لە زمانی کوردیدا هەندێکجار وشەی (شیعری چیرۆکئامێز)یشی ،پێدەوترێت،واتە شیعرێك کە چیرۆکی لەئامێز گرتبێت ،یاخود شیعرێك کە ئامێزی ئاوەڵابێت بۆ چیرۆك.ئەم زاراوانە بەکاردەهێنرێت لەبەرامبەر دەقێکی دیاری کراوی ئەدەبی ،کە خاوەنی خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆیەتی ،کە لە نێو ئەو تایبەتمەندیانەدا بە روونی بەشێك لە بنەماکانی شیعر و بەشێکی دیکە لە بنەماکانی چیرۆك بەدیدەکرێت.(( ژانرێکی ئەدەبی سەربەخۆی خاوەنی کەسایەتی و خەسڵەتی خۆیەتی ،تیایدا چیرۆکێک بە شیعر دەگێردرێتەوە،دەبێت مەبەستی ئاشکرای شیعرەکە گێڕانەوەی چیرۆک بێت.))(امین،٢٠١٢،ص٩٣) واتا لە کورترین پێناسەدا بۆ ئەم ژانرە ئەوەیە ،کە هەر لە ناوی ژانرەکەوە پێناسەی ژانرەکە خۆی هەستپێدەکرێت ،کە بریتییە لە شیعرێك لە هەناوی خۆیدا چیرۆکێکی هەڵگرتووە ،یان دەکرێت بڵێین چیرۆکێکە بە شیعر دەنووسرێتەوە.بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەربەخۆی خۆی پاراستووە.چەندین پێناسە بۆئەم ژانرە نوێیە کراوە (( لەئەنجامی نزیکی و چوونەناویەکی ژانرەکان لەئەدەبیاتی نوێ و قۆناغێکی تردا، جۆرێکی تر لە ژانر سەرهەڵدەدات،ئەویش شیعری چیرۆکئامێز یان چیرۆکەشیعرە،کە ڕەگی لەئەدەبیات کۆنی زۆربەی میللەتاندا هەیە،لە شێوە و قاڵبی شیعری نوێ و پەخشانئامێزیشدا بەشێکی دیار و جێگەی خۆی گرتووە))(حەمە ئەمین ،٢٠١٤،ل ٤٠) واتە ئەگەر بەم شێوە تایبەتمەند و جیاکراوەیش نەبێت ئەوە لە نێوئەدەبی میللی زۆربەی میللەتاندا چیرۆکەشیعر هەبووە،سەرەتاکانی دەرکەوتنی ئەم ژانرە وەك زۆر جۆری دیکەی ئەدەبی دەگەڕێتەوە بۆلای یۆنانییەکان کە تایبەتمەندیەکانی ئەم ژانرە لە بەرهەمەکانیاندا دەستنیشانکراوە ، (( یۆنانیەکان داستانە ئەدەبیەکانی خۆیان بە شیعر نووسیوە لەوانە (ئەلیادە و ئۆدیسا)ی هۆمیرۆسن ،لای ڕۆمانیەکانیش داستانی (ئەنیادە) ی ڤیرجل بە شیعر نووسراوە))( غفور،٢٠١٥،ل١٩٦ ) دواتر لەنێو گەلانی دیکەی جیهان وگەلانی ڕۆژهەڵاتدا ئەم ژانرە ئەدەبییە سەریهەڵدا و لەنێو میللەتی کوردیشدا شیعرئاوێزانی چیرۆك کرا و بەرهەمێکی نوێی لێ پێکهێناوە، چونکە هەمیشە چیرۆك میوانی دیوەخان و کۆڕوکۆبوونەوەکانی کۆن بووە ،چیرۆکێك کە هەم پەندئامێز و ڕێنیشاندەر بووە،بۆ ئەوەیشی زیاتر کاریگەری لەسەر گوێگرانی دابنێت زۆرجار بە شێوەی شیعر وتراوە(د.مارف خەزنەدار)لەبارەی (چیرۆکە شیعر) لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا دەڵێت (( لە مێژووی ئەدەبی نەتەوەکانی سەر ڕووی زەوی گەلێ بەرهەمی ئەدەبی هەیە،بەتایبەتی (چیرۆکەشیعر ) لە کۆنی کۆنەوە بووە بە بابەتی گێتی شێعری ئەو نەتەوانە،بەم جۆرە ئەگەر ئێمە شانازی بەوە بکەین چیرۆکی شیعری هونەرێکی باو و لە ڕووە لە ئەدەبی کوردیدا، بۆمان هەیە (مەم و زین) لەڕیزی پێشەوە دابنێین ، یا بە مەزنترین چیرۆکی شیعری بژمێرین ،لەسەرانسەری مێژووی ئەدەبی کوردیدا ))( خەزنەدار ،٢٠٠٢،ل٣٧٢) واتە کاتێک هەردوو ژانری چیرۆك و شیعر تێکەڵ بەیەك دەبن ،هەردوو توخمەکانی چیرۆك و شیعر لە ژانری چیرۆکەشیعر دەبینرێت .ئەم ژانرەئەدەبییە مێژووی کۆنی هەیە، میللەتی کورد و ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی هێندە دەوڵەمەندە کە خاوەنی هەموو ژانرە ئەدەبیەکانە و لە نێویشیاندا چیرۆکەشیعر ،کەواتە ئەم ژانرە هەرچەندە گۆڕانی ڕیشەی بەسەر فۆرمیدا هاتووە ،بەڵام وەك بنەما سەرەکییەکانی خۆی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئەدەبی نووسراوی کوردی ،ئەم ژانرە توانیویەتی جێگەی خۆی لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا بکاتەوە چونکە بابەتەکانی بوونەتە جێگەی ڕەزامەندی و دڵخوازی گوێگران بووە ،لەبەر ئەوە زۆر چیرۆکی گوێ ئاگردان پاش بڵاوبونەوەیان لە نێو خەڵکیدا لەلایەن کەسانێکی خاوەن سەلیقە و بەهرەی شیعرییەوە ،لەشێوەی شیعری سەرواداردا دڕێژراونەتەوە . (( هەرقۆناغێك لە قۆناغەکانی گەشەکردن و گۆڕانی کۆمەڵگە پەیوەندی جوانیناسی و ئیستاتیکی خۆی بە جیهانەوە لە ڕێگەی چەند ژانرێکی دیاریکراوەوە بەرجەستە دەکات))( تلیمە ،١٩٧٦،ص١٣١)،پاشان ئەم جۆرە لە شیعر لە نێو ئەدەبی کوردیدا زیاتر گەشەی سەند ،ئەوەش پەیوەست بوو بە دەرکەوتن و گەشەسەندنی چاپخانەکان لە کوردستان دەقی ئەدەبیش گەشەی سەند و لە نێویشدا دەقی چیرۆکەشیعر بەهەمان شێوەگەشەی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی .بۆ نمونە ((گۆڤاری (هەتاو ١٩٥٤-١٩٦٠) لە ( هەولێر ) دەرچووە.تێیدا (٢١ ) چیرۆکەشیعر بڵاوکراوەتەوە*))(غفور،٢٠١٥،ل٢٠٠-٢٠١) ، کە ئەو ژمارە زۆرە لە

چیرۆکەشیعر ئاماژەیە بە گرنگیدانی چیرۆکنووسان و شاعیرانی ئەوسەردەمە بە ئەم شێوازە لە شیعر ،کە بێگومان گۆڤاری( هەتاو)تەنها وەك نمونەیەك وەرگیراوە ،بۆ ئەو رۆژنامە و گۆڤارانەی لەو سەردەمەدا دەرچوون ، واتە ئەم جۆرە شیعرە جگەلە گۆڤاری ( هەتاو) لە نێو زۆرینەی گۆڤار وبڵاوکراوەکانی دوای پەیدابوونی چاپخانە و دەرچوونی رۆژنامەو گۆڤارەکاندا گرنگی تەواوی پێدەدار،ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە ،لە دوایدا و پاش دەرکەوتنی ( گروپی روانگە ) زیاتر پەرەبسێنێت،کە ئەم گۆڕانکاریانەیش بوون بەهۆی دەرکەوتنی ژانری نوێ و زیاتر برەو سەندنی ئەو ژانرە نوێیانەی شیعر کە تازە دەرکەوتبوون (( دوای روانگە بەتایبەتی ساڵانی هەشتاکان،شیعر زیاتر زەمینەیەکی نوێتری بەخۆوە بینی ،کەرەستەی هونەری نوێی بەخشییە شیعر ،مۆرکێکی سەردەمیانەی گرتەخۆ، ئەویش ژانری (چیرۆکەشیعر ) بوو ))(محمد،١٤٣٦ ھ،ل ٩٥٩) واتە شانبەشانی گۆڕانکارییە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان ئەدەبیش لە گۆڕان و خۆ نوێکردنەوەدا بووە ئەوەش بووە بەهۆی سەرهەڵدانی ژانری نوێی ئەدەبیی وەك چیرۆکە شیعر.

## ئەزموونی شیعری ئەنوەر قادر محەمەد:

ئەنوەر قادر محەمەد ،کە بە شاعیری قۆناغی دوای سەرهەڵدانی روانگە دادەنرێت،توانیویەتی بۆخۆی خاوەنی شێوازی نووسین وستایلێکی تایبەتی شیعریی خۆی بێت ،کە بێگومان ئەمیش بە دەر نەبووە لە کاریگەری شاعیرانی پێش خۆی ،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی داهێنانی ناوەڕۆکێکی تایبەت و نوێکردنەوەی فۆرمی شیعری سەردەمی دوای روانگەیە ،وەك دەبینین یەکەمین دیوانی لە ساڵی( ١٩٧٨ ) لە بەغدا لەلایەن کۆڕی زانیاری کوردەوە بۆ چاپکراوە بەناوی (زریان ) ،دواتر لە هەمان ساڵدا چاپی دووەمی ئەم دیوانە بەچاپ دەگەیەنێت لە (مەهاباد).بەم جۆرە کاروانی شیعری ئەم شاعیرە بێدەنگە بەهێمنی و کپی وەك کەسێتی خۆی لەسەرخۆ و رەوان دەستپێدەکات .لەدوای تێکچوونی دۆخی رامیاری لە عێراق و کوردستان روو لەئێران دەکات و پاشان لە سوید بەرهەمێکی دیکەی شیعر بەناوی ( زایەڵە) لە ساڵی (١٩٨٨) بەچاپ دەگەیەنێت .دوای گەڕانەوەی بۆ نیشتیمان لە ساڵی( ٢٠٠٤ ) بەرهەمێکی دیکە بەناوی (زنار)دەنووسێت لەسلێمانی چاپی دەکات.کانیاوی خەیاڵ وئەندێشەی ئەم شاعیرە بەردەوام بووە لە پێشکەش کردنی شیعری جوان و قوڵ و پڕ واتا تا لەساڵی(٢٠١٨) بەرهەمێکی دیکەی بەچاپ گەیاندووە بەناوی (نسار ).شاعیرسەرەتای نووسینی شیعر لای ئەنوەر قادر بۆ سەرەتا حەفتاکان دەگەڕێتەوە، واتە چەند ساڵێك پێش چاپکردنی یەکەم بەرهەمی شیعری بەناوی ( زریان)وەك خۆی ئاماژەی پێدەکات لەنووسینەوەی ئەزمونەکانی خۆیدا (( ئەوەبوو لە هاوینی ١٩٧١ لە ؛ هاوکاری ؛ دا و دوای ئەم هەیت و هوت ومەشق و راهێنان و بردنە،شیعرێکی درێژم بەناوی ( گۆرانی یاخی ژمارە؟! ) بڵاو کردەوە،ئەو رۆژگارە هەمووکەس باسی یاخیبوونی دەکرد... هاوینی ١٩٧٠ هەندێ شیعرم دابوو بە شاعیری ناسراو (ع.ح.ب)و دوای بڵاوبوونەوەی ئەو شیعرە باسمکرد،ڕاستیەکەی ئەمجارەیان لەلاپەڕەیەکدا هەڵسەنگاندنێکی زۆر ئەرێنی و مایەی شادیی بۆ شیعرەکان کردبوو،کە هاندەرێکی باش بوون بۆ بەردەوامبوون لەنووسین وکۆڵنەدان))(محەمەد،٢٠١٦،ل١٧-١٨) ئیدی لە دوای ئەوهەوڵە بەرایانەوە ،کانیاو شیعری ئەنوەر قادر بەنێو دەشت ونشێو چیاو هەورازی ژیانیدا پێ بە پێی شاعیر هەنگاوی ناوە ، ئەنوەر قادری شاعیر بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافیای زێدی لەدایك بوون و بە سەربردنی ساڵەکانی تەمەنی منداڵی و لاوێتی خۆی لە شار و شارۆچکەکانی وەك ( دەربەندیخان و هەڵەبجە و عەربەت و سلێمانی )بەهۆی خوێندنی سەرەتای و ناوەندی و ئامادەییەوە، پاشانیش لە ساڵی (١٩٦٩-١٩٧٠) بۆ خوێندنی زانکۆ روو لە (بەغداد)دەکات دواتریش لە ساڵی (١٩٧٨)دەچێتە سۆڤیەت بۆ خوێندن،بەڵام چوونی بۆ بەغداد و خوێندنی زانکۆ دەبێت بە وێستگەیەکی گەورە لە گۆڕانی ژیانی شاعیر و دەرکەوتنی توانا شیعریەکانی ،کە ئەوەش بە هۆیەکی تایبەت بووە ،کە شاعیر خۆی لە نووسینەوەی یاداشتێکیدا ئاماژەی پێدەدا. (( لایەنێکی تر هێورکەرەوە و خۆشی هێن ،کچێکی گروپەکەمان بوو ،کە زۆر بە دڵم بوو،هەرچەند دەمزانی لەبەر هەندێك هۆ دوای تراویلکە کەوتنە ،بەڵام تەزویەکی سەیری دەدا بەهەست و نەستم،لەگەڵ ئەوەشدا هیچ داهاتوویەك بۆ ئەو هەستەی من نەبوو،وەك لە دیدارێکدا وتومە،کەسێك بیەوەێ دەتوانێ،باڵا و سیمای ئەو لە گەلێ لە شیعرەکانی ؛ زریان؛ دا ببینێ،رەنگە هەر ئەو نائومێدیەیش ئاگری نووسینی زیاتر لام خۆشکردبێ،...هەر ئەو هەست و سۆزەیە لەباتی چێژی رۆژانەی دنیایی،بەهایەکی هونەریی

دێتە کایەوە )) (محەمەد،٢٠١٦،ل١٦) واتە ئەگەر بە وردی مشتوماڵی ئەو بەرهەم شیعریانە بکەین ، ڕەنگە زۆر چیرۆکمان بەرچاوبکەوێت کە لە ژێر پەردەی شیعردا خۆی حەشارداوە،کە ئەوەش بۆ ئاوێزانکردنی هەستی شاعیر بووە لە دەقێکی شیعریدا ،کە سەرچاوەکەی چیرۆکێکی باس نەکراوە یاخود چیرۆکێکە کەشاعیر ناوی کەسایەتی یاخود شوێن و کاتی ڕووداوەکانی گۆڕیوە و لە ژێر ماسکی ناوی کەسێتییەکی دیکەدا ئەو چیرۆکە بۆ ئێمە باس دەکات، لێرەوە ئاشنا دەبین بە چەند چیرۆکەشیعرێك لە دیوانەکەی ئەنوەر قادر ، کە هەڵگری ڕەگەزەکانی چیرۆکە،لێرەدا ئاماژە بە هەندێك لەڕەگەزەکان وهێنانەوەی نمونەی شیعری پەیوەست پێیوە دەکەین.

گێڕانەوە لە چیرۆکە شیعرەکانی ئەنوەر قادر دا :

## گێڕانەوە :

گێڕانەوە یەکێکە لەو ڕەگەزانەی ،کە لە ئەدەبیاتی کلاسیکیدا زیاتر بۆ نووسینەوە یاخود باسکردن لە ڕووداوێك یان بەسەرهاتێك سوودی لێدەبینرا لە داستان و حیکایەتەکاندا.پاشان بەهۆی لێکنزیکبوونەوەی ڕەگەزە سەرەکییەکانی هەردوو ژانری شیعر و پەخشانەوە ،گێڕانەوە لە نێو شیعریشدا بەکار هات بەتایبەتی ئەو ژانرە شیعرییانەی کە سروشتێکی پەخشان ئامێزیان هەیە.(( لەو چامانەشدا کە هونەری داستان لەخۆدەگرن،گێڕانەوە ڕەگەزی یەکەمینە...هۆی دواکەوتنی چیرۆك و حیکایەت لە داستانە شیعریەکان بۆ ئەوخەسڵەتە دەگەڕێتەوە کە کەسی گێڕەوە ،پێویستە کەسێك بێت هونەرمەند و لێزان و کەسانی ئاسایی تێپەڕێنێت لەگێڕانەوەی سەرزارەکی ڕۆژانە،دەنا لەبنەڕەتدا شیعر و هۆنراوەکان وەزیفەی چیرۆکیان بینیوە لە گێڕانەوەدا،چونکە گێڕانەوەی داستانەکان بۆ خۆیان ڕووداوبوون و سەربردەیەك لەخۆ دەگرن ))(ڕەسوڵ،٢٠٠٩،ل٩)واتە هەرچەندە بەسەرهاتێك یان ڕوداوێکیان گێڕاوەتەوە بەڵام لە قاڵبی شیعردا گێڕاویانەتەوە، کەواتە بە شێوەیەکی گشتی گێڕانەوە بریتیە لەو ڕەگەزەی کە ڕۆڵی سەرجەم ڕەگەزەکانی دیکەی پێوە پابەندە.وەك ( کارەکتەر وشوێن و ڕووداو و کات) چونکە بەبێ بوونی گێڕانەوە خوێنەر نازانێت کام ڕووداو لەکوێ و لەلایەن کام کارەکتەرەوە ڕوویداوە و لە چ کاتێکدا بووە وەک تیۆر دانەری ئەمریکایی (فرێدریک جیمسۆن) دەربارەی ڕۆڵی گێڕانەوە دەڵێت (( بە بۆچوونی من پرۆسێسی گێڕانەوە وەک یاریدەدەرێی سەرەکی لەپرۆسەی گەیەنەری بیری نووسەر لە دارشتن و ڕێکخستنی بەرهەمەکەی لە قەڵەم دەدەم ))(Jameson,١٩٨١,p١٣).واتە گێڕانەوە دەبێتە پردی پەرینەوەی خوێنەر بۆ ناو دەقەکە وهەروەها گەیاندی پەیامەکە لە نێو خەیاڵی نووسەرەوە بۆ وەرگرەکە. (( لەو چیرۆکە شیعریانەی ڕەگەزەکانی چیرۆکی تێدا بەدی دەکرێت بەتایبەتی (گێڕانەوە) کەدوو بنەمای سەرەکی هەیە :

**یەکەمیان : چیرۆکی تیایە و ڕووداوی دیاریکراوی لەخۆ گرتووە.**

**دووەمیان : ڕێبازێك دیاریدەکات بۆ گێڕانەوەی چیرۆکەکە،پێی دەوترێت « گێڕانەوە «....**

بۆ ڕوونکردنەوە پرۆسەکە ئەم هێڵکارییەی خوارەوە دەخەینە ڕوو:

( گێڕەرەوە ______ گێڕدراوە __________ بۆ گێڕەوە ) کە پرۆسەی گێڕانەوەکە پێویستی بەو سێ ڕەگەزە سەرەکیە هەیە )) (محمد،١٤٣٦ هـ،ل ٩٥٩) ، جگە لەوەش کە گێڕانەوە دەبێتە هۆی گوزارشتکردنی توانای نووسەر لە چۆنێتی چێژبەخشین بە باسکردن لە ڕووداوێك یان کەسایەتی یان شوێنێك هەروەها گێڕانەوە دەبێتە هۆی نیشاندانی ئاستی زمانی دەقەکە بە خوێنەر ((گێڕانەوە بە یەکێك لە گرنگترین بنەماکانی بینای هونەری دەق هەر چیرۆکێك دادەنرێت ، مەرجی سەرکەوتنی هەر کارێکی ئەدەبیشە...گێڕانەوە ناسنامەی هونەری زمانی دەق لەخۆ دەگرێت ئەو زمانە هونەریەیش لە ڕستە و دەربڕینی جۆراوجۆر پێکدێت،ڕستەو دەربڕینی گێڕانەوەش خاوەنی خەسڵەتی خۆیانن ،کە نابێت درێژدادڕی و زۆر لە خۆکردنیان پێوە دیاربێت))(ئیبراهیم ،٢٠١٥،ل٥) ئەم گێڕانەوەیە مەرج نییە شاعیر تەنها باسی کەسێك بکات ، بەڵکو زۆرجار ڕووداوێك دەگێڕێتەوە،یاخود بە گێڕانەوە وێنەی دیمەنی شوێنێکی سروشتی پیشانی خوێنەر دەدات .هەندێك بابەتی ئەدەبی هەیە ،بابەتەکە چەندە گرنگە شێوازی گێڕانەوەکەیشی هێندە گرنگە،بەتایبەت لە بابەتە گاڵتە ئامێزەکاندا،چونکە دەکرێت هەمان بابەتی گێڕدراوە

کە هەیەجان و خۆشییەکی تێدایە ،گەر لە لایەن کەسێکی ئاساییەوە بگێڕدرێتەوە زۆر ئاسایی و ساردوسڕ دەربکەوێت،بۆیە دەوترێت گێڕانەوە هونەرە نەك زانست،لەگەڵ ئەوەشدا (( هونەری گێڕانەوە سنوری دیاری کراو نییە،بەڵام بێ پاڵپشتێکی زانستی گێڕانەوەیەکی سەرپێی و کاتی دەبێت و ناتوانێت گوێگر و خوێنەرەکانی ،بۆ گێڕەرەوەکانی قایل بکات و جیهانەکەی خۆی پێکبهێنێت ))(رەسوڵ،٢٠٠٩،ل١٣) ، واتە گێڕانەوە رەگەزێکە رۆڵ و سەرنجراکێشی بەرەگەزەکانی دیکەیش دەبەخشێت.(عەبدوڵلا سەراج) پێی وایە ،کە گێڕانەوە نەك هەر جوانی بە رەگەزەکانی دیکە دەبەخشێت بەڵکو خودی تەکنیکی گێڕانەوە وەك بنەمایەکی ئیستاتیکی لەنێو دەقدا رۆڵی بەرچاو دەگێڕێت ،رۆڵی گێڕانەوەی لە (١٤) خاڵدا خستەوەتەڕوو،کە گرنگترینیان :

((١- دیاردەی سەیروسەمەرە خستنەوە وچنینی لەگەڵ واقیعدا.

٢- گونجاندن و هارمۆنیکردنی دۆخ و بارە ناوەکییەکان لەگەڵ دیاردە دەرەکییەکاندا .

٣- بەکارهێنانی دووانە دژبەیەکەکان.

٤- دامەزراندن و تەوزیفی هێما و سیمبولەکانی کەلەپوور و ئەفسانە .

٥- تەقاندنەوەی وزە پەنهانەکانی زمان .

٦ - بەکارهێنانی راناوە جیاجیاکان لەهەمان دەقدا،بۆ دەربڕینی فرەدەنگی و دووان و دایەلۆگان(Dialoque) . .

٧- هەڵگەڕانەوە رەوتی رووداوەکان بەرەوپێشوو.(flash back).

٨- چونە بەرەوە(اسشراف)،ئەمەش پێچەوانەی فلاش باکە.

٩- ناخگۆیی. )) (سەراج،٢٠١٢،ل٩-١٠) .

بۆیە دەبینین لە سەرجەم چیرۆکەشیعرەکانی (ئەنوەر قادر) بەشێکی زۆری لەم جوانیانەیی لە تەکنیکی گێڕانەوەدا بەکارهێناوە ،لەبەر ئەوە ئەم رەگەزە لە چیرۆکە شیعردا ئامادەییەکی فراوانی هەیە,ئەنوەر قادر لە چەندین هۆنراوەیدا سوودی لەم رەگەزە بینیوە و بەهۆی ئەم رەگەزەوە چەندین وێنەی هونەر جوانی لە چیرۆکەشیعرەکانیدا چێ کردووە.وەك دەبینین لە هۆنراوەی ( کۆچی شازادە) دا ، دەڵێت :

ئیمشەو گیانە خەومەبینێ :

زریان داری لە بن و بێخ هەڵئەکێشا

گەرداو دەریای رائەفراند

کەشتی ئەشکا

مەلەوانی چاو نەترساو

لەپەل ئەکەوت و ئەخنکا

جیهان گشتی وێران ئەبوو

ئیمشەو گیانە!

سەرم لەشمی بەجێ ئەهێشت

پەنجەکانم هەڵ ئەوەرین

دڵم سنگمی بەدەس ئەدرِی و بە شەقامەکاندا رای ئەکرد

تۆش کۆچت کرد بەجێت هێشتم

لە تۆ زیز نیم ،خۆم بە خۆم کرد (محەمەد،٢٠١٨،ل٨٨)

ئەم گێڕانەوەیە کە بووە بەهۆی ئەوەی شاعیر خەوەکەیمان بۆ بگێڕێتەوە، هەروەها چەندین وێنەی شیعریی بنیاتناوە،کە باس لە چەندین رووداوی گەورە وکارەستبار دەکات ،کە دووبارەبوونەوەیان ئاسایی نییە، وەك (کەشتی ئەشکا،مەلەوانی چاونەترساو ,لەپەل ئەکەوت و ئەخنکا


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ـ یان سەرم لەشمی بە جێ ئەهێشت) باسکردنی ئەم ڕووداوە دەگمەنانە بێ هۆ نییە و شاعیر مەبەستی خۆی لە دوای باسی ئەم ڕووداوانە دەخاتە ڕوو ئەڵێت (تۆش کۆچت کرد،بە جێتهێشتم ) واتە ئەم جێهێشتنەی ئەویش هاوشێوەی ئەو ڕوداوە کارەستبارانەی دیکەیە. واتە لێرەدا شاعیر بەهۆی گێڕانەوەوە مەبەستەکەی خۆی بەیان دەکات. لەبەر ئەوەیە بەشێك لە لێکۆڵەرەوانی ئەدەب چیرۆکەشیعر بە (شیعری گێڕانەوە) ناو دەبەن وەك (( (کاتە هامبرغر ) بە پلەی یەکەم جیاوازی لە نێوان دوو جۆر شیعردا کردووە:

١- شیعری لیرکی یان شیعری ویژدانی.

٢-چیرۆکەشیعر یان شیعری گێڕانەوە. ))( هەورامان،٢٠١٨،ل٣٣-٣٤)

بۆیە دەکرێت(گێڕانەوە)وەك سەرەکیترین خاڵی هاوبەشی نێوان چیرۆك و چیرۆکەشیعر دەست نیشان بکرێت گێڕانەوە چ لە چیرۆکە شیعردابێت یاخود چیرۆکی ئاسایی و ڕۆمان ،لەڕێگەی چەند تەکنیکێکەوە دەبێت ،وەک (دیالۆگ ، مەنەلۆگ ، فلاشباك ،وەصف) بۆیە لێرەدا چەند نمونەیەك دەخەینە ڕوو ،کە (ئەنوەر قادر) بەهۆی سود وەرگرتن لەم تەکنیکانە چەند چیرۆکەشیعرێکی هۆنیوەتەوە.هەروەها دەتوانین سەرجەم ئەو تەکنیکانە بەتەنها لە چیرۆکە شیعری ( داستانی ئەڤینی سێوەخان)دا،دەستنیشان بکەین،کە هەر لە ناونیشانەکەیەوە تێدەگەین ئەم دەقە لە شیعرێکی ئاسایی زیاترە،کەشاعیر خۆی وشەی (داستان)ی ، لە ناونیشانەکەیشدا بەکار هێناوە.لە چیرۆکەشیعرەدا شاعیر بە سودوەرگرتن لە ڕەگەزی گێڕانەوە و لەسەر شێوازی (هەبوو نەبوو ) دەست بەنووسینی دەقەکەی دەکات،بەڵام بە فۆڕمێکی جیاوازتر و دەڵێت :

دێیەك هەبوو ،

بە زستانان کراسی بەفری دەپۆشی،

بەهارانیش گوڵاڵەی دەکردە بەری ،

ڕەز بە هاوین کراسی ئاودامانی بوو،

پایزانیش خۆی هەڵدەژەند لە گەڵای زەردی ئاڵتوونی ،

دێیەك هەبوو،دێیەك چ دێ؟!

دێی قەد شاخی کوردستان بوو،(محەمەد،٢٠١٨،ل١٨٣)

لە بەشێکی زۆری چیرۆکی فۆلکلۆری کوردیدا، چیرۆکبێژ بە شێوازی (هەبوو نەبوو) دەستپێدەکات،بەڵام شاعیر لێرەدا بەشێوازێکی جیاواز دەست بە گێڕانەوەی چیرۆکەکەی دەکات ،کە بەهۆی تەکنیکی گێڕانەوە و سود وەرگرتن لە وەسف وێنەی دێیەك دەهێنێتە پێش چاومان ،کە وەرزەکانی هەریەکە و خاوەنی جوانی و تایبەتمەندی خۆیەتی ،واتە لێرە گێڕانەوە بە پاڵپشتی وەسف توانیویەتی وێنەیەکی جێژبەخشی هونەریمان بۆ دروستبکات،بەڵام وەسفی سروشت و چوار وەرزی گوندەکە مەبەستی سەرەکی شاعیر نییە بەڵکو لەبری ئەوە پێمان دەڵێت لەناو ئەو گوندە چی ڕوودەدا و دەڵێت :

دێیەك چ دێ ؟!

لە زاری ئاگردانییەوە

سەدان داستانی گەرم و گوڕ،

سەدان ڕازی خۆشەویستی،

دەپرژاندە دڵی پاکی ڕۆڵەکانی ،(محەمەد،٢٠١٨،ل١٨٣)

شاعیر لێرەوە دەست لەوەسفکردنی خودی گوندەکە و سروشت و جوانییەکەی هەڵدەگرێت و دەست دەکات بە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەی کە لەم گوندەدا ڕوویانداوە.ئەویش گێڕانەوەی( داستانی ئەڤینی سێوەخان )کە لەم چیرۆکە شیعرەدا سەرجەم ڕەگەزەکانی وەك ( گێڕانەوە، دیالۆگ ،مۆنۆلۆگ ،کەسێتی،ڕووداو ، کات ، شوێن ،پلۆت،وەسف)هەیە.ئاشکرایە کە شاعیر بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکانی نێو

چیرۆکە شیعرەکەی پێویستی بە تەکنیکەکانی وەک ( دیالۆگ ، مۆنۆلۆگ ، فلاشباک ) دەبێت .کە سەرجەم ئەم تەکنیکانەیش لە چیرۆکە شیعرەکانی ئەنوەر قادر دا، بە دی دەکرێت.

## یەکەم / دیالۆگ :

دیالۆگ واتە گفتوگۆ لە نێوان دوو کەس یان زیاتر،کە لە ئەنجامی هەردوو کردەی (گوتن + بیستن ) دێتە بوون.دیالۆگ لە سەرجەم چیرۆك و ڕۆمان و داستان ...هتد هەیە .واتە بەشێوەیەکی گشتی لە سەرجەم ئەو بەرهەمانەدا هەیە،کە بەشێوەی پەخشان نووسراوە،ئەوەش بەهۆی پێکهاتە و مەودای فراوانی ئەو دەقە ئەدەبیانەی کە بەپەخشان نووسراون ،بەڵام ئەم ڕەگەزە کەمتر لە ژانری شیعردا جێگەی بووەتەوە،چونکە شیعر خۆی لەترپەیەکی خێرا لە سۆز و ئیلهام کە دەزێتە خەیاڵدانی شاعیرەوە ،ئەویش لەئەنجامی خەیاڵێکی تێژڕەوە لە مەڕ بابەتێکی دیاری کراو.بەڵام هەرچی ئەو ژانرانەیە کەسەر بە پەخشانن جگە لە خەیاڵ پێویستیان بەتوانای درێژەپێدان و ڕیکخستنی ڕووداوەکان و بیرکردنەوەیە لە ئەنجامی ڕووداوەکان،بۆئەم مەبەستەش پێویستیان بە دیالۆگی نێوان کارەکتەرەکان هەیە.کە ئامانجی ئەم دیالۆگەش لە دەق ئەدەبیدا بریتیە لە ((ئەرکی سەرەکی دیالۆگ پەردە لادانە لەسەر باگڕاوندی تێکست یاخود جۆری ڕەهەندی چیرۆکەکە بەگشتی ،خودی دیالۆگی کەسەکانیش ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ گوزارشت لە سیما و تەنانەت ئاست وهێلی هزریان دەکەن وە خەسڵەت و پلەوپایەی قسەکەرەکانیش ئاشکرا دەکات ))(حەسەن ،٢٠٠٩،ل١٥٥) واتە ئەوە دیالۆگە کە شاعیر دەیکات بەئامرازێك لە ڕێگەی کەسێتیەکانەوە، بۆئەوەی لە بری چیرۆك بەشیعر پەیامەکەی خۆی بگەیەنێت بە وەرگر.لەم دیوانەی ئەنوەر قادر دا چەندین دەق شیعری دەبینین،کە ڕەگەزی دیالۆگی تێدایە،کە شاعیر بەوپەڕی هونەرییەوە سودی لەم ڕەگەزە بینیوە ،وەك دەبینین لە شیعری (ئێوارەیە و کۆچ ئاگرە و ناکوژێتەوە) دیالۆگێکی نایابی هونەری دەبینین ،کە لەنێوان شاعیر و هەورەکاندا دێتە کایەوە ،،دەڵێت :

هەورەکانی ئاسمانی شار

بۆ باوەشی گۆماوەکەی ؛ دەربەند ؛ ئەفڕین

وتیان : نامە ... سڵاو ، هەواڵ

بۆ باوك و دایکت نانێری

ئەی نامەی ئەوانت ناوێ؟!

وتم ؛سیروان ؛ هەموو ڕۆژێ

هەواڵیانم بۆ ئەهێنێ . (محەمەد،٢٠١٨،ل٤٢)

وەك دەبینین دیالۆگێکی جیاواز لەم دەقە شیعرییەدا هەیە،کە ئەویش لە نێوان (هەور + شاعیر) دا، دێتە کایەوە،چیرۆکی پشتی دیالۆگەکە بریتیە لە بیرکردن و گەڕانەوە بە خەیاڵ بۆ زێدی شاعیر ،کە (دەربەندیخان) بووە،لەو سەردەمەی شاعیر لە بەغدا خوێندکاری زانکۆ بووە، شاعیر نایەوێت هەواڵی خۆی بۆ (دایك و باوك)ی بنێرێت بە (هەور)ەکاندا. چونکە ئاشکرایە (هەور ) هەموو ڕۆژێك ئامادەگی نییە بەسەرییەوە جگە لەوەش وەڵامی (هەور)ەکان،دەداتەوە دەڵێت:من بەهۆی ڕووباری (سیروان)ەوە،کە هەموو ڕۆژێك ملی ڕێگە دەگرێت و سەر بەرەوخوار دەکەوێتە ڕێ،هەموو ڕۆژی هەواڵی نوێی (دایك و باوك)ی پێدەگات.شاعیر بەو پەڕی توانای هونەری خۆیەوە توانیویەتی دیالۆگێکی هونەری بەرز لە نێوان خۆی و هەورەکاندا بێنێتە کایەوە، کە لە چوارچێوەی پرسیار و وەڵامدایە،وەبەهۆی ئەوێنە شیعرییەوە کە لە دیالۆگەکەدا هەیە،خوێنەر تێدەگات کە هەورەکان لە خوارەوە بەرەو باکور واتا دەربەند دێن ،وە شاعیریش لە خواروو چاوەڕوانی شۆڕبوونەوی سیروان دەکات بۆ پێگەیشتنی هەواڵی زێدەکەی خۆی. جگە لەم هۆنراوە شاعیر لە چەندین شیعری دیکەیشدا بەهۆی دیالۆگەوە پەیامێکم بە وەرگر دەگەیەنێت ،بەڵام گرنگترین لایەنی هونەری ئەوەیە ،کە دیالۆگەکەلەنێوان شاعیر و شتە بێگیانەکاندا ڕوودەدات کە توانای (وتن و بیستن)یان نییە، وەك دەبینین بە هەمان شێوە شاعیر لە هۆنراوەی ( گوڵسورخی لە هەرێمی مەرگا سۆزئەکا )


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

دیالۆگ لە نێوان (قسەکەر + پۆلێ مەل ،درەخت) ئەنجام دەدات و دەڵێت :

پۆلێ مەلی سەرکەشم دی بۆ وڵاتی بەفر ئەڕۆیشتن

وتم بۆ کوێ؟

درەختم دی نیازی کۆچی سارای هەبوو

وتم بۆ کوێ ؟!

لە بەرزایی بێدەنگیا ... من ئەسووتام

لە دامێنی خامۆشیا ... وەستابووم هەر ڕائەمام

وتیان هەتاوی ئەم شارە مردوویەکە

لەتابوتی هەورەکاندا ڕاکشاوە

وتیان هەتاوی ئەم شارە شێ سوارێکە

سەرتاپای نوقمی خوێناوە... (محەمەد،٢٠١٨،ل٤٢)

لەم چیرۆکەشیعرەدا، شاعیر هەردوو ڕەگەزی (مۆنۆلۆگ و دیالۆگ) بەکاردەهێنێت،وەك دەبینین لە دیالۆگەکەدا ، لە شێوەی پرسیار و وەڵامدا لەنێوان شاعیر و پۆلی مەل ،لەگەڵ شاعیر و درەختدا درووستبووە،پاشان شاعیر لە ڕوانگەی ئاورەبوونی باڵندەکانەوە ،لە ناخی خۆی دەڕوانێت کە چۆن نوقمی بێدەنگی بووە ،تا کاتێک ئەم بێدەنگیە دەشکێت،پرسیار لێکراوەکان وەڵام دەدەنەوە، خوێنەر هەست بە جیاوازی لە وەڵامی هەریەکێك لەم دووانە دەکات ،کە وەڵامی (پۆلە مەلەکە) ئەوەیە ،کە وەڵامی پرسیاری (بۆ کوێ) دەدەنەوە و هۆکاری ڕۆشتنەکەیان ڕوون دەکەنەوە، کە لە وەڵامی مەلەکانەوە دەردەکەوێت ،کە هەتاوە وەك مردوویەك لە سەر پشتی هەورەکان ڕاکشاوە.دیارە ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە وەرزەکە زستانە و شاعیر لە یەکەم دێڕدا ئاماژەی پیکردووە بە خوازەی (وڵاتی بەفر).پاشان درەختەکان وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە ،ئاخۆ بۆچی بەرەو سارا کۆچ دەکەن و دەڵێن ئەمانیش بەهۆی ئاورنەدانەوەی خۆرەوە لێیان بڕیاری کۆچی سارایان داوە.واتە دیالۆگەکە لە ڕێگەی تەکنیکی بەکەسکردنی شتەکانەوە و هێنانە قسەی بێگیانەکاناوە دروستبووە ،کە ئەوە بۆخۆی شێوازێکی تازە و داهێنانێکی ئەدەبی گرنگ بوو کە شاعیر پەی پێ بردووە هەر لەسەرەتای ئەزموونی شیعر نووسینیەوە.

## دووەم/ مۆنۆلۆگ :

مۆنۆلۆگ زاراوەیەکە،کە لە زمانی کوریدا هەندێکجار وشەی (ناخگۆیی)بۆ بەکاردەهێنرێت،کە یەکێکە لەو تەکنیکانەی شاعیر لە ڕێگەیەوە بەناو ناخی خۆیدا ڕۆدەچێت و ئەوەی دەیەوێت لە دیالۆگێکی ڕاستەوخۆدا نەیڵێت لێرەدا بە پەنهانی بۆ خوێنەری ئاشکرا دەکات .ئەم تەکنیکە زیاتر لە چیرۆك و ڕۆماندا بەکاردەهێنرێت ،بە بەراورد بەشیعر (( ڕۆماننووس بەهۆیی دوانی ژوورەوە(مۆنۆلۆگ) وێنەی کەسایەتیەکانمان بۆ دەکێشێ ))(سەڕاج ،٢٠٠٧،ل١٣)،بەڵام وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا لە ئەنجامی پێکداچوونی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی (شیعر و چیرۆك ) ئەوا چیرۆکەشیعر درووستبووە ،لە چیرۆکە شیعریشدا ،شاعیر پەنا بۆ ئەم ڕەگەزە دەبات .چونکە لە چیرۆکە شیعریشدا وەك چیرۆکی ئاسایی کارەکتەر هەیە،شاعیریش بۆ پیشاندانی چۆنیەتی بیرکردنەوە و ئاشکراکردنی لایەنی دەروونی و ئەقڵی کارەکتەر ڕێگە دەدا بەهۆی مۆنۆلۆگەوە ئەو کەسێتیە خۆی بۆ خوێنەر ئاشکرا بکات ((مۆنۆلۆگ یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکانی وێنەکێشانی بارودۆخی کارەکتەر ورۆڵی سەرەکیش لە ڕووداوەکان دەگێرێت وپێویستی بەوەڵام دانەوەی خێرای هیچ یەکێك نییە ، دوور لە کارلێکی گوێگر بەڕێوە ئەڕوات ))(فەرەج،٢٠١٢،ل١٦٠) واتە بە پێچەوانەی دیالۆگەوە ،لە مۆنۆلۆگدا کەسی گوێگر بوونی نییە،تەنانەت هەندێکجار پێویستی بە قسەکەریش نییە،بەڵکو ئەوەی هەیە تەنها بیرکردنەوە وەرگێڕانی بیر و خەیاڵی کارەکتەر بۆسەر وشە.جا ئەم وشە بهێتە گوتن یان نەیەت.لە نێو بەرهەمە شیعریەکانی ئەنوەر قادر دا، چەند نمونەیەکی شیعریمان بەرچاو دەکەوێت ،کە شاعیر پەنای بردووەتە بەر ئەم تەکنیکە و سودی لێ بینییوە .وەك لە شیعری

(وەرەخوری...ئەی خواکەی غەریبان،لە کلکەی هەوری ئاڵەوە وەرە خواری!)دەردەکەوێت،ئاشکرایە هیچکاتێك نەبووە مرۆڤ بەرامبەر بە خودا قسەی خۆی بکات رووبەڕوو،واتا قسەکردن لە گەڵ خودا روونەداوە لە شێوەی دیالۆگدا (جگە لە گفتوگۆی چەند پێغەمبەرێك بەرامبەر بەخودا )واتە مرۆڤ ئەو کاتەی داوای شتێك لە خودا دەکات هاوشێوەی دیالۆگێکی ئاسایی چاوەڕێی وەڵام نییە ڕاستەوخۆ،بەڵکو مرۆڤ بە پەنهانی و لە نێو دڵی خۆیدا ڕاز و نیازی خۆی بۆ خودا ئاشکرا دەکات.چونکە دەزانێت خودا دەتوانێت داوەکەی ببیستێت بە بێ دەنگ هەڵبڕین و قسەکردنیش.بەڵام ئەوەی لەم ناونیشانەدا دەخوێنرێتەوە ،هەڵچوونێکی دەروونی زۆر شاعیرە بەرامبەر بە دۆخی ئەو سەردەمەی کوردستان کە چەند مانگێك پاش نسکۆی شۆڕشی ساڵی ١٩٧٥ نووسیویەتی واتە لەم دەقەدا شاعیر بانگی مانەوەی بەهێزی خۆی دادەت و دەڵێت :

خۆ من چەمە زستانەنیم، هەر هاوین هات هەڵپرووکێم

ئەستێرەنیم ،شەونەبێ نەتوانم بفڕم

خۆریش نیم، بە باڵە مەلە،بەڕۆژدا ئاسمان تەی بکەم

چۆن کپ ئەبم ؟!(محەمەد،٢٠١٨،ل٦٥)

شاعیر لێرەدا دەنگی هاواری ناخی خۆی بە گوێی خودادا دەدات،دەیەوێت بڵێت هەرچەند شکستمان بێتە ڕێ بەڵام ئێمە کۆڵنادەین شاعیر خۆی وەك نوێنەری گەل وێنا دەکات ((ئەم دەقەی ئەنوەر قادر لە پایزی ساڵی ١٩٧٥ دا نووسراوە،نزیکەی شەش مانگ لەدوای هەرەسی شۆڕشی کوردی ...دەنگی شاعیر دەنگی ناوەوەی کوردە،ئەودەنگەی کە ناشێت بە ئاسانی کپ بکرێت یان بکوژرێت ڕاستە لەدەرەوەڕا شۆڕش شکستی پێدەهێنرێت ،بەڵام دەنگی گەل لە ناوەوە ڕا دەنگێکی زیندووە،دەنگێکە ئەگەرچی لەلایەن ئەویترەوە نابسترێت ،بەڵام ئامادەبوونی هەیە ))(هەورامان،٢٠١٨،ل ١٧٤)واتە شاعیر ئەگەر تەنها لە ناخی خۆیشیدا بێت پاڵپشتی خۆی دەکات و بەخۆی دەڵێت ئەم وەك (ئەستێرە )نییە،گەر شەونەبێت نەتوانێ دەرکەوێت،بەڵکو ئەم مرۆڤێکە لە هەموو بونەورێکی سەرزەوی بەهێزترە.خۆی لە( خۆر)یش پێ بەهێزترە ،کە تەنها لە ڕۆژدا دەتوانێت دەرکەوێت و لە سنوری ڕۆژ لایدا بوونی ئەویش نامێنێت ، بەڵام بەگەڵ ئەوەیشدا بەهێز و نەبەزی شاعیریش بێ سنوور نییە،بەڵکو شاعیر ئەوە بەبیر خۆی دێنێتەوە کە ئەویش لە کات و ساتێکی دیاریکراودا ئاوادەبێت و کپ دەبێتەوە،دەڵێت:

گەر شێت نەبم من لەکوێ ودەست لە ملی وڵات کردن لە کوێ؟!

گەر شێت نەبم من لەکوێ و هەڵمژینی هەلاڵەی لێوی

؛کابوڵ؛ی یار لەکوێ ؟! (محەمەد،٢٠١٨،ل٦٨)

شاعیر لێرەدا ،بە پێچەوانەی پێشووە وە ،دەست لەو خەونەی خۆی هەڵدەگرێت و بەخۆی دەڵێت ،( گەر شێت نەبم) واتە شاعیر رووی دەمی لە خۆیەتی و خۆ بە کەسێکی کامڵ نازانێت لەبەر ئەوەی پێشتر بیری لە (دەست لە ملکردنی وڵات ) کردبووەوە.پاشان شاعیر وەك ئەوەی نا ئومێد بووبێت لە هەموو مرۆڤەکان تا قسەی دڵی خۆییان بۆ بکات ، هەر بە بێدەنگی و لە نێو دڵی خۆیدا ڕوو لەخوا دەکا و دەڵێت :

من نامەوێ لە وڵاتی غەریبیدا سەری تاسەم بنێمەوە

من دڵ ...دڵم لەبۆتەی لەشما غەریبە

ئەی خواکەی غەریبان تۆ!

لە کلکەی هەوری ئاڵەوە بە پێی پەتی

کەی دێیت و کەی پەیامێ بۆ مە دێنی و

کەی بە هەموو جیهان ئەڵێی :

ئا ئەمانە جگەرگۆشە بێ نازکەوتووەکانی منن؟!(محەمەد،٢٠١٨،ل٦٨)

ئەم مەنەلۆگەی شاعیر لە ئاستێکی بەرزی هونەریدایە، کە لە شێوەی پرسیارێکی بێوەڵامدا ،قسەی ناخی خۆی دەکات ،وەك نیشاندان


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

و دەربڕینی نارەحەتی و ناخۆشی ژیانی خۆی بۆ خودا..لە هەمانکاتدا دواکارە لە خودا کە جیهان ئاگادار بکاتەوە ( لە بێنازی )وبێ دەوڵەتی وبێدەرەتانی گەلی کورد کە شاعیر وەك نوێنەرو پەیامنێری ئەوان دێتەگۆ.کە لەسەرەتادا شاعیر شکات لە حاڵی خۆی دەکات کە تەنانەت(دڵ) ی خۆیشی لێی(غەریب) بووە،و دەیەوێت جێیبهێڵێت.واتە سکاڵاکە جارێ خودییە و جارێکیش گشتییە.بەڵام هیچ سکاڵایەکیان چاوەڕوانی وەڵامی گوتن نییە، بەڵکو چاوەڕوانی وەڵامی کردەییە.واتا مەنەلۆگ لێرەدا لە چوارچێوەی بیرکردنەوەیەك لە داهاتوو هەروەها گلەییەك لە ڕابردوودا ،کە لە ناخی شاعیردا پەنگی خواردبووەوە نیشان دراو.

## سێیەم/ فلاشباك :

فلاشباك وەك تەکنیکێك لە تەکنیکەکانی گێڕانەوە شاعیر پەنای بۆ دەبات  نزیکە لە مۆنۆلۆگەوە سەر بە لایەنی  شەپۆلی هۆشە ((ئەم تەکنیکە پتر بایەخ بە لایەنی سایکۆلۆژیی کەسایەتی سەرەکی دەدات..ڕاکردنە لە جیهانی دەرەکی و پەنابردنە بە جیهانی ناوەکیی خود  )) (ئەسوەد،٢٠١١،ل٢٣٣) سەرەڕای نزیکییان لەیەکدی ، بەڵام فلاشباك جیاوازیی هەیە لەگەڵ مۆنۆلۆگ ،چونکەمۆنۆلۆگ دەکرێت کردەیەکی تا ڕادەیەك خۆویستی بێت یاخود بیرکردنەوەیەك بێت لە داهاتوو ،بەڵام فلاشباك هەر وەك لە ناوەکەیەوە دەردەکەوێت گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو بۆیە هەندێك جار لێکۆڵەرەوانی ئەدەبی لەبری وشەی فلاشباك ،زاراوەی (دواخراو) بەکاردەهێنن ،کە مەبەست لێ گێڕانەوەی ڕووداوێکە کە پێشتر ڕوویداوە بەڵام ڕووداوەکە باس نەکراوە لە کاتی خۆیدا،گێڕانەوەکە دواخراوە(( واتە گێڕەرەوە (حیکایەتخوان) کاتی ئێستای گێڕانەوەکە ڕادەگرێت و دەست دەکات بە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەی کە لە زەمەنێکی دوور بەر لە گێڕانەوەی ڕووداوەکە ڕوویانداوە،بە مەبەستی پێدانی زانیاری زیاتر بە خوێنەر ))(ئیبراهیم،٢٠١٥،ل٥٣)واتە گێڕەرەوە لە ڕێگەی گێڕانەوەی خەیاڵی یەکێك لە کارەکتەرەکانەوە،گێڕانەوەی ئەو ڕووداوەی ئێستا ڕادەگرێت و ڕووداوە کۆنەکە بەشێوەی فلاشباك دەگێڕێتەوە،ئەوەش یەکێکە لەتایبەتمەندیەکانی فلاشباك ئەوەیە کە خۆنەویستانە ڕوودەدات ،لە ئەنجامی بەرکەوتنی یەکێك لە هەستەکانی وەك ( بینین ،بیستن ، بۆنکردن ، تامکردن ، دەستلێدا)وە کارەکتەرەوە دەگەڕێتەوە بۆ بیرکردنەوە لە ڕابردوو (( فلاشباك هێنانەوەی ڕووداوێکی ڕابردووە لە ڕێی زەینی کارەکتەرەکانەوە وتێکەڵکردنی لەگەڵ ئێستا ... لێرەدا ئاستی یەکەمی گێڕانەوەکە ڕادەگیرێت و دەگەڕێتەوە بۆ باسکردنی ئەوڕووداوەی لەڕابردوودا ڕوویداوە.فلاشباك کردەیەکی لە پڕو بێ بەرنامەیە،لەدەرەوەی ویستی مرۆڤە))(عەلی، ٢٠١٥،ل١٥٤ ) (ئەنوەر قادر )ی شاعیر لە چەندین چیرۆکە شیعردا ،زۆر بەلێهاتووی سوودی لەم تەکنیکە وەرگرتووە .وەك دەبینین  شاعیر لە چیرۆکە شیعرێکی دیکەدا بەناوی ( غەریبی ) ڕووداوێکمان بۆ دەگێڕێتەوە کە بەسەر (مەولانا خالیدی نەقشبەندی)دا ،هاتووە،بەڵام لە دوای ڕووداوی یەکەم (مەولانا خالید خۆی دەبێتە گێڕەرەوە ڕوداوێکیتر کە بەهۆی فلاشباکەوە ڕوویداوە و دەڵێت :

مەولانا بەوگەورەییە،

ڕۆژێ دوو دوو،

تەنەکە ئاوی بەسەر شان،

بۆ تەکیەکەی شێخی (دەهلەوی ) دەهێنا،

لەڕێ لایدا ،تۆزێ دانیشت ،نەختێ ڕاما،

هۆن...هۆن فرمێسك بەسەر ڕوویدا قەتارەی بەست،

لە پەنجەرەی تەکیەوە (شێخ) چاوی لێ بوو،

شێخ بانگی کرد وتی: خالیدا!

لە لێزمە فرمێسکی ئەمڕۆت نەگەیشتم!

وتی: قوربان ئەو ئافرەتەی،

که بەتەنیشتما تێپەڕیوو...

ڕووخساری هەر لە ڕووخساری دایکم دەچوو،

هەرکە بینم،سلێمانیم کوچە کوچە هاتە پێش چاو،

یەکسەر ئاگرم تێ بەربوو،دڵم پڕبوو،

ببورە لێم ،خۆت دەزانی قوربان سۆز و

قوربان کەڵکەڵەی نیشتیمان .... (محەمەد،٢٠١٨،ل١٣١-١٣٢)

شاعیر لێرەدا بەهۆی سود وەرگرتن لەتەکنیکی گێڕانەوە،ڕووداوێکمان بۆ دەگێڕێتەوە ،کە ئەو ڕووداوەیش ڕووداوێکی دیکەی بەهۆی فلاشباکەوە لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە،کە ڕووداوی یەکەم پیشاندانی ( مەولانا خالیدی نەقشبەندی)یە،کە بە شان ئاو بۆ تەکێی شێخەکەی دەبات،لەو کاتەدا دا دەنیشێت و دەست بەگریان دەکات بەهۆی فلاشباکەوە،پاشان بەهۆی گێڕانەوەی هۆکاری گریانەکەی بۆ شێخەکەی،خوێنەریش لە هۆکاری گریانەکەی تێدەگات و لە گێڕانەوەکەیدا ئاماژە بە (بینین ژنێك) دەکات ،کە لە یەك کاتتدا (دایك+سلێمانی) ی بە شێوەی فلاشباك هێناوەتەوە یادی مەولانە.شاعیر وەك گێڕەرەوەی هەمووشت زان،خۆی دەرنەخستووە بەڵکو بەشێکی گێڕانەوەکی بۆ کارکتەرەکان جێهێشتووە (( شاعیر زۆرجار بگێڕەوەی لاوەکیش دێنێتە ئاراوە،بەڵام ئەمانە زۆر بەکەمی ڕۆڵ دەگێڕن)) (ڕەئوف،٢٠٠٩،ل١٥٨) ئەوەش دەبێتەهۆی ئەوەی ،کە خوێنەر زیاتر چێژ لە خوێندنەوەی چیرۆکەشیعرەکە ببینێت و پێ بەپێ لەگەڵ ڕووداوەکانی نێویدا بڕوات. ئەم چیرۆکە شیعرە کە ئەم ڕووداو بەسەرهاتانەی تێدایە لەگەڵ دیالۆگ و فلاشباك هەموو کەرەستەی نووسینی چیرۆکن،بەڵام شاعیر بەهۆی توانا و سەلیقەی ئەدەبی خۆیەوە لەشێوەی چیرۆکە شیعرێکدا دایرشتووەتەوە و گێڕانەوەی کردووە بە هۆکارێك بۆ وەسف کردنی چەند ڕووداوێك و دەرخستنی لایەنی دەروونی کارەکتەرێکی نێو ڕووداوەکان ،کە (مەولانا خالیدی نەقشبەندی)یە.

## ئەنجام :

١-جیاکردنەوەی ژانرە ئەدەبییەکان هاوشانە لەگەڵ پێشکەوتن و تێگەیشتنی زیاتری مرۆڤ لە بابەتە ئەدەبییەکان و لەم ڕێگەیەوە کارکراوە بۆ دیاریکردن و تەرخانکردنی ژانرێکی تایبەت بۆ بابەت ومەبەستێکی دیاری کراولە کۆندا هەوڵدراوە هەر ژانرێك و ڕیسا ویاسای تایبەت بەخۆی هەبێت.لەگەڵ سنورێکی دیارکراودا .

٢-لەگەڵ گۆڕانی سەردەمەکاندا و بەرەوپێشچوونی زیاتری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەوڵدرا بۆ کاڵکردنەوەی ئەوسنورەی لە نێوان ژانرە ئەدەبییەکاندا هەبوو،پاشان بەهۆی لێك نزیك کردنەوەی ژانرە ئەدەبییەکان بوو بەهۆی سەرهەڵدانی هەندێك ژانری نوێی وەك (چیرۆکە شیعر) و پوکانەوە و بەسەرچونی سەردەمی هەندێك ژانری وەك (داستان و حیکایەت) .

٣-چیرۆکە شیعر وەك ناوەڕۆك و مەبەست ڕەگ و ڕیشەی مێژووی هەیە ،لە نێوئەدەبی کودیدا،بەڵام وەك لەبەرچاوگرتنی تەکنیك وفۆڕمی نوێ زیاتر بۆ دوای سەرهەڵدانی گروپی ڕوانگە دەگەڕێتەوە لەئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا.

٤-ئەنوەر قادر محەمەد وەك شاعیرێکی هاوچەرخ توانیویەتی بەسوود وەرگرتن لە ڕەمزە کلتوریی وفەرهەنگییەکانی نێوئەدەبی کوردی چەندین چیرۆکەشیعری بەپێز بنووسێت،کە دەتوانرێت بەشێکی زۆر لەخەسڵەت وتایبەتمەندیەکانی چیرۆکە شیعری تێدا دەستنیشان بکرێت .

٥-گێڕانەوە ،کە لە کۆندا ڕەگەزی سەرەکی پێکهێنەری چیرۆك و داستان و بابەتە پەخشانئامێزەکان بووە،بەڵام لە ئەدەبی هاوچەرخدا لە نێو شیعریشدا ڕۆڵی خۆی گێڕا،بەتایبەتی لە نێو چیرۆکەشیعر دا ،وەك ڕەگەزی سەرەکی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە،بەیەکێك لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی دیارکردنی چیرۆکە شیعر دیاری دەکرێت .

٦-ئەنوەر قادر محەمەد ،توانیویەتی زۆر بەهونەریانە سود لە ڕەگەزی گێڕانەوە ببینێت ، چ لە ڕێگەی گێڕانەوەی ڕاستەوخۆوەبێت یاخود تەکنیکەکانی دیکەی گێڕانەوەی،وەك (دیالۆگ ،مەنەلۆگ ،فلاشباك)بووبێت،کەبێگومان شاعیر لە گێڕانەوەکاندا ڕەچاوی کورتبڕی و ڕستەی شیعرییکردووە،کە بەهۆیەوە سیمایەکی ئیستاتیکی و چێژێکی هونەری تایبەتی بەخشیوە بە چیرۆکە شیعرەکانی.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## لیستی سەرچاوەکان :

### پەرتوکە کوردییەکان :


١-ئەسوەد ،نەوزاد ئەحمەد،(٢٠١١)، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی ڕەخنەیی ،چاپخانەی بینایی ، سلێمانی .

٢- حسەین ، هەڤاڵ ئەبوبەکر ،(٢٠٠٧)چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسیەکان و ڕەنگدانەوەیان لە(ژیان و ژین)دا ١٩٢٢-١٩٥٠، چاپخانەی شڤان ، سلیمانی .

٣- خەزنەدار ،مارف ،٢٠٠٢،مێژووی ئەدەبی کوردی – بەرگی دووەم ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،دەزگای بڵاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر .

٤-ڕەئوف ، لوقمان ، (٢٠٠٩)،بنەماکانی مۆدێرنە لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا،چاپی یەکەم ،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی .

٥-ڕەسوڵ:تەها ئەحمەد،(٢٠٠٩)، فەنتازیای داخراو ،چاپخانەی کارۆ،بەڕێوبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ،سلێمانی .

٦-ڕەشید ،د.فوئاد ، (٢٠٠٥)، ناسنامەی دەق ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر .

٧- سەراج:عەبدوڵڵا ، (٢٠٠٧) بەرەوئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکان ، ،دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم ، سلێمانی .

٨-عزیز،شکری ، ) ٢٠١٠) ،تیۆری ئەدەب ،و.سەردار ئەحمەد گەردی ، چاپخانەی ماردین،هەولێر.

٩- هەورامان ، د.محمەد ئەمین محەمەد نوری ئەمین ، (٢٠١٨)،ژانرە ئەدەبیەکان ،چاپی دووەم ،چاپخانەی ئەزمەڕ،سلێمانی.


### فەرهەنگ :


١٠-خاڵ،شێخ محمد ، (٢٠٠٥)،فەرهەنگی خاڵ،چاپی دووەم ،بڵاوکراوەی ئاراس،هەولێر.

١١-عومەر ،د.موحسین ئەحمەد ، (٢٠١٢)،فەرهەنگی ئەدەبی ،چاپخانەی حەمدی ، سلێمانی .


پەرتوکە عەرەبییەکان :


١٢-تليمه ،د.عبدالمنعم ،(١٩٧٦)،مقدمه فى النثر الادب ،دار الثقافه للطابعه و النشر،قاهره .

١٣- ويلك،رينية-وارين،اوستن،١٩٨٧،نظرية الادب،ت.محي الدين صبحي ،المؤسسة العربية للدراسات والنشر،بيروت،لبنان.

١٤- امين،آحمد،٢٠١٢،آلنقد آلآدبى،مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافةمدينة تصر،القاهرة .


### نامە ئەکادیمیەکان :


١٥- ئیبراهیم ،سەمیر ئەحمەد،٢٠١٥،هونەرەکانی گێڕانەوە لە ڕومانەکانی (خوسرەو جاف)دا.(نامەی ماستەر)پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین،هەولێر کراوە.

١٦-حەمە ئەمین ، باخان ئەحمەد ، (٢٠١٤) ،شیعری چیرۆکئامێز لە ئەدەبی کوردیدا(بە کەرەستەی کرمانجی خواروو) ساڵانی ١٩٩٠-٢٠٠٠، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی

١٧- حەسەن : مەریوان عومەر، (٢٠٠٩) ، سیما وخەسڵەتی کارەکتەر لەکورتەچیرۆکی کوردیدا ١٩٢٥ – ١٩٥٠،تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی ،سلێمانی .

١٨-عەبدولوەهاب ،کوردستان نادر ، (٢٠١٥)، تیۆری بونیادی دەق لە دەقەکانی شێرکۆ بێکەسدا ، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر .

١٩-عەلی، سروە طاهیر ، (٢٠١٥)، بنیاتی هونەری لە کۆمەڵە چیرۆکی «هەڵۆ»ی»ڕەووف بێگەرد»دا.،نامەی ماستەر ،زانکۆی سلێمانی ، سلێمانی .

٢٠-غفور ،عبدالصمد قادر ، (٢٠١٥) ، ژانرەکانی ئەدەب لە گۆڤاری هەتاودا ، زانکۆی سەڵاحەددین ، هەولێر.

٢١-فەرج-سنور قادر، (٢٠١٢)، تەكنيك لە كۆمەڵە چيرۆكی (( گوڵی ڕەش))ی شێرزاد حەسەن دا.نامەی ماستەر،زانكۆی سلێمانی ، سلێمانی
.

**گۆڤاری ئەكاديمی :**

٢٢-بەكر،هيمداد حوسێن ، عەبدولوەهاب ،كوردستان نادر، (٢٠١٦)،دەق واڵا و دەق ئاوێتە دوو فۆرمی تازەی ژانرە ئەدەبييەكان ،گۆڤارا زانكۆيا زاخۆ ، ژمارە(٢) ، زاخۆ .

٢٣- -محمد ،أ.م .د.عبدالقادر حمەامين،١٤٣٦هـ، مجلە الآستاد،العدد ٢١٤،المجلد الآول. بغداد

گۆڤاری ئەدەبی :

٢٤-ڕەشيد،د.فوئاد، (٢٠٠١)،دەق ئاوێتە ناو و ناسنامە « كێشەی ئاوێتەبوونی ژانرە ئەدەبييەكان لە ئەدەبی هاوچەخی كورديدا،گ.ڕامان ،ژمارە ٦٥،ل ٣١-٣٢، هەولێر .

٢٥- سەراج،عەبدوڵلا، (٢٠١٢)، زمان ،ڕۆمان و جوانييەكانی گێڕانەوە،گۆڤاری هەنار ، ژمارە ٧٧.ل١٠ ، سلێمانی .

٢٦-محەمەد،ئەنوەر قادر، ٢٠١٦،كورتەيەك لە ئەزمونی شيعر و نووسين ،گۆڤاری باران ،ساڵی يەكەم ژمارە ٢ ، سلێمانی .

ديوان :

٢٧-محەمەد ، ئەنوەر قادر ، (٢٠١٨)، زريان – زايەڵە –زنار – نسار ،ناوەندی بلاوكردنەوەی ئەندێشە ، سلێمانی.

پەرتوكی ئينگليزی :

28- Jameson ,Fredric, 1981, The political Unconscious; Narrative as a Socially symbolic Act ,London.

# پێواژۆی درکپێکردنی دروستەی نووسین لە زمانی کوردیدا

**شیلان عومەر حسێن[١]**

[١]بەشی کوردی ، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی ، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: shilan.hussein@univsul.edu.iq

## Abstract

This research entitled (Cognitive Processing for Writing structure in the Kurdish Language) aims to describe the mental processing behind a certain text, which is firstly the plan processing that includes producing thought and organizing ideas. Secondly, there is transfer (change) processing of the thought-related inputs and conceptual contents of the thought output that is considered as the production of the text. Thirdly, there is a review processing, which includes reviewing both reading and writing from the beginning. Since the writing processing is a mental processing, having its own regulations, competencies and skills; so the working memory rates the mental processing for the process of writing, because the main function of this memory is to restrict the processes of receiving information by human being and processing them. These are the topics that have been presented in the first section of this research.

In the second section, the smallest unit in the writing structure in the Kurdish language was taken to activate the mental processing, which is the paragraph, where the composing parts of the paragraph, their combinations and components were presented, according to the mental processing for the thought-related inputs of the text production, through which the cognitive processing of composing the writing structure has been examined and examples from the Kurdish language have been presented to validate this hypothesis.

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| بەرگ | ٦ ژمارە ١ ساڵی(٢٠٢١) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢١/١/٣١ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢١/٣/١٥ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢١/٣/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | shilan.hussein@univsul.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢١ پ.ی. د. شیلان عومەر حسێن، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## خلاصة البحث

هذا البحث المعنون (معالجة ادراك تركيبة الكتابة في اللغة الكوردية) يهدف الى وصف المعالجة العقلية وراء نص معين، والتى هي اولا معالجة التخطيط التي تشمل انتاج الفكر وتنظيم الافكار، وثانيا معالجة تحويل (تغيير) المدخلات الفكرية والمحتويات المفهومية لناتج الفكر والذي يعتبر كانتاج النص. وثالثا فان هناك معالجة المراجعة والتى تشمل المراجعة من البداية لكل من القراءة والكتابة. بما ان معالجة الكتابة هي معالجة عقلية والتى لها ضوابطها ومؤهلاتها ومهاراتها، فان الذاكرة العاملة تقوم بمعادلة هذه المعالجات العقلية لعملية الكتابة، لان الوظيفة الاساسية لهذه الذاكرة تعتبر تقييد عمليات استقبال المعلومات لدى الانسان ومعالجتها. وهذه هي المحاور التي تم تقديمها في الفصل الاول من هذا البحث.

في الفصل الثاني، تم اخذ اصغر وحدة في تركيبة الكتابة في اللغة الكوردية لتفعيل هذه المعالجات العقلية، والتي هي عبارة عن المقطع المكتوب (بركراف)، حيث تم تقديم الاجزاء المكونة للمقطع المكتوب وتركيباتها ومكوناتها، حسب المعالجات العقلية للمدخلات الفكرية لانتاج النص، حيث تم من خلالها فحص المعالجات الادراكية لتكوين تركيبة الكتابة وتم تقديم نماذج من اللغة الكوردية للتحقق من الفرضية.



**کلیلەوشە: پێواژۆی درکپێکردن، یادگەی کارکەر، دەستپێداگەیشتنەوەی کۆزانیاریی، پێکهێنانی کۆزانیاریی، تێکردەبیرییەکان، ناواخنە چەمکییەکان.**


## پێشەکی:

پێواژۆی نووسین پێواژۆیەکی فیزیکیی و ئاوەزییەو ڕێککارو توانستو لێهاتوویی خۆی هەیە، مەبەستی ئەم توێژینەوەیە پەسنکردنی ئەو پێواژۆ ئاوەزییانەیە لە پشت دەقێکەوەن و پێواژۆ فیزیکییەکان بەرجەستەیدەکەن، کە ئەوانیش پێۆاژی پلاندانانە، کە بەرهەمهێنانی بیرو ڕێکخستنی بیرەکان لەخۆدەگرێتو دواتر پێواژۆی گۆڕینی تێکردە بیرییەکانو ناواخنە چەمکییەکانە بۆ دەرکردەی بیر، کە بەبەرهەمهێنانی دەق دانراوە، لەگەڵ ئەمانەشدا پێواژۆی پێداچوونەوەیە کە سەرلەنوێ و خوێندنەوەو نووسینەوە لەخۆدەگرێت، پێکیاندەهێنن و یادگەی کارکەر ڕێژی ئەم پێواژۆ ئاوەزییانەی کردەی نووسین دەکات، چونکە ئەم یادگەیە ئەرکی سەرەکی بە کۆتوبەندکردنی کردەکانی وەرگرتنی زانیاری مرۆڤ وچارەسەرکردنی دانراوە، ئەم تەوەرانە لەبەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیەدا خراونەتەڕوو.

بۆکارەکیکردنی ئەم پێواژۆ فیزیکیی و ئاوەزییانە بچوکترین یەکەی دروستەی نووسین لە زمانی کوردیدا وەرگیراوە، کە پەڕەگرافەو بەپێی پێواژۆ ئاوەزییەکان لە تێکردە بیرییەکان بۆ بەرهەمهێنانی دەق، بەشەپێکهێنەرەکانی پەڕەگراف و دروستەو پێکهاتەیان خراونەتەڕوو، بۆ شیکردنەوەو لێکدانەوەی ئەم پێواژۆیانەش ڕێبازی پەسنی شیکاریی کاربێکراوە، بەگشتی ئەم لیکۆڵینەوەیە مۆدێلی پێواژۆی درکپێکردنی نووسینی تێدابەکاربراوە ، کە تیایدا پشکنین بۆ پێواژۆ درکپێکردنی پێکهێنانی نووسین دەکات و نموونەی زمانی کوردی بۆ پاساودانی گریمانەکان پێشکەشدەکات.

## بەشی یەکەم: زمانی نووسینو پێواژۆی درکپێکردن:

### ١/١) زمانی نووسین:

زمان «پێرەوێکی کردەی پەیوەندیی و لەیەکگەیشتنەو ئامرازێکی مامەڵەکردنی کۆمەڵایەتییە، کە تیایدا دروستە ڕێزمانییەکان بۆ دەربڕینی (چەمك/بیر/واتا )،لە دەوروبەردا بەکاردەهێنرێن، لە شێوەی چەشنەکانی زمان(ئاخاوتن،نووسین، ئاماژە، وێنە...تاد) »(حسەین،٢٠١١، ٧) دا. زمانی نووسین وێناکردنی ئاخاوتنەو شێوەیەکی زمانە، یان فۆڕمێکی گرنگو میکانیزمێکی بەرجەستکراوی پێراگەیاندنی بیرە، یاخود بیرێکی گەڵاڵەکراوە، کە بە هۆی کەناڵی ئاخاوتنەوە دروستدەبێتو دەنوسرێتەوە، یان نووسین، نواندنی زمانە بە بەکارهێنانی هێماو ئاماژە، کە بە پێرەوی نووسین ناسراوە، یاخود نووسین بە «کردەی بە کۆدکردنی پەیامو گۆڕینی بیر بۆ زمان پەسنکراوە(Byren، ١٩٨٨، ٧»، سەرەتای پێواژۆی نووسین بۆ وێنەو نەخشو هەڵکۆڵینو نووسینی سەر ئەشکەوتەکان دەگەڕێتەوە، بە پوختی پەسنکردنی پێواژۆی زمانی نووسین بەم هاوکێشەیە دەنوێنین:

١- نووسین ⟵ ( بیر+بابەت= بروا)

ئەم هاوکێشەیە کرۆکی پێواژۆی نووسین بەرجەستە دەکات، بەوەی کارامەیی نووسەر لەوەدایە کە بتوانێت بیرەکانی لە ڕێی بابەتەوە بکاتە بروا لای خوێنەرەکانی، بە شێوازو هونەرێکی وەها کە کاریگەریی و وروژاندن لای خوێنەر دروستبکات، شێوازی نووسینیش «بەو ڕێگەو شێوازو تەکنیكو میکانیزمە ناسراوە، کە نووسەرێك بۆ نووسینی بابەت بۆ جەماوەرەکەی هەڵیدەبژێرێت»(المسدی، ١٩٨٢، ٧)، بەهۆی شێوازەوە دەتوانین نووسەر دیاریبکەین، یاخود شێوازی نووسین چەمکی دۆزەرەوەی ئەو هەڵبژاردنانەیە، کە نوسەر بەپێی دنیابینی خۆی پەنا دەباتە بەر هەڵبژاردنی کۆمەڵە وشەیەكو چەشنە دروستەیەکی سینتاکسیی و سەر لەنوێ ڕێکخستنەوەی وێنەکان لە ئاوەزداو دارشتنەوەی لە چوارچێوەی نووسیندا، بە چەشنێك کە وروژاندنو کاریگەری لای بەرامبەر دروستبکات، بەهۆی جۆراوجۆری شێوازی نووسینەوە، دەتوانین جۆراوجۆری بیرکردنەوەی نوسەرەکان دیاریبکەین، نووسین کە پێواژۆیەکی فیزیکیی و ئاوەزییە، ڕێککارو توانستو لێهاتوویی خۆی هەیە، بۆ پەسنکردنی لایەنی ئاوەزیی و درکپێکردنی کردەی نووسین، ڕێبازو میتۆدی جۆراوجۆر هاتوونەتەئاراوە، لەم باسەدا ڕێبازی درکپێکردن بۆ شیکردنەوەی پێواژۆکانی زمانی نووسین بەکاربراوە، بەگشتی ڕێبازە درکپێکردنییەکان بۆ دروستەی نووسین، بۆ ساڵانی ١٩٨٠ دەگەڕێنەوە، بەتایبەت لای ( Hayes and Flower 1980 )، لێکۆڵینەوە نوێیەکانی ساڵانی ٢٠٠٠ بەدواوە، هەوڵیاندا لەوە بگەن، کە چۆن سنورداریی پێرەوی درکپێکردنی مرۆڤ ، پێواژۆکانی کردەی نووسین کۆتوبەنددەکات، گەشتوونەتە ئەو بڕوایەی، کە یادگەی کارکەر(زانیارییەکان بە سێ چەشنە یادگەدا تێپەڕدەبێت):

١.یادگەی هەستی: ئەو زانیاریيانەی لە ڕێگەی هەستەوەرەکانەوە وەردەگیرێن دەچنە ناو پێرەوی چارەسەرکردنی زانیارییەکانەوەو بەجفرەدەکرێن واتە یادگەی هەستی، کە توانای مانەوەی زانیاریی تێیدا زۆر کەمەو لەبیر دەچنەوە ئەگەر مامەڵەی پێویستیان لەگەڵ نەکرێت.زانیارییەکان بە چرکە دەمێننەوە.

٢. یادگەی کارکەر- کورت-خایان: لە کردەی زانیارییەکاندا رِۆلَی هەیە، تا زانیارییەکان کورتبن، زیاتر دەمێننەوە لێرەدا، تا زیاتر لە هەستەوەرێك بەکاربهێنرێت زۆرتر ئەو زانیارییە دەمێنێتەوە. زانیارییەکان بۆ چەند خولەکێك دەمێننەوە.

٣. یادگەی درێژ-خایان: زانیارییەکان بۆ ماوەیەکی درێژ(لە یەك خولەك-تا کۆتایی تەمەن) بەردەوامدەبێت. زانیارییە هەمیشەییەکان، کۆزانیاریی، فەرهەنگ.. لەم چەشنەن، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە(کەمال،٢٠١٢ )( خەلیل،٢٠١٣ ).

Working Memory )، بەرپرسە لە پێواژۆ درکپێکردنەکانی کردەی نووسین، بەپێی ئەوەی یادگەی کارکەر خۆی بە کۆتوبەندکەرێکی سەرەکی کردەکانی زانیاری مرۆڤ وچارەسەرکردنی دانراوە، لە واقیعدا یادگەی کارەکەر توانای دەستکاریکردنو تاقتکردنی زانیارییە کاتییەکانی هەیە، لەمەوە وتراوە «نووسین بارکراوە بە زیاتر لەوەی کەهەیە، یاخود پڕترە لەوەی کەهەیە»( Hayes and Flower ، 1980،

٣٣٦)، ، زۆرێك لە توێژینەوەكان لێكۆڵینیان لە كاركردنی ئاوەزی نووسەر كردووە، بەوەی كارامەیی‌و بەهرەمەندیی نووسەر لەوەدایە، كە لەساتەوەختی گوزەركردنی زانیارییە كاتییەكان بە یادگەیدا ڕاستەوخۆ مامەڵەیان لەگەڵدا دەكات‌و چارەسەرییاندەكات، چونكە زانیارییەكان لە یادگەی كاركەردا كاتیین‌و بە خولەك دەمێننەوەو زووگوزەردەكەن، بۆئەمەش لێهاتوویی نوسەر دەكەوێتەوە سەر بەكارهێنانی ستراتیژە كاراكانی بەڕێوەبردنی كردەی نووسین و بریتیین، لە بەگەڕخستنی زیاتر لە هەستەوەرێك‌و سەرنجدان‌و وردەكاریكردن‌و پراوەكردن‌و ئاگایی‌و ئەزموونكردنی زانیارییەكان‌و تاقیكردنەوەیان، بەمەش ئاوەزمەندیی‌و بەهرەمەندیی‌و هونەرمەندیی نوسەر هەمبەر بە كەسانی ئاسایی دەردەكەون، پێواژۆكان بەرجەستەكەری ئەم گریمانەیەن.

## ٢/١) پێواژۆی دركپێكردنی زمانی نووسین:

بۆ پەسنكردنی مۆدێلی پێواژۆی دركپێكردنی كردەی نووسین، دوو بابەت هەژموونی بەسەر تیۆرە دەروونییەكانی پێواژۆی دركپێكردنی كردەی نووسیندا گرتووە، ئەوانیش: «١. نووسین بریتی نییە لە گواستنەوەی بیرەكان بۆ دەق بە تەنها، بەڵكو لەگەڵیشیدا بریتییە لە خولقاندنی ناواخنەكان‌و تەنیی تانوپۆی بابەتەكانە بەپێی پێویستی وەرگرەكان. ٢. لەبەرئەوەی كردەی نووسین لە تێكچڕژاوی ڕستێك لە پێواژۆوە جیاوازەكان پێكهاتووە، بەوەی هەم كردەو پێواژۆیەو هەمیش بەرهەمە، ئەمەش پێویستی بە توانستی باڵای یادگەی كاركەرە، بۆ ئەمەش پێویستە نووسەر پەرە بە ستراتیژە كاراكانی بەڕێوەبردنی كردەی نووسین بدات»( Galbraith،٢٠٠٩ ، ٧)، لەمەشەوە خودی نووسین وەك بەرهەمهێنانی دەق بریتیە، لە مۆدێلی پێواژۆی دووانەیی كە لە كارلێكی نێوان پێواژۆی بیركردنەوەی باڵاو كارامەییە ئاوەزییە باڵاكان‌و پێواژۆی زمانەوانی كە بەرهەمهێنانی هەموو دەقێك لەخۆی دەگرێت پێكهاتووە، لە تیۆری شارەزایی نووسینی (Hayes & Flower ١٩٨٦ )دا ، بە پوختی بۆ ئەم مۆدێلە جیاكاریی لە نێوان سێ پێواژۆی كرۆكی نووسیندا كردووە، «یەكەمیان پلاندانان، كە بەرهەمهێنانی بیرو ڕێكخستنی‌و دەستنیشانكردنی ئامانج وەك پێكهاتەكانی دیاریكراون. دووەم، گۆڕین كە وەرگێڕان‌و گواستنەوەی پێكهاتەی پلانە بۆ دەق، بە واتا پێواژۆی گواستنەوەی ناواخنە چەمكییەكانە بۆ فۆرمە زمانییەكان. سێیەم، پێداچوونەوە، كە خوێندنەوەو نووسین لەخۆدەگرێت، ئەم پێواژۆیانەش بەپشتبەستن بە دووجۆر زانیاریی بەگەڕدەخرێن:ا. بەرجەستەكردن‌و نواندنی ئەو زانیارییانەی لە ژینگەی دەوروبەرەوە وەردەگیرێن، كە ئەركی نووسین‌و بەرهەمهێنانی دەق لەخۆدەگرێت. ب. كۆزانیاریی هەڵگیراو لە یادگەی درێژ-خایاندا، ئەمیش ئاگایی لەسەرباس‌و مۆدێلی وەرگران‌و بەرنامەی نووسین‌و یاساو دەستوری زمان‌و زانینی پێوەرەكانی دەقێكی نموونەیی لەخۆدەگرێت» (Galbraith ، ٢٠٠٩ ، ٨)، لەمەوە دەبینین سروشتی گەڕانەوەو دوبارەبوونەوەو زنجیرەیی پێواژۆكان لەم مۆدێلەدا خاڵێكی بنەڕەتییەو هەریەك لە پێواژۆكانی( پلاندانان‌و گۆڕین و پێداچوونەوە)، وەك بنەمایەك لەهەموو چركەیەكی كردەی نووسیندا ئەگەری ڕودانییان هەیەو ئەمەش لەخۆیدا ئاماژە بە پێواژۆ دركپێكردنییەكانی كردەی نووسین دەدات، زیاتر لەوەی ئاماژە بە قۆناغەكانی كردەی نووسین بدات، هەماهەنگیی نێوان ئەم پێواژۆیانە بەرپرسیارێتی چاودێرو بەگەڕخەرو بەئاگاهێنەرەوەیەكە، كە لەم مۆدێلەدا بە مۆنیتەر/ بەگەڕخەر دەستنیشانكراوەو ڕۆڵی كارای لە ڕێژیكردنی پێواژۆكانی نووسیندا هەیە، بڕوانە هێڵكاری(١):


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360




هێلکاری(١)

پێواژۆی درکپێکردنی کردەی نووسین

یەکێك لەدەرەنجامە ئەرێنییەکانی ئەم مۆدێلە ئەوەیە کە پەسنی جیاکاری لە نێوان نووسەری شارەزاو پسپۆڕو نووسەری نوێدا کردووە، بە واتایەکی دی جیاکاری لە نێوان نووسینی نموونەیی‌وبالاو نووسینی سەرەتاییدا کردووە، بەوەی نووسەری نموونەیی بنیادی ئامانجەکانیان بە شێوەیەکی وردترو فراوانتر دەنوێنن‌و پەرەدان بەم نواندنە لەسەرانسەری نووسینەکەدا بەردەوامدەبێت‌و بەتایبەت لە پەرەدان بە ئامانجە ڕەوانبێژییەکانی سەرتاپای دەقەکەداو بەکارهێنانی بەمەبەستی گەڕانەوە بۆ ناواخنی دەقەکە، لەکاتێکدا نووسەری سەرەتا/نوێ، پشت بە ئامانجە ناواخنییە بەرجەستەییەکان/کۆنکرێتییەکان دەبەستێت، لەمەوە نوسەری نموونەیی پێواژۆی پلاندانان فراوان‌و وردتردەکاتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە نواندنە چەمکییەکانیان وردترە بۆیە پێویست دەکات پێواژۆکانی تری گواستنەوەو پێداچوونەوەش زۆر وردەکارانەتر بکات، لەبەرئەوەیە نووسەری نموونەیی هەڵسەنگاندن بۆ نووسینەکەی بەپێی ئەرکی سەرەکیی پەیوەست بە ئامانجەکەی دەکات نەك بەپێی ئەوەی ئایا ئەم دەقە گوزارشتکارە یان نا، بۆئەمەش بەبەردەوامی پێداچوونەوەو ڕێککاریی بۆ نووسینەکەی دەکات. Bereiter & Scardamalia (١٩٨٧) ئەم جیاوازییەیان، بە جیاوازی نێوان «مۆدێلی دەربڕینی کۆزانیاری نووسین‌و مۆدێلی گۆڕین‌و گواستنەوەی کۆزانیاریی نووسین، پوختکردۆتەوە» Galbraith، ٢٠٠٩، ١٢).

مۆدێلی درکپێکردنی نووسین بەگشتی جەخت لە کردەی بیرکردنەوە بۆ بەرهەمهێنانی دەق دەکاتەوە ، بەوەی سروشتی بیرکردنەوە لەپشت دەقەوە دەکەنە پێوەر، بەتایبەت لەکارەکانی دواتری Hayes (١٩٩٦) دا ، (Hayes) بەم شێوەیە پێداچوونەوەی بۆ پێکهاتەکانی پێواژۆکانی درکپێکردنی کردەی نووسین کردووە، بەوەی «پێکهاتەی پلاندانان یەکێکە لە پێکهاتەکانی یەکەی کردانەوەو گشتیترە، پێواژۆی گۆڕینیش بە بەرهەمهێنانی دەق ناودێریکردووە، پێواژۆی پێداچوونەوەش، وەك کردەیەکی لێکدراوو تێکچڕژاوی نێوان پێواژۆوە بنەڕەتییەکانی لێکدانەوەی دەق، کردانەوەو بەرهەمهێنانی دەق لەخۆدەگرێت، لەوەش زیاتر یادگەی کارکەر لەم مۆدێلەدا وەك مۆدێلی یادگەی کارکەری فرە پێکهاتەیی، نەك وەك سەرچاوەو ژێدەرێکی گشتی بەکاربراوە»( Hayes، ١٩٩٦، ١٦-١٣).

Kellogg (٢٠٠١) مۆدێلی یادگەی کارکەری لە نووسیندا پێشکەشکردووەو بەپێی ئەم مۆدێلە، یادگەی کارکەر لەسێ پێکهاتەی سەرەکی پێکهاتووە: «ناوەندی جێبەجێکار، بازنەی فۆنۆلۆژی، پادی وێنەکێشانی بینراوو شوێنیی»(Galbraith،٢٠٠٩، ١٤)، ناوەندی جێبەجێکار لە بەدەستهێنانەوەی زانیارییەکان بەرپرسە، لە یادگەی درێژخایانەوە، ڕێژیکردنی سەرنجدانەکان، سەرپەرشتکردنی پڕۆوەکە بەگشتی‌و هەماهەنگیکردنی چالاکی وەچە پڕۆوەکانی تر، ئەم پێکهاتە ناوەندییانە پاڵپشت‌و ڕێژی کردەکانی وەچە پڕۆوەکانی لەلایەن بازنە/ زنجیرەی

فۆنۆلۆژییەوە دەکرێت، کە پارێزەرو هەڵگری کەرەستە زارەکییەکانە لە یادگەی کاراداو لەگەڵ پادی وێنەکێشانی بینراووشوێنیدا، کە پارێزەرەو هەڵگری کەرەستە بینراو و شوێنییەکانە لە یادگەی کارادا، بڕوانە هێڵکاری(٢):

| پێواژۆی نووسین | پێکهاتەی یادگەی کارکەر | | |
|---|---|---|---|
| | بازنەی فۆنۆلۆژی | ناوەندی جێبەجێکار | پادی بینراوو شوێنیی |
| پلان | √ | √ | √ |
| گۆڕین | √ | √ | √ |
| بەرنامەڕێژی | | √ | |
| جێبەجێکردن | | √ | |
| خوێندنەوە | √ | √ | |
| نووسین | | | √ |

هێڵکاری(٢)

مۆدێلی یادگەی کارکەر لە کردەی نووسیندا (Kellogg) (٢٠٠١))

Chenoweth & Hayes 2001 پەرەیان بەم مۆدێلەداو وردەکارییان لە بەرهەمهێنانی دەقدا بۆ ئەم پێواژۆیانە گەڕاندۆتەوە( Kellogg، 4 ،2008)و(Galbraith ، 2009، 11):

١.پێواژۆی دەستپێداگەیشتنەوەی کۆزانیاریی knowledge retrieval process: بریتیە لە کردەی گەڕاندنەوەو دەستپێداگەیشتنەوە بەو بیرانەی کە پێکهێنراونو کۆزانیاریی هەڵگیراون لە یادگەی درێژخایاندانو دەگۆڕێن بۆ دەق، کە بە گۆڕینی کۆزانیاریش پەسنکراوە، ئەمەش بە سەرلەنوێ پێداچوونەوەو ڕێکخستنەوەی کۆزانیاریی‌و هەڵاوێرکردنی یەکە جۆراوجۆرەکانی، کە لەبنیاتی کۆزانیاریدا هەن(بۆ وردەکاریی زیاتر بڕوانە(حسێن،٢٠١٤، ٤-١٠))، لەپێناو دارشتنی ناواخنی نوێدا بەئاکامدەگەیەنرێت.

٢.پێواژۆی پێکهێنانی کۆزانیاریی knowledge constituting process: بریتیە لە کردەی پێکهێنانی ناوەڕۆك، لەئەنجامی پەیوەستبوونی یەکەی هێمایی هەڵگیراو کە ناواخنکراوە لە پێڕەوی یادگەی سیمانتیکییدا، ئەو دەرکردەیەشی کە بەرهەمدێت بریتیە لە ڕێکخستنێکی ناوەکییانەی ناوەڕۆکەکان لە یادگەی سیمانتیکیدا، دەرەنجامەکەشی ئەوەیە کە ناوەڕۆکی نوێ دەتوانرێت وەك پێکهێنانی کۆزانیاریی لە یادگەدا هەڵبگیرێت.

## بەشی دووەم: دروستەی نووسین لە زمانی کوردیدا:

### ١/٢) یەکەی نووسین:

ئەرکی ئەم بەشە پەسنکردنی ڕێککارەکانی بە کۆنکرێتکردنی ئەو پێواژۆ فیزیکیی‌و ئاوەزییانەی نووسینە، کە خودی کردەی نووسین دەنوێنن، ئەمەش بەبەرجەستەکردنی تێکردەبیرییەکانە لە ناو چوارچێوەی ڕستەکاندا، بەوەی کە کردەی نووسین بیرێکی گەڵاڵەکراوە بە تۆمارکراوی، دەپرسین ئەم بیرە چۆن گەڵاڵەدەکرێت‌و چۆن بە وشەو ڕستەکان دەهۆنرێتەوە؟ هەموو نووسینێك لە گردبوونەوەی دێڕەکان پێکهاتووە،



(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

دێڕێکیش دەگونجێت ڕستەیەك یان زیاتر بێت، بە کۆمەڵە ڕستەیەکی پەیوەستدار پێکەوە دەوترێت پەڕەگراف (Paragraph)، پەڕەگراف «کڵێشەیەکی نووسینەو گوزارشتکردنە لە بیرێك، کە بە کۆمەڵە ڕستەیەك هێمای بۆ دەکرێت»(Zemach& Islam، ٢٠١٢، ٩)،لە نووسینی ئەکادیمییدا پەڕەگراف بریتیە لە یەکەیەکی بچوکی نووسین و جەخت لە سەر یەك بیرۆکە دەکاتەوەو پەرەیپێدەدرێت، یان پەڕەگراف کۆمەڵە ڕستەیەکی پەیوەستدارە پێکەوە، کە دەربڕی یەك بیرە، دەکرێت بە تەنهاو سەربەخۆ بێت، یان درێژە بە بیری پەڕەگرافەکە بدرێت و ببێتە پێکهێنەری فۆرمەکانی تری نووسین، وەك:(وتار، نامیلکە، چیرۆك، ڕۆمان،...).

پەڕەگراف بە «گروپێکی (٣-١٠) ڕستەیی، واتە (٥٠-١٠٠) وشەیی، کە دەربارەی یەك سەرباسە(تۆپیك) دانراوە»سەرەتای هەموو پەڕەگرافێکیش بەوە دەناسرێتەوە دەبێت بۆشاییەك بەجێبهێڵرێت و لە کۆتایشدا خاڵێك دابنرێت»( Zemach& Rumisek، ٢٠١٢، ١١)، ئەمانە هێمان بۆ دەستپێکردن وکۆتایی بە پەڕەگراف و ئاماژە بەوە دەدەن، کە خوێنەر بزانێت بیری سەرەکی ئەم پەڕەگرافە لە کوێیەوە دەستپێدەکات و لە کوێدا کۆتایی دێت.

بە پوختی پەڕەگراف بە نووسینێکی بچوککراوە دانراوەو ئاشنابوون بە دروستەو پێکهاتەی پەڕەگراف لەخۆیدا پەسنکردنی دروستەو پێکهاتەی نووسینە بەگشتی، کەواتە پەسنکردنی دروستەی نووسین لە خستنەڕووی دروستەی پەڕەگرافەوە هەڵدەهێنجرێت و سەرچاوەدەگرێت.

## ٢/٢) دروستەی پەڕەگراف:

زاراوەی دروستە ( structur) «مەبەست پێی چۆنێتی خستنەتەکیەکی کەرەستەکانە(توخمەکان و گۆکردنیان)، کە دەبێت توخمەکانی لەڕوی سینتاکسییەوە دروست و لەڕوی سیمانتیکییەوە ڕاست و لەگەڵ یەکتریدا گونجاو بن»(مەحوی،٢٠١١، ٣٧)، دروستەی پەڕەگرافیش ڕستێك لە توخم و پێکهاتە تانوپۆی ڕایەڵەکانی دەنەخشێنن، کە ڕستەکان و هەر ڕستەیەو بەپێی جێکەوتەو هاتنی لە دروستەی پەڕەگرافەکەدا بەشێکی پەڕەگرافەکە پێکدەهێنێت و بریتین لە(Zemach& Rumisek، ٢٠١٢، ١٢-١٧):

یەکەم: ڕستەی/ بەشی پێشەکی Introduction:

ڕستەی دەستپێکردن/سەرباسی/ سەرەکیشی پێدەوترێت، بریتیە لە ڕستەی بیری سەرەکی پەڕەگرافەکە، بە گرنگترین بەشی پەڕەگراف دانراوە، یەکەم ڕستەی پەڕەگرافەو دەکرێت لە ناوەڕاست یان کۆتایی پەڕەگرافیشدا بێت، بە ڕاستەوخۆیی بیری سەرەکی نوسەر لە ناو بەشی پێشەکیدایە، دەگونجێت دێڕێك بێت یان زیاتر، بەشی پێشەکیش پێکهاتووە لە:

ا. سەرباس(تۆپیك)/بابەت: ڕستەی سەرباسی بریتیە لە بابەتی سەرەکی ڕستەکە، ڕستەی گرنگی پەڕەگرافەکەن و هەموو بەشەکانی تری پەڕەگراف بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بەشەن.

ب. بیری سەرەکی: بریتیە لە تێڕوانین و بۆچوون و دیدگای نووسەر لەسەر سەرباس/بابەتەکە، یان ئەو هەوڵەی کە نووسەر دەیدات بۆ گواستنەوەی سەرنج و پەیامی خۆی دەربارەی سەرباسەکە بە خوێنەرانی، بە واتا خودڕوانینە لە سەرباس/ بابەتەکان و» بینی بابەتە بەچاوی خود»(حسەین، ٢٠٠٦، ١٢٣)،وەك:

١- خـوشـکـەکـەم باشترین هاوڕێمە.

سەرباس بیری سەرەکی

٢- بیرکردنەوە بنەمای زانستی زانیارییەکانە دەبێت ئاگایانەوئەرێنیانە ئاراستەی بکەین.

سەرباس بیری سەرەکی

ئەم بەشە کارەکیکردنی پێواژۆی پلاناندان لە خۆدەگرێت، بەوەی ئەو بیرەی کە نووسەر هەیەتی دەربارەی بابەتێك (لەئەنجامی دەستپێداگەیشتنەوە بە کۆزانیارییەکانی)، دەبێت بەم شێوەیە لە چوارچێوەی نووسیندا ڕێکیبخات.

## دووەم: بەشی ناوەڕۆك tnetnoC:

بەدوای بەشی پێشەکیدا کۆمەڵێك ڕستە دێن، کە بەبەشی ناوەڕۆك یان پشتگیری دەسنیشانکراون و ئەرکی ئەم بەشە تاووتوێکردنو ڕونکردنەوەو پەرەپێدانە بە بیری سەرەکی ، کە پەیوەست بە سەرباسی بەشی یەکەم خراوەتەڕوو، لێرەدا پێویستە ئەو بیرە پەرەپێبدرێتو فراوانبکرێتو نووسەر بتوانێت کاریگەریو بڕوا لای بەرانبەرەکانی دروستبکات، ئەمەش دەکەوێتە سەر چۆنێتی گۆڕینو گواستنەوەی ناواخنە چەمکییەکان بە وشەو ڕستەکان لە دروستەی پەرەگرافەکەدا، کە پێواژۆی گۆڕین پەسندەکەن، بۆئەمەش ڕێبازەکانی نووسین لەم بەشەدا بەکاربراوە، دەتوانرێت بە گێڕانەوە، هێنانەوەی ڕاستیو بەڵگەنەویستی، شیکردنەوەو پەسنکردن، یان بەراوردکردنوئامارکردن، کە ئەمانە جۆری ڕێبازی نووسین وەك پەسنکردن\وەسفکردن، گێڕانەوەیی، بەراوردکردن، پۆلێنکردن، شیکردنەوەیی... دیاریدەکەن، هەموو ڕستەکانی بەشی ناوەڕۆك دەبێت پەیوەستبن، بەو بیرە سەرەکییەی لە ڕستەی سەرباسیدا خراوەتە ڕوو، ڕستەکانی ناوەڕۆك/پشتگیری ئەو ڕێگایانەن، کە ڕونیدەکەنەوە بیرەکە چۆن جێبەجێبکرێت یان بخرێتە ڕوو، بۆ کارەکیکردنی ئەم بەشە ، ئەو بیرەی لە نموونە(٢)دا خراوەتەڕوو، لە پەرەگرافی (١)دا خراوەتەڕوو، بەشێوەیەك ئەو بەشەی کە تۆخکراوە بەشی پێشەکییەو ئەو بەشەشی هێڵی بەژێردا هاتووە

### بەشی ناوەڕۆکە:

١.بیرکردنەوە بنەمای زانستی زانیارییەکانە، دەبێت ئاگایانەوئەرێنیانە ئاراستەی بکەین. <u>Loa Tzu لەم بارەیەوە دەڵێت:" وریای بیرکردنەوەکانت بە دەبن بە وشە، وریای وشەکانت بە دەبن بە کردار، وریای کردارەکانت بە دەبن بە خو، وریای خوەکانت بە دەبن بە کەسایەتی، وریای کەسایەتیت بە دەبن بە چارەنوس، بەم پێیە بیرو بیرکردنەوەکانمان دەبنە سەنگی مەحەك بۆدیاریکردنو ڕەنگرێشتنی کەسایەتیمان لە داهاتووماندا</u>، بۆیە دەبێت وریایانەوئاگایانەوئەرێنیانە بەپرۆسەی بکەین، تا کەسایەتیەکی دروستمان هەبێت.

## سێیەم: ڕستەی/ بەشی کۆتایی/ ئەنجام:

ئەو بەشەی پەرەگرافە کە کورتە یان سەرنج یان تێچین دەدات، لەسەر بیرە سەرەکییەکەی بەشی پێشەکی، ڕستەکانی بەشی کۆتایی، ئەرکییان داخستنو کۆتایی هێنانە بە بیری پەرەگرافەکە، ئەمەش بە گەڕانەوە بۆ بیری سەرەکی پەرەگرافەکە دەبێت، بەوەی وشەو فرێزە (کلیلیەکان)ی ڕستەی سەرباسی دوبارە بکاتەوە، یان پارا وشەو پارافرێزو پارا ڕستە بکرێنەوە، یان ئەنجامێك بە دەستبهێنرێتو بخرێتەڕوو، بڕوانە ئەو بەشەی بەخواری نوسراوە لە پەرەگرافی(١)دا.

## چوارەم: بەشی ناونیشان:

ناونیشان بریتیە لە ناوو پێناسەو پەسنکردنی ناواخنی نووسینەکەو ڕێنمویی و ڕێبەرێتی خوێنەر بۆ (بەرهەمەکە) دەکات، واتە ئەو دەبێتە کلیلو ڕێنموکار بۆ خاڵی سەرەکی نووسینەکە، هەمیشە ناونیشان بریتیە لە وشەو فرێزی پەیوەستدار، لە ڕستەی تەواوکەری پێکهاتووە، هەموو چەشنە وشەکانی ناونیشان دەبێت بە گەورەیی بنووسرێن، لە ناونیشاندا نابێت نیشانەی قسەی وەرگیراو هەبن، لە دانانی ناونیشاندا دەبێت ڕەچاوی ئەمانە بکرێت(بۆکانی،٢٠١٦، ٥٤):

١. کورتو پوختو بێت. ٢. وردو دیاریکراوبێت. ٣. گشتگیربێت، ناواخنی باسەکە لەڕووی(کێشە، ئامانج، کات، شوێنو دەوروبەر) لەخۆبگرێت.

## پێنجەم: بەشی یەکێتیی بابەت:

یەکێتیی بابەت، بریتییە لە یەکپارچەیی هەموو ڕستەکانی پەرەگرافەکە لەڕوی بابەتەوە، بەواتا هەموو ڕستەکان بە سەرباسەکەوە پەیوەستبن و پەرە بە بیری سەرەکی بدەن، ئەگەر ڕستەیەك یان بابەتێك لە پەرەگرافەکەدا پەیوەست نەبن بە بیرە سەرەکییەکەوە، ئەوا پەرەگرافەکە لەڕوی یەکگرتنەوە، کەم بەها دەبێتو یەکێتی بابەتی تێدا ڕەچاونەکراوە.

## شەشەم: بەشی پەیوەندیی لۆژیکی/پەیوەستبوونی بیریی:

پەیوەندییە بیرییەکان تایبەتمەندییەکی تری گرنگی پەرەگرافن، لە نووسیندا بیرەکان بە لۆژیکی ڕێکدەخرێن. بیرەکان و ڕستەکان لە ڕێکخستنێکدان کە چەمك بۆ خوێنەر بەرهەمدەهێنن، بەوەی هۆو ئەنجامەکان بە زنجیرەیی بەدوای یەکدا بێن، بیرۆکەکانی ناو ڕستەکان بە ڕیزبەندییەك ڕێکخرابن بەلای خوێنەرەوە واتا بگەیەنن، ئەگەر بیرۆکەکان بەشێوەیەکی لۆژیکی ڕێکخرابن ئەوا خوێنەر بەئاسانی دەتوانێت پەی بە پەرەسەندنی بیرۆکەکان بەرێت، خوێنەر بەخێرایی تێدەگات کە بیرۆکەی سەرەکی چییەو شوێنپێی بیرکردنەوەی نووسەر هەڵدەگرێت، بە پوختی پەیوەندی لۆژیکیی لە دروستەی پەرەگرافدا بەمانە دەنوێنرێن:

ا. بەهۆی وشە پەیوەستکەرەکانی، وەك (بەڵام، کەی، لەبەرئەوە، لەگەڵ ئەوەشدا...)، دەردەخرێ ئەم پەیوەندییەن.

ب. ڕێکەوتن و گونجانی هەڵبژاردەی تاف و کەس.

پ.ئەنافۆرو کاتەفۆر:بریتیە لە پەیوەندیی نێوان ناوو جێناوەکان، ئەنافۆر بریتیە لە کردەی دوبارەکردنەوەی وشەیەك، بەمەبەستی جەختکردنەوە یان کاریگەریی، یان سەرنجپێدان، لە ڕێزماندا جێناوەکان ئەم ڕۆڵەدەگێڕن"بە کردەی ئاماژەدانی جێناوێك بە هەبوویەکی پێش خۆی لە ڕستە یان دەقدا دەوترێت ئەنافۆر، هەرچی کەتافۆریشە بریتیە لە ئاماژەدانی جێناوێك بە هەبوویەك کە لە دوای جێناوەکەوە لە ڕستە یان دەقدا دێت»( فەرەج،٢٠٠٠، ٦٠، ٦٩)، وەك:

٤. سەگەکە پشیلەکە ڕاودەنێت، <u>ئەو</u> یاری لەگەڵ <u>ئەو</u>دا دەکات.

ئەنافۆر ئەنافۆر

٥.<u>ئەو</u> بەهێزترین کەسێتی هەیە، <u>ئەو</u> کەسێکی زۆر مەزنە، <u>ئەو</u> زۆر میهرەبانە، <u>ئەو</u>کەسە باوکمە.

کەتافۆر کەتافۆر کەتافۆر کەتافۆر

ت.خاڵبەندی:تەکنیکێکی زمانە، نیشانەکانی خاڵبەندی بریتین لە کۆمەڵە ئاماژەو هێمایەکی وێنەکراوی گۆنەکراو، کە نووسەر بۆ گەیاندنی واتایەکی دیاریکراو پەنایان بۆدەبات، یان خۆیان بۆ خۆیان لە ڕستەدا ئەرکێکی دیاریکراو دەبینن، وەکو پرسیاریی و سەرسوڕمان یان بۆ ڕێکخستنی ناوەڕۆکی دەقێكو خوێندنەوەی بەشێوەیەکی ڕاست بەکاردەهێنرێت.

## حەوتەم: بەشی پەیوەندیی ڕێزمانیی :

بریتییە لەڕستەی ڕێزماندروستی واتادروستو بەکارهێنانی ئامرازەکانی پێکبەستن بۆ پەیوەستکردنی بیرەکانو بۆکەمکردنەوەی دوبارەبوونەوەی بێزارکەرانە، دەبێت ڕستە بەئاسانی ڕێنوییکەری ڕستەی دواتری بێت، لێرەدا بەچەند ڕێگایەك ئەم پەیوەندییە پەسندەکەین، ئەویش دوبارەکردنەوەی بیرەکان، پەیکاڵی جێناوەکان، وشە پەیوەستدارەکان، چوار چەشن وشەی پەیوەستدار دیاریکراون، هەموویان دەتوانرێن بۆ پەیوەستکردنی ڕستەکان یان ڕستیلەکان و بۆ پیشاندانی پەیوەندی بیرەکان بەکاربهێنرێن. ئەوانیش بریتین لە(Zemach& Rumisek، ٢٠١٢، ٢٢):

١.وشە سەرەکییەکان لە ڕستەکاندا key words: وشە سەرەکییەکان ئەو وشەو دەستەواژانەن، کە بۆ دەستپێکی ئاخاوتنو نووسین بەکاریاندەهێنین ، بەمەبەستی پەیوەستکردنی بیرەکان پێکەوە، ئەوان بەشێکی دروستەی ڕستەکان پێکدەهێنن، وەك ئەمانەی هێڵیان بەژێردا

هاتووه لە (٦، ٧)دا:

٦. پیرمدەکەوێتەوە ئەو رۆژەی کە......

٧. لە پیرم دێ سولەیمانی کە دارولمولکی بابان بوو

نەمەحکومی عەجەم نە سوخرە کێشی ئالی عوسمان بوو

٢. تەکخەر/ تەکخراو coordinators : تەکخەرەکان بریتین لە مۆرفیمی خستنەتەکیەکی (و، بەڵام، یان، لەبەرئەوە..)، کە دوو ڕستە/ ڕستیلەی سەربەخۆ دەخەنە تەکیەك بۆ دروستکردنو پێکهێنانی یەك ڕستە، وەك:

٨. دەمەوێت قسەی لەگەڵدا بکەم، بەڵام دەترسم.

٩. هاتم چاوم پێتانبکەوێت و بڕۆم.

٣. ڕستیلە: لە زماندا یەکەی بنەڕەتیو سەرەکی نووسین بریتیە لە ڕستە، ڕستەکان لە ڕستیلەکان پێکدێن، ڕستیلە بریتیە لە دەستەیەك لە وشەکان کە لە کەمترین باریدا دەبێت بکەرو کرداری لەخۆگرتبێت، یان دەستەیەکی وشەکانە کە بەدوای کرداردا دێن، کە تەواوکەری بیری ڕستەکەن پێکەوە، دوو چەشن ڕستیلە هەیە (ڕستیلەی شوێنکەوتوو/ سەربەخۆ).

یەکەم: ڕستیلەی سەربەخۆ: ئەو چەشنەیە کە بکەرو کرداری هەیەو دەتوانێت خۆبەخۆ واتابگەیەنێتو ڕستەیەو سەربەخۆیە، سێ ڕێگەمان هەیە بۆ خستنەتەکیەکی ڕستیلە سەربەخۆکان:

ا. لێکدانی ڕستیلەکان لەگەڵ مۆرفیمەکانی خستنە تەکیەکدا (تەکخەر):

مۆرفیمە تەکخەرەکان شوێنیان لەسەرەتای ڕستیلەی دووهەمدایە، کۆما هەمیشە لەپێش ئەمانەوە دێن. تەکخەرەکان نیشاندەری پەیوەندی نێوان دوو ڕستیلەن، نووسەر دەتوانێت کام تەکخەرەیان باشترین خزمەت بە مەبەستەکەی دەکات ئەوەیان هەڵبژێرێت، بۆنموونە:

| مەبەستی نووسەر | تەکخەرەکان |
| --- | --- |
| بۆ زیادکردنی بیرێك | / و/ |
| بۆ نیشاندانی نێواندژی | /بەڵام، هێشتا/ |
| پێشکەشکردنی ڕایەك / هەڵبژاردەیەك | /یان، نە....نە/ |
| ئاماژەدان بە ئەنجامێك | / لەبەرئەوە/ |
| ئاماژەدان بە هۆکار | / بۆ/ |

١٠. نانم خوارد و خەوتم.

١١. نەخۆشبووم، لەبەرئەوە نەهاتم.

ب. ڕێگایەکی دی بۆ لێکدانی ڕستە سەربەخۆکان، بەکارهێنانی کۆمایە، کۆما لە خاڵبەندیدا، کاتێك دوو ڕستیلە بە توندی بیرەکانیان پەیوەند بن پێکەوە بەکاردەهێنرێن، وەك:

١٢. دوو گۆڵی یارییەکی زۆر بڵاوە لەلای گەنجان، هەموو گەنجێك دەیزانێت.

پ. پەیوەستکەری ڕستە: پەیوەستکەری ڕستە شوێنی لە سەرەتای ڕستیلەی دووهەمدایەو لەپێشیەوە کۆما دێت، وەك تەکخەرەکان

نیشاندەری پەیوەندی بیرەکانی ناو دوو ڕستیلەکانن.

| مەبەستی نووسەر | پەیوەستکەری ڕستە |
| --- | --- |
| بۆ زیادکردنی بیرێك | زیاتر لەوەش |
| بۆ ئاماژەدان بە ئەنجام | لەبەرئەوە/ لەسەرو ئەوەشەوە |
| ئاماژەدان بە ئەنجامێکی چاوەڕواننەکراو | لەگەڵ ئەوەی |
| بۆ زیادکردنی بیر | زیاتر لەوەش، هەروەها |
| بۆ کورتکردنەوە | لە کۆتاییدا، بەکورتی، بە پوختی |
| نیشاندانی چوونیەکی | هەروەك، وەکو، بەهەمان شێوە |
| نیشاندانی کات/ زنجیرە | یەکەم، دووهەم/ دواتر، کاتێك |
| نیشاندانی ئەنجام | بەم شێوەیە، وەك دەرەنجامێك، لەبەرئەوە |
| نیشاندانی پێچەوانە | بەهەرحاڵ، لەلایەکی ترەوە، بەپێچەوانەوە |
| نیشاندانی جەختکردنەوە | لەڕاستیدا، بەپێچەوانەی ئەمەشەوە |
| هێنانەوەی نموونە | بۆ نموونە، وەکو |
| بۆ ڕونکردنەوە | بە وشەیەکی تر، بەواتایەکی تر |
| گشتاندن | بەگشتی، سەرتاپا |

١٣. کۆششی زۆرم کردبوو، لەگەڵئەوەی کاتێکم دانا بۆ بینینی هاوڕێکانم.

دووەم: ڕستیلەی شوێنکەوتوو:

ئەمان بکەرو کرداریان هەیە، بەڵام سەربەخۆو خۆبەخۆ ناتوانن لەسەر پێی خۆیان بوەستن، ئەمان شوێنکەوتوون ،لەبەرئەوەی لە وشەی لێکدەرو ڕستیلەیەکی سەربەخۆ پێکهاتوون، بڕوانە هاوکێشەی(٢).

٢.لێکدەر + ڕستیلەی سەربەخۆ = ڕستیلەی شوێنکەوتوو

١٤. کاتێك کە من تاوانبارکراوم بە تاوانێك.

١٥. لەکاتێکدا بەڕێگادا تێدەپەڕیم.

| مەبەستی نووسەر | لێکدەر |
| --- | --- |
| بۆ ئاماژەدان بە کات | لەکاتێکدا، کاتێك، وەك، هەرکاتێك، پێش، دوا، تاوەکو، جارێکیان |
| بۆ ئاماژەدان بەشوێن | لەکوێ |
| بۆ ئاماژەدان بەهۆکار | لەبەرئەوە، هەرچەندەڤن بزانە کە |
| بۆ ئاماژەدان بە پێچەوانەیی | سەرەڕای ئەوە، لەکاتێکدا |
| بۆ ئاماژەدان بە ئەنجام | هەروەها.....کە |

بە گشتی لێکدەرەکان ڕستیلەی شوێنکەوتوو و سەربەخۆ پێکەوە گرێدەدەن، بۆ پێکهێنانی ڕستە، لە گردبوونەوەی ڕستەکانیشدا پەرەگرافەکان بەرهەمدێن، بە پوختی بەرهەمهێنانی نووسین دەکەوێتەوە سەر چۆنێتی بەرهەمهێنانی پەرەگرافەکانو پەرەگرافەکانیش لەکارەکیکردنی پێواژۆ درکپێکردنەکانی دروستەی نووسینەوە سەرچاوە دەگرێت.

## ئەنجام

١.نووسین پێواژۆیەکی فیزیکییو ئاوەزییو چالاکییەکی ژیرییە، لەکارلێکی نێوان پێواژۆی بیرکردنەوەی باڵاو کارامەییە ئاوەزییە باڵاکانو پێواژۆی زمانەوانی، کە بەرهەمهێنانی هەموو دەقێك لەخۆیی دەگرێت پێکهاتووەو بە پێواژۆوە درکپێکردنەکانی(پلاناندان، گۆڕین، پێداچوونەوە) پەسنکراون.

٢.کردەی نووسین پێرەوێکی تێکچرژاوی پێواژۆوە ئاوەزییەکانە، یادگەی کارکەر ڕێژی ئەم پێرەوە لەخۆدەگرێت، بۆیە کارامەیی نوسەر لەوەدایە چۆن ئەو زانیارییە کاتییانەی بۆماوەیەکی کەم لەم یادگەیەدا دەمێننەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکاتو چارەسەریانبکات.

٣.دروستەی نووسین بە دروستەی پەرەگراف پەسنکراوە، هەرچی پێواژۆوە درکپێکردنییەکانە لە بەرهەمێنانی نووسیندا بەم پێکهاتانە بەرجەستەکراون، ئەوانیش:ناونیشان، پێشەکی، ناوەرۆك، یەکێتی بابەت، پەیوەندی لۆژیکی، پەیوەندی ڕێزمانی، کۆتایی /ئەنجام.

## سەرچاوەکان

### ا. بە زمانی کوردیی:


١. بۆکانی، سابیر(٢٠١٦)، میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چاپخانەی چوارچرا، چاپی یەکەم، سلێمانی،

٢. حسەین، شیلان(٢٠١٤)، زمانو پەرەپێدانی مرۆیی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی B، سلێمانی.

٣. حسەین، هەڤاڵ(٢٠٠٦)، ضةشنة ئةدةبي و رِؤذنامةنوسيية‌كان و رِةنطدانةوةيان لة «ذيان و ذين»دا(١٩٣٢-١٩٥٠)، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٤. خلیل، ناهیدە(٢٠١٣)، زمانپژاندنو دیاردە سایکۆفۆنۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٥. فەرەج، هۆگر(٢٠٠٠)، پراگماتیكو واتای نیشانەکان، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٦. مەحموود، ئاڤێستا(٢٠١٢)، پرۆسە سایکۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٧. مەحوی، محەمەد(٢٠١١)، بنەماکانی سینتاکسی کوردیی، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.


### ب. بە زمانی عەرەبی:


١. المسدی، عبدالسلام( ١٩٨٢ )، الاسلوبیە والاسلوب، الدار العربیە للکتاب.

**پ. به زمانی ئینگلیزی:**

1.David Galbraith, Stoke-on-Trent (2009), Cognitive Models of Writing, University of Southampton.

2.Hayes, J. R., & Flower, L. (1980). Identifying the Organization of Writing Processes. In L. W. Gregg, & E. R. Steinberg (Eds.), Cognitive Processes in Writing: An Interdisciplinary Approach (pp. 3-30). Hillsdale, NJ: Lawrence Erlbaum.

3.Hayes, J. (1996) A New Framework for Understanding Cognition and Affect in Writing. In: Carnegie Mellon University.

4.L. Flower, J. Hayes. (1981) A Cognitive Process Theory of Writing. Psychology College Composition and Communication.

5.Kellogg, R.T. (2008). Training writing skills: A cognitive developmental perspective. Journal of writing research, Saint Louis University | USA.

6.Zemach. D.E& Rumisek. L.A ( 2012). Academic Writing from paragraph ti essay. Macmillan.

7.Zemach & Islam (2012). Paragraph Writing from sentence to paragragh. Macmillan.

8.Byne.D(1988), Teaching Writing Skills,Logman, London.

# وێنەی خوازەیی لە دیوانی (تەمەن)ی (ئەحمەد محەمەد)ی شاعیردا

**ئیدریس محەمەد رضا[1]، ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا[2]**
[1،2] بەشی زمانی کوردی، زانکۆی سەڵاحەدین، شاری هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: Edres76.em@gmail.com

## الملخص

المجاز وفق ما لديها من أهمية، في أنتاج الصور الأدبية المختلفة، قد تساهم هذه الصور كلها في أنتاج الأقتصاد الكلامي، وصنع أيجاز جميل للكلام، و في كثير من الأحيان لا يدريك ذلك القارئ العادي، و أنما يدركها القارئ المختص، وتصنع الصور المجازية غرض الأيجاز الألفاظ في النص الأدبي، و تعطي لذة لقارئ النص، أذ بواسطتها تتغير طريقه الكلام العادي الى صور مختلفة.

المجاز هي أحدى الفنون اللتي تصنع أساسيات الأدب، و تعطي جمالا للنص الأدبي المطلوب طريقتها، و من هنا يقدم هذا البحث خدمة لتوثيق نصوص الشعراء المشار اليها في البداية.

**الكلمات المفتاحية: المجاز ، المجاز البدهية ، المجاز المرسل، العلاقات المجازية.**

**كليلە وشەکان بریتین لە: خوازە، خوازەی ژیری، خوازەی رەها، پەیوەندییە خوازەییەکان.**

المجاز هي أحدى الفنون اللتي تصنع أساسيات الأدب، و تعطي جمالا للنص الأدبي المطلوب طريقتها، و من هنا يقدم هذا البحث خدمة لتوثيق نصوص الشعراء المشار اليها في البداية.

الكلمات المفتاحية: المجاز ، المجاز البدهية ، المجاز المرسل، العلاقات المجازية.

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| بەرگ | ٦ ژمارە ١ ساڵی(٢٠٢١) |
| رێککەوتەکان | رێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢١/٢/٢٥ \| رێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢١/٣/٢٤ \| رێککەوتی بلاوکردنەوە: ٢٠٢١/٣/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | Edres76.em@gmail.com |
| مافی چاپ و بلاو کردنەوە | ©٢٠٢١ ئیدریس محەمەد رضا، پ.ی.د. ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا،گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر رەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

**Abstract:**

The metaphor according to its importance in the production of different literary images, it contributes through these images to the production of verbal economics by producing a beautiful summary of speech, and in many cases the images of the metaphor are not perceived by the average reader, but rather by the competent reader. Metaphorical images make for the purpose of brevity the words in the literary text, and give pleasure to the reader of the text, as by means of them the way of ordinary speech changes into different forms.

Metaphor is one of the arts that creates the basics of literature, and gives beauty to the literary text required by its method. Hence, this research provides a service for documenting the texts of the poets referred to at the beginning.

**Keywords: metaphor, intuitive metaphor, transmitted metaphor, impedance relations.**

## پێشەکی

## یەکەم/ گرنگی ناونیشان

هەڵبژاردنی ناونیشان بۆ هەر توێژینەوەیەکی زانستی گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەی ناونیشانی توێژینەوە دەبێتە بنەما بۆ خوێندنەوەیەکی زانستیانە بۆ ئەو بابەتەی لێکۆڵەر شرۆڤەی کردووە، ئێمە بە باشمان زانی بۆ ئەم توێژینەوەیە، ناونیشانی (وێنەی خوازەیی لە دیوانی تەمەنی ئەحمەد محەمەد)دا، هەڵبژێرین.

وێنەی خوازەیی وەك یەكێك لە بنەماكانی ڕوونبێژی، جێگەی سەرنج و تێڕامانی بەلاغییەکان بووە لە هەموو سەردەمەکاندا، لای کوردیش لە سەدەی ڕابردووەوە و بە تایبەتی لە حەفتاكانی سەدەی بیستەم، بووە بە بابەتێكی توێژینەوە و لای لێكراوەتەوە و شرۆڤەی شیعری هەندێك لە شاعیرانی پێكراوە.

## دووەم/ ڕێبازی توێژینەوەکە

ڕێبازی توێژینەوەكە وەصفییە، چونكە توێژینەوەكە وەصفی حاڵەتی ئەو داهێنانە دەكات، كە شاعیر وێنەكانی پێ دروست كردووە.

## سێیەم/ پێکهاتەی توێژینەوەکە

وەك هەر توێژینەوەیەكی تری زانستی، سەرەتای توێژینەوەكەمان بە ناونیشان و پێشەكییەكی پوخت دەست پێكردووە، دواتر توێژینەوەكەمان كردووە بە دوو بەشی سەرەكی.

لە بەشی یەكەم پێناسەی خوازەمان وەك لایەنێكی گرنگی ڕوونبێژی كردووە، لەڕووی وشەیی و زاراوەییەوە خوازەمان ناساندووە، هەر لەم بەشەدا بەڕیزبەندی ناوی ئەو بەلاغییانەمان هێناوە، ئەوانەی بە كتێب خزمەتیان بە كتێبخانەی كوردی كردووە، لە سەرەتاوە دەستیان بۆ ناساندن و ئاشناكردنی زانستی ڕەوانبێژی، بە خوێنەر و قوتابیانی بەشی كوردی كردووە، لایەنی (خوازە)مان وەك بابەتێكی پێویست بۆ ئەم توێژینەوەیە وەرگرتووە، هەندێك لەو جۆرانەمان باس كردووە، كە ئەوان باسیان كردووە و لە دیوانی شاعیریشدا نموونەمان بۆ بینیوەتەوە.

بەشی دووەمی توێژینەوەكەمان تەرخان كردووە، بۆ لێكدانەوەی ئەو بەیتە شیعرییانەی خوازە تیایدا بووە بە بنیاتی ڕوونبێژی، ئەمەش بە ڕیزبەندی لە جۆرەكانی خوازە، لەبەر ڕۆشنایی ئەو جۆرانەی باسیان لێوەكراوە و لە دیوانەكەدا نموونەمان بۆ بینیونەتەوە، لە كۆتاییدا چەند ئەنجامێكمان بۆ توێژینەوەكە بەدەست هێناوە و لیستی سەرچاوەكانمان دەستنیشان كردووە.

چوارەم/ كێشەی توێژینەوەكە

دیوانەکەی شاعیر پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە، بۆ هەموو ئەو داهێنانانەی شاعیر دایهێناون لە شیعرەکانیدا، شیعرەکانی ئاسان و دڵگیر و پڕ وێنەی شیعرین، بەڵام لایەنەکانی ڕەوانبێژی و لەناو ئەم لایەنانەشدا (خوازە)، مەڵۆیەکی گەورەی بۆ خەرمانی ڕەوانبێژی خڕکردۆتەوە، لەبەر ئەوە پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە بۆ داهێنانەکانی شاعیر.

## بەشی یەکەم : خوازە وەك توخمێکی ڕوونبێژی

### تەوەرەی یەکەم : خوازە چییە؟

لێرەدا لە هەر دوو ڕووی وشەیی و زاراوەییەوە پێناسەی وشەی (خوازە) دەکەین:

**ا. لەڕووی وشەییەوە:**

لە زمانی ئینگلیزیدا بە (Metaphor) دەنوسرێت و دەخوێندرێتەوە، ((شێوەیەکە لە شێوەکانی قسەکردن، کە تیایدا وشەیەك یان ڕەمزێك لەبری شتێك، یان کارێك دادەنرێت، بە هیچ جۆرێك واتاکەی لەسەری ناچەسپێت، ئەم وشەیە لە کۆتاییەکانی سەدەی پازدە لەلایەن فەرەنسییەکانەوە بەکار هاتووە و ئەوانیش لە یۆنانی کۆنیان وەرگرتووە، لە (metapherein›› to)ی یۆنانی وەریانگرتووە)) (Elizabeth Knowles, 2006, 1893).

خوازە لە زمانی عەرەبیدا پێی دەوترێت: (المجاز)، (مەجاز) بە هەندێ لەم واتایانە هاتووە:

((مجاز/ ناوی شوێنە لە (جاز ب) واتە: (بەهۆی ئەوەوە دەبێ) هاتووە.

مەجازیش لە ئاخاوتن/ ئەو ئاخاوتنەیە، کە تەجاوزی ئەو مانایەی کردووە، کە بۆی دانراوە.

هەروەها (جەوەزە) بە واتای حەڵاڵ بۆکردن وڕێگەپێدانیش دێت)) (معجم المعاني الجامع، موقع الکترونی)

خوازە لە زمانی کوردیشدا بەم شێوەیە باسکراوە:

لە فەرهەنگی (نۆبەرەی گیو موکریانی) وشەی (مجاز) بەم شێوەیە پێناسە کراوە، ((مجاز: وشەیەکە بە پێچەوانەی واتای ڕاستەقینەی خۆی بەکار ببرێت و بخرێتە سەر واتایەکی تر کە هەڵیگرێ، خوازە، خوازراوە)) (٢٠١٧، ٤٨٩).

عەلائەدین سەجادی دەڵێت: ((خوازە وەیا خوازمان لە دەستووری زمانی کوردیدا ناون بۆ ئەو واتایەی کە لە زمانی عەرەبیدا بە (مەجاز) گوزارشتی لێ دراوەتەوە)) (٢٠١٩، ٥٩)، لێرەدا خوازە بە ناو ناسێندراوە لە بەرامبەردا عەرەب بە (مجاز) گوزارشتی لێ کردووە.

**ب. لەڕووی زاراوەییەوە:**

خوازە لە زانستی ڕەوانبێژیدا پێگەیەکی فراوان و گرنگی هەیە، جێگەی بایەخ و تێڕامان و توێژینەوەی پسپۆڕانی ئەم بوارەیە، بریتییە لە ((وشەیەکی بەکارهاتوو بۆ واتایەکی تری دوور لە واتاکەی خۆی بەپێی جۆری بەکارهێنانی واتایەکی تری پێ دەبەخشێت)) ( السكاكی، ١٩٣٧، ٥٩٠)، بەکارهێنانی وشەیەکە بۆ مانایەکی دوور لە مانای بنجی خۆی، بنەمایەکی گرنگە لە دروستکردنی وێنەی ڕوونبێژی لە ئاخاوتن و ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی، خوازە هونەرێکە لەسەر بنەمای ((ڕاستی وەستاوە و دوورە لە درۆ، مەبەست لێی ئەوەیە، ئێمە لە وشەکانی تێپەڕیوین بۆ ئەوەی ئەو ڕاستییە وا پیشان بدەین کە دەربڕینێکی تایبەتی هەیە و کاریگەرییەکی باشتر و بەهێزتر دروست بکات، وەك لەوەی لەکاتی بەکارهێنانی وشەکان لەشوێنی خۆیان دروستی دەکەن)) (عصفور، ١٩٧٤، ١٣١)، لێرەدا وشەی بەکارهاتووی بۆ غەیری واتای خۆی ناچێتە خانەی درۆ، بەڵکو بۆ جوانکردن وبەهێزکردنی دەربڕینەکەیە، ئیتر ئەو دەربڕینە ئاخاوتن بێت، یان شیعر، یاخود هەرشێوازێکی تری ئەدەبی.

دەتوانین لە پێناسەیەکی کورتدا بڵێین: (( خوازە: بریتییە لەوەی، کە وشەیەك بۆ مانای دروستی خۆی بەکارنەبرێ، بەڵکو بۆ مانایەکی تر بخوازرێ و مەبەستێکی تر بگەیەنێ)) ( گەردی، ١٩٧٢، ٦٧)، وشەیەکە بۆ واتایەکی تر بەکاردێت، واتای بنجی خۆی ناگەیەنێت و واتایەکی


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

تر دەگەیەنێت.

لە پێناسەیەکی تردا هاتووە، کە خوازە بریتییە لە ((وشەیەکی بەکارهاتوو بۆ غەیری ئەو واتایەی بۆی دانراوە، لەبەر پەیوەندییەکی نێوانیان، کە لێکچوون نییە، لەگەڵ قەرینەیێك، کە ڕێگری دەکات لەوەی بۆ واتای دروستی خۆی بەکار هاتبێ..)) (ئیدریس عەبدوڵلا، ٢٠١٤، ١٧٥)، وشەی خوازراو لێرەدا بۆ ئەو واتایە نییە، کە وشەکە دەیبەخشێت، بەڵکو بۆ واتایەکی ترە کە مەبەستێکی تر و واتایەکی تر دەدات، ئەمەش بەهۆی ئەو قەرینە جیادەکرێتەوە، کە لەناو ڕستەکە، یان دێڕە شیعرەکە هاتووە.

خوازە لە پێکهێنانی هونەری شیعر و نەخشاندنی تابلۆ و وێنەی شیعریدا، بنەماو ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی هەیە، جگە لە وێنەی شیعریش ((خوازە دیاردەیەکی زمانییە بە تەنیا تایبەت نییە بە زمانێك جیا لە زمانەکانی دی، دروستبوونی ئەم دیاردەیەش پەیوەستە بەرەو پێشچوونی زمانی)) (دنیا شهاب علی، ٢٠١٥، ٦٥)، لە هەموو زمانەکان بە گشتی و لە زمانی عەرەبیدا بە تایبەتی، خوازە بنەمایەکی سەرەکییە لە زانستی ڕەوانبێژیدا، ئەمەش بەهۆی دەوڵەمەندی زمانی عەرەبییەوە لەڕووی هەبوونی وشەوە، بەدوای ئەویشدا زمانی ئینگلیزی دێت.

لەم پێناسانەوە دەگەینە ئەوەی کە بڵێین: خوازە بەشێکی گرنگ و فراوانی ڕوونبێژییە، بەکارهێنانی وشەیەکە بۆ واتایەکی دوور لە واتای بنچی خۆی، ئەمەش بەهۆی بوونی مەبەستێك، کە ناهێڵێت بۆ واتای ڕەسەنی خۆی بەکاربێت، ئەم مەبەستەش واتایەکی نوێ دەبەخشێ بە وشە خوازراوەکە و واتایەکی نوێ دەدات بەدەستەوە.

خوازە لە زانستی ڕەوانبێژی لە زمانی کوردیدا، شوێنی (مجاز)ی لە ڕەوانبێژی عەرەبیدا گرتۆتەوە، چونکە عەرەب ئەم لایەنە گرنگەی ڕەوانبێژی بە ((دیاردەیەکی پڕ شانازی ناو قسەو گفتوگۆکانیان دەزانن، دەڵێن: (مجاز) لووتکەی زمانپاراوی دەربڕینەکانە، ئەم بەلاغەتەشیان بە هۆکاری پێشکەوتنی زمانەکەیان بەسەر زمانەکانی تر دەزانن)) (ابی علی الحسن بن رشیق القیروانی، ١٩٨١، ٢٦٥)، لە زمانی عەرەبیدا زانستی ڕەوانبێژی پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە، سەدان کتێبی ئەکادیمی و زانستیان لەم بوارەدا نووسیوە و پێشەنگ و لە لووتکەدان.

## تەوەرەی دووەم : ژمارەی هونەرەکانی خوازە

ژمارەی هونەرەکانی خوازە لای ڕەوانبێژانی کوردی جیاوازە، ئەم جیاوازییەش لەبەر دوو تایبەتمەندییە، ئەمەش لەبەرئەوەی هەموو ڕەوانبێژێك، هێندەی یەکتر باسیان لە هونەرە خوازەییەکان نەکردووە، تایبەتمەندییەکانیش ئەمانەن:

١. ئەو ڕووبەرەی ئیشیان لەسەر کردووە، جۆرەکانی بۆ سنووردار کردوون، هەیە لە دیوانێك یان چەند دیوانێك کاری لەسەر ڕەوانبێژی کردووە، هەیانە لەم ڕووبەرەش کەمتر بووە.

٢. هەموو نووسەرێك شێوازی خۆی هەیە لە ئیشکردن لە کاری ڕەوانبێژیدا، واتە مەرج نییە هەموو بەلاغییەك، هەموو هونەرە خوازەییەکانی بەلاوە گرنگ بێ.

نووسەرانی ئەم بوارە لە ئەدەبی کوردی لە سەدەی بیستەم زۆرن، بەڵام ئەوانەی سەرمەشقی ئەم بوارەن و بە کتێب باسیان لە ڕەوانبێژی کوردی کردووە، هەروەها لە خوازە و جۆرەکانی دواون، بریتین لەم بەرێزانەی لای خوارەوە:

## یەکەم : عەزیز گەردی

بە یەکەم نووسەری کورد دادەنرێت، کە بە کتێب خزمەتی گەورەی بە ئەدەبی کوردی کردووە، یەکەم نووسەری کوردیشە لە حەفتاکانی سەدەی بیستەم لە بواری بەلاغەت و ڕێزمان و ئەدەبی کوردی جێگە دەستی دیارە، هەرچەندە پێش ئەم (شێخ نوری)یش لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو لەسەر ڕەوانبێژی نووسیوە، بەڵام نووسینەکەی ئەو لە چەند وتارێکی کورت زیاتر نییە و نەبووە بە کتێب.

لە بەرگی یەکەمی کتێبی (ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی)دا، دەڵێت: ((خوازە بریتییە لەوە، کە وشەیەك بۆ مانای دروستی خۆی بەکار نەبرێ، بەڵکو بۆ مانایەکی تر بخوازرێ و مەبەستێکی تر بگەیەنێ)) (١٩٧٢، ٦٧)، دوابەدوای ئەم پێناسینەش، دوو جۆری بۆ خوازە دەستنیشان کردووە، کە ئەمانەن:

یەکەم : خوازەی زمانی: ئەو خوازەیەیە، کە پەیوەندییەکەی لێکچوون بێت.

ئەمیشی کردووە بە دوو جۆرەوە:

یەك : خواستن

بنەرەتەکانی خواستنیشی کردووە بە چوار جۆر، ئەوانیش بریتین لە: (بۆخواستراو – لێخواستراو – خواستراو – نیشانەی خواستن).

بۆ دروستکردنی خواستن، پێنج هەنگاوی دیاری کردووە، کە ئەمانەن:

١.چوواندنی نهێنی ٢.پەیوەندی هەردوولا ٣.لەبیرخۆ بردنی چو اندنە نهێنییەکە

٤.تێکەڵ کردنی هەردوولا ٥.نیشانەی خواستن.

جۆرەکانی خواستنیشی بۆ ئەم جۆرانە دابەش کردووە:

١.خواستنی ئاشکراو خواستنی درکاو

٢.خواستنی نەژادی و خواستنی پاشکۆیی

٣.خواستنی ڕاستەقینە و خواستنی ڕامانی

خواستنی ئاشکرایشی کردووە بە دوو جۆرەوە :

١.خواستنی ڕێك ٢.خواستنی بە پلار

دابەش کردنی خواستنی کردووە بە سێ بەشەوە:

١.خواستنی پاڵێوراو ٢.خواستنی پەتی ٣.خواستنی بەرەڵا

دوو : خوازەی بەرەڵا

هەموو خوازەیەکی تری زمانی دەگرێتەوە کە پەیوەندییەکەی لێکچوون نەبێت، ئەمیشی بۆ چەند پەیوەندییەك دابەش کردووە، کە ئەمانەن:

١.پەیوەندی چاوگی ٢.پەیوەندی هاماوی ٣.پەیوەندی پاژەیی

٤.پەیوەندی شوێنی ٥.پەیوەندی هۆیەتی ٦.پەیوەندی بەرهۆیی

٧.پەیوەندی پەیوەستی و پەیوەستراوی ٨.پەیوەندی خاوەنێتی ٩.پەیوەندی هەبوونی

دووەم : خوازەی ژیری

بەرێزیان دەڵێن: لەبەرئەوەی خوازەی ژیری لە دانەپاڵ هاتووە، دانەپاڵیش ئیسنادی زۆرە، بە تەنیا سێ لە جۆری دانەپاڵی باسکردووە :

١.دانەپاڵ هۆ ٢.دانەپاڵ کات ٣.دانەپاڵ شوێن

## دووەم : عەلائەددین سەججادی

بەڕێزیان دەڵێن: ((خوازە وە یا خوازمان لە دەستووری زمانی کوردیدا ناون بۆ ئەو واتایەی، کە لە زمانی عەرەبیدا بە (مجاز) گوزارشتی لێ دراوەتەوە)) (٢٠١٩، ٥٩).

خوازەی کردووە بە دوو جۆرەوە، ئەوانیش بریتین لە:

١.خوازەی ژیری- عەقلی: ئەوەیە کە کردەوەیەك بدرێتە لای شتێك، وە یا یەکێك، کە لەڕاستیدا ڕەوا نەبێ بدرێتە لای ئەو.

٢.خوازەی زمانی- لوغەوی: مەبەست لەم گوزارشتە ئەوەیە، وشە لە کاتی خۆیا، کە دانراوە بۆ شتێکی تایبەتی دانراوە، پاشان گوێزراوەتەوە بۆ گوزارەیەکی تر، وە ئەبێ پەیوەندی لە نێوانی هەر دوو گوزارەکەدا هەبێ، ئەم پەیوەندییەش پەیوەندێك بێ هەست بۆی بچێت و بیدۆزێتەوە، نەوەك پەیوەندی ڕاستەقینە، کە جیا نەبوونەوەیە.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

هەروەها دەڵێن: دەبێ بزانرێ، کە زیاتر (خوازە) بەسەر (خوازەی بەرەڵا- مجاز مرسل)دا سەرەونخوون ئەکرێتەوە، ئەم خوازەی بەرەڵایەش جیاکردنەوەی لەگەڵ خواستندا ئەوەیە، کە ئەگەر پەیوەندی لە نێوانی دوو شتەکەدا، واتە؛ لێ خواستراو و بۆخواستراو لێکچوون بوو، ئەوە خواستنە.

**سێیەم : عەبدول سەلام سالار**

بەرێزیان دەربارەی خوازە وتوویانە: ((لە زمانی میللەتاندا، خوازە بایەخێکی زۆری پێدراوە، چونکە سەرچاوەیەکی گرنگی بنیاتی وێنەی ڕەوانبێژییە)) (٢٠٠٠، ٧٤).

باسی لە جۆرەکانی خوازەش کردووە و بەم شێوەیە دابەشی کردوون:

یەکەم : خوازەی زمانی

خوازەی زمانی کردووە بە دوو بەش، کە بریتین لە:

ا.خواستن ب. خوازەی بەربڵاو

ا. خواستن :

چوار (٤) جۆری بۆ خواستن دەستنیشان کردووە کە ئەمانەن:

١.خواستنی بەرجەستەکراو ٢.خواستنی ماددی

٣.خواستنی ژیان بەخشین ٤.خواستنی گواستنەوەی هەستەکان

خواستنیشی بە پێی (لێخواستراوو بۆخواستراو) بەم شێوەیە دابەش کردووە:

١.خواستنی ئاشکرا ٢.خواستنی شاراوە ٣.خواستنی هاودژی (العنادية)

٤.خواستنی گونجاو (الوفاقية) ٥.خواستنی ڕوون (العامية) ٦.خواستنی قووڵ (الخاصية)

٧.خواستنی هاتنەدی (التحقيقية) ٨.خواستنی ئەندێشەیی

٩.خواستنی هەستپێکراو لەڕووی هەستییەوە ١٠.خواستنی هەستپێکراو لەڕووی ژیرییەوە

١١.خواستنی ژیری بۆ ژیری ١٢.خواستنی هەستپێکراو بۆ ژیری ١٣.خواستنی ئازاد

١٤.خواستنی ڕووت ١٥.خواستنی ڕازاوە ١٦.خواستنی نواندن

ب. خوازەی بەربڵاو :

لە خوازەی بەربڵاویشدا چەند پەیوەندییەکی ئاماژە پێکردووە، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١.پەیوەندی پاژەیی ٢.پەیوەندی ئامێری ٣.پەیوەندی پەیوەستراوو پەیوەست

٤.پەیوەندی پەیوەست و پەیوەستراوی ٥.پەیوەندی گشتی و تایبەتی ٦.پەیوەندی هۆ

دووەم : خوازەی ژیری

لە خوازەی ژیریشدا چوار (٤) جۆر دانەپاڵی دیاری کردووە، کە ئەمانەن:

١.خوازەی ژیری بە دانەپاڵ کات ٢.خوازەی ژیری بە دانەپاڵ شوێن

٣.خوازەی ژیری بە دانەپاڵ هۆ ٤.خوازەی ژیری بە دانەپاڵ چاووگ

## چوارەم : ئیدریس عەبدوڵلا

چوارەم نووسەری کوردە، وەك شارەزایەکی بواری ڕەوانبێژی خزمەتی بە کتێبخانەی کوردی کردووە، چەند کتێبێکی بۆ ئەم بوارەی ئەدەب نووسیوە، لە کتێبی (لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بە نموونەی حەمدی و حاجی قادری کۆیی)، باسی زۆربەی لایەنەکانی

ڕەوانبێژی کردووە، لە باسی خوازەدا دەڵێت: (( بریتییە لە بەکارهێنانی وشەیەك بۆ بێجگەی ئەو واتا فەرهەنگییە دروستەی هەیەتی، لەگەڵ بوونی قەرینێك، زمانی بێت، یان ژیری، ڕێگری بکات، لەوەی کەوا ئەم وشەیە وەکو درووست بەکارهێنراو و بیچەسپێنێت، کە دەبێت بۆ واتای خوازەیی بەکارهێنرابێت)) (٢٠١١، ١٦٣-١٦٤)، جۆرەکانی خوازەشی بە م شێوەیەی لای خوارەوە بە ووردی باسکردووە:

یەکەم: خوازەی زمانی

ئەمیش دوو جۆرە:

١.خواستن: ((لێرەدا پەیوەندی نێوان واتای دروست و واتای خوازەیی وشەکان، لێکچوونە)) (باطاهر، ٢٠٠٨، ٢٤٩)

٢.خوازەی ڕەها: ((لێرەدا پەیوەندی نێوان واتای دروست و واتای خوازەیی، لێکچوون نییە)) ((باطاهر، ٢٠٠٨، ٢٥٠).

خوازەی ڕەها بە بوونی ئەم پەیوەندیيانە، چەندین جۆری تری لێ دروست بووە، گرنگترین ئەم پەیونەدییانەش لێرەدا بەخاڵ دەژمێرین، دواتریش نموونەمان بۆ هەریەکەیان، کە لە دیوانەکەدا هەبێت هێناوەتەوە. پەیوەندییەکانیش بریتین لە:

١.پەیوەندی کەرتی ٢.پەیوەندی گشتی ٣.پەیوەندی تایبەتکردن

٤.پەیوەندی گشتاندن ٥.پەیوەندی ڕابردوویی ٦.پەیوەندی داهاتویی

٧.پەیوەندی پێویستی ٨.پەیوەندی پەیوەستی ٩.پەیوەندی مەحەللی

١٠.پەیوەندی هۆیی ١١.پەیوەندی بەرهۆیی ١٢.پەیوەندی سەرچاوەیی

١٣.پەیوەندی بەدەلی

دووەم: خوازەی ژیری

خوازەی ژیریش بە هەمان شێوەی خوازەی ڕەها، بە پێی ئەو پەیوەندییەی نێوان دراوەپاڵی دروست و دراوەپاڵی خوازەیی، کردوویەتی بە شەش جۆر، یەکێك لە جۆرەکان، کە خاڵی شەشەمە، داهێنراوی بەرێزیانەو پێشتر باس نەکراوە.

١.پەیوەندی کاتی ٢.پەیوەندی شوێنی ٣.پەیوەندی بەرکاری

٤.پەیوەندی هۆیی ٥.پەیوەندی سەرچاوەیی ٦.پەیوەندی پەیوەستەکی شوێنی

دواتر لە کتێبی (کۆوانەکانی ڕەوانبێژی)دا، یازدە جۆری پەیوەندی خوازەیی دیاری کردووە، پێناسەی بۆ کردوون و نموونەی بۆ هەموویان هێناوەتەوە، بەم شێوەیەی لای خوارەوە ڕیزبەندی کردوون:

١.خوازە بە پەیوەندی شوێنی ٢.خوازە بە پەیوەندی کاتی

٣.خوازە بە پەیوەندی ژمارەیی ٤.خوازە بە پەیوەندی ئاوەڵناوی

٥.خوازە بە پەیوەندی بەرکاری ٦.خوازە بە پەیوەندی ئامێری

٧.خوازە بە پەیوەندی کەرتی ٨.خوازە بە پەیوەندی گشتی

٩.خوازە بە پەیوەندی ڕابردوویی ١٠.خوازە بە پەیوەندی ئاییندەیی

١١.خوازە بە پەیوەندی هاوسێیەتی

## پێنجەم : موحسین گەردی

لەلای ئەم شارەزایەی بواری ڕەوانبێژیش خوازە بەپێی بەکارهێنانی، لەلایەنی ژیری و زماندا دابەش دەبێ بۆ دوو جۆر :

یەکەم / خوازەی ژیری

لە پێناسەی خوازەی ژیری دەڵێن: ((ئەوەیە وشەیەك بدرێتە پاڵ وشەیەك، کە مافی درانە پاڵی نەبێ، گەر لەبەر بوونی پەیوەندی نێوانیان نەبێ)) ( ٢٠١٣، ١٦٦).


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

دواتر باسی لە جۆرکانی پەیوەندی درانەپاڵی لە خوازەی ژێریدا کردووە، کردوویەتی بە چەند جۆرێکەوە، کە ئەمانەن:

١.دانە پاڵ کات ٢.دانە پاڵ شوێن ٣.دانە پاڵ هۆ

## دووەم / خوازەی زمانی

لەم جۆرەشیاندا بەڕێزیان دەڵێن: ((لادانی وشەیە لە مانای بنەڕەتی خۆی بۆ مانایەکی تر لەگەڵ بوونی پەیوەندییەك لە نێوان هەردوو ماناداو، نیشانەیەکیش هەبێ قەدەغەی مانای یەکەم بکات)) (٢٠١٣، ١٧٢).

خوازەی زمانیشی بە پێی پەیوەندی نێوان هەردوو ماناکە کردووە بە دوو بەش، ئەوانیش بریتین لە

## بەشی یەکەم : خوازەی بەربڵاو

واتە : بەکارهێنانی وشە بۆ مانایەکە تری جیا لە مانای بنەرەتی خۆی، بە هۆی بوونی پەیوەندییەك لە نێوان هەردوو واتادا، ئەم پەیوەندییەش وێکچوون نەبێ، نیشانەیەکیش هەبێ قەدەغەی مانای یەکەم بکات.

هەندێك لە پەیوەندییەکانیش بریتین لەمانەی خوارەوە:

١.پەیوەندی گشتی ٢.پەیوەندی هەندەکی ٣.پەیوەندی شوێنی

٤.پەیوەندی پەیوەست بوون ٥.پەیوەندی هۆیەتی ٦.پەیوەندی ئامێری

٧.پەیوەندی ژمارەیی

بەشی دووەم : خوازەی وێکچوون/ خواستن

لێرەشدا دەڵێت: خواستن بەپێی دابەشبوونی لە نێوان تاکە وشە و ڕستەدا دوو جۆری هەیە:

١.خواستنی تاك ٢.خواستنی وێنە

بە گشتی ئەم نووسەرانەی کورد خوازەیان کردۆتە خواستن، کە لەسەر پەیوەندی لێکچوون دادەمەزرێ لە نێوان بنەرەتەکانی، لەگەڵ پەیوەندییە خوازەییەکانی دامەزراو لەسەر غەیری لێکچوون.

خواستنیان کردۆتە ئەم جۆرانە:

١.خواستنی ئاشکرا ٢.خواستنی درکاو ٣.خواستنی نەژادی

٤.خواستنی پاشکۆیی ٥.خواستنی ڕاستەقینە ٦.خواستنی ڕامانی

خوازەشیان بەم جۆرە باسکردووە:

١.خوازەی کاتی ٢.خوازەی شوێنی ٣.خوازەی هۆیی ٤.خوازەی بەرهۆیی

بەشی دووەم : خوازە بە نموونەی شیعریی دیوانی تەمەن

خوازە وەك لایەنێکی فراوان و گرنگی ڕوونبێژی، دەکرێت بە دوو جۆری سەرەکییەوە، ئەوانیش بریتین لە: (خوازەی ژێری و خوازەی رەها)، ئێمەش ئەم دوو جۆرەی خوازەمان کردووە بە دوو تەوەرەی جیا، لە دیوانی (تەمەن)ی (ئەحمەد محەمەد)ی شاعیر بەنموونەوە باس لە جۆرەکانی خوازە دەکەین.

## تەوەرەی یەکەم/ خوازەی ژێری

خوازەی ژێری لە رەوانبێژی عەرەبیدا بە (المجاز الحكمي) و (والاسناد المجاز)ی هاتووە، بریتییە لە ((دانەپاڵی کار، یان هەر شتێکی دی، کە هاوواتای کارەکە بێت، جگە لەوەی کەبۆی دانراوە)) (عتيق، ٢٠٢٠، ١٤٤).

خوازەی ژێریش بەهۆی جۆری ئەو پەیوەندییەی نێوان وشەی خوازراو بۆ کاری دانەپاڵی دروست و خوازەیی پێکدێنن، دەکرێت بە چەند جۆرێکەوە، هەندێکیان بە نموونەوە باس دەکەین:

١.خوازە بە پەیوەندی شوێنی :

لێرەدا خوازتنەکە مەرجە پەیوەندی بە شوێنەوە هەبێت، وشەیەکە بۆ واتایەکی تر بەکار دێت و تیایدا ((باس لە شوێن دەکرێت و مەبەست ئەو خەڵکەیە کە لەو شوێنە دەور دەبینێت، واتە: بکەری خوازەیی شوێنەکەیە، بکەری درووستیش خەڵکی شوێنەکەیە، پەیوەندی نێوانیشیان شوێنە)) (ئیدریس عەبدوڵلا، ٢٠١٢، ٨٦)، بکەری خوازەیی وشەی خوازراوە، بکەری درووستیش بنەچە و بنەرەتی وشەکەیە، بکەری خوازەیی لە جێی بکەری دروست بەکاردێت.

چیاکانیش بێ وەنەوزێ نیگابانی شار ئەکێشن

کوچەو کۆڵان بەهێمنی بەرگی تەنیایی ئەپۆشن (٦٦)

کوچەو کۆڵان، واتە : خەڵکی گەرەك و کۆڵان

کوچەو کۆڵان : وشەی خوازەییە

خەڵکی گەرەك و کۆڵان : وشەی دروستە

قەرینە یان مەبەستەکە عەقڵییە، کوچەو کۆڵان بەرگی تەنیایی ناپۆشێت، واتە: کوچەو کۆڵان هەست بە تەنیایی ناکەن، ئەوەی هەستی پێ دەکەن، خەڵکی نێو کوچەو کۆڵانەکەیە، پەیوەندی نێوانیان شوێنییە، کوچەو کۆڵان شوێنی ژیان وکۆبوونەوەی خەڵکە، کوچەو کۆڵان وشەی خوازراوە و خەڵکی گەرەك و کۆڵانیش وشەی دروستە.

پەنجەرەی ئەم عەشقەی ئێمە بەرامبەر بە خۆرنشینە

وەکو کانی ئەم هەوارە ساف و بێگەرد و شیرینە (٨٢)

وەکو کانی ، واتە: وەکو ئاوی کانی

کانی : وشەی خوازراوە

ئاو : وشەی دروستە

قەرینە عەقڵییە، کانی ناخورێتەوە، ئەوەی دەخورێتەوە ئاوی ناوکانییەکەیە، ئەویش ئاوێکی ساف و بێگەرد و شیرینە، کەواتە لێرەدا باسی شوێن هاتووە و مەبەست لە ئەوەیە کەلەناو شوێنەکەدا هەیە، پەیوەندی نێوانیان شوێنییە، بەمەش وێنەی خوازە بە پەیوەندی شوێنی دروست بووە .

شار بێدەنگ و کپ و خامۆش دەنگم بە هیچ کەسێ ناگا

هاوارێکی دەم بەخەندە بۆ خۆشبەختی بانگم ناکا (٩٩)

شار ، واتە : خەڵکی شار

شار : وشەی خوازراوە

خەڵکی شار : وشەی دروستە

قەرینە عەقڵییە، عەقڵ پێمان دەڵێت شار بێدەنگ و کپ و خامۆش نابێت، بێدەنگی و کپ و خامۆشی سیفەتی مرۆڤە و دراوە بە شار، لێرەدا مەبەست خەڵکی شارە، کە بێدەنگ و کپ و خامۆشن، پەیوەندی نێوان وشەی خوازراو و وشەی دروست شوێنییە، بەمەش خوازە بە پەیوەندی شوێنی دروست بووە.

هاتووم ئەمشەو وەکو باران، لەناو چاوتا داکەمەوە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

گریانێك بم وەكو ئاسمان، بەهیچ كەسێك ژیرنەبمەوە (١٨٦)

گریانێك بم وەكو ئاسمان ، واتە : بارانێك بم وەكو ئاسمان

گریانێك : وشەی خوازەییە

بارانێك : وشەی دروستە

قەرینە عەقڵییە، گریان هەرگیز وەكو ئاسمان نابێت، لەبەر ئەوەی ئاسمان شوێنە، مەبەست لە گریانێك بم وەكو ئاسمان، واتە بارانێك بم وەكو ئەوەی لە ئاسمانەوە دەبارێت و دێتە خوارەوە، پەیوەندی نێوانیان شوێنییە و خوازە بە پەیوەندی شوێنی دروست بووە.

١.خوازە بە پەیوەندی كاتی :

پێویستی بە بوونی كات هەیە تا ئەم جۆرە بێتە ئاراوە، ((لێرەدا شت دەدرێتە پاڵ كات، لەبەر ئەوەی پەیوەندی هەیە لە نێوان واتای خوازەیی (كات) لەگەڵ واتای درووست، كە بریتییە لە «ئەوەی لەناو ئەو كاتە دەژی»)) (عەبدوڵلا، ٢٠١١، ١٧٧)

چەند نموونەیەك لە دیوانەكە وەردەگرین:

ئێوارەیە و گەشەی هەتاو ماڵئاوایی ئەكا لە شار

زەردەپەڕی دەمەومەغریب سەرهەڵئەگرێ لەشەوی تار (٦٦)

زەردەپەڕ لە شەو سەر هەڵناگرێ، لە خەڵكانی نێو شەوەكە سەر هەڵدەگرێ، واتە: باسی (شەو) كراوە، كە كاتەو مەبەست خەڵكی نێو ئەو كاتەیە، بەمەش خوازە بە پەیوەندی كاتی دروست بووە.

لە هێمنی هێمنتر بووی چۆن رووبارێك پەی پێ بردی

ڕۆژگارێكی رەش و تاریك لە چاوانی منی كردی (٧٧)

ڕۆژگارێكی رەش و تاریك، مەبەستی لە خەڵكی ڕۆژگارەكەیە، كە خەڵكێكی خراپ و بێ ئەمەك و بە ئیرەیی لەو ڕۆژگارە دروست بووە، بووە بە درکی نێوانیان و لێكیان كردوون، باس لە ڕۆژگار كراوە و ڕۆژگاریش كاتە، خوازە بە پەیوەندی كاتی دروست بووە.

ئەو دەمانەی لەتۆ دوورم

هەموو دنیا لەمن دوورە (١٥٠)

هەموو دنیا لەمن دوورە، واتە: هەموو خەڵكی دنیا لەمن دوورە، خوازەیە بە پەیوەندی كاتی، لەبەر ئەوەی باسی كات كراوە.

## تەوەرەی دووەم/ خوازەی رەها

وشەیەكی بەكارهاتووە بۆ واتایەكی تر لەوەی كەبۆی دانراوە، بە مەرجێك قەرینەیەك هەبێت ڕێگری بكات لە واتای دروستی خۆی بەكار بهێنرێت، ((وشەیەكی خوازراوە بۆ واتایەكی تر بەكارهاتووە، بەهۆی بوونی پەیوەندییەكی لێكنەچوو لە نێوانیان و قەرینەیەك، ئەم قەرینەیە ڕێگری دەكات بۆ ئەوەی كە بۆ واتای دروستی خۆی بەكاربهێنرێت)) (الأسمر، ٢٠٠٥، ٩٨).

خوازەی رەهاش وەك خوازەی ژیری، بەهۆی بوونی پەیوەندی وشەی خوازەیی و وشەی دروست، دەكرێت بە چەند جۆرێكەوە، كە ئەمانەن:

١.خوازە بە پەیوەندی كەرتی

لەم جۆرەدا باس لە كەرت دەكرێت، بەڵام مەبەستی دروست گشتە نەك كەرت، بۆ نموونە:

گەرچی باخی شیعرەکانم وەك شێوەی تۆ گوڵبارانە

بەڵام چیبکەم پێکەنینم لەژێر هەوری خەمبارانە (٢٣)

باسی پێکەنین کراوە کە کەرتە، بەڵام مەبەستەکە خۆیەتی کە گشتە، چونکە ئەوە خۆیەتی لەژێر هەوری خەمباراندا کەوتووە، نەك پێکەنینەکەی، ئاخر ئەگەر خۆی لەژێر خەمە سەختەکە نەبووایە، لەداخا پێکەنینی نەدەهات، کە ئەم پێکەنینە پێکەنینی خەمە و ئاسایی نییە، بەمەش خوازە بە پەیوەندی کەرتی دروست بووە.

ئەی ئێستاکە ئاهت بۆکرد بە هاودەمی هەناسەی من

خۆزگەت بۆکرد بە گوڵێکی زەرد و تینوی دواکاسەی من (٤٩)

مەبەست لە (ئاه)، ئەوە، مەبەست لە هەناسەی من (شاعیر خۆیەتی)، ئەوان کەرتی هەردوانن، کە دوانەکان دولبەر و شاعیر گشت و مەبەستن، ئاهو هەناسە کەرتن، کەرت هاتووە و گشت لابراوە، بەوەش وێنەیەکی خوازەیی بە پەیوەندی کەرتی دروستبووە.

شار بێدەنگ وکش و خامۆش دەنگم بە هیچ کەسێك ناگا

هاوارێکی دەم بە خەندە بۆ خۆشبەختی بانگم ناکا (٩٩)

واتە کەسێکی دەم بە خەندە، کەسێك نییە بتوانێت دڵخۆشی بکات، باسی کەرت هاتووە، بەڵام مەبەستەکە گشتە، بەمەش خوازە بە پەیوەندی کەرتی دروست بووە.

٢.خوازە بە پەیوەندی گشتی

بە پێچەوانەی خاڵی یەکەم، وشەی خوازراو گشتە و مەبەست لێی کەرتە، بۆ نموونە:

هەناسەکەم خۆ نەمتوانی هەناسەیەك هەناسەت بم

بۆ حەرفێکی ماڵئاوایی زەردەخەنەی پڕ تاسەت بم (٧٧)

هەناسەیەك واتە یەك هەناسە، یان یەکجار هەناسەت بم لە کۆی گشت هەناسەکانت، هەناسەیەك کەرتە، کاتێکی کورت کە هەزاران هەناسەی تیایە، گشتە، مەبەست گشتەکەیە بە کەرت گوزارشتی لێکراوە، بەمەش خوازە بە پەیوەندی گشتی دروست بووە.

غەریبیتان تیشکی خۆری ناو رووبارەو ئەدات لەڕووم

تەمەن تاسەی ئێوە ئەکات ، بەبێ ئێوە بەساڵاچووم (٢٦)

تەمەن گشتە، واتە لەو کاتەوەی یارەکەی ناسیوە، تا پێی دەگات نەك هەموو تەمەن، چونکە قەرینەی عەقڵی دەڵێت: خۆ لە ساتی لەدایکبوونیدا خۆشەویستی نەکردووە، بۆیە با بەگشتیش قسەی کردبێت، بەڵام مەبەست هەر کەرتە، بەمەش خوازە بە پەیوەندی گشتی دروست بووە.

چی لە باخی هەڵوەریوکەم گوڵی خۆزگەم لێ نەچنیوە

لەو ڕۆژەوەی لەخۆر دوورم سایەی باڵای خۆم نەدیوە (١٠٧)

لێرەدا باسی باخ کراوە، مەبەست دارە، کە گوڵی لێ دەوەرێ، باخ کۆمەڵێك داری تێدایە، کە بەشێك لەم دارانە گوڵ دەگرن، گوڵیش سروشتی وایە دوای ئەوەی تەواو گەش دەبێت، ئیتر گەڵاکانی هەڵدەوەرێ، داریش گشتە و گوڵیش کەرت، بەمەش وێنەی خوازە بە پەیوەندی گشتی دروست بووە.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

٣.خوازە بە پەیوەندی تایبەتکردن

وشەیەکە تایبەتە بە یەك شت یان یەك کەس

خامەی دەستم هەنسك ئەداو نۆ شیعرێکی ئەگرێنێ

لە دەست غوربەتی تۆ ناچار وشەکانی ئەشێوێنێ (١٧٢)

خامە بە واتای پێنوس یان (قەڵەم) هاتووە، خامە تایبەتە بە یەك شت، ئەو شتەش نووسینە، لێرەدا خامە وشەی خوازەییە و تایبەتە بە یەك شت، دەکرێت هەندێك جار تایبەتیش بێت بە یەك کەس، چونکە زۆرجار دەوترێت (فلان کەس خاوەنی قەڵەمی خۆیەتی)، واتە یەك شێواز تایبەتە بە یەك کەس، بەمەش خوازە بە پەیوەندی تایبەتکردن دروست بووە.

٤.خوازە بە پەیوەندی گشتاندن

وشەی خوازراو گشتگیرەو بۆ زۆر مەبەست دەبێت

تەمەن بۆچی وا بێ وەفای ساتێك لەرێی من ناوەستی

دەستم دەگری بەرەو پیری و دەرگای خۆزگەم لێ دەبەستی (١٠٤)

لێرەدا تەمەن، مەبەستی لە کاتە، کە بە خێرایی دەڕوات و ڕاناوەستێت، کات گشتگیرە بۆ گشت قۆناغەکانی تەمەن، وشەی خوازراو تەمەنە، وشەی تەمەنیش بۆ زۆر مەبەست بەکار دێت، بەمەش خوازە بە پەیوەندی گشتاندن دروست بووە.

٥.خوازە بە پەیوەندی بەدەلی (جێگرەوە)

شتێکە لەجیاتی شتێکی دیکە هاتووە.

لە پاییزی چارەنوسا گەڵایەکم بێ ناونیشان

ئەستێرەی گریاوی منە، بۆت ئەڕوانێ شەودرەنگان (٢٩)

ئەستێرەی گریاو، واتە: چاوی گریاو، ئەستێرە وشەی خوازراوە و لەجیاتی چاو هاتووە، وێنەی خوازەیی بە پەیوەندی بەدەلی دروست بووە.

٦.خوازە بە پەیوەندی ئاییندەیی

وشەی خوازراو باس لە شتێك دەکات لە داهاتوو پێی دەناسرێت

لە کەناری دەریای ژینا لە بێکەسی بێکەستر

خۆ من ئەهلی مەستانە نیم، لە بادەنۆشان مەستر (٤٠)

مەستانە، وێنەی خوازەییە بە پەیوەندی ئاییندەیی، چونکە باسی ئایندە هاتووە کە (مەستی)یە، بەڵام مەبەست خواردنەوەیە نەك مەستی.

٧.خوازە بە پەیوەندی پێویستی (لازمی)

واتای دانراو بۆ وشەی باسکراو پێویست بێت بۆ واتا خوازەییەکەی بۆ نموونە:

ڕازاوەی کەن ئەم هەوارە با شەوانی چراخان بێ

با سەرچاوەی کانێسکانی شوێن ئارامی ئاسکەکان بێ (١٦٠)

چراخان بێ، واتە: ڕووناك بێ، واتای دانراو چراخانە و پێویستە بۆ ڕووناکی، کە واتا خوازەییەکەیتی، بەمەش خوازە بە پەیوەندی پێویستی دروست بووە.

وەرە ئەی دڵ ئاوێنە، دڵی پاکم بدوێنە

تەنیا هیوام بە تۆیە چرایەك داگیرسێنە (١٤٨)

چرایەك داگیرسێنە، وشەی خوازەییە، واتە: ڕوناکییەك بخەرە ژیانمەوە، کە واتا خوازەییەکەیەتی، واتای دانراو بۆ وشەی خوازراو پێویستە، خوازە بە پەیوەندی پێویستی دروست بووە.

٨.خوازە بە پەیوەندی پەیوەستی (مەلزومی)

واتای دانراو بۆ وشەی باسکراو پەیوەست بێت بۆ واتا خوازەییەکەی، بۆ نموونە: ڕوناکی دەرکەوت، واتە: خۆر دەرکەوت.

من چاوەڕێی سێبەرێك بووم تا لەگەڵتا ئارام بگرم

چیدی لەخەم دەست بەردەم و ئیتر ئەشکی خەم نەسڕم (١٥٣)

سێبەرێك، واتە: خانوویەك، بوونی سێبەرێك لەگەڵ دولبەرەکەی، هۆکاری سەرەکییە بۆ ئەوەی ئارام بگرێت، لێرەدا وشەی باسکراو سێبەرێکە بۆ واتا خوازەییەکەی کە خانووە، بەمەش خوازە بە پەیوەندی پەیوەستی دروست بووە.

ئێستا لە دالدەی کام کۆشکای تا دەروازەت لێ بکاتەوە

مانگەشەو بویت ئەتویست هەتاو باوەشت بۆ بکاتەوە (١٥٨)

هەتاو، سەرچاوەکەی خۆرە و پەیوەستە بە خۆرەوە، واتای دانراو بۆ وشەی باسکراو پەیوەستە بە واتا خوازەییەکەی، بەمەش خوازە بە پەیوەندی پەیوەستی دروست بووە.

٩.خوازە بە پەیوەندی ئامێری

ئەوەیە کە وشەی خوازراو ئامێرە و بە واتای شتێك هاتووە، بۆ نموونە:

ئەستێرەیەك خامۆش کراو لە ڕەشماڵی شەویان ئاڵان

تفەنگ هات و خەوی زڕان شیرین خەوی برد بە تاڵان (٦٩)

لێرەدا تفەنگ خوازەیە بە پەیوەندی ئامێری، باسی ئامێر کراوە کە تفەنگە، بەڵام مەبەست لە خاوەنی تفەنگەکەیە، کە کەسێکی چەکدارە.

١٠.خوازە بە پەیوەندی هۆیی و بەرهۆیی

خوازە بە پەیوەندی هۆیی ئەوەیە، کە ((واتای دانراو بۆ وشەی هێنراو، هۆ بێت بۆ واتا خوازەییەکەی لە دەربڕیندا، هەروەها خوازە بە پەیوەندی بەرهۆییش ئەوەیە، کە واتای دانراو بۆ وشەی بەکارهێنراو هۆکار بێت)) (عاکوب، ١٩٩٩، ٥٠٢).

دوا هەتاوی خۆشەویستیم لە چاوی تۆ ئەبێ

ئیتر شنەی دوا سەرنجم بەشوێن پێتا هەنگاو نانێ (٩٦)

لەم نموونەیەدا هەردوو وێنەی خوازە بە پەیوەندی هۆیی و بەرهۆیی هەیە، ئەمەش جۆرێکی زۆر تێکچنراو و هونەرییە، کە لە یەك وشەدا دوو جۆری خوازەیی بەرهەم هێنابێ، ئەسڵی بەیتەکە لەسەر وشەی هەتاوەکە چڕ دەبێتەوە، لە یەك کاتدا دوو هونەر دروست دەکات، بەم شێوەیە:

١. هەتاو لەجیاتی خۆر هاتووە، چونکە بەرهۆیی خۆرەکەیە، ئەگەر خۆر نەبێ هەتاو نابێ، ئەمەش خوازەیە بە پەیوەندی بەرهۆیی، واتە بەرهۆ هاتووە و مەبەست هۆیە.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

٢.ئینجا مەبەست لە خۆرەکەش، ڕۆژە نەوەك خۆری ئاسمان، لێرەشدا خۆر هاتووە بە پەیوەندی هۆیی، چونکە باسی هۆکراوە، کە خۆرەو مەبەست بەرهۆکەیە کەوا ڕۆژە.

ئەم جۆرە نموونانە، بەرهەمی زۆر چڕکردنەوەی ئاخاوتنە، لە ڕێگەی کورتبڕی زۆرەوە ئەنجام دەدرێن، کارێکی داهێنانی (ئیبداعی) ناوازەیە، دەق ئەدەبی دەکاتە دەق نوخبەوی (بژاردە)، بژاردە نەبێ خوێنەری ئاسایی و تەنانەت گەلێ خوێنەری ئاست بەرزیش ناتوانن بچنە بنج و بنەوانی ئەم جۆرە تێکستانە.

## ئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا، ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوەمان بەدەست هێناوە:

١.خوازە یەکێکە لەو هونەرە ڕوونبێژیانەی وێنەی جۆراوجۆر لە ئەدەبدا دروست دەکات.

٢.هەموو جۆرێکی خوازە هەر بەرهەمی کورتبڕییە.

٣.ڕەوانبێژانی کورد هەموویان، کە باسی خوازەیان کردووە، هێندەی یەك ژمارەی شێوەکانی خوازەیان ئاماژە پێ نەداوە، هەریەکەو باسی هەندێکی کردووە.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم : کتێب بە زمانی کوردی


١.عەبدوڵلا، ئیدریس (د)، (٢٠١١)، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردی بە نموونەی حەمدی و خاجی قادری کۆیی، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، چ١، هەولێر.

٢.عەبدوڵلا، ئیدریس (د)، (٢٠١٢)، شێواز، چاپخانەی منارە، چ١، هەولێر.

٣.عەبدوڵلا، ئیدریس (د)، (٢٠١٣)، کۆوانەکانی ڕەوانبێژی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چ١، هەولێر.

٤.سەجادی، عەلائەدین (د)، ( ٢٠١٩ )، خۆشخوانی، انتشارات کوردستان ، سنە.

٥.گەردی، عەزیز (د)، (١٩٧٢)، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، چاپخانەی الجاحظ، بغداد.

٦.گەردی، موحسین ئەحمەد مصطفی (د)، (٢٠١٣)، بەهاری ڕەوانبێژی (واتاناسی، ڕوونبێژی، جوانکاری)، چاپخانەی نارین، چ١، هەولێر.


### دووەم : کتێب بە زمانی عەرەبی


٧.الأسمر، راجي، (٢٠٠٥)، علوم البلاغة، الموسوعة الثقافية الشاملة، دار الجيل، بيروت، لبنان.

٨.السكاكي، أبي يعقوب يوسف محمد بن علي، (١٩٣٧)، مفاتح العلوم، مطبعة مصطفى البابي و أولاده، ط١، مصر.

٩.القيرواني، أبي علي الحسن بن رشيق، (١٩٨١)،الأزدي، العمدة، الجزء الأول، ط٥، دار الجيل، سوريا.

١٠.بن طاهر، بن عيسى، (٢٠٠٨)، البلاغة العربية، مقدمات وتطبيقات، دار كتاب الجديد المتحدة، ط١، ليبيا.

١١.عصفور، جابر أحمد ، (١٩٧٤)، الصورة الفنية في التراث النقدي والبلاغي، كلية الاداب، جامعة قاهره، قاهرة.

**سێیەم : کتێب بەزمانی ئینگلیزی.**

١٤-Elithabeth Knowles, Oxford advanced learnrs dictionary, ٢٠١٨, ٢٠ Edition.

**چوارەم : نامەی ئەکادیمی ماستەر.**

١٥.علی، دنیا شهاب، ( ٢٠١٥ )، هونەری ڕوونبێژی لە شیعرەکانی بێخود دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر.

١٦.عەبدولرەحمان، عەبدول سەلام سالار، ( ٢٠٠٠ )، هونەری ڕەوانبێژی لە شیعری (نالی)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

**پێنجەم : فەرهەنگ بەزمانی کوردی.**

١٧.موکریانی، گیو، ( ٢٠١٧ )، فەرهەنگی نۆبەرە، پێداچوونەوەی: د.کوردستان موکریانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، چ٢، هەولێر.

**شەشەم : پێگەی ئەلیکترۆنی ئەنتەرنێت بەزمانی عەرەبی.**

١٨.معجم المعاني الجامع، (٢٠٢١)،قاموس: عربي-عربي، مادة (مجاز)، موقع الكتروني، www.agmaany.com.

١٩.عتيق، عبدالعزيز، (٢٠٢١)، علم البيان، جزء الأول، ص١٤٤، من الأنترنيت، www.almerga.Com.,


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

# ئایکۆنی بەرەنگاری لە شیعری کوردیدا
# «بە نموونە لە گۆڤاری نووسەری کوردستاندا»

**دڵشاد عەلی محەمەد [١]، نەوزاد عەلی ئەحمەد [٢]**

[١،٢] بەشی کوردی، زانکۆی سلێمانی ، شاری سلێمانی ، هەرێمی کوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: dr.dalshad@yahoo.com

## پوختە – ملخص

ئایکۆن بە تەنیا و شیعری بەرەنگاریش بە تەنیا باس و بابەتیان لە جیهان لەسەر نووسراوە، بەڵام بۆ زاراوەی «ئایکۆنی بەرەنگاری» وەک یەک زاراوە باسێک نەکەوتۆتە بەرچاومان. لەناو کورددا زیاتر کار لەسەر شیعری بەرەنگاری کراوە.

ئەم بابەتە، دابەشی دوو بەشکراوە، لەبەر گرنگی زاراوەی ئایکۆن و ئایکۆنی بەرەنگاری، بەشی یەکەمی بابەتەکەی بۆ تەرخانکراوە، بەشی دووەم، بەشێکی پراکتیکییە و نموونەی شیعرەکان لە گۆڤاری نووسەری کوردستان وەرگیراون، ئەم گۆڤارە لە شاخ لە سەنگەری پێشمەرگەدا لەنێوان ساڵانی ١٩٨١ تا ١٩٩١ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

مفردة أيقونة المقاومة، لم يتم التداول بها، لا في الأدب الكردي ولا حتى في الأدب العالمي أو أدب الدول المجاورة أيضاً، حيث تم تداول المفردتين كل على حدة في الأدب العالمي. لكن مفردة «أيقونة المقاومة» كمفردة لوحدها لم نعثر عليها، حيث تداول الكُرد مفردة شعر المقاومة أكثر.

هذا الموضوع، تم تقسيمه إلى قسمين، ويتناول القسم الأول أهمية مفردة الأيقونة وأيقونة المقاومة. أما القسم الثاني، فهو يتناول بعض النماذج الشعرية من مجلة (نووسەری كوردستان)، هذه المجلة كانت في تصدر وتطبع في الجبل وفي خنادق البيشمركة من سنة ١٩٨١ وحتى ١٩٩١.

**وشە کلیلییەکان( ئایکۆن، بەرەنگاری، ئایکۆنی بەرەنگاری، شیعر، نووسەری کوردستان)**

## Abstract

So far, the term resisting icons of has not been touched on either in Kurdish literature or in world literature. There are studies dealing with the term icon and others that deal with the term resisting poetry at the global level, but the resisting icons as a term has not yet been touched upon, and what the Kurdish literature has dealt with in this regard is the resisting poetry.

This research is divided into two parts. The first part has been devoted to the terms icon and resisting icons, while the second part is a practical study that includes some poems taken from the journal «Nusari Kurdistan” published during the armed struggle in the mountains from 1981 untill 1991.

| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
|---|---|
| بەرگ | ٦ ژمارە ١ ساڵی(٢٠٢١) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢١/٢/٢٧ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢١/٣/٢٠ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢١/٣/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | dr.dalshad@yahoo.com |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢١ پ.د. دڵشاد عەلی محەمەد ، نەوزاد عەلی ئەحمەد،گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## پێشەکی

ساڵی ١٩٨٠ بە گوێرەی بڕیارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعسییەکان، دەرگای یەکێتیی نووسەرانی کورد داخراو و پێویست بوو بچنە نێو یەکێتیی ئەدیب و نووسەرانی وڵاتی عیراق. هەر ئەوکاتە لە شاخیش کۆمەڵێک نووسەر و ئەدیبی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشیمانیی کوردستان بنکەی نووسەری پێشمەرگەیان دامەزراندبوو، هەروەها گفتوگۆ گەرم بوو بۆ دامەزراندنی یەکێتییەک بۆ نووسەران بەناوی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان.

دەستەی بەڕێوەبەر و لقەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە ساڵی ١٩٨٠- ١٩٨٣ لە ململانێی مان و نەماندابوون، تا ساڵی ١٩٨٣ بڕیارەکە کەوتە بواری جێبەجێکردن و یەکێتییەک نەما بەناوی یەکێتیی نووسەرانی کورد، بەعس لە یەکێتییە عیراقییەکە نووسینگەیەکی کردەوە بەناوی نووسینگەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە یەکێتیی ئەدیب و نووسەرانی وڵاتی عیراق. نووسەرانی پێشمەرگە وەک وەڵامێک بۆ بڕیارەکەی بەعس ساڵی ١٩٨١ لە شاخ یەکێتیی نووسەرانی کوردستان-یان دامەزراند، ناویان لە گۆڤارەکەشیان نا گۆڤاری نووسەری کوردستان و لە ماوەی ١٠ ساڵدا، لە ساڵی ١٩٨١ تا ١٩٩١ هەژدە ژمارەی لێدەرچووە. لە کاتی پۆلێنی مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی ئەو گۆڤارە دەچێتە خانەی ڕۆژنامەگەریی نهێنییەوە.

لەم بابەتەدا توێژینەوە لە بابەتێک دەکرێت هەم وەک زاراوە، هەم وەک سەرچاوەی پراکتیکی لە بواری توێژینەوەی زانستیدا تا ئێستا کاری لەسەر نەکراوە، ئایکۆن بە تەنیا و شیعری بەرەنگاریش بە تەنیا باس و بابەتیان لە جیهان لەسەر نووسراوە، بەڵام بۆ زاراوەی «ئایکۆنی بەرەنگاری» وەک یەک زاراوە باسێک نەکەوتۆتە بەرچاومان. لەناو کورددا تەنیا کار لەسەر شیعری بەرەنگاری کراوە.

ئەم بابەتە، دابەشی دوو بەشکراوە، لەبەر گرنگی زاراوەی ئایکۆن و ئایکۆنی بەرەنگاری، بەشی یەکەمی بابەتەکەی بۆ تەرخانکراوە، بەشی دووەم، بەشێکی پراکتیکییە و نموونەی شیعرەکان لە گۆڤاری نووسەری کوردستان وەرگیراون، ئەوەی گرفتی سەرەکی بوو، پێناسە و دۆزینەوەی سەرچاوە بوو بۆ زاراوەی ئایکۆن و بیروڕای توێژەران لەو بارەوە، گرفتی دووەم بەدەستخستنی هەر هەژدە ژمارەکەی گۆڤارەکە بوو، کە بەداخەوە زۆربەی دانەکانی فەوتاون و تا ئێستاش چاپنەکراونەتەوە.

## بەشی یەکەم

## ئایکۆن و ئەدەبی بەرەنگاری

### ئایکۆن Icon

وەک زۆربەی زاراوە ئەدەبی و فەلسەفی و فیکرییەکانی تر، ڕەگوریشەی زاراوەی ئایکۆن ICON بۆ ڕۆژگاری گریکەکان دەگەڕێتەوە، لە لای گریکەکان بە واتای وێنە دێت «EIKWV». لە کۆندا ئایکۆن زیاتر وەک هێما و نیگارێکی ئایینی خۆی دەنواند و لە پەرستگاکان دەبینرا، بەڵام هەر تەنیا لە نیگار و وێنەدا سنووردار نەکرا، بەڵکو زاراوەی نووسینی ئایکۆنیش پەیدا بوو وەک جێگرەوەیەک بۆ وێنە و نیگاری ئایکۆنی. بۆ نموونە لە ڕۆژگاری قەدیس یوحەننا مەکسمۆڤیچ ئایکۆن لە نێوان هێما و نیگار و وشەدا تێکەڵاوکرابوو. iconography لە دوو بەش پێکهاتووە ICON بە واتای نیگار و graphy بە واتای دەنووسین دێت(dictionary.cambridge.org/dictionary/english/iconography). لاهوتییەکان بە حاڵەتێکی بینراو سەیری ئایکۆنەکانیان دەکرد، فلادیمیر لوسکی Vladimir Nikolayevich Lossky پێی وایە ئایکۆن یەکەمین پلەیە لە پلەکانی مەلەکوت. نیگار و نیگارکردن و لێکدانەوە و شیتەڵکاریی و خاوەندارێتی بۆ ئایکۆن بە گوێرەی کاروانی مێژوو گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بۆ نموونە جۆرەکانی ئایکۆن و ڕوحداری لە پەرستندا لە سەدەی دووەمی زایندا بەراورد بە سەدەی شەشەم و حەوتەمی زایینی قۆناغە ڕوحییەکەی لە ژیانی مرۆڤدا، خوێندنەوەی دیکەی بۆ کراوە.(monoskop.org/Vladimir_Lossky).

لەفەرهەنگی ئۆکسفۆرد (٢٠٠٠, p: ٦٤٢ Oxford ) ئایکۆن بەم واتایە هاتووە: « لە بواری کۆمپیوتەردا؛ سمبۆلێکی بچووکە لەسەر شاشەی کۆمپیوتەردا و گوزارشت لە بەرنامە یاخود فایلێک دەکات. کەسێک یان شتێکی بەناوبانگە، کە خەڵک پێیەوە سەرسام بن و وەکو هێما سەیری بکەن، کە گوزارشت لە بیرۆکەیەکی دیادریکراو دیاریکراو، شێوازێکی ژیان.. تاد بکەات. وێنە یا پەیکەری کەسێک بە پیرۆز دابدرێت

بەڵام لە لە فەرهەنگێکی فەرەنسیدا بەمجۆرە پێناسەی ئایکۆن کراوە «١- لە زمانی فەرەنسی ikona –ە، ئەویش لە زمانی یۆنانی بێنەزنتین eikon و ikona واتە ئاماژە، وێنە. لە فەرەنسی کۆن icoine واتە ئاماژە، وێنە. لە کڵێسەی رۆژهەڵات ئەو وێنە و ئاماژە ئاینیانەن لەسەر تەختەدارێک دروست دەکرێت، ئایکۆنی بێزەنتین. ٢- ساڵانی ١٩٨٠- ١٩٩٠ لە زمانی ئینگلیزی لە وشەی icon وەرگیراوە . واتە بابەتگەلی گرافیکین، بە شێوەی هێما یان وێنەی ئاگادارکردنەوە لەسەر شاشە پێناسی پرۆگرامێک یان بەرچاوخستنێک یاخود داوایەک نمایش دەکات ( Reg, ٢٠٠٥, p١٧٨) بەڵام لە فەرهەنگە عەرەبییەکاندا بە تایبەتیش لەم فەرهەنگانەدا الوسیط، الرائد، لسان العرب، المحیط، پێناسەکان لەیەکتر نزیکن، تا هەست دەکرێت، چەند فەرهەنگێک واتا و پێناسەکەیان لەبەر یەکتر گرتۆتەوە، عەرەب بە ئایکۆن دەڵێن (ایقونة. ئایکۆن پەیکەرێکی بچووکە بۆ کەسایەتییەکی ئاینی مەبەستی پیرۆزراگرتنە، یاخود بەرگێکی بچووکە لە زێر یان زیو دروووستکراوە، زەخیرەی قەدیسەکانی تێدا دەپارێزرێت. وێنەیەکی قەدیسە لە لای کریستینەکان یاخود پەیکەرێکە بۆ کەسایەتیێکی ئاینی کە شایان بە پەرستنە. لە لای نەسرانییەکانیش نیگارە، لەسەر دار یاخود ئاسن نوێنەرایەتی دیمەنێکی ئاینی دەکات. لە فەرهەنگی المنجد نووسراوە «ایقونة واتە وێنە و پەیکەر لە عەرەبیدا بە واتای النصمة دێت»( ١٩٥١،ل٢٠). سەرچاوەیەکی تر بەم شێوەیە باس لە ئایکۆن دەکات؛ «وشەی ئایکۆن لە بنچینەدا گریکییە و لە eikenai هوە هاتووە، کە بە مانای «هاوشێوەیی» یان «وەکو» دێت. لە هەندێ ئایندا پێگەی کەسایەتییە ئاینییەکان بە ئایکۆنێك گوزارشتی لێوە دەکرێ. دەشێ ئایکۆن وەسف بێ بۆ کەسێك، کە پەیوەندیی بە بیرۆکەیەکەوە هەیە. بۆ نموونە مەهاتما غاندی وەکوو ئایکۆنی ئاشتی و مرۆڤایەتی رێز و شکۆی پێ دەدرێ، لە کاتێکا ئەدۆڵف هیتلەر وەکوو ئایکۆنی توندوتیژی و رق و کینە سووك دەکرێ»(vocabulary.com/dictionary/icon).

ئەگەر ئایکۆنەکانی رۆژهەڵات وەربگرین، میسر دەبێت بە مەڵبەندێکی دەوڵەمەند، «کڵێسەی قبتی گرنگی بە ئایکۆن داوە. ئایکۆن هونەرێکی قبتیە لە رێگای مەسیحییەکانەوە لە سەدەی یەکەمی زاینی قبتییەکان بەرهەمیان هێناوە، تا ساڵی ٦٤١ کە عەرەب چوونەتە میسر، تا ئێستاش ئایکۆن لە کڵێسەکاندا هەیە. بۆ بینەر کۆمەڵێک واتای جوان دەدات بۆ سەرنجراکێشانی عەقڵی مرۆڤ کە سەردانی کڵێسە دەکەن. قبتیەکان شەهید وەک قارەمان یان سوارچاکێک پیشان دەدەن، کە سواری ئەسپێک بووە و شمشێرێکی بەدەستە یاخود قەڵغانێک بۆ ململانێ لەگەڵ دوژمندا. ئایکۆن بەرهەمی داهێنانی رۆشنبیریی مرۆڤە»)الملاخ، الهلال، ینایر ٢٠٢٠، ل١٨٠ تا ل ١٨٢) هەروەها هاتووە:»ئایکۆن دەقاودەق بریتیە لە وێکچوون و نوێنەرایەتیکردن»(الملاخ، الهلال، ینایر ٢٠٢٠، ل ١٨٣). کە ئەمەیان بۆ بواری پراکتیکی لە ئەدەبدا گرنگە.

ئەو زاراوەیە لەگەڵ پێشکەوتنەکانی تەکنۆلۆجیادا، واتا و هێماگەریی نوێ بەبەرا کراوە، لە جیهانی کۆمپیوتەردا، وێنەیەکی بچووک یاخود هێمایەکی بچووکە لەسەر شاشەی کۆمپیوتەردا کە ئاماژەیە بۆ کلیک کردن تا زانیاری بە بەرامبەر بدات، هێمای تریش هەیە کە شوێنی دیسک، فایل یان زانیاری دەبەخشێت.

دوای گەڕان و پشکنین و سەیرکردنی کۆمەڵێک فەرهەنگی کوردی، لە هیچێکیاندا ئەم زاراوەیە دانەندراوە و باس نەکراوە، لەو حاڵەتەدا باشترین کار گەڕانەوەیە بۆ ئەدەبیاتی لاتینی بەتایبەتیش لە بوارە فەرهەنگیەکەیدا، بەکارهێنانی زاراوەی (ئایکۆن) لە زمانی کوردیدا بە گونجاو دەزانم، چونکە ئایکۆن نیگار و وێنە و شێوەکارییەکی رووت نیە، بەڵکو کارێکی زیهنی روحییە و هەر ئەو حاڵەتەشە لە شێوەکارییەکی رووت و ئاسایی جیایدەکاتەوە، دەکرێت ئێمەش وەک زۆربەی گەلانی جیهان هەمان زاراوە بەکاربهێنین.

## ئایکۆن و ئەدەب

بەهای ئایکۆنەکان لەوەدانیە، کە لە وێنە فۆتۆگرافییەکە بچێت، بەڵکو لە واتا روحییەکان و لاهوتییەت و نووسینەکان دایە. تابلۆی شێوەکاری، کارێکی هونەرییە و بە دیوارێک هەڵدەواسرێت و جوانی دەبەخشێت، بەڵام ئایکۆن تابلۆیەکی هونەری ئاینییە، بەڵکو تابلۆیەکە بۆ نوێژ و پەرستن و تێرامان و موناجات. ئەمە بەشێک بوو لە رای ئیمانداریی ئەرسەدۆکسی((localprayers.com/GR/Athens و خوێندنەوە و روانینیان بۆ ئایکۆن و کاریگەرییەکانی لەسەر مرۆڤ. ئەی کەواتە ئەو هێزە روحییە لە دەقێکی ئەدەبی چ پیرۆزیی و چەشەیەکی گەرمی لە لای خوێنەردا هەیە؟ چەشە و دەق دوانەی تەواوکەری یەکترن، ئەگەر چەشە و کاریگەریی نەبێت، خوێنەر بارگاوی نابێت بۆ بەردەوام بوون لەسەر خوێندنەوەی دەقدا و وەرگر رۆڵی ون دەبێت، بۆ ئایکۆنی ئەدەبیش ئەو کاریگەرییە زیاتر دەبێت، چونکە خاڵێکی گەرم هەیە، کە گەرمایی بە وەرگر دەدات بە تایبەتیش لە ئایکۆنی بەرەنگاریدا، کە پەیوەستە بە روح و پیرۆزیی بەرەنگاری و مانەوە و بەردەوام بوون لەسەر تێکۆشان و قوربانیدان. ئا ئەمەیە جیاوازییەکان لەنێوان نیگارێکی رووت لە ئایکۆن و ئایکۆنی بەرەنگاری و دەقێک کە هەڵگری ئاماژەی بەرەنگاری بێت، بەڵام ئەمەش بە واتای ئەوە نایەت کە خەیاڵی خوێنەر بۆ دروشم و دروشمبازی لە دەقدا پەلکێش بکات، راستە دروشم بریتییە لە هێما یاخود ئاماژە و پەیامێکی ئاراستەکراوە بۆ جەماوەر، بەڵام پێویستە سەرەرای لایەنە هونەرییەکە، سۆز و سەرنجدانی ئارەزوو هانبدات، چەشە و هونەرێکی جوان و باڵا بە خوێنەر بدات، نەک بەتاڵ بێت لە سەرنج و چەشە و ئارەزوو.

بۆ لێکۆڵینەوە لە ئاماژە، پسپۆرانی بواری هونەرەکانی ئەدەب، لەگەڵ چەند زانستی تری وەک زانستی زمان و رەوانبێژی و شێوازی شیعردا سوودیان لەو میتۆدە وەرگرتووە )فیدح، ١٩٩٣، ل٧( ئەمە و ورتر لەمەش ئەم بۆچوونەیە کە لەسەر نوێنەرایەتی وەستاوە، «ئایکۆن ئاماژەیەکە خاوەندارێتی لە تایبەتمەندییەکانی شتێک دەکات بە نوێنەرایەتی، واتە نوێنەرایەتی شتێک دەکات و لەسەر پرەنسیپی لێکچوون دەوەستێت، هەروەها ئایکۆن دەوەستێتەسەر پرەنسیپی لێکچوون. لە کاتی کارکردن لە دەق ئەدەبیدا دیسان دەکرێت بۆ ئەم بۆچوونەی پێرس بگەرێینەوە و وای دەبینێت؛ ئاماژەی هەستی و ناهەستی بۆ دال و مەلول دابەش دەبن و بنیاتی دەلالی ئاماژەکان لە چوار رەگەز پێکهاتوون:» ١- ئاماژە نوێنەرایەتی شتێک دەکات، یاخود جێی دەگرێتەوە. ٢- ماددەی ئاماژە پێکراو، یاخود بابەت. ٣- شیکارکەر (المحلل)، واتە ئەوکەسەی هەست دەکات و ئاگایی لە ئاماژەدا هەیە. ٤- رێگایەکی دیاریکراوکە پرۆسێسی کاری ئاماژە تەواو دەکات، پیرس ناوی ناوە؛ زەمینەسازی و بناغە»(محمد، الملتقى الاوطني الرابع «السيمياء و النص الادبي، ل٢).

## ئەدەبی بەرەنگاری ecnatsiser fo erutaretiL

سەرەتا ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە جیاوازی کردنە لەنێوان هەردوو زاراوەی (بەرگری) و (بەرەنگاری)دا. وەک لە دامودەزگا حکومییەکانی باشووری کوردستاندا رۆیشتووە بەرگری بەرامبەر بە (دفاع) داندراوە، منیش پێموایە بەرگری بۆ ديفاع گونجاوە و بۆ مقاومة-ش زاراوەی بەرەنگاری شیاو و گونجاوە. بەڵام نووسەران و ئەدیبانی ئێمە بەرامبەر بە زاراوەی مقاومة خۆیان ساغ نەکردۆتەوە، چ زاراوەیەک بە کوردی بەرامبەری بەکاربهێنن. لە ئەدەبیاتی شاخدا زاراوەکانی بەرەنگاری یاخود بەرگریی بۆ مقاومة بەکارهێنراوە، دەکرێت هەر تەنیا بۆ نموونە سەیری ژمارەکانی رۆژنامەی بەرەی کوردستانی بکرێت. لە شاریش بەهەمان شێوە ئەو ئاڵۆزییە هەیە، جیاوازی لەنێوان دفاع و مقاومة نەکراوە. بۆ نموونە پێش زیاتر لە پەنجا ساڵ لەم گۆڤارەدا ئەم ناونیشانە نووسراوە، «بەرگریی ئەلەکتریک « بەرامبەر بە زاراوەی مقاومة (بەرگری)یان داناوە)قەرەداغی، زانیاری(گۆڤار)، ژمارە ٣، ١٩٧١، ل٩١(، بەڵام لەبابەتێکدا سەبارەت بە دڵداری شاعیر زاراوەی بەرەنگاری بۆ شیعرەکانی بەکارهێنراوە، ناونیشانی بابەتەکە بەمجۆرەیە»دڵدار شاعیری بەرەنگاری و شۆرش»، ئەم چەند وشەیە وەک بەڵگە لەو نووسینە وەردەگیرین:» ئەو بانگەوازە گەرمانە بۆ کۆکردنەوەی لاوان و دابەزاندنیان بۆ مەیدانی خەبات پێویستی بە رێکخستن هەیە، چونکە کۆمەڵە و حیزبی خاوەن بەرنامەی روون و رەوان و زانستی دەتوانێ تێکۆشانی گەل رێکبخات و دەورێکی کاریگەر ببینێ لە گۆرەپانی بەربەرەکانی و راپەرینی شۆرشگێرانەدا»(بیمار، ٢٠١٧، ل١٤٢).

لە پێناوی باشتر وردبوونەوە و تێگەیشتن لە زاراوەی بەرەنگاری یاخود بەرگری لە بواری فەرهەنگییدا سەیری چەند فەرهەنگێکی جیاواز بە زمانەکانی کوردی، فارسی، عەرەبی و ئینگلیزی دەکەین لەم فەرهەنگەدا بەمجۆرە لێکدراوەتەوە؛ «پایداری: باشار، بەرقەراری، بەرگە، پایەداری، پشوودرێژی، تابشت، تابوشت، تاقەت، تامل، توانا، تەحەمول، خودداری، خۆڕاگرتن، خۆڕاگری، دامەزراوی، دەوام، راوەستاوی، سبات، سەبر، سەقام، لەسەرەخۆیی، ملەجیرۆکی، نەمری، وەرگە»(ئیبراهیمی، ٢٠١٢، ل٣٦٠). لێرەش بەم شێوەیە باسکراوە «مقاومت: بەرگری، بەرگەگری، خۆڕاگری، دەوام، راوەستاوی، مقاومت،١- باشار، باشارکردن، پشوودرێژی، پێ داگرتن، تاب، تابشت، تابوشت، تابهێنان، تاقەت، تامل، توانا، تەحەمول، خۆڕاگرتن، دەوام هێنان، دەربردن، رەختەیی، سووربوون، سووربیەی، سەبر، لەسەرەخۆیی، ملەجیرۆکێ، وەرگە، ٢- بەربەرەکانی، بەرەنگاری، ٣- بتەوی، گوربی، قایمی(ئیبراهیمی، ٢٠١٢، ل١٦٧٧). ئەمانەش لە چەند فەرهەنگێکی تر وەگیراون:»بەرگری: بەرگرتن. فارسی: دفاع» (هەژار، ١٣٦٨، ل٧٦). بەرەنگاری: بەرانبەری کردن، دەگژراچون. (فارسی: گلاویزشدن(هەژار، ١٣٦٨، ل٧٧).).»الدفاع: بە بۆر و گیراوی. لاڤاوی گەورە»(زیوەر، ٢٠٠٤، ل٢٢٢). «بەرگریی: بەرەنگاری بوونەوە»(موکریانی،٢٥٧٣(١٩٦١)، ل٧٦). «بەرەنگاریی: خەباتکردن»(«(موکریانی،٢٥٧٣(١٩٦١)، ل٧١). «الدفاع: ئەو رێگا و شێوازانەی بۆ پێشگرتن لە هێرشی دوژمن دەگیرێتەبەر»(لویس، ١٩٩٦، ل٢١٨). «بەرگری کردن: کاربەدەستانی پەروەردە و فێرکردن دەیانەویست قوتابخانەکە بگوێزنەوە خانووبەرە تازەکە، بەڵام منداڵەکان و دایک و باوکانیان بە توندی بەرگری یان دەکرد»(کاویان، ٢٠٠٠، ل٣٨). «مقاومت کردن: پایداری کردن در برابر، زندە ماندن، محکم گرفتن»(کاویان، ٢٠٠٠، ل٣٠٩). «بەرەنگاربوون: گەیشتنی دوو گیاندار بەیەک لووت و بزووت»(خال، ٢٠٠٥، ل٤٨). «بەرگریی: (١-بەر/ ٢- گر (گرتن)+ئی). پێش لە پێشکەوتن و سەرکەوتنی نەیار و دوژمنان برینەوە، بەرامبەر دوژمن وەستان و خۆڕاگرتن (بە عەرەبی؛ دیفاع، مقاومە): وەزیری بەرگری. ئیستعمار و کۆنەپەرستان بەرگری نەتەوایەتی ئازادیخوازانەیان پێ ناکرێ»(زەبیحی، ١٣٤٧، ل٤١٣). «بەرگری: resistance (قەزاز، ٢٠٠٠، ل٩٣).» بەرەنگاری: meet/ encounter face- to- face»(قەزاز، ٢٠٠٠، ل٩٠).

لەم فەرهەنگە عەرەبیشدا، هەمان دەقە فەرەنسییەکە بە کەمێک دەستکارییەوە نووسراوەتەوە «وشەی بەرەنگاری لەگەڵ ئاگربەسی حوزەیرانی ساڵی ١٩٤٠ دەستی پێکردووە، کە جەنەراڵ دیگۆل لە بانگەوازەکەیدا داوای رووبەڕووبوونەوەی نهێنی دژی داگیرکاریی ئەڵمانیای کرد. واتا ئەدەب، کە چەند ئەدیبێک بە بەرهەمەکانیان دژی داگیرکاری وەستانەوە. هەروەها بە واتای پەلهاویشتنی دەلالاتی فکری بەرەنگاری بۆ شێوە جیاوازەکانی بەرخۆدان»(ارون، ٢٠١٢، ل١٠٩٠)، بەڵام پێویستە بزانرێت»لە مێژووی مرۆڤدا لە کۆن و تازەدا، هیچ کارێکی ئەدەبی بەدەر نیە لە خاسیەتی بەرەنگاری»(شوکري، بە بێ، ل٧)، کەواتە ناکرێت کەلەپووری نەتەوەیی فەرامۆش بکرێت، کە پڕە لە نموونەی پاڵەوانێتی و ململانێ و بەرەنگاربوونەوە. هەر ئەدەبێک بچێتە خانەی بەرەنگارییەوە سێ رەهەندی هەیە»مرۆڤایەتی موتلەق، نەتەوەیی سنووردار، کۆمەڵایەتی کە سیغەی میللیی هەبێت»»(شوکري، بە بێ، ل١٦). ئەم رەهەندانە لە جەنگە گەورەکانی جیهاندا زیاتر رەنگی داوەتەوە، کە تەنیا بە کاری وەسف و تۆمار کردن نەوەستاوە، بەڵکو کۆی بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتی گرتۆتەوە.

ئەوەی تا ئێستا ئەوەی باسکراوە ئەو ئەدەبە لەناوجەرگەی جەنگ و شەڕدا سەریهەڵداوە و پێشکەوتووە «جەنگ چ ناوخۆیی یاخود دەرەکی، لە هەر کوێی دونیادا رووبدات، بەشێوەیەکی سروشتی دەبێتە مایەی دروستبوونی وەرچەرخان. یەکێك لەم وەرچەرخانانە بریتییە لە گۆڕانی هزر و بیر. گرنگترین زەمینەی ئەم وەرچەرخانەش، گۆڕانکارییە لە هونەر و شێوازە جۆراوجۆرەکان بەهۆی جەنگەوە. ئەدەبیات و ئەدەبیاتی داستان، وەك لقێکی هونەر، لەم مەسەلەیە بەدەر نییە و بەهۆی زەمینەی کۆمەڵایەتی و مرۆییەوە، دەکەوێتە ژێر کاریگەری مەسەلەی جەنگەوە. لە هەندێ لە قۆناغەکانی زمان و هەندێ زماندا، ئەدەبیاتی جەنگ لەدایك دەبێ، بەشێکیش لەم ئەدەبیاتی جەنگە، بە ئەدەبیاتی بەرەنگاری یاخود ئەدەبیاتی پایەداری ناودەبرێ(میرعلی، ششتمدی، ل١٥).

ژینگەی خەباتی گەلانی رۆژهەڵات، جەنگی ڤێتنام، ئەزموونی خەباتی ئەو وڵاتانەی ناویان بوو بە بلۆکی سۆسیالیستی هاتووە، ئەزموونی چین، وڵاتانی ئەمریکای لاتین، لەگەڵ ئەو ئەدەبەی لە رۆژانی رووداونی هەردوو جەنگە جیهانییەکە و کاتی جەنگەکان و دوای جەنگەکان لە

دایک بوون، سامانێکی دەوڵەمەندیان لە بواری ئەدەبی بەرەنگاریدا هەیە، ئەگەرچی هەر یەکێک لەو ئەدەبانە جیاوازن و خاسیەتی خاک و نەتەوەی تایبەت بە خۆیان هەیە، بە تایبەتیش مامەڵەکردنیان لەگەڵ کولتور و زماندا. هەر هەموویان لە ناوەڕۆکدا یەک ئامانجیان هەبووە. بەڵام ناکرێت تەنیا لە چوارچێوەی کلیشەبەندی شێوە و ناوەڕۆکدا قەتیس بکرێن، چونکە «مادام شێوە و ناوەڕۆک هەیە، واتە دوو شتن، نەک یەک شت»(عبود، الموقف الادبي، ١٩٨٠، ل٥)، کەواتە لەکاتی ئیشکردن لە دەقدا هەست بە جیاوازی یاخود ئاوێتەبوونی هەردووکیان دەکرێت. بۆچوونێک هەیە کە ئەو ئەدەبە بەم شێوەیە دەناسێنێت»جۆرێکە لە دژە هێرشی کولتووری بەرامبەر بە کولتووری داگیرکردن»(ادونیس، ٢٠٠٥، ل١٠٦). پێناسەکان گەلێکجار تێکەڵاو بە ئینتمای حزبی و ئایدیۆلۆجی کراون، هەربۆیە ئەوجۆرە ناسین و پێناسانە تەمەنیان کورت بووە، یاخود چوارچێوەیان سنووردار بووە، ئەمە بەو واتایە نیە، کە ئەدەبی حزبی، ئەدەبێکی مردوو بێت، نەخێر، لێکدانەوە و شیتەڵکارییەکان قووڵ نین و سنووری ئەو ئەدەبەیان بەرتەسک کردۆتەوە.

## شیعری بەرەنگاری کوردی

سەبارەت بە سەرەتاکانی شیعری بەرەنگاری لە ئەدەبی کوردیدا، لەم سەرچاوەیەدا نووسراوە: «شیعری تێکۆشان یاخود بەرگری ئەوکاتە لەناو ئەدەبی کوردیدا دەرکەوت، لە کوردستان و ئەو ناوچە کوردییانەی کە رووبەرووی شاڵاوی داگیرکردنی هەمیشەیی ئیمپراتۆریەتی فارسی و عوسمانی دەبوونەوە. رەگی ئەم جۆرە شیعرە بۆ مێژوویەکی کۆن دەگەڕێتەوە بۆیە دەتوانرێ هەندێ لە شیعرەکانی ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی بکرێنە بنەما و بناغەی شیعری بەرگری بۆ رۆژانی ئەمڕۆشمان»(مەعروف ٢٠٠٣، ل٤١). ئەگەر لە ناوەڕۆکی ئەدەبیاتی بەرەنگاری بڕوانین، لە کۆمەڵێک دەقدا کێشەی سیاسی وەک کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بنیاتی دەقەکانیان لەسەر دارێژراوە. سەبارەت بە سەرەتاکانی ئاشنابوونی ئەدەبیاتی کوردی بە ئەدەبی بەرەنگارییەوە ناکرێت داستان و لاوکی کوردی فەرامۆش بکرێن، کە فۆلکلۆر و کەلەپووری کوردی لەو رووەوە دەوڵەمەندە، پیرەمێرد لە کاتی چاپکردنی چیرۆکی دوانزدە سوارەی مەریوان لەسەر بەرگەکەی ئەم رستەیەی نووسیوە «ئەم داستانە نەعرەی ئەو شێرانەیە کە لە بێشەی فەرامۆشیدا خامۆش بوو بوون، (پیر)ی جوانی کردنەوە و هێنایە مەیدان»(حلمی، ١٩٨٨، ل٨٤). بۆ پشت راستکردنەوەی ئەو بۆچوونە لە تێزێکی دکتۆرادا، نزیکەی شەست ساڵ لەمەوبەر نووسراوە:»داستانی پاڵەوانێتی وێنەی گۆڕەپانێک لە گۆڕەپانەکانی خەباتی گەلی کورد دەکێشێت.. داستانە گەورەکان خەباتی خوێناوی گەل دژی داگیرکەران لە سەدەکانی رابردوو دەگێڕێتەوە، یەکێک لەو داستانانەش دوازدەی سوارەی مەریوان-ە، هەروەها داستانی قەڵای دمدم بە هەمان شێوە»( رسول، ١٩٦٦، ل٤١-٤٢).

«لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا نەتەوەی کورد دووچاری دوو دەردی مێژوویی بوو بوو، یەکەمیان وەکو زۆربەی نەتەوەکانی رۆژهەڵات لەژێر باری کۆمەڵی چینایەتی دەتلایەوە، دووەمیان لە هەموو مافێکی نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی بێ بەش کرابوو، ئەمەبوو بەهۆی دواکەوتنی لە هەموو بارێکی ژیاندا. شاعیرانی کورد تا رادەیێک وەزعی کورد و ئامانجی نەتەوەکەیان لە شیعرا دەربڕیبوو، بەمە کارێکی گەورەیان کرد بووە سەر مشتوماڵ کردنی بیروباوەڕی کوردایەتی و رێگای ئازادی و سەربەستی و ژینی بەختیارییان بە گەل پیشان دابوو»(خەزنەدار، ١٩٨٤، ل١٢٩). ئەم دوو بۆچوونەش دەبن بە تایبەتمەندی بۆ ئەدەبی بەرەنگاری کوردی «مەیدانێکە بۆ رووبەڕووبوونەوە و زۆر جار بە قووڵییەوە پەیوەست دەبێ بە بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازیی بەبەرنامە و پێڕەو، بەڵام پێوەندیی بە خەبات و تێکۆشانی گشتی خەڵکیشەوە هەیە بە مەبەستی ئاراستەکردنی ژیانی خۆیان. ئەم ئەدەبە گەلێکجار بە هەستێکی بەتینی ئیرۆنیا و تێڕوانینێکی ورد لە بابەتەکانی تایبەت بە بوون و کێشەکانی شووناس رەنگرێژ دەکرێ. بێجگە لەمەیش، بابەتەکانی بەرەنگاربوونەوەی داگیرکاری، دوورخرانەوە لە وڵات، تێکشکان، خۆشەویستی و سۆزی نیشتمان، خەسڵەتی ئاسایی ئەم ئەدەبەن. زمانی ئەدەبی بەرەنگاری بەو شێوەیە تەمومژاوی و سەخت و چڕە نییە، کە کەم کەس تێیبگا»(مەلا عەلی، ١٩٩٨، ل٩)، بەڵام ئەگەر خاڵەکان وردتر پوختتر بکرێنەوە، ئەمانە دەبن بە توخمی سەرەکی بۆ ئەدەبی بەرەنگاری کوردی؛ پێشمەرگە، وەک هێمای بەرەنگاری و بەردەوامبوون و کۆڵنەدان. شەهید خوێنی شۆڕش و هێمای قوربانیدان. کوردستان وەک خاک و پارێزگاری لێکردن. ژن، دایک هێمای جۆشدانی خەبات و نیشتمان و خۆشەوستی.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ئەدەبی بەرەنگاری، ئەدەبی هوشیاری نەتەوەیی و نیشتمانیی و سەنگەر پتەوکردن بووە بەرامبەر بە سیاسەتی داگیرکاری و چەوساندنەوە و جینۆسایدکردنی خەڵک و نەتەوە. ئەو ئەدەبە، ئەدەبی سەنگەر و شەڕ و جەنگێکی پیرۆز بووە. بەڵام ژینگەی خەبات و تێکۆشان ئەگەر جیاوازیش نەبن، خاسیەت و تایبەتمەندی خۆیان هەیە، بە تایبەتیش ئەو ئەدەبی بەرەنگارییەی لە شار بڵاودەکرێتەوە، نابێت بە هەمان پێوەر بپێورێت کە لە ڕۆژنامەگەریی پێشمەرگە لە شاخ و ڕۆژگاری خەباتی چەکداریدا بڵاودەکرێنەوە، ئەو ئەدەبەی بە نهێنی لە شار و لەژێر دەسەڵاتی داگیرکاری و دیکتاتۆری و فاشیەتدا بڵاودەکرێنەوە، بە هێما و ئاماژە دادەپۆشرێن.

## بەشی دووەم

## ئایکۆنی بەرەنگاری لە شیعرەکانی گۆڤاری نووسەری کوردستاندا

### شیعر

شیعر بەهێزترین شێوەکانی ئەدەبە، بە تایبەتیش ئەگەر ئەو شیعرە لە «ڕۆژگاری کارەسات و بەرەنگاریدا لە دایک بووبێت(باقری، ١٣٩٧، ل١٢٠)، چونکە ئەو ئەدەبە بەشێکە لە ئەدەبی نیشتمانیی و نەتەوەیی»جمعة، ٢٠٠٩، ل٣٨». هێزی شیعری بەرەنگاری بریتییە گواستنەوەی زمانی شیعر بۆ گوێ و دڵ و دەماودەم کردندا. نووسەرێک پێیوایە کۆنترین شیعری میللی بەرەنگاری لە خاکی ئێستای ئەفغانستان نووسراوە و پاشان لە ناوچەکە بڵاوبۆتەوە، خەڵکی بەلْخ شیعرەکەیان نووسیوە و گاڵتە بە میر ئەسەد بن عەبدوڵڵا دەکەن کە لە جەنگێکدا شکاوە(چهرقانی، فصلنامه علمي - پژهشی ، ١٣٩٥، ل١٦٧). ئەدەبی میللی گەلان پڕە لە ئەدەبێک کە ڕەگی لەسەر بەرەنگاری و پارێزگاری لە خاک و میر و دەسەڵات بنیاتنراوە، ئەوجۆرە دەقانە لە ڕابردوو و ئێستادا شیعری یاخیبوون و شۆڕشن( KENDALL, ٢٠٠٧, ٢:p). ئەدەبی کوردیش بەوجۆرە دەقانە دەوڵەمەندە بە تایبەتیش لاوک.

بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی هەر هەژدە ژمارەکەی گۆڤاری نووسەری کوردستان، ئاست و پەیام و ئاڕاستەی ئەو ئەدەبەمان بۆ دەردەکەوێت؛

شیعری «خەوەبەردینە»:

لە چەشنی گەرووی کەو..

کەوی دۆمی یەخسیری زینداني داری

پڕی سەوزە بەستەی خرۆشانی باری،

تەرەی باوەشی تا سەرباری بناری»موهتەدی، ئابی ١٩٨١، ل٣١»

شیعرەکە بە هێما و ئاماژەی جیاواز دەوڵەمەندە، هەمەڕەنگە لە ئاڕاستە و ئاریشەکانی کۆمەڵگادا، زۆرن ئەوانەی لە خەوەبەردینە دواون، زۆربەیان وەک شیعرێکی سیاسی و حزبی ڕووت خوێندنەوەیان بۆ کردووە، ڕاستە ئەو ڕۆژگارە، سیاسەت و ئایدیۆلۆجیای حزبی ئەدەبیاتی ئێرانی داپۆشیبوو، بەڵام ئەم دەقە جیاوازە لە مامەڵەکردن لەگەڵ کۆمەڵێک نیشانەدا. کەو زیندەوەرێکی دیلە و سەوزایی خەیاڵدانی بردووە. خەوەبەردینە دەقێکی ئاڵۆزە، بەڵام هێما و نیشانەکان، وەک ئایکۆنی بەرەنگاری و مانەوە و ژیان بەرجەستە کراون، با سەیری «نووری خۆر» بکەین، کە دوو وشەن و هەردووکیان نیشانەن بۆ ڕووناکی و هەتاو و ڕۆشنایی؛

لەبەر نووری خۆرا، کەمێ کوێرەکانی شەوارەن

زنەی دەم بە هاواری هاری درۆزن هەزاران»موهتەدی، ئابی ١٩٨١، ل٣٤»

«دوو پارچە هۆنراوە»؛ ئەم دوو شیعرە، دەنگی بەرەنگاری ڕۆژانی بەرەنگاربوونەوەن و ببوون بە سروودی سەر زمانی پێشمەرگە و خەڵک. شەهید ئارام دەبێت بە ئایکۆنی شەهید بوون و بەرەنگاری و ڕێگای هەتاو:

لە جوانترین کاتی مەرگا،

شاخەکان پڕبوون لە هاوار!

چی ئەستێرەی،

درەوشاوەی ئاسمانی سەر (قەراخ) هەبوون،

یەکە.. یەکە.. کوژانەوە و،

بەسەر باڵای خەفەتباری تەنگیسەرا. ڕژانەخوار!

ئیدی لەوساوە تا ئێستا،

ئەو تەنانەی،

کە شەوانە تا بەیانی دەسوتێن و خەفەنابن... ئەستێرە نین!!

تکەی خوێنی،

زامی جەستەی.. شاسواری ڕێگای هەتاون!

لە ئاسمانی کەسیرە بووی کوردستانا...

بۆ هەژاران داگیرساون! «کوێستانی، ئاباری ١٩٨٢، ل٥٢»

شاسواری ڕێگای هەتاو، نیشانەیە بۆ ئازایەتی و قارەمانێتی و ڕێبەر و سەرکردەیی، واتە ئەو شەهیدی هەتاو و ڕووناکی و ڕۆشناییە. ئارام نەک دەبێت بە نیشانە بۆ قارەمانێتی، بەڵکو لەوکاتەوە تا بە ئەمڕۆش دەگات بۆتە ئایکۆنێک بۆ هێمای شەهید و ڕێگای خەبات. ئارام ناوی شاسوار جەلال-ە.

شیعری «کۆچی زاوایەکی نامۆ»؛

خۆ.. تۆ وەکو هەڵۆیەکی هەوار دیدە

لەسەر لووتکەی بەرز نەبا نەدەنیشتی

وەک کۆچەرێکی گەریدە

لەم وڵاتە سەر بە تەمە گەورە ببووی

ڕەنجبەرێکی چاو قایم بووی»کرمانج، ئابی ١٩٨٢، ل٤٦»

لەم وێنەیەدا جەمیل ڕەنجبەر بە هەڵۆ دەچوێنرێت، هەڵۆش هێمایە بۆ بەرزی، ئازادی، هێز. ڕەنجبەریش هەم نیشانەیە بۆ پاشناوی شاعیری شەهید جەمیل ڕەنجبەر، هەم نیشانەیە بۆ ئایدیۆلۆجیای شەهید، کە بەرگریکارێکی سەرسەختی هەژار و ڕەنجبەران بوو. وڵاتی سەر بە تەمیش واتە نیشتمانێکی داگیرکراو و داپۆشراو بە ڕەنگی تەڵخ و ڕەش، هەڵۆ دەبێتە هێمایەکی ئایکۆنی بەرەنگارییە بۆ ژیان و ئازادی.

شیعری «وەرزی ئازار»؛

تۆی عاشقیش لەوەتی هەیت

یەک وەرزیت و لەبەر باڵای یەک ئازارا

گیان رائەگریت

ئەی چرای خوێنە سوورەکە

ئەی چینە گیان پۆلاینەکە

لە سروشتیش گەورەتریت»سەعید، ئابی ١٩٨٢، ل٦٨»

چرا، خوێن، سوور، پۆلا نیشانەن بۆ کرێکار و چینی چەوساوەکانی جیهان. شاعیر ئەو چینە دەکات بە هێمای وەستانەوە، شۆڕشگێری، کار، بەرهەم، خۆڕاگری، کۆڵنەدان. وەرزەکان دەگۆڕێن، بەڵام ئەوی چینە وەک چینێکی ئاسنین لە گۆڕانکارییەکانی سروشت بەهێزتر و گەورەترە. کرێکار هەمیشە هێمای ئایکۆنی بەرەنگاربوونەوەیە دژی چەوساوە و نادادپەروەری.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

شیعری «چەند پەنگرێک»؛

بە مانگ بڵێن با زوو هەڵبێ

چونکە قۆناغ دوور و سەختە و

هاوڕێکانم نیازە بەشەو بکەونە ڕێ

دەنا چیتر لە ئاسمانی من هەڵنەیە و

لە خاکی من سەرهەڵگرێ «ڕەفعەت، ئاداری ١٩٨٣، ل٦٢»

شاعیر داوا لە مانگ دەکات، ڕۆشنایی بەو ناوە ببەخشێت، چونکە هاوڕێیەکانی بەشەو ڕێگا دەبڕن تا شوێنپێی خۆیان ببین. پێشمەرگە بە هاوڕێ چوێنراوە. بەفر هێمایە بۆ جوانی، ڕوونی، زستان، ڕووناکی، ساردی، ترس، ڕۆشنبوونەوە، کوردستان.

شیعری «کوچەی مەرگ»؛

چەمی خوێن لە شایی بەفرا ئاگر دەگرێ..

لوتکە ورد ورد دەتوێتەوە

کە بەیانیش ڕاوچییەکان دەکەونە دروێنەی شاخان

هەرچی خوێنە بۆتە مەل و دەنووکیان سوور دەچێتەوە «دەشتی، ئایاری ١٩٨٣، ل٦٥»

وێنەیەکی سەرنجڕاکێشی نێو سەنگەرەکانی بەرەنگارییە، ڕاوچی نیشانەیە بۆ هێزی داگیرکەر و لەناوبردن و کوشتن و خوێنڕشتن، بەڵام ئەو خوێنەی دەڕژێت، باڵندەکان هان دەدات و تۆڵەی ئەو خوێنڕشتنە بکەنەوە، باڵندەکان ئەوەندە تووڕەن دەنووکیان لە خوێن وەردەدەن بە مەبەستی ڕشتبوون لەسەر تۆڵەکردنەوە. لێرەدا مەل نیشانەی بەرخودان و تۆڵە و ئازادی و پەیامبەرییە.

شیعری «باژێرێ من»؛

باژێرێ من بتوز و مژە..

چیرۆکا من

مینا داستانا ستێرا

کاروان کوژە «دهۆکی، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، ل٦»

ئەستێرە و کاروانکوژ دوو نیشانەی جیاواز و دژ بەیەکن. داستانی ئەستێرە، واتە ئەو داستانەی پێشمەرگە لەکاتی هێرش و جەولەدا تۆماریان دەکەن، بەڵام کاروانکوژە نیشانەیە بە هێزێک کە ڕێگرە لەبەردەم ئەو کاروانە، دەکرێت کاروانکوژ هێما و نیشانە بێت بە جاش و سیخوڕ و هێزی دوژمن.

شیعری «دەنگی ئارام»؛

ئەمجارەیان.. نینۆکی هیچ دڕندەیەک

لە لەشمدا ناچەقێنرێ

هیچ وشەیەک، لە گەروما

ناتاسێنرێ

«قانع»ێکم، بە گیانی داگیرساومەوە

هاتوومەوە

بە چەوساوەکانی جیهان شاد ببمەوە

«بێ کەس»ێکم، «بیست و حەوت ساڵە

بەرامبەر گشت «ئەدمۆنزێ»

ئەلێمەوە « بلێسە، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، ل٤٥»

قانیع شاعیری چەوساوەکانە، بێکەس شاعیری دەنگی راپەڕیوە دژی ئیمپریالیزم و داگیرکەران، هەردووکیان هێمان بە دەنگی بەرگری و بەرەنگاری لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا. ئاماژەدان بە شەهید ئارام و نینۆکی دڕندەکان، واتە ئەو جاشانەی شەهیدیان کرد. هەر سێ وێنەکە ئایکۆنی هاوار و راپەڕین و شەهیدن، لە پێناوی ژیانێکی بەختیار و ئاسوودە بۆ گەل و نیشتمان.

شیعری «بانگ»؛

ئەی هەکارا!

ئەی سەری خوێناویی کوردستان!

من بازووی لەشی تۆم، تەوێڵتم

چاوا! چاوە

گلێنەی راستت بم، چەپت بم

چاوا! چاوە

هەرووکمان دوو باڵی مەلێکین

دوو سەری یەک پردی چەمێکین «جوامێر، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، ل٤٩»

بانگ شیعرێکی شێوەدرامای جوامێری شاعیرە، داوای یەکریزی هێزە کوردستانییەکان دەکات، ئەو شیعرە بانگەوازێکە بۆ چوونی هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ ناوچەکانی بادینان. هەکار نیشانەیە بە کارەساتی هەکاری. دوو باڵی مەل نیشانەیە بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق.

جلەوی ئەسپەکەی شۆڕشی «حسەین»و

«عەزۆ»تم لێ بگرە «جوامێر، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، ل٥١»

حسەین مەبەست لە حسەین و حەسەن- ی شیعەکان نیە، بەڵکو ئاماژەیە بە شەهید حوسێن بابەشێخ، عەزۆ ئاماژەیە بە شەهید ئیبراهیم عەزۆ. حسێن بابەشێخ لە کارەساتی هەکاری شەهید کرا، ئیبراهیم عەزۆ-ش لە کاتی پەڕینەوە لە سنووری سوریا بەرەو باشووری کوردستان شەهید کرا.

ئەوەتا وا گورگی سەر کەوشەن

گورگی بۆر.. گورگی رەش

بێ کڵاو، کڵاودار، ریشنیان «جوامێر، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، ل٥٣»

گورگ نیشانەیە بۆ دوژمن و داگیرکەرانی کوردستان، ئاماژەدان بە چوار جۆر گورگی جیاواز؛ گورگی رەش، گورگی بێ کڵاو، گورگی کڵاودار، گورگی ریشن، هێمان بۆ داگیرکەرانی کوردستان.

شیعری «شاعیر»؛

نیوەشەوێک،

ویستیان ئیتر، چاوەکانی، حسەین مەولوود،

تاقە گوڵێکی سورداش و،

چاوەکانی دەستگیرانەکەی نەبینێ!

هەردوو چاویان توند بەستەوە..

نیوەشەوێک،

ویستیان ئیتر، دەستەکانی،

نەتوانن قەڵەم و، تفەنگ هەڵگرنەوە»»باقی، شاعیر، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، ل٧٣»

حسەین مەولود (١٩٥٣-١٩٧٩) واتە مەلا عەلی کە لە موسڵ لە سێدارە درا. قەڵەم نیشانەیە بۆ شیعرەکانی مەلا عەلی. تفەنگ نیشانەیە بۆ پێشمەرگە. وێنەکان ئاماژەن بە قارەمانێتی و ئازایەتی. مەلا عەلی ئایکۆنی شیعری بەرەنگاری و قارەمانێتییە.

شیعری «دییم»؛

تۆم ئەبینی

لەسەر کورسیە رەشەکە دایان نابووی

بۆ ئەشکەنجە

هەتا بتکەن بەو (من)انەی روو زەردییان لە رووپەڕی

رۆژنامە و لە پشت شوشەی تەلەفزیۆن بەسەر ماڵاندا ئەگێڕا»لوقمان، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، ل١٠٢»

کورسی رەش نیشانەیە بۆ زیندان و ئەشکەنجەدان، زیندان قوتابخانەی تاقیکردنەوە و بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی خۆسەپێنە. بۆ شۆڕشگێڕەکان زیندان هێمایەکی ئایکۆنییە بۆ بەرەنگاری و خۆڕاگری.

شیعری «ئاگرە سوورە»؛

من پشکۆیەک لەو ئاگرەم کە ئاسنیش دەتاوێنێ

من دڵۆپێک لەو بارانەم کە دەریایەک بەدی دێنێ

من شەماڵم، ئەو شەماڵەی پڕ لە شنەی بە سۆز و تاو

دەمە و بەهار بەفری داگیرکەری وڵات دەکەم بە ئاو

من ژیلەمۆم، ئەو ژیلەمۆی دوای هەزاران ئاو لێ پژان

دیسانەوە گڕ دەهاوێم دەیڵێمەوە گۆرانی ژیان «نەکەرۆز، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، ل١٢٣»

ئەم شیعرە، شیعری سەنگەر و رێکخستنە نهێنییەکان بوو، وەک سروودیش تۆمار کراوە. پشکۆ، دلۆپ، شەماڵ، بەهار، ژیلەمۆ، گڕ، رووناکی کۆمەڵێک نیشانەن بۆ هیوا، ژیان، خەبات، نەسرەوتن، بەرەنگاری. ئەو نیشانە ئایکۆنیانە پەیامی بەرەنگاری دەقێکی ئەدەبین، کە هیوا و کۆڵنەدان و بەردەوامبوون و خۆڕاگری کۆیان دەکاتەوە و داوای شۆڕشێک دەکات ئاگرە سوورەی کوردستانە، واتە دادپەروەری و یەکسانی بەرنامەی بێت بۆ ژیانێکی ئاسوودە و بەختیار.

شیعری «کەڵ»؛

میری شەهیدانی هەولێر

ئەی حەیرانی سووتە مەرۆی

برین.. بگێڕ

ئەی هاوڕێی بەهرە رەنگین

گوڵ خەندەرانی پێکەنین

لە هەواری قەندیلەکەی ناو گیانمانا

سنەوبەری چوار وەرز سەوزی

تۆ.. سروەکەی سەری رەشی

تۆ.. ئەنتێنی ئێزگەی شۆڕشی

تۆ بڵندگۆی،

دەنگدانەوەی دڵی ئێمەی

رادیۆی ناو دەستی پێشمەرگەی

ئەو ریکۆردەی هەموو رۆژێ

سروودەکەی..

شۆڕشی نوێمان لێ ئەدەی..

پەیتا.. پەیتا..

ئاگردانی (پشکۆ)ی خۆت و

نەوەی پشکۆی ئەم کوردستانە

خۆش ئەکەی! «جوامێر، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، ل٨٣»

ئەم وشانە؛ بەهرە رەنگین، سروە، رادیۆ، میری شەهیدان، بڵنگۆ، گوڵ خەندەران، حەیران نیشانەی ئایکۆنین بۆ شەهید عەبدولخالیق مەعروف، شاعیر وەک هونەرمەند و وەستایەکی شارەزا لە چوارچێوەی چەند وێنەیەکدا نیگاری کردوون. ئەو شەهیدە دەکات بە هێمای پشکۆیەک بۆ نەوەی نوێی کوردستان. تا ئێستاش عەبدولخالیق مەعروف هێمای بەرگرییە بۆ دژایەتی لە چەقبەستن و دواکەوتوویی کوردەواری، کە شەهیدیش دەبێت، دەبێت بە هێمای ئایکۆنێکی زیندوو بۆ ناسینی ستەم و دیکتاتۆری و بەردەوام بوون لەسەر خەبات. پشکۆ کە لەنێو کەوانەی داناوە، ئاماژەیە بە کوڕە گەورەی شەهید کە ناوی پشکۆیە.

شیعری «سروودی خاک»؛

رەفیق سابیر ئەم شیعرەی بۆ یەکەمجار بە ناونیشانی «سروودی خاک» لە ژمارە ١٥ی گۆڤاری نووسەری کوردستان بڵاوکردۆتەوە، پاشان شاعیر ناوەکەی بۆ لاوکی هەڵەبجە گۆڕی، کە دوایی ناوەکەی بۆ لاوکی هەڵەبجە گۆڕی، باڵاترین نموونەی شیعری پێشکەش بە هەڵەبجە کردووە، ئەو شیعرە دەقی وەرزەکانی ساڵە:

بە تەنیا جێی مەهێڵن

ئەمشەو زریان دەیچێنێ

تەم و مژ دایدەپۆشێ

مانگەشەو دەیرفێنێ

گەرووی بە گزنگ تەڕ کەن

زامەکانی بە شێلان

بە گۆرانی داپۆشن

یان بە سەوزی دارستان «سابیر، ١٩٨٩، ل٨٧»

دەخوازێت گەرووی شەهیدەکان بە گزنگ تەڕ بکرێن، زیندوویتی بە تەرم دەدات و بە چرینی گۆرانی بەسەر بکرێنەوە، ئەمانە هیوان نەک تەسلیم بوون، هەر بەمە ناوەستێت، داوا دەکات، کەژاوەی شەهیدەکان بە گوڵ یان گەڵا داپۆشرێن و شایلۆغانێک بکرێت، با لە خوێن بێت.

با هەڵەبجە دوا سەمفۆنیای ئەم شەوە بێ

با هەڵەبجە پەیامی سووری نەوە بێ

با دوا کەرنەڤاڵی خوێن و

بریني ئەبەدی روحی نەتەوە بێ

بە هەڵەبجە تا هەتایە

هەڵەبجە بێ و هەڵەبجە بێ و هەڵەبجە بێ «سابیر، ١٩٨٩، ل٩٩»

پێویستە جیاوازی لەنێوان ئەدەبی بۆنە و ئەدەبی بەرەنگاری بکرێت و هەردووکیان لە ئەدەبی ستایش و پیاهەڵدان جیابکرێنەوە، کە باسی ئایۆنەکانی بەرەنگاری لە ئەدەبی کوردی دەکرێت. رەنگی سوور رەنگێکی گەرمی نێو چوار رەنگە سەرەکییەکەیە، کە هەر یەکێکیان گوزارشتە بۆ شتێک «سوور(خوێن، شەبەق)- تێکۆشان- قوربانیدان و شەهیدبوون. محەمەد، ٢٠٠٧، ل «.

شیعری «کۆست»؛

بەهارە ئەمساڵ، بەهار خەمینە

دەشت و دەر و کێو، سیما خوێنینە

نە «جمە»ی خەڵک، نە «فرە»ی مەلە نە نووزەی ژینە

نە شنەی دار و، هاژەی رووبار و، بزەی کەنینە

هاوارە.. دادە.. گریانە.. شینە

«بەهارە» رۆڵەم بەهار خەمینە

کۆستی هەڵەبجە و مەرگی ئەوینە. ژیلا، پایزی ١٩٨٩، ل١٨٤»

ژیلا لەم شیعرەیدا بە کۆمەڵێک نیشانەی لێکچوو پرسەی بۆ هەڵەبجە داناوە. خەم، خوێن، نووزە، هاوار، مەرگ، کۆست بەو نیشانانە گوزارشت لە مەرگی ئەوینێک دەکات کە ناوی هەڵەبجەیە، ئەگەرچی هەر یەکێک لەو نیشانانە واتایەکی جیاوازی دەلالەتی دەبەخشن، بەڵام لە ئەنجامدا یەک واتا کۆیان دەکاتەوە. لە کۆتایدا بە بەهارەی کچی دەڵێت، کە تازە لە دایک بووە، رۆڵەم بەهارە ئەم بەهارەمان بەهۆی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە هەم خەمینە و هەم مەرگی ئەوینە، بەڵام لێرەدا «بەهارە»ی کچی دەبێت بە نیشانەی ژیان و لە دایک بوونەوە. ئەمە و لەنێو هەناوی ئەو نیشانانەدا هەڵەبجە بوو بە هێمایەکی ئایکۆنی جیهانی بۆ تاوان و تاونباران.

شیعری «رێبوار»؛

رێبوارێکم

بە قەد مێژوو،

وەرز و ساڵ و سەدەم دیوە

بە قەد مێژوو،

چقڵی رێگام

لەنێو سنگ و دڵ چەقیوە

بە قەد مێژوو، دێوەزمەی بە سامی رێگا

لە ئاسمانی چاوەکانما

ئەستێرەی گەشی چنیوە!

بە قەد مێژوو

فرمێسکی چاوم سڕیوە «مەلەکشا،١٩٩٠، ل١٠٧»

رێبوار نیشانەیە بە کەسێکی تێکۆشەر و کۆڵنەدەر و عەودالی ئەستێرە و ژیانێکی خۆش. ئەو پێشمەرگەی بە رێبوار چواندووە، چونکە

لەوەتەی مێژوو هەیە نەحەساوەتەوە، بەرامبەر بە چقڵ و دێوەزمەکان خەبات دەکات، تا ئەستێرەی گەش و ڕۆشن بچنێت. پێشمەرگەش کەسێکی قارەمان و تێکۆشەرە، بۆتە هێمای ئایکۆنی بەرەنگاری بۆ نەتەوەیەک کە خەبات لەپێناوی ئازادی و یەکسانی و ڕزگاری دەکات.

شیعری «ژ بیر نەکە»؛

گەلەک جاران

توزا پێلاڤێن کارکەری

مەزنترە

ژ مەرجانێن تاجێ سەری « قەرەنی، زستانی ١٩٩١، ل٥٧»

شاعیر بەم وێنەیە بەراورد لەنێوان کرێکار و دەسەڵات دەکات. دوو وێنەی دژ بەیەکی بەرامبەر بە یەک داناون، تۆز و مەرجان. بەڵام بەلای ئەو تۆزێ پێڵاوی کرێکار گەورەترە لە مەرجانی تاجی سەر. تاج نیشانەیە بۆ دەسەڵات. شاعیر پایەیەکی باڵا بە کرێکار دەدات، چونکە دەزانێت کرێکار هێمایەکی ئایکۆنی بەناوبانگە بۆ کار و بەرهەم و یەکسانی و دادپەروەری و کۆمەڵگایەکی بەختیار و ئاسوودە.

ئەنجام

- ئەمە یەکەمین کاری زانستییە لەسەر گۆڤاری نووسەری کوردستان کرابێت، کە بۆ ماوەی ١٠ ساڵ لە شاخ دەرچووە.

- لەم توێژینەوەیەدا زاراوەی ئایکۆن هەر تەنیا لە تابلۆی ئاینی و نیگاری پیرۆزی کڵێسەکان قەتیس نەکراوە، بەڵکو وەک ئاماژە و هێما لەسەر دەقی شیعری پراکتیزەکراوە.

- ڕەگی بەرەنگاری لە ئەدەبی کوردیدا، مێژوویێکی دێرینی هەیە بەتایبەتیش لە بواری فۆلکلۆردا، لە فۆلکلۆریش لە لاوکدا، لەو ڕووەوە ئەدەبەکەمان خاوەنی چەندان دەقی باڵایە.

- ئەگەرچی ئاووهەوای نووسین و بڵاوکردنەوە لە چاپەمەنییەکانی شاخدا، لەگەڵ بڵاوکردنەوە لە شار و لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەراندا جیاوازە، بەڵام دەقەکان نە شیعریەتیان لە دەستداوە، نە ئاستی هونەری.

- شیعر و ئەدەبیاتی ئێمە دەوڵەمەندە بە ئایکۆنەکانی بەرەنگاری، لەم توێژنەوەیەدا هەڵوەستە تەنیا لەسەر چەند دەقێک کراوە، ئەگەرنا گۆڤاری نووسەری کوردستان لەو بوارەدا زۆر دەوڵەمەندە.

- ئەو نیشانە ئایکۆنییانەی لەم توێژنەوەیەدا وەک دەرئەنجام درکیان پێکراوە بریتین لە؛ پێشمەرگە، شەهید، زیندان، ژن، خێزان... هتد، کە هەر یەکێکیان بە نیشانە و هێمای جیاواز لە دەقە شیعرییەکاندا تەوزیفکراون.

## لیستی سەرچاوەکان

### کتێب بە زمانی کوردی


ئیبراهیمی، عەبدوڵلا(٢٠١٢)، کاوە فەرهەنگی فارسی-کوردی، بەرگی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس، هەولێر

بیمار، عەبدولرەزاق (٢٠١٧)، لە سێبەری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا، چاپی یەکەم، چاپ ناوەندی ڕێنوێن، ناوی چاپخانە نیە.

حلمی، ڕەفیق (١٩٨٨)، شعر و ئەدەبیاتی کوردی، چاپی دووەم، لەسەر ئەرکی زانکۆی سەلاحەدین چاپکراوە، چاپخانەی خوێندنی باڵا، هەولێر

خەزنەدار، مارف(د) (١٩٨٤)، لەبابەت مێژووی ئەدەبی کوردی یەوە، بریتییە لە چواردە لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی پرۆژەی ١٠٠ کتێبی کوردی زنجیرە ٤، چاپخانەی الموسسة العراقية للدعاية و الطباعة، بەغدا

خاڵ، محەمەد(٢٠٠٥)، فەرهەنگی خاڵ، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر



(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

زەبیحی، عەبدولرەحمان (١٣٤٧)، قاموسی زبانی کوردی، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردی (ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەییووبی)، ئیران

زیوەر، مەحمود(٢٠٠٤)، فەرهەنگی زێوەر، کوردی- عەرەبی، لە کتێبە چاپکراوەکانی شارەوانی سلێمانی، چاپخانەی ژیر، سلێمانی

قەزاز، شەفیق (د) (٢٠٠٠)، فەرهەنگی شارەزوور، کوردی- ئینگلیزی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر

کاویان، فەتاح(٢٠٠٠)، حەوتەوانە، فەرهەنگی ئینگلیزی-کوردی- فارسی، لە چاپکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپخانەی ئۆفسێتی تیشک، سلێمانی

مەعروف، کەمال(د)(٢٠٠٣)، ئەدەبیاتی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری، بەرێوەبەرێتی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی

موکریانی، گیو(٢٥٧٣, ١٩٦١)، فەرهەنگی مەهاباد، فەرهەنگێکی قوتابخانەیی کوردی و آرەوبی یە، چاپی یەکەمین، چاپخانەی کوردستان، هەولێر

هەژار(١٣٦٨)، هەنبانەبۆرینە، فرهنگ کوردی- فارسی، ئ تا س، چاپ اول، سروش تهران

### کتێب بە زمانی عەرەبی

ادونيس(٢٠٠٥)، زمن الشعر، دار الساقي للنشر و التوزيع، بلا

ارون، پول- جاك، دينيس سان(٢٠١٢)، الان ڤيالا، معجم المصطحات الادبية، الطبعة الاولى، ترجمة: محمد حمود(دكتور)، من منشورات الموسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت

اولمان، سيفان(١٩٦٩)، دور الكلمة في اللغة، طبعة الثانية، ت: كمال بشر، من منشورات مكتبة الشباب، مصر، القاهرة

فديح، عبدالقادر(١٩٩٣)، دلائلية النص الادبي، ديوان المطبوعات الجامعة وهران، تونس

رسول، عزالدين مصطفى( د) (١٩٦٦)، الواقعية في الادب الكردي، منشورات دار المكتبة العصرية، صيدا- بيروت

شوكري، غالي(بلا)، ادب المقاومة، من منشورات مكتبة الدراسات الادبية، دار المعارف بمصر، بلا

كنفاني، غسان(١٩٦٨)، الادب الفلسطيني المقاوم تحت الاحتلال١٩٤٨-١٩٦٨، الطبعة الاولى، من منشورات موسسة الدراسات الفلسطينية، سلسلة الدراسات ، بيروت

لويس، معلوف(١٩٩٦)، المنجد في اللغة، الطبعة الخامسة و الثلاثون، بيروت

### کتێب بە زمانی فارسی

عميد، حسن(١٣٧٧)، فرهنگ فارسی عميد، موسسهء انتشارات امير كبير، تهران

### کتێب بە زمانی ئینگلیزی

Aron, Paul(2002), Le Dictionnaire du Litterature, Ed Puf, Paris

Martenet ,Jean(1975), CLEFS Pour LA SEMIOLOGIE. Paris: Edition

Oxford University Press(2000), Oxford Advanced Learners Dicitonary, Sixth edition

Reg , Alain(200٥), Dictionnaise culturel en langue francaise , Ed. Dictionnaise le Robert Paris

**گۆڤاری کاغەزی و ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی بە زمانی جیاواز**

١٢ ژمارەکەی گۆڤاری نووسەری کوردستان ١٩٨١-١٩٩١

زانیاری (گۆڤار) بەغدا، ژمارە ٣، ١٩٧١

الهلال (مجلة) مصر، العدد ١٥٢٣، يناير ٢٠٢٠

الموقف الادبي(مجلة)، العدد ١٩، ديمشق، ايار ١٩٨٠

كعوان محمد (دكتور)، الرمز و العلامة و الاشارة المفاهيم ، الملتقى الاوطني الرابع «السيمياء و النص الادبي

نقد ساختاری روایت در داستانهای ادبیات مقاومت ایران مولف: دکتر حسنزاده میرعلی - علی ششتمدی ویراستار علمی: مهدی احمدی لفورکی نوبت چاپ: اول-١

https://www.localprayers.com/GR/Athens

https://www.vocabulary.com/dictionary/iconhttps://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/iconography https://monoskop.org/Vladimir_Lossky

# (رَيْبُ المنَوُن) في الشِّعر العَربيّ
# دراسة نحويّة دلاليَّة

زانا شاباز كريم [1]
[1]قسم اللغة العربيّة، كليّة اللغات ،جامعة السليمانيّة، إقليم كوردستان، العراق
Corresponding author's e-mail: Zana.mustafa@univsul.edu.iq

## المُلخَّص:

هذا البحثُ يَستكشفُ ظاهرةً مُنتَشِرةً في الشّعرِ العربيّ، وهذهِ الظّاهرةُ هي استعمالُ مُرَكَّبٍ إضافيّ هو (رَيب المَنون) الذي يأتي بِمَعنَى حوادِثِ الدّهرِ وصروفِه المُختَلِفةِ التي تُقلِقُ الإنسانَ وتُخيفُه، إذ يُؤتَى بِهِ للدّلالةِ على المَوتِ. والتراثُ العربيُّ وظَّفَ استعمالَ هذا المركَّبِ، فنجدُ أنّ أصحابَ المُعجَماتِ اللغويّةِ ذَكَرُوه في مُؤلَّفاتِهم وبيَّنُوا دلالَتَهُ، والشُّعراءُ استعملوُه منذُ بداياتِ الشّعرِ العربيّ ولا سيَّما في أدبِ ما قبلَ الإسلامِ.

وقد ظَهَرَ لنا مِن خلالِ استقراءِ الشّعرِ العربيّ أنّ الشّاعرَ يأتِي بهذا المُركَّبِ للإشارةِ إلى شدائدِ الحياةِ ومصائِبها المختلفةِ التي تُصيبُ الإنسانَ وليسَ للإنسانِ سلطةٌ أو قُدرةٌ عليها، ولا يُمكِنهُ دفعُها، فهو مكتوفُ الأيدي حيالَها، فضلاً عن استعمالِهِ للدلالةِ على الموتِ الذي هو من أشدِّ المَصائِبِ وأعنفِها.

وبما أنّ هذا المُركّبَ الإضافيَّ اسمٌ فيكونُ واقعاً تحتَ حُكمِ الجُملةِ العربيّةِ، فيكونُ مَرفوعاً، أو منصوباً أو مجروراً. وسيُحاوِلُ هذا البحثُ وصفَ كيفيّةِ استعمالِ الشُّعراءِ له، وتحليلَ شكلِ هذا المُركَّبِ للتوصُّلِ إلى الدلالاتِ التي أرادَ الشُّعراءُ بيانَها في أشعارِهم.

**الكلمات المفتاحيّة: مركّب إضافيّ، ريب المنون، حالات الاسم الإعرابيّة (الرفع، النصب، الجرّ)، الدلالة السياقيّة.**

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانكۆی هەڵەبجە:گۆڤارێكی زانستی ئەكادیمیە زانكۆی هەڵەبجە دەری دەكات | |
| بەرگ | ٦ ژمارە ١ ساڵی(٢٠٢١) |
| ڕێككەوتەكان | ڕێكەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٠/١١/١٨ \| ڕێككەوتی پەسەندكردن: ٢٠٢١/١/٣ \| ڕێككەوتی بلاوكردنەوە: ٢٠٢١/٣/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | Zana.mustafa@univsul.edu.iq |
| مافی چاپ و بلاو كردنەوە | ©٢٠٢١ د.زانا شاباز كریم،گەیشتن بەم توێژینەوەیە كراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## پوختە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەسەر دیاردەیەکی زمانەوانیی باو دەوەستێت لە هۆنراوەی عەرەبیدا لەسەردەمە جیاوەکانی ئەدەبی عەرەبیدا، کە بریتیە لە بەکارهێنانی ناوێکی لێکدراو لە دوو وشە (ریب المنون) کە عەرەب بە واتای مردن و هەموو ئەو بەڵا و نەهامەتیانەی روزکار بەسەر مروفیاندا دەهێنێت بەکاری هێناون. بەکارهێنانی ئەم ناوە لێکدراوەش بەو دوو واتایە هاوتایە لەکەڵ ئەو واتایانەی زانا فەرهەنکناسەکانی عەرەب داویانەتەباڵ ئەو وشەیە.

لە ئەنجامی خوێندنەوەی ئەو شیعرانەی ئەم وشەیەیان تیادا هاتووە، دەردەکەوێت کە شاعیری عەرەبی بۆ کوزارشتکردن لە بێهیوابوون وجۆکدادان لەبەردەم دەسەڵاتی زەمانە ئەم دەربڕینەی بەکارهێناوە و هەندێکیشیان بۆ مەبەستی شانازیکردن ودەرخستنی بەهێزی خۆیان بەرامبەر سەختیی و نەهامەتیەکانی رۆژزکار بەکاریانهێناوە.

بەپێیەی کە ئەم دەستەوازە واتادیارە ناوە، کاریکەردەبێت، وەك هەر ناوێکی تر لە زمانی عەرەبیدا، بە بارە رێزمانیەکانی ناو، ئەمەش کاریکردەسەر چۆنێتی دابەشکردنی لێکۆڵنەوەکە.

لێکۆڵەر مەبەستێتی شێوازی بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە لە شیعری عەرەبیدا دەربخات، لەرووی شێوە وناوەڕۆکیشەوە.



**ABSTRACT:**

This research explores a widespread phenomenon in Arabic poetry, and this phenomenon is the use of an additional compound (Raib al manoon) that comes in the sense of the eternal accidents and its various modes of worrying and intimidating man, as well as the significance of human being, as well as his fear of God. Arabs have used this compound since ancient times, and we find that the owners of linguistic puzzles mentioned it in their literature and explained its significance, and so did the poets from the beginnings of Arabic poetry in pre-Islamic literature.

And it became clear to us through the extrapolation of Arabic poetry that the poet comes this compound to refer to the adversity of life and its various misfortunes that afflict a person and that the human being has no authority or ability, and he cannot pay it, because he is idle about it.

کاتێکدابوو، کە حکومەتی داوودخان هەڵەی گەورەی کرد لەوەی  نور محەمەد ترەکی و بابرەك کارمل و ئەندامەکانی تری دەستگیرکرد، بەڵام ئەفسەرانی ڕیزی سوپای کە لایەنگیری کۆمۆنیست بوون، پشتگوێخستن و ئازادبوون. بە تایبەتی حەفیزوڵلا ئەمین تەنها لە ماڵەکەی خۆی دەستبەسەربوو، ئەمەش دواتر دەرکەوت هەڵەیەکی قەرەبوو نەکراوەبوو (Cordovez and Harrison:١٩٩٥,٢٤). بەهۆی ئەوەوە لە شەوی پێش کودەتادا ئەمین سەرەڕای ئەوەی لە ماڵەکەی خۆی دەستبەسەر بوو لە کابول، بەڵام لێهاتوانە سەرقاڵی فەرماندەکانی سوپای بە ئاهەنگگێڕانەوە قۆستەوەو توانی پلانی کودەتا لەڕێگەی هاورێیەکییەوە بەناوی محەمەد گلاب زوی، بگەیەنێتەدەست ئەفسەرانی خەلقی لەڕیزی سوپادا. ئەمە لەکاتێکدابوو ڕەسولی ئەوەندە مەستو بێ ئاگا بوو، هێرشی کودەتاچیان کۆچەو کۆڵانەکانی کابولی پایتەختی تەنیبوو، کەچی هیچ ئاگای لە بارودۆخ نەبوو. سوپای کودەتاچیان نزیکی کۆشك ببوونەوە، ڕەسولی هێشتا بێ ئاگابوو لە کودەتا، هەربۆیە تێبینی دەکەین لە ڕیزی یەکەمینی قوربانییەکان خودی وەزیری بەرگری بوو(سنگلاخی: ١٣٨٨، ١٠٦). لەکاتێکدا هێزی کودەتاچیان بەبەراورد بە هێزی بەردەستی ڕەسولی، دوازدە جار کەمتربوو(عظیمی: ١٣٧٦، ١٣١-١٣٢).

بنکەی چینی پارتی خەلقی ئەفغانستانی بەشێك بوو بە دەستەبژێری فەرمانڕەواو ڕۆشنبیران، کە پشتی پێبەستن بۆ نوێکردنەوەی ئەفغانستان لەسەر شێوەی سۆڤێتی، ئەمانە هێزێکی چالاك بوون لەکودەتای ثوردا (No Author:١٢ April,٢٠٠٤). بە بڕوای  زۆرێك لە ڕێبەرانی سیاسی ئەفغانستان لە بنەماڵەی دەوڵەمەندبوون و لە ژیانی خۆشگوزەراندا دەژیان. ژمارەیەکی زۆر لەوان یەك زانکۆیان تەواوکردبوو، لە منداڵییەوە یەکتریان دەناسی. هەربۆیە لە ململانێیەکی بێ ئاماندابوون و لە پێناو گەیشتن بە دەسەڵاتدا بەسەر ڕەوتی جیاجیای پەرتو ناکۆکدا دابەشببوون. بە نموونە، باڵی نور محەمەد ترەکی لە پارتی خەلق، دوای گەیشتن بە دەسەڵات نیگەران بوون و لە دوو بەرەوە لە شەڕدابوون، لەلایەکەوە لە نێو ڕکەبەرەکانیان لەنێو هەمان حیزبداو لەلایەکی ترەوە، سەرنگونکردنی حکومەتی شۆڕشگێڕیی دوای کودەتا لەلایەن نەیارانیانەوە بۆ ئەوان قبوڵنەکراوبوو. تێبینی دەکەین، لە (بەهاری ١٩٧٩) دا بارودۆخەکە بە تەواوی ڕۆشن بووەوە، کە ئەفغانستان بە تەواوی چەمکی واقیعی کرداریی لە جەنگی ناوخۆدا بوو(گروموف: بدون سال چاپ،٥).

## تەوەرەی سێیەم: پرۆسەی کودەتاکەو هەڵوێستی نێودەوڵەتی بەرامبەر کودەتای ثور لە ١٩٧٨دا:

دوور لە هەستکردن بە کێشەو قەیرانەکانی داهاتوو، داوودخان لە کەشێکی ئاهەنگئامێزدا بوو دوای ڕەشبگیرکردنی سەرکردە کۆمۆنیستەکان. ئێوارەی (٢٦ی نیسانی ١٩٧٨) تەواوی فەرماندە سەربازییەکانی ناوچەی کابول لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە لەلایەن حەیدەر ڕەسولی، وەزیری بەرگری ئەفغانستانەوە ئاگادارکرابوونەوە بۆ ڕێکخستنی ئاهەنگێکی فەرمی بە هۆی شکستپێهێنانی کافرەکانەوە(مەبەستی کۆمۆنیستەکان بوو). ئاهەنگ بە گۆرانی و سەمای میللی ئەفغانستانی ئەنجامدرا (Cordovez and Harrison:١٩٩٥,٢٥-٢٦). لە هەمان ڕۆژدا، پلانەی حەفیزوڵلا ئەمین، کە بۆ کودەتا ئامادەیکردبوو لە ڕێگەی کۆلۆنێل محەمەد گلاب زوی لە هێزی ئاسمانی یەوە گەیەندرایە دەستی سەرگورد (محەمەد ئەسلم وەتەنجار)، یاریدەدەری فەرماندەی فیرقەی چواری زرێپۆش. محەمەد ئەسلم وەتەنجار چەند کۆپی پلانەکەی لەگەڵ گلاب زوی و چەند کەسی دیکەی جێگەباوەڕی خۆیان دابەشکرد بەسەر کەسانی سەربەخۆیان لە نێو سوپادا (Cordovez and Harrison:١٩٩٥, ٢٤). ئەمە لە کاتێکدابوو  بارودۆخی کابول نارێکخراوبوو سەبارەت بە سوپا، کاتێك  محەمەد ئەسلم وەتەنجار بە هێزەکەی بەردەستی و بەپێی پلانەکە، لە کاتژمێر (٩:٠٠)ی سەلەبەیانی ڕۆژی پێنج شەممە لە (٢٧ی نیسان)، دەستپێکردنی کودەتای ڕاگەیاند، سەرەتا حەیدەر ڕەسولی داوای لە زۆرێك لە فەرماندەکانی کرد سوپاکانیان بەرەو کۆشکی سەرۆکایەتی بنێرن، تا کودەتاچیان نەتوانن فەرماندەکان دەستبەسەربکەن (Cordovez and Harrison:١٩٩٥, ٢٦). ڕێبەرانی کودەتا، عەقید عەبدولقادر لە هێزی ئاسمانی، سەرگورد محەمەد ئەسلم وەتەنجار، سەرکردەی ئەو ئەنجومەنە سەربازییەبوو، کە ڕاسپێردرابوون بۆ سەرکردایەتی کودەتا (طنین: ١٣٨٤،٢٣١).

بە پێی ئەو پلانەی حەفیزوڵلا ئەمین دایناببوو، دەبوو وەتەنجار بە تانکەکانییەوە لە نیوەڕۆدا هێرشبکاتەسەر کۆشکی سەرۆکایەتی ئەفغانستان و هێزی ئاسمانیش بە نزمی بەسەر کۆشکدا بفڕن. دەرکەوتنی هێزی ئاسمانی ئاماژەبوو بۆ یەکەسەربازییەکانی سەر بە حیزبی

دیموکراتی خەلق لە سەربازگە جیاجیاکاندا بۆ دەستپێکردنی ئەو ئەرکانەی بۆیان دیارییکرابوو. سەرەرای ئەوەی ئاماژەی هێزی ئاسمانی دەرنەکەوت، ستونێکی (٥٠) تانکی جۆری تی-٦٢(T-٦٢) بە رێبەریی وەتەنجار بەرەو ئامانجی دیارییکراو پرۆسەی کودەتای دەستپێکرد (Cordovez and Harrison:١٩٩٥,٢٥) و یەکەمین تۆپ لە کاتژمێر(١١:٠٠) سەرلەبەیانی بەر وەزارەتی بەرگری کەوتو پەیوەندی نێوان کۆشکی کۆماریی و وەزارەتی پچڕاندو پاش نیو کاتژمێر هێزەکانی سەربە کودەتا چونە ناو ڕادیۆو تەلەفزیۆنی نیشتیمانییەوەو کۆشکیان گەمارۆدا (رادیو آزادی آفغانستان: ٧ ثور ١٣٩٨). دوای چوار کاتژمێر شەڕ، هێزی ئاسمانی توانی دەستگیرکراوە کۆمۆنیستەکان ئازادبکاتو دەست بەسەر ئامانجە سەرەکییەکاندا بگرێت وەك وەزارەتی بەرگریی، حکومەتی ناوەندیی، ناوەندی پەیوەندیی و ڕادیۆی کابول (Cordovez and Harrison:١٩٩٥,٢٥).

داوودخان ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەستپێکردنی هێرشەکەداکۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی هەڵپەسارد(Cordovez and Harrison:١٩٩٥,٢٦)، کە بۆ بڕیاردان لە چارەنوسی سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی  باڵی خەلقی ئەفغانستانی سازدرابوو(عظیمی:١٣٧٦،١٣٧). بەپەلە داوودخان، جەنەراڵ ڕەسولی نارد بۆ زانینی هۆکاری وەڵام نەدانەوەی هێزەکانی هەواداری داوودخان، بەڵام لە ڕاستیدا وەزارەتی بەرگریی سیستمی پەیوەندیی تایبەتی لەگەڵ کۆشکی سەرۆکایەتی و دەرەوەی خۆی پچڕاندبوو. بەجۆرێك تەنانەت هەندێ جار کودەتاچیان لە نەبوونی پەیوەندیدا پەلاماری یەکتریان دەدا لە بێ ئاگایی لە یەکتر. لە کۆتاییدا جەنەراڵ ڕەسولی توانی یەکەکانی فیرقەی حەوتو هەشتو مەدفەعی کۆبکاتەوە بۆ سەرکوتکردنی کودەتا، بەڵام هەر لەگەڵ دەسپێکی پێکدادانەکاندا ڕەسولی بریندارببوو بە پەلە هەڵات، بەوە زۆرێك لە سوپای پشتگیری چونەپاڵ کودەتاچیانو دواتر ڕەسولی کەمێك پێش کاتژمێر(٥:٠٠)ی ئێوارەی هەمان ڕۆژ دەستگیرکراو گولەبارانکرا. فەرماندەکانی تری سەربە داوودخان لە کۆگایەکی مریشکدا خۆیان حەشاردابوو دەستگیرکران و لە هەمان کاتدا هێزەکانی وەتەنجار دوای پشکنینی گرتوخانەکانی شار، ئەمینو سەرکردە کۆمۆنیستەکانی تریان ئازادکرد (Cordovez and Harrison:١٩٩٥,٢٦) ، هەروەها هێزی ئاسمانی بە فڕۆکەی میگ-٢١(MIG-٢١)و ئێس یو-٧٦(SU-٧٦) لە بنکەی باگرامەوە لە کاتژمێر (٣:٢٠) ئێوارە هێرشی بۆمبابارانی یەك لەدوایەکی بۆ سەر کۆشکی داوودخان دەستپێکرد (عظیمی:١٣٧٦،١٤٠). لە ڕاستیدا بەرگریی باش کرا لە کۆشك، بەڵام لەو ڕۆژەدا پاتری کۆنترۆڵکردنی موشەکەکانی کۆشك کاریان نەدەکرد. عەقید عەبدولقادر، سەرۆکی ئەرکانی هێزی ئاسمانی، کە پەیوەندی لەگەڵ ڕەوتی پەرچەم هەبوو، ڕۆڵی گەورەی بینی، چونکە پێشتر عەقید عەبدولقادر لەلایەن سۆڤێتییەکانەوە بەباشی پەروەردەکرابوو (Cordovez and Harrison:١٩٩٥,٢٦). هەرچەندە تێبینی دەکەین حەفیزوڵڵا ئەمین، کە بەرپرسی بەشی سەربازیی گروپی خەلق بوو لە ناو سوپادا(طنین: ١٣٨٤، ٢٣١)، هەر لەسەرەتاوە باوەڕی بە عەقید عەبدولقادر نەبوو، بەڵام ناچاربوو بۆ سەرکەوتنی کودەتاکەی گەرێنتی بەشدارییکردنی وەرگرێت. بەپێی پلانەکە دەبوو عەقید عەبدولقادر بنکەی ئاسمانی باگرام لە کاتژمێر(٩:٠٠)ی سەلەبەیانی ڕۆژی کودەتا بداتە دەست ئەفسەرەکانی سەر بە خەلقی کۆمۆنیستو خۆیشی بە کۆپتەرێك بڕوات بۆ فڕۆکەخانەی کابول. عەقید عەبدولقادر بەمە ڕازی نەبوو. لەبەرئەوە لە ڕۆژی کودەتا تا نیوەڕۆ لە نوسینگەکەی خۆی لە باگرام، دەستبەسەربوو. دواتر هەرچۆن بێت چووە پاڵ کودەتاو ڕێگەی بۆ هێزی ئاسمانی کردەوە بە بەشداری (٦) فڕۆکە هەموویان لە بنکەی باگرام بوون، لە کاتژمێر(٧:٠٠) ئێوارە، دوای دوو کاتژمێر موشەکبارانی کۆشکی داوودخان، عەقید عەبدولقادر و محەمەد ئەسلم وەتەنجار، یەك لە دوایەك بە زمانی دریو پەشتویی بەیاننامەیان خوێندەوە لە ڕێگەی ڕادیۆی کابولەوە، کە:»ئەنجومەنی سەربازی شۆڕش دەسەڵاتی گرتۆتەدەست«(Cordovez and Harrison:١٩٩٥,٢٧)).

پارتی دیموکراتی خەلقی  ئەفغانستانی، کە یارمەتیدەری داوودخان بوون لە کودەتای هاتنە سەردەسەڵاتی (نشاط و دیگران: ٢٥،١٣٩٦)، توانییان لە ٢٧ی نیسان، دەست بەسەر کورسی دەسەڵاتدا بگرن(Khalid:١٩٨٦-٨٧,١٧٩) بە یارمەتی سۆڤێتو هاوپەیمانێتی باڵەکانی پەرچەم و خەلق و حکومەتی داوودخان لەکارخرا(Gul Khan:٢٠١٠,٥٤-٥٥). بۆ نموونە، تێبینی دەکەین لە (٢٢) ئەفسەری سەرەکی ئەنجامدەری کودەتا، (١٤) ئەفسەریان لە سۆڤێت پەروەردەکرابوون و بڕوانامەیان بەدەستهێنابوو (عظیمی:١٣٧٦، ١٣٢-١٣٣). هەرچۆن بێت لە ئاکامی کودەتاکە، داوودخان و زۆرینەی بنەماڵەکەی لە شەوێکی خوێناویی ٢٨/٢٧ی نیسانی ١٩٧٨دا(Gul Khan:٢٠١٠,٥٥)،

دوای ڕەتکردنەوەی خۆبەدەستەوەدان بە خواستی خۆیان(Cordovez and Harrison:۱۹۹۵,۲۷))، داوودخان و خێزانەکەی و محەمەد نەعیمی برای و منداڵەکانی، محەمەد عومەر، وەیس، خالید، زرلشت، شینکی و ئەندامانی تری خانەوادەکەی لە لایەن ئەفسەرێکەوە بە ناوی (ئیمام الدین) (سنگلاخی: ۱۳۸۸ ،۱۰٦) لە ناوکۆشکی کۆماری لە کابول گیران و لەسێدارەدران و پاشان(۱۸) تەرمی قوربانیانی خێزانی پادشایەتی لە ناوچەیەکی نەناسراو لە سنوری ڕۆژهەڵاتی کابول شاردرانەوە. دواتر دەرکەوت لە (پول چرخی) لە کابول شاردراونەتەوە(No Author:۱۷ March ۲۰۰۹).

ڕێبەرانی کودەتا، عەقید عەبدولقادر، محەمەد ئەسلم وەتەنجار، سەرکردەی ئەو ئەنجومەنە سەربازییەبوون، کە ڕۆژی دوای کودەتا دەسەڵاتیان کەوتەدەست، حەفیزوڵلا ئەمین، کەسی ژمارە دوو، لە گروپی خەلق بوو(طنين:۲۳۱،۱۳۸٤) ، پاشان نور محەمەد ترەکی سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی خەلقی ئەفغانستان، بوون(نشاط و ديگران: ۱۳۹٦ ،۲٥). ڕادیۆی کابول ڕایگەیاند:»بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئەفغانستاندا سنور بۆ دەسەڵاتی محەمەد زایر(خێزانی پادشایەتی ئەفغانستان) دانراو دەسەڵات کەوتەدەست جەماوەر«(Khalid:۱۹۸٦-۸۷,۱۸۰) هۆکاری ناوهێنانی خێزانی پادشایەتی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە، کۆمۆنیستەکان دەسەڵاتی داوودخانیان بە درێژەپێدەری دەسەڵاتی پادشایەتی دادەنا. ئەوەی ڕاستی بوو جەماوەر هیچ ڕۆڵێکی دیاری نەبوو نە لە ئەنجامدانی کودەتاکە، نە لە جێگیرکردنی پایەکانی حوکم دا لە دواتر. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کودەتایە بە هۆی ئەو پەیوەندییەی لە نێوان پارتی دیموکراتی خەلقو ئەو ئەفسەرانەدا هەبوو کە کودەتایان ئەنجامدا، ئەو ئەفسەرانەی سەرکردایەتی پرۆسەی کودەتایان کرد، دەسەڵاتیان ڕادەستی پارتی دیموکراتی خەلق کرد(No Author:۱۲ April,۲۰۰٤).

ڕاستییەکەی هەر لە کاتژمێرەکانی سەرەتای سەرکەوتنی کودەتادا، ململانێ لە نێوان ئەفسەرانی ئەنجومەنی سەربازیو ڕێبەرانی پارتی دیموکراتی خەلق لە هەردوو باڵی خەلقو پەرچەم دەستپێکرد. وادەردەکەوت ئەنجومەنی سەربازیی ئامادەنییە دەسەڵات بداتە دەست پارتە سیاسییەکان. زۆرینەی ڕێبەرانی پارتی دیموکراتی خەلق لە باڵی خەلق خوازیاربوون دەسەڵات بگرنە دەستو ئەفسەران بگەڕێننەوە بنکەکانیان، دوای سێ ڕۆژ گفتوگۆی گەرم، وەك جەنەراڵ(دوای کودەتا پلەی بەرزکرایەوە بۆ جەنەراڵ) عەقید عەبدولقادر ڕابەری کودەتا ئاماژەی پێدەکات، ئەنجومەنی سەربازیی ڕازیی بوو دەسەڵات بداتە دەست ئەنجومەنێکی ئینقیلابی (طنين: ۱۳۸٤ ،۲۳٥،۲۳۲).

لە ۳۰ی نیسان ڕاگەیەندرا، کە دەسەڵاتی ئەفغانستان لە لایەن ئەنجومەنێکەوە بەڕێوە دەبرێت، کە لە کەسانی مەدەنیو سەربازیی پێکدێت(Khalid:۱۹۸٦-۸۷, ۱۸۰)، ئەویش بە فەرمانی ژمارە (۱)ی ئەنجومەنی ئینقیلابی (۳٥) کەسی، کە ئەندامانی سەرەکیو یەدەگی کۆمیتەی ناوەندی، باڵی خەلقی پارتی دیموکرات ئەفغانستان بوون. ئەم ئەنجومەنە (نور محەمەد ترەکی)، سکرتێری گشتی پارتی خەلقی(طنين: ۱۳۸٤ ،۲۳۲؛ سنگلاخی: ۱۳۸۸ ،۱۱۰) بە سەرۆکی ئەنجومەنی ئینقیلاب و سەرۆك وەزیران هەڵبژارد(عظيمى: ۱۳۷٦ ،۱٥۱). دوای ئەمە فەرمانی ژمارە (۲)ی ئەنجومەنی ئینقیلابی دەرچوو (طنين: ۱۳۸٤ ،۲۳۲)، لە ١ی ئایاری ۱۹۷۸دا، کە ناوی وەزیرەکانی تری حکومەتی نوێ ڕاگەیەندرا لە کابول (Khalid:۱۹۸٦-۸۷,۱۸۰)، کە (بابرەك کارمل) کەسی دووەمی باڵی خەلقی ئەفغانستان بوو بە یاریدەدەریی سەرۆکی ئەنجومەنی ئینقیلابو یاریدەدەری پلەیەکی سەرۆك وەزیر هەڵبژێردراو (حەفیزوڵلا ئەمین) پلەی یاریدەدەری سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوەی بەدەستهێنا. دواتر (۱۹) کەس لە ئەندامانی کابینەی نوێ هەڵبژێردران، کە (عەبدولکەریم میساق) ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزب، بوو بە وەزیری ئابووری، هەروەها سێ ئەندامی ئەفسەرانی ئەنجامدەری کودەتا لە کابینەکەدا بوون ئەوانیش، (نور ئەحمەد نور) وەزیری ناوخۆ، (جەنەراڵ عەبدولقادر) وەزیری بەرگریو (محەمەد ئەسلم وەتەنجار) یاریدەدەری سەرۆك وەزیرانو وەزیری هەاڵگریی بوو (عظيمى: ۱۳۷٦ ،۱٥۱-۱٥۲). تەواوی کورسییەکانی تر لە نێوان ئەندامانی هەردوو باڵی خەلق بە سەرکردایەتی حەفیزوڵلا ئەمینو باڵی پەرچەم بە سەرکردایەتی بابرەك کارمل دابەشکرا. ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەبوو، کە ئەمین لە ڕێگەی ئەفسەرانی کودەتاچییەوە لە کۆبوونەوەیەکی کۆشکی (گوڵخانە)دا کارملی ناچارکرد لە ئەنجومەنی ئینقیلابی دا ئەندامانی باڵی خەلق زیاتربن لە پەرچەم، وەك (غلام دستگير پنجشيرى) وەزیری فێرکردنو پەروەردە ئامادەی کۆبوونەوەکە بووە ئاماژە بەوە دەدات، کارمل نیازی بوو کۆبوونەوەکە جێبهێڵێت و لە ژێر فشاری

سەربازدا گەڕایەوەو ناچارکرا دانبنێت بەوەی:»ئیدی باڵی پەرچەم وەك فراكسیۆنێكی یەكسان بوونی نییە»(طنین: ١٣٨٤، ٢٣٢-٢٣٣). ئەگەر تێبینی بکەین لە کۆی (٢٢) ئەفسەری سەرەکی، کە ڕۆڵی بنەڕەتیان لە ئەنجامدانی کودەتادا بینی، (١٥) ئەفسەریان سەر بە باڵی خەلق‌و (٧) پەرچەمی بوون (عظیمی:١٣٧٦، ١٣٢-١٣٣). ئەمە جگە لەوەی لە ڕاستیدا بە پشتیوانی سۆڤێت ڕێبەرانی خەلق هیچ ڕێگرییەکی وەهایان نەدەبینی تا كۆتا نەیارانی سەر بە باڵی پەرچەم لە حیزب‌و دامودەزگاكانی دەوڵەت‌و دامەزراوەی سوپادا دوور بخەنەوە(طنین: ١٣٨٤، ٢٣٦). لەمڕووەوە، لە تەمموزی ١٩٧٨دا، بە ڕەزامەندێتی نور مەمەد تەرەكی، جێگری سەرۆك وەزیران واتە حەفیزوڵلا ئەمین دەستیکرد بە هەڵمەتێکی پاکسازیی هەموو ئەوانەی ئۆپۆزسیۆن بوون(Fenzel:٢٠١٣,٤٢). ئەمین لە دەسپێکدا هێرشی بۆ سەر بابرەك كارمل بوو، پێی وابوو نادادپەروەرانەیە پەرچەم نیوەی پلەکان لە حکومەت و بەشێك لە لیژنەی ناوەندیی پێبدرێت، کە گورباچۆڤ لە مانگی نیساندا ئەوەی لە نور محەمەد تەرەکی خواستبوو Cordovez and Harrison:١٩٩٥,٣٠))، بەڵام زۆر گوێی بۆ نەگیرا، بەمەش زۆربەی سەرکردەو کەسایەتییە دیارەکانی باڵی پەرچەمی سەر بە پارتی دیموکراتی خەلقی نەك لە دامو دەزگاكانی سەربە دەوڵەت وەدەرنا، بگرە زۆرینەیان ڕووبەڕووی گرتن، زیندانی‌و لە سێدارەدان و دوورخستنەوە بوونەوە(Fenzel:٢٠١٣,٤٢-٤٣). بۆ نموونە، لە كۆتایی حوزەیرانی ١٩٧٨دا حەفیزوڵلا ئەمین پشتیوانی نور مەمەد تەرەکی بەدەستهێنا بۆ ڕەزامەندیی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی خەلق بۆ دوورخستنەوەی بابرەك كارمل‌و شەش لە سەرکردەکانی سەر بە باڵی پەرچەم وەك باڵیۆز لە دەرەوە Cordovez and Harrison:١٩٩٥,٣٠)) لە سەرەتای مانگی ئابی ١٩٧٨دا، جەنەراڵ عبدالقادری وەزیری بەرگری‌و شاهپور ئەحمەدزی، سەرۆکی سەرکردایەتی گشتی سوپاو ژمارەیەکی دیکە، کە زیاتر پەیوەندییان بە باڵی پەرچەمەوە هەبوو، دەستگیرکردن، تەنانەت عبالقادری سەرۆکی کودەتایان بە تۆمەتی خیانەتی دژی ئینقیلاب دەستگیرکردبوو(طنین: ١٣٨٤، ٢٣٦-٢٣٨) لەگەڵ سوڵتان عەلی کشتمند، وەزیری پلاندانان‌و جەنەراڵ محەمەد ڕەفیع، وەزیری خزمەتگوزارییە گشتییەکان‌و ژمارەیەکی دیکە لە لایەنگرانی پەرچەمییەکان لەلایەن حەفیزوڵلا ئەمینەوە زیندانی کران و دوورخرانەوە (سنگلاخی: ١٣٨٨، ١١٤). نەك هەر ئەمە بگرە بابرەك كارمل، کە ڕێبەری باڵی پەرچەم بوو بە زەحمەت لە لەسێدارەدان ڕزگاری بوو، ئەویش چاکەی سەرکردایەتی سۆڤێت بوو، کە کاریکرد بۆ دوورخستنەوەی بۆ پراگ‌و کرا بە باڵیۆزی ئەفغانستان لە چیکوسلۆڤاکیا (Fenzel:٢٠١٣,٤٣)، ئەمەش وەك گەرێنتی پاراستنی‌و پارێزگاریی بۆ ئەگەری گێڕانەوەی بۆ دەسەڵات لە داهاتوودا لەلایەن سەرکردایەتی سۆڤێتەوە بۆ دەسەڵات لە ئەفغانستان Cordovez and Harrison:١٩٩٥,٣٠)). لە ڕاستیشدا ئەم فکرە هاتەدی لە دوای داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن سۆڤێتەوە.

لە ٣ی ئایار برجنیف‌و کوسیجین بەگەرمی پیرۆزباییان لە نور محەمەد تەرەکی کردو هیوای سەرکەوتنیان بۆ خواست (Khalid:١٩٨٦-١٨٤,٨٧). لە ڕاستیدا مۆسکۆ کودەتای ثور و ڕووداوەکانی دواتری بە سەرکەوتنی ستراتیجی سۆڤێت لە ناوچەکە دادەنا (گروموف: بدون سال چاپ،٤). دوای کودەتای ثور پەیوەندی کابوڵ و مۆسکۆ دوورنمایەکی بەرچاوی نوێی لە هاوکاری هەردوو وڵات دا هێنایەئاراوە لە تەواوی بوارەکانی سیاسی، ئابووری، سەربازیی و فەرهەنگی، کە زیاتربوو لە پەیوەندی لەگەڵ تێکڕای وڵاتانی بلۆکی ڕۆژهەڵات (عظیمی: ١٣٧٦، ١٥٢). لەسەر ئاستی پەیوەندی ئابووری، بە نموونە، پاڵفتەکردنی(٣٥٠٠٠٠٠) بەرمیل نەوت لە ساڵێکدا، دەزگای نوێی گواستنەوەی ماتۆڕو تەنکەر و ڕاکێشانی کارەبا بۆ باکوری ئەفغانستان، دروستکردنی شەش فڕۆکەخانە لە ولایەتی بەدخشان و نوێکردنەوەی فڕۆکەخانەی کابول و کارگەی فابریکەسازیی کابول‌و ڕاکێشانی ئاو بۆ کشتوکاڵ‌و دابینکردنی کارەباو تەندروستی...هتد (رستم: ١٣٦٣، ٢٠). بە جۆرێك لە ساڵانی ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی بیستەم، قەبارەی بازرگانی نێوان سۆڤێت و ئەفغانستان نزیکەی (٦٠٪) تەواوی تێکڕای بازرگانی دەرەکی ئەفغانستانی پێکدەهێنا، هەروەها بازرگانی هەردوو وڵات سێ پلە زیادی کرد و لە ساڵی (١٩٧٧) لە (١٩٠,١)ملیۆن ڕۆبل بۆ (٦٦٤,٥) لە (١٩٨٣)دا هەڵکشا(رستم: ١٣٦٣، ٢١-٢٠).

لە ڕووی پەروەردەییەوە، سۆڤێت کادری نیشتیمانی ئەفغانستانی بە تایبەتی لە بواری ئابووریدا پەروەردەکردو هەر لە ساڵی ١٩٧٩ پرۆتۆکۆڵێکی هاوکاری لە نێوان ئەفغانستان‌و سۆڤێت واژۆکرا. بەو پێ یە پسپۆڕانی ئەفغانستان لە دامودەزگاکانی خوێندنی باڵاو پیشەیی ئەفغانستان‌و لە پرۆژەکانی هەماهەنگی تەکنیکی-ئابوریی ئەفغانستان-سۆڤێت، کە پسپۆڕانی سۆڤێت ڕاستەوخۆ تیایاندا بەشدارن، بە هەمان شێوە لە

دامودەزگاكانی خوێندنی باڵاو پیشەیی سۆڤیێت پەروەردە دەكرێن. بۆ نمونە، لە ماوەی بیست‌و پێنج ساڵی هاریكاریی ئەفغانی-سۆڤێتی لە (١٩٧٩)وە، نزیكەی(٧٥) هەزار پسپۆڕ پەروەردەكرد. ساڵانەش لە دوای كودەتاوە بە تایبەت لە (١٩٧٩)وە ساڵانە تا (١٥٠٠) كەسی خەڵكی ئەفغانستانی لە كوڕو كچ لە بەشە پسپۆڕییە جیاوازەكان لە سۆڤیێت وەردەگیران‌و دەیانخوێند(رستم: ١٣٦٣، ٢١-٢٠).

لە (٩ی ئایار) سەرۆك نور محەمەد تەرەكی سیاسەتی نوێی حكومەتەكەی ڕاگەیاندو لە سیاسەتی دەرەوەدا بێلایەنی‌و پەیوەندی باشی لەگەڵ دراوسێكانی وڵاتەكەی ڕاگەیاند، هەروەك ئامانجی تایبەتی دیاریكرد:»بەهێزكردن‌و پتەوكردنی پەیوەندی دۆستایەتی‌و هاریكاریی گشتگیر لەگەڵ سۆڤێت»(Khalid:١٩٨٦-٨٧, ١٨٠). ئەم هەنگاوەی باڵی خەڵق، وایكرد هەر لە سەرەتاوە وڵاتانی پەیمانی ناتۆ(NATO) و وڵاتانی ئیسلامی لەگەڵ هەڵوێستی ئەمریكادابن دژی دەسەڵاتی حكومەتی كابول، كە لەلایەن حیزبی دیموكراتی خەلقی ئەفغانستان كۆنترۆڵكراب وو(Amstutz:١٩٨٦,٣٤٦). هەر لە سەرەتاوە پەیوەندی باڵی خەڵق و سۆڤیێت زۆر ئاشكرابوو، تا لە كاتی كودەتاكەدا (٣٥٠) ڕاوێژكاری سۆڤیێت لە ئەفغانستان بوون، كە ڕۆڵی كاریگەریان هەبوو لە كودەتاكەدا (Khalid:١٩٨٦-٨٧,١٨٣). لەبەرئەوە بە ئاشكرا باڵادەستی و لەپێشتربوونی سۆڤیێت لە ئەفغانستان بەسەر وڵاتەكانی تردا، ئاماژەی مەترسیداربوو بۆ دژبەیەكی سیاسەتی حكومەتی دوای كودەتا (Khalid:١٩٨٦-٨٧,١٨١)، لەبەرئەوە جێگەی سەرسوڕمان نەبوو كاتێك باڵیۆزخانەی ئەمریكا لە كابول لە بروسكەیەكدا بۆ واشنگتۆن نوسیبوی:"ڕوس(سۆڤیێت)كان توانیان یارییەگەورەكە ببەنەوە» (Amstutz:١٩٨٦,٣)، لەگەڵ ئەوشدا، ئەمریكا بەرنامەی یارمەتی ئابووریی، كلتوری‌و پەروەردەیی‌و دەستەی ئاشتیخوازی بۆ ئەفغانستان یەكلایەنە ڕانەوەستان لە ترسی:»پاڵنانی زیاتری حكومەتی ئەفغانستان بە قووڵی بۆ ئامێزی سۆڤیێت» (Khalid:١٩٨٦-٨٧,١٨١). هەر لەمڕووەوە، ئەمریكاو وڵاتانی ڕۆژئاوا و پاكستان دانیان بە كۆماری دیمەكراتی ئەفغانستاندا نا(Amstutz:١٩٨٦,٣٣٦) و ئێرانیش هەمان هەنگاوینا (Amstutz:١٩٨٦,٣٥٨) و وڵاتی چین هەر لە سەرەتای كودەتاوە هۆشداریدا لە مەترسییەكانی پەرەسەندنی هەژموونی سۆڤیێت بە هۆی ئەم كودەتایەوە(Amstutz:١٩٨٦,٣٦٢).

## تەوەرەی چوارەم: ئەنجامەكانی كودەتای ثور و كاریگەریی لەسەر بارودۆخی ئەفغانستان:

ڕۆژەكانی سەرەتا بە زوویی بەكۆتاهاتن، وەزیرە نوێیەكان دەستیان بەكاركرد. هەر لەسەرەتاوە ڕێبەرانی خەلقی بە بێ ڕەچاوكردنی بارودۆخ دەستیانكرد بە پرۆسەیەكی بە كۆمۆنیستیكردنی دامو دەزگاكان. ترەكی پێی وابوو، بۆ قەرەبووكردنەوە و جێگرتنەوەی كارمەندانی دوورخراوەی پێشوو، كادری پێویستیان هەیەو دەتوانن بەبێ ئەوانەش ڕەوڕەوەی دەوڵەتەكەیان بۆ پێشەوە بجوڵێنن. وەزیرەكانیش بە ئیلهام وەرگرتن لەو قسە ناواقیعی و ناباوانە، هەوڵیاندا ئەندامانی حیزبەكەیان لە بەشی پەیوەست بە خۆیان لە وەزراەتەكان جێگیربكەن‌و كارمەندانی دەوڵەت‌و بە ئەزمونی ڕژێمی پێشویان وەدەرناو ناردیاننە ماڵەوە. ئاكامی ئەم كارە بە جۆرێك بوو، لە وەزارەتانەی پشكی باڵی خەلقی بوون تەواوی كادرەكانیان خەلقی بوو، لەو وەزارەتانەی پەرچەمی بوون، لە سەرەوە تا خوارەوە پەرچەمی دانران. وەها هەنگاوێك بووەهۆی تێكدانی هاوسەنگی سیستمی كارگێڕیی‌و بێ بڕوایی خەڵك‌و هەڵەتێگەیشتن لە سەرەتا كارەكانەوە لە نێوان یەكە كارگێڕییەكاندا بێتەكایەوەو جیاوازیی‌و هەماهەنگی نەكردن‌و پەراگەندەیی لە كاروباریی وەزارەتەكان‌و دامەزراوەكانی دەوڵەتی سیمای دیاری ئەو قۆناغەبوون(عظیمی: ١٣٧٦، ١٥٣). ڕژێمی نوێ هەر سەرلەبەیانی دوای كودەتا، بەهێزكردنی پایەی حوكمی بە گرنگترین كاریی خۆی لەقەڵەمدا. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە سیاسەتی سەركوت‌و تیرۆری كردە ڕێكارە لەپێشینەكانی دەوڵەت. ڕەشبگیریی دەستەجەمعی لە سەرەتاوە دەستپێكردو لە ساڵی ١٩٧٩دا گەیشتە لوتكە. لە كابول جگە لەوانەی سەر بە خانەوادەی سەڵتەنەتی بوون، دستگیركردنی چالاكوانانی سیاسی گروپە جیاوازەكان لە نێویاندا ئەندامانی بزوتنەوەی ئیسلامی، ماوی، باڵی پەرچەمی یەكان، ئەندامانی گروپی گەلی ئەفغانی(افغان ملت)و گروپی تاهیر بەدخشی و بەحرەدین باحس... بوون. ئەمە جگە لە گروپە كۆمەڵایەتییەكانی وەك مامۆستایانی زانكۆكان، كارمەندانی دامەزراوەكانی دەوڵەت، ڕابەرانی گروپە نەتەوەییەكانی وەك نورستانی، هەزارەو بەدخشانی یەكان، كە دەستیان بە چالاكی دژی دەوڵەت كردبوو. لە دەرەوەی كابول، سەردارانی نەتەوەیی‌و مەزهەبی و كەسانی ئاسایی قوربانیانی سەركوتكارییەكان بوون زۆرینەیان دەنێردران بۆ گرتوخانەی پولی گون(پول چرخی) لە

ڕۆژهەڵاتی شاری کابول، کە وەك کوشتارگە ناوبانگی دەرکردبوو، هەروەها گرتوخانەی (دەمزنگ)یش (طنین: ١٣٨٤، ٢٤٧-٢٤٨). دیار نییە لە ماوەی شەپۆلی ڕەشبگیریدا لە ماوەی حکومەتی بیست مانگەی باڵی خەلق دا چەند کەس کوژران، بەڵام دوای کەنارخستنی نور محەمەد ترەکی، حەفیزوڵلا ئەمین لیستێکی (١٢) هەزار کەسی کوژراوی بڵاوکردەوە، تا نیشانی بدات بەپرسی ئەوکارە نور محەمەد ترەکی بووە(طنین: ١٣٨٤، ٢٤٩-٢٥٢). بە کورتی کەشێکی پڕ ترس و تۆقاندن و تیرۆرو لەسێدارەدانی بێ لێپرسینەوە، ئەفغانستانی بەرەو ئایندەیەکی تاریك برد. چاڵەکانی ناسراو بە پولی گون ترسناك بوون، سیخناخ بوون بە جەستەی چەندین مرۆڤی بێتاوان. ئەوانەی ڕۆڵی گەورەیان هەبوو لەم ڕەشەکوژیانەدا، گرنگترینیان: ئەسەدوڵلا سروری، سەرۆکی ئیدارەی هەواڵگری و ئاسایشی ئەفغانستان ناسراو بە(ئەگسا)، سەید داود ترون، سەرۆکی ژاندارم و پۆلیس، کە دواتر بووە سەرۆکی مەکتەبی نور محەمەد ترەکی، هەروەها عەبدوڵلا ئەمین، برای حەفیزوڵلا، کە بنکەی لە کارگەیەکی شەکر لە شاری (کندز) بوو (سنگلاخی: ١٣٨٨، ١١٥-١١٨).

لە ( تەمموزی ١٩٧٨) دا، دوای ساڵێك لە نزیکبوونەوەی باڵی پەرچەم و خەلق، جارێکی تر هاوپەیمانێتی نێوانیان ڕووبەڕووی کەرتبوون بووەوە. هەرچەندە لە سەرەتاوە سیاسەتی کۆمۆنیستەکان میانڕەوبوو و تارادەیەك سەرکەوتووبوو، بەڵام زۆری نەبرد زنجیرەیەك سیاسەتی بەناو چاکسازیی گشتگیر، تەواوی پێشکەوتنەکانی پێشووی سڕییەوە(Gul Khan:٢٠١٠,٥٥-٥٦) و تەنانەت سرودی نیشتیمانی وڵات گۆڕدرا (Fenzel:٢٠١٣,٤٦)، هەروەها بەپێی فەرمانی ژمارە(٤)ی ڕۆژی ١٢ی حوزیرانی ١٩٧٨ (سنگلاخی: ١٣٨٨، ١١١)، ئاڵای سێ ڕەنگی ئیسلامی ئەفغانستان بە ئاڵای سوور، کە سیمبولی کۆمۆنیستی دادەنرا، گۆڕدرا (Fenzel:٢٠١٣,٤٦) و لەژێرەوەی ئاڵاکە بە زمانی پەشتونی نوسرابوو:» د ثور انقلاب ١٣٥٧» کودەتای ثوری ١٣٥٧و: «د افغانستان دمکراتیك جمهوريەت»کۆماری دیموکراتی ئەفغانستان (برجیان:تابستان١٣٨١، ٤٢). لێرە بەدواوە ڕەمزی دەوڵەت لە (میحراب و مینبەر)ەوە کرا بە نیشانەی (خەلق) (طنین: ١٣٨٤، ٢٤٠؛ سنگلاخی: ١٣٨٨، ١١١). بە وتەی پرۆفیسۆر حسن کاکر، مامۆستای پێشوی مێژووی زانکۆی کابول، ئاماژەی پێدەدات:»لەوە بەدواوە خەڵك دڵنیابووەوە، ئەوانە کۆمۆنیستن و هەمان سیاسەت و ڕێگەی سۆڤێتیان هەیە و لەسەر ئەو بنەمایە سیاسەت دەکەن. لەو ساتە بەدواوە دژایەتی خەڵك توندتر و ئاشکراتربوو»(طنین: ١٣٨٤، ٢٤٠-٢٤١). لێرە بەدواوە باڵی خەلق خۆی بە نوێنەری خەڵکی ئەفغانستان و چینی کرێکار ڕاگەیاند، سیستمێکی دیکتاتۆری تاکپارتی بەرپاکرد و سەرکوتکردنی نەیارانی گرتەبەر، ئەمە جگە لە بەرنامەی چاکسازیی ڕیشەیی زەوی و زار دا(نشاط و دیگران: ١٣٩٦، ٢٥)، هەروەها ڕەواجدان بە بەئایدۆلۆجیکردنی کۆمەڵگە، بە هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆجیای کۆمۆنیستی لە ناوچە دێهاتنشینەکانی ئەفغانستان، بەڵام هۆز و عەشیرەتەکانی ئەفغانستان ئەم هەوڵدانانەیان بە ئاڵنگاریی ڕاستەوخۆی ئاینی ئیسلامیان دایە قەڵەم(Fenzel:٢٠١٣,٤٣). زیاد لەوەش خەڵکی ئەفغانستان سوننەتی و وەفاداری ئاینی ئیسلام و فەرهەنگ و داب و نەریتی لەمێژینەی خۆیان بوون. تێکڕای ئەمانەش پێچەوانەی خواستی سەپاندنی ئایدۆلۆجیای مارکسی بوو(سنگلاخی: ١٣٨٨، ١٠٩). تێبینی ئەوە دەکەین، نەخوێندنەوەو نەناسینی وردی کۆمەڵگەی دێهاتنشینی، پێکهاتەی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی ئەفغانستان لەلایەن حکومەتی دوای کودەتاو گرتنەبەری نەخشەو پلانگەلێك، کە ڕەنگی دژەئاینی پێوەدیاربوو، ئەمە بووە هۆی دەرکەوتنی تووڕەیی و سەرهەڵدانی جەماوەر لە بەرامبەر دەوڵەت. محەمەد ئەکبەر، ڕابەری پارتی پاسەوانی ئیسلامی ئەفغانستان (حزب حراست اسلامی افغانستان)، لەو باوەڕەدایە:»خەڵك لە حکومەتێکی یەکجۆریی بنەماڵەیی تەنگەتاوبوون و وەزاڵەهاتبوون و خوازیاری گۆڕانکاریی بوون. ئەنجام ئەوە بوو، خەڵك سەرەتا بە گشتی پشتیوانییان لە کودەتاچیان کردو یان ئەوەی بایەخیان بە بابەتەکان نەدەدا... کاتێك کە فەرمانگەلێك لە پشت سەرەوە]بە نهێنی[دەرکرا، خەڵك ئەو فەرمانانەی بە دژی فەرهەنگ و داب و نەریتی خۆی دەزانی، لەبەرئەوە شەپۆلی نارەزایەتی و دژایەتی ڕۆژبەڕۆژ زیاتر دەبوو، کە بە جیهادو جەنگێکی تەواو عەیار کۆتاییهات»(وفايي زاده و دیگران:جدی ١٣٩٥ خورشیدی،٢١)، لەبەرئەوە خەڵکی سوونەتی ئەفغانستان دوودڵ نەبوون لە دژایەتی توندو ڕاستەوخۆی حکومەتی نور محەمەد ترەکی(Fenzel:٢٠١٣,٤٣). لەمڕووەوە، هۆکارەکانی چالاکی پەشتۆنەکان، بریتی بوو لە تووڕەیی لەم سیاسەتانەو سیاسەتی چاکسازیی و کوشتن و هەڵمەتی ڕەشبگیریی و نائارامی لەنێو ڕیزەکانی سوپادا (Gul Khan:٢٠١٠,٥٦).


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

کودەتای ثور سەرەتای شۆڕشێکی ڕاگەیاند، کە دەیویست کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی ئەفغانی لە ڕیشەوە بگۆڕێت. دروشمی(نان، کاڵا، خانو، یەکسانی و دادپەروەری) دەرگاو دیوارو شەقامەکانی داپۆشی بوو(طنین:١٣٨٤،٢٣٩). کودەتا وادەردەکەوت دژی زۆربەی کۆمەڵگەی ئەفغانستان بێت، لە شارەکان پشتیوانییەکی زۆریان نەبوو، تەنانەت لە کابولی پایتەخت. هەرچی دێهاتەکانیشە هیچ پشتگیرییەکان نەکردن (No Author:١٢ April,٢٠٠٤). لە ڕاستیدا پێکهاتەی سوننەتی کۆمەڵایەتی لە ناوچە دێهاتنشینەکانی ئەفغانستانداو نەبوونی کادری پارتی دیموکراتی خەلق لەو دێهاتانە کاریگری نەرێنی هەبوو لەوبارەیەوە. نەك هەر ئەوە، بگرە دواکەوتوویی ناوچە دیهاتنشینەکانو لە ئەنجامدا باڵادەستی خانوگەورەو دەرەبەگەکان، هۆکاری گەورەی پێشوازیی نەکردنو بگرە دژایەتیکردنی کودەتای کۆمۆنیستی بوون(جیوستوزی: ١٣٨٦،١٧)، ئەمە شتێکی سروشتی بوو بە سەرنجدان لەوەی، ڕیشەکێشکردنی دەرەبەگایەتی بە ئامانجی ستراتیژیی ڕژێمی نوێ ڕاگەیەندرابوو(طنین: ١٣٨٤ ،٢٣٩). بە پوختی پێکدادانی دوو فەرهەنگی جیاوازو دژ بەیەك، واتە بزوتنەوەی مارکسی و کۆمەڵگەی مەزهەبی-سوننەتی دێهاتنشین بوو (جیوستوزی:١٣٨٦،١٧). بەم جۆرە، کودەتا ستالینییەکە دوژمنایەتی چرکردەوە لە نێوان شارو دێهاتەکاندا. نەیتوانی دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێت بەسەر کۆمەڵگەدا، بگرە کەوتنە جەنگەوە لەگەڵ زۆربەی ئەفغانستان، کودەتا نەیتوانی ببێت بە شۆڕش. بێگومان لەمەشدا ئیسلامییەکان بەشێك بوون لە شکستی حکومەتی نوێ، تێبینی دەکەین حکومەتی دوای کودەتا مەرسومی چاکسازیی ڕیشەیی ڕاگەیاند (جیوستوزی:١٣٨٦،١٨). زۆرێك لە چاکسازییەکان لە بەرامبەر نایەکسانی فیوداڵیو کۆنەپەرستی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی ئەفغان بوو. لە تێڕوانینی سەرکردایەتی سۆڤێتیش ئەو جوڵانەی حکومەتی ئەفغانی بێ ئامادەکارییو پەلەی پێوەدیاربوو، لەو باوەڕەدابوون نەیاریی توندی دێهاتییەکانی لێدەکەوێتەوەو یاخیبوونی بەدوادا دێتو پاکستانو ئەمریکا ئەوە ئەقۆزنەوە بۆ لێدان لە دەسەڵاتی کۆمۆنیستی خەلق، بەڵام حەفیزوڵلا ئەمین ئەم ئامۆژگارییەی مۆسکۆی پشتگوێخست(Harrison and Cordovez:١٩٩٥,٣٠–٣١؛Fenzel:٢٠١٣,٤٧) ڕووداوەکانی دواتر وەك دانەی مروارێی ڕاستیی ئەم تێگەیشتنەی کرملینی پشتڕاستکردەوە.

چاکسازییەکانی حکومەتی خەلق لەسەر سێ تەوەری سەرەکی، کە چەسپاندنی دەوڵەت، دەربارەی چاکسازیی زەوی وزار، کە بە دوو فەرمانی ژمارە(٦)ی ئابو ژمارە(٨)ی ( ٣٠ی تشرینی دووەمی ١٩٧٨ )بوو، پڕکێشەترین دوو فەرمان بوون. دەربارەی دابەشکردنی زەوی بوو بە بێ بەرامبەر بەسەر (٢٧٠)هەزار جوتیارو سنوردارکردنی پشکی موڵکداریی خاوەن موڵکەکان بە (٣) هێکتار(سنگلاخی: ١٣٨٨ ،١١١). فەرمانەکە جەختیدەکردەوە لەسەر هەڵوەشاندنەوەی فرۆشتنی زەوی بە سوو(ڕیبا)، کە پێنج ساڵ بەسەر فرۆشتنیاندا تێپەڕیوە، بە ئامانجی هەڵوەشاندنەوەی ڕژێمی کلاسیکی فیودالیزمی ئەفغانستان(روا: ١٣٦٩،١٣٣-١٣٤؛ سنگلاخی: ١٣٨٨ ،١١٢) ، هەروەها فەرمانی ژمارە(٧) لە ١٧ی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ، جەختی دەکردەوە لەسەر یەکسانی مافی نێر و مێو ڕێگرتن لە هاوسەرگیری ناچارییو بەشودانی کچانی نابالغ (سنگلاخی: ١٣٨٨ ،١١١) و زیاتر لەوە، یەکسانی لە خوێندنو فێربوون لە نێوان نێرو مێ دا بەیەکسانی(روا: ١٣٦٩،١٣٥-١٤٨؛ جیوستوزی: ١٣٨٦،٣٥-٦١) و دژایەتی سوو(ڕیبا)، بە بێ بوونی ئەلتەرنەیتڤێکی گونجاو، کە بووە هۆی قەیرانێکی گەورە لە پاشەکشەی بەرهەمی کشتوکاڵی، لەڕاستیدا حکومەت لە دەرەوەی کابول، هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو بۆ جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیە (No Author:١٢ April,٢٠٠٤). هەروەك ئەم چاکسازیانە هەڵتەکاندنی بونیاتی ئابووریی-کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی دێهاتنشینی سوننەتی ئەفغانستان بوو، هەربۆیە بۆ دروستکردنی کێشە بۆ هەنگاوەکانی چاکسازی حکومەت، دێهاتییەکان ناچاربوون دژایەتی دەسەڵات و بەرنامەی کۆمۆنیستەکان بکەن(Fenzel:٢٠١٣,٤٦-٤٧؛ سنگلاخی: ١٣٨٨ ،١١٢). بۆ نموونە، پیاوانی ئاینی دەستیانکرد بە پروپاگەندە لە نێو خەڵکی دێهاتنشینەکاندا، کە نەهێشتنی نەخوێندەواریی لە نێو ژنانی دێهاتەکاندا کاری ژنانی شارە بەو هەڵمەتانە هەڵدەستن، ئەو ژنانە زۆربەیان تەنورە لەبەردەکەنو ئایدیای بەدڕەوشتی بڵاودەکەنەوە. بەشێوەیەکی فراوان پیاوانی ئاینی هێرشیانکردە سەر کتێبی قوتابخانەکان، کە پروپاگەندەی خەلقی یەکانی تێدایەو ئەنتی ئیسلامن(Harrison and Cordovez:١٩٩٥,٣١). ئەمە هاوساتی هەوڵی بەرزەفڕیی سەرکردەکانی دەوڵەتی ئەفغانستان بۆ باڵادەستیو هەژموونی ناوەندیتی لە دەسەڵاتدا لە بەرامبەر هۆزەکان دا وایکرد، ترس و تووڕەیی فراوانتر ببێت و دەسەڵاتی حکومەت وەك دووژمن لێی دەڕوانرا، ئەمەش لاوازیی دەوڵەتی ئاشکراترکرد (جیوستوزی: ١٣٨٦،١٧) و ئەو وتە باوەڕەی سەلماند، کە تێڕوانینی زۆرینەی

تونێژەران بوو، کە ئەفغانستان خاکێکە ناتوانرێت سەرکەوتن بەدەست بێت تیایدا بۆ هێزە ناوخۆییەکانو گۆڕستانی ئیمپراتۆریەتەکانە (Fenzel:٢٠١٣,٤٦). مەبەستی هێزە دەرەکییەکانی وەك بەریتانیاو ڕوسەکان (دواتر سۆڤێت) بوو.

هەربۆیە زۆری نەبرد بەشێکی زۆری خەڵکی ئەفغانستان دژی دەسەڵاتی کۆمۆنیستی وەستانەوە، بە نموونە، لەسەرەتای (١٩٧٩)وە زۆربەی لادێکان لە شۆڕشێکی کراوەدابوون دژی دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی خەلق، باشترین نموونە، یەکەمین ڕاپەڕینی مەدەنی بوو لە ناوەڕاستی (ئازاری ١٩٧٩)دا لە شاری هیرات بووە خاڵی دەسپێکی ڕاپەڕین(رواۆ:١٥٣،١٣٦٩)، بەسەرکردایەتی کەسێك بەناوی ئیسماعیل خان بوو. تەنانەت دەستیان بەسەر شارەکەداگرتو فیرقەی(١٧)ی سوپایان بە دیل گرت(سنگلاخی: ١٣٨٨، ١١٨). لە ڕاستیدا ئەوەی لە هیرات ڕویدا بە هۆی ئەوەوەبوو، کە ڕژێمی کابول سەرەڕای یارمەتییەکانی سۆڤێت کۆنترۆڵی بارودۆخی لەدەست دەرچووبوو، لێکترازانی نێو ڕیزەکانی سوپاو بەئامانجگرتنی ڕاوێژکارانی سۆڤێت لەلایەن یاخیبووانەوە لە هیراتی ڕۆژئاوا، کە (٢٧٦) ڕاوێژکارو ئەندامانی خێزانەکانیان بە شێوەیەکی دڕندانە لە سەرەتای (ئازاری ١٩٧٩)دا، کوژران. ئەم ڕەفتارە لەگەڵ سوکایەتی بە جەستەی کوژراوەکان لە شەقامەکانی هیرات لەلایەن یاخیبوانەوە، سەرکردایەتی کرملینی توشی شۆك کرد (Fenzel:٢٠١٣,٤٩-٥٠). توندیی و فراوانی ڕاپەڕیوان بە جۆرێك بوو، ڕژێمی کۆمۆنیستی وەزاڵ هێنا، بە پەلە نور محەمەد ترەکی داوای هاتنی سوپای سۆڤێتی کرد بۆ ئەفغانستان، لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە ئەوە یەکەمین جاربوو داوای هێزی بێگانە بۆ نێو ئەفغانستان بکرێت(سنگلاخی: ١٣٨٨، ١١٨) بە شێوەیەکی فەرمی. دواجار شۆڤێت وەك تۆڵەکردنەوە هێرشی ئاسمانی کردە سەر شاری هیرات و نزیکەی(٢٤٠٠٠) کوژراوی لێکەوتەوەو شارەکەی وێرانکرد(Fenzel:٢٠١٣,٥٠). بەم جۆرە ئەم ڕاپەڕینە لە (٢٠ی ئازار)دا بە دڕندانە سەرکوتکران، بەڵام پاش ئەم کاردانەوە توندە، چالاکییەکانی سۆڤێت لە هیرات سنورداركرا (گروموف: بدون سال چاپ، ٥؛ Gul Khan:٢٠١٠,٥٦).

بۆ ڕۆژی دواتر لە بنکەی جلال ئاباد پیلانگێرییەکی دیکە ئاشکرابوو، کە (٢٣٠) ئەفسەرو سەرباز بە تاوانی هەنگاوی دژی دەوڵەت دەستگیرکران(گروموف:بدون سال چاپ، ٦). هەر دوای ئەوە بەشێکی زۆری ناوچەکانی ئەفغانستان دەستیاندایە دژایەتی کرداریی دەوڵەتو ڕاپەڕین پەڕییەوە زۆرینەی ناوچەکانی وەك، سەرزەمینی ئایماق(دولتیار، ویلایەتی فاریاب، بادغیس لە باکوری ڕۆژئاوای ئەفغانستان)، پاشان لە غزنی یەوە تاکو میمنەو لەنێو پەشتونییەکان. بارودۆخ بە توندیی دژی ڕژێمی کۆمۆنیستی خەلق تەقییەوە(رواۆ: ١٣٦٩،١٥٣-١٥٩؛ سنگلاخی: ١٣٨٨، ١١٩-١٢٠). ئەم ڕووداوانە بوونی ڕژێمی شۆڕشگێڕیی کابولی خستبووە بەر هەڕەشە، لە دیدی سەرکردایەتی سۆڤێتەوە(گروموف:بدون سال چاپ،٦). بارودۆخ بێ سەروبەرییەکی زۆری تێدابوو، ڕژێمی خەلق لەو باوەڕەدابوو هێرشبردن بۆ ناوەندی سوننەتی هێز دەتوانێت گەڕێنتی کودەتا بکات، بەڵام ئەم هەنگاوە ڕووبەڕووی بەرگریی بووەوەو شەرعییەتی بە هێزو دەسەڵاتی ڕێبەرانی نەتەوەیی و مەزهەبی بەخشی(طنین: ١٣٨٤، ٢٤٢) و شکستی بە ئامانجی کۆمۆنیستەکان هێنا. بە نموونە، حکومەت لە هاوینی ١٩٧٩ تەنها لە چەند ویلایەتو ئەویش لە ناوەندی ویلایەت باڵادەستبوو، بە جۆرێك بە داتا لە پایزی هەمان ساڵ جوڵانەوەی چەکداریی دژی حکومەت لە (٢٥) ویلایەت لە(٢٨) ویلایەتەی ئەفغانستانی پێکدەهێنا، چالاك بوون. لە کۆتایی ساڵیشدا (١٧) ویلایەتو زیاتر لە نیوەی بنکەکانی ناوچەکانو زۆربەی دێهاتەکان لەژێردەستی یاخیبواندابوو(جیوستوزی: ١٨، ١٣٨٦). بەم جۆرە فراوانبوونی شۆڕش، ڕژێمی کابولی سەراسیمە کردبوو. لە هەمان کات سەرکردایەتی سۆڤێتی پشتیوانی دەسەڵاتی سەخت نیگەران کردبوو، لەو ڕۆژانەدا لە نێوان کابولو مۆسکۆدا ئەگەری دەستێوەردانی سۆڤێت بۆ پشتیوانی ڕژێمی نوێ خرایە بەرباس(طنین: ١٣٨٤، ٢٥٨) و هەنگاوی جدی نرا بۆ ڕێگرتن لە شکستی دەسەڵاتی کۆمۆنیستی لە ئەفغانستان.

ئەم ڕووداوانە وایکرد لە (٢٧ی ئازاری ١٩٧٩)، حەفیزوڵلا ئەمینی سەر بە باڵی خەلق دەسەڵات بگرێتە دەست. کەسانی سەر بە پەرچەم کە ژمارەیەکی زۆر نەبوون لە حکومەتدا مابوونەوە دەستگیرانو لەسێدارەدران. ئەم هەنگاوانە وایکرد سۆڤێت بیربکاتەوە لە بەهێزکردنی هێزە سەربازییەکانی. ئەم بارودۆخە ملی کێشا بۆ ململانێی نێوان نور محەمەد ترەکیو حەفیزوڵلا ئەمین لە ناو پارتی دیموکراتی خەلق داو کۆتایی بە غافڵکوژکردنی نور محەمەد ترەکی لە (٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٩)هات، بە فەرمانی حەفیزوڵلا ئەمین(Gul Khan:٢٠١٠,٥٦)، کە

دواتر تاوانی کوشتنی دوازدە هەزار کەسی لە زیندانەکانی کۆمۆنیستەکاندا دایەپاڵ نور محەمەد ترەکی. دوای ئەم هەنگاوە، ئیدی حەفیزوڵلا ئەمین وەك سەرۆکی ڕەها ڕژێمی کۆمۆنیستی ڕاگەیەندرا (احمدی: ١٣٨٩، ١٩٥-١٩٦). ئەم ململانێیە لە کاتێکدابوو ئەو گروپ و هێزانەی دژی کۆمۆنیستەکان بوون تەواوی ئەفغانستانیان تەنیبوو جگە لە کابول(Gul Khan:٢٠١٠,٥٦-٥٧). ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە بڕیاری دەستێوەردانی سۆڤێت لە ئەفغانستان، زیاتر کاردانەوەبوو بەرامبەر ململانێی ناوخۆیی باڵی خەلق لە دوای کودەتاوە، تا پێشڕەویی نەیارانی حکومەتی کۆمۆنیستی خەلق(جیوستوزی: ١٦،١٣٨٦). بەتایبەت دوای پشتگوێخستنی داواکاریی سۆڤێت لە حکومەتی ئەفغانستان بۆ کەمکردنەوەی سیاسەتە ڕادیکاڵییەکانیان، لە ڕێگەی فراوانکردنی بنکەی سیاسی حکومەتی کۆمۆنیستی(Fenzel:٢٠١٣,٥٠). بارودۆخ ئاماژەبوو بۆ ئەوەی، کە ناوچەکە لە حاڵەتی گۆڕانکاریی ڕیشەیی دایە(احمدی: ١٣٨٩، ٩٤).

یەکێکی دیکە لە دەرئەنجامەکانی کودەتا، ئازادکردنی سەدان زیندان بوو لە سەرتاسەری وڵاتدا. ڕاپۆرتەکان ناوو ئەو تاوانانەیان باسنەکرد کە ئەو ئازادکراوانە پێی زیندانیکرا بوون، هەروەها ئەنجامێکی تری دوای کودەتا ئەوەبوو، کە بانگەشەی ئەوە دەکرا، حکومەت لایەنگری ئازادی ڕەهای ئاینی و ڕێزگرتنی قوڵی ئیسلام و پشتیوانی گەورەیە لەم بارەیەوە، هەرچەندە ئەم بانگەشانە، هاوساتی داخوازیی سڕینەوەی توندڕەویی ئاینیی(Arnold:١٩٨٥,٨٧) و ئایدۆلۆجی بوو، بەڵام لە واقیعدا هەندێك ئەندامی توندڕەوی باڵی خەلق سوکایەتییان بە ئاین دەکرد، بۆ نموونە، بەپێی سەرچاوە سۆڤێتییەکان لە یەکێك لە گوندەکان، کە لە سەرەتادا لایەنگری کودەتا بوون، دوو ئەندامی پارتی دیموکراتی خەلق ڕێگریانکرد لە خەڵکی گوندەکە لە مزگەوت نوێژ بکەن، بەوەش خەڵکی گوندەکە بوونە دووژمنی حکومەت(جیوستوزی:١٧،١٣٨٦-١٨)، چونکە ڕژێمی نوێ بە هەنگاوەکانی بە ئاشکرا مەبەستی بوو، کاریگەریی دەسترۆیشتوویی پیاوانی ئاینی سنوردار بکات(طنین: ١٣٨٤، ٢٣٩) و دواتر هەر بە بنەوە ڕیشەکێشی بکات، لەم دیدگایەوە، هەندێك لە ڕابەرانی هۆزو عەشایرەکانو پیاوانی ئاینی باوەڕی قوڵیان بەوەبوو، چاکسازییەکان بۆ چارەسەری کێشەکان نییە، ئەوەندەی ئامانج لێی ڕووبەڕووبوونەوەی ئاینی ئیسلامە(طنین: ١٣٨٤، ٢٤١-٢٤٢). هەر بۆیە (قازی محەمەد ئەمین وقاد) یەکێك لە سەرکردەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی ئاماژە بەوە دەکات، دوای کودەتای ثور کۆبوونەوەی زانایانو کەسایەتییە دینییەکان ئەنجامدرا لە پاکستانو دوای گفتوگۆ بە کۆی دەنگ بڕیاریاندا دژی ڕژێم دەست بکەن بە چالاکی و تێکۆشان. هەتا کەسایەتی سیاسی و ئەکادیمیەکانیش لە تاو گرتن و کوشتن هەڵاتن و ئەفغانستانیان جێهێشت و بە نەیارانی ڕژێمی کابولەوە پەیوەست بوون، هەتا لەوڵاتانی دەرەوەش بۆ ئەو مەبەستە ڕوویان دەکردە پاکستان. بۆیە ڕیزی نەیارانی خەلق تادەهات فراوانتر دەبوو(طنین:٢٥٢،١٣٨٤-٢٥٥؛ Jackson: ٢٠٠٩,٧). ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، ئەو ترس و تۆقاندنانەی لەژێر چەتری دەسەڵاتدا ئەنجامدەدرا، زۆرێك لە ڕێبەرە دیارە ناوچەییەکانی لە نێویاندا پیاوانی ئاینی و خاوەن زەوی یەکان دەستگیردەکردنو بێ دادگایی لە سێدارە دەدران. ژمارەیەك لەو کەسایەتیانە بێسەروشوێنکران، ئەمە بووە هۆی نارەزایەتی و ڕووکردنە دەستدانە چەك دژی دەسەڵات بە شێوەیەکی فراوان(Fenzel:٢٠١٣,٤٧). هەروەك محەمەد موسا توانا، یەکێك لە بونیاتنەرانی بزوتنەوەی ئیسلامی(جنبش اسلامی) ڕوونی دەکاتەوە، کە کۆمۆنیستەکان :»دووربین نەبوونو وایان بیردەکردەوە، کە لە ئەفغانستان لەوە بەدواوە ناوی ئیسلام کۆتاییدێت. ئەوان لەخۆبایی بوونو پیرۆزییەکانی ئیسلامیان خستە ژێرپێیانەوە»(طنین: ١٣٨٤، ٢٤٥). لەلایەنی ئایۆلۆجییەوە ژینگەی ئەفغانستان بۆ فکرەی کۆمۆنیستی گونجاو نەبوو، لەم ڕووەوە تێبینی دەکەین هەوڵەکانی ڕژێمی کۆمۆنیستی بۆ پڕکردنەوەی ئەوەی لە دیدگای کۆمۆنیستەکانەوە پێی دەوترا بۆشایی ئایدۆلۆجی، کە بە تەقلیدی ئاینی پتەو سیخناخ کرابوو، سەرکەوتوو نەبوو (Fenzel:٢٠١٣,٤٨)، لەبەرئەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تەواو سوننەتی و پەیوەست بە ئاینیی ئیسلام و پەیوەندی پتەوی ڕۆحانی-دەرەبەگ لە دێهاتەکاندا، لەپاڵ ئاستێکی زۆر نزمی خوێندەواریی لەنێو کۆمەڵگەدا، کە لە هەندێك ناوچەدا بۆ خاڵی سفریش دادەبەزی، هەر لەسەرەتاوە مۆری شکستی لە هەنگاوە بەپەلەکانی ڕژێمی خەلق دا، ڕاستی ئەم تێڕوانینە تێبینی دەکەین، کاتێك سەرنجی شکستی کارکردنی سۆڤێتیش بدەین لەو ڕووەوە، کە نەیتوانی بەسەر ئەم بەربەستەدا سەربکەوێت.

لە ڕاستیدا ڕژێمی خەلق بە چاکسازییەکانی دەیویست ئەفغانستانی کۆن نابوت بکات(طنین: ١٣٨٤، ٢٤٥) و سیستمی سوننەتی ئەفغانستان لە ڕیشەوە لەنێوبەرێت، بەڵام نەیتوانی لەوەدا سەرکەوتووبێت و ڕەوایەتی بە هەنگاوەکانی خۆی بدات لە لای خەڵکی ئەفغانستان، ئەمەش

کۆمەڵگەی ئەفغانستانی شێواند و تۆفانێك نارەزایەتی بەدوای خۆیدا هێنا (پهلوان: ١٣٧٧، ١٣٦). لەمەشدا توندڕەوییو زێدەڕەویکردن لە کردەی چاکسازییو ڕەچاونەکردنی سوننەتو داب و نەریتی خەڵك نارەزایی فراوانی لە نێو گروپە جیاوازەکانی خەڵکی ئەفغانستان هێنایە کایەوە، کەمئەزموونیو کورتبینی ڕژێم سەرچاوەی ئەم نارەزایەتیانە بوو. بە قسەی محەمەد موسا توانا:» فریوی سۆڤێتیان خوارد... ئەزمونی تەواویان نەبوو، دووربین نەبوون»(طنین: ١٣٨٤، ٢٤٥). واتە ڕەوایەتی بونیادە سوننەتییەکانی وڵاتیان هەڵتەکاند، بەبێ ئەوەی بتوانن هۆکارەکانی ڕەوایەتی بۆ بونیادی فەرهەنگی نوێ فەراهەم بکەن (پهلوان:١٣٥،١٣٧٧)، کە پشت بەستوو بێت بە بەها ڕەسەنەکانی کۆمەڵگەی ئەفغانی.

لەسەر ئاستی دەرەوە، سەرکەوتنی پارتی دیموکراتی خەلقی ئەفغانستان سەرنجی جیهانو وڵاتانی ڕۆژئاواو بە تایبەتی ئەمریکای بۆ ئەفغانستان ڕاکێشاو ڕووداوەکانی دوای کودەتا لەلایەن ڕاگەیاندنە نێودەوڵەتییەکانەوە زیاتر بایەخی پێدرا، ئەم دۆخە بەخێرایی کاردانەوەی دژایەتی گۆڕینی ڕژێم لە ئەفغانستان، وێنای قەیرانێکی نێودەوڵەتی بەخشییە دۆزی ئەفغانستانو لە ئەنجامدا بارودۆخەکە بە تەواوی چ لە دەستی هێزە ناوخۆییەکانی دەوڵەتی نوێو چ ئەو هێزانەی ئۆپۆزسیۆن بوون، دەرچوو (جیوستوزی: ١٣٨٦،٩). فراوانبوونی شەپۆلی نارەزایەتیو تێکۆشان بەرامبەر حکومەتی کۆمۆنیستی، ببووە هۆی ئەوەی تاکو پێشەوایانی سیاسی بە هۆی ڕووداوە سیاسییەکانەوە دەستی کۆمەك بۆ وڵاتانی تری وەك پاکستانو ئێران درێژبکەنو دەستی ئەو وڵاتانەو تەواوی هێزە دوورو نزیکەکانی کردەوە بۆ دەستێوەردان لە ئەفغانستان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەی کۆمۆنیزم (وفایی زادە و دیگران: جدی ١٣٩٥ خورشیدی،٢٢).

لە ڕاستیدا یەکێك لە دەرئەنجامە مەترسیدارەکانی کودەتا، نزیکبونەوەی زیاد لە ڕادەی کۆمۆنیستەکان بوو لە سۆڤێت، تاڕادەی ئەوەی ببوونە نیمچە بۆکەڵەیەکی دەستی سۆڤێت(Rubin: ١٩٨١,٣١٤). ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە لاوازی حکومەتی حکومەتی کابول لە ئیدارەدانی بارودۆخ، ببووە هۆی ئەوەی سۆڤێت سوپای سور بۆ هێشتنەوەو ڕزگارکردنی حکومەتی چەپگەرای کابول بنێرێتە کابول(وفایی زادە و دیگران: جدی ١٣٩٥ خورشیدی،٢٢). بۆ نموونە، لە نزیکەی(١٠) هەزار ئەندامی باڵی خەلق لە ( ١٩٧٨-١٩٧٩) کوژران. لە کۆتایی (١٩٧٩)دا،(٦-٧) هەزار ئەندام لە(١٨) هەزار ئەندام یان کوژرابوون یان تێرۆرکرابوون. لە کۆی (١٨) هەزار ئەندامی باڵی خەلق و (٢٨) هەزار ئەندامی نوێ، کە لە کودەتاوە تا هێرشی سۆڤێت ببوونە ئەندامی خەلق، نیوەیان کوژرابوون (جیوستوزی:١٣٨٦،١٦-١٧) لە شەڕو ململانێ ناوخۆییەکاندا. ئاکامەکەشی ڕەوانەکردنی (٨٠) هەزار سەربازی سۆڤێتی بوو بۆ ئەفغانستان(گروموف:بدون سال چاپ، ٨٠ بەدواوە) و دروستکردنی حکومەتێکی تەواو ملکەچی سۆڤێت، هەروەها سەرکوتکردنو ملکەچپێکردنی بەرگریی ئیسلامیو نەتەوەیی ئەفغانستان لەلایەن کۆمۆنیستەکان (Rubin:١٩٨١,٣١٤-٣١٥). ئەم پرۆسەی داگیرکارییە بۆ تێپەڕاندنی بێتوانایی ئەو گۆڕەپانە داگیرساوەبوو، کە حکومەتی پارتی دیموکراتی خەلق نەیدەتوانی ئیدارەی بکاتو سۆڤێتیش بە ئەرکی خۆی دەزانی ڕێگە بگرێت لەوەی ئەمریکا و ڕۆژئاوا ئەو فەوزایە بقۆزنەوە بۆ ئەوەی ڕژێمێکی ئەنتی سۆڤێتی بێننە سەر دەسەڵات(Fenzel:٢٠١٣,٤٨). وەها هەنگاوێکی مۆسکۆ نەك کۆمەکی بارودۆخی نەکرد، بگرە بارودۆخی سیاسی ئەفغانستانی ئاڵۆزترکردو کێشەی ئەفغانستانی کردە مەلەفێکی نێودەوڵەتی و ئاڵۆز(وفایی زادە و دیگران:جدی ١٣٩٥ خورشیدی،٢٢) و هەستیاری جەنگی سارد دوای جەنگی ڤێتنام.

داگیرکردنی ئەفغانستان، بۆ ئێرانو وڵاتانی کەنداوو ئەمریکا، هەڕەشەو مەسجی جیۆپۆلەتیکی گەورەی لەگەڵ خۆی پێبوو. لەلایەك ئەم داگیرکارییە هەنگاوێك بەرەوپێشچوونی سۆڤێت بوو بەرەو کەنداوی فارسو هەنگاوی دووەم بوو بۆ گەیشتن بە ئاوەگەرمەکان لە ڕێگەی بلوچستانی ئێرانو پاکستانەوە. لە لایەکی ترەوە، ئەم هەنگاوەی مۆسکۆ بنکەو دەسپێکێك بوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شۆرشی ئێرانو مەترسییەکانی لەسەر ناوچە موسڵماننشینەکانی هاوسنوری ئێران، بێگومان ئێرانیش نەیدەویست بەرەی ڕۆژهەڵاتی پشێویو نادڵنیایی تێدا دروستبێت، لەکاتێکدا بەرەی ڕۆژئاواوی داگیرسابوو بە ئاگری ململانێ. هەربۆیە دژی داگیرکاریی وەستایەوەو پشتگیری ماددیو مەعنەویو سەربازیی ئەفغانییەکانی کردو خوازیاری بێ مەرجی کشانەوەی سۆڤێت بوو(نظری و زهی: زمستان ١٣٩٥، ٤٨). هەروەك پاکستانو ئێرانیش بوونە دوو بنکەی کۆبوونەوەو چالاکی نەیارانی ڕژێمی کابول (طنین: ١٣٨٤، ٢٦٤)، بێگومان بە پشتیوانی دارایی و چەك و هەواڵگریی


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ڕۆژئاوایی بەتایبەتی ئەمریکیو دارایی وڵاتانی ئیسلامی لە پێش هەموویانەوە، سعودییە. بە کورتی تێدەگەین بە لای زۆربەی وڵاتانی هەرێمیو نێودەوڵەتییەوە، کودەتای ١٩٧٨ی ئەفغانستانو لێکەوتەکانی، کە بە داگیرکاریی سۆڤێت لە ساڵی دواتر گەیشتە لوتکە، مەترسییەکی جدیی بوو، لە هەمان کاتیشدا دۆخی ناوچەکەی تێکداو هێڵی گەرمی هاریکاری لە نێوان وڵاتانی هەرێمیو نێودەوڵەتی لێوە دروستبوو، بە نموونە، لە نێوان ئێرانو پاکستانو لە نێوان ئەمریکاو وڵاتانی ئیسلامی لەلایەکی ترەوە. هەموو ئەم سیاسەتانەش شوێنکەوتەی سیاسەتەکانی جەنگی ساردبوو، کە زیاتر بۆ بەرگرتن بوو بە کشانی کۆمۆنیزمو کردنە زەلکاوی ئەفغانستان بۆ سوپای سوور، وەك ئەوەی بۆ جێگیریيو ئاشتی بێت لەو وڵاتە(وفايي زاده و ديگران:جدى ١٣٩٥ خورشيدى،٢٢). بە کورتی تێدەگەین لێکەوتە نێوخۆیی و ناوچەییەکانی کودەتای ثور ئەنجامی نەرێنی لەسەر کۆمەڵگای ئەفغانستان جێهێشت و زیاتر لەوەش ئەفغانستانی کردە گۆڕەپانێکی داگیرساوی هەمیشەیی پڕ ململانێ، کە بە ئێستاشەوە کاریگەرییەکانی ئەو تێکچونەی بارودۆخی ئەو وڵاتە هێشتا ڕەهەندە نێودەوڵەتی و هەرێمی لە ڕەهەندی نێوخۆیی کاریگەریی خراپترە بۆ سەر ئەفغانستان.

## ئەنجام:

-خودی کودەتای محەمەد داوود خان لە ١٩٧٣ و ئەو بارودۆخی سەرکوتکاریی و ناڕەزایەتییەی دژی بنەماڵەی پادشایەتی ئەفغانستان باڵی بەسەر گۆڕەپانی ئەفغانستاندا کێشابوو، زەنگی مەترسیداری دەسپێکی قۆناغێکی نوێ بوو. قۆناغێك هاوتەریب بوو بە داڕووخانی ئابووریی و دواکەوتوویی کۆمەڵگەی ئەفغانستان و داخراوی فەرهەنگ و دابەشبوونی توندی هۆزایەتی، هەربۆیە کودەتایەکی سپی ئاشتیانە کۆتایی بە سیستمی پادشایەتی هێنا.

- هەوڵدانی محەمەد داوود خان و زیادبوونی چالاکی نەیارانی دەسەڵاتەکەی و بێ توانایی لە چارەسەرکردنی قەیرانی دارایی و سەرکوتکردنی حیزبی گەلی کۆماری و بێبەشکردنیان نەك لە دەسەڵات، بگرە گرتووخانەکانی لێپرکردن. سوپای ئەفغانستانیش سیخناخ بوو بە کەسانی بێ تواناو زۆر گرنگیان بە چالاکی نەیانی کۆمۆنیست نەداو حسابیان بۆ نەکردبوون. هەربۆیە کودەتایەکی سەربازی بنەماڵەی داوود خانی لە دەسەڵات لاداکە ناسرا بە کودەتای (ثور) لە ١٩٧٨و بۆ یەکەم جار پارتێکی کۆمۆنیستی واتە پارتی دیموکراتی خەلقی ئەفغانستان دەسەڵاتی گرتە دەست.

-پرۆسەی کودەتا لە ٢٧ی نیسانی ١٩٧٨ لە کاتژمێر ١١ی سەرلەبەیانی بە پێی پلانێك لە لایەن حەفیزوڵا ئەمین ئامادەکرابوو و لە لایەن(محەمەد ئەلم وەتەنجار) لە هێزی زەمینی و(عەقید عبەدولقادر) لە هێزی ئاسمانی جێبەجێکراو توانیان لە هەمان ڕۆژدا دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرن. هەر لە ڕۆژەکانی سەرەتادا ململانێ لە نێوان باڵی پەرچەم و خەلق لە نێو دەسەڵاتدا دروستبوو، کە بە پاکسازی پەرچەمیەکان و کوشتن و گرتن و دورخستنەوەیان کۆتاییهات. هەر لە ڕۆژەکانی سەرەتاوە سۆڤێت بە گەرمی پێشوازی لە کودەتاکرد و لەسەر هەموو ئاستەکان بەرەو ئەفغانستان هەنگاوی نا، بەڵام وڵاتانی ڕۆژئاوایی سەرەڕای دانان بە کۆماری نوێی ئەفغانستان، ترسی خۆیان لە هەژموونی سۆڤێت و دیکتاتۆریەتی کۆمۆنیزم لە ئەفغانستان نەشاردەوە.

- هەر لە دەسپێکی سەرکەوتنی کودتاوە، پرۆسەیەکی توندی بەکۆمەنیستکردنی دامودەزگاو کۆمەڵگای ئەفغانی دەستپێکرد، لەوپێناوەدا ڕشبگیری و سەرکوتکردنی نەیارانی سیاسی و حیزبە ئیسلامییەکان بەتایبەتی و ڕۆشنبیرو کەسایەتییە سیاسی و ئەکادیمییەکان، لە سیمادیارەکانی ئەو قۆناغەبوو. هەربۆیە دیکتاتۆریەتێکی سەرکوتکاری تاکحیزبی هاتەکایەوە، کە بنەمای هەڵتەکاندنی سیستەمی سوننەتی کۆمەڵگەی موسڵماننشینی ئەفغانستانی کردە کاری لەپێشینەی و بەمەش شەپۆلێك ناڕەزایەتی لە سەرجەم ناوچەکان هێنایەئاراوەو زۆرینەبرد بە کودەتایەکی تر باڵی خەلقی سەر بە حیزبی دیموکراتی خەلق لە دەسەڵات وەلانران و هێرشی سۆڤێتی بۆ سەر ئەفغانستانی بە دوای خۆیداهێناو تۆفانێکی لە مێژووی ئەفانستان و ناوچەکە لێکەوتەوە، بە ئێستاشەوە کاریگەرییەکانی بەردەوامی هەیە.

## لیستی سەرچاوەکان:

### یەکەم: نامەی زانستی:

١/ تێزی دکتۆرا:

أ: بە زمانی کوردی:

- صالح ، گۆران ابراهیم(٢٠١٩): ململانێی ئەمریکا-سۆڤیت لە ئەفغانستان و کاریگاریی لەسەر ستراتیژی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوارِاستدا(١٩٧٩-١٩٨٩)، تێزی دکتۆرایە پێشکەشی کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان/ بەشی مێژوو کراوە، زانکۆی سلێمانی، (بڵاونەکراوە).

**ب: بە زمانی ئینگلیزی:**

- Gul Khan, Imtiyaz(2010): Afghan Wars and their Impact on Rural life (19th-20th) century, submitted in partial fulfillment of the requirements for the degree of Doctor of Philosophy in History to University of Kashmir, Center of Central Asian Studies University of Kashmir, Srinagar.
- Fenzel, Michael R.( 2013): The Failure of Soviet Decision Making in the Afghan War 1979-1989, Doctoral Dissertation, Naval Postgraduate School, Monterey, California.(No Published)
- Khalid, Mohammad(1986-87): Afghanistan and the Super Powers since 1945,Thesis Submitted to the Aligarh Muslim University for the award of the Degree of Doctor of Philosophy in Political Science, Department of Political Science/ Aligarh Muslim University, Aligarh (India).

**٢/ نامەی ماجستێر:**

- احمدی، نجیب الله(٢٣٩١): تاریخچە مختصر سرمایە گذاری در افغانستان، پایان نامە دورە لیسانس، وزارت تحصیلات عالی، پوهنتون کابل/ پوهنحی روانشناسی و علوم تربیتی، افغانستان.

### دووەم: کتێب:

١/ بەزمانی فارسی:

- جیوستوزی، آنتونیو(١٣٨٦): افغانستان; جنگ، سیاست و جامعە(١٣٥-١٣٧١)، ترجمە: اسدالله شفایی، چاپ اول، ناشر محمد ابراهیم شریعتی افغانستانی (عرفانی)، تهران.
- روا، اولیور(١٣٦٩): افغانستان (اسلام و نوگرایی سیاسی)، ترجمە: ابوالحسن سروقد مقدم، مؤسسە چاپو انشارات آستان قدس رضوی، چاپ اول، ایران،.
- گروموف، ب.( بدون سال چاپ): ارتش سرخ در افغانستان(خاطرات قوماندان عمومی قوای روسی در افغانستان)، ترجمە: عزیز(اریانفر)، انتشارات (AFGHAN-ASSOCIATION Germany)، بدون جاە.
- احمدی، حسین (پدید آور)( ١٣٨٩): تحولات منطقە ای افغانستان، چاپ اول، مؤسسە مطالعاتعات تاریخ معاصر ایران، تهران.
- پهلوان، چنگیز(١٣٧٧): افغانستان ( عصر مجاهدین و برآمدن طالبان)، چاپ اول، نشر قطرە، تهران.
- رستم(١٣٦٣): سیاست خارجی و روابط بین المللی جمهوری دموکراتیك افغانستان، مطبعە حزبی، کابل.
- نشاط، زلمی ، عرفانی، محمد و محمدی، عبدالاحد(١٣٩٦): راە دشوار مردم سالاری در افغانستان( ارزیابی و نقد گفتمان های ملی

پیرامون نظام های سیاسی بدیل در افغانستان)، انستیتوت مطالعات استراتیژیك افغانستان، کابل.
- سنگلاخی، سید علی موسوی (دکتر)( ١٣٨٨): تاریخ تحلیلی افغانستان از ظاهرشاه تا کرزی، چاپ اول، مطبعه بلخ، کابل.
- ربنتیا، سید قاسم(١٣٣٦): افغانستان در قرن نزده، چاپ دوم، انجمن تاریخ افغانستان/ دولتی مطبعه، افغانستان.
- اخوان، صفا (گردآورده)( ١٣٨٠): تاریخ شفاهی افغانستان( ١٩٠٠-١٩٩٢ میلادی)، مرکز چاپ‌و انتشارات وزارت امور خارجه، چاپ اول، تهران.
- قندهاری، طالب محمد حسین(١٣٦٢): نگاهی به دیروز و امروز افغانستان، چاپ دوم، ناشر کتاب ح-ر- مهاجر غزنوی- چاپ پیوند، افغانستان.
- طنین، ظاهر(١٣٨٤): افغانستان در قرن بیستم( ١٩٠٠-١٩٩٦)، چاپ دوم، ناشر محمد ابراهیم شریعتی افغانستانی (عرفانی)، تهران،.
- وفایی زاده، محمد قاسم (دکتر)، کریمی،حسین علی و ابراهیمی، غلام رضا(جدی ١٣٩٥ خورشیدی): بررسی گفتگوهای صلح در افغانستان در چهار دهه گذشته، انستیتوت مطالعات استراتژیك افغانستان(AISS)، کابل،.
- حقجو، میر آقا(١٣٨٠): افغانستان و مداخلات خارجی، چاپ اول، انتشارات مجلسی، قم.

**٢/ بە زمانی ئینگلیزی:**

- Arnold, Anthony(1985): Afghanistan: The Soviet Invasion in Perspective, Hover Press Publication, Stanford.
- Jackson, Ashley(2009): THE COST OF WAR; Afghan Experiences of Conflict, 1978 – 2009, Report Published by Oxfam International, No Place.
- Rubin, Barry(1981): Paved With Good Intentions; The American Experience And Iran, Published in Penguin Books, New York and London.
- Amstutz, J.Bruce(1986): Afghanistan; The first Five years of Soviet Ocupation, National Defence University Press, Washington DC.
- Cordovez, Diego and Harrison, Selig S.(1995): Out of Afghanistan; The Inside Story of the Soviet Withdrawal, Oxford University Press, New York.

**سێیەم: گۆڤارەکان:**

- برجیان، حبیب(تابستان ١٣٨١): سرگذشت افغانستان به روایت پرچم، مجله نامه‌پارسی، س٧، ش٢.
- نظری، علی اشرف و زهی، ناصر یوسف(زمستان ١٣٩٥): نظریه‌ی پخش و بازتاب های انقلاب اسلامی ایران بر افغانستان، فصلنامه پژوهش های انقلاب اسلامی، انجمن علمی انقلاب اسلامی ایران، سال پنجم، شماره(١٩).

**چوارەم**

**: سایتی ئەلیکترونی:**

/١ بە زمانی فارسی :

-رادیو آزادی آفغانستان(٧ ثور ١٣٩٨): عوامل کودتا بالای رئیس جمهور سردار محمد داوود خان چه بود؟، چهارشنبه، برگرفته در (٢٢ نیسان ٢٠٢٠) از ویب سایت:

.<<html.٢٩٩٠٣٠٢٥/https://da.azadiradio.com/a>>

- تدینی، مهدی(١٨ شهریور ١٣٩٩): قصه تلخ کودتاهای افغانستان که فراموش شدند!، برگرفته در (٢٢ نیسان ٢٠٢٠) از ویب سایت:

<< http://irdiplomacy.ir/fa/news/1995068/ قصه-تلخ-کودتاهای-افغانستان-که-فراموش-شدند->>.

**/٢ بە زمانی ئینگلیزی:**

-No Author(17 March 2009): Remains of Afghan leader buried, published in, drawn from the website: <<http://news.bbc.co.uk/2/hi/south_asia/7947659.stm>> accessed in (11 March 2020).

-No Author(12 April, 2004): The «Great Saur Revolution», , drawn from the website: <<https://www.workersliberty.org/node/1935>> accessed in(7 march 2020).


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

# استخدام الوسائل والتقنيات التعليمية في تدريس مادة الجغرافية في المرحلة الاعدادية بقضاء كلار ومعوقاتها واتجاهات المعلمين نحوها

**بختيار حبيب سعيد** [1]
[1]قسم الجغرافيا ،كلية التربية،جامعة گرميان، إقليم كوردستان، العراق
Corresponding author's e-mail: Bakhtiyar.Habib@garmian.edu.krd

## الملخص البحث

هدفت الدراسة إلى معرفة مدى استخدام الوسائل والتقنيات التعليمية ومعوقاتها في تدريس مادة الجغرافية في المرحلة الاعدادية من وجهة نظر المعلمين واتجاهاتهم نحوها في قضاء كلار، وتكونت عينة الدراسة من (٢٤) معلماً ومعلمة بالمديرية العامة لتربية كلار، واستخدمت الدراسة المنهج الوصفي وتكونت الاستبانة من (٧٢) فقرة تم حساب صدقها وثباتها، وتوصلت نتائج الدراسة إلى مايلي: جاء توفر الوسائل و التقنيات التعليمية في المدارس الاعدادية في قضاء كلار بدرجة ضعيفة. واستخدام الوسائل و التقنيات التعليمية بدرجة ضعيفة ، بمتوسط عام (١,٣٦)بما يعني الندرة في الاستخدام . ومعوقات استخدام الوسائل والتقنيات التعليمية «بدرجة كبيرة» بمتوسط (٢,٤٤) وأهمها» وجود نقص في المواد الخام والأجهزة التعليمية المتوفرة في المدارس، نقص الإمكانيات المادية اللازمة لتوفير الوسائل والتقنيات التعليمية « واتجاهات معلمي الجغرافيا نحو استخدام الوسائل و التقنيات التعليمية بشكل عام كانت إيجابية بمتوسط (٢,٧٠) بدرجة كبيرة. وفي ضوء النتائج قدمت مجموعة من التوصيات و المقترحات.

الكلمات المفتاحية: الوسائل و التقنيات التعليمية ، تدريس، الجغرافيا.

## المقدمة :

يبحث التربويون باستمرار عن أفضل الطرق لتوفير بيئة تعليمية تفاعلية لجذب اهتمام الطلبة وحثهم على تبادل الآراء والخبرات، ويعتبر التقدم التكنولوجي في مجال استخدام التقنيات التعليمية من أهم الوسائل لتوفير هذه البيئة التعليمية الثرية. لقد واكب التقدم العلمي والتكنولوجي، و اتساع المعارف الإنسانية التي أثرت في جميع جوانب الحياة، أساليب تدريس جديدة تستعمل الوسائل والتقنيات التعليمية المختلفة بشكل يثير دافعية الطالب، و يزوده بخبرات تعليمية تنمي فيه مهارة الابتكار. مما ساعد على تحسين عملية التعلم وحل المشكلات التربوية وينبع الاهتمام بتطوير أساليب التدريس من الاهتمام بالطالب ليكون فعالاً ونشطًا ومشاركًا في العملية التعلمية، و متفاعلاً مع المعلم والمواد التعليمية والتي يؤدي استخدامها إلى تشجيع الطالب على الاستقصاء وحل المشكلات و إثارة التساؤلات و تطبيق ما تعلمه في مواقف تعليمية جديدة و واقعية .(الشهري و البنا،٢٠١٧، ص٧٨ )، و في هذا السياق يشير إلى الجهود التي تبذلها المؤسسات التعليمية المختلفة في إدخال التطورات والتقنيات الحديثة إلى أجندتها لتواكب التطورات المتسارعة في التكنولوجيا.


| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانكۆی هەڵەبجە:گۆڤارێكی زانستی ئەكادیمیە زانكۆی هەڵەبجە دەری دەكات | |
| بەرگ | ٦ ژمارە ١ ساڵی(٢٠٢١) |
| ڕێككەوتەكان | ڕێكەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٠/١١/٢٢ \| ڕێككەوتی پەسەندكردن: ٢٠٢١/١/١٤ \| ڕێككەوتی بڵاوكردنەوە: ٢٠٢١/٣/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | Bakhtiyar.Habib@garmian.edu.krd |


| | |
|---|---|
| مافی چاپ و بڵاو كردنەوە | ©٢٠٢١ م.ی. بختيار حبيب سعيد،گەیشتن بەم توێژینەوەیە كراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

٦.الحيلة، محمد محمود(٢٠٠٨)، تكنولوجيا التعليم بين النظرية والتطبيق، ط٢، دار المسيرة للنشر و التوزيع، عمان- الاردن.

٧.دومي،حسن علي العمري عمر (٢٠٠٤)،الوسائل التعليمية ، ط١، مكتبة الفالح، الكويت.

٨.الدويري ، ميسون أحمد ( ٢٠١٤ )، أثر برنامج تعليمي محوسب قائم على التعلم التعاوني في تحصيل طلبة الصف التاسع الأساسي في


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

مادة الجغرافية واتجاهاتهم نحوها، دراسات في العلوم التربوية، الجامعة الأردنية -عمان، المجلد(٤١) ، العدد(١).

٩.الديوشري، عبد المهين(٢٠١١)، فاعلية استخدام برنامج الشرائح المحسوبة وجهاز عارض البيانات في تدريس مادة الجغرافية دراسة شبه تجريبية على طالبات الصف العاشر في محافظة ريف دمشق، مجلة جامعة دمشق، المجلد (٢٧)، ملحق ٣٢٧-٣٥٨.

١٠.سالم، أحمد محمد(٢٠١٠)، وسائل و تكنولوجيا التعليم، ط٣، مكتبة الرشد ناشرون، الرياض – السعودية.

١١.سلامة، عبدالحافظ بن محمد والدايل سعد بن عبدالرحمن(٢٠٠٦)، استخدام الاجهزة التعليمية، ط٣ ، الرياض- السعودية،

١٢.سلامة، عبدالحافظ محمد(٢٠٠٦)، وسائل والتكنولوجيا في التعليم، ط٦، دار الفكر، عمان- الاردن.

١٣.الشماط، محمد وفا(٢٠١٣)، اثر استخدام برنامج العروض التقديمية(البوربونت). في تحصيل طلبة الصف العاشر في مادة الجغرافية واتجاهاتهم نحوها دراسة تجريبية في محافظة دمشق، مجلة جامعة دمشق، المجلد(٢٩)، العدد الأول.

١٤.الشمري، هدى علي(٢٠٠٣)، طرق تدريس التربية الاسلامية، ط١، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان-الاردن.

١٥.الشهري، سلمي سعيد و حمدي عبدالعظيم البنا(٢٠١٧)، برنامج حاسوبي مقترح لتشخيص صعوبات التعلم العلوم لطالبات المرحلة المتوسطة، قسم المناهج وتكنولوجيا التعليم، جامعة الطائف، المجلد (٦)، العدد(١).

١٦.صبري، ماهر إسماعيل(٢٠٠٢)، الموسوعة العربية لمصطلحات التربية وتكنولوجيا التعليم ، ط١، مكتبة الرشد، الرياض- السعودية.

١٧.الطيطي، محمد حمد (٢٠٠٢)، الدراسات الاجتماعية طبيعتها، اهدافها، طرق تدريسها، ط١، دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان- الارن.

١٨.عبابنة، ضرار(٢٠٠٦)، المعايير الحديثة المعاصرة لعلم الجغرافي (نظرة تربوية)، ط١ ، عالم كتب الحديث، عمان -الاردن.

١٩.عبدالحميد، شادي (١٩٩٠)، أثر استخدام أسلوب التعلم عن طريق الحاسب في التعليم.جامعة القاهرة(رسالة ماجستير غير منشورة)

٢٠.عبدالله، حسام (٢٠٠٤) ،طرق تدريس الجغرافية،ط١، دار أسامة للنشر، عمان- الأردن.

٢١.عرفة ، صلاح الدين(٢٠٠٥)، تعليم الجغرافيا و تعلمها في عصر المعلومات « أهدافه ، محتواه ، أساليبه ، تقويمه ،ط١، عالم الكتب، القاهرة-مصر.

٢٢.العقيلي، عبدالعزيز(١٩٩٧)، تقنيات التعليم والاتصال، ط٢، مكتبة الملك فهد للنشر، الرياض- السعودية.

٢٣.العنزي، عبيد عياد(٢٠٠٨)، درجة استخدام معلمي الجغرافيا في المرحلة المتوسطة للتقنيات التعليمية في مدينة الرياض بالمملكة العربية السعودية من وجهة نظر المعلمين والمشرفين التربويين، عمادة الدراسات العليا،جامعة مؤتة، الاردن، (رسالة ماجستير غير منشورة).

٢٤.العياصرة، وليد رفيق(٢٠١٠)، التربية الاسلامية واستراتيجيات تدريسها وتطبيقاتها العملية، ط١، دار المسيرة للنشر، عمان – الاردن.

٢٥.غلام، خديجة (٢٠٠٨)، فاعلية البرمجيات التعليمية ذات الوسائط المتعددة في تدريس الجغرافيا وأثرها في تنمية مهارات التفكير العلمي والتحصيل والاحتفاظ لدى طالبات الصف الأول المتوسط بالمدينة المنورة ، جامعة طيبة، المدينة المنورة، المملكة العربية السعودية،(رسالة ماجستير غير منشورة).

٢٦.فؤاد، عبد اللطيف (٢٠٠٤)، الجغرافية التربوية، ط١، عالم الكتب، القاهرة- مصر.

٢٧.قادي، إيمان بنت عمار (٢٠٠٧)، واقع استخدام الوسائل التعليمية والتقنيات الحديثة في تدريس اللغة الإنجليزية في المرحلة المتوسطة من وجهة نظر اللغة الإنجليزية و مديرات المدارس بمكة المكرمة، جامعة أم القرى، كلية التربية – مكة المكرمة، قسم المناهج و طرق التدريس،(رسالة ماجستير غير منشورة)

٢٨.كنسارة، احسان بن محمد و عطار عبدالله بن اسحاق (٢٠١٣) ،الحاسب الآلي وبرمجيات الوسائط،ط١، مكتبة الملك فهد الوطنية، الرياض، السعودية.

٢٩.محمود، صلاح (٢٠٠٧)، تعليم الجغرافيا و تعلمها في عصر المعلومات أهدافه و محتواه و أساليب تقويمه. جامعة حلوان، كلية التربية ، عالم الكتب.

٣٠.مرعي، توفيق أحمد (٢٠٠٢)، طرائق التدريس العامة، ط ٣، دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان- الاردن.

٣١.مركز التقنيات التربوية(٢٠٠٢)، دليل مركز التقنيات التربوية، الادارة العامة لتقنيات التعليم، الرياض- السعودية.

٣٢.نشوان، يعقوب حسين (١٩٩٢)، المنهج التربوي من منظور إسلامي،ط١، دار الفرقان، عمان، الاردن.

٣٣.الونوس، رويدا صالح(٢٠١٧)، واقع توظيف تقنيات التعليم في تدريس مادة الرياضيات من وجهة نظر المدرسين، مجلة جامعة البعث، قسم المناهج وطرائق تدريس كلية التربية ، المجلد (٣٩)، العدد(١٩).

٣٤.يوسف، ماهر اسماعيل صبري(١٩٩٩)، من الوسائل التعليمية إلى تكنولوجيا التعليم، ط١، مكتبة الشقري، الرياض- السعودية.

٣٥.الهادي، محمد محمد (٢٠٠٥) ، تكنولوجيا الاتصالات وشبكات المعلومات،ط١،المكتبة الأكاديمية، القاهرة – مصر.

٣٦. الطوبجي، حسين(١٩٩٠)، وسائل الاتصال و التكنولوجيا في التعليم ،ط٣، دار القلم، الكويت.

**مصادر الانكليزية English Language References :**

37. Bennett. ,& Scholes , R. (2001), Goals and attitudes related to technology use in a social studies method course, Contemporary Issues in Technology and Teacher Education, (3), U .S.A

38. Bruno jerlese, m. (1990): maps literacy, designing an instructional videotape to teach maple reading skills to high school students dissertation abstracts international, vol.(50) ap (24-62).

39. Brunom , k. (2008): The ability of high school students on reading skill geographical maps based E – learning strategy, contemporary Issues in Technology and Teacher Education , vol.(1), (46-59).

40. Morril.Richard, 1985, The professional geography , vol(7), No (3).

41. Heinish.R. Molenda, M of Russel, G (1993) Audio Visual Instructional Technology, Media& Methods New york, Mc Graw Hill pup.

42.Gomez, m.(2013).GPS and Geography, Using Technology to Apply Geography with Middle Grade Students. Social Studies Research & practice, 8(2).

43. Grabe M and Grabe C, (2001). Integrating Technology for Meaningful Learning. Houghton Mifiln, New york.

44.Giusppe.f.. (2006) E Learning Measurement of the Learning Difference Between traditional lessons Online. Lessons. http: www.Eueodl. Org Material. Icont.

45. Parise , p. (2004) E- learning, a study on Secondary students, attitudes towards online web assisted learning, international Education journal 5(1).


## پوختەی توێژینەوەکە


بەکارهێنانی هۆکارو ئامرازە فێرکارییەکان لە وانەوتنەوەی مادەی جوگرافیا لە قۆناغی ئامادەی لە قەزای کەلار و ئاستەنگیەکانی و ئاراستەی مامۆستایان بەرەو بەکارهێنانیان

ئامانجی توێژینەوەکە بۆ زانینی مەودای بەکارهێنانی هۆکار و ئامرازەفێرکارییەکانە لە وانەوتنەوەی مادەی جوگرافیا لە قۆناغی ئامادەی لە قەزای کەلار و ئاستەنگیەکانی و ئاراستەی مامۆستایان بەرەو بەکارهێنانیان، نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (٢٤) مامۆستا لە هەردوو

ڕەگەز کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی کەلار بوون، توێژەر هەستا بە ئامادەکردنی فۆرمێك کە (٧٢) برگەی لە خۆگرتبوو لە پاش دەرهێنانی ڕاستگۆی و جێگیری ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەرکەوت کە بەکارهێنانی هۆکار و ئامرازەفێرکارییەکان لەوانەوتنەوەی مادەی جوگرافیا لە قۆناغی ئامادەی لە قەزای کەلاردا لاوازبوو کە ناوەندەژمێری گشتی (١,٣٦) بوو، ئاستەنگیەکانی بەکارهێنانی هۆکار و ئامرازە فێرکارییەکان بە شێوەیەکی گەورە بوو کە ناوەندەژمێری گشتی گەیشتە(٢,٤٤)، لەگرنگترین ڕێگرییەکانیش « کەمی توانای مادی پێویست بوو بۆ دەستخستنی هۆکار و ئامرازە فێرکارییەکان و هەروەها بوونی کەم و کورِی لە کەرەستەی خاو ئامرازی فێرکاری بەردەست بوو لە قوتابخانە ئامادەییەکان، ئاراستەی مامۆستایان بەرەو بەکارهێنانی هۆکار و ئامرازە فێرکارییەکان لەوانەوتنەوەی مادەی جوگرافیا بە شێوەیەکی (گەورە) بوو کە ناوەندەژمێرییەکەی (٢,٧٠) بوو، لە نێو ڕۆشنای دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە توێژەر کۆمەڵێك لە ڕاسپاردە و پێشنیارەکانی خستەڕو.


## Abstract

The Use of Teaching Aids and scientific Technology in Teaching the subject of Geoghraphy at high school grades in the district of Kalar, and the faced impediments with Teachers› views

The study goals are to know to what extent Teaching Aids and Technologies can be used in teaching of Geography in high school classes with its obstacles in the District of kalar. 24 samples (male and female) teachers have been taken in the general directorate of educational / kalar. The study used a descriptive approach and the study reached to:

The availability of Teaching Aids and Technologies in high schools in kalar District is low. The use of Teaching Aids and Technologies is weak, which means scarcity in use. The obstacles to the use of Teaching Aids and Technologies are «high» which includes «shortage of raw materials and educational equipment in schools, and a lack of financial capabilities». Trends of geography teachers to Teaching Aids and Technologies use, in general, were positive.Based on the result, a set of proposals and recommendations have

Been presented .


**Kywords: Teaching Aids and Technologies, Teaching, Geography**

# بنەماو سودەکانی پەیڕەوکردنی پرەنسیپی تەواوکاریی لەلایەن دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتییەوە

**ئاوارە حسێن ئەحمەد[1]، زانا ڕەفیق سەعید[2]**
[1]بەشی یاسا، کۆلێژی یاسا و کارگێڕی، زانکۆی هەڵەبجە، شاری هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق
[2] بەشی یاسا، کۆلێژی یاسا، زانکۆی جیهان، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: Awara.ahmad@uoh.edu.iq

## پوختە

دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی (لێرەوە دادگا) دەزگایەکی دادوەریی هەمیشەییە و دەسەڵاتی دادوەریی هەیە بۆ دادگایکردنی کەسانی سروشتی کە بەرپرسن لە ئەو تاوانە مەترسیدارانەی کە پەیوەندییان بە هەموو کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە هەیە، و لە پەیڕەوە بنەڕەتییەکەی دادگادا هاتووە (لێرەوە پەیڕەوی بنەڕەتی)، ئەو تاوانانەش بریتین لە جینۆساید، تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی، تاوانەکانی جەنگ و تاوانی دوژمنکاریی. پەیڕەوی بنەڕەتی جەخت لەوە دەکاتەوە کە دادگا دەبێت تەواوکاریی دەسەڵاتە دادوەرییە تاوانکارییە نیشتیمانییەکان بێت، دادگا دەیەوێت تەواوکاریی سیستەمە دادوەرییە نیشتیمانییەکان بێت نەک شوێنگرەوەیان، لەم ڕوانگەیەوە بەبیری دەهێنێتەوە کە ئەرکی هەموو دەوڵەتێکە کە هەستێت بە پەیڕەوکردنی دەسەڵاتە داوەرییە تاوانکارییەکەی بەسەر ئەوانەی کە بەرپرسن لە ئەنجامدانی تاوانە نێودەوڵەتییەکاندا. تەواوکاریی بە مانای داخستن و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە دێت کە لە ئەرکی دادگایکردنی تۆمەتبارانی تاوانە نێودەوڵەتییەکاندا هەیە. پرەنسیپی تەواوکاریی تەنها کاتێک ڕێگا بە دادگا دەدات بۆ لێکۆڵینەوە و دادگایکردنی تاوان و تۆمەتباران، کە دەوڵەتی پەیوەندیدار ئارەزووی نەبێت یان توانای نەبێت لیکۆڵینەوە و دادگایکردنێکی ڕاستەقینە ئەنجامبدات. گرنگترین و سەرەکیترین سود و پاساوەکانی پەیڕەوکردنی پرەنسیپی تەواوکاریی جەختکردنەوەیە لەوەی کەو ئەو تاوانە مەترسیدارانەی کە پەیوەندیدارن بە هەموو کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە بەبێ سزا تێنەپەڕن. پێواژووی دادگایکردن لەسەر ئاستی نیشتیمانیی بەگشتی سودی زیاترە وەک لەوەی لەبەردەم دادگادا بەڕێووەبچێت، چونکە دەبێتەهۆی ئاسان دەستڕاگەشتن بە بەڵگەکان و گەواهیدەرەکان و هەروەها بەشداریکردنی قوربانیان و گەواهیدەرەکانیش لە قۆناغی دادگایکردن گرفتی کەمترە بە بەراورد بە دادگا، هەروەها پرەنسیپی تەواوکاری سەروەریی نیشتیمانی دەپارێزێت و لە هەمانکاتدا ئەرکی دەوڵەتان زیاتر دەکات.

**کلیلی وشەکان: پرەنسیپی تەواوکاریی، دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی، دەسەڵاتی دادوەریی نیشتیمانیی، دادپەروەریی تاوانکاریی نیشتیمانی.**

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| بەرگ | ٦ ژمارە ١ ساڵی(٢٠٢١) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٠/١٢/١٧ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢١/٢/١١ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢١/٣/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | Awara.ahmad@uoh.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢١ م. ی. ئاوارەحسێن ئەحمەد،پ.ی.د.زانا ڕەفیق سەعید، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## ملخص

المحكمة الجنائية الدولية مؤسسة قضائية دائمية و لها إختصاص قضائي لمحاكمة الأشخاص الطبيعية المسؤولة عن الجرائم الخطيرة المتعلقة بالمجتمع الدولي عموماً والتي هي موجودة في نظامها الأساسي المتمثلة بجريمة الإبادة الجماعية (جينوسايد)، جرائم ضد الإنسانية، جرائم الحرب، و جريمة العدوان. إن النظام الأساسي يتأكد على أن للمحكمة إختصاص تكاملي للسلطات القضائية الجنائية الوطنية و ليست بديلة عنها، من هذا المنطلق نذكر بأن هناك واجب لكل دولة للقيام بفرض سلطاتها القضائية على المسؤولين عن إرتكاب الجرائم الدولية. التكامل يعني إغلاق و ملء الثغرة الموجودة في وظيفة محاكمة المتهمين بالجرائم الدولية، و إن مبدأ التكامل يعطي الصلاحية للتحقيق في الجرائم و محاكمة المتهمين في حالة واحدة فقط, و هي حالة عندما كان الدولة المعنية ليست لديها رغبة أو قدرة للقيام بالتحقيق و المحاكمة الحقيقية. و إن من أهم مميزات و مبررات إتباع المبدأ التكامل هي التأكيد بأن الجرائم الخطيرة المتعلقة بالمجتمع الدولي عموماً يجب أن لا تمر بدون عقوبة، و إن مرحلة و كيفية المحاكمة على الصعيد الوطني بصورة عامة لها مميزات أكثر من إجراء محاكمة أمام محكمة دولية لأنه يؤدي إلى سهولة الوصول بالدلائل و الشواهد، إضافةً إلى سهولة مشاركة الضحايا و الشواهد في مرحلة المحاكمة مقارنةً بالمحكمة الجنائية الدولية، و إن المبدأ المذكور يحمي في نفس الوقت السيادة الوطنية.

## Abstract

International criminal court (ICC) It shall be a permanent institution and shall have the power to exercise its jurisdiction over natural persons for the most serious crimes of international concern, as referred to in its Statute (ICC statute), such as Genocide, crimes against humanity, war crimes and crime of aggression. ICC statute emphasizing that the ICC shall be complementary to national criminal jurisdictions, ICC wants to complement national judicial system not replace them, in this sense it recalling that it is the duty of every State to exercise its criminal jurisdiction over those responsible for international crimes. Complementarity is meant to close gaps in the task of prosecuting perpetrators of international crimes. The principle of complementarity only allows the court to investigate and prosecute crimes and perpetrators, where the concerned state is unwilling or unable genuinely to carry out the investigation or prosecution. The important and main advantages and rationales behind the principle of complementarity are affirming that the most serious crimes of concern to the international community as a whole must not go unpunished. Prosecutions at the domestic level are generally preferred to perform before the ICC because as it generally favours a better access to evidence and testimony and tends to favour the participation to the trial of victims and witnesses and complementarity protects national sovereignty and at the same time promotes state action.

## پێشەکی

دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی وەک یەکەمین دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی هەمیشەیی سەربەخۆ لە ساڵی ١٩٩٨دا دامەزراوە و لە ساڵی ٢٠٠٢ وە ڕۆشتوەتە بواری جێبەجێکردنەوە، بە مانایەکی تر کارەکانی دەستپێکردووە. دادگا بە پەیڕەوکردنی پرەنسیپی تەواوکاریی بە تەواوەتی دانینانەوە بە سیستەمی دادوەریی تاوانکاریی نیشتیمانیدا و ڕێگای داوە دادگا تاوانکارییە نیشتیمانییەکان وەک دەسەڵاتی دادوەریی یەکەم و پێشینە هەستن بە لێکۆڵینەوەی تاوانەکانی لیستی دادگا و دادگایکردنی تۆمەتباران. گەر هاتوو دادگای تاوانکاری نیشتیمانی بە ئەرکەکەی هەڵنەستا بە گرتنەبەری لێکۆڵینەوە و دادگایکردنێکی ڕاستەقینە ئەوا دادگا دەسەڵاتی دادوەریی وەردەگرێت و پێواژووی دادبینییەکە تەواودەکات، ئەم ڕێگا و دەسەڵاتپێدانەش سەرەڕای ئەوەی کە هاندانێکە بۆ دەسەڵاتە دادوەرییە نیشتیمانییەکان بە هەستان بە ئەرکی لێکۆڵینەوە و دادگایکردن، گرنگترین بنەماشە بۆ گەشەپێدانی دادپەروەریی تاوانکاریی نیشتیمانیی و ڕێزگرتن لە سەروەریی نیشتیمانی لە جێبەجێکردنی دەسەڵاتی دادوەریی تاوانکاریدا. دەوڵەتانی خاوەن سەروەریی بەرپرسیارێتی لە ئەستۆدەگرن بۆ سەرکوتکردنی پێشێلکردنی یاسای تاوانکاریی و پێشێلکارییە مەترسیدارەکانی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی، پێشینەیی دەسەڵاتی دادوەریيان تایبەتمەندییەکی بنەڕەتی سەروەرییە.

گەر پرەنسیپی تەواوکاریی دادگا بەوە بناسێنین کە بریتییە لە دابەشکردنی دەسەڵاتی دادوەریی لەنێوان دادگا و دادگا نیشتیمانییەکاندا، ئەوا لەگەڵ دابەشکردنی دەسەڵاتە دادوەرییەکاندا دەسەڵاتی دادوەریی پێشینە و باڵایی بۆ دادگا نیشتیمانییەکانە. جێگیرکردنی پرنسیپی تەواوکاریی لە پەیڕەوی بنەڕەتیدا یەکێکە لە دەستکەوتەکانی دادگا کە لە دادگاکانی تردا بوونی نەبووە. دادگا بە جێگیرکردن و پەیڕەوکردنی پرەنسیپی تەواوکاریی خۆی وەک دادگایی دواین پەناگە ناساندووە، دواین دادگایە کە پەنای بۆ دەبرێت، بەم پرەنسیپەش دەرفەتی یاسایی پێشینەی داوە بە دادگا نیشتیمانییەکان وەک یەکەم دادگا کە هەستن بە پێواژووەکانی دادبینی. چونکە ئەم دادگا دادگایەکی تاوانکاری نێودەوڵەتییە و تایبەتمەندی بەردەوامیی و هەمیشەیی هەیە، نەک کاتی بێت، بۆ هەموو جیهان و مرۆڤایەتییە نەک دەوڵەتێک یان کیشوەرێکی دیاریکراو.

## ئامانجی توێژینەوەکە

گرنگترین ئەو ئامانجەی کە ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت بەدەستیبهێنێت، بریتیە لەم خاڵانەی خوارەوە:

١- ڕونکردنەوەو تێگەیشتن لە پرەنسیپی تەواوکاریی دادگا، بنەمایی یاسایی پرەنسیپەکە و پوختەی یاسایی پرەنسیپەکە.

٢- شیکردنەوەی پێشەکی پەیڕەوی بنەڕەتی و ئەو برگەو ماددانەی پەیڕەوی بنەڕەتی دادگا کە تایبەتن بە پرەنسیپی تەواوکاریی.

٣- خستنەڕووی سود و پاساوەکانی پەیڕەوکردنی پرەنسیپی تەواوکاریی لەلایەن دادگاوە.

## پرسیاری توێژینەوەکە

گرنگترین ئەو پرسیارانەی کە ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت وەڵامی گونجاویان بداتەوە بریتییە لەم پرسیارانەی خوارەوە:

١- پرەنسیپی تەواوکاریی چییە؟ لە چییەوە سەرچاوە و بنەمای گرتووە؟ بۆچی دادگا ئەم پرەنسیپەی جێگیرکردووە و پەیڕەوی دەکات؟

٢- پرەنسیپی تەواوکاریی دادگای کردووە بە دادگای دواین پەناگە، لە چی کاتێکدا دادگا دەسەڵاتی دادوەریی پێشینە وەردەگرێت و پێواژووەکانی دادوەریی نیشتیمانی تەواو دەکات؟

٣- سودەکان و پاساوەکانی پەیڕەوکردنی پرەنسیپی تەواوکاریی چییە؟

٤- پرەنسیپی تەواوکاریی چی ڕاژەیەکی کردووە بە پرسی دادپەروەریی تاوانکاریی لەسەر هەردوو ئاستی نێودەوڵەتی و نیشتیمانی؟

گریمانەی توێژینەوەکە

سەبارەت بە گریمانەی توێژینەوەکە، لەم توێژینەوەیەدا دەتوانین ئەوە بسەلمێنین کە ئەگەر پرەنسیپی تەواوکاریی پێناسەیەکی تایبەت، دیاریکراو ڕوونی بۆ بکرێت و کاتێکی دیاریکراو لە پەیڕەوی بنەڕەتیدا بۆ دەسەڵاتی دادوەریی نیشتیمانی جێگیربکرێت سەبارەت بە ئارەزوو نەبوون یان توانا نەبوون بۆ لێکۆڵینەوە و دادگایکردنێکی ڕاستەقینە، ئەوا دادگا باشتر لە ئێستا دەتوانێت کارەکانی بە ئەنجام بگەیەنێت و گەشە بە پرسی دادپەروەریی تاوانکاریی بدات.

## میتۆدی توێژینەوەکە

لە نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا بەشێوازێکی سەرەکی یەک میتۆدی زانستیمان بەکارهێناوە، ئەویش بریتییە لە میتۆدی شیکاری یاسایی، بۆ شیکردنەوەی برگەکانی تایبەت بە پرەنسیپی تەواوکاریی لە پێشەکی پەیڕەوی بنەڕەتی، ئەو برگەو ماددانەی پەیڕەوی بنەڕەتی دادگا کە بۆ پرەنسیپی تەواوکاریی تەرخانکراون، هەروەها هەر ڕێککەوتننامە و پەیڕەوی بنەڕەتی هەر دادگایەکی تر و بڕیارەکانی دادگا کە ئاماژەی بە پرەنسیپی تەواوکاریی کردووە.

## پلانی توێژینەوە

بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکەمان بە باشمان زانیوە کە بابەتی توێژینەوەکەمان بەشێوازێکی پلەبەندی دابەش بکەین بۆ سەر دوو تەوەری سەرەکی، لە تەوەری یەکەمدا لەبارەی پرەنسیپی تەواوکاریی، بنەمای یاسایی پرەنسیپەکە و پوختەی پرەنسیپی تەواوکارییەوە دەکۆڵینەوە. وە لە تەوەری دووەمیشدا شیکردنەوەیەک دەکەین بۆ ئەو پاساوانەی کە وایکردووە دادگا پەیڕەوی پرەنسیپی تەواوکاریی بکات، هەروەها ئەو سودە یاساییانەی کە لە پەیڕەوکردنی پرەنسیپەکەوە بەدەستیدەهێنین. پاشان توێژینەوەکە بە ئامانج و پێشنیاری پێویست کۆتایی پێدەهێنین.

## تەوەری یەکەم: پرەنسیپی تەواوکاریی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی

لەم تەوەرەدا لەبارەی پرەنسیپی تەواوکاری دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی دەکۆڵینەوە، و دابەشی دەکەین بۆ سەر دوو لق، لە لقی یەکەمیاندا مەبەست لە پرەنسیپی تەواوکاریی و بنەمای یاسایی پرەنسیپەکە دەخەینەڕوو، و لە لقی دووەمیشدا پوختەی پرەنسیپی تەواوکاریی دەخەینەڕوو.

### لقی یەکەم: مەبەست لە پرەنسیپی تەواوکاریی و بنەمای یاسایی پرەنسیپەکە

### یەکەم: مەبەست لە پرەنسیپی تەواوکاریی

تەواوکاریی بریتییە لەو دۆخەی کە دوو یان زیاتر لە شتێک گەشەدەدەن یان جەخت دەکەنەوە لە جۆرێتی و تەواوکردنی یەکتری. لە هەقیقەتدا تەواوکاریی بریتییە لە چارەسەرکردنی هەر کەموکورییەک کە لە ئەرکی دادگایکردنی تۆمەتبارانی تاوانە نێودەوڵەتییەکاندا هەبێت، هەرچەندە، زۆر زیاترە لە تەنها لابردنی کەموکورتییەکانی دەسەڵاتی دادوەریی، بەگوێرەی پەیڕەوی بنەڕەتی پرەنسیپی تەواوکاری مافی پێشینەیی دەبەخشێت بە دادگا نیشتیمانییەکان بۆ جێبەجێکردنی دەسەڵاتە دادوەرییەکانیان بەسەر تاوانە نێودەوڵەتییەکاندا. ئەو پێشینەییەی کە دراوە بە دەسەڵاتە نیشتیمانییەکان لە ڕاستینەی یاسای تاوانکاریی نێودەوڵەتی هاوچەرخەوە سەرچاوەی گرتووە، کە دەوڵەتان ئەرکیان لە ئەستۆیە بۆ لێکۆڵینەوە و دادگایکردنی تاوانە نێودەوڵەتییەکان. تەنها کاتێک شکست دەهێنن لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە ئەوا دادگا هەنگاوی چارەسەریی کەموکورتییەکان دەگرێتەبەر(Lomedemhe, 2017, 21, 22).

پەیڕەوی بنەڕەتی پێناسەیەکی دیاریکراو، و تایبەتی بۆ پرەنسیپی تەواوکاریی نەکردووە، بەڵام جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە ئەم دادگایە دەبێت تەواکاری دەسەڵاتە دادوەرییە تاوانکارییە نیشتیمانییەکان بێت. چەمکی تەواوکاریی دەتوانرێت پەسنبکرێت وەک تایبەتمەندییە پێوەرییەکانی پەسنکردنی تەواوکاریی پەیوەندی نێوان دادگا و دادگا تاوانکارییە نیشتیمانییەکان، وە دەتوانین پرەنسیپی تەواوکاریی بەوە پێناسە بکەین ‹›کە پرەنسیپێکی فەرمانییە ئامانجی بەخشینی دەسەڵاتی دادوەرییە بە دەسەڵاتە لاوەکییەکان کاتێک کە دەسەڵاتی سەرەکی نەیەوێت دەسەڵاتی دادوەریی خۆی وەک دەسەڵاتی پێشینە پەیرەوبکات››(Owuor, ٢٠١٧, ٦٣). پرەنسیپی تەواوکاریی کارەکانی دادگا بەڕێوەدەبات. ئەمەش بە مانای ئەوەدێت کە دەسەڵاتی پێشینە جیهێڵراوە بۆ سیستەمە نیشتیمانییەکان، دەسەڵاتی پێشینەی دادگا نیشتیمانییەکان بەگوێرەی پرەنسیپی تەواوکاریی بەمانای ئەوە نایەت کە دادگا نیشتیمانییەکان ملکەچی دادگابن، لەبەرئەوەی کە دادگا سەرپشکە لە بڕیاردان کە دەسەڵاتە دادوەرییەکانی پەیڕەودەکات یاخود نا(Ibid). پرەنسیپی تەواوکاریی یەکێکە لە تایبەتمەندییە هەرە بنەڕەتییەکانی دەسەڵاتی دادوەریی دادگا، پرەنسیپەکە تەنها کاتێک ڕێگەدەدات بە دادگا هەستێت بە دادگایکردنی تۆمەتبارانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان گەر دادگای نیشتیمانی ئارەزوی نەبێت یان توانای نەبێت (ICC statute, ١٩٩٨, ١٧)دەتوانین بڵێن کە پرەنسیپی تەواوکاریی بەشی هەرە گرنگی پەیرەوی بنەڕەتی ڕۆمایە. کاتێک کە دەسەڵاتی دادوەریی وەک دەسەڵاتێکی هاریکار دەچەسپێنێت، بەوەش مۆدێلە نێودەوڵەتییەکانی پێشووی دەسەڵاتی دادوەریی تاوانکاریی جێهێشتووە، لە جەختکردنەوە بە پەسەندکردنی پەیڕەوکردنی دەسەڵاتی دادوەریی نیشتیمانی بەسەر تاوانە نێودەوڵەتییەکاندا(Rastan, ٢٠٠٦, ١٣٩). ئەمەش بە مانای ئەوەدێت کە دادگا نیشتیمانییەکان بەرپرسیارێتی پێشینەی خۆیان دەپارێزن لە هەستان بە لێکۆڵینەوەکردن لەو تاوانە نێودەوڵەتییانەی کە لە چوارچێوەی دەسەڵاتە دادوەرییەکانی دادگان (تاوانەکانی جینۆساید، دژ بە مرۆڤایەتی، جەنگ و دوژمنکاریی ئەو تاوانانەن کە لە چوارچێوەی دەسەڵاتە دادوەرییەکانی دادگادان) و دادگایکردنی تۆمەتبارانی تاوانەکان، تاوەکو پێواژووی دادبینیەکە بە خێرایی، دادپەروەرانە و ڕاستەقینە بەڕێوەبچێت ئەوا مافی دادگاییکردن هەر لای دادگا نیشتیمانییەکان دەمێنێتەوە و دادگا دەسەڵاتی دادوەریی ئەوەی نییە لێکۆڵینەوە لە هیچ تاوان و تۆمەتبارێکی دەوڵەتانی ئەندام بکات.

لە ڕەهەندێکی جیاوازەوە پرەنسیپی تەواوکاریی وا لێکدەدرێتەوە کە بەرهەمی چارەسەرییەکە لەنێوان دەسەڵاتی دادوەریی جیهانی و پاراستنی سەروەریی دەوڵەتان. پرەنسیپی دەسەڵاتی دادوەریی جیهانی بە مانای ئەوەدێت کە دادگای نیشتیمانی دەسەڵاتی دادوەریی هەیە بۆ دادگایکردنی هەر تۆمەتبارێک کە تاوانە مەترسیدارەکانی دژی یاسای نێودەوڵەتی ئەنجامدابێت، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لە چی شوێنێک تاوانەکە ئەنجامدراوە، ئەو بیرۆکەیەش لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەو تاوانانە زیاندەدەن لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی. ئەو بیرۆکەیەش وا دەردەکەوێت کە زیادەڕەویکردنێکە لە مافە بۆماوەییەکانی سەروەریی دەوڵەت بۆ ئەو هەرێمەی کە تاوانەکەی تێدا ئەنجامدراوە(Owuor, ٢٠١٧, ٦٥) .

پرەنسیپی تەواوکاریی هەموو ئەو چالاکی و کردارانە دەگرێتەوە کە دەبێتەهۆی توانابەخشین و بەهێزکردنی دەسەڵاتی دادوەریی نیشتیمانی لە پرسی دادگایکردن و لێکۆڵینەوەی تاوانەکانی لیستی پەیڕەوی بنەڕەتی(Hunter, ٢٠١٤, ٢٥). دادگا نیشتیمانییەکان دەتوانن داوای هاوکاریی لە دادگا بکەن کاتێک کە دەیانەوێت دەستبکەن بە لێکۆڵینەوە و دادگایکردن سەبارەت بەو تاوانانەی کە دەچنە چوارچێوەی دەسەڵاتە دادوەرییەکانی دادگاوە هەروەها ئەو تاوانە مەترسیدارانەی تریش کە ڕەهەندێکی نێودەوڵەتییان هەیە بەگوێرەی یاسای ئەو دەوڵەتەی کە داوای هاوکارییەکەی کردووە ICC statute, ١٩٩٨, ٩٣)). ئەمەش ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە کە دادگا نیشتیمانییەکان دەسەڵاتی دادوەریان هەیە بۆ لێکۆڵینەوە و دادگایکردنی ئەو تاوان و تۆمەتبارانەی کە هەریەک لەو تاوانانەی چوارچێوەی دەسەڵاتە دادوەرییەکانی دادگایان ئەنجامدابێت و هەروەها دەسەڵاتی دادوەریان هەیە بۆ دادگایکردنی تۆمەتبارانی ئەو تاوانانەی کە تەنانەت لە لیستی تاوانەکانی دادگادا نین بەڵام بەگوێرەی یاسای دەوڵەتەکە تاوانن و تاوانەکەش ڕەهەندێکی نێودەوڵەتی هەیەو لە تاوانە مەترسیدارەکانن.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## دووەم: بنەما و چوارچێوەی یاسایی پرەنسیپی تەواوکاریی دادگا

بنەما و چوارچێوەی یاسایی پرەنسیپی تەواوکاریی دادگا سەرچاوەی گرتووە لە برگەی دەیەمی پێشەکی پەیرەوی بنەڕەتی و ماددەکانی ١، ١٧، ١٨، ١٩ و ٥٣ی پەیرەوی بنەڕەتی.

دادگا لە پێشەکی پەیرەوە بنەڕەتییەکەیدا جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە دادگا تەواوکاریی دەسەڵاتە دادوەرییە تاوانکارییە نیشتیمانییەکانە(ICC statute preamble, 1998, 10) . دادگا دەیەوێت ببێت بە تەواوکەری دادگا نیشتیمانییەکان نەک شوێنگرەوەیان، هەربۆیە جەخت دەکاتەوە کە ئەرکی هەموو دەوڵەتێکە کە هەستێت بە پەیڕەوکردنی دەسەڵاتی دادوەریی تاوانکاریی لەسەر ئەوانەی بەرپرسن لە تاوانە نێودەوڵەتییەکان(Ibid, ٦). وە هەروەها ماددەی یەکەمی پەیرەوی بنەڕەتی بۆ ئەو پرەنسیپە تەرخانکراوە و دانیناوە بەوەی کە دادگا دامەزراوە وەک دامەزراوەیەکی هەمیشەیی و دەسەڵاتی هەیە کە هەستێت بە پەیرەوکردنی دەسەڵاتە دادوەرییەکانی بەسەر ئەوکەسانەی کە بەرپرسن لە مەترسیدارترین ئەو تاوانانەی کە پەیوەستن بە جیهانەوە و لە پەیرەوی بنەڕەتیدا هاتوون، وە پێویستە دادگاکە تەواوکاریی دەسەڵاتە دادوەرییە تاوانکارییە نیشتیمانییەکان بێت(ICC statute, 1998, 1). کەواتە دەتوانین بڵێین چوارچێوەی یاسایی دەسەڵاتی دادوەریی دادگا نیشتیمانییەکان بۆ لێکۆڵینەوە و دادگایکردنی تۆمەتبارانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان لەناو دەوڵەتەکانیاندا وەک دەسەڵاتی دادوەریی پێشینە و پێش دادگا لە پەیرەوی بنەڕەتییەوە سەرچاوەدەگرێت و دادگا دەسەڵاتی دادوەریی پێشینە و باڵایی نییە بەسەر دادگا نیشتیمانییەکاندا مەگەر ئەوەی کە لە خالی ئەلیف برگیە یەکەمی ماددەی ١٧ی پەیرەوی بنەڕەتید ئاماژەی بۆ کردووە دادگا نیشتیمانییەکان ئارەزوویان نەبێت یان توانایان نەبێت کە هەستن بە لێکۆڵینەوە و دادگایکردنێکی ڕاستەقینە(Ibid, 17).

وە ماددەی ١٨ی پەیرەوی بنەڕەتی پرەنسیپی تەواوکاری بەهێز دەکات کاتێک ئاماژەی بە سیستەمی ئاگادرکردنەوەی دەوڵەتان کردووە لە نیەتی داواکاری گشتی بۆ لێکۆڵینەوە. ئەمەش مۆڵەت دەداتە دەوڵەتان کە دەسەڵاتی دادوەریان هەیە بۆ ئەوەی جەخت بکەنەوە لەو مافەی کە هەیانە بۆ لێکۆڵینەوە یان دادگایکردن لەسەر ئاستی دادگا نیشتیمانییەکانیان.

وە زیاد لەوانەش دەتوانین بڵێین کە ماددەی ٢٠ی پەیرەوی بنەڕەتیش پەیوەندییەکی نزیکی بە پرەنسیپی تەواوکارییەوە هەیە بە ڕێگریکردن لە دادگا لەوەی کە جەخت لە دەسەڵاتە دادوەرییەکانی بکاتەوە کاتێک سیستەمە یاساییە نیشتیمانییە تایبەتمەندەکان لە پێشتردا دەسەڵاتە دادوەرییەکانیان بەکارهێناوە و تۆمەتبارەکەیان دادگایکردووە. بەدەر لەو پێواژووە دادوەرییە ساختانە کە تۆمەتبار دەپارێزێت لە دادپەروەریی(Ibid, 20). بە بۆچونی ئێمە پرەنسیپی تەواوکاریی بنیادنراوە نەک تەنها لەسەر باڵایی و پێشینەیی دەسەڵاتی دادوەریی نیشتیمانی، بەڵکو لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە دادگا نیشتیمانییەکان باشترین بۆ دەستڕاگەیشتن بە بەڵگە، گەواهیدەرەکان و هەروەها کەمی خەرجییەکانی لێکۆڵینەوە و ئامرازەکانی تری دادبینی بە بەراورد بە دادگا. هەربۆیە لە ڕوانگەیەکی ترەوە دەتوانین پرەنسیپی تەواکاریی بەوە پەسنبکەین کە دابەشکردنی دەسەڵاتی دادوەریی تاوانکارییە لەنێوان دادگا و دادگا نیشتیمانییەکاندا کە دادگا نیشتیمانییەکان مافی پێشینەیان هەیە.

بەگوێرەی ماددەی ٢١ برگەی سێیەمی پەیرەوی بنەڕەتی، ئەو پرەنسیپە گشتییانەی یاسا کە لەلایەن دادگا و سیستەمی یاسایی و یاسای نیشتیمانییەوە سەرچاوەی گرتووە، دادگا بەیەکێک لە سەرچاوەکانی خۆی دەزانێت(Ibid, 21). ئەمەش گرنگترین بنەمای دانپێدانانە بە گەشەپێدانی دادپەروەریی تاوانکاری نیشتیمانیی بە کردنەوەی دەرگای یاسایی بۆ سیستەمی دادوەریی نیشتیمانی کە بە ئەرکی ڕاستەقینەی لێکۆڵینەوە و دادگایکردنی خۆیان هەستن و بڕیارەکانیشیان نەک کارپێکراودەبن بەڵکو سەرچاوەشن. هەربۆیە پرەنسیپی تەواوکاریی، دادگای کردووە بە دادگای دواین پەناگە، دواین سیستەمی دادوەریی کە پەنای بۆ ببرێت، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە دادگا هەر کەیسێک ڕەتدەکاتەوە کە لەلایەن داواکاری گشتییەوە دەخرێتە بەردەمی ئەگەر هاتوو دادگای نیشتیمانی دەستیکردبوو بە لێکۆڵینەوە یان دادگایکردن

تێیدا، یان تۆمەتبارێک پێشتر دادگایی کرابوو(Rastan, 2006, 164). ئەوا لەم کاتەدا دادگا ناتوانێت لەو تاوانەدا لێکۆڵینەوە بکات تا دەرچوونی بڕیاری کۆتایی دادگای نیشتیمانی و هەروەها ناتوانێت دادگایی ئەو تۆمەتبارە بکاتەوە کە پێشتر دادگایی کراوە، مەگەر ئەوەی کە لێکۆڵینەوەکردن لە تاوانەکەو دادگایکردنی تۆمەتبارەکە ڕاستەقینە نەبوبێت. گەر بۆ دادگا دەرکەوت کە پرۆسەی دادبینییەکە ڕاستەقینە نەبووە ئەوا ئیتر لەو حاڵەتەدا دەسەڵاتی دادوەریی دادگا نیشتیمانییەکان کۆتایی دێت و دەسەڵاتی دادوەریی دادگا وەک دواین پەناگە دەستپێدەکات.

## لقی دووەم: پوختەی پرەنسیپی تەواوکاریی دادگا

شیکردنەوەیەکی یاسایی پرەنسیپی تەواوکاریی پێویستە بۆ ئەوەی لە بنەماکانی کارکردنی دەسەڵاتە دادوەرییەکانی دادگا تێبگەین. لەم لقەدا دەمانەوێت شیکاریی پێکهاتە بنەڕەتییەکانی پرەنسیپی تەواوکاریی بکەین. ئەم شیکارییە دەبێتەهۆی ڕونکردنەوەی پەیوەندی نێوان دادگا و سیستەمە دادوەرییە نیشتیمانییەکان و هاوکارمان دەبێت بۆ تێگەیشتن لە کاریگەری دادگا لەسەر سیستەمە دادوەرییە نیشتیمانییەکان و لێکۆڵینەوەکردن و دادگایکردنی تاوان و تۆمەتبارە نێودەوڵەتییەکان لەسەر ئاستی یاسای نیشتیمانی.

پرەنسیپی تەواوکاری لە دانوستاندنە سەرەتاییەکانی پێکهێنانی دادگادا سەریهەڵدا و ڕاژەیکرد بە هەستیاریی هاوسەنگی نێوان پێشبڕکێی بەرژەوەندییەکانی سەروەریی دەوڵەت، سەربەخۆیی دادوەریی و بەرپرسیارێتی بۆ پێشێلکارییە گەورەکانی مافەکانی مرۆڤ و یاسای مرۆیی. وە لە ماوەی کۆنفرانسی ڕۆما، ئەم کێشەیە هەستیارییەکی سیاسی و ئاڵۆزییەکی یاسایی هەبوو، هەندێ دەوڵەت ئامادە نەبوون بە پەسەندکردنی باڵایی دادگا بەسەر دەسەڵاتە دادوەرییە نیشتیمانییەکانیاندا. پەیڕەوی بنەڕەتی دانیناوە بە بەرپرسیارێتی سەرەتایی و پێشینەی دەوڵەتان بۆ لێکۆڵینەوەی تاوانە نێودەوڵەتییەکان؛ دادگا تەنها کاتێک دەسەڵاتە دادوەرییەکانی دەستپێدەکات کە سیستەمی یاسایی نیشتیمانی شکست بهێنێت وەکو ئارەزوو نەبون و توانا نەبوون لە بەڕێوەچوونی پێواژوویەکی دادوەریی ڕاستەقینە(Jurdi, ٢٠١٦, ٣٣). دەسەڵاتی دادوەریی دادگا کە لەسەر پرەنسیپی تەواوکاریی بنیادنراوە ڕێگە بە دەوڵەتان دەدات کە دەسەڵاتی دادوەرییان وەکو دەسەڵاتی پێشینە بپارێزن و تۆمەتباران لەسەر ئاستی ناوخۆیی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکرێت بۆ تاوانەکانیان و توانا و ئارەزویان بەکاربهێنن بۆ دادگایکردنی تۆمەتباران(Bellelli, 2016, 241).

‹‹ئەرکی هەموو دەوڵەتێکە کە هەستێت بە پەیڕەوکردنی دەسەڵاتی دادوەریی تاوانکاریی خۆی لەسەر ئەوانەی کە بەرپرسیارێتی تاوانە نێودەوڵەتییەکانیان لە ئەستۆیە››(ICC statute preamble, 1998, 6). ئەمە پرەنسیپێکی یاسایی نێودەوڵەتییە کە لە پێشەکی ڕێسای بنەڕەتی دادگادا ڕەنگیداوەتەوە، کاتێک دەوڵەتان شکست دەهێنن لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە ئەوا دادگا هەڵدەستێت بە دەستپێکردنی دەسەڵاتە دادوەرییەکانی بۆ دڵنیایدان کە نابێت هیچ بۆشاییەک هەبێت بۆ پاڕێزبەندی. بەڵام گەر دەوڵەتی پەیوەندیدار بە نیازپاکییەوە هەستابوو بە پێواژووەکانی لێکۆڵینەوە و دادگایکردن ئەوا دادگا پێواژووەکانی دادوەریی دەستپێناکات.

ماددەی ١٧ ی پەیڕەوی بنەڕەتی یەکێکە لەو ماددانەی کە تەرخانکراوە بۆ پرەنسیپی تەواوکاریی و مافی وەرگرتنی کەیسەکان لەلایەن دادگاوە کە پایەی سەرەکی پەیڕەوی بنەڕەتییە، لێرەدا هەوڵدەدەین لەسەر ئەوە بوەستین کە چی کاتێک دادگای نیشتیمانی دەسەڵاتی دادوەریی لەسەر تاوانەکان هەیەو چی کاتێک دادگا دەسەڵاتە دادوەرییەکانی دەستپێدەکات و کارەکانی دادگای نیشتیمانی تەواو دەکات.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## یەکەم: بڕگەی یەکەمی ماددەی ١٧ی پەیڕەوی بنەڕەتی، وەرنەگرتن

بڕگەی یەکەمی ماددەی ١٧ی پەیڕەوی بنەڕەتی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە بەگوێرەی بڕگەی دەیەمی پێشەکی پەیڕەوی بنەڕەتی و ماددەی یەک، کە بۆ پرەنسیپی تەواوکاریی تەرخانکراون لەم حاڵەتانەدا دادگا بڕیاردەدات کە مافی وەرگرتن یان بینینی کەیسەکانی نییە، ئەوانیش بریتین لە:

(١) کەیسەکە لێکۆڵینەوە یان دادگایی تێدا کراوە لەلایەن ئەو دەوڵەتەی کە دەسەڵاتی دادوەریی بەسەریدا هەیە، مەگەر ئەوەی کە دەوڵەتەکە ئارەزوی نەبێت یان توانای نەبێت لە هەستانی بە لێکۆڵینەوە یان دادگایکردنێکی ڕاستەقینە؛

(٢) کەیسەکە لێکۆڵینەوەی تێداکراوە لەلایەن ئەو دەوڵەتەی کە دەسەڵاتی دادوەریی بەسەریدا هەیە و دەوڵەتەکە بڕیاریداوە کە کەسی پەیوەندیدار دادگایی نەکات، مەگەر ئەوەی بڕیارەکە لە ئەنجامی ئارەزوونەبوون یان توانانەبوونی دەوڵەتەکەبێت بۆ دادگایردنێکی ڕاستەقینە؛

(٣) کەسە پەیوەندیدارەکە پێشتر دادگایی کراوە بۆ ئەو کردارەی کە پێی تۆمەتبارکرابوو، وە دادگایکردنی لەلایەن دادگاوە ڕێگەپێدراو نییە بەگوێرەی ماددەی ٢٠ بڕگەی ٣؛

(٤) کەیسەکە بایەخی تەواوی نییە بۆ ئەوەی پاساوێک بداتە دادگا بۆ گرتنەبەری ڕێکاری دادوەریی(ICC statute, ١٩٩٨, ١٧).

کەواتە ئەگەر هاتوو یەکێک لەم حاڵەتانە هەبوو ئەوا دادگا ماف وەرناگرێت بۆ گرتنەبەری ڕێکاری دادوەریی سەبارەت بەو تاوانانەی کە ئەنجامدراون. حاڵەتی یەکەم ڕونە گەر کەیسەکە پێواژووەکانی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردنی تێدا کۆتاییهات ئەوا جارێکی تر لەبەردەم دادگادا ئەو کەیسە لێکۆڵینەوە و دادگایی تێداناکرێتەوە. حاڵەتی دووەم دادگای دەوڵەتەکە لێکۆڵینەوەی لە کەیسەکەدا کردووە بەڵام دادگایی تێدا ئەنجامنادات لێرەدا پێویستە پشکنین بۆ ئەو بڕیارەبکرێت کە ئایا لە ئەنجامی ئەوەوە نەبووە کە دەوڵەتەکە ئارەزووی نەبووە یان توانای نەبووە بۆ بەڕێوەچونی پێواژوویەکی دادوەریی ڕاستەقینە. هەموو بڕیارێک کە لە دادگاکانی دەوڵەت دەردەچێت نابێتەهۆی ئەوەی کە بڕیاری دادگاییکردن نەدات، مەگەر تەنها بڕیارە کۆتاییەکانی داخستنی لێکۆڵینەوە و قەدەغەکردنی دادگایکردنی تۆمەتبار لەبەردەم هەر دادگایەک کە لەوانەیە ببێتەهۆی ئەوەی کە دادگایی تۆمەتبار نەکرێت(Triffterer and Ambos, ٢٠١٥, ٨٠٦). حاڵەتی سێیەمیش ڕوونە و پرەنسیپێکی جێگیریشە لە یاسای نێودەوڵەتیدا کە تۆمەتبار لەسەر هەمان تاوان تەنها یەک جار دادگایی دەکرێت ئەمەش لە ماددەی ٢٠ی پەیڕەوی بنەڕەتیدا چەسپێنراوە و دادگا ڕێگەی بەخۆی نەداوە کە دادگایی ئەو کەسە بکات کە پێشتر لەلایەن دادگایەکی ترەوە دادگای کراوە لەسەر تاوانەکانی لیستی دادگا، مەگەر ئەوەی کە پێواژووی دادگایکردنەکە بۆ پاراستنی کەسی پەیوەندیدار بوبێت لە بەرپرسیارێتی تاوانکاریی بۆ ئەو تاوانانەی کە لە چوارچێوەی دەسەڵاتە دادوەرییەکانی دادگادان؛ یان پێواژووی دادگایکردنەکە سەربەخۆ و بێلایەن نەبوبێت و بەگوێرەی ئەو بنەمایانە نەبێت کە یاسای نێودەوڵەتی دانیپێداناوە و بەشێوازێک بێت کە یەکنەگرێتەوە لەگەڵ مەبەستی ڕاپێچکردنی کەسی پەیوەندیدار بۆ دادپەروەریی(ICC statute, 1998, 20). بنەمای کۆتایی مافی وەرنەگرتنی کەیسەکە لەلایەن دادگاوە ئەوەیە کە کەیسەکە بایەخی تەواوی نییە بۆ دادگا، ئەمەش لەبەرئەوەی دادگا وا لێیڕوانراوە کە دەزگایەکی دادوەریی هەمیشەییە کە بە تەنها سەرۆکایەتی ئەو کەیسانەدەکات کە گەورەترین مەترسییان هەیە و پەیوەندیدارن بە هەموو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە. چەمکی ‹‹بایەخداریتی›› لە پەیڕەوی بنەڕەتیدا پێناسەی نەکراوە و بواری گونجاوێتی چەمکەکە بابەتێکە بۆ مشتومڕ، بۆ بڕیاردان لەوەی کە کەیسێک بایەخێکی تەواویی هەیە بۆ دەستتێوەردانی دادگا، دوو تایبەتمەندی دەبێت لەبەرچاوبگرین: یەکەم ئەو کردارەی کە بابەتی کەیسەکەیە پێویستە سیستاماتیک یان مەودایەکی فراوانی هەبێت. دووەم ئەوەیە کە کردارەکە بوبێتەهۆی هەژانێکی کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی(Klamberg, 2017, 213) .

بایەخ نەبوونی تەواوتی کەیسێک بۆ دادگا بۆ ئەوەیە کە بەرپرسیارێتی پێشینە بە دەوڵەتەکە ببەخشێت بۆ سەرکوتکردنی ئەو تاوانانەی کە پەیوەندیدارە بە جیهانەوە و بۆ ئەوەی بارگرانی بۆ دادگا دروستنەبێت بە زۆری پێواژووەکانی دادگایکردنەوە، و دادگا ئەو کەیسانەی کە بایەخێکی کەمیان هەیە جێدەهێڵێت بۆ دادگا نیشتیمانییەکان(Bellelli, 2016, 196). بە بۆچونی ئێمە دەبو ئەم چەمکە جێگیرنەکرایە لە پەیڕەوی بنەڕەتیدا چونکە هەموو تاوانەکانی چوارچێوەی دەسەڵاتە دادوەرییەکانی دادگا تاوانی گەورە و مەترسیدارن و پەیوەندیدارن بە

هەموو کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە گەر بە ئەندازەیەکی کەمیش ئەنجامدرابێت نەک مەودایەکی فراوان. لەلایەکی ترەوە دادگا نیشتیمانییەکان لەوانەیە زۆرکات ئارەزوونەکەن بەگرتنەبەری ڕێکاری دادوەریی بەرامبەر بەو تاوانانە چونکە لێرەدا لەوە دڵنیان کە دادگا کارەکانیان تەواو ناکات و دەسەڵاتی دادوەریی تەواوکاریی بەکارناهێنێت بەهۆکاری بایەخدارنەبونی تەواوەتی کەیسەکان.

کەواتە لێرەدا گەشتینە ئەوەی کە ئەگەر یەکێک لەو چوار حاڵەتە هەبوو بەگرتنەبەری ڕێکاری دادوەریی لەسەر ئاستی دادگای نیشتیمانی، ئەوا دادگا مافی وەرگرتنی کەیسەکانی نییە، و پرەنسیپی تەواوکاریی بەکارناهێنێت.

## دووەم: برگەی دووەمی ماددەی ١٧ی پەیڕەوی بنەڕەتی، ئارەزوو نەبوون

لەسەرەوە باسمان لەو حاڵەتانەکرد کە دادگا ماف وەرناگرێت بۆ لێکۆڵینەوە و دادگایکردنی تاوانەکانی چوارچێوەی دەسەڵاتە دادوەرییەکانی، لێرەدا ئاماژە بەو حاڵەتانە دەکەین کە دادگا بڕیاردەدات کە هەستێت بە گرتنەبەری ڕێکاری دادوەریی وکارکردن بە پرەنسیپی تەواوکاریی، ئەو حاڵەتانەش دابەش دەبن بۆ ئارەزوونەبوون یان توانانەبوونی دادگای نیشتیمانی. وە بۆ ئەوەی بزانین کە دادگای نیشتیمانی ئارەزووی نەبووە لێکۆڵینەوە لەو تاوانەو دادگایی تۆمەتبارەکان بکات ئەوا دەبێت یەکێک یان زیاتر لەم هۆکارانەی خوارەوە هەبێت:

(١) دادبینییەکە بەڕێوەدەچێت یان بەڕێوەچووە یان بڕیاری دادگای نیشتیمانی بەشێوەیەک دەرچووە بۆ مەبەستی پاراستنی کەسی پەیوەندیدار (تۆمەتبار) لە بەرپرسیارێتی تاوانکاریی ئەو تاوانانەی کە لە چوارچێوەی دەسەڵاتە دادوەرییەکانی دادگان و لە ماددەی پێنجی پەیڕەوی بنەڕەتیدا هاتوون؛

(٢) بەبێ پاساو دواخستنی دادبینییەکە کە گونجاو نییە لەو دۆخێکدایە یەکناگرێتەوە لەگەڵ نیازی ڕاپێچکردنی کەسی پەیوەندیدار بۆ دادپەروەریی؛

(٣) دادبینییەکە بەشێوەیەکی بێلایەنانە و سەربەخۆ بەڕێوەنەچووە یان بەڕێوەناچێت، دەستیانکردووە یان دەستدەکەن بە دادبینییەکە بەشێوازێک کە گونجاو نییە و لە دۆخێکدایە یەکناگرێتەوە لەگەڵ نیازی ڕاپێچکردنی تۆمەتبار بۆ دادپەروەریی(ICC statute, 1998, 17).

‹›پاراستنی تۆمەتبار لە بەرپرسیارێتی تاوانکاریی›› تەواو فراوانە و دۆخەکانی تری بەبێ پاساو دواخستنی دادبینی و بێلایەن و سەربەخۆ بەڕێوەنەچوونی دادبینییەکەش دەگرێتەوە، کە ئامانج لێی هەڵهاتنی تۆمەتبارە لە دادپەروەریی وکە بەڕونی بەشێکە لە پیلانی گشتی پاراستنی تۆمەتبار لە بەرپرسیارێتی تاوانکاریی و دەکەوێتە ژێر هەمان چەترەوە .(El Zeidy, 2008, 170) دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا لە بڕیارێکدا ئاماژەی بۆ ئەوەکردووە کە بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە پرۆسەی دادوەریی تاوانکاریی نیشتیمانی هەقیقی و چالاک بووە، ئەوا دەبێت چەند مەرجێک بوونی هەبێت. شکستی ئەو مەرجانە بەبێ هەبوونی پاساوێکی پێویست وا دادەنرێت کە دەوڵەتەکە یان دادگای نیشتیمانی ویستویەتی کە تۆمەتبار بپارێزێت لە بەرپرسیارێتی تاوانکاریی، ئەو مەرجانەش بریتین لەوەی دەسەڵاتی نیشتیمانی پێویستە هەموو هەنگاوە گونجاوە بەردەستەکان بگرێتەبەر بۆ بەدەستهێنانی بەڵگەکانی پەیوەست بە ڕوداوەکە وەکو گەواهیدەر و بەڵگەی دادگەریی، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە پێویستە پشتی بەستبێت بە شیکارییەکی بێلایەن و بابەتییانەی هەموو بابەتە پەیوەستەکان وە هەر کەمییەک لە لێکۆڵینەوەکاندا کە دەبێتەهۆی لاوازکردنی تواناکانی دیاریکردنی دۆخەکانی کەیسەکە یانی کەسی بەرپرس، دەبێتەهۆی کەوتنی پێوەرە چالاکەکان(European court of human rights, 2005, 113). دادگای دەوڵەتانی ئەمریکی بۆ مافەکانی مرۆڤ هەمان پێوەری دەرکردووە لە تاقیکردنەوەی جۆرێتی لێکۆڵینەوە نیشتیمانییەکاندا، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە لێکۆڵینەوەکان پێویستە بە شێوازێکی هەقیقی ئەنجامبدرێن وکەمترنەبێت لە فەرمی بوون، ئەو لێکۆڵینەوانە پێویستە بابەتیبن و وەک ئەرکێکی یاسایی دەوڵەت دابنرێن بە ئامانجی پشکنینێکی چالاک بۆ هەقیقەت لەلایەن حکومەتەوە(Inter-American Court of Human Rights, 1988, 177).

دواخستنی بێپاساوی دادبینی یەکێکی ترە لەو بنەمایانەی والێکدەدرێتەوە کە دەوڵەت ئارەزووی نییە هەستێت بە لێکۆڵینەوە یان دادگایکردنێکی ڕاستەقینە، بڕیاردان لەسەر ئەو دواخستنەش بەوە دەپێورێت کە پێواژووی دادبینی لەم کەیسەدا درێژەبکێشێت بە بەراورد بە کەیسێکی

تری ناو هەمان سیستەمی دادوەریی دەوڵەتەکە، وە هەروەها پێویستە پێوەرەکانی مافەکانی مرۆڤ لەبەرچاوبگیرێت کە لە یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ جێگیرکراوە و پەیڕەوی بنەڕەتیش بەگوێرەی ماددەی ٢١ ڕێککەوتننامە نێودەولەتییەکانی وەکو یەکێک لە سەرچاوەکانی دادگا ناساندووە، بۆ نمونە بەگوێرەی ماددەی ١٤ی ڕێککەوتننامەی مافە سیاسی و شارستانییەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان هاتووە کە هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە کە بە شێوازێکی دادوەرانە، سەربەخۆ، بێلایەن و ئاشکرا دادگایی بکرێت وە دەبێت دادگایی بکرێت بەبێ دواخستنی ناپێویست(ICCPR, 1966, 14). چەمکی ‹‹دواخستنی بێپاساو›› شوێنی چەمکی ‹‹دواخستنی ناپێویستی›› گرتەوە لەماوەی پێواژووەکانی دانوستاندنی پەیڕەوی بنەڕەتی، لە ڕاستیدا شوێنگۆرکێکە پێوەرەکە ناگۆڕێت، هەرچەندە ‹‹بێپاساو›› زیاتر دەچەسپێت لەگەڵ سەروەریی دەوڵەت، ئەوەش مافی سەلماندن بە دەوڵەت دەدات کە هەر دواخستنێک لەبەردەم دادگای نیشتیمانیدا بڕیاردەدات کە دادگا مافی وەرگرتنی کەیسەکەی دەبێت(Jurdi, 2016, 44, 45). گەرچی پەیڕەوی بنەڕەتی ماوەیەکی دیارینەکردووە، بۆ بڕیاردان لە درێژی ڕێکارە دادوەرییەکان کە تا چەنێک دواخستنێک بەبێ پاساو دادەنرێت، بەڵام هۆبەی پێش دادگایکردنی دادگا لە کەیسی دژی عەبدوڵڵا ئەلسنوسی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە لەنێوان دەستپێکردن بە لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەلسنوسی و ناردنی کەیسەکە لەدژی بۆ تۆمەتبارکردنی کەمترە لە ١٨ مانگ، بۆیە هۆبەی پێش دادگایکردن ناتوانێت وایدابنێت کە دواخستنێکی بێپاساوە و ناگونجێت لەگەڵ نیازی ڕاپێچکردنی ئەلسنوسی بۆ دادپەروەریی(ICC pre- trial chamber I, 2013, 229). بە بۆچونی ئێمە ئەمەش بە مانای ئەوەدێت کە لەنێوان چەسپاندنی تۆمەتەکان لەدژی تۆمەتبار و دەستپێکردن بە لێکۆڵینەوە لەو ماوەیە زیاتر بوبێت ئەوا بە دواخستنی بێ پاساو دادەنرێت.

بێلایەن نەبوون و سەربەخۆنەبوونی پرۆسەکانی دادوەریی، سێیەم و کۆتا بنەمایە بۆ سەلماندنی ئارەزوونەبوونی دەوڵەت، دەزگای داواکاری گشتی دادگا ئاماژەی بەچەند هۆکارێک کردووە بۆ سەلماندنی بێلایەن نەبوون و ئاماژەی کردووە کە مەبەستی هاوبەشی نێوان تۆمەتبار و دەسەڵاتی دەوڵەت لە لێکۆڵینەوە، دادگایکردن یان ناوبژیوانی بەڵگەیەکی دۆخی دروستدەکات بۆ دەستتێوەردان و ڕاستەقینەنەبوونی **پێواژووەکانی دادوەریی، ئەوانیش بریتین لە:**

- ئامانجی سیاسی دەسەڵاتی دەوڵەت، زاڵبونی پارتی سیاسی؛ و
- بەرێککەوت گونجان یان نەگونجان لە ئامانجەکان و تاوان (ئامانجە سیاسییەکان، ئامانجە هەرێمییەکان، ملکەچکردنی گروپ).
- هۆگریی یان پەیوەندی لەنێوان دەسەڵاتەکان و تۆمەتباراندا (ئەمەش تەنها بەسەر ئەو دۆخانەدا دەچەسپێت کە لێکۆڵینەوە، دادگایکردن یان دەسەڵاتە دادوەرییەکان سەربەخۆنەبن لە دەسەڵاتەکانی تر): ڕاگەیەندراوە فەرمییەکان (سەرکۆنەکردن یان ستایشکردنی کردارەکان)؛ دیارییەکان یان سزاکان، پلە بەرزکردنەوە یان دابەزاندنی پلە؛ هاوکاریی دارایی؛ و بڵاوکردنەوە یان کشانەوەی جێبەجێکردنی یاسا، ڕێگریکردن یان هاوکاریکردنی لێکۆڵینەوە.
- پەیوەندی لەنێوان تۆمەتباران و دادوەراندا؛ و
- دەرکردن (فصل)، تۆڵەکردنەوە لە ستافی لێکۆڵینەوە بۆ کۆششکردن یان ئەنجامنەدان(ICC office of the prosecutor, 2003, 4).

وە سەبارەت بە سەربەخۆبونی پرۆسەکانی دادوەریی و دەسەڵاتی دادوەریی لە دامەزراندنی دادوەرەکان و دەرکردنیان؛ ڕادەی ملکەچبون بۆ دەسەڵاتی سیاسی؛ ڕادەی جیاکردنەوەی دەسەڵات لەنێوان دەسەڵاتی دادوەریی و دەسەڵاتەکانی تردا؛ ڕادەی دەستتێوەردان یان هەڕەشە کە ڕوبەڕوی دەسەڵاتی دادوەریی دەبێتەوە لەناو دەوڵەتەکەدا(Jurdi, 2016, 47, 48).

لێرەدا گەشتینەئەوەی کە ئەگەر هاتوو یەکێک لەو هۆکارانە یان بنەمایانە هەبوون ئەوا بە مانای ئەوەدێت کە دادگای نیشتیمانی ئارەزووی نییە هەستێت بە لێکۆڵینەوە و دادگایکردنێکی ڕاستەقینەی تۆمەتباران، هەربۆیە دادگا هەڵدەستێت بە پەیڕەوکردنی پرەنسیپی تەواوکاریی و کارەکانی دادگای نیشتیمانی تەواودەکات، تەنانەت ئەگەر هاتوو دادگای نیشتیمانی تەواوی پێواژووەکانی دادبینیشی تەواوکردبێت و بڕیارەکەی پلەی کۆتایی وەرگرتبێت، ئەوا دادگا بە مافی خۆی دەزانێت و پرەنسیپی تەواوکاریی پەیڕەوبکات و پێواژووی دادگایکردنەکە دووبارەبکاتەوە،

چونکە لێرەدا ئەوە بۆ دادگا دەسەلمێت کە پێواژوو ڕێکارەکانی دادگایکردنەکە ڕاستەقینەنەبووە و پێویستە دادگا بە گرتنەبەری ڕێکارێکی دادوەریی چڕ و قووڵ پێواژوویەکی دادوەریی ڕاستەقینە بەڕێوەببات بەجۆرێک کە مافەکانی قوربانی و تۆمەتبار بەبێ لایەنداری بپارێزێت

## سێیەم: برگەی سێیەمی ماددەی ١٧ی پەیڕەوی بنەڕەتی، توانا نەبوون

توانانەبوونی دادگای نیشتیمانی بۆ لێکۆڵینەوە و دادگایکردنێکی ڕاستەقینەی ئەو تاوان و تۆمەتبارانەی لەچوارچێوەی دەسەڵاتە دادوەرییەکانیاندان بنەمایەکی تر و کردنەوەی دەرگایە بۆ دادگا بۆ وەرگرتنی کەیسەکەو بڕیاردانی بۆ کارپێکردنی پرەنسیپی تەواوکاریی. برگەی سێیەمی ماددەی ١٧ پەیرەوی بنەڕەتی ئەو هۆکارانەی دیاریکردووە کە دەبنەهۆی توانانەبوونی دادگای نیشتیمانی ئەوانیش بریتین لەوەی کە سیستەمی دادوەریی نیشتیمانی لەبەردەست نەبێت، یان بەشێوەیەکی تەواوەتیی یان بەشەکی ڕوخابێت، دەوڵەتەکە نەتوانێت تۆمەتبارەکە یان بەڵگەو گەواهیدەرە پێویستەکانی دەستکەوێت یان بە پێچەوانەوە نەتوانێت هەستێت بە ئەنجامدانی پێواژووەکانی دادبینی.

لەبەردەست نەبوون، یان ڕوخاندنی تەواوەتی و بەشەکی سیستەمی دادوەریی نیشتیمانی لە پەیڕەوی بنەڕەتیدا پێناسەنەکراوە. بەڵام ڕوخاندنی سیستەمی دادوەریی نیشتیمانی هەمیشە لە ئەنجامی ڕوخاندنی خودی دەوڵەتەکەوە دەبێت. کەوتنی دەوڵەت بە شێوەیەکی سەرەتایی دەتوانرێت بەوە بناسرێتەوە کە دەسەڵاتی چالاکی حکومەت لەبەردەست نییە لەسەر ئاستی نیشتیمانی لە ئەنجامی ڕەنگدانەوەی توانانەبوونی دەرەکی دەوڵەت تا بەردەوامیی بدات بە خۆی وەکو ئەندامێکی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی. نەبوونی حکومەتی چالاک واتە نەبونی دەزگا سەرەکییەکانی دەوڵەت وەکو پۆلیس، دەسەڵاتی دادوەریی، پەروەردەو تەندروستی(Jurdi, 2016, 50). ڕوداوی کارەساتە سروشتییەکان و جەنگە ناوخۆییەکان دەکرێت وەکو دوو هۆکاری تری توانانەبوونی دەوڵەت بناسێنین، هەربۆیە داڕێژەرانی برگەی سێیەمی ماددەی ١٧ی پەیڕەوی بنەڕەتی ئەو دۆخانەیان لە هزردا بووە کە لە وەها دۆخێکدا توانا نییە بۆ لێکۆڵینەوە و دادگایکردنێکی ڕاستەقینە، مێژووی یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتی لەو نمونەی زۆر بەخۆوە دیوە.

دەزگای داواکاری گشتی دادگا ئاماژەی بەچەند هۆکار و بەڵگەیەک کردووە کە دەبێتەهۆی بڕیاردان لەوەی کە دادگای نیشتیمانی توانای نییە هەستێت بە لێکۆڵینەوە یان دادگایکردنێکی ڕاستەقینە، ئەوانیش بریتین لە:

(١) نەبوونی فەرمانبەر، دادوەر، لێکۆڵەر، داواکاری گشتی پێویست؛

(٢) نەبوونی ژێرخانی دادوەریی؛

(٣) نەبوونی یاسای سزایی سەرەکی یان ڕێکاریی کە سیستەم ڕێکبخات ‹‹لەبەردەست نەبوون››؛

(٤) دەستڕانەگەشتن بە سیستەمێکی ڕێکخراو ‹‹لەبەردەست نەبوون››؛

(٥) ڕێگریکردن لەلایەن پایە ملکەچنەبووەکانی سیستەم ‹‹لەبەردەست نەبوون››؛ و

(٦) ڕێگەپێدانی سیستەم بە لێبوردنە گشتییەکان، پارێزبەندییەکان ‹‹لەبەردەست نەبوون››(ICC office of the prosecutor, 2003, 4).

ئەمەش بە مانای ئەوەدێت ئەگەر هاتوو یەکێک لەم هۆکارانە هەبوون ئەوا مانای وایە کە دادگای نیشتیمانی توانای نییە هەستێت بە لێکۆڵینەوەو دادگایکردنێکی ڕاستەقینە لەسەر تاوانێکی دیاریکراو و تۆمەتبارانی ئەو تاوانە هەر بۆیە ئیتر لێرەوە دەسەڵاتی دادوەریی دادگا دەستپێدەکات و کارەکانی دادگای نیشتیمانی تەواودەکات بە پەیڕەکردنی پرەنسیپی تەواوکاریی. کەواتە سەرەڕای ئەو حاڵەتانەی کە لە پەیڕەوی بنەڕەتی دادگادا هاتوون سەبارەت بە توانانەبوونی دادگای نیشتیمانی، ئەگەر هاتوو لە سەر ئاستی نیشتیمانی و لەو دەوڵەتەی کە تاوانەکان ئەنجامدراوە یاسای تاوانە نێودەوڵەتییەکان یان یاسایەکی تایبەت نەبوو یان لەناو یاسای تاوانکاریی و سزادانی دەوڵەتەکەدا تاوانەکانی جینۆساید، دژ بە مرۆڤایەتی، جەنگ، دوژمنکاری و تاوانەکانی دژ بە دەزگای دادوەریی بوونی نەبوو یان وەک تاوان ئەژمارنەکرابوون ئەوا

لێکدەدرێتەوە کە ئەو دەوڵەتە توانای ئەوەی نییە کە هەستێت بە لێکۆڵینەوە و دادگایکردنێکی ڕاستەقینە.

ئەگەر هاتوو ئەو تاوانانەی لیستی تاوانەکانی دادگا لە یاسای ئەو دەوڵەی کە تاوانەکە لە هەرێمەکەیدا یان لەلایەن هاوولاتییەکانییەوە ئەنجامدراوە بوونی هەبوو بەڵام دادگای نیشتیمانی دادگای تۆمەتبارانی بە تەنها بۆ تاوانە ئاساییەکان کرد یان دەسەڵاتە تایبەتمەندەکان بڕیاری لێبوردنی گشتییان بۆ تۆمەتبارانی تاوانەکە دەرکرد یان بە پاساوی هەبوونی پارێزبەندییەوە دادگایی تۆمەتبارانیان نەکرد(Ibid). ئەوا لەم کاتەدا والێکدەدرێتەوە کە دەوڵەتەکە توانای نەبووە هەستێت بە لێکۆڵینەوە و دادگایکردنێکی ڕاستەقینەو و دادگاش وەک دادگای دواین پەناگە هەڵدەستێت بە تەواوکردنی کارەکانی دادگای نیشتیمانی.

داواکاری گشتی دادگا لە نۆزدەیەمین ڕاپۆرتی خۆیدا سەبارەت بە حاڵەتی لیبیا کە ئاراستەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانی کردووە، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە یاسای لێبوردنی گشتی لیبیا، یاسای ژمارە شەشی ساڵی ٢٠١٥ نابێتەهۆی لابردنی بەرپرسیارێتی ئەو تاوانانەی کە لەلایەن سەیف ئەلئیسلام قەزافییەوە ئەنجامدراون، وە جەختدەکاتەوە لەوەی کە لیبیا ئەرکییەتی هەستێت بە دەستگیرکردنی قەزافی و تەسلیمکردنەوەی بە دادگا .(ICC office of the prosecutor, 2011, 2)یاساکە لێبوردنی گشتی بۆ هەموو ئەو هاووڵاتییە لیبیانە دەرکردووە کە لە ماوەی نێوان ٢٠١١/٢/١٥ بۆ ٢٠١٥/٩/٧ کە ڕۆژی دەرچوونی یاساکەیە تاوانیان ئەنجامداوە .(ICC pre-trial cham-ber II, 2018, 25)ئەوەش بە ئاشکرا نیازی دەسەڵاتی دادوەریی لیبیا دەردەخات کە توانای نییە هەستێت بە لێکۆڵینەوە و دادگاییکردنێکی ڕاستەقینەی ئەوانەی کە تۆمەتبارن بە ئەنجامدانی تاوانەکان، چونکە بڕیاری لێبوردنەکە بە تایبەت بۆ تۆمەتبارانی ئەو حاڵەتەی لیبیا دەرچووە کە ئەنجومەنی ئاسایش ناردویەتی بۆ دادگا. ئەوەش ئاشکرایە کە تۆمەتبارانی تاوانەکانی لیستی دادگا بڕیاری لێبوردن نابێتەهۆی لابردنی بەرپرسیارێتی تاوانکاریيان.

لە ئەنجامی ئەم لقەوە دەگەینە ئەوەی کە پوختەی پرەنسیپی تەواوکاریی دەبێتەهۆی ئەوەی کە دەوڵەتان هەستن بە بەهێزکردن و گەشەپێدانی پێوانەکانی لێکۆڵینەوە و دادگایکردن لەناو سیستەمی ناوخۆییاندا. کاتێک جەختدەکاتەوە لەوەی کە دەوڵەتانی ئەندام ئەرکیان لە ئەستۆیە کە هەستن بە دانانی ئەو تاوانانەی کە لە پەیڕەوی بنەڕەتیدان بۆ ناو یاساکانیان.(Cryer, Friman, Robinson and Wilmshurst, 2010, 162) پرەنسیپی تەواوکاریی هاندەرێکی بەهێزە بۆ ئەو دەوڵەتانەی کە یاسا دەردەکەن بۆ ئەو تاوانانەی کە لیستی تاوانەکانی دادگادان، وە لە مەودایەکی فراوانتر یان تەسکتردا دەسەڵاتی دادوەریی دەسەپێنێت بەسەر ئەو تاوانانەی کە لە جیهانی دەرەوەدا ئەنجامدراون.(Ibid, ٧٥) هەربۆیە گەشەپێدانی دادگا بە ژمارەی ئەو حاڵەتانە نییە کە دەگەنە دادگا بەڵکو بە ژمارەی ئەو حاڵەتانەیە کە لە دادگای نیشتیمانیدا دادبینی تێدادەکرێت چونکە دادگا خواستی ئەوەیەو واش دامەزراوە کە دادگا نیشتیمانییەکان بە ئەرکی یاسای خۆیان هەستن بە لێکۆڵینەوەی تاوانەکان و دادگایکردنی تۆمەتبارانی تاوانەکان. لێرەوە ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە کە پرەنسیپی تەواوکاری بە تەنها بۆ تاوانەکانی چوارچێوەی دەسەڵاتە دادوەرییەکانی دادگایە، خۆ ئەگەر هاتوو دادگای نیشتیمانی پێواژوویەکی دادبینی ڕاستەقینەی بەڕێوەنەبرد لە تاوانێکی دەرەوەی تاوانەکانی لیستی دادگا، ئەوا لێرەدا دادگا مافی دەستتێوەردان و دەستپێکردن و تەواوکردنی کارەکانی دادگای نیشتیمانی نییە و لێرەدا کار بە پرەنسیپی تەواوکاریی ناکرێت، چونکە پرەنسیپی تەواوکاریی  بە تەنها تاوانەکانی لیستی دادگا دەگرێتەوە.

## تەوەری دووەم: سودەکانی پەیڕەوکردنی پرەنسیپی تەواوکاری لەلایەن دادگاوە

بۆ جێگیرکردنی پرەنسیپی تەواوکاری لەلایەن دادگاوە چەندین سود و پاساو هەیە کە وایکردووە دادگا وەک دادگای تەواوکاری دادگا نیشتیمانییەکان رۆڵبگێڕێت کە لە خوارەوە دەیانخەینەڕوو:

لقی یەکەم: دانپێدانان بە سیستەمی دادپەروەری تاوانکاری نیشتیمانیدا، ئەمە یەکەمین و گرنگترین سود و پاساوە کە دادگا بە پرەنسیپی تەواوکاری جێگیری کردووە. لەناو هەموو ئەو دادگا نێودەوڵەتییە سەربازیی، تاوانکاری تایبەت، کاتی و تێکەڵاوانەی کە لە سەدەی ڕابردوو و ئەم سەدەیەشدا دامەزرابوون و دامەزراون بۆ دادگایکردنی تۆمەتبارانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان، دادگا تاکە دادگای ناو هەمووبانە کە کار بە پرەنسیپی تەواوکاری دەکات وەک دادگای دواین پەناگە. گەر بە کورتی بچینە ناو مێژووی یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتی ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە هەردوو دادگای سەربازی نێودەوڵەتی نۆرمبێرگ و خۆرهەڵاتی دوور (تۆکیۆ) لە کاتی بەڕێووەچونی پێواژووەکانی دادگایکردندا پرەنسیپی تەواوکارییان بەکارنەهێنا. پێواژووەکانی دادگایکردن لەلایەن ئەم دوو دادگایەوە بەڕێوەدەچوو، بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی یان ڕێککەوتن و هاوکاریی لەگەڵ دادگای نیشتیمانی دەوڵەتەکان، و لەکارخستنی تەواوەتی سیستەمی دادگای نیشتیمانی ئەو دەوڵەتانە کە دادگا سەربازییەکان دەسەڵاتی دادوەرییان هەبوو تێیانداو ئەم دوو دادگایە دەسەڵاتی دادوەری تەنیا و پێشینەیان پەیڕەوکرد(Owuor, 2017, 28). لەپاش جەنگی دووەمی جیهانی دادپەروەری تاوانکاری نێودەوڵەتی بوو بە پرسێکی دەستبەجێ جێ بایەخ و گرنگی مرۆڤایەتی، جینۆسایدەکانی یوگۆسلاڤیا و رواندا‌ش جارێکی تر چاودێری جیهانی بۆ پرسی دادپەروەری تاوانکاری نێودەوڵەتی ڕاکێشایەوە و دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەم گەواهیدەری گەشەیەکی قووڵە لە پرەنسیپەکانی یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتیدا. هەر چوار دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی بۆ یوگۆسلاڤیای پێشوو و ڕواندا، و دادگا تایبەتەکانی سیرالیۆن و لوبنان پرەنسیپی دەسەڵاتی دادوەری هاریکاریان لەڕێسا بنەڕەتییەکانیاندا جێگیرکرد و لەپێواژووەکانی دادگایکردندا کاریانپێکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر چوار دادگا دەسەڵاتی دادوەری پێشینەیان هەبوو وە هەیە بەسەر دادگا نیشتیمانییەکاندا.

گەر پرەنسیپی تەواوکاری دادگا بەوە بناسێنین کە بریتییە لە دابەشکردنی دەسەڵاتی دادوەری لەنێوان دادگا و دادگا نیشتیمانییەکاندا، ئەوا لەگەڵ دابەشکردنی دەسەڵاتە دادوەرییەکاندا دەسەڵاتی دادوەری پێشینە و باڵایی بۆ دادگا نیشتیمانییەکانە. بە بۆچونی ئێمە جێگیرکردنی پرنسیپی تەواوکاری لە ڕێسای بنەڕەتیدا یەکێکە لە دەستکەوتەکانی دادگا کە لە دادگاکانی تردا بوونی نەبووە. وەک ئاماژەمان بۆکردووە دادگا پرەنسیپی تەواوکاری جێگیرکردووە و کاریشپێدەکات، ئەوەش بە مانای ئەوەدێت کە دادگا، دادگایی دواین پەناگەیە، دواین دادگایە کە پەنای بۆ دەبرێت، بەم پرەنسیپەش دەرفەتی یاسایی پێشینەی داوە بە دادگا نیشتیمانییەکان وەک یەکەم دادگا کە هەستن بە پێواژووەکانی دادبینی، پێشەکی دادگا ئاماژەی بە بەشێک لە گرنگترین ئەو پاساوانە کردووە کە بونەتەهۆی جێگیرکردنی پرەنسیپی تەواوکاریی، چونکە ئەم دادگا دادگایەکی تاوانکاری نێودەوڵەتییە و تایبەتمەندی بەردەوامیی و هەمیشەیی هەیە، نەک کاتی بێت، بۆ هەموو جیهان و مرۆڤایەتییە نەک دەوڵەتێک یان کیشوەرێکی دیاریکراو.

لقی دووەم: یەکێکی تر لە سودەکان یان پاساوەکانی جێبەجێکردنی پرەنسیی تەواوکاری بریتییە لەوەی کە تاوانبار دەربازی نەبێت لە سزا، لە پێشەکی پەیڕەوی بنەڕەتیدا ئەوە جێگیرکراوە کە ئەو تاوانە مەترسیدارانەی کە پەیوەستە بە هەموو کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە نابێت بەبێ سزا تێپەڕێت و پێویستە دڵنایی بدرێت لە دادگایکردنێکی چالاکیان بەگرتنەبەری ڕێکارەکان لەسەر ئاستی نیشتیمانی بە گەشەپێدانی هاوکاریی نێودەوڵەتی.(ICC statute preamble, 1998, 4) هەر بۆیە جێگیرکردنی چەمکی ‹‹لێکۆڵینەو دادگایکردنی ڕاستەقینە›› لە پەیڕەوی بنەڕەتیدا دەوڵەتان ناچاردەکات کە هەستن بە لێکۆڵینەوە و دادگایکردن و بڕیاربدەن لەوەی کە دادگایکردنەکە بەشێوازێکە کە بگونجێت لەگەڵ ئامانجەکانی پەیڕەوی بنەڕەتیدا، سەرەکیترین بیرۆکە لە پشت هەموو سیستەمی تەواوکارییەوە دڵنیاکردنەوەی ئەو دەوڵەتانەیە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

کە هەستن بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی لێکۆڵینەوە و دادگایکردن، بەشێوازێک کە ئامانجەکانی پشت پەیڕەوی بنەڕەتی بەدەستبهێنێت (El Zeidy, 2008, 164). پرەنسیپی تەواوکاریی بنیادنراوە لەسەر دانپێدانان بە پەیڕەوکردنی دەسەڵاتی دادوەریی تاوانکاری نیشتیمانیدا کە بە تەنها مافێک نییە، بەڵکو ئەرکێکی دەوڵەتانیشە، دەوڵەتان بەرپرسیارێتیان لە ئەستۆیە بۆ لێکۆڵینەوە و دادگایکردنی ئەو تاوانانەی کە لەچوارچێوەی دەسەڵاتە دادوەرییەکانیاندا ئەنجامدراون و بەشێوەیەک پێشبینی لە سیستەمە نیشتیمانییەکان کراوە بۆ بەردەوامیدان و پەیوەستبوون بە پەیڕەوکردنی پێوەرە نێودەوڵەتییەکانەوە.(ICC policy issues before office of the prosecutor, 2003, 5)

لەماوەی سەدەی بیستەمدا کە دادگا دامەزراوە ملیۆنان منداڵ، ژن و پیاو بونە قوربانیی تاوانە چاوەڕواننەکراوەکان کە بە قووڵی ویژدانی مرۆڤایەتی هەژاندو، ئەو تاوانە گەورانە هەڕەشەبون لەسەر ئاشتی و ئاسایشی جیهان، بۆیە دادگا جەخت لەوە دەکاتەوە کەو ئەو تاوانە نێودەوڵەتیانەی کە پەیوەندی هەیە بە هەموو کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە نابێت بەبێ سزا تێپەڕن و دادگایکردنێکی کاریگەر دەبێت هەبێت بە گرتنەبەری ڕێکارەکان لەسەر ئاستی نیشتیمانی بە بەرزکردنەوەی هاوکاریی نێودەوڵەتی.(ICC statute preamble, 1998, 2, 3, 4) ئەمەش بە مانای ئەوەدێت کە دەبێت لەسەر ئاستی نیشتیمانی لێکۆڵینەوە لە تاوانە نێودەوڵەتییەکان و دادگایی تۆمەتباران بکرێت. جێگیرکردنی پرەنسیپی پێشینەیی و باڵایی دادگای نیشتیمانی لە دادگاکانی تردا نەبووە، بۆیە دادگا بە وشیارییەکی قووڵەوە ئەم پرەنسیپەی جێگیرکردووە. چونکە دڵنیا بووە کە دەرفەتی ئەوەی نابێت دادگایی تۆمەتبارانی هەموو جیهان بکات، وە ئەو دادگایانەی تر کە باڵاییان هەبوو بەسەر دادگایی نیشتیمانیدا سەرکەتوونەبوون، دادگا لەوانەوە ئەزمونی وەرگرت.

بۆیە دەتوانین بڵێین پەیڕەوکردنی پرەنسیپی تەواوکاریی لەلایەن دادگاو پێشینەی بۆ دادگای نیشتیمانی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە و وەڵامی دادگایە بۆ ئەو ڕەخنانەی کە ڕوبەڕوی دادگاکانی یوگۆسلاڤیا و ڕواندا بونەوە کە دەسەڵاتی دادوەریی پێشینەیان هەبوو بەسەر دادگا نیشتیمانییەکاندا. ئەو دادگا تاوانکارییە نێودەوڵەتیانە بە ئەندازەی تەواوەتی هەستیارنەبوون بەرامبەر ڕاستیینە نیشتیمانییەکان و پێواژووەکانی دادپەروەریی. (Novak, 2015, 54)

لقی سێیەم: دادگایکردنی تۆمەتبارانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان لەسەر ئاستی نیشتیمانی سودی زیاترە بە بەراورد بە دادگا، بەهۆی ئاسان دەستڕاگەشتن بە بەڵگەکان و گەواهیدەرەکان و هەروەها بەشداریکردنی قوربانیان و گەواهیدەرەکانیش لە قۆناغی دادگایکردن گرفتی کەمترە بە بەراورد بە دادگا.(Pisani, 2012, 38)

لەلایەکی ترەوە بەڕێوەچوونی پێواژووی دادگایکردن لەو دەوڵەتەی کە تاوانەکەی تێدا ئەنجامدراوە گەر دادگاییەکی ڕاستەقینە بەڕێوەبچێت ئەوا چەند سودێکی لێدەکەوێتەوە وەکو کەمی خەرجییەکانی لێکۆڵینەوە و دەرفەتی زیاتری ئاشتبونەوە دەرەخسێنێ و هاوسەنگی کۆمەڵایەتی لەپاش ململانێ بەدەستدەهێنێتەوە.(Novak, 2015, 54) هەروەها دەبێتەهۆی بنیادنانەوەی ژیانی پاش ڕوداوەکان و دروستکردنی تۆمارە مێژووییەکان، و هەر لاوازییەک هەبێت لە بێلایەنی پێواژووەکانی دادبینی، یان تۆقاندنی قوربانی و گەواهیدەرەکان بەهۆی بەڕێوەنەچوونی لێکۆڵینەوە و دادگایکردنێکی ڕاستەقینەوە، ئەوا بە تەواوکاریی کە لە ڕێسای بنەڕەتیدا لەسەر بنەمای ئارەزوونەبوون و توانانەبوون جێگیرکراوە چارەسەردەکرێت(Pisani, 2012, 39)

سیستەمی تەواوکاریی داوای بەرزکردنەوەو هەرچی زیاتری لێهاتووی دەکات، چونکە دادگا ناتوانێت فریای هەموو حاڵەتە تاوانکارییە مەترسیدارەکان بکەوێت. ئەم لێهاتوویی و توانایەی کە لەلایەن دادگاوە بەدەستدێت جەختدەکاتە سەر تۆمەتبارە پلە باڵاکان، لەکاتێکدا تۆمەتبارە بچوکەکان جێدەهێڵێت بۆ ئەوەی دادگا تاوانکارییە نیشتیمانییەکانی دەوڵەتی پەیوەندیدار لەبارەیانەوە بکۆڵێتەوە و دادگایان بکات.(Owuor, 2017, 68, 69) بە بۆچونی ئێمە دادگا بەبێ هاوکاریی دادگا تاوانکارییە نیشتیمانییەکان سەرکەوتونابێت لە بەدەستهێنانی دادپەروەریی تاوانکاریی و فریایی دادگایکردنی هەموو تۆمەتباران ناکەوێت، چونکە دادگا ڕوبەڕویە لەگەڵ کۆمەڵێک گرفت کە تەگەرە دەخەنە بەردەم کارەکانی هەر لە دەستگیرکردنی تۆمەتبارەوە تا گواستنەوەی و خەرجییەکانی تر ماوەیی دەستبەسەریی تۆمەتباران، ئەمە سەرەڕای خەرجییەکانی ماوەی بەسەربردنی سزایی تاوانباران و هەموو ئەمانە ڕەوایی و پاساو دەدەن بە جێبەجێکردنی پرەنسیپی تەواوکاریی و

بەوەش دادگا دەتوانێت تا ڕادەیەکی باش ڕۆڵی هەبێت لە پرۆسەی بەدیهێنانی دادپەروەریی تاوانکاریی نیشتیمانیدا.

سەرەڕای هەموو ئەوانەش ئاراستەی یاسای تاوانکاریی نێودەوڵەتی بەرەو ئەوە دەچێت کە بەرەو نیشتیمانی و ناوخۆییکرێت و وەک دەڵێن داهاتوی یاسای تاوانکاریی نێودەوڵەتی یاسای نیشتیمانییە. چەسپاندنی پرەنسیپ و دەسەڵاتی دادوەریی تەواوکاریی لەلایەن دادگاوە بۆ بەرجەستەکردنی ئەو ئامانجەیە، چونکە گەر دادگا نیشتیمانییەکان بە دادگایکردنێکی ڕاستەقینە هەستان ئەوا ئامانجی دادگاش بەدیدێت، وە بە پێچەوانەوە دادگا ئامادەیە و لەکاردایە بۆ تەواوکردنی کارەکانی دادگای نیشتیمانی کە ئارەزویان نەبووە یان نەیانتوانیوە بە ئەرکی دادگایکردنێکی ڕاستەقینە هەستن.(ICC statute, 1998, 17)

لقی چوارەم: سیستەمی تەواوکاریی تۆمەتباران دەپارێزێت لە دووبارە دادگایکردنەوە، گەر هاتوو پێشتر لەبەردەم دادگایەکی تردا دادگایکرابن. ئەم سیستەمە لە تەواوی سیستەمە یاساییەکاندا هەیە و نابێت تۆمەتبار دووجار لەسەر یەک تاوان دادگاییبکرێت.(Klamberg, 2017, 233) جێگیرکردنی چەمکی ‹‹دادگایەکی تر›› لە ڕێسای بنەڕەتیدا ئاماژەکردنە بە دادگای نیشتیمانی دەوڵەتانی ئەندام و دادگاکانی تری دەوڵەتانی نائەندام، هەرچەندە وا دادەنرێت کە ئەو دادگایە دەبێت سروشتێکی سزایی هەبێت لە دەستپێکردن بە پێواژووەکانی ڕاپێچکردنی تۆمەتبار بۆ دادگایکردن. گەر پێواژووی دادگایکردنی دادگای نیشتیمانی کەوتە چوارچێوەی دەسەڵاتە دادوەرییەکانی دادگاوە، ئەوا تۆمەتبارەکە جارێکی تر دادگای ناکرێتەوە لەبەردەم دادگادا.(Triffterer and Ambos, 2015, 922, 923) تاوانەکانی لسیتی دادگا دەسەڵاتی دادوەریی جیهانی دەیانگرێتەوە بۆیە گەر لە دادگاکانی دەوڵەتانی ئەندام یان نائەندام دادگای تۆمەتبارانی تاوانەکان کران دادگایکردنێکی ڕاستەقینەبوو، ئەوا ئەو دادگایکردنە بەسە بۆ ئەوەی ڕێگربێت لە جێبەجێکردنی دەسەلاتە دادوەرییەکانی دادگا لە دووبارە دادگایکردنەوەی تۆمەتبار.

ئەگەر تۆمەتبار دادگایکرابێت لەبەردەم دادگای تاوانکاری نیشتیمانیدا و لە پێواژووەکانی دادبینیدا بڕیاری تاوانباربونی لەبارەوە درابێت بە سزادان یان بێتاوانی و ئازادکردن، ئەوا ئەو کاتە بەگوێرەی ماددەی بیستەمی ڕێسای بنەڕەتی دادگا، جارێکی تر لەبەردەم دادگادا دادگایی ناکرێتەوە.(ICC statute, 1998, 20) ئەمەش پشت بە دەبەستێت بە پرەنسیپی یاسای تاوانکاریی کە تۆمەتبار دوو جار لەسەر یەک تاوان دادگایی ناکرێت، بۆ ئەوەش مەرجە کە دادگاییکردنی یەکەم ڕاستەقینەبێت و ڕەچاوی بنەماکانی دادگایکردنێکی دادپەروەریی تێداکرابێت، جا بە سزادانی تۆمەتبار بێت یان ئازادکردن. چونکە گەر دادگایکردنەکە ڕاستەقینە نەبوبێت و بۆ پاراستنی تۆمەتبارەکە بوبێت بۆ ئەوەی بەرپرسیارێتی تاوانکاریی لەسەر تاوانەکانی لیستی دادگای بۆ دروست نەبێت ئەوا دەبێت دادگایی بکرێتەوە. وە هەروەها گەر دادگایکردنەکەش ڕەچاوی ئەو بنەمایانەی نەکردبوو کە لە یاسای نێودەوڵەتیدا ڕێکخراون، وە دادگایکردنێکی سەربەخۆ و بێلایەنانە نەبوو، ئەوا لەم کاتەشدا تۆمەتبارەکە دادگایی دەکرێتەوە.(Ibid) چونکە دادگایکردنێک ڕەچاوی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی نەکات و سەربەخۆ و بێلایەن نەبێت، ئەوا هەر لەسەرەتاوە دەرخەری ئەوەیە کە پێواژووی دادگایکردنەکە و ئامانجەکەی یان بۆ سەپاندنی سزایەکی قورستر و تۆڵەکردنەوەیە لە تۆمەتبار، یان بۆ ئازادکردنی تۆمەتبار و ڕزگاربونیەتی لەسزا.

لقی پێنجەم: تەواوکاری سەروەری نیشتیمانی دەپارێزێت و لە هەمانکاتدا ئەرکی دەوڵەت زیاتر دەکات.(Bachmann and Nwibo, 2018, 480) هەروەها سیستەمی تەواوکاریی ڕێزدەگرێت لە سەروەریی نیشتیمانی لە جێبەجێکردنی دەسەڵاتی دادوەریی تاوانکاریدا. دەوڵەتانی خاوەن سەروەریی بەرپرسیارێتی لە ئەستۆدەگرن بۆ سەرکوتکردنی پێشێلکردنی یاسای تاوانکاریی و پێشێلکارییە مەترسیدارەکانی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی، پێشینەیی دەسەڵاتی دادوەریان تایبەتمەندییەکی بنەڕەتی سەروەرییە.(Bellelli, 2016, 48) هەروەها جێبەجێکردنی پرەنسیپی پێشینەیی هەردوو دادگای یوگۆسلاڤیا و ڕواندا بەسەر دادگا نیشتیمانییەکاندا لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە بەگوێرەی بەشی حەوتەمی دەستووری ڕێکخراوەکە، لە بەرپرسیارێتی پێشینەیی ئەنجومەنی ئاسایشەوە سەرچاوەیگرتبوو بۆ بەردەوامیدان بە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی.(UN charter, 1945, 24) بەڵام دادگا نە دەسەڵاتێکی خاوەن سەروەریی هەیە بەسەر هەر هەرێمێکدا نە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

بەرپرسیارێتی پێشینەی هەیە لە بەردەوامیدان بە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی.(Bellelli, 2016, 49) بەڵکو بەرپرسیارێتی پێشینە لای خودی دەوڵەتانەو دادگاش لە پێشەکی ڕێسا بنەڕەتییەکەیدا ئەوەی جێگیرکردووە کە ئەرکی هەموو دەوڵەتێکە کە هەستێت بە جێبەجێکردنی دەسەڵاتی دادوەریی تاوانکاریی بەسەر ئەوانەی بەرپرسیارن لە ئەنجامدانی تاوانە نێودەوڵەتییەکاندا(ICC statute preamble, 1998, 6) سیستەمی تەواوکاریی بەرگی ئەرکی دەوڵەتانی ئەندامە بۆ جێبەجێکردنی بەرپرسیارێتییەکەیان بۆ لێکۆڵینەوە و دادگاییکردنی تاوانە مەترسیدارە ئەنجامدراوەکان بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی و نیشتیمانی، بە مانایەکی تر بەرپرسیارێتی تەنها پرسێکی توانایی نییە بەڵکو پرسێکی یاسایی، ڕامیاری و ڕەوشتیشە. ئەمەش هەرچەندە، مشتومڕێک دەکاتەوە کە ئایا ئەرکێکی یاساییە بۆ دادگاییکردن یاخود نا. بەشێوەیەکی گشتی ئەوە چاوەڕوان دەکرێت کە دەوڵەتان هەستن بە جێبەجێکردنی دەسەڵاتی دادوەریی پێشینە وە یەکەم دەرفەتیان لەبەردەستە کە بجەنگن لە دژی پارێزبەندی لە چوارچێوەی یاسا تاوانکارییە نیشتیمانییەکانیاندا.(Owuor, 2017, 69)

بەخشینی دەسەڵاتی دادوەریی پێشینە لەلایەن دادگاوە بە دادگا نیشتیمانییەکان سەرەڕای ئەوەی کە ڕێزگرتنە لە سەروەری دەوڵەتانی ئەندام هەروەها بە مانای ئەوەدێت کە دادگا تاوانکارییە نیشتیمانییەکان هەمیشە بژاردەی یەکەمیان لەبەردەستە بۆ دادگاییکردنی تۆمەتبارانی ژێر دەسەڵاتە دادوەرییەکانیان و تەنها ئەگەر شکستیانهێنا لە گەشتن بە پێداویستییەکانی ڕێسای بنەڕەتی دادگا، لەوانەیە دادگا دەستتێوەردان بکات و هەستێت بە لێکۆڵینەوە یان دادگاییکردن بۆ دڵنیابونەوە لە سەرکەوتنی دادپەروەریی نێودەوڵەتی. لەم ڕێگەیەوە سەروەری ئەو دەوڵەتە وادەکات کە هەستێت بە جێبەجێکردنی دەسەڵاتی دادوەریی تاوانکاریی نیشتیمانی مەگەر ئەوەی کە ئەو دەوڵەتە شکستبهێنێت لەو بەرپرسیارێتییانەی کە لە پەیڕەوی بنەڕەتییەوە بۆی دروستبووە.(Ibid, 68) لێکۆڵینەوە و دادگاییکردن لە تاوانەکانی لستی دادگا کە لەناو دەوڵەت یان لەلایەن ئاژانسەکانی دەوڵەتەوە ئەنجامدراون دادگای نیشتیمانی بەشێوەیەکی ڕێک و پێک ڕێکارەکان دەگرنەبەر و کاریگەرترین و بەتواناترین ڕێگایان لەبەردەستە بۆ دادگاییکردنی تۆمەتباران، داواکاری گشتی هێز دەداتە دەوڵەتان کە ڕێکارەکانی دادوەریی بگرنەبەر، وەک ڕێسای گشتی، سیاسەتی دەزگای داواکاری گشتی تەنها کاتێک دەست دەکات بە لێکۆڵینەوە کە دەوڵەتی پەیوەندیدار شکستیهێنابێت لە گرتنەبەری ڕێکارە دادوەرییەکان.(ICC policy issues before the office of the prosecutor, 2003, 2) کەواتە پرەنسیپی تەواوکاریی دەرفەتی تەواوی داوە بە دادگا نیشتیمانییەکان وەک دادگایی یەکەم و خاوەن دەسەڵاتی دادوەریی پێشینە، کە ئەگەر بیانەوێت بە دادگاییکردنێکی ڕاستەقینە هەستن ئەوا دادگا هەرگیز دەستتێوەردان ناکات لە پێواژووەکانی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردنی ناو دەوڵەتان، ڕەهەندێکی تری پرەنسیپەکە ئەوەیە کە دەرفەت دەدات بە حکومەتەکان کە ئەگەر ئەیانەوێت دەوڵەتاکانیان بەدوربن لە دەستتێوردانی دادوەریی دادگا ئەوا دەبێت سیستەمی دادوەریان بەهێزبکەن و گەرەنتی دادگاییەکی دادوەرانە، سەربەخۆ و بێلایەن بکەن.

لقی شەشەم: تەواوکاریی بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە داوای دانان و جێبەجێکردنی پەیڕەوی بنەڕەتی ناکات لەناو یاسای نیشتیمانیدا.(Lom-edemhe, 2017, 59) بەڵکو هاندەرێکە بۆ جێبەجێکردنی پەیڕەوی بنەڕەتی لەسەر ئاستی نیشتیمانی، دەوڵەتان دەتوانن وەڵامی تەواوکاریی بدەنەوە بە دەرچواندنی یاسایەک کە هێز بدەنە دەسەڵاتەکانیان بۆ جێبەجێکردنی یاسای تاوانکاریی نێودەوڵەتی کە جێبەجێببێت بەسەر تاوانە بنەڕەتییەکاندا. خودی هەبوونی داگا هێزی داوە بە دەوڵەتان بۆ دەرچواندنی یاسای ناوخۆیی تاوانەکانی چوارچێوەی دەسەڵاتە دادوەرییەکانی دادگا. تەنانەت لەپێش دەستپێکردنی هەر لێکۆڵینەوەیەک لەلایەن دادگاوە، بەکارهێنانی یاسا ناوخۆییەکان هەنگاوێکی گەورەیە بۆ ڕاپێچکردنی تۆمەتبارانی تاوانەکان بۆ دادگاییکردن.(ICC policy issues before the office of the prosecutor, 2003, 3) لە پێواژووی بە ئەندامبونی دەوڵەتان لە دادگادا ئەو دەوڵەتانە بەشێوەیەکی ڕێک و پێک پێداچوونەوە دەکەن بە چوارچێوەی یاساکانیاندا کە پەیرەودەکرێت بەسەر ئەو تاوانانەدا بە لەبەرچاوگرتنی پڕکردنەوەی بۆشاییە یاساییەکان. ئەو تەواوکارییە ڕاژە دەکات بە دەرچواندنی یاسا لەلایەن دەوڵەتانەوە بۆ پاراستنی مافی پێشینەییان بۆ لێکۆڵینەوە و دادگاییکردنی ئەو تاوانانەی کە لە چوارچێوەی دەسەڵاتە دادوەرییەکانی دادگادایە، و وە بەتایبەتی بۆ دورخستنەوەی ئەوەی کە جارێ توانانەبونیان بدرێت.(Kleffner, 2003, 88) هەر ئەم پرەنسیپەشە کە

بووەتەهۆی ئەوەی هەموو دەوڵەتانی ئەندام دەسەڵاتی دادوەرییان بەخشیوە بە دادگاکانیان بۆ لێکۆڵینەوە و دادگایکردنی تۆمەتبارانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان ئەویش یان بە دەرچواندنی یاسایەکی تایبەت یان جێکردنەوەی تاوانەکانی لیستی دادگا لە چوارچێوەی یاسا تاوانکاریی و سزاییەکانیدا.

لقی حەوتەم: سەرەڕای ئەو سود و پاساوانەی کە باسمانکردن و ڕەوایی دەدەن بەوەی کە دادگا دادگای دواین پەناگەبێت و ئەرک و دەسەڵاتی دادوەریی تەواوکاریی هەبێت نەک پێشینەیی، دەتوانین بڵێین کە هەموو ئەو دادگایانەی تر کە پەیڕەوی دەسەڵاتی دادوەریی پێشینەییان دەکرد بەسەر دادگا نیشتیمانییەکاندا نەیانتوانی هەموو تۆمەتباران دادگایی بکەن، هێشتا بۆشاییەکی گەورە هەیە لە توانابوونی بۆ ڕوبەڕوکردنەوەی دادپەروەریی ئەوانەی کە بەرپرسیارن بۆ مەترسیدارترین تاوانە نێودەوڵەتییەکانی وەکو جینۆساید، تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی، تاوانەکانی جەنگ و تاوانی دوژمنکاریی، ئەو دادگایانە تەنها توانیویانە ژمارەیەکی کەم لە تۆمەتباران دادگایی بکەن بۆ ئەو تاوانانەی کە لە هەرێمێکی دیاریکراو کاتێکی دیاریکراودا ئەنجامدراون.
ستراتیژی جەختکردنەوە لەسەر ئەوانەی کە گەورەترین بەرپرسیارێتی هەڵدەگرن بۆ ئەو تاوانانەی لە چوارچێوەی دەسەڵاتە دادوەرییەکانی دادگادان بۆشاییەکی پارێزبەندی جێدەهێڵێت مەگەر ئەوەی کە دەسەڵاتە نیشتیمانییەکان، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و دادگا پێکەوە کاربکەن بۆ دڵنیابیدان لە بەکارهێنانی هەموو ڕێگا پێویستەکان بۆ دادگایکردنی تۆمەتبارانی تر.(ICC policy issues before the office of the prosecutor, 2003, 3)
لەم ڕوانگەیەوە سیستەمی تەواوکاریی دادگا ئەوە ڕوندەکاتەوە و دەخاتەڕوو کە دەسەڵاتی دادوەریی دادگا کارناکات کاتێک:
(١) تاوانەکە لەچوارچێوەی دەسەڵاتە دادوەرییەکانی دادگادابێت، بەڵام ئەنجامدراوە لە هەرێمی دەوڵەتێکی نائەندام و لەلایەن هاووڵاتیانی دەوڵەتێکی نائەندامەوە؛
(٢) حاڵەتە پەیوەندیدارەکە لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە نەنێرداوە بۆ دادگا، و دەوڵەتە نائەندامەکەش کە تاوانەکە لە هەرێمەکەیدا ئەنجامدراوە یان لەلایەن هاووڵاتییەکانییەوە ئەنجامدراون ئارەزووی نەبێت یان توانای نەبێت بۆ دادگایکردن(Bellelli, 2016, 242, 243)؛ و بە ڕاگەیاندنێکیش دەسەڵاتە دادوەرییەکانی دادگای پەسەندنەکردبێت بەگوێرەی بڕگەی سێیەمی ماددەی ١٢ی ڕێسای بنەڕەتی؛
(٣) ئەنجامدرابوون لەپێش چوونەبواری جێبەجێکردنی ڕێسای بنەڕەتی دادگاوە(ICC statute, 1998, 11)؛
(٤) لەلایەن کەسانێکەوە ئەنجامدرابوون کە تەمەنیان لە خوار هەژدە ساڵییەوەبوبێت(Ibid, 26)؛
(٥) کەسانی یاسایی (شخصی معنوی) تێوەگلابوون لە بەرپرسیارێتی(Ibid, 25)؛
(٦) تاوانەکە بایەخی تەواوی نەبوو کە ڕەوایبدات بە دادگا بۆ لیکۆڵینەوە و دادگایکردن(Ibid, 17) ؛
(٧) ئەنجامدرابێت لەلایەن تۆمەتبارە مام ناوەند و بچوکەکانەوە.(Bellelli, 2016, 243)

ئەم حەوت حاڵەتە کە دادگا دەسەڵاتی دادوەریی تێیاندا نییە دەبێتەهۆی دروستبونی بۆشاییەکی پارێزبەندنی، و ڕزگاربونی ئەو تۆمەتبارانە لە بەرپرسیارێتی تاوانکاریی دادگا. هەربۆیە ئەمانە دەرخەری ئەوەن کە بەبێ لێکۆڵینەوە و دادگایکردنێکی ڕاستەقینە لەلایەن دادگا تاوانکارییە نیشتیمانییەکانەوە مەحاڵە دادگا بە تەنها بتوانێت هەستێت بە بەدەستهێنانی دادپەروەریی تاوانکاریی و ڕاپێچکردنی هەموو تۆمەتباران بۆ دادپەروەریی، هەربۆیە پرەنسیپی تەواوکاریی گەورەترین ڕێگا و ئامرازیی یاساییە بەدەست دادگا نیشتیمانییەکانەوە بۆ بەدەستهێنانی دادپەروەریی تاوانکاریی نیشتیمانی.

## ئەنجام

گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکەمان بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- پرەنسیپی تەواوکاریی دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی ئامرازێکی ئاشکرایە بۆ جەنگان لەدژی پارێزبەندی کە یارمەتیدەری بەهێزکردنی ئامانجی هێنانەدی دادپەروەریی تاوانکارییە لەسەر هەردوو ئاستی سیستەمی یاسایی نیشتیمانی و نێودەوڵەتی.

٢- پرەنسیپی تەواوکاریی یەکێکە لە پرەنسیپە یاساییە بەهادارەکان کە دادگا لە پەیڕەوە بنەڕەتییەکەیدا جێگیریکردووە، چونکە گەر پرەنسیپەکەی جێگیر نەکردایا ئەوا دادگا دەسەڵاتی ئەوەی نەدەبو، وە کارێکی قورسە کە بتوانێت دادگایی هەموو تۆمەتبارانی دەوڵەتانی ئەندام بکات لە قورسی دەستکەوتنی بەڵگە، گەواهیدەرەکان، خەرجی پێواژووەکانی دادبینی و دەستگیرکردنی تۆمەتبار و هتد.

٣- دادگا بە جێگیرکردنی پرەنسیپی تەواوکاریی هێزی داوە بە دادگا نیشتیمانییەکان و بە مانایەکی تر گەشەیەکی قووڵی داوە بە دادپەروەریی تاوانکاریی نیشتیمانی کە خۆیان هەستن بە دادگایکردنی تۆمەتبارانی دەوڵەتەکانیان بەوەش ئەگەر هەڵنەستن بە دادگایکردنەکە ئەوا دادگا بوونی هەیە و ئامادەیە بۆ تەواوکردنی دەسەڵاتی دادوەریی تاوانکاریی نیشتیمانی.

٤- جێگیرکردن و پەیڕەوکردنی پرەنسیپی تەواکاریی لە دادگادا بووەتەهۆی ئەوەی هەموو دەوڵەتانی ئەندام دەسەڵاتی دادوەریی ببەخشن بە دادگاکانیان بۆ لێکۆڵینەوە و دادگایکردنی تۆمەتبارانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان، ئەویش یان بە دەرچواندنی یاسایەکی تایبەت یان جێکردنەوەی تاوانەکانی لیستی دادگا لە چوارچێوەی یاسا تاوانکاریی و سزاییەکانیاندا.

## پێشنیار

بۆ بەهێزکردن و چالاکبونی زیاتری دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی و پەیوەست بە ناوەڕۆکی توێژینەوەکە ئەم چەند پێشنیارە بە گرنگ دەزانین:

١- دانانی پێناسەیەکی یاسایی ڕوون، ئاشکرا، دیاریکراو و تایبەت بۆ پرەنسیپی تەواوکاریی لە پەیڕەوی بنەڕەتیدا، چونکە تا ئێستا دادگا پێناسەی پرەنسیپەکەی نەکردووە.

٢- جێگیرکردنی کاتێکی دیاریکراو بۆ دەسەڵاتی دادوەریی نیشتیمانیی لە پەیڕەوی بنەڕەتیدا، بەجۆرێک گەر لە ماوەی ئەو کاتەدا کە دادگا دیاریکردووە، دادگای تاوانکاری نیشتیمانی بە ئەرکی لێکۆڵینەوە و دادگایکردنێکی ڕاستەقینە هەڵنەستا ئەوا دادگا دەسەڵاتی دادوەریی وەربگرێت بۆ پەیڕەوکردنی پرەنسیپی تەواوکاریی.

٣- بواردن و سڕینەوەی چەمکی ‹‹بایەخداربوون››ی کەیسێک لە پەیڕەوی بنەڕەتیدا، چونکە لە ئێستادا گەر کەیسێک بایەخی تەواوی نەبێت بۆ دادگا ئەوا دادگا هیچ ڕێکارێکی دادوەریی بەرامبەری ناگرێتەبەر.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: کتێب بە زمانی ئینگلیزی

1- Mark Klamberg, Commentary on the law of the international criminal court, Torkel Opsahl academic epublisher, Brussels, 2017.

2- Mohamed M. El Zeidy, the principle of complementarity in international criminal law: origin, development and practice, published by Martinus Nijhoff publishers and VSP, Leiden. Boston, The Netherlands, 2008.

3- Nidal Nabil Jurdi, the international criminal court and national courts a contentious relationship, first published by Routledge, New York, NY 10017, USA, 2016.

4- Otto Triffterer and Kai Ambos, the Rome statute of the international criminal court a commentary, third edition, 2015.

5- Ovo Catherine Lomedemhe, the complementarity regime of the international criminal court, national implementation in Africa, Springer international publishing AG, 2017.

6- Roberto Bellelli, international criminal justice law and practice from the Rome statute to its review, first published by Routledge, New York, NY 10017, USA, 2016.

7- Robert Cryer, Hakan Friman, Darryl Robinson, Elizabeth Wilmshurst, an introduction to international criminal law and procedure, second edition, Cambridge University press, 2010.

### دووەم: دکتۆرانامە بە زمانی ئینگلیزیی

8- Beatric Pisani, the system of the international criminal court: complementarity in international criminal justice, PhD. Thesis in international studies- XXII Cycle, school of international studies, university of Trento, 2012.

9- Emilie Hunter, the international criminal court and positive complementarity: the impact of ICC's admissibility law and practice on domestic jurisdictions, thesis submitted for assessment with a view to obtaining the degree of doctor of laws of the European university institute, 2014.

10- Milton Odhiambo Owuor, the international criminal court and positive complementarity: legal and institutional framework, a thesis submitted in fulfillment of the requirements for the degree of doctor of laws (LLD) in international criminal law, department of public law, faculty of law, university of Pretoria, 2017.

11- Rod A. Rastan, closing the enforcement gap: the international criminal court and national authorities, thesis submitted for the degree of doctor of philosophy in law, London school of economic and political science, University of London, 2006.

### سێیەم: پەیڕەوی بنەڕەتی دادگا و دەستووری نەتەوە یەکگرتووەکان

12- Rome statute of the International criminal court, 1998.

13- United Nations charter, 1945.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

چوارەم: بڕیاری دادگا نێودەوڵەتییەکان

14- international criminal court, pre- trial chamber I, situation in Libya, in the case of the prosecutor v. Saif Al-Islam Gaddafi and Abdullah Al-Senussi, number: ICC-01/11-01/11, on October 11, 2013, para 229, available at: https://www.legal-tools.org/doc/af6104/pdf/, accessed on July 7, 2020.

15- International criminal court, Pre-trial chamber II, no.: ICC-01/11-01/11, situation in Libya, in the case of the prosecutor v. Saif Al Islam Gaddafi, on September 28, 2018, para 25, available at: https://www.icc-cpi.int/CourtRecords/CR2018_04639.PDF, accessed on July 10, 2020.

16- European court of human rights, case of Nachova and others v. Bulgaria, judgement on July 6, 2005, para 113, available at: https://hudoc.echr.coe.int/eng#{%22itemid%22:[%22001-69630%22]}, accessed on July 6, 2020.

17- Inter-American Court of Human Rights, Case of Velásquez-Rodríguez v. Honduras, Judgment on July 29, 1988, para 177, available at: http://www.corteidh.or.cr/cf/Jurisprudencia2/busqueda_casos_contenciosos.cfm?lang=en, accessed on July 7, 2020.

پێنجەم: راپۆرتی داواکاری گشتی دادگا

18- International criminal court, the office of the prosecutor, nineteenth report of the prosecutor of the international criminal court to the UNSC pursuant to UNSC resolution 1970 in 2011, p 2, available at: https://www.icc-cpi.int/itemsDocuments/19th-report-icc-otp-UNSC-libya-ENG.pdf , accessed on May 5, 2020.

19- international criminal court, office of the prosecutor, informal expert paper: the principle of complementarity in practice, ICC-OTP 2003, annex 4, available at: https://www.icc-cpi.int/RelatedRecords/CR2009_02250.PDF, accessed on July 7, 2020.

شەشەم: گۆڤار بە زمانی ئینگلیزی

20- Sascha Dominik Dov Bachmann and Eda Luke Nwibo, Pull and Push›- Implementing the Complementarity Principle of the Rome Statute of the ICC within the AU: Opportunities and Challenges, Brooklyn journal of international law, volume 43, issue 2, 2018.

21- Jann K. Kleffner, the impact of complementarity on national implementation of substantive international criminal law, Journal of international criminal justice 1, Oxford university press, 2003.

# ئاكارەكانی توێژینەوەی مرۆڤناسی

**محمد حسين محمد شوانی** [١]
[١]بەشی كۆمەڵناسی، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەدین، شاری هەولێر، هەرێمی كوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: mohammed.mohammed1@su.edu.krd

## پوختەی توێژینەوەكە:

لە هەرێمی كوردستاندا نە دامەزراوەیەكی تایبەت و نە یاسایەكیش هەیە بۆ پاراستنی مافی ئەوانەی دەبنە ئەندامی نمونەی هەر توێژینەوەیەك، ئەوانەی توێژینەوەیان لەسەر ئەنجام دەدرێت ئەگەر ویژدانی توێژەر خۆی نەبێت، دەبنە قوربانی و لایەنێك نیە داكۆكیان لێ بكات، ئەمە لە كاتێكدایە لە زۆربەی كۆمەڵگاكانی تردا ئەم بابەتە گرنگی و بایەخی جدی پێ دراوە، بۆیە پرسیاری سەرەكی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە روونكردنەوەی رەوشی كایە ئێتیكیەكان لە توێژینەوەی كۆمەڵایەتیدا .

بنەما ئاكاریەكانی توێژینەوەی زانستی وەكو پیشەیی وسەربەخۆبوون و بێ لایەنی وسەلامەتی ومتمانە ورازی بوون و ئەمانەتی زانستی و بابەتی بوون،پێویستە لە توێژەردا هەبن. بە تایبەت لە توێژەری ئەنترۆپۆلۆژیدا دەبێ توێژەر هەڵگری هەندێك خەسڵەتی تریش بێت وەكو راستگۆیی و نهێنی زانیاریەكان ودادپەروەری ودەست وداوێن پاكی وبەخشندەیی و..هتد بۆیە دەتوانین بڵێین بێ ئاكار، توێژینەوەی زانستی هیچ مانایەكی نیە، ئاكار روحی زیندووی (Vital)توێژینەوەی زانستیە بەڵام لە هەرێمی كوردستان هێشتا ئاشنایەتیەكی روونمان لەگەڵ بنەما ئاكاریەكانی توێژینەوەی زانستیدا نیە .

**چەمكە كلیلیەكانی توێژینەوەكە بریتین لە (ئاكار (ئیتیك)، توێژەر، توێژەری ئەنترۆپۆلۆژی)**

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانكۆی هەڵەبجە:گۆڤارێكی زانستی ئەكادیمیە زانكۆی هەڵەبجە دەری دەكات | |
| بەرگ | ٦ ژمارە ١ ساڵی(٢٠٢١) |
| رێككەوتەكان | رێكەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٠/١٢/٤ \| رێككەوتی پەسەندكردن: ٢٠٢١/١/٢١ \| رێككەوتی بلاوكردنەوە: ٢٠٢١/٣/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | mohammed.mohammed1@su.edu.krd |
| مافی چاپ و بلاوكردنەوە | ©٢٠٢١ پ.ی.د. محمد حسین محمد شوانی، گەیشتن بەم توێژینەوەیە كراوەیە لەژێر رەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## ملخص البحث باللغة العربية :

هذا البحث بعنوان (اخلاقيات البحث الانثروبولوجي) هو من البحوث الانسانية النظرية يقوم بوصف الحالة الراهنة للبحث الاجتماعي بشكل عام و الأنثروبولوجي خاصة في اقليم كوردستان العراق ،بسبب التطورات التي حصلت في مجال التعليم العالي والبحث العلمي في كوردستان زادت الباحثين و والبحوث ايضا حول القضايا الاجتماعية والسياسية والدينية و الثقافية في المجتمع الكردي ، وهذا يدعونا الى التأكيد على الاسس والمباديء الاخلاقية في البحث.

يتكون البحث من مقدمة وثلاث فصول ،تناول الفصل الاول توضح مشكلة البحث واهميته واهدافه ثم تحديد المصطلحات، أما الفصل الثاني فتناول الاسس الاخلاقية في البحث الانثروبولوجي ،تطرق فيه الى بدايات التفكير بالاسس الاخلاقية و طبيعة الدراسات الانثروبولوجية في بداية ظهورها أما في الفصل الثالث والاخير تناول مسؤلية الباحث الانثروبولوجي و آليات المراقبة على البحث ،عندما يقوم ببحث عن موضوع معين عليه أن يأخذ باعتبار عدة عوامل وذلك لتجنب العديد من المشاكل والمواقف الحرجة اتجاه نفسه و اتجاه منهجية البحث العلمي و يجب على الباحث أن يحترم حقوق المبحوثين وحريتهم في الاجابة و الحفاظ على سرية الإجابة الفردية لافراد العينة المبحوثة وللمبحوث الحق في معرفة أهداف البحث قبل أو بعد المشاركة حسب اتفاق الباحث مع أفراد عينة البحث ومدى تأثير ذلك على النتائج المتوقعة.ثم عدم نشر نتائج البحث بما فيه من خسائر مادية ومعنوية للمبحوثين ،كما وفي ختام البحث قدم مجموعة من التوصيات والمقترحات.

**الكلمات المفتاحية للدراسة هي (الأخلاق, الباحث الآنثروبولوجي)**

## Abstract

This research entitled (Anthropological Research Ethics) is a research humanitarian theory based description of the current state of Social Research in the Kurdistan Region of Iraq, because of developments in the field of Higher Education and Scientific Research in Kurdistan have increased researchers and research and also on issues of social, political, religious and cultural Kurdish Society, and this leads us to emphasize the principles and ethical principles in research,

The Research is consists of introduction and three chapters, the first chapter describes the research problem , its importance and its goals, and determine the terms, Chapter II addressed the moral foundations of social research, in which he referred to the early thinking on ethics and the nature of anthropological studies at the beginning of its appearance, In the third chapter and the last take responsibility social scientist and control mechanisms on the research, when research on a topic he has to take as many factors in order to avoid many of the problems and attitudes critical towards himself and towards the methodology of scientific research and the investigator must respect the rights of respondents and the freedom to answer and to maintain the confidentiality of the answer individual members of the sample examined, and the Researched right to know the objectives of the research before or after participating as agreed by the researcher with members of the research sample and the extent of the impact on the expected results. and then not publish the results of research, with its moral and material losses of the respondents, as well as in the conclusion of research presented a set of recommendations and proposals.

**The key words of the study are (ethics, anthropological researcher)**

## بەشی یەکەم :رەهەندەکانی توێژینەوەکەو دیاری کردنی چەمکەکان:

## باسی یەکەم :رەهەندەکانی توێژینەوەکە :

### ١-گرفتی توێژینەوەکە :

دیاریکردنی گرفت لەسەرەتاو دەستپێکی هەر توێژینەوەیەکدا، بە مەرجێکی بنچینەیی دادەنرێت، هەتا توێژەر لەسەرەتاوە چوارچێوەی کارەکەی لا روون بێت وبزانێت بە دووی سەلماندنی چ پەیوەندیەك یان چارەسەری چ گرفتێکەوەیە، گرفت بریتیە لەو گرێیەی توێژەری دەیەوێت بیکاتەوە و لەخەمی یەکلایی کردنەوەیدایە، بۆیە گرنگترین کارێك توێژەر لە دەستپێك و سەرەتای توێژینەوەکەیدا بیکات، پوختەکردن وپاکردنەوەی گرفتی توێژینەوەکەیەتی لە بابەتەکانی تر، هەتا لای روون بێت ئەوەی دەیەوێت بیڵێت لەم توێژینەوەیدا چیە؟ گرفتی ئەم توێژینەوەیەش بریتیە لە روونکردنەوەی رەوشی کایە ئێتیکیەکان لە توێژینەوەی کۆمەڵایەتیدا .

### ٢-گرنگی توێژینەوەکە :

سەرەرای ئەو گەشەکردنەی لە رووی چەندایەتیەوە لە زانکۆو خوێندنی باڵای کوردستاندا هاتووەتە ئاراوە لە رووی چۆنایەتیەوە تا ئێستا فیلتەرێکی کارا بۆ چاودێری گرفتە ئاکاریەکانی توێژینەوە لە ئارادا نیە، بۆیە نەك توێژینەوە بەڵکو قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە لە ناوەندەکانی توێژینەوەدا بایەخی زانستی دەداتە پرسێك کە تا ئێستا کاری لەسەر نەکراوە، ئەم توێژینەوەیە لە رووی تیۆریەوە خزمەت بە ناساندنی کایەیەك دەکات کە هێشتا توێژەرانی کوردستان ئاشنای کارکردن نین تیایدا، لە رووی پراکتیکیشەوە دەکرێ وەزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی لە کوردستان یان زانکۆ وداموودەزگا بەر پرسەکانی توێژینەوە لە کوردستاندا، لەبەر رۆشنایی ئەنجامەکانیدا بە کردەیی کار بۆ بەرجەستە کردنی پرەنسیپە ئێتیکیەکان بکەن و بیانکەن بە بەشێك لە رەفتاری توێژەران، بە تایبەتی بۆ کۆمەڵگای ئێمە کە هێشتا لە ژێر کاریگەری گروپە سەرەتاییەکانی وەکو خێزان و بنەماڵەو تیرەو خێڵدایە، هەر زیانێك بە تاکەکانی بگات لە سەر تەواوی خێزان و بنەماڵەکە هەژمار دەکرێت .

### ٣-ئامانجەکانی توێژینەوەکە :

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی مرۆیی تیۆری شیکاریە، ئەم جۆرە توێژینەوانەش بریتین لەوەی توێژەر لە ئەنجامی خوێندنەوەی پێشووتر و هەستکردن بە گرفتێك گریمانەی بوونی کەموکورتیەك دەکات لە بوارێکدا و لە توێژینەوەکەدا هەوڵی سەلماندنی دەدات(ابراهیم,٢٠٠٠، ٣٧ ) هەروەکو لە گرفتی توێژینەوەکەدا ئاماژەی پێکراوە دەیەوێت رەوشی بنەما ئێتیکیەکانی توێژینەوە روون بکاتەوە، ئەمەش گرفتێکی گشتیە وەکو پرسیاری لاوەکی دەکرێت ئامانجەکانی توێژینەوەکە لە چەند پرسیارێکدا بخرێتە روو، دوواتر توێژینەوەکە وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە .

١-ئێتیك و بەهاکانی توێژینەوەی زانستی و توێژەری کۆمەڵایەتی چین؟؟

٢-چۆن میتۆدەکانی توێژینەوە پیادە دەکرێت بێ ئەوەی دژایەتی بنەما ئاکاریەکان بکات؟؟

٣-بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی توێژینەوەی زانستی چیە لە توێژینەوە مرۆییەکاندا؟؟

٤-لە کوردستان چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەمانەدا دەکرێت و ئایا لێپرسینەوەی ئاکاری هەیە؟؟

### ٤-هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە.

وەکو هۆکارێکی بابەتیی، تا ئەو شوێنەی توێژەر ئاگادار بێت لە هەرێمی کوردستاندا نە دامەزراوەیەکی تایبەت و نە یاسایەکیش هەیە بۆ پاراستنی مافی ئەوانەی دەبنە ئەندامی نمونەی هەر توێژینەوەیەك، ئەوانەی توێژینەوەیان لەسەر ئەنجام دەدرێت ئەگەر ویژدانی توێژەر خۆی نەبێت، دەبنە قوربانی و لایەنێك نیە داکۆکیان لێ بکات، ئەمە لە کاتێکدایە لە زۆربەی کۆمەڵگاکانی تردا ئەم بابەتە گرنگی و بایەخی جدی پێ دراوە، بۆ نمونە لە ئەمریکا لە پەنجاکانی سەدەی رابردووەو بیری لە چوارچێوە ئێتیکیەکانی توێژینەوە کردووەتەوەو رێوشوێنی تایبەتی بۆ داناوەو دوواتریش لە بەریتانیا، لە ساڵی ١٩٩٢وە وە لە ئەڵمانیا هەردوو کۆمەڵەی کۆمەڵناسانی ئەڵمانی DGS)) و کۆمەڵەی


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

پیشەوەرانی کۆمەڵناسی ئەڵمانی BDS)) نەخشـەیەکی ئاکاری توێژینەوەیان دارشت و کۆمیسیۆنێکی پێنج کەسیان بۆ ئەم مەبەستە بە ناوی کۆمیسیۆنی ئێتیك پێكهێنا(ئێروانی، ٢٠١٥، تايبەت)کەچی لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئەم بابەتە فەرامۆش کراوەو بەبەراورد لەگەڵ کۆمەڵگاکانی رۆژئاوادا زۆر زیاتر پێویستمان بە دیاریکردنی چوارچێوەیەکی ئیتیکیە بۆ توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکان و ئەنجامدانی توێژینەوەی مەیدانی لە ناو کۆمەڵگاکەماندا .

## باسی دووەم :دیاری کردنی چەمکەکان:

دیاریکردن و پێناسەی چەمك و زاراوە زانستییەکانی هەر توێژینەوەیەك بە یەکێك لە پێویستیە میتۆدیەکان دادەنرێت. هەرچەندیش ئەم دیاریکردن و پێناسەیەش بە ووردی و روونی ئەنجام درابێت هێندەش خوێندنەوە و تێگەیشتن لە توێژینەوەکە بۆ خوێنەرانی ئاسانتر و روونتر دەبێت و توێژەریش زۆرتر بیری خۆی دەگەیەنێت(عقیل، ١٩٩٩، ٥)مەبەست لە دیاریکردنی چەمکەکانیش پێناسەی زانستیە، بۆ ئەوەی ئەم چەمکانە چی دەگەیەنن، چ مانایەك لە خۆ دەگرن و مەبەست لەم چەمکە چیە، بۆ چ مەبەستێك بەکارهاتووە(dectionery, ٢٠٠٢, ٢٤)، لەم توێژینەوەیەشدا ئەو چەمکانەی بە پێویست زانراون روون بکرێنەوە، بریتیین لە مانەی خوارەوە:

**١-ئاكار (اخلاق) (Ethic)**

ئاکار بریتیە لە کۆمەڵێك رێساو بنەمای تایبەتی سنوور بۆ رەفتاری تاکەکانی هەر کۆمەڵگایەك دادەنێن وئاراستەیان دەکەن(عمر.١٩٩٦، ٤٦ )لەم توێژینەوەیەشدا مەبەست لە ئاکارەکان ئەو رەفتارانەی هەر توێژەرێکی کۆمەڵایەتین کە تیایدا رەچاوی ماف و پاراستنی باری کەسایەتی و دەروونی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەی کراوە .

**٢- توێژینەوە (البحث) : (Research)**

قسەکردن لەسەر زانست بێ باسکردنی توێژینەوە نابێت و زانست بە بێ توێژینەوە بەدەست نایەت جگە لەوەی توێژینەوەی بەردەوام تەنیا سەرچاوەی پەرەسەندن ودەوڵەمەند کردن وبژێوی زانستە، بۆیە زۆربەی ئەوانەی لە بواری رێگاکانی توێژینەوەدا سەرقاڵی بیرکردنەوەو لێکدانەوە بوون هەوڵیان داوە پێناسەی توێژینەوە بکەن(ابراهیم،٢٠٠٠، ١٥)، یەکێك لەو پێناسانەی بۆ توێژینەوە کراوە دەڵێت مەبەست لە توێژینەوە ئەو گەرانەیە بە دووای مەعریفەو زانست و زانیاریدا کە خەسڵەتێکی وردو سیستماتیکی هەیە، هەوڵی دڵنیابوون لەو زانیاریانەش دەدات لە میانەی رێبازو رێگاو میتۆدی باوەڕ پێکراوەوە(عبیدات، ٢٠٠٥، ٣٨) لە پێناسەیەکی تردا هاتووە دەڵێت توێژینەوە بریتیە (لە پشکنین وگەڕان بە دووای مەعریفە وهەوڵدان بۆ ساخکردنەوەی بە شێوازێکی سیستماتیك ونەخشـەبۆدانراو وهەنگاو لە دووای هەنگاو، رەگەزەکانی بریتین لە بابەت، میتۆد، ئامانج) گرنگترین خەسڵەتەکانیشی بریتین لەوەی کە پرۆسەیەکی ئاڵۆزەو هەوڵوتەقەلاو ماندوبوونێکی زۆرو سیستماتیکی وپشکنینێکی ووردو شیکردنەوەیەکی پوختە وهەڵسەنگاندێکی رەخنەگرانەی دەوێت بە مەبەستی خزمەتکردنی ئامانجە گشتیەکان، ئامانجی توێژینەوە تێگەیشتن و شرۆڤە کردن و کۆنترۆڵ و پێشبینی کردنە(عمر.١٩٩٦، ٨٦) .

**٣-توێژەری ئەنترۆپۆلۆژی (الباحث الأنثروبولوجی) Anthropological Researcher)**

کەسێکی شارەزای بواری مرۆڤناسیە, رەگەزە جیاوازەکانی پەیوەست بە مرۆڤی خوێندووە, لە رووی بایۆلۆژی و کلتوریەوە,بۆ تێگەیشتن لە بنەچەی مرۆڤ و چۆنیەتی پەرەسەندن و پێگەیشتنی بیروباوەرو دابە و نەریت و خورەوشتە کۆمەلایەتیەکانی(dectionery, ٢٠٠٢,٣٢).

کەسێکی خاوەن پسپۆری تایبەتی وشارەزای بنچینەکانی توێژینەوەیەو چەند خەسڵەتێکی تایبەتی تێدایە وەکو شیکردنەوەی رووداوە مرۆیی وکۆمەڵایەتیەکان بە شێوەیەکی ئەقڵانی ودیاریکردنی هۆکارەکانی روودانی دیاردەکە و رەتکردنەوەی هەر جۆرە باوەرهێنانێك بەوەی کە رووداوەکە لە خۆوەو بە رێکەوتێکی مێژوویی روویداوە، هەروەها وەکو تێروانینی گشتگیریانە بۆ رووداوەکان وپارچە پارچە نەکردنیان وبروای تەواو بەوەی کە زانستی کۆمەڵناسی هەمیشە کراوەیە بۆ راستکردنەوە و داهێنان(میر، ١٩٨٣، ٣٨٢) .

بەشی دووەم :

## بنەما ئیتیکیەکان لە توێژینەوەی ئەنترۆپۆلۆژیدا

## باسی یەکەم :پەیدابوونی بابەتە ئیتیکیەکان لە توێژینەوەدا

گەشەکردنی زانست و فراوانبوونی توێژینەوەکان لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە، بووەنە هۆی درووستبوون و سەرهەڵدانی گەلێك لقی زانستی نوێ لە بواری مرۆیی و کۆمەلایەتیدا، یەکێك لەو لقە زانستیانە مرۆڤناسی بوو کە میتۆدی توێژینەوەی بریتی بوو لە توێژینەوەی مەیدانی (Field Work )و مانەوەی توێژەرەکانی لە ناو کۆمەڵگای توێژینەوەکانیاندا، وەکو توێژینەوەکەی (مالینوڤیسکی )لە سەر دورگەکانی (تروبریاند) و توێژینەوەکەی (ئیڤانز بر یتشارد) لە سەر خێڵەکانی (ئەزاندی) لە نێوان سودان و کۆنگۆ و توێژینەوەکەی (رادکلیف براون)لەسەر دانیشتوانی دوورگەکانی (ئەندامان)و ..هتد .

مانەوەی توێژەر لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا، وەك بوون بە ئەندام وابوو لەو کۆمەڵگایانەدا، شارەزای تەواوی نهێنیەکانیان و داب ونەریت و رێ ورەسمەکانی ئەو کۆمەڵگایانە دەبوو کە توێژینەوەی لەسەر دەکردن، جگە لەمەش مرۆڤناسەکان سەرەڕای پێکەوە ژیان و بەشداری کردنیان لە هەموو بۆنەو چالاکیەکاندا بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێك، هەواڵگر (Informant مخبر)()یشیان هەبوو، کاری ئەمانە پێدانی زانیاری و روونکردنەوەی نهێنیەکانی ژیانی رۆژانەی ئەندامانی تری کۆمەڵگاکە بوو، هەمیشە مرۆڤناسەکان زیاتر لە یەك هەواڵگریان هەبوو، تا تەواوی وردەکاریەکانی ژیانی کۆمەڵگاکەیان بۆ روون ببێتەوە(النوری، ١٩٨٠،٤٢٩)، سەرەڕای ئەمانەش بە نهێنی چەندین زانیاریان لەسەر کۆ دەکردنەوە، بۆیە لە سەرەتای درووستبوونیدا زانستی مرۆڤناسی وەکو زانستێکی ئیمپریالیزمی (استعماری) ناسرا، کاری توێژەرەکانی بە هەوڵی داگیرکەران درایە قەڵەم بۆ بەرێوەبردنی گەلانی داگیرکراو، بە تایبەتی دووای ئەوەی دەبینرا کە مرۆڤناسە بە ناوبانگەکان لە وەزارەتەکانی موستەعمەراتی بەریتانی و دەرەوەی ئەمریکاو وەزارەتی بەرگری و دامودەزگاکانی پەیوەست بە چۆنیەتی بەرێوەبردن و مامەڵە کردن لەگەڵ گروپە مرۆییەکانی وڵاتانی داگیرکراودا شوێن و پێگەیەکیان هەیەو کار لەگەڵ ئەمانەدا دەکەن، وەکو (هنری لویس مۆرگان) و (مارگریت مید) و (رۆس بندکت) و...هتد هەموو راوێژکار یان لە کەسە نزیکەکانی ئەم وەزارەتانە بوون، جگە لەمەش لە توێژینەوەکانیاندا دوواتر هەندێك کەموکورتی و نەخۆشی دەروونی و رەوشتی جیاوازی ئەم گروپانەیان وەکو نەخۆشی و کوموکورتیەکی گشتی بەسەر تەواوی کۆمەڵگا هاوشێوەکانیاندا دەگشتاند(الخیاط,٢٠١٠, ٤١)، بۆ ئەوەی ئەندامانی کۆمەڵگای توێژینەوەکانیان ئاگاداری ئەو دەرئەنجامانەو بڵاوکردنەوەیان بن، لە ئەنجامی ئەمانەدا، لە ناوەندەکانی توێژینەوەو لە زانکۆکانی تردا بیر لە دیوی نائاکاری ئەم توێژینەوانە کرایەوەو بیرۆکەی ئەوە پەیدابوو چوارچێوەیەکی ئاکاری دابنرێت هەتا توێژەران پابەندی بن، بۆیە دەبینین لە ریزی پێشەوەی ئەو پرەنسیپانەی بۆ بۆ ئاکاری توێژینەوە، دوواتر قەسەیان لەسەر کراوە بریتین لە ئاگاداربوونی ئەوانەی بە نمونە وەردەگیرێن لە ئامانجەکانی توێژینەوەو رێگا نەدان بە کۆکردنەوەی زانیاری بە شێوەیەکی نهێنی لە هەر کۆمەڵگایەکی توێژینەوەدا، دوواتر بریندار نەکردنی هەست و دەروونی ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایەی توێژینەوەیان لەسەر دەکرێت، کە هەموو ئەمانە لەسەرەتاکانی توێژینەوە مرۆڤناسیەکاندا دەبینران، بۆ ئەوەی مرۆڤناسەکان لەبەرچاویان بگرن، بەلام بوون بەسەرتایەك بۆ بیرکردنەوە لە چوارچێوەیەکی ئاکاری و رێکەوتنێك لە نێوان توێژەر و کۆمەڵگای توێژینەوەکەیدا .


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## باسی دووەم :بنەما ئیتیکیەکانی توێژینەوە

لەبەر ئەوەی رەوشت و ئاکارەکانی توێژینەوە لەسەر سیستەمە بەهاییە تایبەتەکانی هەر توێژەرێك درووست دەبن بۆیە یەكێكە لەو بابەتانەی لە نێوان زانایان و توێژەراندا گفتوگۆو مشتومڕی زۆری لەسەرکراوە، لەم بارەوە جیاوازی زۆر لە نێوان توێژەرانی بابەتەكەدا هەیە چونکە پێ دەچێت هەندێك لەم بنەما رەفتاریانە بەلای هەندێك کەسەوە پەیوەندی بە ئاکارەوە نەبێ و بە لای هەندێکی ترەوە بێ ئاکاری بن، ساغکردنەوەی ئەمە لە بواری توێژینەوە کۆمەڵایەتی و دەروونی و پەروەردەییەکاندا زۆر پێویستە چونکە مامەڵەی توێژەر راستەخۆ لەگەڵ تاکەکاندایە(ئێروانی،٢٠١٥،تایبەت) بۆیە ئەم باسە بەسەر دوو برگەی سەرەکیدا دابەش دەکەین لە برگەی یەکەم هەندێك لە بنەما ئیتیکیەکانی توێژینەوەی زانستی بە گشتی دەخەینەروو کە هەندێکیان بەشێکن لەو بنەما ستانداردەی کە لە بنکەکانی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی بەریتانیدا و لەسەرووی هەمووشیانەوە ئەنجومەنی توێژینەوە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان (Economic and Social Research Council) رەچاو دەکرێن (النوری، ١٩٨٠، ٤١)، و لە برگەی دووەمیشدا بنەمائیتیکیەکانی توێژەری کۆمەڵایەتی باس دەکەین وەکو خەسڵەت و تایبەتمەندی هەر توێژەرێك لەم بوارەدا.

یەکەم : بنەما ئیتیکیەکانی توێژینەوەی زانستی

**١-راستنوسین (Truthfulness):**

بینین و ساغکردنەوەی هەقیقەتەکان لە توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکاندا چەند توێژەرێکی زانستیان دەوێت بە هەمان شێوەش لە گواستنەوەیاندا توێژەرێکی پێویستە کە توێژینەوە بە ئامانجی زانستی و نەشێواندنی راستیەکان و گواستنەوەی زانیاریەکان وەکو خۆی بکاتە بنەمایەکی ئاکاری .

**٢-پیشەیی (Professionalism):**

پرۆفیشناڵی لە کاری توێژینەوەو کارکردن لە دامەزراوەو دامودەزگا زانستی و بنکەکانی توێژینەوەدا، خۆ تەرخانکردن بۆ توێژینەوە، دۆزینەوەو داهێنان و روونکردنەوەی گرفتەکان وەکو پیشەو ئەرکێك بەرامبەر کۆمەڵگاو مرۆڤایەتی .

**٣-سەربەخۆبوون و بێ لایەنی(Independence and Impartiality)(التجرد القیّمی):**

خۆ داماڵین لە بەها پێشینەکانی وەکو ناوچەگەرێتی(قاسملو، ٢٠٠٦، ٧٢) و خزمایەتی و حیزبایەتی و ئاینداری و ..هتد، ئەگەرچی لە رووی پراکتیکیەوە هەنگاوێکی سەختە(الزیباری. ٢٠١١، ٤١) مرۆڤ تەواوی بیروباوەڕو بۆچوونە پێشینیەکانی بەلاوە بنێت بەڵام یەکێکە لە پرەنسیپەکانی شیکردنەوەی زانستی .لە کاتی توێژینەوەدا توێژەر، جگە لە توێژەر بوون خۆی بە هیچ لایەنێکی تر دانەنێت .

**٤-سەلامەتی (Safety):**

پاراستنی سەلامەتی گیان و ناو ناوبانگ و ئازارنەگەیاندن بە ئەوانەی هاوبەشی توێژینەوە دەکەن، واتە گەرەنتی پاراستنیان بکرێت نەك بە هۆی بڵاوکردنەوەی ئەو زانیاریانەوە لە ئایندە رووبەرووی مەترسی و هەرەشە ببێتەوە، یان باج و ئەرکێکی داراییان بکەوێتە ئەستۆ، توێژەر هەمیشە دەبێ ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی بۆ خۆشی و قازانج و چارەسەری گرفتەکان بەکاربێنێ چونکە زانستی بێ ئاکار دەبێتە مایەی بەڵاو نەهامەتی بۆ مرۆڤایەتی (غامری، بێ سال، ١١٨)نەك سەلامەتی، لەم بارەوە ئەو رەخنانەی لە سیەکان و چلەکانی سەدەی رابردوودا لە ئەنشتاین گیران باشترین نمونەی داماڵینی ئاکارە لە زانست .

**٥-متمانە (Trust):**

وەك بنەمایەکی ئاکاری دەبێ توێژەر خۆی لەسەرەتادا متمانەی تەواوی بە زانست و رۆڵی زانست هەبێ لە چارەسەرکردنی گرفتەکاندا وبڕوای بەوە هەبێ کە زانستە مرۆڤ دەگەیەنێتە راستیەکان و لە لایەکی تریشەوە دەبێ نەك هەر ئەندامانی نموونەکەی بەڵکو ئەو دەزگایە یان ئەو دامەزراوە زانستیەی کاری توێژینەوەی تێدا دەکات دڵنیا بکاتەوە کە جگە لە ئامانجی زانستی هیچ مەبەستێکی تر لە پشت کارەکانیەوە نیە، هەروەها درووست بوونی متمانە لە نێوان توێژەر و ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەدا چ بۆ پێدانی زانیاری یان دڵنیا بوون لە ئاکام و

ئەنجامەکانی کاریکە دەکەوێتە ئەستۆی توێژەر، دەبێ هەر لەسەرەتاوە بۆ لێتوێژەران روون بکرێتەوە .

**٦-رازی بوون (Consent):**

رەزامەندی و بەشداریکردنی هۆشیارانە بنەمایەکی ئاکاری توێژینەوەیە، پێویستە لەسەرەتادا توێژەرو ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە لە فۆرمێکی گرێبەستدا واژۆی دەق رەزامەندی بکەن، لێتوێژەر بەوە رازی بێت کە زانیاریە کەسیەکانی وەکو سەرچاوەیەکی توێژینەوە بەکاربێت، توێژەر پارێزگاری لەو فۆرمە بکات، ئیستا بە دزیەوە چاودێری کردنی ئەندامانی نمونەی توێژینەوە، بە پرسێکی گرنگ و کێشەیەکی ئاکاری توێژینەوە دادەنرێت، هەروەکو (کای ئەریکسۆن)دەڵێت بە نهێنی وەرگرتنی زانیاری یەکێکە لەو فاکتەرانەی ئابرووی توێژینەوە کۆمەڵایەتی و مرۆڤناسیەکان دەبات، لە ناو کۆمەڵگاکاندا رەنگدانەوەی خراپی دەبێت لەسەر توێژینەوەکانی تریش، هەروەها لە ئایندەشدا کار لە هەر پرۆژەیەکی توێژینەوە دەکات (السماك، ١٩٨٦، ١٥٨)، سەرەتاکانی توێژینەوە مرۆڤناسیەکان لە رۆژئاوا بەم جۆرە دەستیان پێکرد، کاتێك مرۆڤناسەکان بە مەبەستی دابینکردنی پێویستیەکانی بەرێوەبردنی کۆمەڵگا داگیر کراوەکان لە لایەن ئیمپریالیزمەوە، وەکو گەریدەیەك لە ناو ئەو کۆمەڵگایانەدا مانەوەو لە نزیکەوە و بە نهێنی توێژینەوەیان لەسەر داب ونەریت و پێکهاتەو دابەشبونی دەسەڵات و خاڵە لاوازو بەهێزەکانی ئەم کۆمەڵگایانەیان دەکرد .

**٧- ئەمانەتی زانستی ((Integrity :**

دەبێ هەر توێژەرێك هەڵگری ئەم ئاکارو رەوشتە بەرزە بێ(الحسن، ١٩٨٢، ٧٧) گواستنەوەی زانیاریەکان وەکو خۆیان و شیکردنەوەی لۆژیکی بۆ لێکدانەوەو خوێندنەوەی ئەو رەوشەی توێژینەوەی تێدا دەکرێت، یان گواستنەوەی ئەو بارەی کە تیایدا لێتوێژەر ئەو زانیاریانەی داوە ئەمانەتێکی زانستی و بنەمایەکی ئاکاری گرنگە لە ئەستۆی توێژەری زانستی، سەرەتایەکە بۆ چەواشەنەکردن و خستنەرووی راستیەکان

**٨- بابەتی بوون(Objectivity):**

ئەگەر بڵێین بابەتی بوون تەواوی خاڵەکانی سەرەوە کە ئاماژەمان کردووە دەگرێتەوە زێدەرۆییمان نەکردووە، چونکە یەکێك لە بنەما زانستیە هەرە گرنگەکانی توێژینەوەی زانستی بابەتی بوونی توێژەرە، بەڵام چۆن ئەمە وەکو ئاکارێکی توێژینەوە دەپارێزرێت و لەسەرەتاوە تا کۆتایی لەم سنوورە دەرناچێت، ئەویش بە پابەندبوون دەکرێت بە کۆی خاڵەکانی سەرەوە، بابەتی بوون پێچەوانەی خودیە، ئەمە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە سەختە دیاردە کۆمەڵایەتیەکان بابەتیانەو دوور لە سۆزو حەزە کەسیەکان توێژینەوەیان لەسەر بکرێت، واتە خودی توێژەر خۆی دەبێتە بەشێك لە بازنەی توێژینەوەکە، و زۆرجار خۆی لە بەردەم کاریگەری سۆزو بیروبۆچوون و ئاراستە پێشینەییەکانیدا دەبینێتەوە لەبارەی گرفتەکەوە، هەروەکو توێژەر زامنی وەڵامدانەوەیەکی بابەتی ناکات لە لایەن ئەو تاك و گروپانەی توێژینەوەکەیان لەسەر دەکات.

**دووەم : بنەما ئیتیکیەکانی توێژەر ئەنترۆپۆلۆژی**

لەرووی هاندانەوە بۆ توێژینەوە سێ جۆری توێژەری کۆمەڵایەتی هەیە :

١-هەندێك توێژەری هەیە هەست وتوانا ومەیلە زانستیەکانی هاندەرو پاڵنەرین بۆ توێژینەوە لە بابەتێکی دیاریکراو هەتا برێکی زانستی نوێ بخاتە سەر ئاستی زانستی کەڵەکەبوو لە بوارەکەدا،

٢-هەندێك توێژەری تر لە پێناو وەرگرتن وبەدەستهێنانی بەخشیەك یان برە پارەیەکدا توێژینەوە لەسەر بابەتێك دەکەن، زیاتر ئامانجیان لایەنێکی مادیە .

٣- ئەو توێژەرانەن، کە توێژینەوە لە پێناو بە دەستهێنانی بروانامەیەکی ئەکادیمی دیاریکراو دەنوسن وەکو بەکالۆریۆس یان ماستەر یان دکتۆرا یان بۆ بەرز کردنەوەی پلەی زانستی لە ریزبەندی ئەکادیمی زانکۆییدا ئەمەش ناراستەخۆ زیاتر لە ژێر پاڵنەری پلەوپایە یان ئاستێکی مادی دیاریکراودان نەك ئەوەی لە راستیدا دەبێ ئامانجی توێژینەوەی زانستی بێت وەکو گەیشتن بە تیۆرێك یان یاسایەك یان پرەنسیپێك

یان گشتاندنێکی لۆژیکی(الخیاط,٢٠١٠, ٤١) .لێرەوە زۆرجار توێژەران بە تێروانین بۆ ئامانجەکانیان شێوازو چۆنیەتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ بەرامبەر و ئەندامانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەیاندا لەبیردەکەن و ماف ورەچاو کردنی باری دەرونی و کۆمەڵایەتیان فەرامۆش دەکەن، کۆمەڵەی توێژینەوە پەروەردەییەکانی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٩١دا چەند پێوەرێکی خستووەتە روو هەتا توێژەرانی کۆمەڵایەتی پابەندیان بن بۆ تەندرووستی توێژینەوە و کۆمەڵگای توێژینەوەکەیان، ئەو پێوەرانەش بریتین لە(علیان، ٢٠٠٤، ٢٦٨) :-

١-مافی هەموو ئەندامانی نمونەکەیە یان مافی سەرپەرشتیارو بەخێوکەریانە لە مەترسی ورەنگدانەوە نەرێیەکانی ئەو توێژینەوەیە ئاگاداربن، بۆیە رەزامەندیان وەربگرن پێش ئەوەی بەشداریان پێ بکەن و وەکو نمونەیەك بۆ توێژینەوەکانیان بەکاریان بێنن، بە تایبەتی ئەگەر ئەندامانی نمونەکە هۆشیاری تەواویان نەبێت  لە بارەی مەترسیەکانەوە دەبێ دایك وباوك یان بەخێوکەرو سەرپەرشتیارانیان لەمە ئاگادار بکرێنەوەو رەزامەندی پیشان بدەن .

٢-نابێ توێژەران پێگەو پلەو پایەو دەسەڵاتی خۆیان بۆ ناچارکردنی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە بەکاربێنن و ناچاریان بکەن بۆ مانەوەو درێژەدان تا کۆتایی توێژینەوەکە بەڵکو مافی ئەندامانی کۆمەڵگای توێژینەوەکەیە لە هەر کات و ساتێکدا بکشێنەوە، یان هەر لە سەرتادا بەشداری لەو جۆرە توێژینەوەیدا نەکەن، جاری وا هەیە بە فەرمانی بەرێوە بەرێك یان بەرپرسی فەرمانگەیەك، تەواوی فەرمانبەران یان خوێندکاران لە هۆڵێکدا کۆ دەکرێنەوەو دوواتر فۆرمی توێژینەوەیەکیان بەسەردا دابەش دەکرێت، داوایان لێ دەکرێت ئەو فۆرمە پڕ بکەنەوە، لەکاتێکدا هیچ زانیاری و هۆشیاریەکیان نیە لەبارەی ئامانج و ئایندەی ئەو زانیاریانەوە .

٣-دەبێ توێژەر رەچاوی سیاسەت وبەرنامەو نەخشەو پلانی ئەو زانکۆو دامەزراوەو دامودەزگایە بکات، کە توێژینەوەکەی بۆ دەنووسێت و پابەندی رێنمایی و داخوازیەکانیان بێت چ لە بارەی کاتی تەرخانکراو یان ئامانج لە توێژینەوەو دەرئەنجامەکانیەوە .

٤-لەبەرچاو گرتنی پاکی و راستگۆیی لە پەیوەندیەکانیدا، لەگەڵ ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەی، یان لەگەڵ نوێنەرانی دامودەزگاو دامەزراوەکەی،

٥-رەچاوکردنی جیاوازیە کلتوری و ئاینی و جێندەریەکانی کۆمەڵگای توێژینەوەکە و کاریگەریەکانی لەسەر پرۆسەی توێژینەکەو راپۆرتی کۆتایی .

٦-خۆدوور گرتنی توێژەر لە بەکارهێنانی هەموو ئەو میکانیزمانەی رەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی خراپیان دەبێت بەسەر ئەندامانی نموونەکەیدا وەکو چاوپێکەوتن لە کاتی گرنگ و زیان پێگەیاندنی مادی و کۆمەڵایەتی، بۆ نمونە وەرگرتنی زانیاری ببێتە هۆی دوواکەوتنیان لە وانەکانیان یان لەکارەکانیان یان بەشداری نەکردنیان لە بۆنەیەك .

٧-مافی هەر ئەندامێکە لە بەشداربووان یان یارمەتیدەرانی توێژەر ناسنامەی خۆیان ئاشکرا نەکەن، پێویستە توێژەر پارێزگاری لە نهێنیەکانیان بکات .

هە ندێك لەو بنەما ئیتیکی و بەها مرۆییانەی کە پێویستە لەهەر توێژەرێکدا هەبن بە کورتی دەخەینە روو :

١- راستگۆیی.:

ئاشکراکردنی لایەنی سوود مەند و سەرچاوە داراییەکان و ئاستی دەست رۆیشتوویی توێژەر بەسەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکەو مامەڵە کردن لەگەڵیاندا .

٢- نهێنی زانیاریەکان:

شوێنی مانەوەی زانیاریەکان و ئەوە کێیە بڕیار دەدات بە بڵاوکردنەوەیان خاڵێکی گرنگە بۆ لێتوێژەران ئەگەر بە هۆشیاریەوە بەشداریان لە توێژینەوەکەدا کردبێت، دەبێ توێژەر نەك هەر ناوەکانی بە ئاشکرایی باس نەکردبێت بەڵکو ئاماژەو هێمایەکی وا لە توێژینەوەکەدا نەبێت لە رێگەیانەوە کەسەکان بناسرێنەوە مەگەر لێتوێژەران خۆیان رەزامەندی بدەن لەسەر ئەو ناسینەوەیە .

٣-دادپەروەری :

دەبێ ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە لە هەموو وردەکاریەکان و تەواوی لایەنەکانی توێژینەوەکە ئاگابن و گرنگی و دەستکەوتە زانستیەکانی

توێژینەوەکە کاری هەمووانە و دەبێ سوپاس و پێزانین و ڕێزلە هاوکاریەکانیان بگیرێت

٤-دەست وداوێن پاکی:

توێژەر وەکو خاوەن خەسڵەتێکی دەست پاکی دیاردەکان بە وردی و وەکو خۆیان دەبینێ و هەر بەو جۆرەش وەسفیان دەکات، نەك لە نێوانیاندا ئەوانە هەڵبژێرێت کە دەیەوێت و ئەوانەش بەلاوە بنێت کە ئارەزووی لێ نیە، دەبێ ئەنجامەکان وەکو ئەوەی بەدەرکەوتن ئاشکرا بکات نەك وەك ئەوەی ئەو دەیەوێت، هەروەها دەبێ دەستپاك بێ بەرامبەر هەموو ئەو زانیاریانەی لە هەر سەرچاوەیەکەوە وەریان دەگرێت (الخیاط,٢٠١٠, ٢٣٠) .

٥-بەخشندەیی :

توێژەری کۆمەڵایەتی گفتوگۆومشتومڕ لە بارەی بیروبۆچونەکانیەوە ناکات لەگەڵ کەسانی تردا، چونکە مشتومڕ جۆرێك لە لایەنگیری پێوەیە، کەسی مشتومڕکەر باوەڕی تەواوی بە بیروبۆچوونەکانیەتی ودەیەوێت بەسەر کەسانی تردا بیسەپێنێت، بەڵام توێژەری زانستی پشت بە سەلماندن و تێبینی و پێوانە دەبەستێ، دوژمنکاری لە دەربڕینەکانیدا نیە بەڵکو بەخشندەو لە گفتوگۆی بەردەوامدایە لەگەڵ سروشت ودیاردەو گرفتەکانیدا(عبیدات، ٢٠٠٥، ٣٨)هەروەها بە ڕێزەوە سەیری ئەنجام و بەرهەمی هەر توێژەرێکی تر دەکات .

## بەشی سێیەم :بەرپرسیاریەتی توێژەر و میکانیزمەکانی چاودێری بنەما ئیتیکیەکان

### باسی یەکەم : بەرپرسیاریەتی توێژەری ئەنترۆپۆلۆژی و توێژینەوە لە کوردستان:

لەم دە ساڵەی رابردوودا کوردستان گۆڕانکاریەکی گەورەی بە خۆیەوە بینیوە لە رووی چەندایەتی توێژینەوە لە بواری زانستە کۆمەڵایەتیەکان بە گشتی، چ بە هۆی کردنەوەی چەندین زانکۆو کۆلێژ و بەشی جیاوازەوە بێت لە ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان یان ئەو رووکردنە زۆرەوە بێت بۆ تەواو کردنی خوێندن و زۆربوونی ژمارەی هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتیەکاندا، یان بە هۆی کرانەوەو رووتێکردنی توێژەرانی بیانی و زۆربوونی سەنتەرو رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و توێژینەوەو هاتنی توێژەرانی بیانیەوە بێت بۆ کوردستان، هەندێك جار ئاماژە بەوە دەکرێت کە لەگەڵ سوپای هاوپەیمانی نێودەوڵەتیدا کە لە ٢٠٠٣هوە هاتون بۆ عێراق چەندین توێژەری ئەنترۆپۆلۆژیان لەگەڵە.

لە لایەکی تریشەوە بە هۆی ئەو رەوشە سیاسی و داگیرکردنەی کوردستانی پێدا تێپەڕیبوو لە رابردوودا، کۆمەڵگای کوردی زۆر درەنگ کەتووەتە بەر دیدو رەخنەو توێژینەوەو توێژەرانی زانستیەوە، هێشتا هەموو بوارەکانی ژیانی کوردەواری وەکو کێڵگەیەکی بە پیت توێژینەوەیان لەسەر نەکراوەو دەکرێ توێژەرانی ئەنترۆپۆلۆژی کارامە توێژینەوەیان لەسەر بکەن، ئیتر لەم ماوەیەدا کوردستان لە هەموو بوارەکانیدا توێژینەوەی لەسەر دەکرێت، ئەمەش دەخوازێت وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی وزانکۆکانی کوردستان و ناوەندەکانی توێژینەوەو دامودەزگا بەرپرسەکان لەم بوارەدا لە خەمی دانانی چوارچێوەو چەندپرەنسیپێکی ئاکاریدا بن بۆ بەرپرسیار کردنی توێژەران لە پێگەیاندنی هەر زیان و ئازارێکی جەستەیی و دەروونی ئەوانەی توێژینەوەیان لەسەر دەکەن .

هەروەکو چۆن لە بەئەنجام گەیشتن و دۆزینەوەی هەر مەعریفەیەکی زانستیدا توێژەر خۆی بە خاوەنی ئەو داهێنانە دەزانێت، پێویستە بە هەمان شێوەش توێژەری ئەنترۆپۆلۆژی خۆی بەرامبەر بڕیارەکانی لە توێژینەوەکەیدا بە بەر پرسیار بزانێ و پەلە لە دەرکردنیاندا نەکاو بانگەشەی هیچ ئەنجامێکی زانستی پێش وەختە نەکات، بانگەشەی ئەوەش نەکات کە توانیویەتی وەڵامی هەموو پرسیارەکان بداتەوەو بەو پەڕی راستیەکان گەیشتووە، ئەمە بەر پرسیاریەتیەکی ئاکاری و زانستی گرنگە لە ئەستۆی توێژەر، ئێستا بە هۆی زیاتر پشت بەستان بە ئەنجامی توێژینەوە زانستیەکان و پراکتیزە کردنیان لە ژیانی کردەییدا، رۆژ لە دووای رۆژ گرفتی ئاکاری و کۆمەڵایەتی زیاتر دێنە ئاراوە، بەرپرسیاریەتی زیاتریش دەکەوێتە ئەستۆی توێژەران لە بارەی تا چەند پابەندی بنەما ئاکاریەکان دەبن بەرامبەر کۆمەڵگاو نمونەی توێژینەوەکانیان، بەو پێیەی توێژەری کۆمەڵایەتی بە گشتی لە بوارێکی دیاریکراودا کار دەکات و لە هەمان کاتیشدا هاوڵاتیەکی


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

[32] Zumrawi, M. M., & Edrees, S. A. S. (2016). Comparison of Marshall and Superpave asphalt design methods for Sudan pavement mixes. International Journal of Scientific and Technical Advancements, 2(1), 29-35.

[33] Ahmed, H. U., ABDULLAH, W. A., Omar, S. M., ALSHKANE, Y. M., & MAHMOOD, A. O. (2020). Practical Field Investigation to Indicate Common Flexible Pavement Distresses that Occur in the Malik Mahmood Ring Road-Sulaimaniyah City. Journal of Duhok University, 23(2), 173-182.

# لێکەوتەکانی بەکارهێنانی ئامێرە ئەلکترۆنیەکان (ئایپاد بەنمونە) لەلای منداڵانی باخچەکانی ساوایان

**جوان بهاءالدين علی**[1]

[1]بەشی پەروەردە و دەرونزانی، بەشی پەروەردە و دەرونزانی، زانکۆی کۆیە ،شاری کۆیە، هەرێمی کوردستان، العراق

Corresponding author's e-mail: jwan.bahaden@koyauniversity.org

## پوختەی توێژینەوەکە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیبوو لە ئاشکراکردنی لێکەوتەکانی بەکارهێنانی ئامێرە ئەلکترۆنیەکان (ئایپاد بە نمونە) لەسەر منداڵان بۆ هەریەك لە لایەنەکانی (کۆمەڵایەتی و دەروونی و جەستەیی و زمانی) بە شێوەیەکی گشتی و بە پێی گۆڕاوەکانی ڕەگەز و تەمەن و کاتی خایەنراو بۆ ئەو مەبەستەش پێوانەیەك ئامادەکراکە لە (٣٠) بڕگە پێکهاتبوو بەرامبەر هەر بڕگەیەك بژاردەکانی (هەمیشە وایە,زۆرجاروایە, هەندێکجار وایە,کەمجار,هەرگیز وانیە) هەبوو, توێژەر(٧٠) فۆرمی دابەشکرد بەسەر بەخێوکەرانی منداڵان بە شێوەیەکی مەبەستدار و دواتر (٥١) فۆرم گەڕایەوە کە (٢٨)کوڕ و (٢٣)کچ بوون, دوای شیکردنەوەی ئەنجامەکان دەرکەوت کە کاریگەری بەکارهێنانی ئایپاد لەسەر هەر چوار بوارەکە هەیە و زیاتر کاریگەری هەیە لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی , هەروەها دەرکەوت کە بە پێی هەردوو گۆڕاوی (تەمەن و ڕەگەز) جیاوازی نەبوو لە نێوان ئەندامانی سامپڵی توێژینەوەکە بەڵام بە پێی (کاتی خایەنراو لە یاریکردنی منداڵ بە ئایپاد لە ڕۆژێکدا) ئەنجامەکان دەریانخست کە جیاوازی بەڵگەداری هەیە بەجۆرێك تا ژمارەی کاتژمێرەکانی بەکارهێنان زیاتر بێت ئەوا کاریگەری زیاتر دەبێت لەسەر منداڵەکان.

**کلیلە وشەکان**: لێکەوتە, ئامێرە ئەلکترۆنیەکان, ئایپاد .

## Abstract

The aim of the current research is to identify the implications of using electronic devices (iPad as an example) by kindergarten children of (social, psychological, physical-physical and linguistic), Aspects in general and according to the variables of sex, age and time spent in using electronic means, for that purpose a scale consisting of (30) items and with (always, a lot, sometimes, a little, never) choices, the scale was distributed on (70) children selected intentionally and the sample totally was (51), with (28) boys and (23) girls .

Finally, the results showed that there is an effect of the iPad on all four aspects in general and especially the social aspect, and the results also showed that there were no statistically significant differences between children in the impact of the iPad according to the (gender and age) variables,

but there was statistically significant differences between children in the impact of the iPad device according to (time spent in using iPad), So that the more time in using the leads to more impact on children in all the aforementioned aspects.

**Key Words**: implications, electronic devices, iPad.

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| بەرگ | ٦ ژمارە ١ ساڵی(٢٠٢١) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٠/١١/٦ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢١/١/١٦ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢١/٣/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | jwan.bahaden@koyauniversity.org |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢١ د. جوان بهاءالدين علی، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

# بەشی یەکەم

## ناساندن بە توێژینەوەکە

### یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە:

گەشەسەندنی تەکنەلۆژیا بووەتە بوویەرێك کە سەردەمی ئێستای کردوەتە سەردەمی شۆڕشی تەکنەلۆژی , ئەم شۆڕشە تەنها لە ڕووی گەشەی جۆری داهێنانە یەك لە دوای یەکەکانی تەکنەلۆژیاوە نیە بەڵکو لە ڕووی چەندیشەوە بەرهەمە جۆراوجۆرەکانی تەکنەلۆژیا گەیشتۆتە دەستی ژمارەیەکی زۆری بەکارهێنەرانەوە لە سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگا, ئەم تەکنەلۆژیایە بەشێوەیەك دروستکراوە کە زۆر بەئاسانی بەکاربهێنرێت لەلایەن سەرجەم تەمەنەکانەوە بۆ مەبەستە جیاجیاکان وەك فێرکردن و کات بەسەربردن و بازاڕکردن و... هتد, منداڵانیش ئەو توێژەن کە لەو شەپۆلەی شۆڕشی تەکنەلۆژیا بەدەرنین و بەشێوەیەکی بەرچاو تەکنەلۆژیا نوێیەکان بۆمەبەستی کات بەسەربردن و یاری و فێربوونی بابەتە هەمەچەشنەکان بەکاردەهێنن.

منداڵ لە کۆمەڵگای کوردیشدا وەك دیاردەیەکی باوی سەردەم بوونەتە بەکارهێنەری تەکنەلۆژیا نوێیەکان و ئامرازە ئەلکترۆنیە هاوچەرخەکانی وەك ( مۆبایل وئایپاد و لاپتۆپ و پرۆگرام و یاریەکانی ئەو ئامرازە ئەلیکترۆنیانە) کە هەندێکجار بەخێوکەرانی منداڵەکان زۆر بێباکانە و بەخەیاڵێکی ئاسودە ئەو ئامرازانە دەدەنە منداڵکانیان بێ بیرکردنەوە لە لێکەوتەکانی بەکارهێنانی ئەو ئامرازانە یان بە ئاگانەبوون لە لایەنە باش و خراپەکانی ئەو ئامرازانە لە نێویشیاندا ئامێری ئایپاد کە زۆرترین تەکنەلۆژیای بەکارهێنراوە لەسەردەمی ئێستا لەلایەن منداڵانەوە.

بۆیە کێشەی ئەم توێژینەوەیە لە ئاشکراکردنی ئەو لێکەوتانە خۆی دەبینێتەوە کە لەئەنجامی بەکارهێنانی ئامێرە ئەلکترونیەکان بەتایبەتی لە بەکارهێنانی ئایپادەوە دروست دەبن لە لایەنەکانی (کۆمەڵایەتی و دەروونی و جەستەیی و زمانی) لەلای منداڵانی باخچەکانی ساوایان.

### دووەم: گرنگی توێژینەوەکە:

وەك هەموو توێژینەوەیەکی دیکەی زانستی ئەم توێژینەوەیەش بایەخی زانستی خۆی هەیە, یەکێك لە گرنگیەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە توێژینەوە ئەنجامدەدات لەسەر بەکارهێنانی ئامێرە ئەلکترۆنیەکان و ئایپاد بە نمونە کە بووەتە دیاردەیەکی هاوچەرخی لێشاوی گەشەی تەکنەلۆژیای سەردەم و لێکەوتەکانی لەسەر لایەنەکای (کۆمەڵایەتی و دەروونی و جەستەیی و زمانی) منداڵانی باخچەکانی ساوایان لە ڕوانگەی بەخێوکەرانەوە کە لە ئێستادا بووەتە گرفتێکی باو لەنێو خێزانەکان چونکە بە پێی ئەوەی کە توێژەر تێبینی کردووە کە ڕێژەیەکی زۆری خێزانەکان ئامێری ئایپادیان خستوەتە بەردەستی منداڵەکانیان بۆ کات بەسەربردن و سەرقاڵکردنیان بەبێ بیرکردنەوە لە لێکەوتە خراپەکانی ئەم ئامێرە لە ئایندەدا.

گرنگیەکی تری ئەم توێژینەوە ئەوەیە کە سامپڵی توێژینەوەکە لە توێژی منداڵانن کە بەکارهێنەرێکی بەرچاوی ئامێری ئایپادن, بەتایبەتیش لەبەر ئەوەی کە سامپڵی توێژینەوەکە منداڵانی باخچەکانی ساوایانن کە لە قۆناغێکی هەستیاردان لە گەشەی جەستەیی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و زمانی, بەجۆرێك بونی کەم و کورتی و نادروستی لەگەشەی ئەو لایەنانە لەوقۆناغە هەستیارەی تەمەندا لەوانیە لێکەوتەیەکی وەهای لێبکەوێتەوە کە تا کۆتایی تەمەن تاك پێوەی بناڵێنێت, دوا گرنگیش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە دەکرێت سوود لە دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە وەبگیرێت و لەلایەن بەخێوکەران و دەزگا پەروەردەییەکانەوە .

### سێیەم: ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانە خۆی دەبینێتەوە:-

١. خستنەڕووی لێکەوتەکانی بەکارهێنانی ئامێرە ئەلکترۆنیەکان (ئایپاد بە نمونە) لە لایەن منداڵانەوە بۆ هەریەك لە لایەنەکانی (کۆمەڵایەتی و دەروونی و جەستەیی و زمانی) بە شێوەیەکی گشتی .

٢. خستنەڕووی لێکەوتەکانی بەکارهێنانی ئایپاد لەسەر منداڵ لە لایەنەکانی (کۆمەڵایەتی و دەروونی و جەستەیی و زمانی) بە پێی گۆڕاوەکانی

(ڕەگەز و تەمەن)ی منداڵەکان و (کاتی بەکارهێنانی ئایپاد لە ماوەی ڕۆژێکدا) لە لایەن منداڵەکانەوە .

چوارەم: سنوری توێژینەوەکە:

سنوری ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە سەرجەم منداڵانی باخچەکانی ساوایان لە ڕێگەی بەخێوکەرانیانەوە بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٨- ٢٠١٩ .

پێنجەم: پێناسەی زاراوەکان:

• ئایپاد: ئەو ئامێرەیە کە شاشەیەکی روو ساڤی و کارلێکیی هەیە و بە ئاسانی هەڵدەگیرێت و بە دەست لێدان بەکاردەهێنرێت ,لە ڕِێگەی ئەم ئامێرەوە دەتوانرێت چەندین بەرنامەی تیادا دابەزێنرێت کە گونجاوبێت لەگەڵ منداڵ(باحاذق و ترکستانی,٢٠١٥:ل١٥٧) .

• لێکەوتەکانی بەکارهێنانی ئامێرە ئەلکترۆنیەکان: بریتیە لە تیکرِای ئەو نمرانەی کە ئەندامانی سامپڵی توێژینەوەیە بەدەستی دەهێنن دوای وەڵامدانەوەی باوانیان لەسەر برِگەکانی ئەو پێوانەیەی کە لەم توێژینەوەدا بەکاردەهێنرێت بۆ ئاشکراکردنی لێکەوتەکانی بەکارهێنانی ئایپاد لەلایەن منداڵانەوە .

## بەشی دووەم

## تەوەری یەکەم:چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە

### یەکەم: ئامێرە ئەلکترۆنیەکان و میدیای نوێ

لەم چارەکەسەدەی ڕابردوودا گەشەسەندنی بواری تەکنەلۆژی و میدیای نوێ بەشێوەیەکی بەرچاو شەقاوی زۆر گەورەی ناوە لەڕووی جۆریەوە و چەندین ئامێری زیرەك و پرۆگرام و ئەپلیکەیشنی جۆراوجۆر هاتوەتە ئاراوە کە مرۆڤ لە خزمەتی پێداویستیەکانی خۆی بەکاری دەهێنێت, لە ڕووی چەندیشەوە لە ئێستادا ئەم ئامێرانە لەزۆرینەی ماڵەکاندا بەردەستە و لە هەموو تەمەنەکاندا دەتوانرێت بە سانایی بەکاربێت, میدیای نوێ پێدەنێتە قۆناغێکی نوێوە کە سەرەتاکەی دەگەرِێتەوە بۆ هارۆڵد ئینس لە پەنجاکان و مارشاڵ ماکلۆهان لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو بۆ تێگەشتن لە لۆژیکی میدیای نوێ پێویستە پەنا بەرینە بەر زانستی کۆمپیوتەر کە مەرجی نوێ لە خۆ دەگرێت و بۆ کارکردن لە بواری میدیای نوێ دەبێت بە زانستی کۆمپیوتەر و پرۆگرامەکان ئاشنا بین(Hjorth,٢٠١١:P٣١).

بەشێك لە ئەرکی ئامێرە زیرەکە ئەلکترۆنیەکان بریتیە لە سازدانی پەیوەندیکردن و پێکەوەبەستنەوەی تاکەکان لە دوورترین شوێنەوە و گەیاندنی زانیاری لە دەزگا میدیاییەکانەوە بۆ وەرگر, جگەلەوانەش ئەرکی دیکە دەگرێتە ئەستۆ بە پێی ئەو ئەپلیکەیشنانەی کە لەسەری دادەنرێت چەندین وچالاکی هەمەچەشنی پێ ئەنجامدەدرێت و لە نێویشیان ئەرکی خۆشی بەسەربردن و یاریکردن, پسپۆڕانی بواری میدیای نوێ یاریە ئەلکترۆنیەکانی ئامێرە ئەلکترۆنیەکان پۆلێن دەکەن بە جۆرێك لە میدیای نوێ کە پشت دەبەستێت بە بوونی تۆرِی ئنتەرنێت و ئەپڵیکەیشنەکانی و کە لە رِێگە کۆمپیوتەر و ئامێرە ئەلکترۆنیەکانی وەك ئایپاد و تەچ سکرینەکان کاری پێدەکرێت(الشمالیە و اخرون,٢٠١٥,ل٣٢), ئایپاد وەك یەکێك لە ئامێرە ئەلکترۆنیە هەرەباوەکان چەند تایبەتمەندیەکی هەیە کە هانی منداڵان دەدات ئارەزووی بەکارهێنانی بکەن وەك ڕاستەوخۆ کارلێکەری (تفاعل) دەکات لەگەڵ بەکارهێنەر و زۆر بە سانایی کاری لەسەر دەکرێت و ئەپەلیکەیشنەکانی بە ئاسانی بەکاردەهێنرێت و هەمە چەشنن و خودی ئامێرەکە بە ئاسانی دەگوازرێتەوە و سەرنج ڕاکێشە هەروەها بێ مەترسیە(Saylor, Rodrigue,2012:P4).

وەك باسکرایەکێك لە تایبەتمەندیە جیاکەرەوەکانی تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردنی نوێ ئەوەیە کە کارلێکەرییە(Interactivity) یە واتە ئاراستەکردنی پەیام لە دوو ئاڕاستەی نێرەر و وەرگر, واتە هەردوولا پەیام دەنێرن و کۆمێنت و پەرچەکردار و وەڵامیان هەیە, ئەگەرچی تایبەتمەندی سیمای کارلێکەری سیمای پەیوەندی کەسیە واتە لەسەر ئاستی تاك مامەڵە لەگەڵ وەرگر دەکرێت کە بووەتە یەکێك لە تایبەتمەندیە دیارەکانی میدیای نوێ و ئامێرە ئەلکترۆنیەکانی وەك ئایپاد(بعزیز,٢٠١٢: ل٦٩), یاریە ئەلکترۆنیەکانیش کە بەشێکن لە میدیای نوێ دەکرێت لە ئامێری جۆراوجۆری دیجیتاڵی بەدەستبهێنرێت و لەکاتی یاریکردندا کارلێکەری دوو لایەنە دروست ببێت لە نێوان وەرگر و ئامێرە ئەلکترۆنیەکە (Hjorth,2011:P32) .

دووەم: لێکەوتەکانی ئامێرە ئەلکترۆنیەکان لەسەر منداڵ

ئامێرە زیرکەکان بە پێچەوانەی ئامێری کۆمپیوتەر پێویستی بە توانست و شارەزاییەکی زۆر نیە لەکاتی بەکارهێناندا, بەڵکو ئەو سکرینە ئاسان بەدەستەی کە تەنها بە پەنجە لێدان کاردەکات بووەتەهۆی ئەوەی کە بەکارهێنانی بۆ منداڵ زۆر ئاسان بێت بە جۆرێك ئەو منداڵانەش کە هێشتا نەچونەتە قوتابخانە دەتوانن زۆر بە ئاسانی بەکاری بهێنن(Neumann,etc,2017:p5), هەر بۆیە لە ئێستادا ژمارەیەکی زۆری منداڵان لە جیهان و لە کۆمەڵگای کوردیش بەشێوەیەکی بەرچاو ئامێرە ئەلکترۆنیەکان بەگشتی و (ئایپاد) بەتایبەتی بەکاردەهێنن وکاتێکی زۆر لە یاریکردن بەو ئامێرانە بەسەردەبەن.

وەك هەموو ئامێرەکانی دیکە ئامێرە ئەلکترۆنیەکان لایەنی ئەرێنی هەیە لە بەکارهێنانیدا و مرۆڤ سود لەو خزمەتگوزاریانە دەکات کە لە ئەپلیکەیشنی ئامێرە ئەلکترۆنیەکانەوە ئامادەکراوە, بە پێی دەرئەنجامی چەندین توێژینەوە دەرکەوتووە کە پەیوەندی هەیە لە نێوان بەکارهێنانی ئامێری ئایپاد و زیادبوونی ئاستی فێربوونی منداڵ و کاریگەری هەیە لەسەر فێربوونی هەندێ لایەنی ژیاری وبەرزکردنەوەی توانستەکانی منداڵ(Khoo,etc,2015:P7) , بۆ نمونە لە توێژینەوەیەکی ئەزمونیدا کە لەسەر (٤٢) منداڵی باخچەی ساوایان ئەنجامدرا,دەرکەوت کە بەکارهێنانی ئایپاد کاریگەری هەیە لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی توانستی زمانیی لەلای منداڵەکان لەلای ئەوگروپەی کە ئامێری ئایپاد بەکار دەهێنن بە بەراورد بەو گروپەی بە شێوەی کلاسیکی وانەکان دەخوێنن (Alzannan,٢٠١٥:P٥٨), لە توێژینەوەیەکی دیکەدا کە لە قوتابخانەیەکی بنەڕتی ئەنجامدرا لە ئەمەریکا, لەو توێژینەوەیەدا منداڵەکان لە وانەی بیرکاریدا کرانە دووگروپ و هەمان بابەت بۆ هەردوو گروپ پێشکەشکرا بە شێوەیەك کە لە گروپێکیان ئامێری ئایپاد بەکارهێنرا لە کاتی وانەکە و لەلای گروپەکەی دیکە بە شێوە کلاسیکیەکەی وانە وترایەوە, بینرا کە منداڵەکانی گروپی بەکارهێنانی ئایپاد توانستیان زۆر بەرزترە لە بابەتەکە بە بەراورد بەوگروپەی کە بە شێوە کلاسیکیەکە وانەیان وەرگرتوە هەروەها ئاراستەی منداڵەکان بەرامبەر بەوانەی بیرکاری زیاتر ئەرێنی بوو بە بەراورد بە گروپی دووەم. (Singer, ٢٠١٥:P٩٦-٩٧)

لەگەڵ ئەوەی کە مرۆڤ ئامێرە زیرکەکان بەکاردەهێنێت بۆ پێداویستی ژیانی و زۆر سودی لێدەکات, بەڵام ئەو بەکارهێنانە بەدەر نیە لە زیان گەیاندن بە هەندێك لایەنی دیکە لە ژیانی بەکارهێنەر , یاریە ئەلکترۆنیەکانی ئامێرە ئەلکترۆنیەکان کە منداڵان یاری پێدەکەن چەندین لێکەوتەی نەرێنی هەیە بە جۆرێك لە هەندێك دەوڵەت پەنا براوە بۆ دیاریکردنی تەمەنی بەکارهێنەر, بۆ نمونە زۆر بەکارهێنانی ئامێرە ئەلکترۆنیەکانی وەك (ئایپاد) دەبنەهۆی ئەوەی کە منداڵان ئالودەیان ببن و کاتێکی زۆر لە بەکارهێنانیاندا بەسەر ببەن,هەروەها کاریگەری هەیە لەسەرکەمکردنەوەی ئاستی بەدەستهێنان لە خوێندندا و خراپبوونی پرۆسەی فێربوون و دروستبونی خوی خراپ و تەمەڵی و دوورەپەرێزی کۆمەڵایەتی و فێرکردنی ڕەفتاری نەشیاو ...هتد (سمیحە,٢٠١٦-٢٠١٧:ل ٧١و ٧٢) .

لەلایەکی دیکە زۆر بەکارهێنانی ئامێرەزیرەکەکانی هاوشێوەی (ئایپاد) لێکەوتەی نەرێنی هەیە لەسەرلایەنی تەندروستی و جەستەی بەکارهێنەر, بۆنمونە زۆر بەکارهێنانی ئامێرە زیرەکەکان دەبێتەهۆی زیان گەیاندن بە چاو و مل و مێشك و تواناکانی جەستە و شێوازی ژیانی مرۆڤ (طقاطقە,٢٠١٨:ل٢) , توێژینەوەکان دەریانخستوە کە پەیوەندی هەیە لە نێوان ماوەی خەوتنی منداڵ و کاتی بەکارهێنانی ئامێرە ئەلکترۆنیەکان چونکە دەرکەوتووە کە ئەو شەپۆلە کورتانەی کە لەو ئامێرانەوە دەردەچن کار لە چڕی هۆرمۆنی میلاتۆنین دەکات بەجۆرێك کە دەبێتەهۆی کەمبونەوەی ئاستی دەردانی و دواتر دەبێە هۆی کەمخەوی و هەتا کاتی بەکارهێنانی ئامێرە ئەلکترۆنیەکان زیادبکات ئاستی دەردانی میلاتۆنین کەم دەکات کە دواتر کار لەسەرگەشەی جەستەیی منداڵ دەکات(Schleicher,2019:P23).

یەکێك لەو لایەنە گرنگانەی کە قۆناغی منداڵیدا گەشەدەکات گەشەی زمانە, گەشەی زمان و فێربوونی گفتوگۆ لەلای منداڵ زیاد دەکات بە زیادبوونی کاتی گفتوگۆکردنی باوان و بەخێوکەران لەگەڵ منداڵ لە ژیانی ڕۆژانە, لەکاتی سەر قاڵبوونی زۆری منداڵ بە ئامێرە ئەلکترۆنیەکان و یاریکردن بە ئایپاد دەرفەتی تێکەڵ بوون و ئەنجامدانی گفتوگۆ لەگەڵ دەوروبەر کەم دەبێتەوە و توانستی دەربڕین و ئاخاوتن کەم دەبێتەوە, توێژینەوەکان سەلماندویانە کە ئەو منداڵانەی تەمەنیان لەخوار (٦) ساڵیەوەیە وکاتێکی زۆر لە بەکارهێنانی ئامێرە

ئەلکترۆنیەکان بەسەردەبەن گەشەی زمانی لەلا دوادەکەویت و تونای گفتوگۆکردنیان لاوازدەبێت بۆیە پسپۆڕان پێیان باشە کە کاتی یاریکردن بە ئامێرە ئەلکترۆنیکان زۆر کەم بکرێتەوە (Kuta,2017:p49) .

بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO)بەهۆی بەربڵاوبوونی بەکارهێنانی ئامێرە ئەلکترۆنیەکان لەم ساڵانەی دواییدا چەندین نەخۆشی بەشێوەی بەرچاو بەدەرکەوتووە لە نێو بەکارهێنەرانی ئامێرە ئەلکترۆنیەکان وەك لێکەوتەی بەکارهێنانی ئامێرە ئەلکترۆنیەکان بەهۆی شەپۆلە ڕادیۆییەکانی ئەو ئامێرانە کە بونەتە نەخۆشی سەردەم, لەو نەخۆشیانەش تێکچونی خەو و ماندوبون و نەخۆشیەکانی چاو وشێرپەنجەی مێشك و ئێسك و چەندین نەخۆشی جەستەیی دیکە (Schleicher,2019:P27).

جگە لە لایەنی تەندروستی و جەستەیی زۆربەکارهێنانی ئامێرە ئەلکترۆنیەکان لێکەوتەی نەرێنی هەیە لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی و دروستبونی گرفتی کۆمەڵایەتی, بە پێی دەرئەنجامی توێژینەوەیەك پەیوەندی ئەرێنی هەبوو لە نێوان ئاستی بەکارهێنانی یاریە ئەلکترۆنیەکان و ئەنجامدانی توندوتیژی ماددی لە قوتابخانە لەلایەن منداڵی بەکارهێنەری یاری ئەلکترۆنیەوە, کە خۆی دەبینیەوە لە توندوتیژی جەستەیی و ئازار پێگەیاندنی بەمەبەست بەرامبەر کەسانی دەوروبەر (سمیحە,٢٠١٦-٢٠١٧:ل١٧٧) کە دەبێتەهۆی ئەوەی کێشەو گرفت لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا دروست بکات و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی تێکبدات.

## تەوەری دووەم: تویژینەوەکانی پێشوو

١-تویژینەوەی (هاجر,٢٠١٦-٢٠١٧ )

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتی بوو لە (أثر أستخدام تكنولوجيا الاتصال الحديثة في التنشئة الاجتماعية للطفل الجزائري- دراسة ميدانية على عينة من الاولياء بمدينة أم البواقي) کە نامەی ماستەر بوو, ئامانجی توێژینەوەکە بریتی بوو لە ئاشکراکردنی کاریگەری تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن لەسەر گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی منداڵان, توێژەر بەمەبەستی کۆکردنەوەی داتاکان (فۆرمی ڕاپرسی) بەکارهێنا, وسامپڵی توێژینەوەکە بریتی بوو لە (١٢٠) بەخێوکەری منداڵ کە بەکارهێنەری تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن .

لە کۆتاییدا توێژەر گەشتە چەند دەر ئەنجامێك و گرنگترینیان : بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن کاریگەری هەیە لەسەر گەشەپێدانی منداڵان بە هەردوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنی و دەبێتەهۆی کەمبونەوەی تێکەڵبون و پەیوەندی کۆمەڵایەتی.

٢- تویژینەوەی (Bartholow,2006)

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتی بوو لە Chronic violent video game exposure and desensitization to violence:) Behavioral and event-related brain potential data Bruce ) بوو کە لە (ئەمەریکا ) ئەنجامدرا، گرفتی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیەکە زۆرێك لە توێژینەوەکان دەریانخستبو کە توندوتیژی یاریەکان دەبێتە هۆی ڕەفتاری توندوتیژی، بۆیە ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەبوو کە بە شێوەیەکی ئەزموونی ئاشکرای بکات کە توندوتیژی یاریە ئەلکترۆنیەکان چی کاردانەوەیەکیان هەیە لەسەر مێشکی یاریزانەکان.

توێژینەوەکە ئەزموونی بوو هەربۆیە سامپڵی توێژینەوەکە کرابوو بە دووگروپ لە یاریزان کە یاریان بە یاریە ئەلکترۆنیەکانکرد، گروپێکیان کە گروپی ئەزموونی بوون یاریەکانیان توندوتیژی لەخۆدەگرت و گروپەکەی دیکەش کە گروپی کۆنترۆڵ بوون یاریەکانیان ناتوندوتیژبوون، لە کۆتاییدا توێژەر گەشتە چەند دەرئەنجامێك و گرنگترینیان : بینرا کە ئەو یاریزانانەی کە یاری ناتوندوتیژی دەکەن وەڵامدانەوەی مێشکیان کەمترە بۆ کردەی توندوتیژی بە پێچەوانەی ئەوانەی کە یاری ئەلکترۆنی توندوتیژ دەکەن.

٣-تویژینەوەی (الكندري, ٢٠١٩ )

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتی بوو لە (الدور التربوي للأجهزة الذكيه (ألأيباد) للنمو الغوي لدى أطفال مرحلة رياظ الأطفال من وجهه نظر أولياء الأمور بدولة الكويت), ئامانجی توێژینەوەکە بریتی بوو لە ئاشکراکردنی ڕۆڵی ئامێرە زیرکەکانی وەك ئایپاد لەسەر گەشەی زمانی لەلای منداڵانی باخچەی ساوایان , توێژەر بەمەبەستی کۆکردنەوەی داتاکان (فۆرمی ڕاپرسی) بەکارهێنا , وسامپڵی توێژینەوەکە بریتی بوو لە ( ٢٠٥) بەخێوکەری منداڵ.

لە کۆتاییدا توێژەرگەشتە چەند دەرئەنجامێك و گرنگترینیان: کە بەکارهێنانی ئامێرە زیرکەکانی وەك ئایپاد کاریگەری نەرێنیان هەیە لەسەر گەشەی زمانی منداڵ و گرفت دروست دەکەن و برگەی (بەکارهێنانی ئایپاد کاریگەری خراپی هەیە لەسەر گەشەی زمانی منداڵەکەم) بەرزترین پلەی بە دەستهێناوە بە تێکرای (٣,١٥) و برگەی (یاریە ئەلکترۆنیەکان کاریگەری نەرێنی هەیە لەسەرگەشەی زمانی منداڵ) بە تێکرای (٣,٠٦) پلەی دووەمی بەدەستهێنا .

## بەشی سێیەم

## ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە

لەم بەشەدا توێژەر ئەو هەنگاوە رێکاریانە دەخاتە ڕوو کە لەم توێژینەوەدا ئەنجامدراوە, میتۆدی توێژینەوەکە میتۆدی وەسفی (شێوازی مەیدانی روپێوی)ە چونکە توێژەر هەڵدەستێ بە دەستنیشانکردنی لێکەوتەکانی دەرئەنجامی بەکارهێنانی ئایپاد لەلایەن منداڵانەوە بە گشتی و بە پێی چەند گۆراوێکی دیکە, سەبارەت بە کۆمەڵگا و سامپڵ و ئامرازی پێوانەکردن و ئامرازە ئامارییەکان بەو شێوەیەی خوارەوەیە:

یەکەم : کۆمەڵگای توێژینەوەکە:

کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتیە لە سەرجەم منداڵانی باخچەکانی ساوایان لە ناوەندی شارۆچکەی کۆیە کە ژمارەی باخچەکان (١٣) باخچەن و (١٤١٥) منداڵ لەخۆدەگرێت کە ( ٧٦٥) کچن و (٦٥٠) کوڕ بوون ( ).

دووەم : سامپڵی توێژینەوەکە

سامپڵی توێژینەوەکە بەشێوەی کۆتایی بریتی بوون لە (٥١)( ) منداڵی باخچەی ساوایان کە بە شێوەیەکی مەبەستدار هەڵبژێردران و فۆڕمەکە درا بەو منداڵانەی کە لە ژیانی ئاساییاندا یاری بە ئامێری ئەلکترۆنی ئایپاد دەکەن ,وەك لە خشتەی ( ١) روونکراوەتەوە.

خشتەی (١)

سامپڵی توێژینەوەکە

| ز | باخچە | ڕەگەز | | تەمەن | | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | نێر | مێ | ٤ساڵ | ٥ساڵ | |
| ١ | باخچەی ساوایانی ترێ | ١١ | ١٠ | ٤ | ١٧ | ٢١ |
| ٢ | باخچەی ساوایانی کۆیە | ١٠ | ٩ | ٧ | ١٢ | ١٩ |
| ٣ | باخچەی ساوایانی ئاراى ناحکومی | ٧ | ٤ | ٦ | ٥ | ١١ |

## سێیەم : ئامرازی توێژینەوەکە

لەبەر نەبوونی ئامرازێکی پێوانەکردنی ئامادە و گونجاو و تایبەت بە (لێکەوتەکانی بەکارهێنانی ئامێرە ئەلکترۆنیەکان(ئایپاد بەنمونە)لەلای منداڵانی باخچەکانی ساوایان) بە زمانی کوردی و هەروەها گونجاوبێت لەگەڵ تایبەتمەندی کۆمەڵگای توێژینەوەکە و ئامانجی توێژینەوەکە, بۆیە توێژەر پێوانەیەکی ئامادەکرد بۆ پێوانەکردنی لێکەوتەکانی بەکارهێنانی ئامێرە ئەلکترۆنیەکان(ئایپاد بەنمونە)لەلای منداڵانی باخچەکانی ساوایان, پرۆسەی ئامادە کردنی ئامرازەکە بە پێی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بوو :

- ئامادەکردنی بڕگەکان :


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

١. گەڕانەوە بۆ چوارچێوەی تیۆری سەبارەت بە لێکەوتەکانی بەکارهێنانی ئایپاد لەلایەن منداڵانەوە بەمەبەستی دارِشتنی برِگەی گونجاو لەگەڵ ئامانج و کۆمەڵگای توێژینەوەکە .

٢. دواتر توێژەر توانی(٣٠) برگە دابرِێژێت لە میانەی لایەنەکانی(پەیوەندی کۆمەڵایەتی و دەروونی و جەستەیی و زمانی), و بەرامبەر هەر برگەیەك (٥) بژاردە دانرا کە بریتی بوون لە (هەمیشە وایە, زۆرجار وایە ,هەندێ جار وایە , بەدەگمەن وایە, هەرگیز وانییە) و نمرەکانیش بریتین لە (١,٢,٣,٤,٥) بە پێی ریزبەندییان.

- دەستنیشانکردنی راستگۆیی پێوانەکە :

توێژەر هەستا بە دەستنیشانکردنی رِاستگۆیی رِواڵەت (Face validity )بۆ پێوانەکە لە رِێگای وەرگرتنی رِاوبۆچونی شارەزایانی بواری رِاگەیاندن و پەروەردە و کۆمەڵناسی کە (٤) شارەزابوون ( بروانە پاشکۆی (١)) ، توێژەر پێوانەکەی خستە بەردەستیان و داوای لێکردن کە ئاستی گونجاوی و نەگونجاوی برگەکان و هەڵبژاردنەکان و هەروەها ئەنجامدانی هەر گۆرِانکارییەك کە پێیان باشە بیخەنە رِوو, دوای کۆکردنەوەی فۆرمەکان بە پشت بەستن بە بیرورِای شارەزایان ئەم گۆرِانکاریانە ئەنجامدرا:-

١. سەبارەت بە هێشتنەوە یان لابردنی برِگەکان,توێژەر پشتی بە رِێژەی رێکەوتنی (٧٥٪ ) بەست بۆ هێشتنەوەی برِگەکان واتا تەنها ئەو برِگەیەی کە سێ لەسەر چواری شارەزایان پەسەندیان کردبێ دەمێنەتەوە بەم شێوەش برِگەیەکانی(٥ و ٧) ی بواری یەکەم لابران و گۆرِدران بۆ دووبرِگەی دیکە.

٢. هەروەها هەر لە ژێر رۆشنایی تێبینی شارەزایان گۆرِانکاری لە دارِشتن و چاکسازی زمانەوانی لەچەند برِگەیەکی پێوانەکە ئەنجامدرا.

- دەستنیشانکردنی جێگیری پێوانەکە :

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر جیگیری پێوانەکەی لە رِێگای کەرتکردنی پیوانە ( Subdivided Test) وە ئەنجامدا کە یەکێکە لە رِێگاکانی دەستنیشانکردنی گونجاوی ناوەکی پێوانە کە تیایدا برِگەکان دابەش دەکرێن بۆ برِگەی (تاکی ) و برگەی ( جووتی ) و دواتر لە رِێگای بەکارهێنانی هاوکێشەی (پیرسۆن) نەوە پەیوەندی نێوان برگە تاکییەکان و برِگە جوتییەکان دەستنیشان دەکرێت ، بۆیە توێژەر هەستان بە هەڵبژاردنی (٢٠) فۆرِم بە شێوە هەرِەمەکی و دواتر وەڵامەکانیان لەسەر برِگەی تاکی و جوتی جیاکردەوە و لە رِێگای هاوکێشەی پێرسۆنەوە و بە سوود وەرگرتن لە پرۆگرامی (SPSS) پەیوەندی نێوانیان هەریك لە لایەنەکانی دەستنیشانکرد , بەهای پەیوەندی دوای رِاستکردنەوەی بە هاوکێشەی سپیرمان - براون بۆ بواری (پەیوەندی کۆمەڵایتی برتی بوو لە(٠,٩٤) و بۆ بواری دەروونی بریتی بوو لە (٠,٨٨) و بۆ بواری جەستەیی بریتی بوو لە(٠,٦٠) و بۆ بواری زمانی بریتی بوو لە(٠,٧٣) و بەگشتی ئاستی جێگیری پێوانەکە بریتی بوو لە(٠,٩٤) کە ئەوەش ئاماژە بە بوونی جێگیری ناوەکی پێوانەکە دەکات, هەروەك لە خشتەی ژمارە ( ٢) روونکراوەتەوە .

خشتەی ( ٢ )

جێگیری بۆ پێوانە بۆ لایەنەکان بە رێگای کەرتکردنی پێوانە

| لایەنەکان | جۆر و ژمارەی بڕگەکان | | ژمارەی سامپڵ | تیکرای سامپڵ | لادانی پێوەری | بەهای پەیوەندی پێرسۆن | بەهای پەیوەندی دوای ڕاستکردنەوەی بە هاوکێشەی سپیرمان براون | ئاستی بەلگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاستی بەڵگەداری ئاماری | تاکی | ٤ | ٢٠ | ٧,٧٩ | ٣,٤٢ | ٠,٨٩ | ٠,٩٤ | ٠,٠١ |
| | جوتی | ٤ | ٢٠ | ٧,٦٧ | ٣,٢٧ | | | |
| دەرونی | تاکی | ٤ | ٢٠ | ٧,١٥ | ٣,٤٢ | ٠,٧٩ | ٠,٨٨ | ٠,٠١ |
| | تاکی | ٤ | ٢٠ | ٦,٨ | ٣,٢٧ | | | |
| جەستەیی | تاکی | ٣ | ٢٠ | ٤,٢٥ | ١,٨٦ | ٠,٤٣ | ٠,٦٠ | ٠,٠٥ |
| | جوتی | ٣ | ٢٠ | ٥,٠٥ | ٢,٠١ | | | |
| زمانی | تاکی | ٤ | ٢٠ | ٥,٢٥ | ١,٥٨ | ٠,٥٨ | ٠,٧٣ | ٠,٠٥ |
| | جوتی | ٤ | ٢٠ | ٦,٢٥ | ٣,٤٦ | | | |
| جێگیری گشتی | تاکی | ١٥ | ٢٠ | ٢٤,١٥ | ٩,٣١ | ٠,٨٩ | ٠,٩٤ | ٠,٠١ |
| | جوتی | ١٥ | ٢٠ | ٢٥,٦٥ | ١٠,٥١ | | | |

## چوارەم : ئەنجامدانی توێژینەوەکە:

دوای ئەوەی پێوانەی توێژینەوەکە راستگۆیی ڕواڵەتی بۆ ئەنجامدرا و هەروەها جێگیری بۆ دەستنیشانکرا (بڕوانە پاشکۆی (٢)), توێژەر هەستا بە ئەنجامدانی توێژینەوەکە بە شێوەی کۆتایی, بەمەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەکە توێژەر لە ٢٠١٨/١٢/١٠ (٧٠) فۆرمی دابەشکرد بەسەر بەخێوکەرانی منداڵانی باخچەکانی ساوایان کە لە ماڵەکانیاندا ئامێری (ئایپاد) هەیە و منداڵەکانیان یاری پێدەکەن , دواتر لە ٢٠١٨/١٢/١٣ (٥٤) فۆرم گەشتەوە دەستی توێژەر و (٣) فۆرمی دیکەش وەلانرا بەهۆی بوونی کەم و کورتی لە وەڵامی برگەکانی فۆرمەکە و توێژینەوەکە بە پێ کێشە و بە ئاسایی ئەنجامدرا.

## پێنجەم : ئامرازە ئامارییەکان:

بە مەبەستی شیکردنەوەی ( داتاکان ) توێژەر سوودیان لە پرۆگرامی ( هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان) ناسراو بە (SPSS) وەرگرت لە بەکارهێنانی چەند هاوکێشەیەکی ئاماری وەك:-

١. هاوکێشەی پیرسۆن(Person) بەکارهێنرا بۆدەستنیشانکردنی جێگیری پێوانە بە رێگای کەرتکردنی پێوانەکە.

٢. هاوکێشەی( Sperman Brawn ) (هاوکیشەی سپیرمان براون بۆ راستکردنەوەی بەهای پەیوەندی پیرسۆن : = ر×٢ / ر+٢ )بەکارهێنرا بۆ دەستنیشانکردنی جێگیری پێوانە بە رێگای کەرتکردنی پێوانەکە.

٣. هاوکێشەی (one sample T-test ) بۆ بەراوردکردنی تیکرای سامپڵی توێژینەوەکە لەگەڵ تیکرای گریمانی کۆمەڵگا, بۆ هەریەکێك لە لایەنەکان بە جیا.

٤. هاوکێشەی (Independent sample T-test) بۆ ئاشکراکرنی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان منداڵانی باخچەکان سەبارەت بە لێکەوتەکانی بەکارهێنانی ئایپاد بەپێی گۆراوەکانی رەگەز و تەمەن.

. هاوكێشەی ( ANOVA ) بۆ ئاشكرا جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان منداڵانی باخچەكان سەبارەت بە گرفتەكانی دەرئەنجامی بەكارهێنانی ئایپاد بەپێی بەپێی گۆڕاوی ( ماوەی یاریكردنی منداڵ بە ئایپاد لە رۆژێكدا).

بەشی چوارەم

ئەنجامەكانی توێژینەوەكە و شیكردنەوەیان

لەم بەشەدا توێژەر هەڵدەستێت بە خستنەڕوی ئەنجامەكان بە پێی ئامانجەكانی توێژینەوەكە و هەر وەك لەخوارەوە هاتووە :-

١. سەبارەت بە ئامانجی یەكەم كە بریتی بوولە ئاشكراكردنی لێكەوتە خراپەكانی بەكارهێنانی (ئایپاد) لەسەر لایەنەكانی ( كۆمەڵآیەتی ، دەرونی ، جەستەیی ، زمانی ) منداڵآن بە بۆچونی بەخێوكەران . دوای دیاریكردنی (تیكرای پێوەری پێوانەكە بە پێی لایەنەكان و بە بەكارهێهانی (One – sample T-test) بۆ بەراوردكردنی تیكرِای منداڵآن و تیكرِای پێوەری پێوانە بە پێی لایەنەكان بەم ئەنجامانەی خوارەوە بەدەست هات :

أ- دەركەوت كە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نیە لە تیكرِای گریمانی پێوانەكە كە بریتی بوو لە (٢٤) و تیكرِای رِاستەقینەی سامپڵی توێژینەوەكە (٢١،٦٣) و بەهای (T) بریتی بوولە (١،٦٢) ، واتا لێكەوتەكانی بەكارهێنانی ئایپاد لەسەر لایەنی كۆمەڵآتی بە ئاستی ناوەندە, هەر وەك لە خشتەی ( ٣ ) رِونكراوەتەوە.

خشتەی ( ٣ )

لێكەوتەكانی بەكارهێنانی ( ئایپاد) لەسەر لایەنی كۆمەڵآیەتی لەلای منداڵەكان بە گشتی

| لایەنەكان | ژمارەی سامپڵ | تیكرِای پێوەری پێوانە | تیكرِای سامپڵ | لادانی پێوەری | بەهای T | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری Sig | رِێژەی هەڵە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| كۆمەڵآیەتی | ٥١ | ٢٤ | ٢١،٦٣ | ١٠،٤٢ | ١،٦٢ | ٥٠ | ٠،١١ | ٠،٠٥ |

ب- سەبارەت بە لێكەوتەكانی بەكارهێنانی ئایپاد لەسەر لایەنی دەرونی دەركەوت كە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان تیكرِای سامپڵی توێژینەوە كە بریتی بوولە(١٩،٨٦) لەگەڵ تیكرِای گریمانی پێوانەكە و بەهای تای(٣،٢٧) واتا كاریگەری لە ناوەند كەمترە, هەر وەك لە خشتەی ( ٤ ) رِونكراوەتەوە .

خشتەی ( ٤ )

لێكەوتەكانی بەكارهێنانی ( ئایپاد) لەسەر لایەنی دەرونی لەلای منداڵەكان بە گشتی

| لایەنەكان | ژمارەی سامپڵ | تیكرِای پێوەری پێوانە | تیكرِای سامپڵ | لادانی پێوەری | بەهای T | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری Sig | رِێژەی هەڵە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دەرونی | ٥١ | ٢٤ | ١٩ | ٩،٠٢ | ٣،٢٧ | ٥٠ | ٠،٠٠٢ | ٠،٠٥ |

ت- سەبارەت بە لێكەوتەكانی بەكارهێنانی ئایپاد لەسەر لایەنی جەستەیی دەركەوت كە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نێوان تیكرِای سامپڵی توێژینەوە كە بریتی بوولە(١٤،٤٩) لەگەڵ تیكرِای گریمانی پێوانەكە و بەهای (T) بریتیە لە (٣،٣٤) واتا كاریگەری لە ناوەند كەمترە, هەر وەك لە خشتەی ( ٥ ) رِونكراوەتەوە.

خشتەی ( ٥ )

لێکەوتەکانی بەکارهێنانی ( ئایپاد) لەسەر لایەنی جەستەیی لەلای منداڵەکان بە گشتی

| لایەنەکان | ژمارەی سامپڵ | تیکرِای پێوەری پێوانە | تیکرای سامپڵ | لادانی پێوەری | بەهای T | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری Sig | رِێژەی هەڵە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جەستەیی | ٥١ | ١٨ | ١٤,٤٩ | ٧,٤٩ | ٣,٣٤ | ٥٠ | ٠,٠٠٢ | ٠,٠٥ |

پ- سەبارەت بە لێکەوتەکانی بەکارهێنانی ئایپاد لەسەر لایەنی زمانی دەرکەوت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نێوان تیکرِای سامپڵی توێژینەوە کە بریتی بوولە(١٧,٩٦) لەگەڵ تیکرِای گریمانی پێوانەکە و بەهای (T) بریتیە لە(٤,٦٢) واتا کاریگەری لە ناوەند کەمترە, هەر وەك لە خشتەی ( ٦ ) رِونکراوەتەوە .

خشتەی ( ٦ )

لێکەوتەکانی بەکارهێنانی ( ئایپاد) لەسەر لایەنی زمانی لەلای منداڵەکان بە گشتی

| لایەنەکان | ژمارەی سامپڵ | تیکرِای پێوەری پێوانە | تیکرای سامپڵ | لادانی پێوەری | بەهای T | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری Sig | رِێژەی هەڵە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| زمانی | ٥١ | ٢٤ | ١٧,٩٦ | ٩,٣٣ | ٤,٦٢ | ٥٠ | ٠,٠٠ | ٠,٠٥ |

٢. سەبارەت بە ئاشکراکردنی لێکەوتەکانی بەکارهێنانی ئایپاد لەسەر لایەنەکانی ( کۆمەلآیەتی ، دەروونی ، جەستەیی, زمانی) بە پێی گۆرِاوی( رِەگەز) ، دوای شیکردنەوەی داتاکان لە رِێگای بەکارهێنانی (Independent Samples Test) لە ئەنجامەکاندا دەرکەوت کە هیچ جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان منالآنی کچ و کورِ نیە لە دەرئەنجامە کۆمەلآیەتییەکان ، بەلآم جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێو منداڵەکان بەدیدەکرێت بە پێی گۆرِاوی رِەگەز لە لێکەوتەکانی بەکارهێنانی ئایپاد لەسەر لایەنەکانی ( دەرونی و جەستەیی و زمانی , بەجۆرێك کە کاریگەری لەسەر مندالآنی (کچ ) زیاترە بە بەراورد بە کورِەکان ، هەر وەك لە خشتەی (٧) هاتووە .

خشتەی ( ٧ )

لێکەوتەکانی بەکارهێنانی ( ئایپاد) لەسەر لایەنەکان لەلای منداڵەکان بە پێی گۆرِاوی رِەگەز

| لایەنەکان | | ژمارەی سامپڵ | تیکرِای سامپڵ | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای T | ئاستی بەڵگەداری | رِێژەی هەڵە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆمەلآیەتی | کچ<br>کورِ | ٢٣<br>٢٨ | ٢٢,٣٠<br>٢١,٠٧ | ١٠,٣٥<br>١٠,٦٣ | ٤٩ | ٠,٤١ | ٠,٧٣ | ٠,٠٥ |
| دەرونی | کچ<br>کورِ | ٢٣<br>٢٨ | ٢٢,٣٠<br>٢١,٠٧ | ١٠,٣٥<br>١٠,٦٣ | ٤٩ | ٠,٤١ | ٠,٧٣ | ٠,٠٥ |
| جەستەیی | کچ<br>کورِ | ٢٣<br>٢٨ | ٢٢,٣٠<br>٢١,٠٧ | ١٠,٣٥<br>١٠,٦٣ | ٤٩ | ٠,٤١ | ٠,٧٣ | ٠,٠٥ |
| زمانی | کچ<br>کورِ | ٢٣<br>٢٨ | ٢٢,٣٠<br>٢١,٠٧ | ١٠,٣٥<br>١٠,٦٣ | ٤٩ | ٠,٤١ | ٠,٧٣ | ٠,٠٥ |

٣. سەبارەت بە ئاشكراكردنی لێكەوتەكانی بەكارهێنانی ئایپاد لەسەر لایەنەكانی ( كۆمەڵآیەتی ، دەروونی ، جەستەیی، زمانی) بە پێی گۆڕاوی تەمەن ، دوای شیكردنەوەی داتاكان لە ڕێگای بەكارهێنانی (Independent Samples Test) لە ئەنجامەكاندا دەركەوت كە هیچ جیاوازییەكی بەڵگەداری ئاماری نیە لە نێوان لێكەوتەكانی بەكارهێنانی ( ئایپاد ) لەسەر منداڵآنی لە لایەنەكانی (كۆمەڵایەتی ، دەرونی ، جەستەیی و زمانی ) بە پێی گۆڕاوی (تەمەن )، واتا كاریگەری بەكارهێنانی ئایپاد لەسەر منداڵآنی تەمەن (٤) و (٥ ) ساڵ وەك یەكە هەر وەك لە خشتەی ( ٨) ڕوونكراوەتەوە.

خشتەی (٨)

لێكەوتەكانی بەكارهێنانی ( ئایپاد) لەسەر لایەنەكان لەلای منداڵەكان بە پێی تەمەن

| لایەنەکان | ژمارەی سامپڵ | | تێکرای سامپڵ | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای T | ئاستی بەڵگەداری | ڕێژەی هەڵە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆمەڵآیەتی | ٤ ساڵ<br>٥ ساڵ | ١٧<br>٣٤ | ٢١,١٢<br>٢١,٨٨ | ١٠,٩٧<br>١٠,٢٩ | ٤٩ | ٠,٢٤ | ٠,٩٦ | ٠,٠٥ |
| دەرونی | ٤ ساڵ<br>٥ ساڵ | ١٧<br>٣٤ | ٢٠,٣٥<br>١٩,٦٢ | ٨,٦٣<br>٩,٣٢ | ٤٩ | ٠,٢٧ | ٠,٩٣ | ٠,٠٥ |
| جەستەیی | ٤ ساڵ<br>٥ ساڵ | ١٧<br>٣٤ | ١٤,٤٧<br>١٤,٥٠ | ٧,٢٩<br>٧,٧٠ | ٤٩ | ٠,١١ | ٠,٧٤ | ٠,٠٥ |
| زمانی | ٤ ساڵ<br>٥ ساڵ | ١٧<br>٣٤ | ١٩,٥٣<br>١٧,١٨ | ٩,١٨<br>٩,٤٤ | ٤٩ | ٠,٤٩ | ٠,٨٤ | ٠,٠٥ |

٤. سەبارەت بە ئاشكراكردنی لێكەوتەكانی بەكارهێنانی ئایپاد لەسەر لایەنەكانی (كۆمەڵآیەتی و دەروونی و جەستەیی و زمانی ) منداڵآن بەپێی گۆڕاوی ( ژمارەی كاتژمێرەكانی بەكارهێنانی ئایپاد)، دوای شیكردنەوەی داتاكان لە ڕێگای بەكارهێنانی (One –way ANOVA )ئەنجامەكان دەریان خست كە جیاوازی بەڵگەداری هەیە (بە پێی ژمارەی كاتژمێرەكانی بەكارهێنانی ئایپاد), تا ژمارەی كاتژمێرەكان زیاتر بێت ئەوا كاریگەری لەسەر لایەنەكانی ( كۆمەلآیەتی و دەروونی و جەستەیی و زمانی ) منداڵآن زیاتر دەبێت ، هەروەك لە خشتەكانی ( ٩)و(١٠ ) ڕونكراوەتەوە .

| لایەنەکان | کاتژمێرەکان | ژمارەی سامپڵ | تێکرای سامپڵ | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| کۆمەڵآیەتی | ١ کاتژمێر | ٢٤ | ١٥,٩٢ | ٩,٠٥٠ |
| | ٢ کاتژمێر | ١١ | ٢١,٤٥ | ٨,٩٣٧ |
| | ٣ کاتژمێر | ٩ | ٣٠,٣٣ | ٧,٧٧٨ |
| | ٣ کاتژمێر زیاتر | ٧ | ٣٠,٢٩ | ٦,٧٧٥ |
| | کۆ | ٥١ | ٢١,٦٣ | ١٠,٤٣٢ |
| دەرونی | ١ کاتژمێر | ٢٤ | ١٥,٧٥ | ٧,٩٠٨ |
| | ٢ کاتژمێر | ١١ | ١٩,٨٢ | ٩,٥٤٨ |
| | ٣ کاتژمێر | ٩ | ٢٤,١٤ | ٦,٤٠٥ |
| | ٣ کاتژمێر زیاتر | ٧ | ٢٧,٥٦ | ٧,٣٥٨ |
| | کۆ | ٥١ | ١٩,٨٦ | ٩,٠٢٢ |
| جەستەیی | ١ کاتژمێر | ٢٤ | ١١,٥٠ | ٦,٢٦٢ |
| | ٢ کاتژمێر | ١١ | ١٢,٨٢ | ٦,٣٠٦ |
| | ٣ کاتژمێر | ٩ | ٢٠,١١ | ٧,٣٠٥ |
| | ٣ کاتژمێر زیاتر | ٧ | ٢٠,١٤ | ٧,٣٨١ |
| زمانی | ١ کاتژمێر | ٢٤ | ١٥,٠٨ | ٨,٦٧٧ |
| | ٢ کاتژمێر | ١١ | ١٥,٨٢ | ٩,٣٢٥ |
| | ٣ کاتژمێر | ٩ | ٢١,١٤ | ٧,٦٠٣ |
| | ٣ کاتژمێر زیاتر | ٧ | ٢٥,٧٨ | ٨,١٨٢ |
| | کۆ | ٥١ | ١٧,٩٦ | ٩,٣٣٢ |


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

خشتەی ( ١٠ )

ئاستی بەڵگەداری لێکەوتەکانی بەکارهێنانی ( ئایپاد) لەسەر لایەنەکان لەلای منداڵەکان بە پێی کاتژمێرەکانی بەکارهێنانی ئایپاد

| لایەنەکان | | کۆی دووجارەکان | نمرەی ئازادی | دوجای تیکراکان | بەهای F | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆمەڵایەتی | نێوان گروپەکان | ١٩٨٩,٦٣٢ | ٣ | ٦٦٣,٣١١ | ٩,٠٥٧ | ٠,٠٠٠ |
| | له ناو گروپەکان | ٣٤٤١,٩٨٩ | ٤٧ | ٧٣,٢٣٤ | | |
| | کۆ | ٥٤٣١,٩٢٢ | ٥٠ | | | |
| دەرونی | نێوان گروپەکان | ١٠٦٦,٨٢٣ | ٣ | ٣٥٥,٦٠٨ | ٥,٥٦٥ | ٠,٠٠٢ |
| | له ناو گروپەکان | ٣٠٠٣,٢١٦ | ٤٧ | ٦٣,٨٩٨ | | |
| | کۆ | ٤٠٧٠,٠٣٩ | ٥٠ | | | |
| جەستەیی | نێوان گروپەکان | ٧٥٣,٣٦٣ | ٣ | ٦٦٣,٣١١ | ٥,٧٤٨ | ٠,٠٠٢ |
| | له ناو گروپەکان | ٢٠٥٣,٣٨٢ | ٤٧ | ٧٣,٢٣٤ | | |
| | کۆ | ٢٨٠٦,٧٤٥ | ٥٠ | | | |
| زمانی | نێوان گروپەکان | ٨٧٠,٠٣٩ | ٣ | ٢٩٠,٠١٣ | ٣,٩١٢ | ٠,٠١٤ |
| | له ناو گروپەکان | ٣٤٥٣,٨٨٢ | ٤٧ | ٧٤,١٢٥ | | |
| | کۆ | ٤٣٥٣,٩٢٢ | ٥٠ | | | |

## دەرئەنجامەکان

سەبارەت بە ئامانجی یەکەم کە بریتیبوو لە ئاشکراکردنی لێکەوتە خراپەکانی بەکارهێنانی (ئایپاد) لەسەر لایەنەکانی ( کۆمەڵایەتی ، دەرونی ، جەستەیی ، زمانی ) منداڵان بە بۆچونی بەخێوکەران , دەرکەوت کە بەگشتی کاریگەری لەسەر هەر چوار لایەنەکە هەیە, توێژەر ئەم دەرئەنجامە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە ئامێرە ئەلکترۆنیە زیرەکەکان بەجۆرێك دروستکراون کە کاریگەری و لێکەوتەیان هەبێت لەسەر سەرجەم لایەنەکان و ناوەڕۆکی بابەت و ئەپلیکەیشنەکان بەجۆرێکن کە منداڵ زۆر مەیلیان هەبێت بۆ بەکارهێنانیان.

سەبارەت بە ئاشکراکردنی لێکەوتەکانی بەکارهێنانی ئایپاد لەسەر لایەنەکانی (کۆمەڵایەتی ، دەروونی ، جەستەیی, زمانی) بە پێی گۆڕاوی( ڕەگەز) ، دوای شیکردنەوەی داتاکان دەرکەوت کە هیچ جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان منالآنی کچ و کوڕ نیە لە دەرئەنجامدا لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتیی منداڵەکان ، ئەو دەرئەنجامە ئەوە دەردەخات کە منداڵ لەو قۆناغەی تەمەنەداهێشتا جیاوازی ڕەگەز نەبوەتە فاکتەر بۆ کاریگەربون بە لێکەوتەکانی بەکارهێنانی ئایپاد و منداڵان هەردوو ڕەگەز وەك یەك دەکەونە ژێر کاریگەری ئامێرە ئەلکترۆنیەکان لە لایەنی کۆمەڵایەتی بەڵام جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێو منداڵەکان بەدیدەکرێت بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز لە لێکەوتەکانی بەکارهێنانی ئایپاد لەسەر لایەنەکانی ( دەرونی و جەستەیی و زمانی) بەجۆرێك کە کاریگەری لەسەر منداڵانی (کچ ) زیاترە بە بەراورد بە کوڕەکان, دەکرێت ئەو دەرئەنجامە بەوە شیبکرێتەوە کە کچەکان زیاتر کارلێکراوتر دەبن بەهۆی شێوازی پەروەردەی کۆمەڵگای کورد بۆ کچەکان.

سەبارەت بە ئامانجی ئاشکراکردنی لێکەوتەکانی بەکارهێنانی ئایپاد لەسەر لایەنەکانی (کۆمەڵایەتی ، دەروونی ، جەستەیی، زمانی) بە پێی گۆڕاوی (تەمەن)، دوای شیکردنەوەی داتاکان لە ئەنجامەکاندا دەرکەوت کە هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری نیە لە نێوان لێکەوتەکانی بەکارهێنانی ( ئایپاد ) لەسەر منداڵانی لە لایەنەکانی (کۆمەڵایەتی ، دەرونی ، جەستەیی و زمانی) بە پێی گۆڕاوی (تەمەن )، توێژەر پێی وایە

كە ئەو دەرئەنجامە زۆر ئاساييە و چونكەتەمەنى (٤) ساڵى و (٥) ساڵى دوو تەمەنى لەيەك نزيكن بۆيە جياوازيەكى ئەوتۆ دروست ناكات.

سەبارەت بە ئاشكراكردنى لێكەوتەكانى بەكارهێنانى ئايپاد لەسەر لايەنەكانى (كۆمەڵآيەتى و دەروونى و جەستەيى و زمانى ) مندالآن بەپێ گۆڕاوى ( ژمارەى كاتژمێرەكانى بەكارهێنانى ئايپاد)، دواى شيكردنەوەى داتاكان لە رێگاى بەكارهێنانى (One –way ANOVA) ئەنجامەكان دەريانخست كە جياوازى بەڵگەدارى هەيە (بە پێى ژمارەى كاتژمێرەكانى بەكارهێنانى ئايپاد), بەجۆرێك تا ژمارەى كاتژمێرەكان زياتر بێت ئەوا كاريگەرى لەسەر لايەنەكانى (كۆمەڵآيەتى و دەروونى و جەستەيى و زمانى ) مندالآن زياتر دەبێت, ئەم دەرئەنجامە بە دەرئەنجامێكى پڕ بايەخ دادەنرێت, چونكە ئاشكراى دەكات بە زيادبوونى كاتى بەكارهێنان و ياريپێكردنى ئامێرە ئەلكترۆنيەكان لەلايەن منداڵەوە وادەكات كە منداڵ زياتر بكەوێتە ژێر كاريگەرى ئەو ئامرازانەوە وكار لە شێوازى ژيان و بيركردنەوە و ڕەفتارى بكات و دابېڕێت لە كۆمەڵگا, بۆيە ئەم دەرئەنجامە دەرئەنجامێى زۆر دروستە .

## بەشى پێنجەم

## راسپاردە و پێشنيارەكان

### يەكەم : راسپاردەكان

بە پێى ئەنجامەكان دەركەوت كە منداڵەكان بەشێوەيەكى گشتى بە ئاستى مامناوەند بەكارهێنانى ئايپاد كارى لێكردوون بەتايبەتى بەزيادبوونى كاتى بەكارهێنان كاريگەريەكەى زياتر دەبێت, بۆيە پێويستە بەرێوەبەرايەتى پەروەردە لە ڕێگاى سيمينارەوە مامۆستا و بەخێوكەرانى منداڵان هۆشياركەنەوە ئاشنايان بكەن بە لايەنە خراپەكانى زۆر بەكارهێنانى ئامێرە ئەلكترۆنيەكان و ئاپاد بەتايبەتى و رێنمايى بەخێوكەران بكەن كە چۆن پەروەردەيەكى دروست دەكەن لە سەردەمى تەكنەلۆژيادا.

دووەم : پێشنيارەكان

١. ئەنجامدانى توێژينەوەيەكى هاوشێوەى ئەم توێژينەوەيە بەڵآم لەسەر سامپڵێكى زياتر .

٢. ئەنجامدانى توێژينەوە بە هەريەك لە لايەنەكانى (كۆمەڵايەتى و دەروونى و جەستەيى و زمانى) بە شێوەى سەربەخۆ و جيا جيا بە پێى پسپۆڕى توێژەر.

## سەرچاوەكان


١. بعزيز. ابراهيم(٢٠١٢)تكنولوجيا و الاتصال الحديثة و تأثيراتها الاجتماعية و الثقافية,دار الكتب الحديث,القاهرة.

٢. سميحة,برتيمة(٢٠١٦-٢٠١٧)الالعاب الالكترونية و العنف المدرسي- دراسة ميدانية على عينة من تلاميذ متوسط الشهيد عروك قويدر- بلدية المرارة ولاية الوادي-رسالة ماجستير غير منشورة, جامعة محمد خيضر- بسكرة.

٣. الشمالية,ماهر عودة,الحام,محمود عزت,كافي,مصطفى يوسف(٢٠١٥), الاعلام الرقمى الجديد,دار الاعصار العلمى للنشر و التوزيع,عمان.

٤. طقاطقة , شيرين (٢٠١٨) تعريف الأجهزة الذكية, com.mawdoo٣, تاريخ ٢٠٢٠/٨/٢٢.

٥. الكندري,هبة( ٢٠١٩) الدور التربوي للأجهزة الذكية (ألأيباد) للنمو الغوي لدى أطفال مرحلة رياض الأطفال من وجهة نظر أولياء الأمور بدولة الكويت, مجلة البحث العلمي في التربية, العدد, الجزء ١٣.

٦. هاجر, غناي(٢٠١٦-٢٠١٧) أثر أستخدام تكنولوجيا الاتصال الحديثة في التنشئة الاجتماعية للطفل الجزائرى- دراسة ميدانية على عينة من الاولياء بمدينة أم البواقي, رسالة ماجستير غير منشورة, جامعة العربي بن مهيدي – أم البواقي .


### سەرچاوەى ئينگليزى:


7. Alzannan, Badr M. M. ,2015, The Effect of Using Ipad on the Achievement of Children in Layla Kindergarten in Saudi Arabia, IOSR Journal of Research & Method in Education (IOSR-JRME) e-ISSN: 2320–7388,p-ISSN: 2320–737X Volume 5, Issue 1 Ver. II (Jan - Feb. 2015), PP 58-65 .

8. Bartholow, B.D., Bushman, B.J. and Sestir, M.A., 2006. Chronic violent video game exposure and desensitization to violence: Behavioral and event-related brain potential data. Journal of experimental social psychology, 42(4), pp.532-539.

9. Hjorth, Larissa (2011) Games and Gaming an Introduction to New Media, Berg, Oxford - New York.

10. Khoo, Elaine, etc, 2015, iPads and opportunities for teaching and learning for young children, Faculty of Education, The University of Waikato Campus Crèche Trust, Hamilton.

11. Kuta, Cristina E.,2017, The Negative Impact of Excessive Screen Time on Language Development in Children Under 6-Years-Old: An Integrative Review with Screen Time Reduction Toolkit and Presentation for Outpatient Pediatric and Family Health, University of Massachusetts Amherst, College of Nursing.

12. Neumann, Michelle M, Neumann, David L,2017, The use of touch-screen tablets at home and pre-school to foster emergent literacy, Journal of Early Childhood Literacy, Griffith University, Downloaded from http://hdl.handle.net/10072/348630.

13. Saylor, Cristi M., Rodriguez, Gloria,2012, Using the iPad and a Sequence of Apps for Young Children with Multiple Disabilities, California Beaf- Blinb Services, (Vol. 17, No. 2).

14. Schleicher, Andreas, 2019, Impacts Of Technology Use On Children: Exploring Literature On The Brain, Cognition And Well-Being, OECD Education Working Paper No. 195.

15. Singer, Jaclyn, 2015, The Effects of Ipad Devices on Elementary School Students' Mathematics Achivement And Attitudes, A thesis from Northeastern University Boston, Massachusetts.

## پاشكۆكان

### پاشكۆی (١)

| ژ | ناوی سیانی پسپۆران | پسپۆڕی | شوێنی كار |
|---|---|---|---|
| ١ | پ. د. جبار احمد عبدالحمن | پەروەردە | زانكۆی كۆیە-فەكەڵتی زانست- كلینیكەل سایكۆلۆجی |
| ٢ | پ. د. سليم بطرس الياس | كۆمەڵناسی | زانكۆی سەلاحەددین-كۆلێژی ئاداب- بەشی كۆمەڵناسی |
| ٣ | پ.ی.د. هێرش رسول مورادی | ڕاگەیاندن | زانكۆی ڕاپەرین |
| ٤ | د. عبدالخالق ابراهيم مصطفى | ڕاگەیاندن | زانكۆی پۆلیتەكنیكی هەولێر - بەشی ڕاگەیاندن |

پاشکۆی (٢)

پێوانەکە بە شێوەی کۆتایی

فۆرِمی ڕاپرسی

دایك و باوکی بەرێز.....

پاش سڵاو

ئەم ڕاپرسیە بە مەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی سازدەکرێت بەناوی (لێکەوتەکانی بەکارهێنانی ئامێرە ئەلکترۆنیەکان (ئایپاد بە نمونە )لەلای منداڵانی باخچەکانی ساوایان) و دڵنیابە کە سەرجەم زانیاریەکان بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوەی زانستی بەکاردێت ,بۆیە پێویست ناکات ناو و ناونیشانی خۆت و منداڵەکەت بنوسیت, بۆئەم مەبەستەش توێژەر داواکارە لە بەرێزتان زانیارییەکانی ناو فۆرِمەکە بە دروستی وەڵآم بدەنەوە لە ڕێگای خوێندنەوەی برِگەکان و دانانی هێمای ( ✓) لە ژێر ئەو بژاردەی کە لەگەڵ رای بەرێزتان گونجاوە, و تکایە دڵنیابە لەوەی کە وەڵامی سەرجەم برِگەکانت داوەتەوە .....

لەگەڵ ڕێز و سوپاسدا

پرسیارە گشتیەکان

دایك و باوکی بەرێز , هیمای ( ✓ ) دابنێ لە بەردەم وەڵآمی پێویست و گونجاودا:

- ڕەگەزی منداڵ : کچ ( ) کوڕ ( )
- تەمەنی منداڵ : ٤ ساڵ ( ) ٥ ساڵ ( )
- تکایە ئەو ماوەیەی دیاریبکە کە منداڵەکەت تیایدا یاری بە ئایپاد دەکات لە رۆژێکدا:

نزیکەی یەك کاتژمێر ( ) نزیکەی دوو کاتژمێر ( ) نزیکەی سێ کاتژمێر ( ) زیاتر لە سێ کاتژمێر ( )

بواری کۆمەڵایەتی:

| ژ | برِگەکان | هەمیشە وایە | زۆرجار وایە | هەندێ جار وایە | بەدەگمەن وایە | هەرگیز وانییە |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ١ | زۆر بەکارهینانی ئایپاد بووەتە هۆی دابرِانی منداڵەکەم لە کەسانی دەوروبەر. | | | | | |
| ٢ | کە میوانمان دێت منداڵەکەم هەر سەرقاڵی ئایپادە و فەرامۆشیان دەکات. | | | | | |
| ٣ | حەز ناکات یاری بکات لە گەڵ منداڵآن بەڵکو زیاتر حەزدەکات یاری بە ئایپاد بکات. | | | | | |
| ٤ | حەزناکات سەردانی ماڵان بکەین بەڵکو پێی خۆشترە یاری بە ئایپاد بکات. | | | | | |
| ٥ | هێندەی کارەکتەرەکانی ناو ئایپادەکەی بەلاوەگرنگە هێندە کەسانی دەوروبەری بەلاوە گرنگ نیە. | | | | | |
| ٦ | ڕێگە نادات منداڵی دیکە بەشداری بکات لە یاریکردن بە ئایپادەکەی. | | | | | |
| ٧ | لاسایی کارەکتەری یارییەکانی ناو ئایپادەکە دەکاتەوە و توندوتیژی دەنوێنێت. | | | | | |
| ٨ | لەگەڵ ئەندامانی خێزان دانانیشێت بۆ نانخواردن بەهۆی سەرقاڵبوونی بە ئایپادەکەیەوە. | | | | | |


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

بواری دەروونی:

| ژ | بڕگەکان | هەمیشە وایە | زۆرجار وایە | هەندێ جار وایە | بەدەگمەن وایە | هەرگیز وانییە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | . کاتێك کە ئایپادی پێ نەبێت بێزاردەبێت | | | | | |
| ٢ | . کە ئایپادی لێ وەرگرم زۆر تورە دەبێت | | | | | |
| ٣ | دوای بەکارهێنانی ئایپاد نیشانەی خەمۆکی پێوە دیارە. | | | | | |
| ٤ | ئەگەر ئایپادی پێ نەبێ بیانوو بە هەموو شتێك دەگرێ. | | | | | |
| ٥ | دوای بەکارهێنانی یاریەکانی ئایپاد خەونی ناخۆش دەبینێت. | | | | | |
| ٦ | . لە ئاکامی بەکارهێنی ئایپاددا فێری خوی خراپ بووە | | | | | |
| ٧ | هەستدەکەم توانای بیرکردنەوەی لاوازبووە بەهۆی بەکارهێنی ئایپاد. | | | | | |
| ٨ | توانای سەرنجدانی بۆ رووداوەکانی دەوروبەری نزم بوووەتەوە. | | | | | |

بواری جەستەیي:

| ژ | بڕگەکان | هەمیشە وایە | زۆرجار وایە | هەندێ جار وایە | بەدەگمەن وایە | هەرگیز وانییە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | هێندە یاری بە ئایپاد دەکات چاوەکانی سور دەبنەوە. | | | | | |
| ٢ | کاتەکانی خەوتنی تێکچووە بەهۆی بەکارهێنانی ئایپادەوە. | | | | | |
| ٣ | هێندە دانیشتوە بۆ یاریکردن بە ئایپاد, توانای یاریکردنی جەستەیی و جوڵەیی نەماوە. | | | | | |
| ٤ | یاریکردن بە ئایپاد کاری کردۆتە سەر شێوازی نانخواردنی. | | | | | |
| ٥ | زۆر دانیشتنی بۆ یاریکردن بە ئایپاد کاری لە کێشی کردووە. | | | | | |
| ٦ | زۆر دانیشتنی بۆ یاریکردن بە ئایپاد کاری لە جەستەی کردووە وەك بڕبڕەی پشتی و ملی...هتد. | | | | | |

بواری زماني:

| ژ | برگەکان | هەمیشە وایە | زۆرجار وایە | هەندێ جار وایە | بەدەگمەن وایە | هەرگیز وانییە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | زیاتر وشەکانی ناو ئاپیاد بەکاردەهێنێت نەك وشەکانی ناو خێزان(زمانی دایك). | | | | | |
| ٢ | پێی خۆشترە گۆرانیە تۆمارکراوەکانی ناو ئاپیادەکەی بلێتەوە نەك قسەی ئاسایی بکات. | | | | | |
| ٣ | ناتوانێت بەجوانی گفتوگۆ بکات. | | | | | |
| ٤ | بەهۆی سەرقاڵبوونی بە ئایپادەوە زۆر بەکەمی پرسیار دەکات لەو شتانەی کە لە دەوروبەریدا هەن. | | | | | |
| ٥ | بەهۆی کاریگەری ئایپادەوە ناتوانێت بە زمانێکی ڕەوان قسە بکات. | | | | | |
| ٦ | وشە و گوزارشتی نەشیاو بەکاردەهێنێت کە لە یاریەکانی ئایپادەوە فێربووە. | | | | | |
| ٧ | بەهۆی کاریگەری ئایپادەوە زۆر بەقورسی وشەکان دەردەبڕێت. | | | | | |
| ٨ | بەهۆی کاریگەری ئاپیادەوە هێما و وشەی کورت بەکاردێنێت لەبری ڕستەی تەواو بۆ خستنەرووی داواکاریەکانی. | | | | | |